
# Azar u Ezmun




# ئازار و ئەزموون

## (هەڵبژاردەی بیرەوەریەکانی پێشمەرگایەتیم)

من بە بزووتنەوەی ڕەوا و ئینسانی کوردستان پابەندم. پابەند تا ئاستی بەخشینی سەر. ڕەخنەگرتن لە حیزب و ڕێبەرانی ئەم بزووتنەوەیە لە لایان منەوە، تەنیا بە نیازی باشترکردنی بزووتنەوەکەیە چوونکە لای من مەترسی یەکەم لە سەر ئەم جووڵانەوەیە، هەڵە و کێشە ناوخۆیەکانی خومانن دواتر پیلانی دژمنان.

حاتەم مەنبەری

ناوی کتێب ئازار و ئەزموون

ناوی نووسەر حاتەم ـەنبەری

چاپی یەکەم ٢٠١٧

مافی لەچاپدانەوەی بۆ نووسەر پارێزراوە

# پێڕست

**دەلاقە . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . – 7 –**

**سەرەتا و گڕوگاڵی بەشداری خەبات . . . . . . . . . . . . . . . . . – 13 –**

**قۆناخی دووهەم . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . – 19 –**

**قەڵای سەربەرزی . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . – 159 –**

**سەرشیو، ساراڵ و دیسان بنکەی سابت . . . . . . . . . . . . . . – 167 –**

**ناوچەی کامیاران . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . – 187 –**

**ئێعدامی وەهاب و جەمال و چوونەوەی حەمە گومەتەیی . . . . . . . . – 197 –**

**گەمارۆ . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . – 214 –**

گۆشەیەک لە شەڕی نێوان کۆمەڵە و دیموکرات . . . . . . . . . . . . – 214 –

پێش زەمنیەکانی دەسپێکردنی گرژی و شەر لە نێوان حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە– 219 –

**دەسپێکردنی شەڕی کاولکاری ناوخۆیی بەشێوەی ڕەسمی . . . . . . . – 230 –**

دەسپێکرانی گەمارۆ و بێ بەزەییتر بوونی شەڕی ناوخۆ . . . . . . . – 241 –

لەداوکەوتن لە تەنگباخ . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . – 248 –

نەسرەت تاقە ژنی هاوسەفەرمان . . . . . . . . . . . . . . . . . . – 266 –

ناڕەزایەتیی لە شەڕ ریزەکانی پێشمەرگە دەگرێتەوە . . . . . . . . . – 273 –

**بەشی دووهەم پاش گەمارۆ . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . – 284 –**

گیرانی ناوەندی ئاژوان لە لایەن کۆمەڵەوە . . . . . . . . . . . . . – 286 –

درێژەی خوێنڕشتن و کوشتار . . . . . . . . . . . . . . . . . . . – 298 –

کاک ڕەشاد سەمبولی دژایەتیکردنی شەڕی ناوخۆ . . . . . . . . . . – 301 –

شوێنەواری درێژەی شەڕ لەسەر فەرسایشی هیزەکانی هەردوولا . – 308 –

داتەکین و لاواز بوون . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . – 310 –

شەڕی کوڕەی میانە . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . – 314 –

ئازار و ئەزموون
**توانەوە و هەڵوەشان . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . – 314 –**

**کارەساتی قەڵاچۆکرانی گوردانی ورمێ کۆمەڵە . . . . . . . . . . . . – 320 –**

**کۆنگرەی حەفتەمی حیزب و پێداگرتن لە سەر درێژەدانی شەڕ . . . – 324 –**

**خۆرێکخستنەوە و درێژەی شەڕ . . . . . . . . . . . . . . . . . . – 327 –**

**خۆ گیل کردن لە شەڕی یەکتر . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . – 334 –**

**هاوینی ١٣٦٤ دوای چۆڵکردنی شلێر . . . . . . . . . . . . . . . . . – 337 –**

شەڕی کوڕەی میانە . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . – 337 –

**شەڕی شانشین . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . – 341 –**

**دەرەتفێ بنکەی کومیتەی هەورامان . . . . . . . . . . . . . . . . . – 352 –**

**بەهاری ١٣٦٥ و خۆرێکخستنی نوێ . . . . . . . . . . . . . . . . . – 354 –**

لە داوکەوتن لە گەسان و بریندار بوونی کاک حەمدی حوسەینی . . – 357 –

بنکەی دەرەتفێ، هێرشی بەرینی هێزەکانی رێژیم و تێکشکانیان بە دەستی هێزی پیشمەرگە . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . – 371 –

هاتنی بەهار، گەڕانەوە بۆ ناوچە و لە کەمینکەوتن لە ناو بەرەی شەڕ و مەیدانی مین دا . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . . – 374 –

هێرش بۆ سەر پایەگای دەژن، شەڕی کوچک چەرمگ و شەهیدبوونی کاک سالار – 377 –

رویشتن بۆ سەرتەنگیسەر، شاردنەوەی بریندارەکان و جارێکیتر شەڕی کۆمەڵە – 385 –

**کۆتایی پاییزی ١٣٦٦، گەڕانەوە بۆ دەرەتفێ و کەمینی تراشە . . . – 393 –**

**کۆنفەرانسی مەڵبەند بۆ کۆنگرەی هەشتی حیزب . . . . . . . . . . . – 400 –**

**لەپەراوێزی خنکانی هەڵەبجە دا و چۆڵکردنی ناوچەی هەورامان بۆ هەمیشە – 405 –**

دیسان دۆڵی شلێر، دوایین شەڕی نێوان کۆمەڵە و دیموکرات . . . . – 445 –

حاتەم مەنبەری

## دەلاقە

من دەزانم کە هەر گێڕانەوەیەکی مێژوویی نابێتە میژوو نووسین و هەر کەسێکیش ناتوانێ مێژوو نووس بێت. بەڵام ئەوەش دەزانم کە هیچ کتێب و نووسراوەیەکی میژوویی ناتوانرێ بنووسرێ ئەگەر سەرچاوەی باوەڕپێکراوی نەبێت و باوەڕپێکراوترین سەرچاوەکانیش، وتەی ئەو کەسانەیە کە لە نزیکەوە رووداوەکان دەبینن، دەیان نووسنەوە یان دەیانگێڕنەوە.

یۆنانییەکان وەک پێشەنگی میژوونووسانی دنیا، سەدان ساڵ بەر لە زایین رووداوەکانیان یادداشت دەکردن و دواتر وەک سەرچاوە و رێنوێن بۆ هێرش و خۆپاراستن بە کاریان دێنان. ئەسکەندەری مەقدوونی کە سێ سەد ساڵ بەر لە زاین هێرشی کردە سەر ئاسیا، بەشێکی فراوانی داگیر کرد و کۆتایی بە ئیمپراتۆری فارسان هێنا، پێش سەفەرەکەی دەیان جار کتێبی کەسانی پیش خوی و، لەوانە کتێبی بەسەرهاتی گەزنەفۆن (ئاناباس) و دە هەزار سەربازەکەی هاوسەفەری بە وردی خوندبووەوە. لە کاتی هێرشەکەی خوشی دا برازایەکی ئەرەستووی فیلسووفی زانای، وەک میژوو نووس لەگەڵ خوی دا برد و لە ماوەی سەفەرە دوور و درێژەکەیدا هەموو ئێوارەیەک رووداوەکانی رۆژی پێشووی پێ دەنووسیەوە.

"دیک هارپیسۆن"، میژوو نووسی ناوبەدەرەوەی سوێدی یادداشتی سێ کویلەفرۆشی ئینگلیزی، کە زیاتر لە ساڵێک بە ناو دەریاکان، سەحرای ئافریقا و لێوارەکانی "جامایکا" دا سەرگەردانی کڕین و فرۆشتنی مرۆڤی دیل و دەستبەستە بوون، کردووەتە پێشەکی هەرکام لە کتێبە سێ جەڵدییە بەنرخەکەی(سلاقەری- کویلایەتی"١") و بۆ نیشاندانی مەبەستەکەشی دەڵێ: بەڵگە لەو گێڕانەوە ساکارانەی ئەم کەسانە روونتر نیە بۆ ئەوە راستییەکانی ئەم سەردەمە تاڵە وەک خوی بخاتە روو!

"ئانتۆنی بیوور" میژوونووسی بە ناو بانگی ئینگلیزی کە بە یەکێک لە گەورەترین میژوونووس و شارەزای شەڕی دووهەمی جیهانی دەناسرێ، لە کتێبی (دواین شەڕی بێرلین"٢") دا هەوڵی داوە بناخەی کتێبەکەی لە سەر وتە و بیرەوەری سەربازانی هەردووک سپای ئاڵمانی و رووسی و هەروەها ئەو

ژنانەی کە لە هەردووک بەرەکە دا بەر دەستدرێژیی کەوتوون دابنێ و ئەمەش کتێبەکەی لە چاو رەخنەگراندا چەند قات جێ متمانەتر کردووە چوونکە بەڵگەکانی زیندوو، واتا بەشدارانی راستەقینەی رووداوەکانن!

"ئانە فرانک" کچە چواردە ساڵەیکی جوولەکەی لە دەست نازییەکانی ئەڵمان هەڵاتوو، لە گۆشەی ژێرزەوییەکی تاریکدا و بێدزی هاوسێ و بەرهاوسێیەکانەوە رۆژانە ژیان و بەسەرهاتی پڕ لە ترسی خۆی و بنەماڵەکەی یادداشت دەکردن، دوای رووخانی رێژیمی تاوانباری نازیستەکان لەو وێرانەیەدا دەفتەری یادداشتەکانی دۆزرایەوە و سەرەڕای ئەوە "ئانە" بۆ خۆی و تێکڕای بنەماڵەکەی تێدا چووبوون، یادداشتەکانی ناوبانگی جیهانییان دەرکرد، بە دەیان زمان وەرگێڕدران و وەک بەڵگەی جینایەتی نازییەکان و ستەملێکراوی جوولەکەکانیش چووە ناو تاریخەوە.

چەندە بەنرخ دەبوو ئەگەر لە لای ئێمەش یەکێک لە پێشمەرگە و هەڤاڵانی نزیکی سەید رەزای دێرسیم، شێخ سەعیدی پیران، پێشەوا قازی موحەمەد یان مەلا موستەفای بارزان رۆژانە وەک رەفێق حیلمی سەردەمی شێخ مەحموود، یان مەستوورەی ئەردەڵان، ئەوەی رووی دەدا و بە چاوی خۆی لە نزیکەوە شاهێدی بوو، بە ساکارانەترین شێوە بینووسیبایەوە و لە دەفتەرێکدا کۆی کردباوە تا ئیستا میژوونووسانی خوماڵی و بیانی و نەوەی تازەمان، بیکەنە بناغەی بڕیار و قەزاوەتیان تاکو تەنیا ئارشیوی داگیرکەران، یان هی وڵاتانی زلهێزی بەژەوەندیخواز نەبێت ئێمە ناچار پەنای بۆ بەرین.

لە دنیای ئەمڕۆ و لە وڵاتانی پێشکەوتوو دا زۆربەی خەڵک بیرەوەری رۆژانەی خویان دەنووسنەوە. زیاتر کەسانی ناسراو، وەک سەرۆک کۆمار یان دەسەڵاتدارانی گەورەن کە یادداشتەکانیان لە شێوە و قەبارەی کتێب دا بڵاو دەکەنەوە. بەڵام ئەگەر گەشتیار یان سەربازێکی ئەم وڵاتانە، بۆ ماوەیەکی کورت رێگای بکەوێتە وڵاتانی لای خومان و بیرەوەرییەکانی بنووسێتەوە، گەلێک سەرنجڕاکێش دەبێت و جاری وایە خوێنەر و کڕیاری کتێبی ئەم جۆرە کەسانە، زیاتر لە هی وەزیر و دەسەڵاتدارانی دەرەجەیەکیش دەبێت. نموونە لەم بارەوە فراوانن و من دەتوانم سەرنجی خوێنەر بۆ کتێبی"بە بێ کچەکەم هیچکات"ی ژنە ئامریکایەک (بیتی مەحموودی) کە مێردی بە پیاوێکی ئێرانی

کردبوو و هەروەها بیرەوەری سەربازێکی دانمارکی لە ئەفغانستان کە تا ئیستا چەندین جار چاپ کراوەتەوە"٣" راکێشم. دیارە ئەمە خوی نیشانی دەدات کە ژیان هێشتا لە ولاتانی ئێمە دا جیاوازە و رووداوەکانیشی بە هۆی تالی و پڕئازاربوونیانەوە جێ سەرنجترن! ئەوەی لای ئێمە روودەدات زۆر جار ون دەبێت یان لە راستی دا وەک خوێ پیشانی دنیای دەرەوە نادرێ.

ئەوەی بۆ کورد بگەڕێتەوە دژمنەکانمان لەم بارەشەوە بێ وێژدانترن و تەنانەت لە میژووشماندا فێل دەکەن. خراپەی خویان دەکەنە هێ ئێمە و چاکە و مرۆڤدۆستی ئێمە وەک هی خویان پیشان ئەدەن! زیندانەکانیان دڕەندانەترین ئەشکەنجەگایە و ئێمە بە قاتل، مرۆڤکوژ و پیاوخور نیشانی خەلکی دنیا ئەدەن. سەرنجی کرداری سەدام، خومەینی، ئاتاتورک و ئەسەدەکانی سووریە بدەن و کاردانەوەی کورد لە بەرانبەر ئەم تاوانانەی ئەواندا ببینن و بشبینن کە ئەوان چۆن بزووتنەوەی ئێمە لە دنیادا پێناسە دەکەن. بۆیە لە لای من ئەمە ئەرکێکی ئیخلاقی و ئینسانیشە ئەگەر کەسێک شاهێدی رووداوێکە و ئەویش رووداوێکی پەیوەندیدار بە بزووتنەوەی مافخوازانەی کوردستانەوە بێت، وەک خوی و بێ تێکدانی ئەسلی رووداوەکە بینووسێتەوە و ئەگەر توانی بلاویشی کاتەوە جا با بیرەوەری کەسێکی ساکاری وەک منیش بێت.

لەم سالانەی دوایی دا بەشێک لەو کەسانەی لە پلەی رێبەریی یەکێک لە حیزبە کوردییەکاندا بوون بیرەوەریی خویان نووسیوەتەوە و کۆمەلێک رووداوی گرنگیشیان بۆ تۆمارکردووین کە جێگەی قەدر و پێزانینن. لە ناو سەرجەمی ئەم کەسانە دا، رەنگە نەمر کاک کەریم حیسامی وەک پێشەنگ و رچەشکێنی هەموان بناسرێ. بەلام کاری تێکڕای ئەم کەسانە، بە کەریم حیسامیشەوە دوو گرفتی سەرەکی هەیە:

١ گرفتی یەکەم ئەوەیە کە ئەم بەڕێزانە دەگەمەن بە لای هەلە و خراپەی خویاندا روویشتوون و زیاتر هەلەی کەسانی دیکەیان زەق کردووەتە.

٢ گرفتی دووهەمیش ئەوەیە کە بە هۆی دووریی زۆربەی ئەم کەسانە لە بەدەنە و ریزەکانی خوارەوەی ئەم حیزب و رێکخراوانە، کارەکەیان تەنیا باسی رێبەریی حیزبەکانە و کەمترین بەشی پەیوەندیی نێوان خەلک و

ئورگانەکانی ئەو حیزبانە (هێز و کومیتەی شارەکان) لە خۆ دەگرێ و خاڵی بە هێز و لاوازی بزووتنەوەکە لەم بوارەدا نیشان نادرێن.

من لە نووسینی ئەم بیرەوەریانەم دا هیچ ئیدەعایەکم نیە جگە لەوەیکە وەک پێشمەرگەیەک لە نزیکەوە شاهێدی ئەم رووداوانە بووم، لەیرەدا باسم کردوون و وەک پێشمەرگەیەکیش لەم دەفتەرەدا کۆمکردوونەتەوە تا ئەگەر کەسانێک رۆژێک ویستیان میژوویەکی زانستی و دوور لە درۆ و چەواشەکاریمان بۆ بنووسن، سەرنجێکی بیرەوەریەکانی منیش بدەن و ئەگەر باسی ئەم ناوچە (کە بەشێکی زۆر گرنگی کوردستانە) و رۆڵی پێشمەرگە و چۆنیەتی کاریان هاتە بەرباس، من وەک شاهێدێک و یادداشتەکانم وەک سەرچاوەیکی باوەڕپێکراو بە کار بێنن. لە سەر بناغەی ئەم بیرکردنەوەش پێم وایە کە هەموو بەشدارانی خەباتی خوێناوی کورد پیویستە ئەوەی دەیزانن بینووسنەوە و ئەگەریش نیاز، یان توانای بڵاوکردنەوەیان نەبێت ئەتوانن بە چاپنەکراویی لە لای خویان یان لە کتێبخانەیەکی کوردیی دا داینێن کە بێشکم رۆژێک ئەتوانێ ببێتە سەرچاوە بۆ نەوەی دوارۆژ و روونـاکیی ئەخاتە سەر لاپەڕەیەکی لێڵ و تاریکی میژووی شێوێندراوی گەلی بەشبەشکراوی کورد.

هەروەها پیویستە بڵێم کە ئەم گێڕانەوەی من بە هیچ شێوەیەک بێ هەڵە و کەم و کۆڕی نیە. چوونکە هەڵەکانیش هیچکات لە قەستەوە نەبوون سپاسی هەموان، بە تایبەتی هاوڕێیانی ئەو سەردەم و رۆژە سەختانە دەکەم کە دەستنیشانی کەم و کورتییەکانم کەن، راستییەکان بننە جێگایان و بە گەورەیی خویچیان من ببەخشن.

ماوەتەوە سپاسی بێپایانی خوم پێشکەشی هاوڕێ خوشەویست و هێژام کاک خەلیل غەزەلی بکەم کە بۆ ئەم کارە و گشت نووسینەکانی دیکەمشم رێنوێنێکی باش و دەستگرێکی دڵسۆزم بووە. هەروەها کاک خالێد درەوودی، هاوڕێ شاخ و شارم، کە بە حەوسەڵەوە ئەم بیرەوەرییانەی خوێندووتەوە و رێنوێنی کردووم و هەڵەی بۆ راست کردوومەتەوە. هەڵبەت کار و ماندوویەتی هەردووک ئامۆزای خوشەویستم سۆران و ناسر مەنبەریش شتێک نیە لە بیرم بچێ و هەردەم جێگەی پێزانینمە.

حاتەم مەنبەری

ئازار و ئەزموون
٢٠١٦/١٢/٢٢

1- Dick Harrison Slaveri
2 -Antony Beevor Berlins slut strid
Jägare – bakom fiendens linje-3

پێشەکی بۆ چاپی دووهەمی ئازار و ئەزموون


رۆژی ٢٥ /٢/ ٢٠١٧ کتێبی بیرەوەرییەکانم بە چاپکراوی وەرگرتەوە و لە دڵەوە هەستم کرد کە ئەو ڕۆژە بە یەکێک لە ئاواتەکانی ژیانم گەییشتووم. خوشحاڵیم لەوە بوو کە کۆمەڵێک لەو چتانەی لە ژیانی سیاسی و پێشمەرگایەتیمدا بینیبوونم و بە شەونخوونی و ئەمانەتەوە یادداشتم کردبوون، سەرەنجام لە قاڵبی کتێبێکدا هاتنە بەرهەم و لە فەوتان رزگاریان بوو.
پێش ئەو رێکەوتە کە من بڕیاری چاپکردنی کتێبەکەمدا، لە بوونی کۆمەڵێک گرفت لە ڕێنووس، بواری تێکنیکی و تەنانەت باسی هێندێک رووداودا ئاگاداربووم و ئەبوا پێش چاپکران چاکیان بکەم، بەڵام لە بەر کەمبوونی دەرفەتی پیویست نەمتوانیبوو بە وردی سەروبنی کتێبەکە بگەڕێم و کەموکۆڕییەکانی کەمتر کەمەوە. ئەو ڕۆژانە هێندێک وەزعی سڵامەتیم ناجیگیر و بە تەواوی لە دوارۆژی ژیانی خوم دڵنیا نەبووم. ئەمەم چەند جار لە دوکتورەکانیشم بیستبو کە هەر رۆژێک ئیمکانی ئەوە هەیە کە بە هۆی "سەکتە" و وەستانی دڵەوە بمرم بەڵام هێشتا ملم نەداوە.
بۆیە وازم لە دوودڵی هێنا و بەو هەڵانەشەوە کە ئەمزانی هەن، کتێبەکەم چاپ کرد. دیارە بە دیاریی و بێ وەرگرتنی پارە گەیاندمە دەست کۆمەڵێک کەسی تایبەت و ئەوانەش لە دوورەوە داوای کتێبەکەیان کرد بە پێی دەرفەت و لە رێگای پۆستەوە بۆم ناردن. هەڵبەت بە شێوەی پێ دێ ئێفیش ناردمەوە بۆ

ناو ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لەوێش بە شێوەیەکی بەرین بڵاو کرایەوە.
ژمارەیەک لەو کەسانەی کتێبەکەیان گەییشتە دەست، راستەوخۆ روانگە و بۆچوونی خۆیان بۆ نووسیمەوە و هێندێک کەسیشیان لە رێگای جۆراوجۆرەوە بۆچوونەکانی خۆیان بڵاو کردەوە. ئەوەی تا ئیستا لەم بارەوە گەییشتووەتە دەست من، خۆی لە دەیان لاپەڕە ئەدات و نامە و نووسراوی نزیک بە ٦٠ کەس لە خوێنەرانی کتێبەکەیە. لە بەر گەورتربوونی قەبارەی کتێبەکەش نەبایا، بۆچوونەکانم لە پاشکۆی چاپی تازەدا بڵاو ئەکردەوە چوونکە گەلێک شتی بەنرخ لەم بۆچوونانەدا هەیە بۆ بڵاوکردنەوە ئەشێ، بەڵام لەم بارەوە بڕیارم بۆ نەدرا.
خوشحاڵم کە کتێبەکە جێ سەرنج و رەزایەتی زۆربەی خوێنەرانی بووە. خوشحاڵترم کە پێشوازی و سەرنجی خەڵکی ناوخۆی رۆژهەڵاتی بە نسیب بووە و رەزایەتی نەوەی تازە و گەنجان لەم بارەوە، فرەتر خوشحاڵیان کردووم.
دیارە کۆمەڵێک رەخنە، پێشنیار، سەرنج و تێبینی بەنرخ لە دووتوێی بۆچوونەکاندا هاتوون کە منیان شاد و حەتمەن ناوەرۆکی کتێبەکەشیان دەوڵەمەند کردوە. من بەوپەڕی عەلاقەوە، زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەم سەرنجانەم لە بەرچاو گرتوون، هەڵەکانم راستکردوونەتەوە. فرەیەک لە پێشنیارەکانی ئێوەم قبووڵکردوون و لە چاپی تازەی " ئازار و ئەزموون " دا دەیانبیننەوە. بێشک گشت هەوڵێک ئەدەم تاکوو هەڵە رێزمانی و تێکنیکییەکانیش چاک بکەم، یان فرە کەمتریان بکەمەوە.
شاد و بەختیار بن.
حاتەم

# سەرەتا و گڕوگاڵی بەشداری خەبات

چۆمێک لە کانیاوە سارد و زوڵاڵەکانی شاخەکانی هەوراو، شانشین و قازیبەکرەوە سەرچاوە دەگرێ، بە هەردووک دیوی ئاوایی تەنگیسەر دا دێتەخوار و گوندەکە ئەکات بە سێ بەشەوە. پێچا و پێچ دەگاتە بەر ئاوایی نیەر و دوای بڕینی دەیان پێچی لار و خواری دیکە و تێکەڵبوون لەگەڵ چەمی زوڵاڵ و ساردی مێراو، کە لە شاخە بەرز و بەفرینەکانی هەواری ساوەیس و بێ ئامنەوە سەرچاوە دەگرێ، دەڕوا و تێکەڵی چەمی گاوەرۆ- سیروان دەبێت. لە وەرزی زوقمستانان و لە سەردەمی زاڕۆڵەیی من دا سەهۆڵ و سەرما ئەم ئاوەی دادەپۆشی و سەرەتای بەهارانیش تیژ و تووڕە، گەلێکجار باخ و ملک و، هێندێکجاریش ماڵ و حاڵی خەڵکی ئەم گوندانەی دەکردە خۆراک و بەدەم شەپۆلە سەرشێتەکانیەوە لوولی دەدا و دەیخستە "رۆخانە"!

ماڵی ئێمە ئاخرین ماڵی گوند و یەکەمین ماڵ بوو لەم چەمەوە. زۆرجارم وەبیر دێ کە بە سەر پردێکی دارینی سەر ئەم چۆمە دا بۆ باخی خومان و ماڵی ماموان ئەپەڕیمەوە و گەلێک کەڕەتیشم دێتەوە یاد کە لە ترسی هاژەی لافاو و نرکە و لەپۆری ئەم چۆمە تووڕە و بە سامە دا بە تاریکی شەو، یان لە ژێر رهێڵەی باران دا ماڵی خومان بە جێ ئەهێشت و ئەچوینە ماڵە خزمێک تا لە بەلا و "وەی" بە دوور بین.



هەرچوار دەوری ماڵەکەمان دار و درەختی پڕ سەمەر و سەفا بوو. هێندێک لەم دارانە سەریان بۆ ناو ئاوەکە شۆڕ ببوونەوە و هێندێکێشیان، بە تایبەتی دوو دار چناری بەرز، چەند قاتی بانی ماڵەکەمان بەرز- بەرز هەڵکشابوون و لە چڵەپۆپەی هەرکامیانەوە هێلانە قشقەڕەیەک هەبوو کە هەموو ساڵێک دایکەکان هێلکە و بەچکەی تازەیان تێ دا بار و بەرهەم دێنا. دارە بییەکی کەونارای زیاتر لە سەد ساڵیش، لە بەر دەرگای ئاسیاوە کوچکینەکە هە بوو و لقی پیر و چڵی تازەی،

دەستەملانی یەکتر پاڵیان بە دیوارەکەوە دابوو. دوای ئەو، دوو چنارەکە لە ناوەڕاست، دارەسێوێکی پاییزی و دوو بنە شێلانەی پڕشەوقیش لە بەر بانجێڵە و لە دەم پەنجەرەکەمانەوە رووابوون. دوو جۆر ترێ، هەم سپی و هەم رەش بە بەینی ئەم دارانە دا هەڵدەکشا و بە سەر کەپرێکدا بڵاو دەبوویەوە کە باوکم بە شێوەیەکی زۆر وەستایانە و بە سەلێقەیەکی وردەوە کردبوویە دیمەنێکی جوان و رازاوە بۆ ماڵەکەمان. هەوشە هەنگوورەکان بە بەینی داری کەپرەکە و گەڵای مێوەکە دا شۆڕ ئەبوونەوە و دایکم کیسەی لە خامی چەرمگ بۆ دووریبوون تا مەلووچک نەیانخوات. دارە بییەکە لەقێکی راست گەییشتبووە سەر بانەکەمان و گەلێک جار من وەک پەیجە، کەڵکم لێ وەردەگرت و لەوێوە ئەچوومە سەربان. دایکم کە ئەیبینی من بە دارەکە دا هەڵدەگەڕێم بۆ سەربان تا بچم بۆ لای "کەریم"، بە هێواشی پەنجەرەکەی دەکردەوە، لەقی دارەسێوەکە، کە راست پێشی شیشەی پەنجەرەکەی گرتبوو دەدا لاوە و بە ئارامی دەیگوت:

باوانەکەم هۆشیار بە، ئانە کەی رانە، نەگنیرە، نەگنیرە ئاخر.......

سەربانی ماڵەکەی ئێمە ئەبووە "بەرمەیتاوی" و بانجێڵەی ماڵی "دێدە سەلما" و زۆر جار ئەوان خەلە، پەتڵە، نۆک و شتی لەو بابەتەیان لە سەر بڵاو دەکردەوە تا دوای شۆردن لە بەر خورەوە بە باشی وشکەوە بێت و بە دەم هەرمان و کارەوە دایکم و دێدە سەلما خەریکی قسەی خۆش و گێڕانەوەی داستانی ژیانی پڕ لە جەفا و ژانی خویان دەبوون.


کاک "فەرەجولا"ی میردی دێدە سەلما پیاوێکی قورس و سەنگین، بەڵام زۆر کەم قسە و بێدەنگ بوو. بۆیە سەرەڕای دەرگا وە دەرگابوونمان، دەگمەن لەگەل باوکم دا یەکیان ئەگرت و کەمترین بیرەوەریم لەم بارەوە دێنەوە یاد. یەکێک لە کوڕەکانی ئەم ماڵە فرە بەڕێزە ناوی کەریم و یەک دوو ساڵێک لە من بە تەمەن تر بوو. بەڵام لە بەر ئەوە ئەویش وەک من ئەڕویشتە قوتابخانە و گەلێکیش زیرەک بوو، هاودەم و هاوڕێیەکی باش بوو بۆ من و زۆر کاتی دوای قوتابخانە دەچوینە ماڵی یەکێکمان و پێکەوە خەریکی دەرس خوێندن ئەبووین.

کەریم فرە قسە خوش و ئێسک سووک بوو. هەمیشە دەم بە پێکەنین و بەم کارەشی وزە و ورەی دەبەخشییە دەور و بەری خوی. چەند ساڵ پێش رووخانی

ئازار و ئەزموون

ریژیمی شا، دێدە سەلما کچێکیی دیکەی بوو و بە زۆر و ئیسراری کەریم ناویان نا کوردستان و ئێمە بۆ خوشەویستی پێمان ئەوت کوردێ. ئەم ناوە بۆ ئەو کاتە هەم تازە و هەمیش زۆر نامۆ بوو چوونکە زۆربەی هەرەزۆری منالانی ئەو سەردەمی لای ئێمە، ناوی ئیسلامی و ئەویش ناوی کەسانی وەک ئایشە، فاتمە حەوا، زارا و.... لەم شتانە بوون. ئەو دەمە ئێمە منالْ و گوندی ئێمەش زۆر دوورە دەست بوو. خەبەرێک لە بەرق و نەخوشخانە نەبوو و تەنانەت جادەی ماشینیشی بە چەندین سەعات لێوە دوور بوو. نزیکترین شار لە ئێمەوە شاری سنە بوو کە زیاتر لە رۆژە رێگایەک دوور بوو. باسێک لە کوردایەتی و خەبات بۆ رزگاری، نەک هەر لای کەسی وەک ئێمە، بەڵکوو لای کەسە بە تەمەن و تەنانەت بە سالاچووەکانیش نەبوو و هیچکەس بە باشی نەیدەزانی کە، جگە لە ئێران و ئێراق کورد لە شوێنێکی دیکەی دنیا دا هەیە. مەگەر لای کەسی زۆر دەگمەن دەنا بچووکترین زانیاری لە سەر شۆڕشەکانی پیشووی کورد لەوانە کۆماری کوردستان و سەرهەڵدانی موعێنی و شەریفزادەی دەیەی چلی هەتاوی لە گۆڕی دا نەبوو.

کاتێک پشێوی و سەرهەڵدانی خەڵک دژی ریژیمی شا دەستی پێ کرد کەریم لە یەکەم کەسەکان بوو چوو بۆ شار و لە گەڕانەوە دا باسی "تەزاهۆرات" و رووخانی شای دەکرد. جارێکیان دوای گەڕانەوە لە شار هاتە لای من و وتی تۆ حافێزەت فرە باشە، کاغەزێکی دایە دەستم و وتی بزانە ئەتوانی ئەم شێعرە حیفز بکەی و دواتر کاغەزەکە بدڕێنی؟ من ئەو دەم دوو کتێبی کوردی "مەولوود نامە" و "فەتحی قەلای خەیبەرم" لە مالْ دا هەبوون. هێندەم خوێندبوونەوە هەمووم لە بەر کردبوون و زۆر جاران گرەویان لەگەڵم ئەکرد لە یەکەم دێڕ تا ئاخرم بێ غەڵەت ئەخوێندەوە و کەریمیش ئەوەی باش دەزانی.



ئەو شێعرەی کەریم دای بە من ئاوا دەستی پێ دەکرد:

رۆژباش دایە گیانم فیدات بێ

حاتەم مەنبەری

سەرم قوربانی مێهر و وەفات بێ

ئەو نامەی ناردت بۆ کوڕی دەربەدەر

بۆ کوڕی پێشمەرگەی رۆڵەی ناو سەنگەر.....

من شێعرەکەم زوو لە بەر کرد و ئیستاش بە باشی لە بەرمە بەڵام هێشتاش نازانم دانەر و شاعێرەکەی کێیە و لە کام سەردەم و زەمانە دا نووسراوە. رۆژی دوایە چوومەوە لای کەریم و شێعرەکەم لە بەر بۆ خوێندەوە، وتی ئافەریم بەڵام شتێکیتریش، وتم چی؟ وتی لە بیرتە پارەکە شریتێکم پێت دا گۆرانی کاک تاهێری تێدا بوو؟ وتم ئەرێ شێعرەکەشم لە بەرە. وتی باشە دادەی بۆم بخوێنەوە بزانم! من ئەو شێعرەشم لە بەر بو خوێندەوە. ئەو شێعرەش، کە دواتر تێ گەییشتم شتێکی ساکار و تەنیا دەربڕینی کەسێکی جەرگ سووتای بێزاری دەستی دەوڵەتی ئێراقە، ئاوا دەستی پێ دەکرد:

ئەرێ هۆ جاشپۆلیس، جەلادان لە پشت

راستم پێ بێژە کێ تاهێری کوشت؟

....بیستم کوشتووە شۆرتە و عەشایەر

هێشتا نەم سەندووە خوێنی کاک تاهێر...

دوای ئەوە من ئەم شێعرەم خوێندەوە کەریم فرە خوشحاڵ بوو وتی هەوڵ بدە هەردووکیانت لە بیر بێت و من هاتمەوە شێعری تر دێنم و تۆ حیفزیان کە تا دواتر قست بۆ ئەکەم. کەریم دوای ئەم جارە گەڕایەوە بۆ سنە و زۆر دەگمەن ئەهاتەوە ئاوایی، سەرقاڵی خۆنیشاندان و هەرای ئەو دەمانە بوو و هەرکە ریژیمیش رووخا و حیزبە کوردییەکان لەو شارە دا ئاشکرا بوون لەگەڵ چەند گەنجی هاو تەمەنی دا، لەوانە کاک فەرهادی مەنبەری کە شوکور وەک دەگمەن نموونەکانی هاوڕێیانی ئەو دەمم لە ژیان دایە، بوون بە پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات و کەریم لەگەڵ کاک جافر و عەزیمی مەنبەری لە یەکەم شەڕەکانی ناو شاری سنە دا شەهید بوون و هیچکاتیش تەرمەکەی ئەو و عەزیم نەدۆزرایەوە و بنەماڵە و ئازیزانیان نەیانزانی چۆن شەهید بوون و لە کوێ کرانە ژێر خاکەوە.

کەریم لە چاو تەمەنی، دەوروبەری و شوێنی ژیانی زۆر وریا و بە نیسبەتی خەباتی کوردانیشەوە ئاگا و ئامادە بوو. بەڵام من دوای ئەو هەموو ساڵانە و بە

بیـــر و عەقڵـــی ئیستاشـــمەوە هەرچێـــک دەکەم نـــازانم کە ســـەرچاوەی ئەم وریابوونەوەی کەریم لە کوێوە بوو، بە تایبەتی ئەو پێداگرتن و ئیسرارەی کە خوشکەکەی چەند ساڵ پێش لە رووخانی ریژیمی شا ناوبنێتە کوردستان، لای مـن زۆر سەرنجراکێشـە و بـۆم دژوارە قبـووڵ بـکەم کە ئەو هەر لەو سـەردەم و تەمەنە کەمە دا بیری رزگاری و خوشەویستی کوردستانی لە دڵا بوو بێت و بە مەبەستەوە ناوی کوردستانی لە سەر خوشکەکەی دانابێت! شتێک کە نە باو بوو و نە هاسان و بێ دەردیسەر. تەنیا شتێک لەم بارەوە دێتە بیرم ئەوەیە کە مێردی پوورێکی کەریم، کە ناوی مەلا ئەمین و خەڵکی ئاوایی نوێنی هەورامان بوو لەگەڵ بەهمەن بەگی لهۆنی و چەند کەسی دیکە دا بە تۆمەتی دژایەتی شا ئێعدام کران. بەڵام تەمەنی کەریم و تەنانەت ئاستی پەیوەندیشی بە مەلا ئەمئنی نوێنەوە زۆر دژوارە مەجالی ئەم هۆشیاربوونەوەی بەو دابێت.

هەر جۆرێک بێت کەریم بنەتۆمە و چەکەرەی بیری رزگاری لە دەروونی من دا چەقاند و دوای مەرگ و ونبوونی ئەو، کاری من بوو بە خوێندنەوەی هەموو ئەوەی لەم بارەوە دەستم دەکەوت و بێ زیادەوێژی ئەتوانم بێژم کە شەش مانگ دوای شەهیدبوونی کەریم، من زۆربەی نزیک بە تەواوی سروودە کوردییەکانی ئەو سەدەمەم لە بەر بوون و لە کۆڕ و کۆبەندی گەنج و لاوانی هاوتەمەنی خوم دا بە دەنگ و ئاوازەی بەرزوە ئەمخوێندنەوە. ئیستاش کە کە لەگەڵ منالانی ئەودەم و پیاوانی ئیستای گوندی نیەر قسە دەکەم، یەکەم شتێک وە بیرم دێننەوە کۆکردنەوەی ئەوان و کۆڕی سروودەکانی منە. دیارە جگە لە سروودەکان سەر لە بەری کتێبەکانی گوڵاڵەی مەریوان و چوارباخی پێنجوێنی قانع و ملوانکەی شینی شەریفم حێفز کردبوون و تەنانەت لە سەر جێگا، لە رێگا دا و لە کاتی ئەرک و فرمان دا لە بەر خومەوە ئەم خوێندنەوە:

ئەی فەلەستینی هەژار، وێڵی دەستی ئیستێعمار، من هەژارم وێنەی تۆ کوردم کوردی رەنجەڕۆ... بەڵام کەوی کام کوێستان باڵەندەی کام دارەستان........بە زمانی خوێ ناخوێنیێ؟ بۆ خوی باڵ ناوەشێنیێ؟....مامۆستای قوتابخانە کەوتووەتە بەندیخانە....ئا وەک و ئازادی ئاڵا و ئاوات و شادی و....بێ وەکو بیرەوەر تێ وەکو تێکۆشەر.......خ وەکو خەبات خوێندن و خوێن و خەڵات......ئەو ژیانە کەی ژیانە وەک کەوی بەندی قەفەز ژێرچەپۆکی

حاتەم مەنبەری

رافزێک بیو ژێردەسەی پیاوی تەرەس
پەت لە مل بیو راتبکێشن هەوەکوو تانجی مەرەس......

# قۆناخی دووهەم

رووداوەکان زۆر بە خێرایی دەچوونە پێش، ریژیمی تازە کوردستانی خستبووە بەر پەلاماریکی بێ روحمانە و شارەکانی سنە، کامیاران، پاوە و مەریوان کە لە هەرچوار دەوری ناوچەی ئێمە بوون کەوتبوونە بەر هێرش و بە هەزاران کەسیان تێ دا کوژراو و بریندار کرابوون. خەڵکی بە لێشاو لە هەموو ئەم شارەنەوە ئاوارە و دەربەدەر ببوون و ژمارەیەکی زۆریان گەییشتبوونە ئاوایی ئێمە کە بە سەر ماڵاندا دابەش کرابوون. ئێمە کە ژمارەیەکی زۆر خزمی نزیکمان لە سنە ئەژیان، گەڕابوونەوە و چیرۆک و داستانی وایان لە تۆپباران و وێرانکرانی شار دەگێڕایەوە مێشکی ساکار و دڵی بچکۆلەی منیان لیپا و لیپ لە رق لە داگیرکەران کردبوو و بە هێچ دەرمانێک سوکناییم نەدەهات.

من و گەلێک لە هاوتەمەنەکانم بە شوێن رێگا و چارەیەک دا دەگەڕاین کە یارمەتییەک بەم خەڵکە بگەیەنین و بە شێوەیەک لە شێوەکان بەشداری خەبات و بەرخۆدانی گەلەکەمان بین. تا ئەو دەم هیچ حیزب و رێکخراوێکی سیاسی نەهاتبووە ناوچەی ئێمە باسی سیاسەت و بەرنامەی خوی بکات و لەو ئاگربارانەش دا چوون بۆ شارەکان جگە لە مەترسییەکانی، تەنیا بینینی پێشمەرگە و شەڕ و تەقە بوو دەنا نەدەکرا لە سیاسەت و بەرنامەی هیچ لایەک ئاگادارییەک بە دەست خەیت. رادیو، رۆژنامە و تەلەڤیزیۆن تەنیا لە دەستی دەوڵەت دا بوون و بەوپەڕی لایەنگرییەوە دەنگ و باسەکانیان لە قازانجی ریژیم بۆ خەڵک دەگوازتەوە و ئەوەی خراپ بوو بە کورد و خەباتەکەیەوە نیسبەت ئەدرا.




جار و بار بڵاو کراوەیەک وەک "خەبەرنامە"، کە تەنیا بە فارسی بوو لە لایەن کۆمەڵەوە دەگەییشت کە تەنیا باسی چۆنیەتی شەڕەکانی دەکرد و باسێک لە سیاسەت و داواکانی کوردی تێدا نەدەهات. لە راستی دا دەکرێ بوترێ لەو سەردەمە چارەنووسسازەدا کورد و حیزبەکانی کاری مێدیایی و تەبلیغییان لە ئاستی سفر دا بوو.

بە هۆوی بشێوی و تێکچوونی وەزعەکەوە قوتابخانەکان داخرابوون. من

حاتەم مەنبەری

هەرچەند تەمەنێکی وام نەبوو و تاقە کوڕی ماڵیش بووم، وێڕای هەوڵدان بۆ بەشداربوون لە خەبات دا، بە کار و ئەرکی ماڵیشەوە گیرۆدە بووم و جاری وا بوو دوای چەندین سەعات کاری سەخت و گران، ئێوارە تا نیوەی شەو بە کۆکردنەوەی نان و خۆراک بۆ ئاوارەکان و پێشمەرگەکانی بەرەی شەڕ و کۆبوونەوە لەگەڵ منالآن و سروود خوێندنەوە خەریک بووم.

ڕۆژێکیان دوو پێشمەرگە هاتنە گوندەکەمان و من و سێ گەنجی دیکە چووینە پیرییانەوە. یەکەم پرسیاری ئەم دووکەسە لە ئێمە ئەوە بوو کە کێ "ڕێکخراوە" لەم ئاواییە دا؟ دیاربوو ئەم دوو کەسە خەڵکی ناوچەیەکی دوورتر بوون و ئێمە دژوار لە زاراوەکەیان حاڵی دەبووین. ئێمە ڕێکخراو مان بە ڕێخراو، واتا کەسێک کە ڕێگەی خراوی گرتووە(جاش) حالّی بووین.

بۆیە سەیری یەکترمان کرد و دوایە وتمان کەس لەم دییە دا ڕێخراو نیە. ئەوانیش پێیان سەیر بوو وتیان چۆن تا ئیستا ڕێکخراوتان نیە؟ ئاخر دێیەکی وا گەورە و ئاوەدان چۆن بێ ڕێکخراو ئەبێت؟ ئێمە دیسان لە مەبەستەکەیان حالّی نەبووین و بێ ئەوە زۆر گوێ بدەینە "ڕێخراو" ئەم کوڕانەمان بردنە مالّی ئێمە، نانیان خوارد و بەرەو تەوریوەر کە گوندێکی ئەو دیوتر بوو کەوتنەڕێ بێ ئەوە شتێکی زیاتر لە سەر ڕێکخراو بۆ ئێمە باس بکەن.

جار و بار پێشمەرگەی جۆراو جۆر ئەهاتنە گوند، نانیان ئەخوارد و بەرەو شوێنەکانی تر ئەڕویشتن بەلأم کەس باسی کار و ڕێکخستنی نەدەکرد. سپای ڕزگاری هێزێکی سەر بە شێخەکانی بیارە بوون و زۆر جار بە دەستەی ١٠٠-١٥٠ کەسی ئەهاتنە گوندی ئێمە. بەلأم لە بەر ئەوە هیچیان لە حیزبێکی

سیاسی و خاوەن بەرنامە نەدەچوو لە گوندی ئێمە کەسیان لەگەڵ نەکەوت. جارێکیشیان نزیک بە پەنجا کەسی حیزبی دیموکرات هاتن کە بەرپرسەکەیان ناوی تەوفێق هەراڵە بوو و بە هەورامی لە مزگەوت دا قسەی بۆ خەڵک کرد. ئەمە یەکەم کەس بوو کە لە سەر شۆڕش و شەڕی ریژیم قسەی بۆ خەڵکی ئێمە دەکرد بەڵام قسەکانی ئەویش زۆر ساکار و زیاتر تاریفی خوی بوون تا سیاسەتی حیزب. بۆ نموونە ئەیوت: من مەسوولو ئی پێشمەرگانا، تاقوو کوشوو، تاقوو برِوو، تاقوو ڤەردەو.....(من بەرپرسی ئەم پێشمەرگانەم، ئەتوانم بکوژم، ئەتوانم ببڕم، ئەتوانم بەردەم...)

پاش ماوەیەک لەگەڵ سێ کوڕی خزم و هاوتەمەنی خوم دا بە ناوەکانی فەخرە، سەلاح و ئەنوەر مەنبەری (هەرسێکیان دوای خزمەت و فیداکاری زۆر لە رێگای رزگاری دا گیان و جوانییان بەخشی) چوین بۆ تەوریوەر تا لەگەڵ کومیتەی حیزب دا قسە بکەین و داوا بکەین بمانکەنە پێشمەرگە. کومیتەی حیزبی دیموکرات دوای گیرانی سنە هاتبوونە ئەو دێیە و دەبیرەستانەکەیان کردبووە بنکە و بارەگا.

دوای برِینی نیوەرۆژێک رێگا گەییشتینە تەوریوەر، چووینە بەر مەقەڕ و داوامانکرد بەرپرسێک بووینین. پێشمەرگەیەکی سمێڵ زلی بالآبەرز دەستی بۆ دەرگایەک کێشا و وتی کاک سەی عەلی لەو دیوەیە برِۆن قسەی تەکا بکەن. هەرچوارمان بێ تەقە و لێدانی دەرگا خومان کردە ژوورەکە دا و دیتمان چەند کەسێک دانشتوون هەموو بە دەم چایی خواردن و جگەرەکێشانەوە بە دەنگی بەرز قسە دەکەن. من سڵامم کرد، سەرەتا کەس جواوی نەداوە، کابرایەکیان سەیری کردم و بێ ئەوە جوابی سڵامەکەم بداتەوە وتی چەس؟! من لە شەرم و ترسان دا نەمئەزانی چۆن وەڵام بدەمەوە چوونکە بەڕاستی خوم بۆ ئەم دیمەنە زەق و رەفتارە وشکە ئامادە نەکردبوو. دوایە بە تێکەڵ پێکەڵی وتم هاتووین بۆ پێشمەرگایەتی. کابرا کە دواتر زانیم یەکێک لە بەرپرسانی بالآدەستی حیزبە لە سنە، وتی: تۆ گەرەکتە بوویتە پێشمەرگە؟ بێ ئەوە چاوەڕێ وەڵامی من بێت، دیسان وتی برِۆ بێژە بە باوکت دەوانچە چێوینەیەکت بۆ درووستکات و لە کاتێک دا هەموو ئەوانەی دەورو بەری پێ ئەکەنین وتی جارێ زووە باوکم، پێشمەرگایەتی فرە سەختە کاری ئێوە نیە! ئەنوەر، سەلاح و فەخرە بێ

راوەستان لە پلەکانەکان چوونەخوار و لە خوارەوە بانگی منیان ئەکرد کە بڕۆم بۆ لایان.

زۆر دڵشکاو و ناڕەحەت بووین، بیرمان لەوە ئەکردەوە بچین بۆ بنکەی چریکە فیدایەکان بەڵام ئەنوەر ئەیوت تازە کاک جافر، عەزیم و کەریم لە حیزب دا شەهید بوون، ئێمەش هەر ئەبێت بچینە ناو حیزب و تۆڵەی خوێنی ئەوان بکەینەوە! لە سەر هیچ بڕیارێک ساغ نەبووینەوە و لە بەر ئەوە شەومان بە سەر دا نەیەت ناچار ملی ڕێگامان گرت و بەرەوە نیەر گەڕاینەوە.



هەورازێکی سەخت و دژوارمان لەبەر بوو. بۆ گەڕانەوە بۆ نیەر ئەبوا ملەی بەرز و سەرکەشی قازیبەکر ببڕین. بە دەم قسەکردنەوە گەیشتینە سەر کانییەک کە پێ دەڵێن "هانەکیمار" و لە بنی لووتکەی قازی بەکر دا هەڵکەوتووە. لە سەر کانیەکە دانشتین و خەریکی ئاوخواردنەوە بووین دیتمان دوو پێشمەرگە هاتن و گەییشتنە لامان. یەکێکیان کە سواری هێسترێک بوو نزیک ۲۵ ساڵ تەمەنی بوو و ئەوی دیکەیان لە دەور و بەری بیست ساڵ دا بوو. داستانی خومان بۆ ئەم پێشمەرگانە گێڕایەوە، گەورەکەیان کە ناوی فەڕۆخ بوو لە خوشیان گەشایەوە و وتی فرە خاسە ئێمە ئەچین بۆ نیەر و تەنگیسەر و گەرەکمانە مەقەڕی کومیتەی حیزب لەو ئاوایانە دامرزێنین و دواتر لە هەموو ئاواییەکان دا ڕێکخراو درووست دەکەین! ئێمە کە هێشتا "موعەمای" ڕێکخراومان بۆ حەل نەبووبوو بە فرسەتمان زانی بپرسین ڕێکخراو چەس؟

فەڕۆخ بە وردی باسی بۆ کردین کە ڕێکخراو یانی شۆرا، یان دەستەیەک کە پیویستە لە هەر ئاواییەک دا ببێ تا کاری خەڵک و پێشمەرگە بباتە ڕێوە. لە درێژەی قسەکانیدا باسی ئەوەشی کرد کە دواتر هەوڵ ئەدەین مەدرەسەکانیش بکخەینەوە گەڕ و ئەم ڕێکخراوانە ئەتوانن لەم بارەێشەوە هاوکارمان بن. ئێمە کە لە خوامان گەرەک بوو دەرگایەکی وامان لێ بکرێتەوە هەرچوارمان قەولمان

دا بە گیان و بە دڵ هاوکاری ئەم کومیتەیە بکەین. لەگەڵیان دا گەڕاینەوە و ڕۆژی دوایی بە کردەوە دەستمان بە هاوکاری بۆ دامەزراندن و بەرەوپێشبردنی کاری ئەم کومیتەیە کرد. کومیتەیەک کە دواتر لە سێبەری کار و خزمەتی چەندین کادری بەنرخی دیکەی وەک حەمە عەلی عەنایەتی، شوجاع ئەمینی، حەبیبەڵا باقلاوایی و..... دا، وەک یەکێک لە سەرکەوتووترین کومیتەکانی حیزب لە ناوچەی سنە دا ناسرا و بەرهەمی بەنرخی بۆ حیزبی دیموکرات لێکەوتەوە.

لە سەر داوای کاک فەڕۆخ ئێمە ڕەسمەن نەبووینە پێشمەرگە. بەڵکوو وەک شانەیەکی چالاک و ئاشکرای هاوکاری کومیتە ماینەوە و لە گشت کارەکانی ئەوان دا هاوکاری و بەشداریمان ئەکرد. کۆکردنەوەی خۆراک، یارمەتی ماڵی، سازکردنی شانە و ڕێکخستنی نهێنی، بڵاوکردنەوەی بڵاوکراوە حیزبییەکان کە کەم کەم خەریک بوو زۆر ئەبوون و گەیاندنی نامەی هێز و کومیتەکان کە هێندێکجار ڕێگای چەندین ڕۆژ لە یەک دوور بوون کاری ڕۆژانەی ئێمە بوو.

دوای چەند مانگ فەخرە و ئەنوەر لەم کارە ماندوو بوون و چوون لە تەوریوەر لەگەڵ چەند کوڕی دیکەی ئاوایی خومان لە هێزی شەریفزادە دا بوونە پێشمەرگەی ڕەسمی. بەڵام من زۆرم حەز لەو شێوە کارە بوو و سەلاحیشم ناچار کرد بمێنێتەوە تا پێکەوە درێژە بەو کارە بدین و ئەویش بە نەبەدڵییەوە قبووڵی کرد بەڵام هەرکە خەبەری شەڕێکی ئەبیست ئەیوت ئەگەر بە قسەی تۆم نەکردبا ئیستا لەوێ بووم و ژ٣ یەکم گرتبوو وەک ئیسە بێ چەک نەئەسووڕامە کەس بە پێشمەرگەم نەناسێ! چەک ڕۆڵێکی گرنگی لە هاندانی گەنجان دا هەبوو و چەکەکەش هەرچێک باشتر با، وەک نیشانەی باشتربوونی ئەو پێشمەرگە دەژمێردرا. بۆ نموونە چەکی دەرەجەیەک لە چاو گەنجان کەلاشێنکۆفی جووتلاق و هەرە خراوەکەش بڕنەوی درێژ بوو کە لە کاری کومیتە دا ئەویش دەست نەدەکەوت.

دواتر بنکەی ناوەندی ئاژوان وەک سەرپەرەستیاری هێز و کومیتەکانی حیزب لە گوندی تەنگیسەر دامەزرا و کاک کەماڵی دەباغی ئەندامی کومیتەی ناوەندی وەک سەرپەرەستی ئەو ناوەندە و هاوکات بەرپرسی کومیتەی کرماشانیش دیاری کرا. بەڵام بە داخەوە تەمەنی کاری کاک کەماڵ کورت بوو و ناوبراو لە جەرەیانی مەعمووریەتێک دا بۆ ناو شاری کرماشان لە لایەن

ریـژیمەوە دەسـتگیر کـرا و کەوتـە زینـدان کە بـۆ خـوی داسـتانێکە. لە راسـتیدا راوەستان و بەرگری کاک کەماڵ و ئەشکەنجەکانی ئەکرێ خوێ جیاواز بکرێتە کتێبێک کە نە لە توانای من دایە و نە لەم جێگایەش دا دەگونجێ. هیوادارم کەسێکی شارەزا و شیاوی ئەم کارە هەڵکەوێ و بەسەرهاتی ئەو پیاوە گەورە، ئەو پێشمەرگە قارەمانە و ئەو شۆڕشگێڕە خۆڕاگرە بێنێتە سەر کاغەز و لە فۆتان نەجاتی بدات.

دوای کاک کەماڵ کەسانی دیکەی وەک کاک حەسەنی رەزگار، کاک تاهێری عەلیار و کاک بابا عەلی مێهرپەروەر هاتنە ئەو ناوەندە کە هەر کامەیان شوێنەواری باشی خویان لە سەر ناوچەکە و شێوەی کاری حیزبی بە جێ هێشت و خەڵکی لە هەڵس و کەوتیان رازی بوون.

هێرشی ریژیم بۆ گرتنەوەی ناوچەکان بەردەوام بوو و لە هەرچوار مەسیری پاوە، کامیاران، سنە و مەریوانەوە ریژیم دەهاتە پێش و پێشمەرگە دوای بەرخۆدان و فیداکاری لە ژێر فشاری زۆری هێزەکانی ریژیم دا پاشەکشەی دەکرد. هێندێک لە گوندەکان بە هوی زیرەکی ریژیم و کەمئەزموونی و نەزانی ئێمەوە دەبوونە هاوکاری ریژیم و زیانی گەورەیان دەگەیاندە جووڵانەوەی ئێمە. هەرکە خەڵکی گوندێک بە شێوەیەکی بەرچاو دەچوونە بەرەی دەوڵەتەوە، لەتمەیەکی گەورە لە ورە و مووراڵی پێشمەرگە و تەنانەت خەڵکیش دەکەوت و جگە لە دەستچوونی ناوچەکان، ژمارەیەک پێشمەرگەش ریزی شۆڕشیان بە جێ دەهێشت و بەرەی بزووتنەوەکەیان لاواز دەکرد. لەم سەر و بەندە دا گوندی "دۆلاو" وەک یەکەمین ئاوایی لە ناوچەی ژاوەرۆ ئەم رێگایەی هەڵبژارد و بوو بە هۆی زیانێکی گەورە لە بەرەی شۆڕش. من هەوڵ ئەدەم باسی رووداوەکانی ئەم گوندە و جێگاکانی دیکە بە شێوەیەکی تایبەت لە درێژەی ئەم داستانە دا بێنمە بەرباس و لە روانگەی خومەوە بە وردی دەستنیشانی سەبەب و هۆیەکانی بکەم.

لە جەرەیانی ئەم پاشەکشییە دا بەشێک لە هێزی شاهۆ( هێزی شمارە ۲) و کومیتەی هەورامانی حیزبی دیموکرات گەییشتنە ناوچەی ژاوەرۆ و لە ئاواییەکانی نیەر، مێراو و سەرێز دا بنکەی سەرەکییان دانا. جگە لەم گوندانە بەشێک لە هێزەکەیان لە دەور و بەری پاڵنگان بوون و بەرەی شەڕیش لەگەڵ

ئازار و ئەزموون

ریژیم لە سنووری ژاوەرۆی هەورامان، واتا ئاوایییەکانی ژریژە، دەل و دەڵەمەرز بوو. یەکەم رۆژی هاتنی ئەم هێز و کومیتەیە من و سەلاح لە لایەن کومیتەی ژاوەرۆوە دیاری کراین تا یارمەتی دامەزران و جێگیربوونی ئەم پێشمەرگانە بکەین و ئێمەش ئەوەی لە دەستمان هات کردمان. تێکەڵاوی لەگەڵ چەند کادرێکی کومیتەی هەورامان، بە تایبەتی سەعدی ئەحمەدی پوور، ئیرەجی قودسی و سەیفەی حەلیمی کە لە رواڵەتدا و بە کردەوەش نموونەی پێشمەرگە و کادری خزمەتکاری خەڵک بوون، بوو بە هوی ئەوە بڕیار بدەین کومیتەی ژاوەرۆ بە جێ بهێڵین، وەک ئەندامی یەکیەتی لاوانی ئەو کومیتەیە دەست بە کار بین و بڕۆین بۆ ناوچەی پاڵنگان و گوندەکانی دەور و بەری و دوای ئەم بڕیارە ئیدی بە ڕەسمی ڕێگای پێشمەرگایەتی بگرینەبەر.

# گرنگی ناوچەی ژاوەرۆ

پێش هەر شتێک پیویستە سەرەتا تۆزێک وردتر باسی ناوچەی ژاوەرۆ و ئەو گوندانەی کە لە بەردەستی پێشمەرگە دا مابوونەوە و ریژیم بە هەموو توانایەوە خەریکی گرتنیان بوو بکەم تا هەم هەوڵدانی ریژیم بۆ گرتنەوە و هەمیش هەڵەی خومان بۆ لەدەستچوونی ئەم ناوچە سەخت و گرنگە دەرکەوێ. سەرچاوە جۆراوجۆرەکانی ریژیم (بیرەوەری و گوت و بێژەکانی کەسانی وەک موحسێن رەزایی، رەحیم سەفەوی، سەیاد شیرازی و....) دەریدەخەن کە ئەودەم بەرپرسە سەربازییەکانی ریژیم حیسابی ئەوەیان کردبوو کە ئەم ناوچەیە بە سالان و ئەویش دوای دانی زیان و زەرەرێکی زۆر ئەونجا بکەوێتە دەستیان و پێشمەرگەی لێ وەدەرنێن. بەڵام بۆ سەهل و هاسان و بە زیانێکی زۆر کەمەوە بە دەستیان خست؟ بە بڕوای من ئەکرێ وەڵامەکەی لە لاوازی و هەڵەکاری خومان دا ببینرێتەوە.

ژاوەرۆ لە بناری شاهۆ، لەو شوێنەی سنووری هەورامان تەواو دەبێت دەست پێدەکات تا نزیک چەمشاری سنە و، لە بناری کۆسالانی سنووری شامیانەوە تا ملەی ئارێز و سنووری کەلاتەرزان درێژ دەبێتەوە. لە لای باشوورەوە چۆمی سیروان و لە باکوورەوە چۆمی رۆخانە جیاکەرەوەی سنووری شامیان/ کەلاتەرزان/ هەورامانە. سەراسەری ژاوەرۆ ناوچەیەکی شاخاوی پڕ ئاو، کانی و دارەستان و سەر سەوزە. نزیک بە سەد گوندی گەورەی تێدایە کە زیاتر لە سی ٣٠ گوندیان لە نێوان ٥٠٠ تا ١٢٠٠ ماڵدان. رەنگە بچووکترین گوندی ژاوەرۆ لە سەد ماڵ کەمتر نەبێ. پێش ساڵی ١٣٥٧، واتا بەر لە هاتنی ئەم ریژیمە ستەمکار و فێڵبازە، هیچ کەس و تاقمێک جاش و سەربە ریژیم نەبوون و عەشیرەت و فەرهەنگی عەشیرەتیش بچووکترین رۆڵیان لە ژیانی ئەم ناوچەیە دا نەبوو. ئاغا، یان دەسەڵاتدارێکی واش نەبوو کە بڕیاردەری ژیانی کۆمەڵێک خەڵک بێت و لە راستی دا جگە لە ستەمی دەوڵەت و دەستگاکانی، خەڵکی ژاوەرۆ وەک هێندێک ناوچەی دیکە ملکەچی "حاکمۆکەی" ناوخویان نەبوون. لە هێندێک گوند دا، وەکو " تا" یان " دۆڵاو" دیاردەی شێخایەتی هەبوو کە دەروێشەکان وەک مورید و خزمەتکاری شێخ دەجووڵانەوە بەڵام ئەمەش زۆر

بەرتەسک و لە سەر چۆنیەتی ژیانی سەرجەمی خەڵک کەمبایەخ بوو.

ئەم ناوچەیە لە بەر ئەم تایبەتمەندییانەی سەرەوە هەم بۆ ریژیمی داگیرکەر و هەم بۆ جولانەوەی رزگاریخوازی ئێمەش گرنگی خوی هەبوو. بۆیە ریژیم (وەک زۆرکاریتر) پێش ئێمە گرنگیەکەی دەرک کرد و ئەگەر بە هێز و سپا بۆی نەدەکرا، بە فێڵ و تەڵەکە هەوڵی وەدەستخستنی دا و، نەبوونی یەکدەنگی، نەزانی و هێندێکجار ناپاکی کەسانێکی ناو خوشمان بوونە یارمەتیدەر تا ریژیم زۆر زووتر لەوەی خوی پێیوابوو بە ئامانجە پیسەکانی بگات و ئەم خاک و خەڵکە سەرەتا دەستەمۆ و، دواتر دیل و ژێردەستە بکات.

# پرۆسەی بە "جاشبوونی" خەڵکی گوندەکانی دۆڵاو، پاڵنگان، پایگەلان و گەلێن

دیسان پێش ئەوە بێمە سەر باسی ئاواییەکان پیویستە بە کورتی هێندێک باسی دیاردەیەک بە ناوی سپای رزگاریی بکەم. دوای رۆخانی ریژیمی شا هێندێک لە کورە شێخەکانی بنەماڵەی نەقشبەندی، کە لە بیارە ودوورووو دادەنشتن هێزێکیان پێکەوەنا و ناویان نا سپای رزگاریی کوردستان. خەڵکی ئاسایی ئەم سپایەیان گرێدراوی لایەنگرانی شا دەزانی، بەڵام لە راستی دا پاڵپشت و هاندەری سەرکی رزگاریی، حیزبی بەعس و دەوڵەتی ئێراق بوون. ئەم هێزە لە ماوەیەکی زۆر کورتدا پەرەیگرت، لە هەورامانەوە بۆ نزیک سنە و مەریوانی تەنیەوە و زۆربەی هەرە زۆری پاسگا و سەربازگەکانی ژاندارمری ریژیمی لەو ناوە تێکەوە پێچا و چەک و چۆڵەکەیانی خستە دەست خوی. دوای پەیدابوونی رێکخراوی کۆمەڵە و دامەزرانی بنکە و بارەگاکانیان، بەرپرسانی کۆمەڵە حەساسیەتێکی زۆریان نیسبەت بە رزگاریی نیشان ئەدا و وەک مەترسییەک بۆ دوارۆژ ئەیانناساندن. بە تایبەتی ئەترسان کە لەگەڵ حیزبی دیموکرات رێککەون و پێکەوە ببنە دژ، یان دژمنی کۆمەڵە، بۆیە سەرەتا لە کامیاران و دواتر لە گشت ناوچە، کۆمەڵە هێرشی کردە سەر ئەم سپایە، هێندێک جار بە فێل (بۆ نموونە لە کامیاران) و هێندێک جاریش لە شەڕ دا زیانی گەورەیان پێ گەیاندن. سەرەنجام لە کۆتاییەکاندا حیزبی دیموکراتیش لەم شەڕەوە گلا و لە قازانجی کۆمەڵە و لە دژی رزگاریی بەشداری کرد. رزگارییەکان هێندێک لە بەر بێ بەرنامەیی خویان و زیاتریش لە بەر ئەوە بە ڕاستی خوازیاری شەڕ دژی هیچ هێزێکی کوردیی نەبوون، لە ماوەیەکی کورت دا تێکەوە پێچران و گەڕانەوە سەر سنوورەکانی باشووری کوردستان، واتا ئەو شوێنەی کە سەرەتا لێیەوە دەستیان پێ کردبوو.

دیارە ئەم شەڕە هێندێک زیانی گیانیشی لێ کەوتەوە و کەسانێک لە هەردووک لا لەم شەڕە دا کوژران کە زۆربەیان لە رزگارییەکان بوون. بەشێکی بەرچاوی ئەم کەسانە لەگەڵ رزگاریی کەوتبوون دوای ئەوە لە لایەن هەردووک حیزبی دیموکرات و کۆمەڵەوە کەوتنە بەر پەلامار، گەڕانەوە لای ریژیم و بەو پەڕی رقئەستوورییەوە لە سەنگەری ریژیمەوە هێرشیان کردەوە سەر پێشمەرگە کە لەم بارەوە ئەکرێ رۆڵی "دەڵەمەرزییەکان"، بە تایبەتی عوسمان و

کەیکاوس دەڵەمەرزی دژی حیزبی دیموکرات زۆر کاریگەر ببینرێ.

## ڕووداوەکانی ئاوایی دۆڵاو و ڕۆڵی کۆمەڵە(١٣٦٠)

سنە گەورەترین بنکەی کۆمەلایەتی و شوێنی نفووزی کۆمەلە بوو/ هەیە و گوندی دۆڵاویش لە چل کیلۆمێتری ئەو شارە دا هەڵکەوتووە. یەکێک لە خوشەویستترین پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، واتا ئارامی ناو گۆرانییەکەی نەجمەدەین غولامی(فەرەنجی پۆش) خەڵکی ئاوایی دۆڵاوە کە ناوی ڕاستەقینەی ئەسعەد خەمیانە. بە هەر حیسابێک بێت دەبوا کۆمەڵە لەم گوندە دا خوشەویست، لانیکەم خوشەویستر لە ڕیژیمی ستەمکاری تاران بێت و گەنجەکانی بەشداری ناو ریزەکانی بن.

ئەم گوندە لە بناری شاخی بەرز و سەرکەشی عەوەلاندا هەڵکەوتووە و ئەودەم کە جێگەی باسی ئێمەیە دانشتوانەکەی ژوورەوەی ٣٠٠ ماڵ بوو. شێخێک کە بە ئەسڵ خەڵکی ناوچەی ڕوانسەر و لە بنەماڵەی هاشمییەکانی (برا یان خزمی نزیکی سەید تاهێری هاشمی شاعێر و نیشتمانپەروەر) ئەو ناوە بوو. ناوبراو لەم گوندە دا ماڵ، مڵک و دەروێشێکی زۆری هەبوون. باوکی ئەم شێخە، شێخ موحەمەدی دۆڵاو، لەم گوندە نێژرابوو و خەڵکی هەژار و دەروێشی بێ دەرەتان بە لێشاو و هەر چوار وەرزی ساڵ دەستە، دەستە "زیارەتیان" ئەکرد. سەردەمی ڕاپەڕین و سەرهەڵدانی خەڵک دژی شا، شێخ هادی لە ناو شاری قوروە دا لە ناچاری، یان دڵخواز شەڕی شێعەو سوننی کردبوو و دەستی بە خوێنی خەڵکی ئەو شارە سوور ببوو. ئەم شێخە دواتر لە ترسان و بۆ پاراستنی گیانی خوی ٥٠ کەسێک چەکداری پێکەوە نابوون و حیزبی دیموکراتیش ناڕاستەوخۆ پشتی ئەگرت.

هەڵسوکەوتی شێخ لەگەڵ خەڵک و چەکدارەکانی خوشی دا شێخانە، مراد و موردیدی و دوور لە هەر چەشنە ڕێزلێنان و حورمەتگرتنێک بوو. کۆمەڵە بەم وەزعە قەڵس و ناڕەحەت بوو و ئەگەر شێخ هادییان نەدەگرت یان نەیاندەکوشت، تەنیا لەبەر ئەوە بوو کە لەگەڵ حیزبدا تووشی شەڕ نەبن. شێخ

کە چوار ژن و نزیک بە ١٥ منداڵی هەبوو، دوای ئەوە وەزعەکەی خراپ بینی، بە خوی و چەکدارەکانیەوە لەگەڵ سپای رزگاریی کەوت، بوو بە بەشێک لە شەڕی کۆمەڵە و سپای رزگاریی و سەرەنجام هەڵات و گەیشتە بەغدا. کۆمەڵە دوای ئەمە سەروەت و سامانی شێخ هادییان دەست بە سەرداگرد، سەردانی گۆڕی باوکیان لە خەڵک قەدەخە کرد و تەنانەت هێندێک بێ رێزیشیان بە گۆڕەکەی کرد کە بوو بە مایەی نارەزایەتی خەلکی ناوچەکە بە گشتی. ئەم کردارانە دەروێشەکانی شێخ هادی تێکرا کردە دژمنی کۆمەڵە و ژمارەیەک لە خەڵکی دۆڵاو و دوو ئاوایی تر بە ناوی نشوور و یەمێنان روویشتنە سنە و بوونە چەکداری ریژیم. کۆمەڵەش وەک کاردانەوە چەند کەسێکی ئەم ئاوایییانەی زیندانی و دەستبەسەر کردن. کاربەدەستانی دەوڵەت هەلەکەیان قۆستەوە، دەستبەکار بوون و کۆمەڵێک رایەڵکەی جاسووسییان لە نێو خەڵکی نارازیدا دروست کرد و کاری جاسووسییان پێ سپاردن. کەم کەم کەسیان بە ریزی خۆفرۆشانەوە زیاد کرد تا بە هاوکاری خەڵکی ئەم گوندانە ریژیم هات و کۆمەڵەیان لە گوند بە تەواوی وەدەرنا و بنکەی ریژیمیان لێ دامەزراند..

دوای ماوەیەک کۆمەڵە بۆ تۆڵەکردنەوە هێزێکی زۆری لە زۆربەی ناوچەکانەوە کۆکردەوە و باشترین فەرماندەکانی خوی خستەکار تا خەڵکی ئەم گوندانە "تەمبێ" بکات. شەوێک بە پلان و بەرنامە هێرشێکی بەرینیان کردە سەر دۆڵاو و پاش نزیک بە دە سەعات شەڕ ١٨ کەسی خەڵکی دۆڵاو کوژران کە ٦ کەسیان خەڵکی بێ چەک و ئاسایی بوون و ئەوانیتر پیاوی ریژیم و جاش بوون. تا ئەو جێگایە من بزانم ٦ پێشمەرگەی کۆمەڵەش لەم شەڕەدا گیانیان لە دەست دا. هەڵبەت پێشتر کۆمەڵە لەگەڵ خەڵکی دوو ئاوایی دیکەی نزیکی دۆڵاو، واتا نشوور و یەمێنان تێکچووبوو و دەیان کەسی ئەم ئاوایانە بە سەرپەرەستی کەسێک بە ناوی حاجی میکائیل ببوونە چەکداری رێژیم. خەڵکی ناوچە باسی ئەوە دەکەن کە کۆمەڵە کەپسوولی گازی فتیلەپێچ کردبوون و لە پشت گوندەوە تلی کردبوونەوە تا لە ناو ماڵەکان دا بتەقنەوە و گوایە زیانێکی زۆر لەم رێگایەوە بە خەڵکی ئەو دێیانە کەوتووە کە من لەم بارەوە چەندین جار داستانی جیاوازم لە خەڵک بیستوون بەڵام بە تەواوی دڵنیا نیم کە چەندە راستن.

لەم شەڕە دا جگە لە زیانە گیانییەکان ماڵی ژمارەیەک لەو کەسانەش کە ببوونە چەکداری ریژیم تالآن کرا و بە باری چەندین هێسر هێنایان و بردیانەوە بۆ گوندی بێساران کە بنکەی ئەسڵی کۆمەڵەی لێ بوو. ئەم هێرشە بە ئاگاداری و بڕیاری بەرپرسانی دەرەجە یەکی کۆمەڵە ئەنجامدرا. بۆیە ئەگەر قەرارە کەسێک لەم بارەوە وەک تاوانبار دەستنیشان بکرێ، حەتمەن ئەبێت بەرپرسانی دەرەجە یەکی کۆمەڵە بن.

پاش ئەم رووداوە خەڵکی ئەم گوندانە بە لێشاو بوونە چەکداری دەوڵەت و گرووهی زەربەتی دڕ و هاری "نشوور" بە سەرۆکایەتی حاجی میکایل کە بەشداری زۆربەی هەرە زۆری شەڕەکانی دەکرد، دوای ئەم وەزعە پێک هات و حاجی مەسعوودی غەمیان (برای شەهید ئارام) پێش ئەوە بکوژرێ زیاتر لە چوار جار لە لایەن هەردووک لایەنی کۆمەڵە و دیموکراتەوە بریندار بوو. هەرچەند من ژمارەیەکی دروستم لەبەر دەستدا نیە بەڵام بێ گومانم کە نزیک بە سەد کەسی ئەم سێ گوندە لە درێژەی شەڕەکانی دواتر و لە لێباسی جاشییەتیدا بە دەستی پێشمەرگە کوژران و ئێستاش گەلێک کەسیان هەر لە ریزی رێژیم دا بە چەکداری ماونەتەوە و بە پیریی، دەرەجەی بێ سەلاحیەتی وەک سەرهەنگ و مەرهەنگیچیان پێ بڕیاگە.

# حیزبی دیموکرات لە ئاوایی پاڵنگان دا(١٣٦٠)

پاڵنگان گوندێکی ٦٠٠-٧٠٠ ماڵی، لە نزیک چەمی سیروان و بناری شاخی شاهۆ دا هەڵکەوتووە. لە کۆنترین ئاواییەکانی ناوچە و سەردەمێکیش ناوەندی دەسەڵاتی ئەردەڵانەکان بووە. لەبەر ملکەچنەکردن بۆ زۆر، جارێک لە لایان قەجەرەکانی ئێران و جارێکیش لە لایان دەوڵەتی رەزا شاوە سووتێندراوە. وشەی پاڵنگان لە هەرچێکەوە هاتبێت بۆ خەڵکی ناوچەی بێڵەوار، جوانڕۆ، ژاوەرۆ و هەورامان کە ئاشنا بە شێوازی ژیانی گوندی پاڵنگانن مانای سەختکۆشی، نەترسی و کۆڵنەدان ئەدات و خەڵکەکەی تەنانەت لە بەرانبەر بەلای سرۆشتیشدا یەکدەنگ و یەکگرتوون. ئەم یەکگرتووییە هێندە زەقە کە گوندەکانی دەوروبەر (ئیستا کامیارانیش، چوونکە نیوەی پاڵنگان ئیستا لەو شارەدا دەژین) دەزانن کە هەرکات لە گەڵ پاڵنگانییەک تووشی کێشە ببن مانای ئەوەیە کە لە تەک هەموو دێیەکە دا رووبەڕوو بوون!

دوای ئەوە کە کۆمەڵە لە "دۆڵاو" تووشی شەڕی خەڵک بوو، بارەگای ئەسڵییان گواستەوە بۆ دوو گوندیتر بە ناوی "تا" و "هەنیمن". گوندی "تا" ش وەک دۆڵاو شێخێکی هەبوو بە ناوی شێخ حەبیبەڵا کە دەروێش و خزمەتکاری هەبوون و لە راستیدا شێخ خەریکی چەوساندنەوەی خەڵک بوو. سەدان سەر مەڕ و ماڵاتی هەبوون کە هاوێنان شیر و بەرهەمەکانی دەخواردن و زۆسانیچ بە سەر دەروێشاندا دابەشی ئەکردن تا بە خێویان کەن و بە هار بۆی ببەنەوە.

کۆمەڵە زوو لەگەڵ ئەم شێخەش تووشی کێشە و دواتر شەڕ بوو و دوو کەسی لایەنگری ئەم پیاوەی کوشت کە یەکێکیان ناوی مەلا غەریب بوو. سەرەنجام لە ترسی کۆمەڵە شێخ هەڵات و دواتر کۆمەڵە ناردی لە کرماشان دا کوشتیان. هاوکات شەڕی یەکەمی نێوان کۆمەڵە - دیموکرات لە گوندی شێخ حەبیبەڵا دا لە سەر شێخێکی دیکە بە ناوی شێخ عەوڵای حیسامی، کە لە شێخەکانی بیارە ویەکێک لە بەرپرسەکانی پیشووی سپای رزگاریی بوو، دەستی پێکرد و لە ماوەیەکی کورتدا هەموو ناوچەی بێڵەواری گرتەوە. ئەم شەڕە کە بە سەرەتای شەڕەکانی تری نێوان ئەم دوو هیزە دادەنرێت و زیاتر لە دوو مانگی خایاند، بەردی بناخەی ناکۆکییەکی دانا کە ئیستاش ئێمە هەروا پێیەوەی دەناڵێنین.

مـن راسـتەوخۆ بەشـداری ئەم ڕووداوانە نەبـووم، وردەکارییەکـانی بە باشـی نازانم و لەم شوێنەشدا ناگونجێ دەنا گەلێک لایەنـی ڕووداوەکـان پێویستی بە ڕوونکردنەوە هەیە و پێویستە بەرپرسانە باسی بکرێ. من هیوادارم کەسانێک کە ئەودەم ڕاستەقخۆ بەشداری ئەم ڕووداوانە بوون ڕۆژێک باسیان کەن.

دوای ئەم ڕووداوانە (کـوژرانـی مەلا غەریـب، دەرکـران و دواتـر کـوژرانـی شـێخ حەبیبەڵا، شەڕی کۆمەڵە و حیزب و...) زۆربەی خەڵکی ئەم گوندەش (تـا) بـوونە نەیـاری شـۆڕش و هاوکـاری ڕیـژیم. شانبەشـانی ئەم وەزعە نـاوچەی گرنـگ و ستراتێژیکی هەورامـان گونـد دوای گونـد (هێنـدێک جـار بـێ تەقە) کەوتە دەست ڕیـژیم و هـۆی سـەرەکی ئەم وەزعەش شـەڕی کـۆمەڵە و دیمـوکرات دژی سـپای ڕزگاریی بوو.

زۆربەی خەڵکی ناوچەی هەورامان (هەورامـانی تەخـت، دزڵـی، نـوێن، کەلجـی، کەمالا، دەل، دەڵەمەرز و...) لەگەڵ سپای ڕزگاریدا بوون و دوای هێرشی کۆمەڵە و دیموکرات بۆ سەر ڕزگاریی خەڵکی هەورامان بە لێشاو پشتیان لە شۆڕش کرد و چوونە سەنگەری ڕیژیمەوە.

هێزی ژمارە دووی شاهۆی حیزبی دیموکرات لە زۆربەی ئەم ناوچانە دا لە ژێر فشاری ڕیژیم و بەهاوکاریی خەڵکی ناوچە لەگەڵ ڕیژیمدا پاشەکشێی کردبوو و گەیشتبوونە ژاوەرۆ و لە گوندی پاڵنگـان دا گیرسـابوونەوە و بـنکە و بارەگایـان دانا بوو.

هەڵسوکەوتی بەشێک لە بەرپرسانی ئەم هێزەی حیزب لەگەڵ خەڵکی پاڵنگان دا، نەشیاو، خراپ و ناپێشمەرگانە بـوو. گەلێـک جـار ریشسـپی و گەورەپیـاوانی گوند (کەسی وایان هەبوو، بۆ نموونە ئەوکە پاڵنگانی، بە ساڵان لەگەڵ حەسەن خـانی ڕەزاو دا شـەڕی ڕیژیمەکـانی پێشـووی ئێرانـی کردبـوو خـاوەن هەڵویستی بەرزی نەتەوەیـی و ئەزمـوونی فراوانـی شـەڕ بـوو) دەچـوونە لای بەرپرسـان و دەیان گوت:

پاڵنگـانی لە کەس، تەنـانەت لە خـواش زوڵـم قبـووڵ نـاکەن! پێشمەرگەکانتان ئەڕۆن لە دوورەوە بە دووربـین سـەیری کـانیژنـان دەکەن و ئەم کـارە بـۆ ئێـوە ناشیرینە! بەڕاشکاوی دەیانگوت ئەگەر ڕێزمان نەگرن بـێ دەنـگ و بـێ کـردەوە نـابین و ....

بەڵام بەرپرسانی ئەو شوێنەی حیزبی دیموکرات بە جێی هەوڵدان بۆ گۆڕینی ڕەفتاری خویان و هێزەکەیان، گاڵتەیان بەم کەسانە ئەکرد و تەنانەت جاری وا بوو هەڕەشە و لێدانیش ئەهاتە ئاراوە. من خوم چەندین جار شاهێدی ئەم ڕەوشتە نزمەی کەسەکانی خومان و پاڕانەوەی خەڵک لێیان بووم.

وەک وترا ئەم وەزعە هاوکات بوو لە گەڵ وەزعی دۆلاو و تێکچوونیان لەگەڵ کۆمەڵە. بۆیە ڕیژیم زیرەکانە لەیرەشدا دەستبەکار بوو. لە لایەن خۆفرۆشێکی خەڵکی دووریسانی پاوەوە بە ناوی جەمیل بابایی کە ئیستاش لە ڕیزی خیانەت و خزمەتکردنی دەوڵەتە، کەوتە سازکردنی ڕایەڵکەی جاسووسی و ناڕازیانی ناوچەی تێکڕا بە قازانجی دەوڵەت ڕێکخستن. دەنگۆ هەبوو کە ڕیژیم بۆمبێکی (جاری واش بوو ئەیانوت چەندین بۆمب) ناردووە لە بنکەی حیزبدا بیتەقێنێنەوە. بەڵام نەدەزانرا بۆمبەکە لە لە کوێ و لە لای کێیە. سەرەنجام شەوێک بۆمبێکی زۆر بەهێز لە "زەمانگریوە"، بنکەی سەرەکی هێزی بێستوون و کومیتەی کرماشان، کە لە چەند کیلۆمیتری ئاوایی پاڵنگان دا هەڵکەوتبوو تەقییەوە. بە خوشیەوە ئەم بۆمبە بە هوی لێ نەزانی دانەرانیەوە پێشوەخت تەقییەوە و تەنیا ئەو دوو کەسەی کوشت کە هێنابوویان و گەرەکیان بوو دەیان پێشمەرگەی پێ بکوژن. هۆی زوو تەقینەوەکەشی ئەوە بوو کە ئەم دوو کەسە لە بەر ناشارەزایی لە کارەکەیاندا بە جێگای یەک سەعات بۆمبەکەیان لە سەر یەک دەقێقە دانابوو کە بوو بە هۆی کوژرانی خویان! ناوی ئەم دوو کەسە بریتی بوو لە حەمەدمین کوڕی حاجی کاکە و سەدرەدین کوڕی دەروێش سەلام کە هەردووکیان پاڵنگانی بوون.

بۆمبەکەی زەمانگریوە بوو بە سەرەتای شەڕێکی ڕەوانی بەردەوام لە نێوان هێزی ژمارە دووی شاهۆی حیزب و خەڵکی پاڵنگان دا و بەداخەوە گەورەترین زیانی بە حیزب و قازانجی فراوانیشی بە ڕیژیم گەیاند. هەر ڕۆژێک دوای ئەم ڕووداوە، بیست و هەشت کەسی خەڵکی ئەم گوندە (تەنیا لە سەر بناغەی گومان و شک) لە لایەن حیزبەوە گیران و بە شێوەیەکی زۆر بێحورمەتانە، بە دەستی بەستراو و لە ژێر جنێو و قسەی ناشیریندا بۆ زیندانی گوندی سەرێز، کە بنکەی کومیتەی شارستانی هەورامانی لێ بوو نێردران. ئەم ٢٨ کەسە لە لایان بەرپرسانی حیزبەوە کەوتنە ژێر لێپرسینەوە و لێکۆڵینەوە. لەیرەدا تەنیا

بەسە بڵێم کە شێوەی جووڵانەوە لەگەڵ ئەم کەسانە پێچەوانەی گشت مەوازین و پرەنسیپە نووسراوەکانی حیزبی دیموکرات بوو. لێدان، جنێوپێدان و بێ حورمەتیەکی فراوان بەم کەسانە کرا و ئەم کارانەش تەنیا پلەی بەرزی پێشمەرگەی لە لای خەڵک دێنایەخوار و لە شۆڕش بێزاری دەکردن.

سەرەڕای گەلێک فشار، هیچکەس لەم گیراوانە نەچوونە ژێرباری تاوان و تەسلیمی زەخت و زۆر نەبوون و رەنگە گەلێک نهێنی کەسانی سەر بە دەوڵەتیشیان لابووبێ بەڵام هیچیان نەدرکاند. جگە لەم پاڵنگانیانە، دوو کەسی خەڵکی نیەریش بە ناوی بارام و شەهاب مەنبەری گیران. بارام باوکی پێشمەرگەی شەهید، شەهرام مەنبەری بوو کە ئەو دەم لەگەڵ ئێمە دا لە یەکیەتی لاوانی حیزبدا خزمەتی دەکرد و بە چاوی خوی دەیبینی ئەم بێرێزیە بە باوکی دەکرێت. کاک بارام ئەبێتە باوکی شاخەوانیش کە لە رووداوی تاڵی کۆسالان، لە ساڵی ٢٠١٦ دا شەهید بوو. خراپ جووڵانەوە و بێ حورمەتیکردن بەم ژمارە کەسە بەتایبەتی کردایان لەگەڵ کاک بارام کە دۆست و ئاشنای زۆربەی خەڵکی سەرپیز بوو، گەیشتە رادەیەک کە خەڵکی سەرێزیشی بەتەواوی بێزار ببوون و بە ئاشکرا ئەم بێزاریەیان نیشان ئەدا. هەروەها گیرانی ئەم ژمارە کەسە نەک هەر خەڵکی پاڵنگانی نەترساند تا کرداری دژ بە شۆڕش ئەنجام نەدەن، بەڵکوو راست بە پێچەوانە سوورتری کردن تا سنوورێک بۆ هاوکاری دژمن و دژمنایەتی بزووتنەوەی گەلی خویان نەناسن!

هاوکات لەگەڵ بەرەوپێشچوونی ئەم وەزعە، ریژیمیش خەریکی کاری خوی بوو. هەلەکەی بە نەفعی خوی بە کار دێنا و هەوڵی زیادکردنی بەکرێگیراوی لە ناوچەی ژێر دەسەڵاتی پێشمەرگە دا دەدا. دەنگۆ هەبوو کە جگە لەم بۆمبە کە پێشتر باسکرا، نزیک بە پەنجا تفەنگی ریژیمیش هاتوونەتە پاڵنگان و ئاواییەکانی دیکە و قەرارە شەوێک هێرش بکەنە سەر بنکەی حیزب و... ئەم هەواڵانە کە روونە بەشێک لە شەڕی رەوانی دەوڵەت بوو لە دژی ئێمە، پێشمەرگە و بەرپرسەکانیان لە گشت کەس دڕدۆنگ کردبوو و گشت کەسیش ترسی لە پێشمەرگە بوو. ئەمەش راست ئەو شتە بوو کە ریژیم و مۆرەکانی دەیانەویست و بە راستیش هەم ئەوان زیرەکانە کاریان بۆ ئەم وەزعە کرد و هەم ئێمەش خومان نائاگاهانە، بێ دریغ یارمەتی سەرکەوتنی پرۆژەکەی

ئەوانمان دا.

بەیانییەکی زووی هەوەڵ رۆژەکانی بەهاری ١٣٦١ تەقە لە بن هەنگڵی بنکەی حیزب لە ئاوایی پاڵنگان دا هەستا. پێشمەرگە بە هەزار زەحمەت خویان و تفەنگەکانیان دەرکرد و گوندیان بێ تەقە بۆ هێرشبەران بە جێ هێشت. لە بەرزاییەکانی پشت ئاوایی و نێوان زەمانگریوە دا چەند سەعاتێک خۆڕاگری بێ بەرنامە کرا و سەرەنجام ژمارەیەک چەکداری لە خیانەتەوە گلاوی کورد، بێ ئەوە تاقە پاسدارێک بەشدار بێت، دەستیان بە سەر بنکە و بارەگای حیزب دا، لە سەختترین شوێنی ناوچە، واتا قەڵای پاڵنگاندا گرت. لە ماوەی شەو و رۆژێکدا نەک هەر پاڵنگان، بەڵکوو گوندەکانی سوورەتفێ، تفێن، دێکانان، دزەوەنی سەر و خوارو دێوەزناویش کەوتنە دەست ریژیم. تا ئەوجێگایەی من بزانم تەنیا دوو جاش و پاسدارێک لەم شەڕە دا کوژران و پێشمەرگەش جگە لە بریندارێک، زیانی دیکەیان نەبوو. واتا لە راستی دا بەربەرەکانێ و شەڕێکی بەرچاوی وا نەبوو تا کەسی تێدا بکوژرێ.

دوای ئەم وەزعە دەرکەوت کە دەنگۆی پەنجا تفەنگەکەی پاڵنگان راست بووە و هەموو ئەم خەڵکەش کە ئەم چەکانەیان هێنابوون، لە ماوەی شەو و رۆژێکدا بوونە پیاو و هاوکاری ریژیم. دواتر زۆربەی ئەم چەکدارانە لە گەلێک شەڕاندا دژی پێشمەرگە بەشدار بوون و چەندین کەسیشیان بەدەستی پێشمەرگە کوژران.

هەڵبەت سالانێک کار و دەریایەک زەحمەت و فیداکاریی لە لایان کەسانی وەک رەشاد حوسەینی، عەبە سەیفە، عەلی ئەشرەف مەجیدیان، بورهان رۆحانی، فەیزوڵای رۆحانی، من و کەسانی دیکەوە ئەنجامدرا تا سەرەنجام خەڵکی ئەم گوندە لە گەرووی ریژیم دەرهاوێژران، گەڕانەوە باوشی گەل و بوونەوە پشتیوانی پێشمەرگە. کاتێکیش گەڕانەوە نیشانیان دا کە لە خەڵکی دیکە بۆ هاوکاریی شۆڕش گەلێک ئازاترن. بۆ نموونە کاتی شەهیدبوونی پێشمەرگەی خوشەویستی ئەم گوندە، بەختیار ئەحمەدی کە لە ئاوایی کاشتەر دا شەهید ببوو و ئێمە لە کێوی ئاویسەر سپاردبوومانە خاک، سەدان کەسیان هاتنە لای هێزی بێستوون، جەنازەکەیان لە گۆڕ دەرهێنا و وەک خەڵکی ئیستای باکووری کوردستان چۆن تەرمی گریلا هەڵدەگرن، ئەوانیش بێ ترس و

پرسی ریژیم بەختیاریان بردەوە پاڵنگان و لە بەرچاوی پایەگای دەوڵەتەوە، بە رێز و حورمەتێکی بێ وێنەوە بە خاکیان سپارد! ئەم کارە لەو سەر و بەندەدا کە رۆژانە چەندین پاسداری ئێران بە دەستی پێشمەرگە دەکوژران (سەردەمی ٥٩ عەمەلیاتەکەی هێزی بێستوون) گەلێک زەحمەت و تەنیا لە دەستی خەڵکێکی یەکدەنگ و نەترسی وەک پاڵنگان دەهات. دیارە دواتر هەموو چەکدارەکانی پاڵنگان وازیان لە خزمەتکردنی ریژیم هێنا، هەوارەکانیان بوونەوە جێگای مانەوە و مەکۆی پێشمەرگە و تەنانەت ریژیم ناچار بوو بەرپرسی پێشووی چەکدارانی خوی لەم گوندە بە ناوی حاجی فایەق ئەحمەدی بە تاوانی هاوکاریی دیموکرات، بگرێ و پاش ساڵانێک شکەنجە و ئازاردان سەرەنجام لە کامیاران ئێعدامی بکات.

هێندێک لە ئەسڵی باسەکەم دوور کەوتمەوە بەڵام درێژەی رووداوەکە بەم جۆرە بوو کە دوای هەوڵێکی بێ ئاکام بۆ دەرهێنانی زانیاری، کومیتەی هەورامان ناچار هەموو زیندانییە پاڵنگانییەکانی ناردن بۆ ناوەندی ئاژوان و لەوێشەوە بۆ سەرەوە (موکوریان) بەڕێ کران. سەرجەمی ئەم کەسانە، لە بەر نەبوونی بەڵگەیەک کە نیشان بدات ئەوان خیانەتێکیان کردووە، لە لایان حیزبەوە ئازاد کران و گەڕانەوە ماڵی خویان. دیارە هیچکام لەم ٢٨ کەسە، تەنانەت تاقە کەسێکیان نەبوونە جاش و هاوکاری ریژیم. بەڵام هەروا لە دڵی خویاندا دژمنی حیزب مانەوە. من خوم چەندین جار، بە حوکمی ناسین و خزمایەتی چوومە دیداریان و داوای ئاشتبوونەوەم لێکردن، بەڵام هەموو هەوڵەکانی ئێمە لەم بارەوە بێ ئاکام بوون و کەسیان حازر نەبوون بچووکترین هاوکاری پێشمەرگە و بزووتنەوە بکەن.

ناوەندی ئاژوان کە ئەوکات بەرپرسی هەموو کاری حیزب لە ناوچە بوو و بەرپرس و ئەندامەکانی بریتی بوون لە: کاک تاهێر عەلیار، کاک بابا عەلی مێهرپەروەر، کاک شاپوور فیرووزی و کاک عەولای بارامی. لە ژێر فشاری خەڵکی گوندەکانی نیەر، تەنگیسەر، سەڕێز و گواز دا هێزی ژمارە دووی شاهۆ و بەرپرسەکانی بانک کردنە گوندی تەنگیسەر، دوای لێکۆڵینەوە و باس و خواسی زۆر، هێزی ژمارە دووی شاهۆیان هەڵوەشاندەوە، بەرپرسەکانی لە کار و بەرپرسایەتی خستن و بۆ لێپرسینەوە نێردران بۆ دەفتەری سیاسی. بەشێک لە

پێشمەرگەکانی ئەم هێزەش دابەشبوون بە سەر هێزەکانیتردا و ئەوانیتریان گەڕانەوە نەوسوود.

## حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە لە پایگەلان ساڵەکانی (١٣٦٠-٦١)

پایگەلان ئەو دەم گوندێکی ٥٠٠-٦٠٠ ماڵی بوو. قوتابخانەی سەرەتایی، ناوەندی و دەبیرەستانێکیشی لێ بوو. هەموو کوڕان و بەشی زۆری کچانی ئەم گوندە ئەچوونە بەر خوێندن و مناڵی چەندین ئاوایی تریش بۆ خوێندنی "راهنمایی" ئەچوونە ئەوێ. دەرمانگەیەک، شێرکەتێکی "تەعاونی" و بنکەی سەرەکیی پرۆژەیەکی گەورە بە ناوی "شێرکەت بانە" کە جادەی کامیاران - مەریوانی دەکێشا، لە پایگەلان بوون و خەڵکی گوندەکانی تر بۆ کار و پیویستییەکانیان دەهاتنە لایان. لە باری خوێندەواری و چۆنیەتی ژیانەوە پایگەلان پێشقەرەوڵی هەموو ناوچە و لە راستیدا نیمچە شارستانێک بوو. جگە لەم دیاردە باشانە کە نیشانەی پێشکەوتن و ئاوەدانین، دیاردەیەکی دزێو و خراپیش لە ناو ئەم گوندە دا هەبوو کە کاری سەرکوت و ستەم لە خەڵک بوو. ئەم شتەش پاسگایەکی ژاندارمری بوو کە ناوبانگی گڵاوی، داوێنپیسی و بەرتیلخوریی بەرپرس و کاربەدەستەکانی گەییشتبووە هەموو ناوچە. پاسگای پایگەلان و رق و بێزاری خەڵک ئەم سەر و ئەوسەری شتێک بوون. لە ناو هەموو خەڵکی پایگەلاندا، ئەو کەسانەی کە هاوکاری ئەم شوێنە، واتا پاسگایان دەکرد، کەمتر لە ژمارەی قامکەکانی دەستێک بوون. بەڵام ئەو پایگەلانیانەی کە وەک مامۆستا و کارمەند لە بەشەکانی تردا کاریان دەکرد بەرچاو و ژمارەیەن زیاتر لە هی تەواوی گوندەکانی دەور و بەر بوو. هەوەڵ رۆژەکانی دوای رووخانی ریژیمی شا، ریژیمی نوێ شێرکەت بانە و جێگاکانی تری داخستن، بەڵام مۆرە و بەکرێگیراوی بۆ راگرتنی پاسگاکە نارد تا سەرکوت و ستەم رانەوەستێ. هەروەها بەر لە گشت حیزب و لایەنێکی تر، سپای رزگاری لەم ناوچەیە دا پەیدا بوون و بێ سڵەمینەوە دەستیان کرد بە

هێرش بۆسەر پاسگاکانی ریژیم و پاسگای پایگەلانیش لەو شوێنانە بوو کە کەوتە بەر دەستیان و تێکیانەوە پێچا.

زیاتر لە ٣٠ کەسی پایگەلانی چەکی سپای رزگارییان کردە شان و لە ژێر فەرماندەری کەسێکدا بە ناوی "وەسیمی دەروێش نەسێ" بەشداریی شەڕەکانی رزگاری لە دژی پاسگاکانی ریژیم بوون.

وەک لە بەشی پێشتردا باس کرا، کۆمەڵە هێرشی کردە سەر سپای رزگاری و لە دواتریشدا حیزبی دیموکراتیش هاتە بەرەی ئەم شەڕەوە و سەرەنجام رزگاری لە ناوچە دا پێچرایەوە. چەندین کەسی ناسراویان بە چەکەوە هاتنە ناو حیزبی دیموکرات کە هێندێکیان دواتر بوون بە فەرماندەری هێز و ئەندامی کومیتەی شارەستانیش. هەڵبەت وەسیمیش یەکێک لەو کەسانە بوو کە حازر نەبوو لەگەڵ رزگاری بکەوێ و بڕوا ناوچە بەجێ بێڵێ، بۆیە بە چەکەوە گەڕابۆوە بۆ گوندەکەی خۆیان بەو هیوایە کە حیزب لە دەستی کۆمەڵە بیپارێزێ و رەنگە وەک کەسانیتریش دواتر ببوایا بە پێشمەرگەی ئەو حیزبە. بەڵام بە پێچەوانەی چاوەڕوانی ناوبراو و رەنگە هی هەموو خەڵکی ناوچەش، ئێوارەیەکی دێر، یەکێک لە دیارترین فەرماندەکانی حیزب کە بەداخەوە ئیستا لە ژیاندا نییە و لە شەڕی داگیرکەراندا گیانی لەدەست دا، لەگەڵ دوو پێشمەرگەی تر چوونە ناو ئاوایی پایگەلان،ماڵی وەسیمان بینییەوە و لە دەرگای ماڵەکەیان دا. ماڵی وەسیم دوو نهۆم و حەوشەیەکی گەورەیان هەبوو. خانمەکەی دەرگا ئەکاتەوە و لە مەبەستی "مێوانان" ئەپرسێ. ئەوانیش ئەڵێن وەسیم لە ماڵە؟ ژنە وەڵامی بەڵێ ئەداتەوە و فەرموویان لێ ئەکات. دوای پێنج دەقێقە وەسیم لە پێش چاوی ژنەکەی و دوو منالێیەوە بەدەست ئەم سێ کەسەی حیزب ئەکوژرێ .....

رۆژی دوایی ژن و پیاوی پایگەلان لە بەخاکسپاردنی وەسیم دا بەشدارییان کرد و ئەوپەڕی بێزارییان لەم کارە دەربڕی. حیزبی دیموکرات هیچکات (ئیستاشی لەسەر بێ) وەڵامێکی دەردخواردووی بەم خەڵکە نەدایەوە کە گەرەکیان بوو بزانن بۆ بەم شێوە بێ بەزەییانەیە ئەم کوڕە، کە خوشەویستی زۆربەی خەڵکی دێیەکەیان بوو بە دەستی حیزب کوژرا؟

دیارە ریژیم پێش ئەم کارەش لە سەر ئەزموونی دۆڵاو و پاڵنگان خەریکی

کاری خوی بوو و بۆ ئاڵۆزکردنی ناوچە و کڕینی بەکرێگیراو بە گشت توانایەوە خەریک بوو. "حەمەچاوە"ی لە مەریوان و عوسمان دەڵەمەرزی لە هەورامان راسپاردبوو تا لە کوێ دڵئێشاو و ناڕازییەک هەیە پەلکێشی لای سپای پاسدارانی کەن و کاری پێ بسپێرن. هێندێک کەسی پایگەلانی، لەوانە کابرایەک بەناوی حاجی حەمەحوسەین (سەیر و سەمەرە ئەوە بوو کە لە ٣ پێشمەرگەی خەڵکی پایگەلان یەکیان کوڕی ئەم کابرایە بوو) کە نەنگی بەشداری لە دامەزرانی"سازمان پیشمرگان مسلمان" یشی بەناو چاوەوە بوو، کەوتنە کار. دەستە دەستە خەڵکیان بۆ سنە و مەریوان بانگ کردن و هێندێک بە تەماع و هێندێکیش لە رقی ئەو رووداوەدا چوونە ریزی خیانەت و لە ماوەیەکی کەمدا ژمارەی هاوکارانی ریژیم لەم گوندە، گەییشتە ئاستێکی زۆر مەترسیدار.

ریژیم بەردەوام بوو لە هێرش بۆ سەر ناوچە و پایگەلانیش لە بەر باری گرنگ و ستراتێژیکی ( ئەم گوندەش لە بناری کێوی بەرز و زۆر گرنگی کوڕەی مریەم دایە) لە پێشەوەی حیسابەکانی دژمندا بوو. سەرەنجام لە هێرشێکی بەریندا پایگەلان و چەند گوندی تر کەوتنە دەستی ریژیم و بە پێچەوانەی ئاواییەکانی تر، خەڵکی پایگەلان لە گوند چوونە دەر و وەک شادی بگێڕن بە پیری هێزەکانی ریژیمەوە چوون! وەک من لە خەڵک و بەرپرسانی ئەودەمی حیزم بیستووە، پێشمەرگەیەکی حیزب بە ناوی عەباس خەڵکی ناوچەی جوانڕۆ لەم هێرشە دا بە دیل گیرا و لە لایەن چەند کەسێکی خەڵکی پایگەلانەوە، بەڕۆژی رووناک و هەر لە بەر ئاوایی دا بە جامەدانیەکەی خوێ خنکێندرا!

ریژیم بنکەو پایەگای خوی لە پایگەلاندا دامەزراند، پاسگای ئاوەدان کردەوە و دەسەڵاتی رەشی خوێ لەم گوندە کردە " ئەمری واقێع". پێشمەرگەی حیزب و کۆمەڵە بنکەیان بردە سەر بەرزترین لوتکەی ناوچە، واتا کوڕەی مریەم و لە سەربەرزاییەوە بە دووربین سەیری پایگەلانیان ئەکرد. دژمن چەندین تۆپ، خومپارە و کالیبەر ٥٠ یەکی لە پاسگا دانابوو. جار و بار تەقەی لە کوڕەی مریەم ئەکرد و پێشمەرگەش وەخت و بێوەخت هێرش و پەلامارێکیان ئەبردە سەر یەکێک لە بنکەکانی ئەوان. ئەم کارە هەموو بەهار، هاوین و پاییزی ساڵی شەست و یەک درێژەی هەبوو. ریژیم چەندین هێرشی گەورەی کردە سەر

کوڕەی مریەم و هەرجارە بە شێوەیەکی شپرزە و ئابڕووبەرانە تێکشکا. لە یەکێک لەم هێرشانە دا ژمارەیەکی بەرچاو جەنازەیان لێ بەجێ مان کە نۆ ٩ کەسیان خەڵکی پایگەلان و یەکێکیان برای وەسیمی باسکراو بوو بە ناوی رەحیمی دەروێش نەسێ. چۆنیەتی هەڵسوکەوتکردنی پێشمەرگەی حزب لەگەڵ جەنازەی ئەم کوژراوانە، بوو بە بەهانە بۆ ریژیم و خەڵکی پایگەلان، تا ژمارەی چەکدارانی ریژیم بگاتە ژووری سەد کەس و، ئەمە جگە لەو ١٥-٢٠ کەسەی کە تا ئیستا لە شەڕی ئێمە دا کوژرابوون!

ماوەیەک دوای ئەم تێکشکانەی سپای دژمن، تۆپبارانی بنکەکانی پێشمەرگە و شوێنی کار و ژیانی خەڵک ببوە کاری هەر رۆژ و هەر سەعات. رۆژێکیان پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە بە ناوی (هووشەنگ) خەڵکی کرماشان کەوتە بەر پراشە تۆپێک و شەهید بوو. جەنازەکەی بردرایەوە گوندی نیەر و بە بەشداری هەموو خەڵکی دێ، لە لای شەهێدێکی حیزب دا (عەبدوڵا مەنبەری) کە پێشتر لەم گوندەدا نێژرا بوو، بە خاک سپێردرا. بەرپرسی ئەو شوێنەی کۆمەڵە عارف مەولانایی و بەرپرسێکی حیزب بە ناوی هاشم مەنبەری قسەیان بۆ خەڵک کرد و هەردووکیان پێداگرییان لە سەر هاوسەنگەربوونی کۆمەڵە و دیموکرات لە بەرانبەر ریژیمدا کرد. رەنگە ئەمە دەگمەن رووداوێک بووبێ کە خەڵک ئەم دوو لایەنە وا هاودەنگ و هاوهەڵویست ببینن!

دوای ئەم رووداوەش ریژیم لە تۆپباران بەردەوام بوو و وازی نەدەهێنا، بۆیە رۆژێک بەرپرسانی حیزب و کۆمەڵە ساغ بوونەوە خومپارەیەکی حیزب و چەند گوللەیەکی کۆمەڵە ببەن (کۆمەڵە خومپارەی نەبوو، حیزبیش گوللە!) و گوایا دەمکوتێکی پایەگای ریژیمی پێ بکەن. خومپارە ئامادە کرا و روو لە پاسگای کۆن کە ئیستا تۆپخانەی ریژیمی لێ بوو، دامەزرا. گوللەی یەکەم سەری کرد. دووهەم کەوتە ناو ئاوایی، سێهەم دیسان کەوتە ناو مالان و وتیان برا تا خراپتر نەبووە و گەندی دەرنەهاتووە با بەس بێ. بەلام ئەم شاکارە زیانی خوی گەیاند و دواتر خەبەر هات کە لەم خومپارەبارانە دا دوو کەسی مەدەنی کوژراون و هەشت کەسیش (لەوانە دوو ژن و چوار منال) بریندار بوون. یەکێک لە بەرپرسان بە سەر سوورمانە ئەیوت:

بەڕاستی فرە سەیرە، مانگێکە ریژیم تۆپباران ئەکات ئێمە تەنیا

تەڵەفاتێکمان بووگە، کە چی ئێمە بە سێ خومپارە خەریک بوو ئاواییەکە ویران کەین!

بەم جۆرە دیسان بیانوو بۆ ریژیم و فڕ و فێڵەکانی و دەرفەت بۆ کۆبوونەوەی رق و قین لە دڵی خەڵکێکی هەژار و لە چارەنووسی خوی بێ ئاگا خوڵقایەوە. دوای ئەم رووداوە تاڵە، ژمارەیەکی تری خەڵک لە نیشتمانفرۆشتنەوە گلان و تەنانەت وەک سەمبول و بۆ ئەوە ئەوپەڕی بێزاری خویان لە ئێمە دەربڕن، چەند ژن، لەوانە ژنێکی برا کوژراو چەکی ریژیمی بۆ دوو رۆژ کردە شان و هەڕەشەی ئەکرد کە یەکەم کەس ئەبێت بڕواتە شەڕی "زدی ئنقلاب" و....

لە ساڵ و شەڕەکانی دواتردا ژمارەیەکی تری پایگەلانی لە شەڕی دژی پێشمەرگە دا کوژران کە کارەساتبارترینیان شەڕی "ملەی دۆش" لە نێوان ئاواییەکانی سەرێز و گواز دا بوو کە چواردە جەنازە کەوتە دەستی پێشمەرگە. لەم کەمینەدا دوازدە کەس لە چواردە کۆژراوی هێزەکانی ریژیم، پایگەلانی بوون و ئەم کارەش زامەکەی قووڵتر و ئازارەکەی بەژانتر کرد. پایگەلان و هاوکاری ریژیم بوونە یەک مانا و و تەنانەت پێشمەرگەی هیچ لایەنێک نەیدەوێرا لە مووچە و مەزرای خەڵکی ئەم گوندە دا بۆ سەعاتێکیش بمێنێتەوە. ئەگەر لە هەر جێگایەک پایگەلانییەکیش هەبوایە، دۆستانی شۆڕش هەم لێی دەترسان و هەم لە قووڵایی دڵەوە رقیان لێ دەبوونەوە.....

لە درێژەی داستانەکە دا دێمە سەر ئەو هەوڵ و تەقالایە کە من و چەند کەسی دیکە دامان تا جۆرە لێکگەییشتن و پێکهاتنێک لە نێوان حیزبی دیموکرات و خەڵکی ئەم گوندە دا بە دەست هات و پێش بە خوێنڕشتن و ماڵوێرانی زیاتر گیرا.

# حیزبی دیموکرات لە گەلێن (١٣٦٠-٦١)

گەلێن ئەو دەم و کاتەی جێ باسی ئەم نووسینەیە، گوندێکی ٦٠٠-٧٠٠ ماڵی ئاوەدان و یەکێک لە گوندە فرە خۆشەکانی ناوچەی ژاوەرۆ بوو. دوای هاتنە سەرکاری ڕێژیمی ئیسلامی، بە پێچەوانەی دۆڵاو و پایگەلان ژمارەیەکی بەرچاوی کوڕە گەنجەکانی بوونە پێشمەرگەی حیزبی دیوموکرات و کۆمەڵە. زۆربەی خەڵکەکەشی هاوکار و پشتیوانی پێشمەرگە و شۆڕش بوون. بە تایبەتی دوای گیرانەوەی شاری سنە و گوندە نزیکەکانی ئەو شارە وەک، حەسەناوا، کێڵانە، کەڕەسی و..... گەلێن وەک گەورەترین ئاوایی ناوچەکە گرنگی خوی هەم بۆ شۆڕش و هەم بۆ دەوڵەتی ئێران هەبوو.

کێوی ستراتێژیکی حەوشەگەورە، کە ئەکەوێتە رۆژهەڵاتی ئەم گوندەوە، زیاتر لە ساڵێک ببوە بەرەی شەڕ لە نێوان دژمن و شۆڕش دا و دەیان هێرش و پەلاماری دژمنی تێدا تێکشکابوون. هەموو ماوەی ئەم هێرشانەی دژمن، گوندی گەلێن جگە لە بوونی پۆلە پێشمەرگەیەکی رۆڵەی خویان لە بەرەی ئەم شەڕە دا، لە تەدارۆکات و هەرچەشنە یارمەتیدانێکی بەرەی رزگاریخوازی وڵاتی خویان دریغیان نەدەکرد.

هەروەک لە بەشەکانی پیشووشدا باسکرا، کاربەدەستانی ریژیم لە سەرەخۆ، بەڵام بە پلان و بەرنامە کاریان بۆ داگیرکردنی ئەم ناوچەیە دەکرد. بۆ ئەم مەبەستەش گرنگایەتی ئەم چوار ئاواییەی جێ باسی ئێمەیان دەرک کردبوو. هەرچوار ئاواییەکە گوندی گەورە و پڕحەشیمەت بوون و هەرچوار گوند لە پەنا و داوێنی شاخێکی بەرز و، لەباری سەربازییەوە ستراتێژیک دا بوون. بۆیە هاوکات لەگەڵ دۆڵاو، پاڵنگان و پایگەلان کاریان بۆ گەلێنیش ئەکرد. لە یەکەم رۆژەوە ریژیم ئەیزانی تەنیا بە شەڕ و هێرش ئەم کارەی بە ئاسانی بۆ ناچێتە پێش. بۆیە کەوتە پواز درۆستکردن لە ناو ریزەکانی خوماندا و وەک دیترا بە داخەوە لە کارەکەشیدا سەرکەوت.

یەکێک لەم کاناڵانەی کە ریژیم کاری لە سەر ئەکرد کاناڵی ئاین بوو کە شێخ و مەلا رۆڵیان تێدا هەبوو. لە بەشی دۆڵاو دا باسم کرد کە هەڵس و کەوتی خراپی کۆمەڵە لەگەڵ شێخ هادی هاشمی و دەروێشەکانی ناوبراو دا، بوو بە

بیانوو بۆ هێندێک خەڵکی ئەو گوندە تا بەرەی خیانەت هەڵبژێرن و دژی کۆمەڵە و دواتر سەرجەمی بزووتنەوە دەست بدەنە چەک. لە گەلێنیش دا خەریکی پلانێکی لەم چەشنە بوون. لە لایەک کۆمەڵێک دەروێشی دوو شێخی باسکراو ( شێخ هادی و شێخ حەیبەڵا ) لەم گوندە بوون و لە لایەکی ترەوە لە مەلایەکی ئەم گوندە بە ناوی مەلا عەلی جەلالی زادە ( باوکی دوکتور جەلال جەلالی زادە کە دواتر بوو بە نوێنەری مەجلێسی ریژیم ) ئەو پەڕی کەڵکی وەر گرت.

زۆربەی مەلاکانی ئەو ناوچەیە، ئەگەر چی بە رواڵەت شەو و رۆژ لە دەوری دوکتور حوسەینی خەلیقی، کە ئەوکات وەک دۆستی حیزبی دیموکرات و نەیارێکی کاریگەری دەوڵەت لەم ناوچە دا هەڵدەسووڕا، کۆ دەبوونەوە، بەڵام لە ژێرەوە لەگەڵ کاک ئەحمەدی موفتیزادە (لە رێگای مەلا عەلی جەلالی زادەوە) لە پەیوەندی دا بوون، یان خویان راستەوخۆ پەیوەندییان بە ریژیمەوە هەبوو و پارەشیان وەر دەگرت. نموونەی زەقی ئەم جووره مەلایانە مەلا عەرەبی نیەر و مەلا موحسێنی سەرێز بوون کە یەکەمیان بە هوی ئاشکرابوونی پەیوەندییەکەی لەگەڵ ریژیم لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە چەند جار گیرا و سەرەنجام جاری ئاخر بێ موحاکێمە ئێعدام کرا. کەسی دووهەمیشیان، واتا مەلا موحسێن حوسەینی دوای گیرانەوەی ناوچە، بێ راوستان و بە پەلە کرا بە ئیمام جومعەی کامیاران، حاکم شەرعی ئەو شارە و تا دوای "کوودیتای" ئەحمەدی نژادیش لەم پۆستەناموبارەکە دا مابووەوە و لە کۆمەڵێک تاوانیش دا دەستی راستەوخۆی هەبوو کە لەیرە دا جێ باسکردنیان نیە.

بۆیە بێ هیچ گومانێک مەلا عەلی گەڵین ئەگەر چی لە لای خەڵکی ئەو گوندەش جێگای رێز و حورمەتی زۆر بوو، بەڵام وەک حەڵقەیەکی پەیوەندی رۆڵێکی خراپ و زیانباری لە دژی بزووتنەوەی کورد گێڕا. سەرەنجام لە بەر ئەم کردەوانە حیزبی دیموکرات ناردی لە ناو شاری سنە دا مەلا عەلی و کوڕێکی بە ناوی موسلێمیان کوشت و جەلالیزادەش کە ئەودەم گەنجێکی تازە پێ گەییشتوو بوو بریندار کرا. یەکێک لەم پێشمەرگانە کە باس دەکرا رۆڵی سەرکی لە کوشتنی مەلا عەلی داهەبووە پێشمەرگەیکی خەڵکی

گەلێن بوو بە ناوی نەبی. ناو براو پێشمەرگەیەکی دیار و چالاک بوو بەڵام هەڵس و کەوتی لەگەڵ خەڵکدا خراپ و زۆر تووڕە و دەم چەپەڵ بوو.
کوژرانی مەلا عەلی نارەزایەتیی ئاشکرای خەڵکی (وەک کوژرانی وەسیم لە پایگەلان) لێ نەکەوتەوە، بەڵام دیار بوو زۆر کەس ئەم کارەیان لا نا خۆشە و ناوێرن، یان نەیانگەرەکە بە ئاشکرا دەریبڕن. شەڕی ریژیم لە حەوشە گەرە و بەرەکانیتر لەو پەڕی خوی دا بوو. پێشمەرگە ماندوو و هیلاک بوون، رۆژ دوای رۆژ دەوڵەت پێشڕەوی ئەکرد و بەرەی شەڕ لە گوندەکانی گەلێن و تەوریوەر نزیک دەبووەوە. جگە لەو پێشمەرگانەی کە گیانیان نابووە لە پی دەستیان و بە شەو و بە ڕۆژ لە سەنگەر دا بوون، ژمارەیەکی ۳۰-٤۰ کەسی "نا" پێشمەرگەش، بەڵام بە جل و ناوی پێشمەرگەوە هەبوون کە هەر لە سەرەتاوە ئەم گوندانەیان کردبووە بنکە و هیچکات روویان لە بەرەی شەڕ نەئەکرد. رۆژانە بە سەر دڵی خەڵکەوە و بە کرداری ناشایستیان (وەک هەڵس و کەوت لەگەڵ ژن و کچی خەڵک، مەشرووبخواردنی ئاشکرا و رشانەوە لە بەرچاوی خەڵک و تەنانەت بەکار هێنانی مەوادی موخەدێر) بوونە سووتەمەنی تەبلیغاتی ئەو کەسانەی کە لە ژێرەوە کاریان بۆ ریژیم دەکرد. دەگمەن نەبێ زۆربەی ئەم کەسە داوێنپیسانە، دوای گیرانەوەی ناوچە خویان تەحویلی ریژیم دایەوە و گۆڕی خویان بۆ هەمیشە گوم کرد.
لەیرەشدا وەک لە نموونەی گوندەکانی پیشوودا باسکرا، دەنگۆی هەبوونی چەک و چۆڵی ریژم لە ناو خەڵکدا پەرەی گرت. رۆژێک مینێک لە ژێر کامیۆنێکی حیزبدا تەقییەوە، ماشینەکە زیانی بەرکەوت بەڵام پێشمەرگەیەک کە لێ دەخوڕی ( ماشەڵا درێژ) سڵامەت دەرچوو. چەند رۆژ دواتر نارەنجۆکێک کە بە نیازی کوشتنی دەیان پێشمەرگە خرابووە ناو سۆبەی مزگەوتەکەوە، تەقییەوە بەڵام ئەویش زیانی نەبوو. پێشمەرگە کەسێکیان بە ناوی بارام کە هێزی بەرگری حیزبیش بوو، بە تاوانی هاویشتنی نارەنجۆکەکە لە کاتی هەڵاتندا کوشت. رۆژی دوایی گەڕانی ماڵان بە مەبەستی دۆزینەوەی چەک دەستی پێکرد. لە ماڵێکدا سەندوقێکی پڕ لە وێنەی خامێنەیی ( ئەوکات تەبلیغاتی سەرۆکۆماری بوو دوای تەقینەوە و کوژرانی رەجایی) دۆزرانەوە. دواتر ژمارەیەک چەک و تەقەمەنیتر پەیدا بوون کە دیکێکی "زوودپەز" ی پڕ لە

تی ئێن تی شیان تێدابوو.
لەیرە دا دەرکەوت کە ریژیم لە گەلێنیش بە تەواوی ئامادەکاری دووپات بوونەوەی سێناریۆی پاڵنگان دەکات. بەڵام ئەم دوو هەڵەی پیشوو (تەقینەوەی مین و نارنجەکەکە) پلانەکەی لای پێشمەرگەکان ئاشکرا کرد. دوای ئەمە ژمارەیەکی زۆر خەڵک دەستگیر کران، بە تایبەتی ئەو کەسانە ئەم شتانەیان لە ماڵدا گیران. ئەم کەسانە کە بێگومان کەسی بێتاوانیشیان لە ناو دا بوون بردران بۆ دەوروبەری گوندەکانی بێساران و ئەوێهەنگ کە هێشتا لە دەست پێشمەرگە دا ( هەم کۆمەڵە و هەم حیزبی تێدا بوون) مابوون. ئەم گەلێنیانە دوای ئەزیەت و ئەشکەنجەیەکی زۆر، ژمارەیەکیان لە ئاواییەکانی "ویترەزەوی" و "کەلاتێ" دا ئێعدام کران و چەند کەسیشیان نێردران بۆ لای دەفتەری سیاسی لە دەوروبەری ئالانی سەردەشت.
دوای ئەم رووداوە ریژیم هێرشەکانی بەربڵاو کرد، گەلێن، وەسێ، تەوریوەر و شیانیش کەوتنە دەست ریژیم. نەبی گەلێنیی، ئەو کەسەی چوو لە سنە دا مەلا عەلی و کوڕەکەی کوشت، بە خوی و چەند کەسەوە، دوای ئەوە پێشمەرگەیەکی گەلێنی یان بە ناوی وەسیم، لە گوێ چۆمی سیرواندا کوشت (سەربڕی؟) خویان تەحویڵی ریژیم دایەوە. نەبی دواتر لە ژێر فشاری بنەماڵەی قوربانییەکان و خەڵکی ناڕازی دا هەر لە لایەن ریژیمەوە ئیعدام کرا. جەنازەی وەسیم، کە دوای کوشتن فڕێدرابوو، لە ناو ئاوی سیروان دا دۆزرایەوە، سەدان کەس لە خەڵکی نیەری تێکڕا پێشمەرگە، چوون هێنایانەوە و لە تەنیشت دوو شەهیدەکەیتردا ( هووشەنگی کۆمەڵە و عەبدولای مەنبەری دیموکرات) بەرێز و حورمەتێکی زۆرەوە بە خاک سپێردرا.
یەکێک لەم کەسە گەلێنیانە کە وەک زیندانی نێردرا بۆ دەفتەری سیاسی، کوڕێک بوو بە ناوی مەحموود گەلێنیی و پێش لە دەستگیرکرانی پێشمەرگەی هێزی بەرگری حیزب بوو. ئەو سەندۆقە وێنەی خامێنەیی کە باسکران، گوایا لە لایەن مەحموودەوە لەو ماڵە دانرابوون! مەحموود دوای زیاتر لە ساڵێک مانەوە لە زیندانی حیزب، نامەیەک بۆ سکێرتێری ئەو دەمی حیزب، یاد زیندوو دوکتور قاسملوو دەنێرێ و وەزعی خوی، گوندەکەیان و چۆنیەتی هەڵس و کەوتی بەرپرسانی حیزب لەگەڵ خوی باس دەکات و داوا دەکات ئیزنی بدەن بێت لە

کۆنگرە یان پلینۆمدا قسەی خوی بکات. ئەوەی من دواتر بیستوومە دوکتور قاسملوو داواکەی قبوولْ دەکات و لە یەکێک لە رۆژەکانی کۆنگرەی شەشدا رێگای دەدەن بێت و هاواری خوی بکات. من ئەوەش دەزانم کە نامەیەکی دەبیرخانەی حیزب و روونووسێکی نامەکەی خوی بۆ ئەوانی نووسی بوو، بەئیمزای شادرەوان دوکتور قاسملووی پێ بوو و هەرکە دلْی تەنگ ئەبوو و گەرەکی بوو دەردی دلْێک بکات، هەردووک نامەکانی نیشان ئەدان و ئەیوت فەرموو بیخوێنەوە، من نامەی دەبیرخانەم هەیە و ئەوان ئەزانن کە من زولْمم لێکراوە. من کە خوم ئەم نامانەم بینیوە، لەبیرمە لە وەلامەکەی دەبیرخانە دا هاتبوو:

حیزبی ئێمە هەرچەشنە شکەنجە و ئازارێکی ئینسان، بە توندی مەحکووم دەکات و ئەگەر کەسانێک بە ناوی حیزبەوە ئەو کارەیان لەگەلْ تۆ دا کردووە، ئێمە داوای لێبووردنەت لێ دەکەین.....

مەحموود دواتر گەرایەوە ناو پێشمەرگەکان، خەریکی کار و کاسبی خوی بوو و بە داخەوە لە شەری هەورامانی چەند رۆژ پێش کارەساتی هەلْەبجەدا، لە بەر مالْەکەی خویدا کەوتە بەر پریشکی خومپارەیەکی دژمنی خوێنرێژ، گیانی لە دەست دا و وەک یەکێک لە ٣ شەهیدی بەرەی ئەو شەرە دژوارە کە دەیان کەسی داگیرکەری تێدا کوژران لە رادیۆی حیزبی دیموکراتدا خوێنرایەوە. چەندین لاپەرە بیرەوەری تایبەتم لەگەلْ مەحموود و گشت دەردەکانی هەیە بەلام بۆ ئەم شوێنە نابێت و هەلْی ئەگرم بۆ جێگای خوی.

# ژاوەرۆ دوای داگیرکرانی کەلێن

پاش ئەوەی ریـژیم گەلێنـی داگیر کرد بە بەشـی زۆری ئامانجەکانی گەیشت. چـونکە نەک هەر گونـدەکە و شـوێنی سـتراتێژیکی لە نـاوچەکەی لە چنـگ پێشمەرگە دەرهێنـابوو، بەڵکوو زۆربەی خەڵکەکەشـی کردبـووە دژمنـی شۆڕش و بـێ داوا و فشـاری ریـژیم، دەیـان کەسـیان "دڵخـواز" چەکیـان کـردە شـان، هەر چوار دەوری گوندیان کردە پایەگـا و سـەنگەری پاراستنی دەسـەڵاتی داگیرکەر. زیاتر لە پەنجا ماڵی بریندار و کەس‌وکارکوژراوی دەستی پێشمەرگە و، ئامادەی تۆڵەکردنەوە لە خەڵک و وڵاتـی خویـان بـوونە مـالی دژمن و ئەویش بە مەیل و قازانجی خوی بە کاری هێنان!

هەروەهـا ئەگەر جوگرافیـای ژاوەرۆش بێنیـنەوە بەرچـاو ئەبینـین ریـژیم بە گرتنـی گەلـێن گەمـارۆی بەشـی زۆری ناوچەکەشـی تەکمیـل و تەواو کـرد و وەک قاڵیبەکی چوار گوشە، دۆڵاو لە گۆشەیەک، پاڵنگان لەو گۆشە، پایگەلان گۆشەی ئەو سـەر و گەلێنـیش بـوو بە گۆشـەی چـوارەمی ئەم قـاڵیبە فەرزیـیە کە بەخەڵکەکەیانەوە بوونە ماڵی دژمن.

ماوەیەک بەر لەم رووداوانەی گەلـێن، هەموو ناوچەکـانی کامیـاران لە دەست چووبوون و دژمن داگیری کردبوون. هێزی بێستوون و کـومیتەی کرماشـانی حیـزب و گـوردانی شـاهۆی کـۆمەڵە هـاتبوونە گونـدەکانی نـیەر و تەنگیسـەر. ناوەنـدی ئـاژوانی حیـزبیش هەر لەم گونـدانە دا بـوو. دوای گیرانـی گەلـێن و لە مەترسیکەوتنی تەوریوەر، بنکەی سەرەکی کومیتەی سنە و هێزی شەریفزادەش پێچایانەوە و روویان لەم دەور و بەرە کرد و بە کردەوە سەرجەمی ئەم هێزانە کە زیاتر لە سێسەد و پەنجا کەس دەبوون لە جۆرێک گەمارۆی ریـژیم دا بـوون. دوو رێگـا لە بەر بـوو، یـان دەبـوو ئەم نـاوچەیە چۆڵ بکرێ و بـێ شـەڕ بـدرێتە دەست ریژیمەوە، یان خۆمان بۆ هێرشی ریـژیم و پاراستنی کـاتیی ئەم گوندانە ئامـادە بکەین. کۆمەڵە هەر رۆژی هەوەڵ بـێ هـیچ مەشوەرەتێک لەگەڵ حیـزب رێگـای یەکەمـی هەڵبـژارد و هێـزەکەی بـۆ لای بـاکووری نـاوچەکە، واتـا دیـوی بێساران راگواست. حیزبیش سەرەتا ناوەندی ئاژوان و کومیتە شارستانی سنەی راگواست بۆ نـاوچەی کەڵاتەرزان و لای بـاینچۆ لە بـاکووری شـاری سنە. دواتـر

هەردووک هێزی بێستوون و شەریفزادە، لە چەند دەستەی جیاواز دا روویان کردە خۆرهەڵات و باشووری شاری سنە و لە ناوچەکانی چەمشار، سوورسوور و کولیایی دا بڵاو بوونەوە.

ئەم ناوچانەی باشوور و خورهەڵاتی سنە زیاتر لە ١٥٠ گوند بوون کە هێشتا بە تەواوی میلیتاریزە نەکرابوون. ریژیم لە شارەدێیەکانی "مووژەژ" و "خامسان" دا دوو نیمچە پادگانی بە چەکی قورس و هەلیکۆپتەرەوە هەبوون. تیمی زەربەتی گەڕۆک سەردانی ئەم گوندانەیان دەکرد و رۆژانە ئازاری خەڵکیان دەدا. ئێمەش دوای گەییشتن بەو ناوچە وەک ئەوان هەر رۆژە لە گوندێک دا دەستمان کرد بە گەڕان، کە بۆ خوی بوو بە قەڵەمبازێکی گەورە لە شێوەی کاری پێشمەرگانە دا و تا ئەو رۆژانەی پێشمەرگایەتی لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا مانا و بایەخی راستەقینەی مابوو، ئەم شێوەیە کارە (پارتیزانی) بەردەوام بوو و سەدان لاپەڕەی زێڕینی لێ کەوتەوە کە دەبێت بەشدارانی ئەم داستانە گەورانە لە سەرجەمی ناوچەکاندا قوڵی هیمەتی لێ هەڵماڵن و بیاننووسنەوە تا خەڵکانی دیکە، کە تەنیا ئەم شتانەیان لە خەڵکی تر و بە شێوەی دەستی چەندوم بیستووە، نەبنە خاوەنیان و کۆڵێک شتی ناڕاستیان (ئاگاهانە یان لە بەر ناشارەزایی) لێ زیاد یان کەم نەکەن.

هاوکات لەگەڵ ئەم رووداوانە، ریژیم فشاری خستە سەر ناوچەی بێساران و دەور و بەری و دوای شەڕێکی سەخت و تۆپبارانێکی بێروحمانە، ئەم گوندانەشی یەک لە دوای یەک گرتنەوە کە بریتی بوون لە: گوندی گەورە و هەزارماڵی بێساران، ژان، هەرسێن، نجێ، ساڵیان، سپیین، خواشت، ئەوێهەنگ، هوویە و سەرهوویە.

لە شەڕی بێساراندا دوو فەرماندەی ئازا و ناوداری حیزب بە ناوەکانی حیسام ئەسعەدی و تەها دەگاگایی شەهید بوون. بێشک لە دەستچوونی ئەم هەڤاڵانە زیانێکی گەورە لە بزووتنەوە و کاری پێشمەرگانەی ئەو رۆژە سەختانە بوو. حیسام ئەو دەم فەرماندەری هێزی زرێباری مەریوان بوو بەڵام لە سەرانسەری ناوچە دا ناوبانگی ئازایەتیی هەبوو، ریژیم و بەکرێگیراوانی لێی دەترسان و حیسابیان لە سەر دەکرد. بۆیە لە دەستچوونی شەڕڤانێکی لێزان و لە هیچ نەترسی وەک حیسام ئەسعەدی، کاریگەریی خراپی لە سەر شۆڕش دانا و

سەرکەوتنێکی گەورەش بۆ دەوڵەتی داگیرکەری تاران بوو.
بەهاری ساڵی ١٣٦٢ تەواوی ژاوەرۆ لە دەست ریژیم دا بوو و پێشمەرگەش بە شێوەی پارتیزانی لەم ناوانە دا ئەسووڕانەوە. هەموو حەفتەیەک و جاری واش بوو هەموو رۆژێک شەڕ ئەهاتە ئاراوە. بۆ نیشاندانی رادەی چالاکبوونی پێشمەرگە بەسە بڵێم کە ٥٩ عەمەلیاتی هێزی بێستوون بە تۆڵەی ٥٩ رۆڵەی مەهابادی، تەنیا بەشێکی چالاکی ئەو ساڵەی هێزی بێستوون بوو. بەڵام خەڵکی ئەم چوار گوندەی جێباسی ئێمە لە بەرەی دژمن، (دۆڵاو، پاڵنگان، پایگەلان و گەلێن) نەیانئەهێشت پێشمەرگە لە دووریشەوە چاو لە ئاواییەکانیان بکات. هاوکات لە زۆربەی شەڕەکانی دژی ئێمەشدا خەڵکی ئەم گوندانە بەشدارییان ئەکرد، هەرجارەش چەند کەسێکیان لێ ئەکوژران و ئەبووە بێنزین بۆ بڵێسەدارترکردنی دژمنایەتیەکی بێ مانا و زیانبار لە ناو ریزەکانی گەل دا.
ئەمە لە حاڵێک دا بوو کە، سەرەڕای بوونی چەندین پایگای دژمن لە گوندەکانی وەک سەرێز، گواز، سوورەتفێ، تفێن، نیەر، تەنگیسەر، بێساران، هوویە، سەرهوویە، ئەوێهەنگ و..... هیچ کات پێشمەرگە تەنانەت دوای شەڕی زۆر سەختیش لەم گوندانە دوور نەدەکەوتەوە و ناو ماڵ، مەزرا و باخ و بێستانیان جێگای خۆشاردنەوەی پێشمەگە بوو، برینداریان بۆ دەشاردینەوە و هیچ چەشنە یارمەتییەکی مادی و مەعنەوییان لێ درێغ نەدەکردین. ئەمەش خوی جیاوازی نێوان ئەوەی خەڵکت لەگەڵ یان لە هەمبەر بێت بە باشی دەردەخات.
بڕیار وەرگیرا کە لە رێگای جۆراوجۆرەوە پەیوەندی بەم گوندانەوە بگیرێ و هەوڵ بدرێ ئەم وەزعە بگۆڕدرێ. کومیتە ناوچەکان دەست بەکار بوون و رێگایەکی سەخڵەت و پڕ مەترسی و کارێکی دژوار دەستی پێ کرد. دیدار لەگەڵ چەکدارێک کە برای لە شەڕی تۆدا کوژراوە، پێش هەر شتێک ورە، بڕوا و ئیرادەویەکی پۆڵایینی گەرەکە. هەرچۆنێک بوو لە کۆتایی ئەو ساڵە دا ئەم هەوڵدانە لە پاڵنگان و پایگالان بەرهەمی باشی دا. پاڵنگانییەکان نەک هەر وازیان لە بەشداری لە شەڕی پێشمەرگە هێنا، بەڵکوو بە تەواوی وازیان لە چەکداربوونی ریژیم هێنا و تەنانەت ریژیم چەند کەسیشی بە تۆمەتی هاوکاریی شۆڕش لێ ئێعدام کردن کە حاجی فایەق ئەحمەدی دیارترینیان بوو.

پایگەلانیش بە تایبەتی دوای کوژرانی ١٢ کەسیان لە کەمینێکدا کە پێشتر باسی کرا، ئامادەی جۆرێک هاوکاری بۆ کۆتایی هێنان بەم تراژێدییە بوون و راستەوخۆ و ناڕاستەوخۆ لە هێرش و پەلامارданی ئێمە وازیان هێنا. دوای ئەم پەیوەندییانە، دەگمەن نەبێ کەسی ئەوان بە دەستی ئێمە نەکوژرا و ئەوانیش وەک پێشوو بەشداری هیچ شەڕێکی ئێمە نەبوونەوە. بەڵام هەروا چەکداری دژمن مانەوە و ئیستاش کەسی چەکداریان هەیە کە بە سەری پیریی، دەرەجەی بێ سەلاحیەتی دەوڵەتیی، وەک سەرهەنگ و شتی لەو تیپەی هەیە و پووڵی خویان وەردەگرن. من بەو پەڕی شانازییەوە ئەتوانم خوم وەک یەکێک لەو کەسانە پێناسە بکەم کە لەم رێگایە دا، واتا ئاشتکردنەوەی ئەم خەڵکە زۆرترین هەوڵ و گەورەترین ریسکم بە ژیان و گیانی خومەوە کرد و خەڵکی ناوچە و بە تایبەتی خەڵکی گوندی سەرێز شاهێدێکی زیندووی ئەم وتانەمن کە لە درێژەی باسەکە دا دێمە سەر چۆنیەتییەکەی.

بەڵام لە گەلێن، دەگمەن نەبێت هەوڵەکانمان بێ بەرهەم بوون، چەکدارانی ئەو گوندە سەرەڕای هەوڵی زۆری کادرەکانی ئێمە، هەر وا کەللە رەق مانەوە و لە گەلێک شەڕاندا دژی ئێمە بەشدارییان کرد و پێشمەرگەی بەنرخیشیان لێ شەهید کردین کە بۆ نموونە ئەکرێ ئیشارە بە شەهید بوونی رۆڵەی ئازا و فەرماندەی فیداکار باقری مەنبەری بکەم کە لە نزیک گەلێن دا بە دەست ئەم کەسانە شەهید بوو.

هەروەها کاری ئێمە لەم بارەوە لە گوندی دۆڵاویش دا بێ ئەسەر بوو. هەڵبەت دۆڵاوییەکان هەر لە رۆژی یەکەمەوە دەیان گوت کە ئەوان ناچار نەبن شەڕی دیموکرات ناکەن و "تەنیا دژمنی کۆمەڵەن" بەڵام ریژیم گەلێک شەڕی ئێمەشی پێ کردن و ئەوانیش تا توانییان بەشداری تاوانەکانی ریژیم بوون. ساڵەکانی دواتر دەستەی پێشمەرگەی حیزب ئەڕویشتنە نزیک ئەم گوندە و ئەوانیش وەک هەوەڵەکان نەدەهاتنە سەریان، بەڵام چەکدارەکانیان هەروا چەکدار مانەوە و کاتێک ریژیم کاری پێیان نەما هێندێکیان بە پیری وازیان هێنا...

# کۆبەندی و ئاکام

لە سەرەتای ئەم باسەدا ئیشارەم کرد کە ئەم ناوچەیە دەوروبەری سەد گوندی گەورەیە و بە هۆی هەڵکەوتنیشی لە شوێنیکی سەخت و لە نێوان شارەکانی سنە، مەریوان و کامیاران دا، بارێکی زۆر گرنگی سەربازی و پێشمەرگانەی هەبوو. وەک لە درێژەی باسەکەشدا دەرکەوت چوار گوندی گەورە و گرنگیان نەک هەر کەوتنە دەست دژمن، بەڵکوو بەشی زۆری خەڵکەکەشیان بوونە دژمنی شۆڕش و خراپتر لە پاسدارێکی ئەسفەهانی شەڕی پێشمەرگەیان کرد. جگە لەم چوار گوندە چەند ئاوایی دیکەش وەک چەشمییەر، تا، هەنیمن، مێراو و... زۆر و کەم چەکی دەوڵەتیان کردە شان و کەسیان لێ کوژرا، بەڵام زۆربەی هەرەزۆری گوندەکانی دیکە پێچەوانەی ئەم کارەیان کرد. واتا نەک هەر نەبوونە چەکدار و هاوکاری ڕیژیم، بەڵکوو پشت و پەنای پێشمەرگە مانەوە و تەنانەت لە هەرکوێیەک پێشمەرگە لێ دەقۆما، بە دڵنیاییەوە دەگەڕایەوە باخ و مەزرای ئەم گوندانە و بێ ترس لە جاسووس و پیاوخراپ، تێکەڵی ژن و پیاوی ئەم گوندانە دەبوون و جاری وا بوو ژن و پیاویان دەستەملانی لکێک پێشمەرگە ئەبوون بێ ئەوە گوێ بدەنە ناسیاو یان نەناس.

ڕیژیم بۆ ئەم گوندانەش پلان و کەسی تایبەتی خوی هەبوو. تەنانەت ئیمام جومعەی قۆناخێکی سنە و کامیاران ( سەید موحسێن و سەید سەلاح حوسەینی) هەردووکیان خەڵکی ئەم ناوچەیە بوون. بەڵام بەم مۆرە خراپ و گرنگانەشەوە کاربەدەستانی دەوڵەت نەیانتوانی تێکڕای خەڵکەکە بۆ لای ڕیژیم (وەک ئەو چوار گوندەی جێ باسی ئێمە) ڕاکێشن و بیانکەنە دژمنی شۆڕش. دەبێ بپرسین سەبەبی تێکشکانی پلانەکانی ڕیژیم لە زۆربەی ناوچەکە دا چی بوو و هەروەها دەلیلی سەرکەوتنیشی لەو چوار گوندە بۆ چی ئەگەڕێتەوە؟ داخوا ئەم بۆچوونە ئەتوانێ درووست بێ کە خەڵکی ئەم گوندانە هەر لە بنەڕەتدا خایەن و نۆکەری داگیرکەران بوون؟

یان جگە لەبوونی چەند خایەنێک لەو ئاواییانە دا، خوشمان بووینە بابیسی دوورکەوتنەوەی ئەم خەڵکە و بە دەستی خومان کردنمانننە دژمنی خومان؟ ئایا خەڵکی نیەر، تەنگیسەر، بێساران، هەرسێن، هوویە، سەرهوویە و....

عیسای مەسێح فووی بە دەمیاندا کردبوو تا زۆربەی نزیک بە تەواویان دژی ڕیژیم و پشت و پەنای پێشمەرگە بن؟

یان کار و زەحمەتی کۆمەڵێک کادر و پێشمەرگەی شەریف و دڵسۆز ببوونە مایەی سەرنجی خەڵکی ئەم گوندانە و ئەوانی پەلکێشی بەرەی سەخت و دژواری رزگاریخوازی کرد؟

ئەمانە و گەلێک پرسیاری دیکە پیویستیان بە وەڵام دانەوەیەکی عاقڵانە و ژیرانە هەیە تا هەم راستییەکانی پیشوو ون نەبن و هەم دوارۆژێکی روونیشی لە سەر بنیات بنرێ. میژوو هیچیتر نیە جگە لە کۆمەڵێک رووداو لە ناوچە، وڵات یان هەموو دنیا دا. میژوو نووسین کاری هەرکەسێک نیە، بەڵام هەرکەس تەنانەت خەڵکی نەخوێندەواریش دەتوانن رووداوەکان بە درۆستی بگێڕنەوە و بیانکەنە بەڵگە و بناغەی جێ باوەڕ بۆ میژوونووسانی پڕۆفیشۆنێڵ. ئێمە دەبێت لە گێرانەوەی میژووی خوماندا ئەم رێچکەیە بگرین و خوشەویستی، یان رق و قین تێکەڵی داستانەکانمان نەکەین.

بێگومان ئەم چوار گوندەی ناوچەی ژاوەرۆ تەنیا نموونەی خراپی کاری کۆمەڵە و دیموکراتی ئەودەم نیە و دەکرێ لە زۆربەی شوێنەکانیتری رۆژهەڵاتی کوردستانیش، بە تایبەتی لە ناوچەی مەنگوڕانی مەهاباد ئەم کارانە کرابن. هەر وەها ئەم شێوە کردارە خراپانە تەنیا لە رۆژهەڵاتی کوردستان روویان نەداوە و حیزبەکانی پارچەکانی تری کوردستانیش پەروەندەیان پڕە لەم کارانە. بە تایبەتی لە باکووری کوردستان دا جاری وا بووە عەشیرەتێکی دەیان هەزار کەسی بە هوی کاری نەشیاوی لایەنی کوردییەوە تێکڕا چوونەتە پاڵ ڕیژیم، بوونەتە دژمنی شۆڕش و بەشداری شەڕ بە نەفعی دژمن بوون. هەروەها گەلانی تریش میژوویان پڕە لەم شتانە، بۆ نموونە هەر عەرەبێکی فەلەستینی میترێک زەوی بە جوولەکەیەک بفرۆشێ رۆژی دواتر لە لایەن خەباتکارانی ئەو گەلەوە کوژراوە کە ئەمە ئەتوانێ پێچەوانەی ئێخلاق و مافی مرۆڤیش بێت و هەزاران نموونەی لەم چەشنەش لە پەروەندەی بزووتنەوەی گەلانیتردا هەیە کە بە پێ پێوانە جیهانییەکان بە تاوان ئەژمێردرێن.

قسەی من بە هیچ شێوەیەک ئەوە نیە کە لە بەر خاتری ئەو کارە خراپانەی بەشێک لە بەرپرسانی حیزبێک، کارەباش و جێ شانازییەکانی تریان

نەبینرێن. بەڵکوو گەرەکمە بڵێم : دەبێت راستییەکانی کۆمەڵگای خومان وەک خویان باسبکرێن با میژوویەکی درۆزنانەی پڕ لە هەڵە بۆ خومان ساز نەکەین چوونکە میژووی درۆزنانە تەمەنیشی درێژ نیە و بۆ ئێمەی کورد ئەبێت میژووی پڕ لە درۆی داگیرکەرانمان عیبرەتێک بێت کە بە ئاشکرا چاک دەکەنە خراپ و خراپەی خوشیان دادەپۆشن.

ئەو کەسانەی کە ئەو دەم بوونە هاوکاری ریژیمی تاران، ئیستا یان مردوون یان لە تەمەنی پیریدا دەژین. لە هەرکام لەو گواندانە دا نەسڵێکی نوێ هاتووەتە دنیا و ئیستا بەشی هەرە ئاکتیڤی خەڵکی ئەو گوندانە پێک دێنێ. زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەو نەسڵە خوێندەوار و تەنانەت ماموستای زانکۆشیان تێدایە. پرسیار ئەوەیە کە، داخوا ئێمە دەمانهەوێ بەو مەنتق و شێوەکارەی پیشوومان لەگەڵ خەڵکی ئیستای ئەو گوندانە دا بدوێن؟ ئایا گەرەکمانە ئەوانیش وەک ئێمە قەبووڵ کەن کە هەموو تاوانەکە هی باوک، مامۆ، خاڵۆ و خزمەکانی ئەوان بوو؟ ئایا نابێت چاوەڕوان بین ئەوانیش لە ئێمە بپرسن کە ئەو ژمارە (۱۲ ؟ کەسە گەلێنییە کە تەنیا لە ماوەی چەند رۆژ دا ئێعدام کران، لە کام دادگا، بە سەرپەرەستی کام قازی و بەشداریی کام وەکیل و پارێزەر حوکمی ئێعدامیان بە سەر دا سەپا و هەر ئەو ماوە کورتەش حوکمەکەیان جێبەجێ بوو؟

ئێمە نابێت ئەم نەسڵە بە نرخەی ئیستا و داهاتووی ئەم گوندانە و گوندەکانی هاوشێوەیان بخەینەوە باوشی ئەم ریژیمە، یان ریژیمەکانی دیکە. ئێمە دەبێت لە زمانی شیرین و رێگای دیالۆگ بۆ نزیک بوونەوە لەم خەڵکە کەڵک وەرگرین. هەڵبەت ئەشێ بزانین کە رێگای دیالۆگ تەنیا تاریف کردن لە خومان و حیزبەکەمان نیە، بەڵکوو گوێگرتن لەوانیشە. حیزبی دڵخوازی ئێمە ئەتوانێ حیزبی خوشەویست و ئازیزی ئێمە بێ، بەڵام حیزبی سیاسی بۆ ئەوە دروست بووە تا لە پێشدا خزمەتکاری خەڵک بێ دوایە خوشەویستی ئەوان. ئەبێت بزانین کوڕ، یان کچێکی خەڵکی ئەم گوندانە کە تەمەنی تەنیا ۳- ٤ساڵ بووە کاتێک باوکی بە دەست ئێمە کوژراوە، قەزاوەتی لە سەر ئێمە و شۆڕشێک کە ئێمە خومان بە بەشێکی دەزانین چیە و ئەو رۆژانەیان چۆن بۆ گێڕاوەتەوە؟

من پێم وایە حیزبێک کە گەورەترین سەرمایەی خوی پشتیوانی و متمانەی خەڵک بزانێ، هیچکات نابێت لە داوای لێبووردن لە خەڵکەکەی بترسێ. لەم پەیوەندییەشدا هیچ داواییەکی زیادی نیە ئەگەر خەڵکی گەلێن و ناوچەکانیتر لە سەر بناخەی بەڵگە و دەلیلی روون، داوایەکی لەو چەشنە لە هەر حیزبێک بکەن. ئەوەی بۆ گەلێن، دۆڵاو، پاڵنگان و پایگەلان ئەگەڕێتەوە لە بەر ئەوە ئەم کەسانە (بێ لەبەرچاوگرتنی رادەی تاوانەکەیان) بە کۆمەڵ گیراون، بێ روحمانە شکەنجە کراون و دوایەش بێ هیچ موحاکمەیەک ژمارەیەکیان ئێعدام کراون، بێ هیچ بیانوویەک داوای لێبووردن کەمترین شتە کە کۆمەڵە و دیموکرات دەبێ لەم خەڵکەی بکەن. بەڵام لە ناو ئەم خەڵکەش دا کەسانێک هەبوون و رەنگە ئیستەش مابن کە، نەک هەر ئەم حیزبانە بچووکترین ستەمیان لێ نەکردبوون، بەڵکوو چاوپۆشییان لە خراپکاریشیان کردبوو، کە چی دیسانیش دەستیان لەگەڵ ریژیم تێکەڵ کرد و لە رێگای خیانەتەوە بوونە خاوەن سەروەت و سامانی خیاڵی. تا دوا ساتەکانی بوونی شەڕ بەشداری شەڕیان کرد و لە کوشتنی چەندین پێشمەرگەش دا راستەوخۆ دەستیان هەبوو. لای من پەروەندەی ئەم کەسانە جودایە و ئەبێت جوداش بمێنێ. دڵدانەوە و داوای لێبوردن لە خەڵکی ئەم ئاواییانە، بە هیچ شێوەیەک نابێت ئەم کەسانە بگرێتەوە و تاوانەکانیشیان بشارێتەوە.

# چۆڵکردنی ناوچە و رۆیشتن بۆ چەمشار و کولیایی

هەروەک پێشتر باسم کرد، دوای ئەوە ناوچە لە گشت لایەکەوە کەوتە بەر پەلاماری دژمن و هێزەکانی کۆمەڵە و حیزب سەرجەم لە سێ گۆشەیەکی بچووک دا کۆبوونەوە، ناچار رێگای بڵاوەکردن و روویشتن بۆ ناوچەکانی دیکە گیرایە پێش. کۆمەڵە هێزەکانی تێکڕا بۆ باکووری شاری سنە و لای کەڵاتەرزان گواستەوە و حیزبیش بنکە سابتەکانی وەک، کومیتەشارەستانەکانی سنە و کرماشان و هەروەها ناوەندی ئاژوانی بۆ ناوچەی حوسەین ئاوای سنە و گوندی بە ناوبانگی باینچۆ راگواست. هەروەها پاشماوەی هێزەکان بڕیار درا لە دەستە و گرووپی جیاواز دا بڕۆن بۆ لای باشوور و رۆژوای شاری سنە کە بە چەمشار، لەیلاخ، سوور- سوور و کولیایی ناسراوە.

کۆتاییەکانی پاییزی ١٣٦١ من لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە وەک یەکەم دەستەی هێزی بیستوونی حیزب بە فەرمەندەیی حەمەکەریم نەدیمی و ئەحمەد موزەفەری" ئەحلە مسری" لە جادەی سنە کامیاران پەڕینەوە و روومان کردە ناوچەی چەمشار. کاک حەسەن سەر سپی، کە لە تەواوی ناوچەدا ناوبانگی هەبوو، لەگەڵ ئەم دەستەیە بوو بەڵام لە بەر ئەوە تازە هاتبووە لای هێزی بێستوون، هێشتا بەرپرسایەتیی دیاریکراوی نەبوو.

یەکەم ئاوایی کە چووینە ناوی، گوندێک بوو بە ناوی " شێنە" و دوای نانخواردن وحەسانەوەیەکی کورت لەم ئاواییە، بەرەو گوندەکانی سمان، نەڕان، قەسریان، کانی سواران و هوالە بە رێکەوتین. ئەم ناوچەیە لەو دەمەدا هەم لە باری چۆنیەتی ژیان و هەم ئاستی خوێندەواری خەڵکەکەشیەوە، پێشکەوتووترین ناوچەی سنە و، رەنگە هەموو رۆژهەڵاتی کوردستانیش بووبێت. گوندەکان خوش، ماڵ و حاڵی خەڵکی مودێڕن و جوان بوو. سەرچاوەی ئابووری خەڵکی تێکەڵاوێک بوو لە کشت و کاڵ، باخداری، قاڵیچنین و دووکانداریی. لای رۆژاوای ئەم ناوچەیە ئەبووە جادەی سنە- کامیاران. لای باشووری، جادەی سنە- هەمەدان کە لە ناو شارەدێ مووژەژەوە تێپەڕ ئەبێت و لای باکووریش دیسان جادەی ئیسفاڵتی سنە- دێگولانە کە لە گوند و کەلی سەڵواتاواوە تێپەڕ دەبێت. واتا ئەم ناوچەیە لە ناوەڕاستی سێ جادەی

ئیسفالْتی زۆر گرنگ دا هەلْکەوتووە.

دوای چەند رۆژ گەڕان لەم گوندانە دا، رۆژێک هەوالْ هات کە تاقمێک لە هێزەکانی ریژیم هاتوونەتە گوندی شێنە. سەردەمی هەلْبژاردنی سەرۆککۆمار بوو و ئەودەمیش رێژیم لە گوندەکانی نزیک لە شار خەلْکیان ناچار ئەکرد دەنگ بدەن و ئەم هێزانەی دەولْەتیش خەریکی کۆکردنەوەنەوەی دەنگ بوون بۆ هەلْبژاردنی سەرۆککۆمار.

دەستەیەکی ۲۰ - ۳۰ کەسی پێشمەرگە، بەرەو ئەو شوێنە بە نیازی لێدانی هێزەکانی رێژیم وەڕێ کەوتین. تا نزیک مالْەکان چووینە پێش بێ ئەوە هێزەکانی دژمن پێمان بزانن. لە یەکەم تەقە دا دوو پاسدار، کە نیگابان و چاوەدێری ئەوانی دیکە بوون کوژران. پێشمەرگە لە گشتلایەکەوە پەلاماری دژمنیان دا و دوای نیو سەعات ئاواییمان خستە ژێر کونترۆلْی خومان. جەنازەی ۵ کەس لە هێزەکانی رێژیم کەوتنە دەستی ئێمە کە یەکێکیان جاشێکی خەلْکی گوندی نشووری ناوچەی گاوەرۆ بوو بە ناوی ئیبراهیم. خوشکەزایەکی ئەم کابرایە وەک پێشمەرگە لە ریزی ئێمە دا بوو و لەم شەڕەش دا بەشدار بوو!
ئەم تاقمە پاسدارە سەر بە گرووهێکی زەربەتی رێژیم بوون کە زۆربەیان لەو جاشانەی گوندەکانی نشوور و یەمێنان بوون و بەرپرسەکەیان کابرایەک بوو بە ناوی "حاجی میکایەل" کە بە قسەی خوی لە رقی کۆمەلْە دا ببووە جاش. پاشماوەی پاسدارەکان بە شێوەیەکی زۆر شپرزە، سندوقی دەنگدانەکەیان بە جێ هێشت (کاتێک کردمانەوە تەنیا حەوت کەس دەنگیان دابوو) و بە پەلە خویان گەیاندە ماشینەکانیان، هەلاتن و خویان گەیاندەوە فرۆکەخانەی سنە کە ئەو دەم بنکەیەکی گەورەی سەربازی بوو. ئێمەش بێ زیان و بە چەک و تفاقی ئەو ۵ کەسە کوژراوەوە گەڕاینەوە گوندی قەسریان.

هاوکات خەلْکی ئەم گوندانە باسی جاشێکی خەلْکی قوروەیان دەکرد بە ناوی "تالبی" کە گوایا زۆر دڕ و بێ وێژدانە. خەلْک ئەیانگێڕایەوە کە تالبی هێندێک جار بە تاقمێک جاشی "سرێشاواییەوە" دێتە گوندەکان و وەک گورگی هار بەردەبێتە گیانی خەلْک. بە سەرەنێزە تەلیسەگەنمی خەلْک هەلْئەدڕێ و ئەلْێ :

لە کورە پێشمەگە شاردنەسوە؟

ئازار و ئەزموون

دەستەیەک پێشمەرگە، کە پێکهاتبوون لە هەردووک هێزی شەریفزادە و بێستوون، بە فەرماندەری ئەحمەد موزەفەری" ئەحلە مسری" و رۆسەم قەوامی رۆیشتن. بەیانییەکی زوو لە سەر جادەی ئیسفالتی سنە هەمەدان کەمینیان بۆ ئەو تاقمە دانا. لە نێوان گوندەکانی مارنج و مووژەژ دا خستیانە داو و لەگەڵ ٦ کەسی دیکە دا کوشتیان. کوژرانی ئەم مۆرە ناوزڕاوەی ڕیژیم وەک تۆپ لە ناوچەدا دەنگی دایەوە ، خەڵکی یەکجار شاد و خۆشحاڵ و، پێشمەرگەی لە ناو خەڵک دا زیاتر خۆشەویست کرد.

حاتەم مەنبەری

# هێرشی بەرینی ڕیژیم بۆ سەر گوندەکانی چەمشار

دوای چەند رۆژ مانەوەی ئێمە لەم گوندانە، بەشێک لە هێزی شەریفزادەی سنەش گەییشتنە ئەم ناوچە کە کاک موزەفەر تابێعی وەک جێگری هێز و کاوس نیازمەند و زاهێد عەلامی (پدر زاهد) وەک فەرماندەی لک لەگەڵ ئەم هێزە دا بوون.

دوای هەردووک رووداوەکەی گوندی شێنە و سەرجادەی سنە- هەمەدان و، کوژرانی ژمارەیەک لە هێزەکانی دژمن، کاربەدسەتانی دەوڵەت تووڕە و هار ببوون و بە نیازی تۆڵەکردنەوە و دەرپەڕاندنی ئێمە لەم گوندانە، کە تەنیا ۲۰-۳۰ کم لە شاری سنەوە دوور بوون کەوتنە بیری هیرشێکی بەرین. بەیانییەکی زوو، لای سەعات ٤ ی بەیانی کەمینەکانی ئێمە لە ئاوایی تەجەرە کەوتنە بەر هێرشی ریژیم و شەڕ دەستی پێ کرد. جگە لە تەجەرە، هێزەکانی ئێمە کە نزیک بە ۱۳۰ کەس دەبوون، لە گوندەکانی چناران، نەڕان و میراوایش دا بوون. هاوکات لەگەڵ تەجەرە لە گشت شوێنەکانی دیکەش دا شەڕ دەستی پێ کرد. ئێمە هەواڵی ئەوەمان هەبوو کە ریژیم بەرنامەی هێرشی هەیە بەڵام بەڕاستی نەماندەزانی هێرشەکە تا ئەو ئاستەش بەرین ئەبێت و تەنیا حیسابی لای سنە و بنکەکانی ئەو لایەمان کردبوو.

دەستەکەی ئێمە کە لە گوندی تەجەرە دا بووین، هێزەکانمان شپرەزە و زۆر بێ بەرنامە لە ئاوایی دا چوونە دەر و لە کاتێکدا بە تەواوی لێک هەڵبڕابووین، هەر تاقمە و لە حاست خومانەوە بەرەورووی هێرشی دژمن بووینەوە. شەڕی بێ پلان و لەیرە و لەوێ تا نزیک رووناکبوونی هەوا لە گشت لاوە بەردەوام بوو. بەڵام کە هەوا رووناک بوو دیتمان زۆربەی هەرەزۆری بەرزاییەکانی سەرجەمی ئەم ناوچەیە، هەر لە ئاوایی کانیبووچکەڵەی رووبەڕوی شارەوە تا بەرزاییەکانی پشت مووژەژ و جادەی ئیسفاڵتی سنە- هەمەدان لە دەست هێزەکانی رێژیم دان. پێشمەرگەش لە نزیک ئەوان و لە بەرزاییەکی دیکەوە دامەزراون و خەریکی بەرگریەکی نابەرابەرن. وەسیلە و ئامرازی پەیوەندیمان تەنیا دوو بیسیمی پی ئار سی بوون کە لە نێوان فەرماندەکان دا بە کار دەهاتن و ئەوانی دیکە تەنیا لە دوورەوە ئاگاداری

یەکتر بووین. دەستەکەی ئێمە دوای لە ئاوایی چوونەدەر، ١١ کەس بووین کە حەمەکەریم نەدیمی فەرماندەی لکەکەی ئێمە لەگەڵ ئەو تاقمە بوو و ئەوانی دیکەش تا ئەوەی لە بیرم مابێت ئەم کەسانە بوون: جەلال ئەحمەدی، شوجاح ئەمینی، حەبیبەڵا باقلاوایی، سەلاح رەحمانی، عەلی نشووری، عەلی لۆنی، حەمەعەلی عەنایەتی، نادر رەحمانی، مەولوود عەبدوڵایی ومن. ئەم شەڕە کە یەکێک لە گەورەترین شەڕەکانی ناوچەی سنە بوو، دەکرێ دەیان لاپەڕەی لە سەر بنووسرێ و رووداوەکانی هەموو بەرە و دەستەکانی بێنە باسکردن، بەڵام من تەنیا ئەو شتانە دەگێڕمەوە کە خوم دیومن و باسی ئەو شوینە دەکەم کە خومی لێ بووم. دەنا دەزانم کە شەڕی سەخت و دەستەویەخە لە هەردووک بەرزایی "سوڵتان" و پشتی ئاوایی "چناران" کرا و گەورەترین زیانی دژمنیش هەر لەو شوێنانە دا بوو کە لە ئێمەوە دوور بوون.
دوای ئەوە هێندێک لە وەزعەکە ئاگادار بووین، لە بەرزایەکی روو بەرووی گوندی تەجەرەوە دامەزراین و چاوەڕوانی هێرشی دژمن ماینەوە. شوێنەکەمان زاڵ بوو بە سەر تەپۆڵکەیەک دا کە هێزەکانی دژمنی لێ دامەزرابوون و دوو ماشین بە تیربار و کالیبێر ٥٠ یەکەوە لەوێوە تەقەیان لە ئێمە و شوێنەکانی دیکە ئەکرد. چاومان لە هەر لایەک ئەکرد هێزی دژمن و تەق و هۆڕی ئەنواعی چەک ئاسمان و زەوینی داگرتبوو. لای سەعات هەشتی بەیانی هێرشێکی گەورەی دژمنمان بۆ سەر خومان تێکشکاند و تا نزیک سەعات یەکی پاش نیوەڕۆ بە توندی بەرگریمان لەو بەرزاییە، کە نزیک ٥٠٠ میترێک لە ماڵەکانەوە دوور بوو کرد. ئێمە هەر لەو بەرزاییەوە لە دوورەوە چاومان لێ بوو ٣ پێشمەرگەمان لە لایەن هێزەکانی رێژیمەوە بە دیل گیران و کاتێک چەند رۆژ دواتر گەڕاینەوە ناو تەجەرە، لە رێگای خەڵکەوە زانیمان هەر لە ناو ئاوایی تەجەرە و لە لایەن دژمنەوە، بە پێش چاوی خەڵکەکەوە هەر سێکیان ئێعدام کرابوون. لای سەعات یەکی پاشنیوەڕۆ، ئێمە دوای ئەوە دوایین هێرشی دژمنمان تێکشکاند، بە نیازی دیتنەوەی پێشمەرگەی دیکە، ئەو بەرزاییەمان چۆڵ کرد و بە پەنا و پارێز خومان گەیاندە نزیک ئاوایی "میراوا". هەروەک باسکرا ئێمە هیچ پەیوەندییەکمان لەگەڵ بەشەکانی دیکەمان نەبوو و تەنیا ئەمانزانی لە هەموو شوێنێکەوە تەقەیە و ئەوەش نیشانەی بەردەوامی

بەرخۆدانی هەڤالان بوو، بەڵام ناوچەی شەڕەکە زۆر بەربلاو، تۆپخانەکانی ریژیم زۆر چالاک و چوار هێلیکۆپتریش بە سەر مەیدانی شەڕەکەدا ئەسووڕانەوە. دیارە ئەم هلیکۆپترانە لەبەر تێکەڵبوونی هێزەکانی ئێمە و دژمن، بۆیان دژوار بوو بزانن کام بەرزایی ئێمە و کام لا هێزەکانی خویانی تێدان و ئەمەش وای دەکرد کە جگە لە دەنگە ناخوشەکەیان رۆڵێکی وایان لە سەر وەزعەکە نەبێت.

ئێمە کە نزیک ئاوایی میراوا بووینەوە دیتمان دوو کەس کۆتی سپییان لە بەرە و بە سەر یەکێک لە بانەکانی ئاواییەوە خەریکی پیاسەکردنن. دیارە هەموو ئێمە ئەو ساڵە لەو کۆتە سپییانەمان لە بەر بوو کە حیزب بۆ سەرجەمی هێزەکانی کڕیبوونی و ئێمەش کە بە دووربین جوان ورد بووینەوە، دڵنیابووین کە پێشمەرگەن و چەکیشیان لە شانە. بە شێوەیەکی زۆر ئامادە و بە فاسڵەیەکی باشەوە هاتین بۆ ناو ماڵەکان و ئەو دووکەسەش هەروا خەریکی قەدەم لێدانی خویان بوون بێ ئەوە گوێەک بدەنە هاتنی ئێمە!

گەییشتینە بەر هەوەڵین ماڵ، دیتمان دوو کەسمان هاتنە سەر رێگا و بە دەنگی بەرز وتیان ئێوە کێن؟ ئەم دوو کەسە هەریەکە پەڕۆیەکی سەوزیان بە توێڵی خویانەوە بەستبوو و ئایەتی قورعانی لێ نووسرابوو. حەمەکەریم و پێشمەرگەیەکی دیکەمان لە پێش گشتمانەوە بوون، بێ ئەوە وەڵامێک بدەنەوە دوو کەسەکەیان دایە بەر رەگبار و هەردووکیان بە سەرماندا بەربوونەوە و کەوتنە خوار.

لە چرکە ساتێک دا ئاسمان و زەوی بوو بە ئاگر و بە سەر ئێمە دا باری. هەر کەسە لە جێگەی خوی رەگبارێکمان کرد و بە رەو دوا هەڵاتین. بێشەچنارێکی گەورە و چڕ و پڕ لە بەر گوندەکە دا بوو. چۆمێکی بچووکیش لە خوار چنارەکانەوە دەڕویشت بۆ لای تەجەرە و بە دوای یەکدا رووما لەوێ کرد. من کە دوایین نەفەر بووم گەییشتمە ناو چنارەکان و دیتم دوو پێشمەرگەی دیکەش لەوێ کەوتوون. یەکێک لە پێشمەرگەکان ناوی سەلاح رەحمانی بوو کە بە توندی بریندار و، خوێن لە پشت و ناوشانیەوە فیشقەی دەکرد و دەهاتە دەر. پێشمەرگەکەی دیکە(عەمە عەلی) دەستی نابووە سەر زامەکەی و هاواری لە من کرد یارمەتی بدەم تا برینەکەی سەلاح ببەستین. پشتوێنەکەمان کردەوە و

برینەکەمان توند بەست. گوللە وەک باران دەهاتن، ویزە ویز بە بنی گوێماندا دەڕویشتن و لق و پۆپی دارەکانیان دەخستە ملمانا. سەلاح لە سەر خوی چوو، من تفەنگەکەی سەلاحم هەڵگرت، تۆزێک سەیری ناوچاوانیم کرد، حەمەعەلی داوای ئەکرد با هەڵیگرین بەڵام من هەم زۆر ئەترسام و هەمیش ئەمزانی بۆمان دەرباز نابێت. بۆیە داوام کرد با بڕۆین چوونکە دەربازیشی کەین دوای تۆزێکی دیکە دەمرێ. گوللە وەک باران بە سەرماندا دەبارین و پێشمەرگەکانی دیکەش لە چاو ئێمە دوور کەوتبوونەوە. هەرجۆرێک بوو سەلاحمان بە بێ هۆشی لە بنی دارەکان دا بە جێ هێشت و ئێمەش بەرەوخوار هەڵاتین.

تۆزێک لە خوارترەوە گەییشتینە هەڤاڵانی دیکەمان و باسی سەلاحمان بۆ کردن. لەوێ دیتمان عەلی نشووریش باڵی بریندار بووە و بە جامەدانیەک بەستبوویانە. حەمەکەریم وتی تازە سەلاح نامێنی، وێڵی کەن با هەرچێک زوو ترە لەم دۆڵە دەرباز بین دەنا پێشمان بگرن ناچارین شەڕی سەر و ماڵی کەین و ئێمەش کە لە سەعات چواری بەیانییەوە تا ئەو کات کە نزیک سەعات دوو و نیوی پاشنیوەڕۆ بوو نەک هەر هێزی شەڕێکی وا، بەڵکوو فیشەکی واشمان نەمابوو تا بەرگری لە خومان بکەین. دواتر ژماردنمان دەرکەوت هیچکەسمان لە ٣٠ فیشەک زیاتری پێ نەمابوو! بە دۆڵەکە دا چووینە خوار، هەوا سارد و بەفرێکی فرەیچ لە زەویین دا بوو. دوای دەربازبوون لە دۆڵەکە رووممان لە بەرزاییەک کرد و دیتمان روو بە رووەکەمان ژمارەیەک جاش و پاسداری پێوەیە. دیارە لە بەر تێکیڵ پێکەڵی وەزعەکە، ئەوان دڵنیا نەبوون ئێمە کین و بانگیان ئەکرد خومان بناسێنین! بێ ئەوە تەقەمان لێ بکەن توانیمان بچینە سەر و لە ناو بەردەکان دا روو بە رووی ئەوان دامەزراین. دواتر هێندێک دوورەتەقەمان لە یەک کرد بەڵام هیچمان هێز و تاقەتی هێرشکردنمان بۆ سەر ئەویتر نەبوو.

کەم کەم رۆژ ئاوا بوو و هێزەکانی رێژیم دەستیان کردە پاشەکشێ. ئەو هێزەی رێژیم کە لە گوندی میراوا دا بوون، هاتن بە دۆڵەکەی ئەو بەرمان دا لەگەڵ ئەو پاسدارانەی روو بە رووممان یەکیان گرت و چوون بۆ ئاوایی کانی بووچکەڵە. ژمارەیان نزیک بە سەد کەس ئەبوو، دوو هێستریان پێ بوو و دوو جەنازەش بە سەر هێسترەکانەوە بوون. لە ناو سەفەکەیاندا ٥ کەسی بێ چەک

بە کۆتی سپییەوە ئەڕویشتن و چەند پاسدارێک لە پێش و پاشیانەوە بە چەکەوە حەرەکەتیان ئەکرد.
هەڵبەت ئێمە بە تەواوی دڵنیا نەبووین بەڵام هەموو شتێک دەریدەخست کە ئەم ٥ کەسە پێشمەرگەن و لەم شەڕە دا بە دیل گیراون. حەمەکەریم نەدیمی، کە لەو کاتە دا هەموان ترسیان پێوە دیار بوو ئەوکات ئازایەتی دەردەکەوت، بە بینینی ئەم دیمەنە ئەوەقرەی لێ هەڵگیرابوو داوای دەکرد بچینە سەر ڕێگایان و ئەو پێشمەرگانەیان لە دەست دەربێنین. هەموومان بێدەنگ بووین، حەمەکەریم تووڕە بوو وتی بابڕوینە خوار، دەنگێک وتی فیشەکمان نەماوە، بەچی شەڕ ئەکەیت؟ ......... حەمەکەریم گەڕا بە ناوماندا و سوێندی خوارد هەرکەس ٣٠ فیشەک زیاتری پێ بێت ئەیکوژێت. جگە لە خەشابی سەر تفەنگەکە، کەسمان ١٠ فیشەکی دیکەی پێ نەبوو......

ئێوارە درەنگانێک، دوای ئەوە هێزەکانی دژمن لە زۆربەی شوێنەکان کشانەوە، دوو دەستەی ٣ کەسی پێشمەرگەی دیکە پەیدا بوون و لە بیرمە کاک ئەولەسەن مەنبەری، ئەنوەر مەنبەری، باوا ئەحمەد ئەحمەدی و حەمەنەزیف جوانڕۆییان لەگەڵ دا بوون و ماندوو و هیلاک گەییشتنە لامان. ئەم هاوڕێیانە باسیان کرد کە ئەوان سەلاحیان لە دۆڵەکەی خوارەوەدا بینیوە و لە بنی بەردێک دا حەشاریان داوە! من چەندە بەم خەبەرە خوشحاڵ بووم هێندەش ناڕەحەت بووم چوونکە بە ڕاستی ئەگەر من راوەستابام حەمە عەلی حازر نەبوو وا هاسان سەلاح بەو وەزعەوە بە جێ بهێڵێ و من لە دڵەوە هەستم بە شەرمەزاری ئەکرد. بەڵام جەماعەت، بە تایبەت حەمە کەریم ئەیوت تۆ کارێکی خراپت نەکردووە و نابێت لەم بارەوە سەرکۆنەی خوت بکەیت! زوو هەموومان چووینە خوار، سەلاحمان بینییەوە و چەند کەسێکمان لە پێشەوە چوون بۆ میراوا تا دوای ڕوویشتنی پاسدارەکان هەواڵێکی تەواو بزانن و ئەگەر بشکرێ چەند کەس لە خەڵکی ئاوایی بێنن تا لە هەڵگرتنی سەلاح دا یارمەتیمان بدەن.
کاتێک چووینە ناو ئاوایی میراوا، هەوا تاریکی کردبوو و زۆریش سارد بوو. من هێندە برسیم بوو قاچم ئەلەرزین و بە ڕاستی ئیستاش لە بیرمە کە

کاکیلەکانیشم هێزی جوینی نانەکەیان نەمابوو کە خەڵکی هێنایان لە بەر مزگەوت بە سەرمان دا دابەشیان کرد. بۆچوونەکەی ئێمە لە سەر دیلبوونی هەڤاڵانمان وە راست گەڕا. خەڵکی بۆیان گێڕاینەوە کە سەر لە بەیانی پێشمەرگەکانی ئەوێش لە گوندی میراوا کەوتبوونە بەر هێرشی دژمن. کوڕەکانی هێزی بێستوون بە فەرماندەیی ئەحلە میسری لە ئاوایی چووبوونە دەر، بەرزایی "سوڵتان سەراجەدینیان" خستبووە دەست و شەڕێکی حەماسییان کردبوو. لە بەرانبەردا کوڕەکانی سنە لە ناو ئاوایی دا مابوونەوە، بەرگرییان لە ئاوایی کردبوو. بەڵام هێرشی بەرین و هێزی فراوانی رێژیم تێکی شکاندبوون، سەرەنجام میراوا کەوتبووە دەستی دژمن وئەو ٥ پێشمەرگە بە دیل گیرابوون کە ئەوانە بوون ئێمە بینیبوومانن. هەر وەک باسکرا سەر لە بەیانیش ٣ کەسی دیکە لە تەجەرە دەستگیرکران و بەم ٥ کەسەوە هەشت پێشمەرگەی ئێمە لە لایەن رێژیمەوە بە دیل گیران و ٣ کەسیان هەر لەوێ ئێعدام کران. ناوی ئەو هاورییە خوشەویستانە بریتی بوو لە:

جەلال پیرزادە سەرپەل دوو هەمین شەهیدی بنەماڵەی پیرزادە، شەهید ئیبراهیم ساڵەحی ، شەهید حەیدەر سۆفی، جەماڵ تەبەرزەدیی، سەدیق خۆش قسە، جەمیل پیروەیسیان ناسراوو بە جەمیلە سوور ناو براو بە هۆیی کەم بوونی تەمەن ئێعدام نەکرا دوواجار ئازاد بوو و ئێستا لە وڵاتی ئوسترالیایە، شەهید جەماڵ و شەهید سەدیق لە زێندانی ئەوینی تاران ئێعدام کراون و ئەو سێ شەهید لە بەر چاوی ئەم سێکەسە تێرباران کراوون یادیان بەرز و بەرێز بێت.

لە چاپی یەکەمدا هێندێک هەڵە لەسەر ئەم ناوانە هەبوو و دواتر داوام لە کاک جەمیل میرکانی، کادر و پێسمەرگەی ئەودەمی کومیتەی سنە کرد و لەم بارەوە هەڵەکانی بۆ ڕاست کردمەوە. یەکێکی دیکە لە پێشمەرگەکان ناوی موزەفەر و پێشمەرگەی هێزی بێستوون بوو کە بە داخەوە من پاشناوەکەیم لە بیر نیە و دڵنیاش نیم کە ئێعدام بوو یان نە.

هەر وەها خەڵکی باسی هاتنی تاقمێکی پێشمەرگەشیان ئەگێڕایەوە کە لای سەعات دوو هاتنە ئاوایی (نەیان ئەزانی ئێمە خومان بووین).گوایا پاسدارەکان ئەو دوو پێشمەرگە کۆتسپیانەیان وەک داو بۆ داناونەتەوە و هەر لە دووریشەوە بینیویانە تاقمێک پێشمەرگە خەریکن دێن بۆ ئاوایی. بەڵام ویستوویانە دەنگ نەکەن تا بە تەواوی نزیک دەبنەوە و بە دیلیان ئەگرن. هەر بە قسەی ئەم

خەڵـکە گوایـا ئەو دووکەسـەش کە هـاتنە سـەر ڕێگامـان دەنگیـان دایـن هەردووکیان کوژرا بوون. خەڵکی هیچ خەبەرێکیان لە شەڕەکانی دیکە نەبوو بەڵام لە چەند جاشێکیان بیستبوو کە هێزەکانی ریژیم زیاتر لە ٥٠ کەسیان لە بەرزایـی سـوڵتان دا کـوژراون و جەنازەکەشـیان لەوێ بە جـێ مـاوە! نـان و خواردنێکی باشمان خوارد، سەلاحمان دوای تەداوی لە دارەمەیتێک بەست و ١٠ گەنجی ئاواییمان لەگەڵ هاتن تا لە ملەی بەرز و بەفرینی سوڵتان بچینە سەر و بڕۆین بۆ ئاوایی هانیس کە ئێحتماڵمان ئەدا ئەحل و دەستەکەی لەوێ بن.

سـەعات نزیـک ١٢ ی نیوەشـەو گەییشـتینە نزیـک ئـاوایی هـانیس. لە یەکەم ماڵمـان پرسـی کـێ لە ئـاواییە؟ خەڵکـی دوای ئەوە دڵنیـا بـوون کە ئـێمە پێشمەرگەین، وتیان دەسەی "حەسەن سەر سپی" لەیرەن. ئێمە زۆر خوشحاڵ بووین، پیاوی ماڵەکەمان نارد بۆ مزگەت و هەڤاڵانمان ئاگادار کردن کە بە ڕێگەوەین. کاتێک بە سەلاحی برینـدارەوە گەییشـتینە بەر مـزگەوت، دیتمـان ئەوانـیش تەنیـا ٢٠ کەسـن، سـەیرێکی یەکترینمـان کـرد، هەر کەس لە بەر خویەوە ئەو بیرە بە مێشکیدا دەهات کە بڵی ئەوانی دیکەمان هەموو لە بەین چووبن؟

ڕۆژێـک پـێش لە هێرشـەکەی ریـژیم، ئـێمە زیـاتر لە ١٣٠ پێشـمەرگە بـووین و ئیستا تەنیا ٣٥ کەسمان لە لای یەکین. ئەویش دوو کەسمان بە برینداری! بە ڕاستی دیمەنێکی ترسناک بوو. کەس نەیدەوایرا بە راشکاوی دەری ببڕێ بەڵام چەنـد پێشـمەرگەیەک خویـان پـێ ڕانەگیـرا و دایـانە پـرمەی گریـان. لە پڕ سەرجەمی ئەم ژمارە پێشمەرگە وەک منـاڵی بـاوکمردوو دەستمان کردە گریـان. کـاک حەسـەن سـەر سپی و حەمەکەریم بە خویـان دا هـاتنەوە و لێمـان تـووڕە بوون، بێدەنگیان کردین و وردە وردە ئارام بووینەوە. ئەحل و دەستکەی زیـاتر لە ٥٠ پاسداری ڕێژیمیان کوشتبوون و ٢٥ جەنازەیان کەوتبوونە دەست. ئێمەش داستانی خومـان بـۆ گێـڕانەوە و دوای ئەوە سەلاحمان سپاردە دەست ماڵێـک، خومان تێکڕا سەعات ٣ شەو ئاواییمـان بە جـێ هێشت و چووین بـۆ دۆڵێـک تـا ئەگەر ریژیم پلان و بەرنامەی هێرشی تـازەی بۆ سەرمان هەبوو تووشی زیـان نەبین و مەجالی خۆپاراستنمان باشتر بێت.

شەوێکی زۆر سارد بوو، ماندوویەتی بە سەر و چاوی هەموومانەوە دیار بوو. بەڵام بێ خەوەری لە زۆربەی هەرەزۆری هاوڕێیانمان وای کردبوو کە کەس بیر لەم شتانە نەکاتەوە و ئەوەی بۆمان گرنگ بوو زانینی هەواڵێک لە چارەنووسی ئەوان بوو. سەعات لای هەشتی بەیانی، دوای ئەوە دەرکەوت خەبەرێک لە هێرشی دژمن نیە، گەڕاینەوە ئاوایی هانیس. بە سەر ماڵاندا دابەش بووین و لە ئامێزی گەرمی ئەم خەڵکەدا گەرم بووینەوە. سەعات لای ١١ ئاگادارکراین کە ژمارەیەک لە هەڤاڵانمان بە ڕێگەوەن بۆ لای ئێمە. چە هەواڵێکی خوش! کەم کەم سەر و تایان دەرکەوت و دوا نیوەڕۆکەی زۆربەیان گەییشتن و یەکمان گرتەوە. کاک موزەفەر و زاهێدیان لەگەڵ بوون بەڵام کاوس نیازمەند و دەستەیەک گەڕابوونەوە بۆ لای نەڕان و ئەو ناوە تا دوایین هەواڵ بزانن و سەرەنجام جگە لەو هەشت کەسە دیلەی کە پێشتر ئەمانزانی گیراون، کەسی دیکەمان لە دەست نەچوو بوو. بەڵام ریژیم زۆربەی نزیک بە تەواوی ئەو هەشت کەسەی دواتر لە زیندان داو، دوای ئەشکەنجە و ئازارێکی زۆر ئێعدام کردن.

ئێمە تێکڕای هێزەکە، دوای حەفتەیەک گەڕاینەوە ناو ئەو ئاواییانە و جاری وا بوو بە مینیبووس و ماشینی دیکە لەم ئاوایی بۆ ئەو ئاوایی ئەچووین. دوایین ئامارەکان دەریان خست کە کوژراوی ریژیم لەم پەلامارە بەرینەدا نزیک بە سەد و پەنجا کەس کوژراو و گەلێک زیاتر بریندار بووە کە جەنازەی ئەو کەسانەیان لە ملەی سوڵتان سەراجەدین بە جێمان، چەندین حەفتە دوای شەڕەکەش مانەوە، بەفریان بە سەردا باری و ریژیم نەی وێرا روو لەو ناوە، تەنانەت بۆ هێنانەوەی تەرمی کوژراوەکانیشی بکاتەوە. خەڵکی دانە دانە و جووت جووت، هێندێکیان دوای توانەوەی بەفر لە بەهاری ساڵی دوایی دا کۆیان دەکردنەوە و ئەیانبردنەوە بۆ رێژیم.

# سوور- سوور و کولیایی

هەرچەند دوای ئەم تێکشکانە ئیدی ریژیم لەو زستانە دا نیازی هێرشی بۆ ئەو گوندانە نەبوو بەڵام ئێمە دەبوا هەم بۆ بارسووکی سەر ملی خەڵک، کە چەندین حەفتە ئەو ژمارە زۆرە خەرج و خۆراکمان لە سەریان بوو و، هەم بۆ پەیوەندی بە خەڵک و ناوچەی دیکەوە, چەمشار بە جێ بێڵێن. بۆیە رۆژێک دوای ماڵاواییکردن لە هاوڕێیانی سنە، ئێمە پێشمەرگەکانی کرماشان لە ئاواییەکانی هوالە و کانی سوارانەوە دابەزینە سەر جادەی ئیسفاڵتی سنە - هەمەدان و بە تاریکی چووینە ناو ئاواییەکانی قۆرخ و پەنێران کە لەو دەستی جادەوەن. ئەم گوندانە لە نزیک جادەکەوەن و بە شەو نەبا لە بەر هەبوونی پادگانێکی سەربازی لە شارەدێ مووژەژ، کە روو بە رووی ئەم دێیانەوە بوو پێشمەرگە نەیدەتوانی بچێتە ناویان. ئەم جۆرە شوێنانەش هەردەم تامەزرۆی بینینی پێشمەرگە بوون بۆیە هەرکە گەییشتینە ناو دێ، گەنج و لاوێکی زۆرمان لە دەور ئالان و لە راستی دا شەڕیان ئەکرد کە بچینە ماڵی کامیان و ئەگەر ماڵێک پێشمەرگەیان بەرنەکەوتبا خویان دەهاتن بۆ ئەو ماڵە هاوسایە کە پێشمەرگەی لێ با!

تا سەعات نزیک ١١ی شەو لەم دوو گوندە دا ماینەوە، کادرەکان قسەیان بۆ خەڵک کرد و یارمەتی ماڵیشیان لە خەڵک وەرگرت کە بە دڵخواز و عەلاقەوە کۆیان کردبووەوە. دوایە بە پێش گوندەکانی مارنج و مووژەژ دا کە هەردووک پڕبوون لە بنکە و پاسدری ریژیم, تێپەڕین, لای سەعات چواری بەیانی گەییشتینە ئاوایی خەیراوا و لە مزگەوت و چەند ماڵی دیکە دا خەوتین. بەڵەد و شارەزای ئێمە کاک حەسەن سەر سپی و چەند کەسی دیکە، لەوانە پێشمەرگەی ئازا و خوشەویستی خەڵک، عەزیز قوڕیەری و ئەسەد خەتراوایی بوون و ئەوانی ترمان یەکەمجار بوو ئەم شوێنانەمان ئەبینین. بەڵام کاتێک بەیانی هەستاین و رۆژ بوویەوە، دیتمان تەنیا چەند سەد مێترێک بە جادەی ئیسفاڵەتەوە، کە هەر سەعاتێک سەدان ماشین و لەوانە ماشینی سەربازی پێدا دەربازدەبن دووریـن و، لە باری هەڵکەوتیشەوە شوێنەکە بۆ شەڕێکی نەخوازراو زۆر نالەبارە. بۆیە بڕیار درا ئەو چەند کەسەی وەک کەمین لە

بەرزاییەکەی ئاواییەوەن و، من خوم یەکێکیان بووم تا ئێواره هەر لەوێ بن و نەیانگۆڕێن نەوەک لە لایەن دژمنەوە ببینرێن. هەروەها نەهێڵین کەسیش لە ئاوایی بچێتە دەر تا ئێوارە. بۆیە ناچار هەر واشمان کرد. مانەوە نەشیاوەکەمان بێ زیان و زەرەر کۆتایی پێ هات و ئێوارە بەرەو گوندی وەرمەکان کەوتینەڕێ.


وەرمەکان لە بناری شاخێکی بەرز و یەکەم گوندی ناوچەی کولیایی بوو. ئاواییەکی گەورە و تا رادەیەک خوش و دڵنشین بوو. خەڵکەکەی بە گەنج و پیرەوە بە پیرمانەوە هاتن و تا درەنگانێک لە مزگەوت لە لامان مانەوە. رۆژی دوایی بە سەر ماڵاندا دابەشکراین و لەیرەیشەوە جەولە و گەڕانمان بۆ ئەم ناوچەیە کە نزیک بە ٣٠-٤٠ ئاوایی بوو دەستی پێ کرد. پیویستە بڵێم کە لە ئاوایی وەرمەکانەوە ئیدی زاراوەی خەڵکیش دەگۆڕدرێ و هەرچێک بچیتە پێشتر خەڵکەکەی دوورتر لە سنە و نزیک لە زاراوەی کرماشان قسە دەکەن کە تێکەڵاوی مەسهەبیش، واتا شێعە و سونی، بە زەقی دیارە. ئێمە ئەو زستانە سارد و بەفرینەمان لەم ناوچەیە دەستپێکرد. ئیستا کە بە سەر دەورانی پێشمەرگەایاتیم دا دێمەوە، دەزانم کە ئەم ماوەیە یەکێک لە خوشترین رۆژەکانی سەردەمی پێشمەرگایەتیم بوون و شیرینترین بیرەوەریەکانیچم هەر هی ئەم ناوچەن.

سەرەتا ئێمە لە گوندەکانی گڕ-گڕ، کۆمایین و قەڵاوە دەستمان پێ کرد و سەرمان بە ترازوولە و بانسەیی لەو بەری چۆمی گاوەرۆ/سیروانەوە دەرهێنا. ریژیم لەیرەش وەک ناوچەی چەمشار جار و بار بە گرووهەزەربەتێکی ٥٠-٦٠ کەسییەوە دەهات، بە ناو گوندەکاندا دەگەڕا و دوایە دەگەڕایەوە بۆ ناو شاری سونقوڕ و پایگاکانی دەور و بەری. بەڵام لەو دوو حەفتەیەدا ئێمە گەییشتبووین، خەبەرێک لە هاتنی دژمن نەبوو. ساڵەکانی پێشتر کاک حەسەن سەرسپی بە لکێکی پێشمەرگەوە، کە بە لکی شەهید مەحموود کەرەمی بە ناوبانگ بوو لەم ناوچەدا هەڵ دەسووڕا و گەلێک عەمەلیاتی گەورەشیان لە دژی هێزەکانی رێژیم ئەنجام دابوون. کاک حەسەن ئەو دەم تەمەنی لە سەرەوەی چل ساڵ بوو، بە هوی ئەزموونی لە شۆڕشی باشووردا کرابووە بەرپرسی ئەو پێشمەرگانە و لەو ماوەیە دا ناوبانگی هەموو ناوچەی داگرتبوو.

حاتەم مەنبەری

هەر جێگـایەک دەچـووین بە نـاوی "پەلەکەی حەسـەن سـەر چەرمـگ" ئەیـان ناسین و دنیـایەک هەوڵمـان دا تـا خەڵکمـان حـاڵی کرد کە ئـێمە پێشـمەرگەی حیزبێکی سیاسین و کاک حەسەنیش تەنیا یەکێک لە بەرپرسانی ئێمەیە.

دیارە وەک عادەت و باوە، لەیرەش خەڵکی گەلێک داستانی دوور لە راستییان بۆ کاک حەسەن ساز کردبوون کە جاری وا بوو لە چوارچێوەی عەقڵ و کردار دا نەدەگونجان. بۆ نموونە ئەیانوت کـاک حەسـەن بە شـەش تیر، شـەس کەسـی کوشتوون، یان کاک حەسەن تەنیا تەقە لە سەری پاسدار دەکات و نەیگەرەکە زەخمییان بکات و.....هەڵبەت هەموان دەزانن کە کاک حەسەن پێشمەرگەیەکی خزمەت کار، بە ورە و بەشی خوی شوێن و جێگـایەکی دیاریشـی لە نـاو ئێمەدا هەبـوو. ژنێـک و چەنـد منـداڵی لە شـاری سـنە دا بەجـێ هێسـتبوون و وەک نیشتمانپەروەرێکی راستەقینە ئەوەی لە دەستی دەهات بۆ خزمەتـی شۆڕش و حیزبـی دیمـوکرات درێغـی نەدەکـرد. کەس نـاتوانێ حاشـا لەوە بکـات کە ئەو چەند ساڵ پێش ئێمە لەو ناوەدا خزمەتی خوی کردبوو و ترس و دڵەخورپەیەکی زۆریشـی خستبووە دڵـی دژمن کە لە شوێن و جێگـای خـوێ دا جـێگەی تەقدیرە. بەڵام خەڵکـی لەم بـارەوە ئـاوات و خـوزگەی خویـان لە جـێ راسـتی دادەنـان و حەزیـان ئەکـرد "رامبـۆی" خویـان لە کـاک حەسـەن سـاز بـکەن، دەنـا بەڕاسـتی کـاک حەسـەن خـویچی فـرە حەزی لەم ناوبـانگە مەسنۆعیە نەبوو.



بەیـانییەکی زوو پێشـمەرگەکان لە مزگەوتـی ئـاوایی بانسـەیی دا خەوتبـووین، مـن و پێشـمەرگەیەک بە نـاوی "خالێـد سەرشێلانەیی" لە سەر تەپۆڵکەیەکی روو بە رووی گوند کەمین بووین. کاتێک بە تەواوی هەوا رووناک بوویەوە دیتمان چەند ماشین لە گوندی "سـەرخوم"ەوە بەرەو ئـێمە دێـن. دوای وردبـوونەوە و سـەرنجدان دڵنیـابووین پاسـدارن. هاورێیانمان ئاگادار کردن و بە ئارامی لە شوێنە حەساسەکانی دەوری ئـاوایی دا بۆیـان دامەزراین. پاسدار گەییشتنە چەند سەد مێتری و لە ماشینەکانیان دابەزین. قەراربوو تا نەگەنە چەند مێتری تەقەیان لێ نەکەین و هەر واشمان

کرد. کاتێک دەستەی هەوەڵیان گەییشتنە بەر دەستمان تەقەیان لێ کرا و چەپ و راست کەوتن. لە سەر ماشینەکانەوە بە تیربار ژ٣ تەقەیان لێ کردین بەڵام نەگەییشتنە فریای هێزەکەی خویان.٦ جەنازە بە چەک و چۆڵەوە لە بەر دەستی ئێمە دا بە جێمان و ئەوانیتریان بە شپرزەیی هەڵاتن. لە بەر دەشتبوونی شوێنەکە و داپۆشرانی بە بەفرێکی فرە، فەرماندەکان نەیان هێشت دوایان کەوین. دوای سەعاتێک هێزی دژمن شکان و گەڕانەوە بۆ پایەگای سەرخوم. ئێمە جەنازەی ئەو پاسدارانەمان کۆ کردەوە و داوامان کرد چەند پیاوێکی گوند بیانبەنەوە بۆ پایەگای دژمن لە گوندی سەرخوم.

بە هاوکاری خەڵکی بانسەیی هەر جەنازەیەکمان خستە سەر گوێدرێژێک و خەڵکەکە ئامادەی حەرەکەت بوون بیانبەنەوە، لە پڕ دیتمان دوو هێلیکۆپتر گەییشتنە سەر ئاوایی و ئێمە و گوندیان پێکەوە دایە بەر شەستیر و راکێت. پیاوەکان وڵاغەکانیان بە جێ هێشتن و وەک ئێمە هەڵاتن بۆ ناو ماڵەکان. جەنازەی پاسدار بە سەر کەرانەوە شۆڕ ببونەوە و لەو دەشتە دا سەرگەردان کەوتبوون. ئێمەش بە پەلەپڕووزە خومان گەیاندە بندیوار و پەنای ماڵەکان تا لە هێرشی فڕۆکەی دژمن خومان بپارێزین. دوای نیو سەعاتێک هێلیکۆپترکان روویشتن و ئێمە کەوتینەوە بیری جەنازەی پاسدارەکان. پێنج جەنازەیان هەر وا بە سەر کەرەکانەوە مابوون بەڵام کەری شەشەم نە خوی دیار بوو نە جەنازە! ئەم کەسی شەشەمە بەرپرسی پاسدارەکانیش بوو و گومانمان بۆ پەیدا بوو کە نەوەک شتێکی تایبەتی لەم سرە دا هەبێ! سەرەنجام دوای گەڕانێکی زۆر کەرەمان بە جەنازەوە لە گەورێک دا بینییەوە و بێ ئەوە وەڵامێک بۆ شک و گومانەکەمان بدۆزینەوە هێنامانە دەر و لەگەڵ پێنج پاسدارەکەی تر دا ناردمانەوە بۆ پایەگای رێژم لە ئاوایی سەرخوم!

لە گەرمەی ئەم رووداوە دا بوو بینیمان ئەو هاورێیانەی کە دوای ئێمە لە ژاوەرۆ و بێڵەوارەوە هاتبوون گەییشتنە لامان و دوای نزیک بە مانگێک لە گوندی بانسەیی یەکمان گرتەوە. ئەم رووداوە دیدارێکی خوش و هیچکات لە بیر نەکراوە بۆ من. ئەو دەستەیەمان کە کاک شاپوور و کاک سالار سەرپەرەستییان ئەکردن لە ئاوایی پرتاڵە دا تووشی شەڕی دژمن ببون، لە شەڕەکە دا ژمارەیەک جاش، لەوانە جاشێکی ناسراو بە ناوی ئەحلی حاجی

کەریم کوژرابوو کە خوی و باوکی و چەند برای هاوکاری رژیم بوون. هەروەها لەو شەڕە دا بە داخەوە پێشمەرگەیەکی بەنرخیش بە ناوی مەنسوور روانسەری شەهید ببوو. مەنسوور رۆڵەیەکی ئازا، فیداکار، خوێنشیرین و یەکجار کەم ئیدعا بوو.

دوای یەکگرتنەوە لەگەڵ ئەم هاوڕێیانە ژمارەی ئێمە نزیک بە ١٢٠ کەسێک ئەبووین کە بە مەودای نزیک بە دووسەد کیلوو مێتر لە نزیکترین هێزی حیزب، لە ناو دڵی دژمن و لە ئامێزی گەرمی خەڵکی خومان، بێ بچووکترین بایەخ بە توانا و دەسەڵاتی دەوڵەت خەریکی کار و چالاکی رۆژانەی خومان بووین. ئەم هێزەی ئێمە لە پەنای یەک، بەڵام لە دوو دەستەی جیاواز دا بە سەر ناوچە دا بڵاوەمان کرد و گوند دوای گوند تا نزیک شاری سونقوڕ چووینە پێش. ئاخرین گوندێک کە من لە بیرمە چووین، ئاواییەکانی ئاگا، زاخەی سەرین و خوارین بوون لە ٥ کیلوو مێری شاری سونقور و خەڵکەکەی هێندێکیان شێعە و هێندێکیش سونی بوون. جگە لەوان هێندێک ماڵەتورکیشی لێ بوون کە لەگەڵ کوردەکان دا بێ گرفت پێکەوە دەژیان. سەرەتا کاتێک ئێمە چووینە ناو ئاوایی خەڵکەکە زۆر لێمان ترسان و تەنانەت هێندێکیان خویان شاردەوە! دواتر کە ئارامبوونەوە و چووینە ناو ماڵەکانیان بە وردی قسەمان بۆ کردن و وتمان لای ئێمە شێعە و سونی و تەنانەت کورد و تورکیش هیچ گرنگ نیە، دڵنیا بوون و بێترس لێمان نزیک بوونەوە. بولڈۆزرێک و تانکرێکی نەوتی دەوڵەت لەم گوندە دا بوون کە هەردووکمان لەگەڵ خومان هێنان و دواتر لە گوندێکی دیکە دا بە پێش چاوی خەڵکەوە ئاگرمان تێبەردان کە خەڵک زۆریان پێ سەیر و ناخوش بوو!

ئەو ساڵە، واتا ساڵی ١٣٦١ ی هەتاوی هێشتا سەرکوتی بێ بەزەیانەی هێزەنەیارەکانی رێژیم کە لە مانگی "خوردادی" پارەوە دەستی پێکرد بوو بەردەوام بوو. حەفتانە کەس یان کەسانێک لە شارەکانی کرماشان، هەمەدان، سونقور و قوروەوە هەڵدەهاتن، خویان دەگەیاندە لای ئێمە و داوای هاوکارییان دەکرد. هەڵبەت ئێمەش بۆ گەیاندنیان بە ناوچە ئازادەکانی سەرەوەی کوردستان، بێ دریغ یارمەتیمان دەدان. رێژەی موجاهێدەکان لە ناو ئەم کەسانەدا لە هەموان زۆرتر بوو بەڵام چریک و توودەییشیان لە ناو دا هەبوون.

هەر جارە کەسێکی ئەم هێزانە دەهات ئێمە بنکەی دەفتەری سیاسی یان ناوەندی ئاژوانمان ئاگادار ئەکردن و نامەشمان پێ دەدان تا لە هەرجێگایەک تووشی هێزەکانی ئێمە بوون بە نیشاندانی ئەو نامەیە داوای هاوکارییان لێ بکەن. ئەم کارەی ئێمە هەم ئنسانی و هەم بۆ ئەو کەسانە چارەنووس ساز بوو بەڵام قەت و لە هیچ جێگایەک دا نە بیستوومە و نە بینویشمە کەسێکیان باسی ئەو چاکە و زەحمەتەی ئێمە و کورد بە گشتی بکات. پێچەوانەکەی گەلێک سپڵەیی و سفرە دڕیم لەو ئێرانیانە بینیوە کە ڕۆژگارێک لە سایەی چەکی پێشمەرگەی کورد دا، لە چنگی جینایەتکارانی تاران هەڵاتوون، لە مەرگی حەتمی نەجاتیان بووە بەڵام لە باسی گرفتی کورد دا عەینی هەڵویستی دژمنانەی دەوڵەت و ڕێژیمیان دژی ئێمە نیشان داوە.

لە درێژەی گەڕان لەم ئاواییانەدا لە ئاوایەکی سەرەوەی گڕ-گڕ، پێم وایە ناوی قەڵا بوو کەسێکمان دەستگیر کرد برای پێشمەرگەیەکی شەهیدی خومان بوو بە ناوی ساڵح روستەمی. ساڵح چەند مانگ پێشتر لە شەڕی دژمن لە ئاوایی "سۆی" چەمشار دا شەهید ببوو. چەند کەسێکی خەڵکی گوندەکە شکایەتیان لەم کابرایە کردبوو کە گوایە جاسووسی ریژیمە و ڕۆژانە بە موتۆڕێکەوە خەبەر بۆ هێزەکانی ڕێژیم دەبات. ئەم کەسانە تەنانەت ئەیانوت کاتێک پارەکە براکەی خوی، واتا ساڵح بۆ سەردان گەڕاوەتەوە ئەم گوندە، ئەم کابرایە خەبەری لێ داوە! ناوی ئەم کوڕەم لە بیر نەماوە بەڵام ئەزانم لە سەر ئەو حیسابە بە دستووری کاک شاپوور، چەند پێشمەرگەیەک بە پێشچاوی بنەماڵەکەیەوە بردیانە دەرەوەی ئاوایی و هەر لەوێ ئێعدامیان کرد. بە واتایەکی تر، لە ماوەی چەند مانگ دا ئەم بنەماڵە دوو کوڕی خویان لە دەست دان جا یەکێکیان وەک پێشمەرگە و ئەوی دیکە وەک جاسووس و خایەن. تۆ بڵێی دایک و باوکی ئەم کوڕانە، لە ناخەوە هیچ هەستێکیان بە جیاوازی لە نێوان ژان و ئازاری لە دەستچوونی ئەم دوو کوڕەیاندا کردبێ؟

دەستەیەکی پێشمەرگەمان بە سەرپەرەستی کاک عەلی ئەشرەف مەجیدیان هێشتا لە ژاوەرۆ و لە ئاوەییەکانی نیەر، تەگیسەر، سەرێز و گواز دا مابوونەوە. کاک حەمەکەریم و پەلەکەی ئێمەیان ناردەوە بۆ ئەو ناوە تا ئەو پێشمەرگانەش لەگەڵ خومان هەڵگرین و پێکەوە بگەڕینەوە بۆ لای هێزەکەی

دیکەمان. من باسی ئەو سەفەرەشم لە لەگەڵ سەرجەمی باسی ئاوایی نیەر تێکەڵ کردووە کە لە درێژەی ئەم داستانەدا دەیخوێننەوە. دوای گەڕانەوە لەو سەفەرە ماوەیەکیتر لە کولیایی دا گەڕاین و سەرەنجام بڕیار درا لکەکەی ئێمە و کاک شاپوور فیرووزی، بە نیازی رووی‌شتن بۆ ناوەندی ئاژوان و بنکەی سابتی کومیتەی شارەستانی کرماشان، کە تەنیا کاک رەحیم بەغدادی خۆی وەک بەرپرسی کومیتەکە لەوێ بوو، بەرەوە ناوچەی چەمشار، لەوێشەوە بۆ لای ناوچەی حوسەیناوا و گوندی باینچۆ بگەڕینەوە کە خوی رێگای چەند حەفتەیەک بوو.

# رۆیشتن بۆ باینچۆ

لە ئاوایی "قوولەدەرە" دا بووین ئاگادار کراین کە خومان بۆ رویشتن حازر کەین. لەگەڵ هاورییانمان کە لە ناوچە دەمانەوە دەستمان لە ملی یەک کرد و جارێکی دیکە لێک جیا بووینەوە. کاک شاپوور و کاک عەلی ئەشرەف و حەمەکەریم نەدیمی لەگەڵ ئێمەدا بوون و کاک سالاریش بە ژمارەیەکی ٥٠-٦٠ کەسی پێشمەرگەوە، لەو ناوچە لە گشت لاوە گەمارۆدراوە دا مانەوە تا دوای ئێمە زۆر شوێنی دیکە بچن و گەورەترین حەماسەی ئەو ساڵەش لە ئاوایی "کەشکەمیر" دا بخولقێنن. ئێمە بە پشت ئاوایی گەورەی خامسان دا کە نیمچە پادگانێک و چەند هێلیکۆپترێکی رێژیمیشی لێ بوون تێپەڕین. هێسترێک و ئەسپێک مان هەبوون کە یەکەمیان خرت و پرتی هێز و، دووهەمیان "دوکتۆر" ئەوڕەحمان سواری دەبوو. دوکتۆر ئەوڕەحمان، کە لە راستیدا تەنیا برینپێچێکی ساکار بوو و خەڵکی پێیان ئەوت دۆکتۆر، خەڵکی باشووری کوردستان و لە کۆنەپێشمەرگەکانی شۆڕشی ئەیلوول بوو. دڵخواز و دڵسۆزانە، سەرەڕای باری گرانی جەستەی، لەگەڵ ئێمە کەوتبوو و تەداوی پێشمەرگە بریندارەکانی ئەکردین. بەفرێکی زۆر لە زەویین و رێگارویشتن بۆمان، بەتایبەتی بۆ ئەم حەیوانە بێزوانانە زۆر سەخڵەت بوو. لای سەعات ١١ ی شەو گەییشتینە گوندی "کوچک چەرمگ" کە هێندێک دوور، بەڵام روو بە رووی گوند و پادگانەکەی خامسان بوو. شەو لەوێ خەوتین و کەمین و نیگابانمان دانا. سەعات سێ بۆ چواری بەیانی، ئەبوا من پێشمەرگەیەک بە ناوی فەرهەنگ مەنبەری هەڵسێنم تا بچێتە دەر بۆ نیگابانی. چووم هەڵم ساند و خوم چوومە دەر چاوەڕێ بووم بێتە دەر. بەڵام دوای دە دەقێقە دیتم فەرهەنگ هەر نەهات. گەڕامەوە بینیم چە خەوتووەتەوە، بانگم کرد و وتم فەرهەنگ بۆ هەڵناسی؟

وتی بڕۆ ئیستە دێم. دیسان دوای دە دەقێقە چوومەوە ناو دیتم خەریکی جگەرە کێشانە و هێشتا لە جێگای خوی نەجووڵاوە. لێ تووڕە بووم و وتم کاکە تۆ پێشمەرگەیت بۆ....

لە سەرەخۆ و زۆر ئارام پرسی سەعات چەندە؟

وتم سێ و نیوە. وتی باشە هەی لە ب.... ئەوەی مەرگ بە شای کرد. ئاخر

ئازار و ئەزموون

سەعاتی سێ و نیوی شەو، کاتی لە خەو هەستانە؟

دوای ئەم قسە خوشە هەستا، تفەنگەکەی کردەشان و رویشتە دەر. بەڵام من لە بەر پێکەنین و بیرکردنەوە لەم پرسیارە ئیتر نەخەوتمەوە، تا رۆژبوونەوە لەگەڵی دا مامەوە و بە دەم پێکەنینەوە وەختەکەمان بەسەر برد. دواتر زۆر جار ئەم قسەیەی فەرهەگنمان وەک شۆخی بەڵام وەک راستییەکی تاڵیش بۆ یەکتر ئەگێڕایەوە.

بەیانی لای سەعات یەکی پاش نیوەرۆ لە ئاوایی چوینە دەر و بە نیازی درێژەی رێگا کەوتینە رێ. هەورازێکی سەخت و پڕ لە بەفرمان لە بەر بوو و دوایەش دەبوا هێندەی ئەو هەورازە سەرەو خوار بینەوە و لە جادەی ئیسفاڵتی نێوان ئەم دوو ناوچەیە، کە دەبووە جادەی سنە – هەمەدانیش، لە لای گوندەکانی قورخ و پەنێران دا بپەڕینەوە بۆ چەمشار. دوای چوونەدەرمان لە ئاوایی کوچکچەرمگ، هێزەکانی رێژیم لە شارەدێ خامسانەوە پێمانیانزانی. وێڕای تۆپبارانکردنی شوێنەکەمان هێلیکۆپترێکیش گەییشتە سەرمان و شێتانە ئەو ناوەی دایە بەر تەقە. هێستر و ئەسپەکەمان ناچار بوون لە رێگایەکی دیکەوە بڕۆن و ئێمەش بێ ئەوە بڵاوەی لێ بکەین بێ گوێدانە تەقە و تۆپی دژمن درێژەمان دا بە رێگای خومان. دوای سەعاتێک گەییشتینە سەر شاخ و شوێنی مەبەست. ئەم تەقوتۆقە هیچ زیانێکی بە ئێمە نەگەیاند و لای سەعات هەشتی ئێوارە تێکڕا بە سڵامەتی گەییشتینە ناو ئاواییەکانی قۆرخ و پەنێران و دوای چەند مانگ بۆ جاری دووهەم بە سەر ماڵەکانی ئەم گوندانەدا دابەش بووینەوە.

دوای نانخواردن دابەزینە سەر جادە و لەوێشەوە بۆ ئاوایی کانیسواران و هواڵە کەوتینە رێگا. نیوەشەو گەییشتینە ئەو دوو گوندە و رۆژی دواتر بۆ گوندەکانی تر درێژەمان بە مەسیرەکەمان دا. لە ئاوایی نەڕان دیسان تووشی ژمارەیەک لە هاوڕێیانی سنە بووینەوە و پێکەوە پلانی عەمەلیاتێکی هاوبەش، لە دژی هێزەکانی رێژیم لە لایەن بەرپرسانەوە داڕێژرا. بەیانییەکی زوو لە سێ دەستەی جیاواز و لە نزیک ئاواییەکانی کێلگ و چنۆ دا چووینە سەر جادەی ئەسڵی سنە- کامیاران و چاوەڕوانی هاتنی هێزی دژمن ماینەوە. ئەم شوێنە نزیک بە ١٥ کم لە فڕۆکەخانەی سنەوە دوور بوو.

سەرەتا ژمارەیەک ماشینی شەخسی هاتن و لە دۆڵێکی نزیک شوێنی کەمینەکە دا گلمان دانەوە. کاک شاپوور دەستی بە قسەکرد بۆ خەڵکەکە. تۆزێک دواتر دەرەجەدارێک و سەربازێک بە تویوتایەکەوە هاتن، بێ تەقە بە دیل گیران و ماشینەکەش گوێزرایەوە بۆ دۆڵەکەی سەرەوە. دواتر ماشینێکی پڕ لە پاسدار هاتن و کەوتنە ناو کەمینەکەمانەوە. پێشمەرگە لێ یاندان و تەنیا یەک دانەیان توانی بە برینداری هەڵێ و خوی لە ناو شەخەڵ و دارەستانەکان دا بشارێتەوە. جەنازەکان ژمێردران، چەکەکان کۆکرانەوە، ماشینەکەی سەر جادە سووتێندرا و پێشمەرگەش بە سلامەت گەڕانەوە شوێنی دیاریکراو. لە ناو ماشینە شەخسییەکان و بە تایبەتی لە ناو مینیبووسێک دا ژمارەیەک سەرباز، پاسدارێک و چاشێکی خەڵکی نۆدشەی هەورامان بە ناوی زۆراو بە دیل گیران. لە سەر داوای خەڵکەکە سەربازەکان هەر لەوێ ئازاد کران. بەڵام ئەفسەرەکە، لە سەرقاڵی ئێمە بە وەزعەکەوە، فرسەتی هێنا و نیازی راکردنی هەبوو، بۆیە لە جەرەیانی هەڵاتن دا کوژرا و دوو کەسەکەیتر، واتا پاسدارەکە و کابرای جاشمان لەگەڵ خومان هێنان و بە ماشینی دەرەجەدارەکەوە گەڕاینەوە بۆ لای گوندەکانی سمان و قەسریان.

دوای ئەم رووداوە چەند رۆژی دیکە لەم گوندانە دا سووڕاینەوە، چەند پێشمەرگەیەک بەو ماشینەوە کە وەک دەستکەوت گرتبوومان، چوون بۆ لای گوندی شێنە. لەو نزیکانەدا کەوتنە داوی ژمارەیەک لە هێزەکانی ریژیم، بە هەزار زەحمەت توانییان خویان دەرباز کەن و ماشینەکەشیان بۆ رێژیم بە جێ هێشت! دواتر چووینەوە ناو گوندەکانی تەجەرە، میراوا و لەوێشەوە بۆ لای ئاواییەکانی خیارە و هانیس. لە بەرزاییەکانی لای کانی بووچکەڵە دا تووشی شەڕێکی نەخوازراو بووین کە تەنیا دوورە تەقە بوو دوایەش شۆڕ بووینەوە بۆ ناو ئاوایی هانیس.

لە هانیسەوە چوین بۆ دیوی بانلەیلاخ و یەکەم ئاوایی چووینە ناوی پێ یان ئەوت "گەرگاوا ". ناوێکی سەیر و هێندێکیش جێگای پێکەنین. بەڵام بە پێچەوانەی ناوەکەی گوندێکی خوش و ئاوەدان بوو. رێگا سەخت و بەفرێکی زۆریش باری بوو. هێسترەکەمان و ئەسپەکەی دوکتۆر ئەورەحمان بە هەزار زەحمەت رێگایان ئەبڕی و لە راستی دا تەنیا هاوڕێ ئەوڕەحمان بزوەشی خوی

ئەکردە خاوەن بار و هێسرەکە. من هەر لە ئێوارەوە ئەوەم ئەزانی و چەند جارێکیشم بە سەرپەلەکانم وتبوو بەڵکوو کەسێک یارمەتی ئەورەحمان بدات، بەڵام بێ کەڵک بوو. گەییشتینە لالێژییەکی تووش. هێسترەکە تا بن هەنگڵی لە بەفر چەقی بوو و نەیئەتوانی بجووڵێ. لە پڕ ئەورەحمان چوو لە لای سەرەوە پاڵێکی بە هێسترەکەوە ناو تلی کردەوە بۆ ناو دۆڵ. وتمان ئەوە چیە بۆ وا ئەکەیت؟ بە تووڕەیی و دەنگی بەرز وتی:

ئەم خەڵکە گشتی خەباتە، هەر ئەورەحمان دیموکراتە. واتە ئێوە گشتتان جۆرێک ئەجووڵێنەوە وەک ئەوە پێشمەرگەی سازمانی خەبات بن و هەر من دیموکرات و بەرپرسی دەربازکردنی ئەم هێسرە بم. ئەمە تەنیا یەکێک لە سەدان داستانی خۆش و شیرینی ئەورەحمانە کە لەو رۆژە دژوار، بەڵام پڕبارانەدا ئەبوونە هۆی شادی و پێکەنینمان و بە مانگ و ساڵی دواتر ئەمانگێڕانەوە. بە هەزار دەردیسەر هێسترەمان لە ناو بەفردا دەرهێنا و درێژەمان بە رێگا دا.

کەرگاوا تەنیا چەند کم لە جادەی سنە - دێگولانەوە دوور بوو. پیاو ئەیتوانی لە سەربانەکانەوە جادە و ماشینەکان ببینێ کە لە هات و چوودا بوون. بەڵام لە بەر بەفر و دەشتیی شوێنەکە، ترسی هاتنی هێزی دژمنمان نەبوو. شەو لەو ئاوابیە دا ماینەوە و رۆژی دوایی لە نێوان ئەم گوندە و گوندی "کانی عەینالی" دا پەڕینەوە بۆ ئەو دەستی جادە و دوای چەند سەعات چووینە ئاوایی "باخچە مریەم". ئەم ناوچەش وەک چەمشار و کولیایی پایگای داییمی ریژیمی لێ نەبوو و لە راستی دا ئەو سەردەمە ریژیم تەنیا توانا کۆنترۆڵکردنی جادە ئەسڵییەکانی هەبوو و باقی شوێنەکان هەردەم و ساتێک پێشمەرگە بیویستبا دەچووە ناویان. لە باخچە مریەمەوە بۆ ئاوایی "ئاڵیپینەک" کەوتینە رێ و لای عەسەر گەییشتنە جێ. ئاڵیپینەک گوندێکی خۆش و ئاوەدان بوو. هەرچواردەوری دەشت و تا چاو بڕکا بەرد و بەرزاییەک بەرچاو نەدەکەوت. خەڵکی ئەیان گێڕایەوە کە، ساڵی رابوردوو لەم گوندەدا شەڕێکی قورس لە نێوان کۆمەڵە و دەوڵەت دا رووی داوە و نزیک بە سی کەس لە هێزەکانی ریژیم کوژراون. خەڵکی ئەیانوت دوای ئەو رووداوە تەنیا دوو جاری دیکە پاسداریان بینیوە بێنە دێ و هێشتا سامی ئەو زەربەیەی کۆمەڵەیان لێ نەشکاوە! دیارە

ئەودەم هێشتا نێوانی کۆمەڵە و دیموکرات بە تەواوی تێکنەچووبوو و ئەگەر لە شوێنکیش تووشی یەکتر باین، بە پێ توانا و پیویست هاوکاری یەکترمان ئەکرد کە گرنگی و بایەخی خوی هەبوو.

لەم گوندەش دا بە سەر ماڵی خەڵک دا دابەش بووین و بۆ خەوتن و حەسانەوە هاتینەوە مزگەوت. لە نزیک گەردەنەی سەڵواتاوای روو بە رووی شاری سنە، شەڕێکی سەخت لە نێوان ژمارەیەک لە هاوڕێیانی هێزی شەریفزادە و هێزەکانی ڕێژیم دا لە ئارا دا بوو. ئێمە هەم لە ڕێگای بیسیمەوە ئاگاداری ئەم شەڕە بووین و هەمیش گرمە و دەنگی تۆپبارانمان دەبیست. کاک ئێقباڵی کەریم نژاد وەک فەرمادەری هێز خوی لەگەڵ ئەم هێزە بوو کە دەرگیری شەڕ بوون و کاک تاهێری عەلیار وەک بەرپرسی کومیتەی شارەستان و کاک ڕۆسەم قەوامیش وەک سەر لک، لەگەڵ بەشێک لە هاوڕێیانی سنە لەگەڵ ئێمەدا بوون. لە مزگەوتی ئاڵیپینەکدا دانشتبووین و هەر چەند کەسێکمان لە گۆشەیەکەوە خەریکی قسە و باسی خومان بووین. ئەو کابرا نۆدشەیە و پاسدارەکەی لە سەر جادە ی سنە کرماشان بە دیلمان گرتبوون، هێشتا لەگەڵمان بوون و کابرای پاسدار لەم ماوەیە دا زۆر گۆڕا بوو. جلی کوردیمان پێدا بوو و بە قسەی خوی گەرەکی بوو ببێتە پێشمەرگە و حازر نەبوو بگەڕێتەوە لای ڕیژیم. هەردووک ئەم کەسانەش لە مزگەوت و لە گۆشەیەکەوە خەریکی کاری خویان بوون و پێشمەرگە چاوەدێری دەکردن.

لە پڕ دیتمان رەگبارێک کرا، چرای مزگەوت، کە چرا تۆڕییەک بوو کوژایەوە و دنیا بوو بە تەپ و تۆز. کەس نەیدەزانی چە خەبەرە بەڵام لە لای دەرگاکەوە دەنگە دەنگێک دەهات و دوایە دەرکەوت کە پێشمەرگەیەکی سنە، دوای بیستنی هەواڵی شەهیدبوونی هەڤاڵیکی لەو شەڕەیدا کە لە لای سەڵواتاوا بەردەوام بوو، دێت و بێ پرس و ترسی کەس، ئەو کابرا پاسدارە هەژارە ئەداتە بەر رەگبار و ئەم جینایەتە ئەخولقێنێ.

چراکەیان هەڵکردەوە، مزگەوت رووناک بوویەوە و دیتمان کابرای پاسدار لەو ناوە دا خەڵتانی خوێن بووە و مردووە. ئەو کات کەسمان بیری بۆ لای کابرای جاشی نۆدشەیی نەچوو بەڵام دوای ئارامبوونەوەی وەزعەکە، دەرکەوت کە ئەویش دیار نیە. کاک رەشاد حوسەینی کە ئەوکات ئەندامی کومیتەی کرماشان

بــوو و وەک کەســێکی بە هەڵویســت و بەپرەنســیپ، بەم جــوورە کــردەوانە زۆر حەساس و تووڕە بوو. بێ راوەستان بەرۆکی بەرپرسانی کومیتەی سنەی گرت و داوای کرد کە ئەو کوڕە چەک بکرێ. سەرەتا بەرپرسانی سنەش وەک ئێمە لەو وەزعە ناڕەحەت بوون بەڵام کە دیتیان ئێمە نایبڕینەوە کاک رۆسەم قەوامی یەکێک لە فەرماندەکانیان تووڕە بوو و وتی ئیدی بەسە، کابرایەکی پاسداری جەنایەتکار کوژراوە، خۆ شوکرووڵای پاک نژاد نیە و.......خەریک بوو تووشی کێشەیەکی گەورە بین، لە بەرئەوە مزگەوت پڕ ببوو لە خەڵکی ئاوایی، ئێمە بە ناچار بڕیمانەوە و بێدەنگ بووین. بەیانی کابرای نۆدشەییمان لە ناو توالتەکانی حەوزی ئاوایی دا بینییەوە لە ترسان خوێ لەو شوێنە پیسەدا حەشار دابوو تا لە مەرگ رزگاری بێت. دەرمان هێنا، جلەکانیمان گۆڕی و دوای چەند رۆژ ئازادمان کرد گەڕایەوە ناو ماڵ و منداڵی. جەنازەی کابرای پاسداریشمان دا بە خەڵکی ئاڵیپینەک تا لە گۆڕستانی ئاوایی دا بینێژن.

رۆژی دوایی لە ئاڵیپینەکەوە بۆ ماچکە - ماچکە ،لەوێشەوە بۆ گوندی "دۆڵوەنی" ، سەر جادەی سنە دیواندەرە و پەڕینەوە بۆ بەری باینچۆ کەوتنەڕێ. بێ دەردیسەرییەکی وا لە جادە پەڕینەوە، چووینە دوو ئاوایی کە پێم وایە ناویان گەزان و بازیڕەوا بوو و دوای ئەم گوندانەش چووینە ئاوایی گەورە و زۆر خوشی باینچۆ کە لە باکووری شاری سنە و لە بناری کێوی سەخناخەوە هەڵ کەوتووە.

# دووهەم بنکەی ناوەندی ئاژوان

بـــاینچۆ گونـــدێکی گەورە و ئـــاوەدان، نزیـــک بـە ٣٠ کـــم لـە جـــادەی ســـنە-دیوانـدەرەوە دوور بـوو و مـەودا هـەوایـەکەشـی لـەگـەڵ شـاری سـنە و بـە تـایبـەتـی پادگـانـی سـەربـازی ئـەو شـارە هـەر هێندەی سـەر جـادەکە بـوو. بنکـەکـانـی حیـزب، واتـا نـاوەنـدی ئـاژوان و کـومیتـەکـانـی سـنـە و کرمـاشـان لـە بـەر ئـەم هـۆیـە لـەم گونـدە دا نـەبـوون، بـەڵکـوو لـە گونـدێکی سـەروەتر بـە نـاوی قـەڵـوەزە دامـەزرابـوون و خـەریکی کـاری خـویـان بـوون. کـاتێک کـە ئێمـە گـەییشتینـە بـاینچۆ، ئـاخـر مـانگـی زسـتـان بـوو بـەڵام هێشـتـا کوێسـتـانـەکـان بـەفـرین و بـە تـایبـەتـی شـاخـی سـەخـنـاخ خـــاڵـی رەشـــی بـە دەرەوە نـەبـــوو. مـەرقـەدی شـەخـســێک بـە نـــاوی "بـــاوا شـــێخ ئـەحـمـەد" لـەم گونـدەیـە کـە جگـە لـە خـەڵکـی دێ بـاینچۆ خـۆی، خـەڵکـی نـاوچـە و تـەنـانـەت نـاو شـاریش بـە رێـزەوە نـاوی دەبـەن. ئـەم شـێعرە فـۆلکلـۆریـەش لـەوێـوە سـەرچـاوە دەگرێ کـە دەڵـێ:

باوە شێ ئەحمەو خەڵیفەکەی غەوس  تکایەکم بۆ بکەی لە لای کراس سەوز.

زۆربـەی خـەڵکـی بـاینچۆ خـویـان بـە سـەید و وەچـەی ئـەم شـەخـسـە دەزانـن. ئـەو دەم کـە ئـێمـە لـەوێ بـووین خـەڵـکـەکـەی نزیـک بـە پـەنـجـا چـەکیـان هـەبـوو کـە گـوایـا ژمـارەکـانیـان دابـووە حیـزبـی دیموکرات. بـەڵام تـەنیـا بـۆ "فیز" و هـەوا بـە کـاریـان دێنـــان و لـە شـــەڕی نێـــوان دەوڵـەت و شـــۆڕش دا بـەشــداریـیـان نـەدەکــرد. یـەکـەم هـەواڵـــی نـائـاسـایـی کـە ئـێمـە لـەم گونـدە دا بیسـتـمـان ئـەوە بـوو کـە گـوایـا چـەنـد مـانـگ پێشـتـر، پێشـمـەرگـەیـەکـی حیـزب بـە نـــاوی "جـەبــار هـەمرۆڵـەیـــی"، کـاتێـک پـەیـوەنـدی لـەگـەڵ ژنێکــی ئـەم گونــدە دا ئـاشـکـرا دەبێــت، لـە لایـەن بـەرپرسـانـی ئـەودەمـــی حیـــزبـەوە ئـەگیـــرێ و هـەر لـەوێـــش "موحــاکێمـە"  و ئێعــدام ئـەکــرێ! دەسـتـەکـەی ئێمـە لـەم گونـدە، بـە هـاوکـاری یـەکیـەتـی لاوانـی سـنـە، کـە ژمـارەیـەک کـوڕ و کچـی خـوێنگـەرم و بـروا پـۆڵایـنـی وەک: سـۆران، شـۆڕش، ژیـان، سـاکـار... بـوون، بنکـەیـەکمـان دانـا و تـا کـاتـی گـەڕانـەوەمـان بـۆ نـاوچـەی کـامیـاران بـە زۆری لـەوێ مـایـنـەوە.

وەک وتـرا نـاوەنـدی ئـاژوان لـە قـەڵـوەزە، رێگـای سـەعـاتێکی پیـادە لـە بـاینـچۆ دوور بـوو. کـاک تـاهێری عـەلیـار، کـاک بـابـا عـەلـی مێهـرپـەروەر و کـاک رەحـیم بـەغـدادی

لەوێ بوون. دوای گەیشتنی ئێمە کاک شاپووریش گەیشتە ئەوێ و تێکڕا ئەندامانی ئاژوان کە ئەندامی کومیتەی ناوەندیش بوون، بە مەبەستی بەشداریی لە پلۆنۆمی کومیتەی ناوەندی چوون بۆ بنکەی دەفتەری سیاسی و تا گەڕانەوە نزیک مانگێکیان پێ چوو.

لکەکەی ئێمە تێکڕا نزیک بە ٦٠ کەسێک ئەبووین و جگە لە باینچۆ، لە گوندی خاکڕۆزیش دا دامەزرابووین. رۆژێک بەشێک لەم هێزەی ئێمە و پەلێکی هێزی شەریفزادەی سنە، بە سەرپەرەستی کاوس نیازمەند چوونە سەر جادەی سنە- مەریوان وکەمینێکیان بۆ هێزەکانی دژمن دانایەوە. لە ئاکامی کەمینە کە دا ماشێنێکی رێژیم بە دە پاسدارەوە کەوتە داو و هەموویان کوژران. کالیبێر ٥٠ یەک و ١٠ تفەنگ بە دەستکەوت گیران و ماشینەکەش سووتێندرا. لەم شەڕە دا پێشمەرگەیەکی ئێمە بە ناوی عارف گومەتەیی بە سەختی بریندار بوو. ئەم شەڕەی ئێمە، هاوکات بوو لەگەڵ گەییشتنی هەواڵی شەڕێکی گەورە کە لکەکەی دیکەمان بە سەرپەرەستی کاک سالار لە سوور- سووری نزیک شاری کامیاران، لە گوندی "کەشکەمیر" کردبوویان و تێدا گرووهی زەربەتێکی هاری رێژیم بە تەواوی تەفر و توونا بوو. کاتێک رادیوی حیزب هەواڵی ئەم دوو شەڕەی خوێندەوە، باسی ئەوەشی کرد کە هێزی بێستوون لە عەینی رۆژ دا، لە رۆژهەڵاتی کامیاران و لە باکووری شاری سنە زەبر لە دژمن دەوەشێنن و دژمنیش داماو و بێ دەسەڵات.......

شەڕی کەشکەمیر داستانێکی گەورە و رووداوێکی چارەنووسساز بوو بۆ ئێمە و بۆ رێژیمیش. رێژیم ناوەندێکی تایبەتی دامەرزراندبوو بە ناوی "قەرارگای بەدر" کە ئەم گرووهە زەربەتە بەشێکی هەڵبژاردەی بوو. نیازی رێژیم ئەوە بوو بەم گرووهە گەڕۆکانە دوای ئێمە کەوێت، دەرگیرمان کات و دواتر هێزێکی زۆر بێنێتە سەرمان تا بە تەواوی لە بەینمان بەرێ. لە بەینچوونی ئەم گرووهە و بە جێمانی جەنازەی دەیان کەسیان لە دەست پێشمەرگەدا، ورەی هێزەکانی رێژیمی تێکشکاند، هیواکانی کردە بڵقی سەرئاو و ورە و ئیرادەی ئێمەشی گەیاندە ئەو لووتکەیە کە دژمن تەنیا ئەیتوانی لە دوورەوە سەیری هەیبەتی بکات و نەوێرێ لێ نزیک بێتەوە. دوای شەڕی کەشکەمیر کە بە رێنوێنی و فەرماندەری سالاری ئیبراهیمی بە رێوەچوو، ئیبتێکاری شەڕ و

بڕیاردانی ڕووداوەکانی ئەو ساڵە کەوتە دەستی ئێمە و دژمن تەنیا ئەیتوانی هێرش بکات ئیدی چارەنووسی شەڕ و هێرشەکە پێشمەرگە دیاری ئەکرد. لە دەیان عەمەلیاتی دوای ئەم شەڕەدا کە دژی ڕێژیم و هێزەکانی ئەنجام دران، ئێمە کەمتر لە ١٠ پێشمەرگەمان لە دەستدان، کەچی زیانی دژمن لە هەر شەڕێکدا زیاتر لەو ژمارەیە بوو. بێ گەورەکردنەوە و پێدا هەڵگوتن ئەبێت شەڕی کەشکەمیر وەک خاڵی وەرچەرخان و سالاری ئیبراهیمی وەک مێعماری ئەو وەرچەرخانەی ساڵەکانی ١٣٦٢-٦٣ ی شەڕی هێزی بێستوون و سپای دژمن لە دوورترین ناوچەی ژێر دەسەڵاتی ڕێژیمی ئێراندا پێناسە بکەین.

مانگێک لە باهاری ساڵی ٦٢ ی هەتاوای تێپەڕیبوو، ئێمە دەبوا بگەڕینەوە بۆ لای هەڤاڵانمان لە ناوچەی خومان و لە کانگەی دڵەوە ڕۆژژمێریمان بۆ ئەم کارە ئەکرد. ڕۆژێکیان ئاگاداریان کردین کە دەبێت خومان ئامادەی گەڕانەوە بکەین و تێکڕا لەگەڵ بەشێکی زۆری هێزی شەریفزادە بەرەوە ناوچە و ناو دڵی دژمن و باوەشی خەڵک کەوتینە ڕێ. هەر بە مەسیرەکەی جاری پیشوومان‌دا لە جادەی سنە- دیواندەرە پەڕینەوە و هاتینەوە گوندی دۆڵوەنی. بەیانی ئاگادار کراین کە تیمێکی پێشمەرگەی لکی شەهید حەمەشەریف( ئەو پێشمەرگانەی لەگەڵ کاک سالار بوون) بە سەرپەرەستی ئەحلە مسری، لە گوندی ماچکەن و برینداریێکیشیان پێیە. بە پەلە چووین بۆ ئەم ئاواییە. هاوڕێیانمان بینین و دیتمان ئەو پێشمەرگە بریندارە هاوڕێ دەورانی منداڵی من، ڕەحیم مەنبەری (ڕەحیم هەژارە). ڕەحیم ١٠- ١٥ ڕۆژ پێشتر، لە دوورەتەقەیەکی پایەگایەکی ریژیم لە ناوچەی مەرزەبانی و لە بناری شاخی ئازوان، لە نزیک کارماشآندا، بەر گولەیەکی وێڵ کەوتبوو و ڕانی شکابوو. هاوڕێیانیش ناچار ئەم ڕێگا درێژەیان گرتبووە پێش و هێنابوویان بۆ "سەرەوە". سەرەوە ئەودەم مانای بنکەی سابت، شوێنی حەسانەوە و نزیکی دوکتۆر و دەرمانی ئەدا بۆ ئێمەی بێ بنکە و شوێنی حەسانەوە.

پەڕینەوەی ئێمە لە جادەی سنە –دیواندەرە هاوکات بوو لەگەڵ، دەنگۆی هێرشی بەرینی ریژیم بۆ سەر ناوچەی باینچۆ و، جادەکە و دەور و بەری بە تەواوی نائەمن بوون. ناچار دوای ماوەیەک بیرکردنەوە، هەوڵدان و ڕێگا دیتنەوە، کاک ئەولەسەن و کاک نەجمەدین مەنبەری دڵخواز ئامادەبوون ئەو

مەترسییە قبووڵبکەن و لەگەڵ رەحیم، کە سواری تەراکتۆری کابرایەکی ئەو گوندەمان کرد، بە جادەیەکی لاوەکی دا رێگای ئەو بەری جادە بگرنەبەر. دواتر کە گەڕانەوە لامان، بۆیان گێڕاینەوە پاش بڕینی هەزار زەحمەت و مەترسی گەیاندبوویانە گوندی حاجی ئەولی ناوچەی سەقز کە لانی کەم تا شوێنی برینداربوونەکەی رەحیم ٢٠٠ کم رێگایە و ئەوێش نزیکترین نەخوشخانە و دوکتۆر بوو لە ئێمەوە!

دوای بەرێکردنی رەحیم درێژەمان بە رێگای خومان دا، بە ناو ئاواییەکانی ئەو ناوە دا تێپەڕین و سەرەنجام گەییشتینە ئاوایی خوش و رازاوەی کۆر- کۆرەی نزیک شاری سنە. گوندێکی گەورە و خوش و خاوێن. خەڵکەکەی بە پێشوازمانەوە هاتن و بە گەرمی لە ئامێزیان گرتین. کۆر –کۆرەی ئەو رۆژانە، خاوەن خەڵکێکی وریا، شۆڕشگێر و ژمارەیەک پێشمەرگەی ناوداریش بوو کە شەهیدانی قارەمان، شووکرەڵا و حەبیبەڵا ئەڵاوەیسی تەنیا دوو کەسی دیاریان بوون. دوای حەسانەوە و نان خواردن، جارێکی دیکە و ئەم جار هێندە نزیک لە سنە کە زۆربەی چراکانیمان لێ دیار بوو، لە جادەی سنە- دێگولان پەڕینەوە و چووینە ناو ئاوایی خیارە کە تەنیا ١٠ کم لە شاری سنەوە دوورە. چەند رۆژ لەم گوندە دا ماینەوە، ئیسراحەتمان کرد و تەنانەت ژمارەیەک لە پێشمەرگەکان ناردیان ئازیز و نزیکانیان هاتن بۆ سەردانیان. بوونی سەروان ئێقباڵی کەریم نژاد و کاک تاهێر عەلیار وەک بەرپرسانی دەرەجەیەکی سنە، لەم کاروانەدا و بوونی کاک شاپووریش لەگەڵ ئێمە، منی دڵنیا کردبوو کە درەنگ یان زوو، رێژیم هێرشێکی گەورەمان ئەکاتە سەر و من خوم چەند جاریکیش ئەمەم بۆ بەرپرسان بە تایبەتی کاک شاپوور باس کردبوو کە زیاتر هۆشیار بین باشترە. ئەترسام عەینی پاییزی رابوردوو غافڵگیرمان کەنەوە و تووشی زیان بین.

لەم ماوەیە دا بەرپرسان پلانی عەمەلیاتێکیان لە ناو شاری سنە دا داڕشتبوو و بۆ ئەو مەبەستە ئێوارەیەک نزیک بە ٨٠ پێشمەرگەی هەردووک هێزەکە، بە نیازی گرتنی پادگانێکی "ئامووزشی" ریژیم چووین بەرەوە شار. لە رێگای کێوەکانی رووبەڕوی شارەوە چووینە ناو ئاوایی ئاساوڵە کە روو بە رووی سیلوی شارە. لەوێوە چووینە سەر چەمەکە و بڕیار بوو بپەڕینەوە ئەوبەر تا

بتوانین لە پادگانەکە نزیک بینەوە. چەند کەسێکی سەربە رێژیم ئاگاداری ئەم شوێنەیان دابوو بە کاک ئێقبالْ کەریم نژاد و بۆ خوشیان کەسیان ناردبووە ئاساوڵە بۆ رێنوێنیمان. کاتێک چووینە سەر چۆمەکە، دیتمان سەدەکەیان بەرداوەتەوە و بە هاسانی ئیمکانی پەڕینەوە نیە. چەند کەسێک کە مەلەیان ئەزانی چەند مێترێک چوونە ناو ئاوەکە، بەڵام بێ فایدە بوو و ناچار گەڕاینەوە ناو ئاوایی ئاساوڵە.

مەترسی ئاشکرابوونمان زۆر بوو، چەند ماشینێک لەو گوندەبوون بە تراکتۆر، کامیۆن و سوارییەوە کۆمان کردنەوە. لە رێگایەکی روو بەڕووی سیلوو، کە نزیک پایەگایەکی گەورەی ریژیمیش بوو، بە چرا خامۆش تێ پەڕین. گەییشتینە سەر جادەی ئیسفالْت و تەختەگاز تا بەراوی ئاوایی خیارە بەم ماشینانەوە بە جادە دا درێژەمان بە رێگا دا. پێش ئەوە بگەیینە سەر جادەی ئیسفالْت، یەکێک لە کامیۆنەکان کە پڕ لە پێشمەرگە بوو لار بوویەوە و نشتە سەر کۆگایەک لم. بەڵام شانسمان بوو بە تەواوی وەرنەگەڕا دەنا زیانێکی گەورەمان بەر ئەکەوت و عەمەلیاتە نەکراوەکەمان ئەبووە کارەسات. بەم شێوەیە کە گێڕامەوە، سەفەرێکی سەیری پڕ مەترسی بەڵام بێ دەستکەوتمان کرد و گەڕاینەوە ئاوایی خیارە.

رۆژی دوایی دیسان روو لە گوندەکانی چەمشار وەک: میراوا، تەجەرە،چناران، نەڕان، قەسریان و هوالە کەوتینە رێ و دوای جەولەیەکی خوش و پڕ لە سەفا، لە کاک ئێقبالْ و ئەوان مالاْواییمان کرد و لەکەکەی هێزی بێستوون، گەییشتینەوە ناوچەی کولییایی و لە ئاوایی گڕ-گڕی سەروو بە دیداری هاوڕێیانمان شاد بووینەوە. هەڵبەت هێشتا ئێمە لە گوندەکانی چەمشار دا بووین، هەوالْ هات کە لە رووداوێکی ناخوشدا سێ هاوڕێمان بە دەستی پێشمەرگەیەکی خومان شەهید بوون و پێشمەرگەکەش کە ناوی عەبە زیویەیی بوو هەڵاتووە و چووەتەوە لای رێژیم. بۆیە کاتێک گەییشتینەوە لای کاک سالار و ئەوان، گەورە و بچووکمان لە کاتێکدا یەکترمان لە باوەش کردبوو زیاتر لە نیو سەعات، لە ناخی دڵەوە دەگریاین. ئازایەتی و عاتفەی هاوڕێیانە دوو تایبەتمەندیی گەورەی پێشمەرگەی ئەو قۆناخە بوون کە لە سەرکەوتنەکاندا شاد و لە زیانەکاندا لە قووڵایی دەروونەوە دانەدانەمانی دەگریاند. ئەم سێ

هاوڕێیەمان سدێق رەحمانی، کەریم موحەمەدی و ئولکەریم روانسەری بە نیازی بینینی دایکی کەریم دەچن بۆ گوندی ساڵحاوا و عەبەش کە پێشتر جارێک خوی تەحویلی ریژیم دابوەوە و دیسان گەڕابووەوە لامان، بۆ ئەم سەفەرە لەگەڵ خویان دەبەن. پێشتر هێندێک شۆخی خراپ لە ناو هاوڕێیان دا دەبێتە عادەت وەک ئەوە، کاتێک کەسێک ئەبەن بیکوژن (زۆر دەگمەن کەسی سەر بە دەوڵەتمان ئێعدام ئەکرد) ئەیانوت ئەیبەن بۆ نەفت.

یان ئەیبەن سەری ئەشکێنن. لەم سەفەرەشدا ئەم شۆخییە چەند جار دووپات ئەکەنەوە و ئەڵێن عەبە دەبەین بۆ نەفت. عەبەش کە جارێک خوی تەحویلی دژمن دابوویەوە لە خوی دووگمان ئەبێت کە نەوەک راست بکەن. بەڵام هاوڕێیان بەم حاڵە دەروونیەی عەبە نازانن. دوای گەییشتنە ساڵحاوا هەر چواریان دەچنە ماڵێک و خەریکی نانخواردن دەبن. لە پڕ عەبە بە بیانووی چوونە سەر ئاو، هەڵئەستێتە سەر پێ، هەرسێکیان دەداتە بەر رەگبار،دەیانکوژێ و پاشان بە تەنیا تفەنگێکەوە هەڵدێ و ئەڕواتەوە لای رێژیم. خەڵکی ساڵحاوا بە پەلە هەواڵی رووداوەکە دەگەییننە لای کاک سالار و پێشمەرگە دەڕۆن دەبینن چە کارەساتێک رووی داوە. بێ گومان عەبە بەم کردەوەیەی تاوانێکی گەورە و ترسناکی ئەنجام دا و دوای ئەم تاوانەشی زیاتر لە چەند مانگ نەمانهێشت بژی و کوشتمان. بەڵام من ئەوکات و ئیستاش دڵنیام کە نەزانکاریی و بەتایبەتی ئەو شۆخییە زیانبارە بوونە هوی ئەوە کە، عەبە ئەو تاوانە ئەنجام بدات و پێش ئەو رۆژە، قەت شتی لەو چەشنە لە مێشکی دا نەبوو. هەرچۆنێک بێت تاوانەکە رووی دا و بە لە دەستچوونی ئەم هەڤاڵانە ئێمە لەتمەیەکی گەورەمان بەرکەوت و عەبەش بە گیان و ژیانی خوی سزاکەی وەرگرتەوە.

کەریم دووهەمین کۆڕی مام نەبی بوو کە لە رێزی پێشمەرگایەتیدا شەهید دەبوو. مامۆ نەبی بۆ خوشی، سەرەڕای تەمەنێکی زۆر، لەگەڵ رەمەزانی کوڕیدا لە ریزی ئێمەدا خزمەتیان ئەکرد. دواتر کاتێک من کتێبی ئەسکەندەری مەقدوونیم خوێندەوە و ژنراڵی پیر، بەڵام بەزموون و تەتبیر "پەرمەنیۆنم" وەک کۆڵەکەی سپاکەی ئەسکەندەر ناسی، بە تایبەتی لەو شوێنەدا کە کوڕەکەی لە رووباری نیل دا ون دەبێ و دەبێتە خوراکی تیمساحەکان، کەوتبوومە بیری مام

نەبی و بەراوەردی ئەو دوو پیرە داخدیتووە جەرگسووتاوەم پێکەوە دەکرد و لە بەر خــومەوە ئەمــوت بەڕاســتی چەنــدە ئەم دوو رووداوە لە یەک ئەچــن!. پەرمەنیون لە وەڵامی سەرەخوشی ئەسکەندەر دا دەڵێ:

من لەوە تێ دەگەم کە لە کاتی ئاسایی دا کوڕەکانن تەرمی باوکیان دەنێژن بەڵام لە کاتی شەڕدا بە پێچەوانە، باوکەکان تەرمی کوڕەکانیان. داخی من ئەوەیە کە تەرمێکم نیە تا بینێژم و کوڵی دڵمی لە سەر خاڵی کەمەوە. مامۆ نەبیش هەرچەند لە ناخی دڵیەوە دەکوڵا، بەڵام سەبوور و ئارام وەڵامی هاودەردییەکانی ئێمە و کاک شاپووری ئەدایەوە و ئەیوت داخم ئەوەسە بۆ ئاخرینجار نەمتوانی جەنازەی کەریم بوینم!

## بوونە پارتیزان

زیاتر لە چوار مانگ بوو کە ئێمە بنکە و بارەگایەکی دیاریکراومان نەبوو. هەر چەند رۆژ لە گوندێک و هەر حەفتە لە ناوچەیەکدا دەسووڕاینەوە. بەڵام بەو حاڵەش لە ناو خەڵک و گوندەکاندا بووین، لە ماڵ و مزگەوتەکاندا دەخەوتین و دەحەساینەوە و لە بەر ئەمەش هێشتا نەدەکرا وەک پارتیزانی تەواو حیساب لە سەر خومان بکەین. بوونە پارتیزان مانای ئەوە بوو کە بە تەواوی روو لە شاخ و کێو بکەین و بڕوینە ئەو جێگایانە کە بە تەواوی گوندەکانی لە ژێر دەست و کۆنترۆڵی دژمن دا بوون.

ناوچەکانی سوور- سوور و کولیایی بە زۆری دەشت و لە وەرزی بەهار دا ئێمکانی مانەوەی بۆ ئێمە دژوار دەکرد. ریژیم بە چەند سەعات دەیتوانی بگاتە هەر گۆشەیەکی و لەو حاڵەشدا ئێمە جگە لە بەرگرییەکی دژوار و نابەرابەر چارەیەکی دیکەمان بۆ نەدەما. بۆیە عاقڵانە و، بگرە باشتریش بوو کە پێش ئەوە رێژیم بکەوێتە بیری هێرش و پەلاماردانی ناوچەکە، ئێمە لە بیری چۆڵکردنی ئەو گوندانەدا بین. هێزەکەمان نزیک بە ١٧٠ کەسێک دەبوو، هەموو ئەو زستانە تێپەڕی بەڵام ئێمە نەک هەر هێزێکی بەرچاومان لە دەست نەدا بەڵکوو گەلێک گەنج و لاوی ئەو ناوە هاتن و لەگەڵمان بوونە پێشمەرگە. بۆیە لە پلان و بەرنامەڕێژی نوێماندا هێزەکەمان کرد بە ٣ لک کە بە تەرتیپ

کاک سالار ئیبراهیمی وەک سەرلکی لکی شەهید حەمە شەریف، کاک عەلی ئەشرەف مەجیدیان وەک سەرلکی لکی شەهید نادر و کاک حەمە گومەتەیی (ئیبراهیمی) وەک سەرلکی لکی تازە دامەزراوی ۲۳ شەهیدان دیاری کران. جگە لەم ۳ گرووپە ژمارەیەکیش وەک ئەرکانی هێز لە دەوری کاک شاپوور مانەوە و کادرەکانی کومیتەی شارەستانیش بە سەر هەرکام لە لکەکاندا دابەشکران و هەر لکەش بۆ ناوچەیەکی دیاریکراو بەڕێ کراین.

دیارە لە ماوەی ساڵەکەدا چەندین کەسی دیکە هاتنە ریزی پێشمەرگایەتی و بەم ژمارەیە زیاد بوون و کۆتایی ساڵ ژمارەمان دەگەییشتە نزیک ۲۰۰ کەس و تەنیا لکی شەهید نادر دەگەییشتە نزیک ٦۰ کەس کە لە ۳ پەلی شەهید مورتەزا، شەهید ساڵح و شەهیدانی ژاوەرۆ دا رێکخرابوون.

لکی شەهید نادر بۆ ناوچەکانی بێڵەواری سەروو، ژاوەرۆ و چەمی هەورامان. لکی شەهید حەمەشەریف و ئەرکانی هێز بۆ بێڵەواری خواروو، ناودەروەن و نزیک شاری کرماشان. لکی شەهیدانیش کە زۆربەیان خەڵکی ناوچەی کولیایی بوون هەر ئەو ناوە و دەور و بەری کامیارانیان بۆ دیاری کرا و قەرار بوو هەرکەسە خەریکی کار و ئەرکی خوی بێت و لە کاتی نیازدا بە یارمەتی یەکترەوە بچین. دیارە مەودای هەرکام لەم سێ دەستەیە زیاتر لە پەنجا کم دەبوو و بۆ ئاگاداربوون لە وەزعی یەکتریش خەوەرێک لە بیسیم و ئامرازی پەیوەندی نەبوو، کارەکانمان تەنیا لە رێگای نامەوە جێ بە جێ دەبوون کە خەڵکی دڵسۆز و جێ متمانە ئەرکی ئەم کارە سەخت و پڕ مەترسییەیان ئەگرتە ئەستۆ!

من لەگەڵ لکی شەهید نادر کەوتم و دوای جیابوونەوە لە هاوڕێیانی دیکە چووینە شاخی بەرز، بەرین و بەفرینی شاهۆ کە لە نزیک شاری کامیارانەوە دەست پێ دەکات و تا ئەو جێگایەی کە چۆمی سیروان، ناوچەی هەورامان لە نێوان شارەکانی نۆدشە- پاوە دا دوو لەت ئەکات درێژ دەبێتەوە. هێشتا ناوەڕاستمانگی بەهاری ۱۳٦۲ بوو. هەوا شەوانە زۆر سارد و تاقەتپڕووکێن بوو. ئێمەش بە راستی زۆربەمان گەنج و لەو بارەوە سەراپا بێ ئەزموون بووین. دەبێت ئامازەی پێ بکەم کە پێش ئێمە هیچ هێز و کومیتەیەکی حیزب و کۆمەڵەش ئەو کارەیان نەکردبوو و لە راستی دا ئێمە یەکەم هێز بووین بۆ

ئازار و ئەزموون
یەکەم جار لە مێژووی خەباتی کوردستاندا شەڕی پارتیزانامان لە رۆژهەڵاتی وڵات بەرپا کرد.

وەک چاوەڕوانمان دەکرد لە ماوەیەکی کورتدا خومان لەگەڵ وەزعەکە رێکخست، شێوەی هێرش، هەڵاتن و دیسان پەلاماردانی دژمن فێر بووین و توانیمان چەندین عەمەلیاتی سەرکەوتوانە لە دژی هێزەکانی رێژیم، لە ناوچەکەدا ئەنجام بدەین کە من هەوڵ ئەدەم لە درێژەی باسەکەدا بە کورتی ئاوڕیان لێ بدەمەوە. دیارە رەمزی سەرکەوتنی ئێمە لەم کارە گرنگەدا پێش هەموو شتێک بۆ هاوکاری دڵسۆزانەی خەڵکی ناوچە ئەگەڕێتەوە کە لە هیچ شتێک: نان و پێخور،دەواو و دەرمان، زانیاری و سڕیاتی دژمن، شاردنەوەی تیم و دەستەکانمان و... لە ئامێز و ماڵی خویاندا، بە تایبەتی برینداڕەکانمان درێغییان نەدەکرد. دیارە ئەم هاوکارییەی خەڵک چەندە بۆ ئێمە گرنگ و چارەنووسساز بوو، دە هێندە بۆ خەڵکەکە مەترسی دار بوو، بە شێوەیەک کە لە ئاکامی ئەم ئەرکە نیشتمانییەدا، گەلێک کەس تووشی زیان و خەسارەتی قەرەبوو نەکراو بوون کە بە داخەوە هێشتاش وەک خوی شوێنی شیاویان لە بزاڤی کورد دا دەستنیشان نەکراوە و هەموان نازانن کە هەرکامەیان چەندە لە خوی مایەی بۆ ئەم بزووتنەوەیە داناوە.

# چەند عەمەلیاتی هەڵبژاردەی هەوەڵ مانگەکانی لکەکەی ئێمە

دیــارە ڕێکەوتـــی ئەم عەمەلیاتـــانە پـێش و پآشـــی هەیە و مـــن بـــێ لە بەرچـاوگرتنی ڕێکەوتـــی ڕووداوەکـان ئەم چەنـد عەمەلیـاتەم بـۆ گێـڕانەوە دەستچن کردوون:

١- وەک یەکەم عەمەلیـاتی لکـی شـەهید نـادر، ئـێمە پەلێکـی ٢٠ کەسـی نێـردراین بـۆ کێـوی زەڕنە کە بەشـێکە لە چیـای شـاهۆ و بڕیـار درا لە نێـوان گوندەکانی لۆن و لۆنەکۆن دا کەمینێک بـۆ هێزەکـانی دژمـن دانـین. دوای بڕینـی ڕێگایەکی چەند سەعاتی گەیشتینە شوێنی عەمەلیـات. تیمێکـی ٥ کەسیمان لە سـەر کـانییەک دانـان تـا وەک پشـتیوان بمێنـنەوە، تیمێکـی ٥ کەسیشـمان بە تیربـارێکەوە لە بەرزاییەکـی زاڵ بە سـەر جـادەکە دا دامـازران. دە کەسـەکەی دیکەمان چوونە سەر جادە و چاوەڕوانـی هاتنـی دژمن مـانەوە. دوای ڕۆژبـوونەوە مینیبووسێک و ماشـینێکی شەخسـی بە جـادەکەدا تێـپەڕین بەڵام ئـێمە خومـان نیشـانیان نەدا. دواتـر دوو کەسـی پیـادە هـاتن و بەرپرسـەکەمان ئیشـارەی کـرد بیان گرین. دوای ئەوان دوو کەسی تر هاتن بە جادەکەدا تێپەڕن کە چاویـان بە ئـێمە کەوت بانگمـان کـردن و هـاتن بـۆ لامـان. یەکێکیـان کە گەنجێکـی ٢٣-٢٤ ساڵە بوو بێ ئەوە ئێمە داوای لێ بکەین کارتێکی لە گیرفانی دا دەرهێنـا و بە تووڕەییەوە وتی زەمانێک من ڕاوی "زدی ئینقلابم" ئەکرد ئێوە خەریکـی خـانم بازی بوون! ئەم فەقیرە لێ تێک چووبوو پێ وابوو ئێمەش جاشین. بـێ دەنـگ ملمـان گـرت و هەردووکمـان هێنـانە ئەو بەر جـادە. دوای ئەوە ئەم چـوار کەسـەمان گـرتن گەڕاینـەوە بـۆ بنـاری شـاخ و دەرکەوت دوو کەسـەکەی هەوەڵ خەڵکـی لـۆن و لە جیهـادی سـازەندەگی دا کـار دەکەن. کەسـی سـێهەم جـاش، خەڵکـی ئـاوایی ئەسپەرێزی هەورامـان و سێهەمیش مەلای ئـاوایی لـۆن و مـامی ئەو کوڕە جاشە بوو.

ڕۆژی دوایی ژمارەیەکی خەڵکی لۆن هاتن و دوای هێندێک پاڕانەوە دوو کەسە جیهادییەکەمـان پـێ دانەوە بەڵام دوو کەسـەکەیتر دوای قسـە لەگەڵ کردنیـان بۆمـان دەرکەوت گەنجەکەیـان کە نـاوی موحەمەدی بـوزورگ ئومید بـوو چەنـد ساڵ چالاکـانە چەکداری ڕیـژیم بـووە و لە چەنـدین شـەڕی دژی پێشـمەرگەش دا

بەشداری کردووە. هەڵبەت کابرا هەم کارتی پاسداری بە مۆر، ڕێکەوت و ئیمزاوە پێ بوو هەم بۆ خۆشی حاشای نەدەکرد کە لە زۆربەی شەڕەکانی ناوچەی هەوراماندا چالاکانە بەشدار بووە. کەسی دووهەمیش مەلا عەبدولقادر بوزورگ ئومید مامی موحەمەد بوو. ئەویش کە دانشتووی لۆن بوو گەلێک شتی لە سەر باس دەکرا، بۆ نموونە کچێکی خۆی دابوو بە پاسدارێکی فارس بە ناوی داوود و گوایا داوود لە بەدیلگرتنی پێشمەرگەیەک دا بە ناوی وەلی جەواهێری کە دوایە لە لایەن ڕیژیمەوە ئێعدام کرا ڕۆڵی سەرەکی بووە. دواتر ئێمە داودمان لە شەڕی سەرشێلانە دا کوشت کە تا دوا هەناسە و فیشەک شەڕی لەگەڵ کردین و من لە نۆرەی خۆی دا باسی دەکەم. هەرچەند زۆربەی خەڵکی ناوچە مەلا ئەولقادریان بە پیاوی دەوڵەت دەزانی بەڵام ئێمە جگە لە قسەی خەڵک هیچ بەڵگەیەکی ڕوونمان لەم بارەوە نەبوو و بۆ خۆشی حاشای لێ دەکرد کە ئەو جاش و پیاو خراپ بێت. بەو حاڵەش ڕۆژی سێهەم هەردووکی ئەم کەسانە لە نزیک ئاوایی لۆن بە دەست ئێمە، بێ موحاکێمە و تەنانەت ئاگادارکردنیش ئێعدام کران. لە جەرەیانی ئێعدامکردنەکەیاندا پێشمەرگەیەکی خۆمان بەناوی ئەنوەر پەشاوەیی بە دەستی خۆمان بە توندی بریندار بوو کە لەو بێ دەرمانییەدا دنیایەک گرفتی بۆ سازکردین.

٢- دۆڵی نێوان گڵیان و پەشاوا جێگایەک بوو کە هەموو ساڵی ١٣٦٢ و ساڵەکانی دیکەش بوو بە قەتڵگای ژمارەیەکی زۆری هێزی دژمن. ئەم جێگایە شوێنێکی لە بار بۆ ئێمە و گەلێک دژوار بۆ هێزەکانی ڕێژیم بوو. چەندین جار کەمینمان لێ دانایەوە و هەرجارەش ژمارەیەکی زۆر بەکرێگیراو و جینایەتکاری دەوڵەتی داگیرکەرمان تێ دا کوشت. لە بەر دوبارە و چەندپاتەبوونەوەی ئەم عەمەلیاتانە لەو شوێنەدا، گەلێک شتم لێ تێکەڵ بووە و لە ڕاستی دا نازانم کام جاریان کام جاش یان پاسدار کوژرا. ئەوەی ڕوونە ئێمە لە سەرجەمی ئەم کەمینانەی دۆڵی ناوبراو دا تەنیا یەک جار پێشمەرگەیەکی ئازامان بە ناوی مەولوود پاوەیی برینددا بوو دەنا سڵامەت و بێ زیان بووین. لە بەر ئەو هۆیەی سەرەوە و نەبوونی یادداشت و بیرەوەری نووسراو، تەنیا دەڵێم ئێمە ئەو ساڵە هەم وەک لکەکەی خۆمان و هەم وەک تێکڕای هێزەکە زیاتر لە ٥ جار لەو شوێنە کەمینمان بۆ هێزی دژمن دانایەوە،

هەرجارە ژمارەیەکی زۆریان (١٠-١٥ کەس) لێ کوژرا، چەکوچۆڵی زۆر و جەنازەی پاسداران کەوتە دەستی ئێمە، چەندین ماشین ئاگر دران و هەر لە یەکێک لەم شەڕانەش دا بوو کە قاتڵی سێ پێشمەرگەکەی ساڵی پێشوومان، واتا عەبە زیویەیی کە لە گوندی ساڵحاوادا، کەریم، سدێق و ئەولکەریمی کوشت و خۆی تەحویلی ریژیم دایەوە لەگەڵ گرووهە زەربەتەکەی کەوتە کەمین و کوژرا. هەروەها لەم شوێنە دا بوو کە ژمارەیەکی بەسیجی بە زۆر چەکدارکراوی گوندی مێرگەسار کەوتنە کەمینی ئێمە و تێکڕا کوژران کە یەکێکیان برای پێشمەرگەیەکی خوشەویستی خومان بوو. ئەم رووداوەی دوایی هێندە تاڵ و زیانبار بوو کە هەردەم لای من وەک ئەوەیە لە بری ئەم ژمارە کەسە کۆمەڵێک خەڵکی بێچەکی دڵسۆزی خومان بە دەستی ئێمە کوژرابن و لە حاستی دا خۆم بە تاوانبار دەزانم. هەرچەند رووداوەکە تەنیا بە هۆی نەبوونی زانیاری دروست و هەڵەیەکی گەورەی خومانەوە رووی دا نەک قەست و عەمدێکی تایبەتی.

٣- رۆژێک کابرایەکی خەڵکی ئاوایی "لۆنی گەورە" هاتە لامان و ئاگاداری کردین کە کەسێک بە ناوی موستەفا رەحمانی کە چەکداری رێژیمە، بە نیازە بێت و خوی تەحویلی ئێوە بدات. ئێمەش شوێنێکمان لە نزیک ئاوایی ناوبراو بۆ دیاری کرد و بە تاریکی شەو ٧ کەسمان چووین لەو شوێنە خومان شاردەوە تا موستەفا بێت و خوی تەحویلمان بدات. جێگایەکە تەنیا ٥٠٠ مێترێک لە گوندی لۆنەوە دوور بوو و چەندین پایەگای رێژیمیش لەو ناوە بوون. سەعات بوو بە نزیک ١٢ ی نیوەڕۆ موستەفا نەهات و ئێمە کەوتینە گومانەوە کە نەکا پیلانێک لە گۆڕێدا بێت. بۆیە شوێنەکەمان چۆڵ کرد و بە ناو پەڵە گەنمێکی زۆر پڕدا، کە تا تەپڵی سەرمان بوڵەند بوون گەڕاینەوە بۆ بناری شاهۆ. هێشتا چەند سەد مێترێک دوور نەکەوتبووینەوە دیتمان لە هەر چوار لاوە دراینە بەر دەسڕێژێکی خەست و دەرکەوت کە هێزەکانی رێژیم ویستوویانە دەورەمان بگرن بەڵام دەقێق نەیانزانیوە لە کوێن. بە زەحمەت لە چنگیان دەربازبووین و کاتێک گەییشتینە نێو قەدی شاخ دیتمان موستەفا بە کلاشێنکۆفێکەوە هەڵات و گەییشتە لامان!

دوای گۆڕانەوەی بیر و ڕا لەگەڵ بەرپرسان، هاتینە سەر ئەو بڕوایە کە

موستەفا چەک کەین و هێشتمان بە دەستی خاڵی لەگەڵمان بگەڕێ. دوای حەفتەیەک گەییشتینەوە لای کاک عەلی ئەشرەف و کاک بورهان روحانی. ئەوانیش لە سەر بۆچوونی ئێمە بوون کە موستەفا جێ بڕوا نیە. بە داخەوە یەکێک لە کادرەکانمان بە ناوی سەفیار حوسەینی بێ گوێدانە قسەی ئێمە ئەم کابرایەی لەگەڵ خوی برد بۆ جێگایەک بە ناوی دەشتی گورگەچاڵ کە تەنیا دوو کیلومێتر لە ئاوایی لۆن و پایەگاکانی رێژیمەوە دوور بوو. دوای چەند سەعات ئاگادار کراین کە موستەفا سەفیاری بە تفەنگەکەی خوی کوشتووە، چەک و کۆڵەپشتییەکەی بردووە و گەڕاوەتەوە لۆن لای هێزەکانی رێژیم. سەفیار خەڵکی ئاواییەکی نزیک شاری پاوە و سێهەمین شەهیدی بنەماڵەکەی بوو کە لە ڕێزی حیزبی دیموکراتدا شەهید بوو. دوای رۆژێک تەرمی سەفیارمان دۆزییەوە و بە هاوکاری خەڵک لە بناری شاهۆ بە خاکمان سپارد.

٤- ئاوایی تەنگیوەر لە دۆڵێکی تەنگەبەری بناری شاهۆ دا هەڵکەوتووە. پایگایەکی گەورەی رێژیمی لێ بوو و چەندکەسێکی گوندیش جاش بوون و لە دڵەوە هاوکاری دەوڵەتیان ئەکرد کە ناوزڕاوترینیان کەسێک بوو بە ناوی وسەین. هەروەها فەرمانەدەی لکەکەی ئێمەش کاک عەلی ئەشرەف مەجیدیان و بایز گوڵموحەمەدی، یەکێک لە پێشمەرگە ئازا و بەنرخەکانمان خەڵکی ئەم گوندە بوون. وەک گشت شوێنەکانی دیکەی کوردستان، لەم گوندەش فشاری رێژیم لە سەر بنەماڵەی پێشمەرگەکان شتێکی رۆژانە بوو و بنەماڵەی بایز و کاک عەلی ئەشرەفەیش لەم فشارە بێ بەش نەبوون. رێژیم کە دەستی بە خویان نەدەگەییشت "لەیلێ" خانمی هاوسەری کاک عەلی ئەشرەفی بە منداڵێکی ساواوە بردبوو لە زیندانی شاری کامیاران دا دەستبەسەری کردبوو و لە رێگەی بنەماڵەکەیەوە رای سپاردبوو ئەگەر عەلی ئەشرەف بڕوات و ناوچە بە جێ بێڵێ، هاوسەرەکەی ئازاد دەکەین دەنا..... کاک عەلی ئەشرەف هیچ کات نەچووە ژێر ئەم بارە و بە پێچەوانەوە، تاقە ساتێکیش سڵی لەوە نەکردەوە کە رێژیم دوای هەر شەڕێک کە بە فەرماندەهی ئەو ئەکرا، چی بە سەر بنەماڵە و لەوانە خانمەکەی دا دێنێ. روونیشە کە سەرچاوەی ئەم هەڵویستەش بڕوایەکی پۆڵایین بوو کە ناوبراو بە خەباتی رەوای گەلەکەی هەیبوو دەنا کێ و چی لە منداڵ و هاوژین خوشەویسترە؟

ئازار و ئەزموون

ڕۆژێک هەواڵمان پێ گەییشت کە ژمارەیەک پاسدار دێن لە دوورەوەی ئاوایی تەنگیوەر، لە گۆمێکدا کە خەڵکی لە چۆمەکە سازیان کردوە خویان دەشۆن. فەرماندەکان پلانی پەلامارێکیان داڕشت و بڕیار درا پێش ئەوە ئەوان بێنە ناو گۆمەکە دەستەیەک پێشمەرگە بچن لە نزیکیانەوە دامەزرێن و کە پاسدارەکان خویان ڕووت کردەوە لێیان دەن. کاک ئەولەسەن مەنبەری بۆ بەرپرسی ئەم جەماعەتە دیاری کرا و سەعات چواری بەیانی رێکەوتین. کاتێک گەییشتینە لای گۆمەکە بینیمان شوێنەکە زۆر ڕووتەنە و زەحمەتە بتوانین بە هاسانی خومان حەشار دەین و ئەوانیش نەمان بینن. ژمارەیەک لە پێشمەرگەکان دوودڵ بوون و پێیان وابوو پێش ئەوە ئێمە دەستکەینەوە، ئەوان ئەمان بینن و پلانەکەمان سەرناگرێ. بەڵام کاک ئەولەسەن وەک هەموو جارێکی دیکە لە سەر جێ بە جێکردنی عەمەلیاتەکە پێداگری کرد و وتی کێ پێ خوشنیە ڕاوەستێ، بۆی هەیە بگەڕێتەوە. دڵنیابن کە من تەنیاش بێت هەر ئەم عەمەلیاتە ئەنجام ئەدەم. ناچار بە جێ ٨ کەس ٥ کەس لەگەڵیدا ماینەوە و ئەوانی دیکە گەڕانەوە لە دوورترەوە، لە پەنای چەند بەردێک دا دامەزران. ئێمە لە ٢٠- ٣٠ مێتری گۆمەکەوە خومان کردە ژێر هێندێک دەوەنەوە و بێ جووڵە و تەکانخواردن تا نزیک سەعات ١١ی پێشنیوەڕۆ چاوەڕوان ماینەوە!

هاوکات لەگەڵ ئێمە، کاک عەلی ئەشرەف و دەستەیەک پێشمەرگەی دیکە چووبوون بۆ پشت ئاوایی تەنگیوەر و بڕیار بوو هەر کە ئێمە تەقەمان دەسپێکرد، ئەوانیش بە ئارپیجی و تیربار پایەگای ئاوایی داگرن و مەجال نەدەن تەقە لە ئێمە بکات. کاک شاپوور و بەشی زۆری هێزەکەش لە دۆڵی تەنگیخاودا چاوەڕێ ئێمە بوون و قەرار بوو ئەگەر دژمن لە گازەرخانییەوە هات، ئەوان بەرپەرچی بدەنەوە. سەرەنجام نزیک سەعات ١١ی بەیانی ٨ پاسدار هاتن، خویان ڕووت کردەوە و چوونە ناو گومەکەوە. دوای دوو دەقێقە کەوتنە بەر تەقە،٦ یان دەم و دەست کوژران و وەک ماسی لەم لاو لەولای گۆمەکەوە کەوتن. بەڵام یەکێکیان هەڵات و لە نزیک ماڵەکانەوە کەوتە بەر گولەی دەستەکەی پشت ئاوایی و کوژرا. دانەکەی تریان لە گۆشەیەکەوە دەنگی دەهات و هێشتا نەکوژرا بوو. بانگمان کرد، بە لەشی ڕووت و گونی بەرەڵاوە هات بۆ لامان. منداڵێکی ١٥-١٦ ساڵە بوو، زۆر دڵمان بوی سووتا. ناردمانەوە بۆ

ناو ئاوەکە، لەو بەرەوە جلەکانی خوی هێنان و کردنەیەوە بەری. چەکی پاسدارە کوژراوەکانشی بۆ هێناین و لەگەڵ خومان هێنامانەوە بۆ لای هەڤالانی دیکە. ئەم کورە، منالە بەسیجییەک بوو بە ناوی جواد و خەڵکی شاری ساری کە من نازانم لە کام شوێنی ئێران دا هەڵکەوتووە. دوای دوو حەفتە لە ڕێگای ئەندامێکی فیدارکی حیزبەوە بە ناوی عەلی نەقی مەنبەری کە دواتر لەم کتێبەدا زۆرتری لە سەر ئەنووسم، بە نهێنی ناردمانەوە سنە و لەوێشەوە بۆ لای بنەماڵەکەی بەڕێ کرایەوە کە ئاگادار بووین بە سلامەتی گەییشتووەتەوە لایان.

دوای گەڕانەوەمان لەم عەمەلیاتە، ڕێژیم لە هەموو پایەگاکانییەوە ناوچەی دایە بەر ئاگری تۆپ و خومپارە و بە کالیبر ٥٠ دار و دەوەنی ئەو ناوەی دابێژا. بەلام زیانێکی بۆ ئێمە بە دواوە نەبوو. تیمەکەی پشتی ئاواییش بە باشی ئەرکی خویان بە جێ گەیاند،نەیان هێشت پایەگا دەست بکاتەوە و ژمارەیکیشیان لە هێزەکانی دژمنیان کوشت کاتێک گەرەکیان بوو بە هانای لە داو کەوتووەکانیانەوە بێن.

٥- هەرکات عەمەلیاتێکمان لە شوێنێکدا ئەنجام ئەدا، بۆ ئەوە پلانی هێرشێکی بەرینی دژمن تێک بدەین لەو ناوە دوور ئەکەوتینەوە و لە شوێنێکی دیکەوە سەرمان دەردێنا. جاری وابوو بە وەشاندنی زەربەیەک لە دژمن و جاری واش بوو بە چوونە ناو ئاواییەک کە لە سەرجادە یان نزیکی پایەگایەکی گرنگی ڕێژیم بوو خومان نیشان ئەدایەوە. دوای هێندێک مانەوە لە ناوچەی بێلەوار و بناری شاهۆ، لەگەڵ لکی شەهید حەمە شەریف یەکمان گرتەوە. لەم سەفەرەدا بوو کە زانیمان کاک سدێق بابایی وەک بەرپرسی نوێ کومیتەی کرماشان دیاری کراوە و تازە گەییشتووەتە ناوچە. کاک سەدێق لە ماوەی ئەو سالەدا کە لە کرماشان دا مایەوە، نەک هەر بۆ هەموانی سابت کرد کە بەرپرسێکی شیاو، پێشمەرگەیەکی ئازا، شۆڕشگێڕیکی لایەق و ئینسانێکی بەنرخە، بەڵکوو مۆرکی خوی لە کومیتەی کرماشان دا و تا ئەو کاتەی ئەو کومیتەیە وجوودی راستەقینەی هەبوو ئاسەواری کاری باشی کاک سدێقیشی پێوە دیار بوو. دوای کۆبوونەوەیەک و ناسین و ناساندنی کاک سدێق، تێکڕای هێزەکە گەڕاینەوە بۆ ناوچەی سوور- سوور تا هەم ورەیەک بە خەڵکەکە

بدەینەوە و هەمیش گۆڕانێک لە شێوەی کارماندا رووی دابێت.
لە جادەی ئیسفالْتی سنە- کامیاران پەڕینەوە و دوای دەربازبوون لە ئاوایی "لایەن" و پایەگای گرنگی "رادارەکە"، چوینە گوندەکانی ئەو ناوە. رۆژی دوایی لە پشتی ئاوایی پشتەنگ تووشی هێزی شەریفزادە بووین کە کاک ئێقبالْ کەریم نژاد فەرماندەی هێز، بۆ خوشی لەگەڵیان بوو. چەند رۆژ بوو ئەوان دوای دانانی کەمینێک بۆ هێزەکانی رێژیم دەرگیری شەڕێکی سەخت لەگەڵ سپای دژمن ببوون و لە بەرزاییەکانی "بانسەیی" و "پشتەنگ" شەڕ لە ئارادا بوو و لە ماوەی شەڕەکەدا پێشمەرگەیەکیان بە ناوی مەحیە سوور شەهید ببوو. ئێمە هەرکە گەییشتینە لایان چووین شەڕەکەمان لێ وەرگرتن و پێشمەرگەکانی ئەوانمان ناردەوە خوار تا ئیسراحەت بکەن. عادەتی ئێمە وابوو دوای هەر زەربەیەک شوێنەکەمان چۆڵ ئەکرد و دوور دەکەوتینە بەڵام هەڤالانی سنە ئەم جارە ئەم کارەیان نەکردبوو و ناچار ئێمەشیان تووشی شەڕێکی نەخوزراو کرد.
سەعات دووی پاشنیوەڕۆ بوو ئێمە گەییشتینە مەیدانی شەڕ. من و کوڕێکی تر بە ناوی موزەفەر تەنگیسەری کە زۆر نەترس و لە باری بەدەنیشەوە زۆر بە هێز بوو، بۆ ئەوە باشتر شوێنی پاسدارەکان ببینین تۆزێک لە سەنگەری پێشمەرگەکانی تر دوور کەوتینەوە و پێمان وتن ئێمە لەوین. بە قسەی موزەفەر ئەگەر پاسدارەکان هێرشیان بکردایە لەو شوێنەی ئێمەوە باشتر لێیان ئەدرا و دەرچوونیان نەبوو. دوو هێلیکۆپتری رێژیم بە توندی شوێنەکەیان بە راکێت و شەستیر ئەکوتا و دەر و دۆڵیان کردبووە دووکەڵ. لە بەر گرم و هۆڕیشیان زەحمەت دەنگی یەکتریمان ئەبیست. دوای دوو سەعات مانەوە لەو دۆڵە، پاش ئەوە دڵنیا بووین دژمن هێرش ناکات من و موزەفەر گەڕیانەوە بۆ لای پێشمەرگەکانی تر بەڵام دیتمان کەسیان لەوێ نەماون. لە پڕ هێلیکۆپترەکان پییان زانین و بێ روحمانە دایانینە بەر. خومان لە ناو دڕناڵی کوچکەکاندا شاردەوە و دواتر بەرەو ئاوایی پشتەنگ رویشتین بەو هیوایە هاوڕێیان لەوێ بن. بەڵام بە سەختی لە هەڵەدا بووین و لەوێش کەوتینە بەر شەستیری هێلیکۆپترەکان و بە هەزار زەحمەت خومان گەیاندە بێشە و ئاوێک. بە ناو دارەکاندا رِرویشتین و خومان لە دەست هێلیکۆپترەکان رزگار کرد. بە دۆڵێکدا

چووینە بان و لە سەر یالێکەوە سەرمان بە جلە پاسدارێکەوە دەرچوو. ئەوانیش تەقەیان لێ کردین، موزەفەر هاتە دەست و وەڵامی دانەوە، من حەبەسابووم، موزەفەر باڵی گرتم و وتی راکە. لە چنگی ئەم پاسدارانەش دەرچووین، دوای نیو سەعات گەییشتینە ناوملانێکی دیکە و دیتمان ئەوێش پڕە لە جاش و پاسدار. لە جێگای خومان دانشتین و چاوەڕێ تاریک بوونی هەوامان کرد. نزیک سەعات ٥ ی ئێوارە بوو بەڵام لە هاوێن دا هەوا دێر تاریک ئەبێت. هەرچۆنێک بێت ئەو ماوەمان بردە سەر. لەگەڵ تاریکبوونی هەوا دا هاتینە ناو دۆڵێک و تووشی کابرایەک بووین بە هێسترێکەوە ئەڕویشت. خومان پێ ناساند و خەبەری پێسمەرگەمان لێ پرسی. ئەویش لە وەڵامدا وتی گشتیان لە ئاوایی "میانە"دان و بە منیان وت ئەگەر تووشی دوو پێشمەرگە بەم ناوانە بوویت بێژە بێن بۆ میانە. ئێمە زۆریش بەڵەدی ئەو ناوە نەبووین، کابرا وتی بەم دۆڵە دا بڕۆن ئەگەنە میانە و ئێمەش ملی دۆڵمان گرت. دوای نیو سەعاتێک گەییشتینە میانە و کاک سالار و چەند کەسێک هاتنە پیریمانەوە و لە باوەشیان گرتین. لە وێ زانیمان کە کاک ئەولەسەن و تیمێک رووێشتوون بۆ شوینی شەڕەکە و بە دوامان دا دەگەڕێن. لە بەر نەبوونی بیسیم نەمان ئەتوانی بانگیان کەینەوە بەڵام دوای چەند سەعات خولانەوەی بێ ئاکام ئەوانیش خویان گەرانەوە لامان و ئەم ماجەرا و هەڵات هەڵاتە کۆتایی پێهات.

٦- دوای گەڕانەوە لەم ناوچەیە کاک شاپوور و بەرپرسەکانیتر بڕیاریان دا لە سەر جادەی ئیسفالتی سنە- کامیاران کەمینێک دانین و زەربەیەک لە دژمن بدەین. بۆ ئەم مەبەستە دوای ئەوە جارێکی دیکە لە جادەی پەڕینەوە، لە دۆڵێکی نزیک جادەکە کە تەنیا یەک کم دوور بوو شەوەکەی ماینەوە. رۆژی دوایی پێشمەرگەی سەرجادە و بەرزاییەکانی جیا کرانەوە و سەعات لای ٤ ی ئێوارە نزیک بە ٢٥ کەس لە دوو لاوە بەرەوە سەر جادە کەوتنە رێگا. ئەو شوێنەی ئێمە نیازمان بوو لێیەوە بچینە سەر جادە، زیاتر لە ١٥ کەس رێگری (تامین جادە) ی لێ بوون. بەڵام ئەو دەمە پێشمەرگە حیسابی "رێویشی" بۆ رێگرەکان نەدەکرد و ئەوانیش لە سێبەری پێشمەرگەش زراویان ئەچوو. دوای دە دەقێقە سەرجەمی پێشمەرگەکان بە دەم دەستڕێژەوە گەییشتنە سەر جادە و بەشی زۆری بەسیجەکان لە هەوەڵین تەقە دا کوژران. بەداخەوە لەم هەوەڵین

ساتانەش دا کاک سالار و یاری ئەحمەدی ئەندامی کومیتەی شارەستان بە گولەی ڕێگرەکان بریندار بوون بەڵام برینەکانیان قورس نەبوو. دوای ماوەیەک ماشینێک کە هاتبوو بۆ بردنەوەی ڕێگرەکان کەوتە کەمین و سەرنشینەکانی کوژران. دواتر ئامبولانسێک هات بە ناوماندا تێپەڕی، هێندێک کەسیش تەقەیان لێ کرد بەڵام بەرنەکەوت و بە قیژە- قیژ سەری خوی دەرکرد. دوای کۆکردنەوەی دەستکەوتەکان، کە نزیک بە دە تفەنگ و هێندێک کەل و پەلی دیکە بوو بەرەو دۆڵەکەی لای هەڤاڵانی دیکە گەڕاینەوە و جگە لەو دوو بریندارەی سەرەتا زیانی دیکەمان نەبوو. لەم شەڕە دا ژ ٣ یەکی مزەلی گیرا، دوای هێندێک کێشەی نێوان سەرپەلەکانمان لە نێوان من و کاک خالێد دروودی دا سەرەنجام سەرپەلەکەی من بردیەوە و تفەنگەکە بەر من کەوت.

٧- ڕۆژی دوایی هاتینە دۆڵێک لە نزیک ئاوایی "ئافریان" و لە ژوورەوەی ئاواییەکانی "خانەبا" و "حوسەیناوا". ژمارەمان زۆر بوو و شوێنەکەش زۆر هەڵەموت و ناخوش بوو. دار و بەردێکی وای لێ نەبوو خومانی تێدا حەشار دەین، بۆیە بە زەحمەت دەمانویرا هات و چوو بکەین. لای سەعات دووی پاشنیوەڕۆ هەواڵ گەییشت کە تراکتۆرێک بە چەند پاسدارەوە لە حوسەیناواوە بەرەو ئافریان دێت. پێشمەرگە بۆی دابەزینە سەر جادە و لە چەند دەقێقە دا پاکیان کرد. هاوکات ماشینێکی پڕ لە پاسدار لە دۆڵەکەی لای سەرووەمانەوە دەرکەوت و پێشمەرگە پەلاماری ئەویشیان دا. ئەم پەلامارەش تەنیا چەند دەقێقەیەکی کێشا و سەرجەمی سەرنشینانی ماشینەکە کوژران. ئاخووندێک کە لە کاغزەکانی دا دەردەکەوت بەرپرسی دایەرەی ئیدیئۆلۆژیکی سپا لە کامیاران بوو لە ناو کوژراوەکان دا بوو. ئەم ئاخووندە دەستگایەک ڤیدیئۆی پێ بوو و دەچوو لە گوندەکان فیلمی شەڕی ئێران- ئێراقی بۆ هێزەکانیان و خەڵک نیشان ئەدا کە بە خوی و فیلمەکانیەوە لەم دۆڵە دا لە بەین چوو. جووتیارێکی خەڵکی ئافریانیش لەم شەڕەدا کەوتە بەر گولە و بەداخەوە گیانی لە دەست دا کە من ناوەکەیم لە بیر نەماوە.

بەداخێکی گرانەوە لەم شەڕەدا پێشمەرگەیەکمان بە ناوی بیژەن کرماشانی بە هەڵە کەوتە بەر گولەی یەکێک لە هەڤاڵانی خومان و شەهید بوو. تەرمی خوێنینی بیژەنی خوشەویستمان بە سەرەنێزە و هەر بە جلە خوێناوییەکانیەوە

کردە ژێر خاکەوە و شوێنی شاردنەوەکەیمان بە چەند بەرد دیاری کرد تا ئەگەر رۆژێک ئەی.......

دوای تێپەڕینی ساڵانێکی زۆر، پیربوونی خوم و دوورکەوتنەوە لە وڵات، هێشتاش من لەگەڵ هاتنی ناوی هێزی بێستوون و رووداوەکانی ئەو سەردەمە، گۆڕە غەریب و ونەکەی بیژەن و چەندین هاوڕێ دیکەی ئەو ساڵانەم دێنەوە یاد و لە خوم دەپرسم تۆ بڵێی بنەماڵەکەیان بزانن ئێمە لە کوێ کوڕە شیرینەکانیانمان کردە ژێر گڵەوە؟

٨ - سەرشێلانە گوندێکی بچووکی ٤٠-٥٠ ماڵی بوو کە پاڵی دابووە داوێنی شاخی بە هەیبەتی زەڕنەوە. لە بەر نەبوونی کار و، فشاری فراوانی هێزەکانی رێژیم، زۆربەی خەڵکەکەی باریان کردبووە شارەکانی روانسەر و کامیاران. بەڵام گوندەکە هێشتا لە سەر پێیان و ماڵەکانی ئاوەدان بوون. رۆژێکیان لکەکەی ئێمە لە کانی و گوێزێکی ئەولای سەرشێلانە دا خەریکی حەسانەوە بووین "دیدەبانەکانمان" هاواریان کرد هاتن! هاتن مانای ئەوە بوو کە هێزەکانی رێژیم هێرشیان هێنا. ئێمە بیسیم و ئیمکاناتی لەو چەشنەمان نەبوو و لە رێگای بانگکردن و هاوارەوە یەکترمان لە بەڵا و هاتنی دژمن ئاگادار دەکرد.

گورج و بە پەلە دوای زانینی ئەم هەواڵە بووینە سێ دەستەوە. دەستەیەک بۆ ناو ئاوایی، دەستەیەک لە شوێنی خویان مانەوە تا لە کاتی پیویست دا بێنە یارمەتیدانمان و دەستەی سێهەم کە هەردووک بەرپرس، کاک عەلی ئەشرەف و کاک ئەولەسەنیان لەگەڵ دا بوو بۆ روو بە رووی ماڵەکانی گوند چوون تا بە باشی شوێن و جێگای هێزەکانی دژمن بخەنە ژێر چاوەدێری. دەستەکەی ئێمە کە بۆ ناو ئاوایی دیاری کراین، بێ ئەوە دژمن ئاگادار بێت تا نزیک ماڵەکان چووینە پێش. ژمارەیەکی ٢٠- ٢٥ کەسی پاسدار لە سەر بان و بە کۆڵانەکانیی ئاوایی دا بڵاو ببوونەوە. ماشینێکی تویوتاش لە گۆشەیەکەوە راگیرابوو دوو پاسداری لە لا راوەستابوون کە دیاربوو یەکێکیان بەرپرسەکەیانە. پاسدارەکان بێ راوەستان لە چەند مێترییەوە درانە بەر دەستڕێژ. چەند کەسێکیان کوژران و ئەو کەسەی کە وەک فەرماندە دەچوو، خوی گەیاندە تۆقەبەردێک و ئەوانیان بە ناو ماڵەکان دا بڵاو بوونەوە. ئەو تۆقە کوچکەی لە پشت ماڵەکانەوە بوو

دیتمان لە وێوە تەقەمان لێ دەکرێ. سێ کەس بۆ گەمارۆدانی ئەو بەردە لە سێ لاوە روویشتن. ئەوانی دیکەمان پێشڕەوییان کرد بۆ ناو ماڵەکان و دوای سەعاتێک شەڕی دەستەویەخە، زۆربەی ئاوایی کەوتە دەستی ئێمە بەڵام پاسدارەکان کە ئەو بەری ئاواییشیان لێ گیرابوو نەیانتوانی بوو هەڵێن، بەڵکوو خویان لە ناو تەویلە و گەوڕی ماڵاتی خەڵک دا شاردبووە وە. لە کوچکەکەی پشت ماڵانەوە فەرماندەکەیان دوای تەواوبوونی فیشەک و لە کارکەوتنی تەفەنگەکەی بە برینداری کەوتە دەستمان و ناسیمانەوە هەمان داوود زاوای مەلا عەبدول قادری بوزورگ ئومێد بوو کە لە نزیک ئاوایی لۆن، لە لایەن ئێمەوە ئێعدام کرا. هەوڵدرا زانیاری و ژمارەی هێزەکانی رێژیمی لەم پاسدارە بریندارە وەرگیرێ، بەڵام لە بەر حازر نەبوونی و هەروەها کاری بوونی برینەکەی شتێکمان دەست نەکەوت. دوای ماویەک ئەم پاسدارە بە هوی سەختی زام و خوێنڕێژییەوە کە ئێمەش دوکتور و تەنانەت دەرمانیشمان نەبوو تا بیدەینێ، مرد.

پێشمەرگەکان لە ناوەڕاستی ئاوایی دا کۆ ببوونەوە، ماشێنێکی هێزەکانی رێژیم لە ئاگردا دەسووتا، جەنازەی ژمارەیەک لە پاسدارەکان لەو ناوە کەوتبوون بەڵام هێشتا لە چەند شوێنەوە تەقەی وێڵمان لێ ئەکرا. کاک عەلی ئەشرەف و کاک ئەولەسەن لەو بەرەوە هاواریان ئەکرد کە هۆشیاری خومان بین، بەڵام ئێمە کەسمان نە دەدی و نەمان ئەزانی لە کوێوە تەقەمان لێ ئەکرێ. چەند پێشمەرگەیەک ویستیان نارەنجۆکێک بخەنە ناو کەنوە کۆنەیەک و ئەوانیشمان بە رەگبار شوێنەکە بدەینە بەر تەقە تا ئەگەر کەسێک لەوێوە هەڵات دەرچوونی بۆ نەبێت. وەلی حاتەمی پێشمەرگەی خوشەویست و ئازا خەریکی نارەنجۆک هاویشتن بوو لە پڕ رەگبارێک لە شوێنکەوە کرا و وەلی بە سەر ملی ئێمە دا بەربوویەوە و دیتمان زیاتر لە ٥ گولە بەر سک و کەمەری کەوتوون. موزەفەر تەنگیسەری کە لە شەڕەکەی پشتتەنگ دا باسیم کرد، وەک شێر گەییشتە سەری، جەنازەکەی وەلی خستە سەرشانی و تا شوێنی پێشمەرگەکانی پشت جبهە داینەنا. زیاتر لە دوو سەعات و نیو لە دەستپێکردنی شەڕ تێ پەڕیبوو، گرووهێک پاسدار و جاش لە لای پشتە و خەراجیانەوە هاتبوونە یارمەتیدانی گەمارۆدراوانەوە و ئیمکانی هاتنی هێزی

یارمەتیدەری دیکەی ڕێژیمیش لە هەموو لایەکەوە هەبوو. بۆیە فەرماندەکان لە بەر نەدانــی تەڵەفــاتی زیــاتر دەســتووری کشــانەوەیان دا و بە ڕێـک و پێکــی کشــاینەوە لای کــانی و گــوێزەکەی بەیــانی. کــاتی گەڕانەوەمــان لە گۆشــەی ماڵەکاندا تووشی پێشمەرگەیکی دیکەمان بە نـاوی مەحموود بـازئەفکەن بووین وئاگادارمـان کـرد کە بکشـێتەوە. بەڵام مەحمـوود هێنـدێک تـایبەت بـوو، گـوێ نەدابـووە قسـەی ئـێمە، تـاقی تەنیـا و سـەربەخۆ، چووبـوو بـۆ لای ئەو شـوێنەی تەقە لە وەلی کرا تا بەڵکوو ئەو پاسدارە ببینێتەوە و بیکوژێ. بەداخەوە ڕاست لە بەر دەرگای ماڵەکە، ئەویش کەوتبـووە بەر دەستڕێژی دژمـن (ڕەنگە عەینـی پاســدار) و شــەهید ببــوو. ڕێــژیم لە قەراگــای گەشــکییەوە دەســتی بە خومپارەبــارانی شــوێنەکانی ئــێمە کـرد و لە تەختیزەنگیشــەوە هێزیــان نــارد پشـتمان بگـرێ. بەڵام پێشـمەرگە پێشــی پێشـڕەوی ئەوانــی گـرت و نەیهێسـت بــگەنە مەبەســت. لە پشــت گونــدی تەختیــزەنگیەوە پاســدارێک کــوژرا و تــا ئێــوارەیەکی درەنــگ جەنــازەکەی لەوێ بــوو نەیانــدەوێرا بــێن بیــبەنەوە. لای ئێوارە چەند ژنـی ئـاوایی هاتن و تەرمی کابرای کوژراویان بردەوە بۆ هێزەکـانی دژمـن. مـوزەفەر تەنگیســەری بە هــۆی تەقیــنەوەی خومپــارەیەک لە نــزیکیەوە هێنـدێک پریشـکە بەردی بەرکەوت، نـاوگەڵ و ئـاڵەتی پیـاوانەی برینـدار بـوو. شـوێنێکی حەسـاس و پڕ ئـازار بـوو بەڵام مـوزەفەر حەفتـەیەک دواتـر بە نـووکی چۆکڵەیەکی تیژ، خەریکی دەرهێنـانی پریشکە بەردەکـان لە لەشـی خـوێ دا بـوو و سەرەنجام بێ دوکتور و دەرمان چاک بوویەوە.

کاتێک ئێمە گەڕاینەوە لای هاوڕێیان، هێشتا وەلـی لە ژیـان دا بـوو، خـوێنێکی زۆری لە بەر چــوو بــوو بەڵام جــار و بــار دەهــاتەوە هــۆش و بە دەم هــاوارەوە قسەیەکیشــی دەکـرد کە چـاکی لــێ حـاڵی نەدەبـووین. دوکتـور و دەرمانێـک لە دەسـتڕەس دا نەبـوو، تیمێکــی چەنـد کەســی کـۆمەڵە لە نزیکمــانەوە بــوون و کـادرێکی دەرمانییـان لەگەڵدا بـوو. هـات و تۆزێک پانسمانی برینەکـارییەکەی وەلــی کــرد بەڵام بــێ ئەســەر. بە پێشــچاومانەوە شــۆڕەلاویکی ١٨-٢٠ ســاڵە خەریک بوو گیانی دەدا بێ ئەوە ئێمە، هاوڕێیانی بتوانینین کارێک بکەیـن. لای ئێوارە وەلی گیانی بەخشییە ئـامـانجی ڕزگـاری و بـۆ هەمیشـە بە جێ هێشـتین. لە چەنـد بەرەوە دژمـن هـات بە فریـای هێزەکـانییەوە بەڵام نەیانـدەوێرا بێـنە

پێش و تەنیا لە دوورەوە شوێنەکانی ئێمەیان دەکوتا. هەوا تاریکی کرد، دەستەیەک لە هەڤالان روویشتن و تەرمەکەی مەحموودیشیان لە ژێر ئاوربارانی دژمن دا هێنایەوە. دیسان وەک جارانیتر، بە سەرەنێزەی کلاشینکۆفەکانمان، لە نزیک ئاوایی تەختی زەنگی گۆڕێکمان هەڵکەند و تەرمی خوێنینی هەردووک هاوڕێمان تێ دا شاردنەوە، بە جێمان هێشتن و درێژەمان بە کار و ئەرکی خومان دا. لەم جۆرە وەخت و ساتانە دا کەسانی وەک کاک فەیزە کاشتری، مامۆ ئەسغەر مەنبەری، نەجمە نیەری، ئۆسا عەبدوڵا مەنبەری و عەبە سەیفەی پاڵنگانی هەم پێشمەرگە، هەم قەورکەن، هەم بنەماڵە و هەم برای دڵسۆزی ئەم خوشەویستە گیانبەختکردوانە بوون.

ئەمانە هەڵبژاردەی ئەو عەمەلیاتانە بوون کە لکەکەی ئێمە تەنیا و چەند جاریش لەگەڵ لکی شەهید حەمە شەریف و ئەرکانی هێز ئەو چەند مانگە لە بێڵەوار و دەور و بەری دا ئەنجامی دان و من لە نزیکەوە ئاگاداریان بووم. جگە لەمانە عەمەلیاتی دیکەش کران کە من لەگەڵ نەبووم و هەروەها دوو لکەکەی دیکەش هەرکامەیان ناوچە و مەیدانی کار و تێکۆشانی خویان هەبوو کە لە نزیک سونقور تا ناو شاری کرماشانی لە بەر ئەگرت. خەڵکی ئەو ناوچانە ئەو بەهار و هاوێنە شاهێدی گەلێک رووداوی گرنگ بوون کە پێشمەرگە خولقێنەریان بوون و بەداخەوە من لە بەر نەبوونم لەو شوێنانە ناتوانم وەک خویان بیاننووسمەوە.

پیویستە ئیشارە بکەم کە سەرجەمی ئەم عەمەلیاتانە و عەمەلیاتەکانی دیکەش بە تۆڵەی ئەو پەنجا و نۆ لاوەی شاری مەهاباد ئەنجام دران کە رێژیمی ئێران بە کۆمەڵ و تەنیا لە یەک رۆژ دا ئێعدامی کردن. هێزی بێستوون و، لە راستیدا کاک شاپوور فیرووزی بێ پرس بە کەس دوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە بەڵێنی و بڕیاری دا کە بە تۆڵەی هەر کامەیان عەمەلیاتێک ئەنجام بدات. بەڵام لە بەر ئەوە بڕیارەکە بە جێ و دڵخوازی هەموو کادر و پێشمەرگەکان بوو بێ گرفت و بە شانازییەوە عەمەلیاتەکان ئەنجام دران و هێزەکەمان قەولەکەی بردە سەر کە من سەرەڕای بێزاریم لە بیری تۆڵەسەندنەوە، شانازی دەکەم کە یەکێک لەو پێشمەرگانە بووم رۆڵێکی بچووکم لەم عەمەلیاتانە دا هەبووە.

حاتەم مەنبەری

ئەم عەمەلیاتانە گۆشەیەکی بە نرخ لە کاری ئەو ساڵەی ئێمە بوون بەڵام جگە لەمانە پیویستە ئیشارە بە هێندێک کارو کردەوەی دیکەش بکەم کە بە عەقڵ و بڕوای ئیستام نەشیاو و تەنانەت نائینسانیش بوون. وەک پێشمەرگە، ڕۆڵەی گەل و دڵسۆزی نێشتمانی پارچەکراوی کورد، هیچ کات نەدەبوو بهێڵین کاری لەو چەشنە ئەنجام بدرێ و لە ڕێگایانەوە ئێش و ئازار بە بەشێک لە خەڵکەکەمان بگات. زەقترین نموونەی ئەم کردەوانە ئێعدامکردنی ژمارەیەک لە خەڵکی ناوچە بە تۆمەتی جاسووسی و هاوکاری ڕێژیم بوو بێ ئەوە بەڵگە و دەلیلێکی بڕوا پێ کراومان بە دەستەوە بێ. با لەم بارەوە چەند نموونەی دیار و زەق بێنمەوە:

زستانی ١٣٦١

١ ساڵحی ڕۆسەمی یەکێک لەو پێشمەرگە بەنرخانەی هێزی بێستوون بوو کە لە پاییزی ساڵی شەست و یەک دا لە ئاوایی "سۆ"ی چەمشاری سنە دا بە دەست هێزەکانی ڕێژیم شەهید بوو. برایەکی ساڵح زستانی ئەو ساڵە، لە گۆندی خویان (قەڵای گڕ-گڕ) بێ هیچ بەڵگەیەکی جێ موتمانە و تەنیا لە سەر قسەی خەڵک، بە پێش چاوی دایک و باوکیەوە گیرا و بێ هیچ موحاکێمەیەک، هەر ئەو ڕۆژە ئێعدام کرا. گرانی ئەم ئازارە کاتێک دیارە بزانین کە دایک و باوکی ئەم کوڕە لە ماوەی چەند مانگ دا شاهێدی مردنی دوو کوڕیان بوون جا با لە دوو سەنگەریشدا بووبن. بێگومان ئازاری لە دەستچوونی هەرکام لە کوڕەکانیان بۆ ئەوان مردنی کوڕێکی گەنج بووە و هیچی تر.

٢ کەسێک لە ئاوایی میانەی ناوچەی سوور- سوور کە من خوم لەوێ نەبووم، بەڵام ئەزانم ئەم کەسە بێ هیچ موحاکێمە و لێپرسینەوەیەک، بە ڕۆژی ڕووناک لە پێشچاوی خەڵک ئێعدام کراوە.

٣ سێ کەسی خەڵکی ئاوایی تەپەسمایلی ناوچەی سوور- سوور کە بێ بەڵگە و تەنیا لە سەر قسەی خەڵک، بێ موحاکێمە لە کەنار ئاوایی ئێعدام کران.

بەهار و هاوێنی ١٣٦٢

٤ مەلا قادری بوزورگئومید بێ بەڵگە و تەنیا لە بەر ئەوە مامی جاشێک و زاوای پاسدارێک بوو و خەڵکی قسەی زۆریان لە سەر ئەکرد، گیرا و لەگەڵ

برازاکەی پێکەوە بێ موحاکێمە لە پاڵ ئاوایی لۆن دا ئێعدام کران.

٥سێ کەسی خەڵکی ئاوایی "تیلەکۆ" بە تاوانی ئاشکراکردنی کادری بە وەجی حیزب، راغیب زۆرئەسنا، کە بە دەست رێژیم درەندانە ئەشکەنجە و ئێعدام کرا، لە لایەن ئێمەوە گیران و سەرەڕای ئینکاری نەخشی خویان لەو تاوانە دا، بێ بەڵگەیەکی جێ موتمانە، بێ بەزەیانە لە نزیک ئاوایی گازرخانی ئێعدام کران.

٦ مەلا عەرەب مەنبەری، سەرەڕای بوونی بەڵگەی ئاشکرا بۆ هاوکاری ناوبراو لەگەڵ رێژیم، بەڵام هیچ ئازارێکی بە هیچ کەس نەگەیاندبوو و بەو نیسبەتەش دەکرا سزاکەی سووکتر بێت. ئەویش گیرا و بێ هیچ دادگا و باس و خواسێک ئێعدام کرا.

٧ مەلا زەینەدین و شەرافەت خانمی خێزانی، لە ماڵی خوێان درانە بەر دەستڕێژ و هەردووکیان کوژران. ئەم دوو کەسەش، بە تایبەتی مەلا ژن تاوانێکی وایان نەبوو کە بۆ ئێعدام بشێ و ئێمە بێ گوێدانە یاسا و رێسای مافی مرۆڤ، کە ئیدەعاشمان دەکرد بڕوامان پێ هەیە، بێ روحمانە گیانمان لێ سەندن.

بێ گومان ئەکرێ ئەم لیستەیە گەلێک درێژتر بکرێتەوە و دەستنیشانی گەلێک هەڵە و پەڵەی دیکەش بکرێ. بەڵام نیازی من نیشاندانی لاڕێی و هەڵەی خومانە و ئەم چەند نموونەیەش ئەتوانێ لەم بارەوە بەس بێت. منیش وەک سەرجەمی ئەو کەسانەی ئەودەم بەشداری شانازی پێشمەرگەبوون بوون، بەشداری ئەم هەڵە و پەڵانەشم و بەش بە حاڵی خوم لە خزم و کەس و کاری ئەم قوربانیانە، کە بە هوی نەزانی و لاوزی دەرکەوە بە دەست ئێمە تێدا چوون داوای لێ بووردن دەکەم.

دوای ئەم چالاکیانە و گەلێک کاری رێکخستنی، تەشکیلاتی و تەبلیغاتی دیکە گەییشتینە سەرەتای یەکەم مانگی پاییز و هەوا دیسان ساردی کرد و مانەوە لە شاخ و بنی بەرداندا، کارێکی سەخت و دژوار بوو. بەرپرسان کەوتنە بیری شوێنێک بۆ مانەوەی زستان و سەرەنجام بیری گرتنی پایەگاکانی گوندەکانی نیەر، تەنگیسەر و مێراو لە دایک بوو و ئاکامەکەشی ئەو کارەساتە بوو کە لە بەشی دوایی دا دەیخوێننەوە و تێدا هەموو رەهەندەکانی ئەم رووداوە و رۆڵ و

نەخشی کەمهاوتای ئەم دوو گوندە (نیەر و تەنگیسەر) لە میژووی بزووتنەوەی کوردستان دا روون ئەبێتەوە.

رووداوەکانی سەرتا و چۆنیەتی تێکەڵبوونی نیەر و حیزبی دیموکرات.

## نیەر گوندێکی پێشەنگ

زۆربەی هە رە زۆری ئەو شتانەی لە سەر ئاوایی نیەر، شوێنی لە دایک بوونی خوم، وەبیر دێنەوە، تەنانەت کە بە بیر و ئەقڵی ئیستاشمەوە لێیان ئەڕوانم، بێ کەم و زۆر جێگای شانازیمن. بە دەگمەن نموونە ی ئە و شتانەم، وا بە فراوانی لە شوێنە کانی تری کوردستان دا بینیوە.

من منالْ بووم کە لاوێکی ئاوایی لە تاران بوو بە ژێر قەتارەوە و مرد. لە بیرمە کە خەبەرە کە ی هاتەوە، زیاتر لە سێسەد پیاوی ئاوایی، بە پێیان(ئەو دەم جادەی ماشین نەبوو) چوونە پیرییەوە بۆ سنە، هێندێکیشیان تا تاران چوون و تەرمەکەیان هێنایەوە. خەڵکی نیەر لە بەرانبەر هەموو ناحوشی و بەلایکدا پشت و پەنای یەکتر بوون و بە دەگمەن بە خێڵییان بە سەرکەوتنی یەکتر ئە برد. پێش تە مە نی ئێمە چەندین جار، چەتە و رێگر بۆتالانکردن هێرشیان کردوەتە سەر نیە ر. بە لام بەهۆی یەک رێزی خەڵکە کەی، چەتەکان کەسیشیان لێ کوژراوە، چەکیان لێ بەجێ ماوە، بە دەسی بە تالْ رویشتوون و قەت نەگەڕاونەتەوە.

کە ریژیمی شا رووخا، چەک و چۆڵێکی فراوان کەوتە دەست خەڵک. نیەریش لە دەست بەسەرداگرتنی پاساگا و پایگاکانی دەوڵەت دا لە ریزی پێشەوە بوو. رۆژەکانی هەوەڵی هاتنە سە ر کاری کۆماری ئسلامی، پیاوی دەوڵەت هاتن و زۆربە ی چەک و چۆڵی خەڵکی ناوچەیان بە هاسانی کۆکردەوە، بە لام لە نیەر نەک هەر بە دەستی خاڵی چوونەوە، بەڵکوو ناچار کران ئەو چەکانەش کە لە گوندی "مێراو" لە خەڵکیان سە ندبوون "بە ئەمانەت" لە لای خەڵکی نیەر جێ بێڵن و بە دەستی خاڵی بگەڕێنەوە پاسگای پایگەلان. هەر ئەم چە کانەش بوون کە دواتر لە دژی داگیرکەران دەیان شەڕی قارە مانانە یان پێکرا.

ئازار و ئەزموون

نیەر گوندێکی خنجیلانەی دڵگیرە، لە دۆڵێکی پڕلە دارستان و ئاو و لە شوێنێکی سەخت و هەڵەمووتدا هەڵکەوتوە. سی و پێنج ساڵ بەر لە ئیستا(٢٠١٦) کە من بە ئازادی پێدا دەگەڕام، تۆزێک زیاتر لە سێسەد ماڵ بوو. قوتابخانەیکی بچکۆلانەی هە بوو کە پێش نیوەڕۆ ژمارەیک و پاش نیوەڕۆش ژمارەیکیتر زاڕۆی ئاوایی دەرسیان تێدا دەخوێند. مامۆستاکانی بە زۆری تورکی ئازەری بوون. ئەوەی من لە بیرم بێت زەمانی شا تەنیا سێ مامۆستای کورد زمانی هە بوون. یەکەمیان "ئاغای مەنبەری"، کەمەلایەکی خەڵکی گوندەکەبوو ( دیارە ئەم پیاوە جگە لەو رەخنانەی کە لە باری دیکەوە لە سەری بوون و هیچ بیانوو پاساوێک هەڵناگرن، وەک بناغەدانەری قوتابخانە، یەکەم مامۆستای گوندەکەمان و رێگانیشاندەری دەرگای زانست لە دۆڵی



دوورەدەستی ژاوەرۆی ئەوکات حیسابی بۆ بکرێ لە راستیدا قەرزی بە سەر کەسانی وەک منەوەیە و ئەبێت هەردەم بە رێزەوە یادی بکرێتەوە. دووهەمیان کابرایکی خە ڵکی لای سەقز بوو بە ناوی " ئەحمەدی" کە زۆر خراب بوو لە گە ڵمان و رۆژ نە بوو چەند کەسمان دارکاری نە کات و سێهەم مامۆستای کوردمان کەسێک بوو بە ناوی سەید عەبدول ناسر قورەیشی کە خەڵکی مەهاباد و خاوەن رەوشتێکی بەرز و دڵسۆزی خاک و خەڵکی خوی بوو.

پاش هاتنە سەر کاری کۆماری ئیسلامی و هەڵگیرسانی شەڕ لە دژی خە ڵکی کوردستان، کۆمە ڵێک گە نجی نیە ر چوونە ناو رێزی پێشمە رگە و لە یە کە م رۆژەکانی شەڕ دا پیاوی جێ متمانە و خوشە ویستی گشت ئاوایی کاک "جافر مەنبەری" و دوو پێشمە رگەی تر بە ناوەکانی عەزیم و کەریم مەنبەری لە شەڕی رادیۆ تەلەویزیونی شاری سنە دا بوونە قوربانی. ئە م رووداوە تاڵە بوو بە یەکەم هە نگاو تا خەڵکی نیە ر بە کردەوە بەشداری پاراستنی خاک و خەڵکی خویان بن. تەرمی عەزیم و کەریم قەت نە دۆزرایە وە و ئێستاکەش،

سەرەرای سەدان برینی لەوە نوێ و بە ئازارتر، ئەو رووداوە وەک زامێکی قووڵ بە جەستەی خەڵکەوە ماوە، هەرکە ناوی ئەم دوو ئازیزە دەبەین چارە نووسی نادیاریان دێتەوە بەرباس و برینەکە ئەکولێتەوە.

پاش بەرخۆدانی ٢٤ رۆژەی ناو شاری سنە، شەڕی دژمن لە کوردستان پەرەی گرت، هێزی پێشمەرگە وردە وردە شارەکانیان بە جێ هێشت و روویان لە گوندەکان کرد. ئاوایی نیەر هەم لە باری چۆنیەتی هەڵکەوتنەوە و، هە م لە بە ر هاوکاری بێ درێغیان لە گەل پێشمەرگە، بوو بە یەکێک لە بنکە گرینگەکانی پاراستن و بە رگریی رەوای خەڵکی کوردستان. جگە لە دەیان لاوی فیداکاری نیەری لە ریزی پێشمەرگە و خەباتی رەوا دا، هەموو ماڵێکیش بنکە و جێی حەسانەوەی پێشمەرگە بوو.

ناوچە ی ژاوەرۆ لە ناوەراستی شارەکانی سنە، مە ریوان و کامیاران دا هەڵکەوتوە. نیەر و تەنگیسەریش لە ناوەراستی ئە م ناوچە لە باری سەربازییەوە گرینگ و ستراتژیە دان. هە ر لە سەرەتاکانە وە ئە م دوو ئاواییە، جگە لە بوونی چە ند بنکەی سابتی پێشمەرگە، بۆ نموونە ناوەندی ئاژوان و کومیتە ی ناوچەی ژاوەرۆی حیزبی دیموکراتی لێ جیگیر بوو، رۆژانە دەیان و جاری واش بووە سەد، سەد و پەنجا پێشمەرگە روویان تێ ئەکرد و لە ئامێزی گەرمی ئەم خەڵکەدا ئەحەسانە وە. هەروەها چەندین بنەماڵە ی ئاوارەی پێشمەرگەش لەم دێیانە دا دەژیان و لەو ماوە کەمەدا ببوونە بە شێک لە خەڵکی گوند. دیارە بێجگە لە هێزەکانی حیزبی دیموکرات، کۆمەڵەش لەم ناوچە حوزووری هەبوو و لەچەند شوێن مەقەڕی دانابوو.

ئازار و ئەزموون

نیەر خاوەنی شوورایکی پێنج کەسی هەڵبژێردراوی خەڵک بوو کە رۆژانە کاری پێشمەرگە و خەڵکی رادەپەراند. ئەم شوورایە لە لایەن کەسێکی بە ئەزموون، ژیر و بە تەگبیرە وە بە ناوی "حاجی رەشە" سەرپەرەستی ئەکرا. جگەلە حاجی، کاک "ئەولەسەن"، هەم وەک ئەندامی حیزبی دیمۆکرات و هەم وەک کەسێکی نیشتمان پەروەر، رۆڵێکی زۆر گرنگی لە کاری رۆژانەی خەڵک و پێشمەرگە دا هەبوو. کاک ئۆلەسەن خاوەن کەسایەتیەکی تایبەت ، رەوشتێکی یەکجار بەرز و هەستێکی قووڵی ولات خوشەویستی بوو. زۆر موحتەرەم و جێگەی رێز بوو. لە هەڵسوکەوتی رۆژانەدا نموونەی ئێخلاس و ئێخلاق بوو و قەت منالێکیش سلاوی نەدەکەوتە پێش سلاوی. ئەم تایبەتمەندیانە ببوونە هۆی ئەوە کە لە لایەن سەرجەمی خەڵکەوە رێزی لێ بگیردرێ و لە جێ بە جێ کرانی ئەو ئەرکانەی وەئەستۆی خۆی گرتبوو (کە یەکجار زۆر و سەخت بوون) بەدڵ و گیان هاوکاری بکەن.




هەروەک پێشتر باسم کرد، هەر لەسەرەتاوە ژمارە یک لاوی نیەری چوونە ریزی پێشمەرگە و بە داخەوە سێ کەسیان هەر زوو شەهید بوون. بەلام مانگ بە مانگ و ساڵ بە ساڵ ژمارەی ئەم پێشمەرگانە زۆر بوو، بە شووەیەک تا ناوەڕاستی ساڵی ١٣٦١ ی هە تاوی ژمارە یان گەییشتە ٣٠ کەس. جگە لە مانە،

زیاتر لە پەنجا کەسی تر وەک هێزی بەرگری هەبوون، کە هەم لە شەڕەکان دا بەشدار بوون و هەم کاری رۆژانەی خوشیان رادەپەڕاند. وردە وردە هێرش و پەلاماری حکوومەت زیاتر، ناوچەی ژێردەستی پێشمەرگە بەرتەسکتر، ئەرکی پاراستنی ولات سەخت و سەخڵەتتر و ئاگری تۆپخانەکانی دژمن نزیکتر ئە بووویەوە.

کوڕەی مریەم بەرزترین لوتکەی ناوچە، کرابە مەتەرێزی بەربەرەکانێ و، پشت جبهەش بوو بە هەوارگەی دڵڕفێنی "مێرگەوار" کە یەکێک لە هەوارگەکانی نیەرە. خواردن و گشت پیویستیەکانی ئەم بەرە گرینگە کەوتە سەرشانی خەڵکی نیەر و تەنگیسەر و بە هەق لە هیچ شتێکی خویان بۆ ئەم مەبەستە دریغیان نەدەکرد.

هێزی زرێبار و کومیتەی مەریوان لە ئاوایەکانی "بێساران" "هوویە" و "سەرهوویە" دا بوون و رۆژانە لەژێر تۆپباران و هێرشی پەیتا پەیتای ریژیمدا خەریکی پاراستنی خویان بوون. لەم دۆڵە سەخت و هەڵەمووتەشدا، هێزی بێستوون و کومیتەی کرماشان مابوون و چاوەڕوانی بڕیاری کۆتایی بەر پرسانیان ئەکرد.

# گەڕانەوە بۆ ژاوەرۆ و گیرانی نیەر بە دەستی ڕێژیم

ناوەراستی زستان بوو بەفرێکی زۆر باری بوو. ئێمە پاش چەند شەڕی گەورە و چکۆڵە (کە پێشتر باسکرا) لەگەڵ سپای داگیرکەر، هێندێک ماندوو بووین، لە کولیاییەوە روو بە ژاوەرۆ گەڕاینەوە. زستانێکی زۆر سەخت و دژوار بوو و بەفرێکی لەڕادەبەدەر باری بوو. پاش حەفتەیەک ڕێگابڕین گەییشتینەوە سەرڕێز کە تا نیەر ڕێگای دوو سەعاتە بە پێ.


بەهۆی هێرشنەکردنی ریژیمەوە، ئەو پەلە پێشمەرگە کە پاییز بەجێمان هێشتبوون هەر لەوێ مابوونەوە. بەیانییەکی سارد و بەفرین لەسەرڕێزەوە بەرەو نیەر کەوتینە ڕیگا. هەرکە سەرەتای پێشمەرگە لە "کەلی سەرڕێزەوە" دەرکەوت، خەڵکی نیەر ئاواییان بەجێ هێشت و گەورە و بچووکیان بەرەو پیریمان کەوتنەڕێ. دیمەنێکی زۆر سەیر بوو، زۆر جار لە خومم پرسیوە، بەڕاستی ئەم خەڵکە چییان لەپێشمەرگە دەست کەوتبوو کە ئاوا شەیدای باڵا و بینینی ببوون ؟ نازانم ، هەرئەوەنە ئەزانم کە ئەم خەڵکە بەڕاستی پێشمەرگە دۆست و پێشمەرگە پەرەست بوون. تاگەیشتینە ناو ئاوایی، گەورەو بچووکی خەڵکی نیەرمان ماچ کرد و ئەوانیش ئێمەیان ماچ کرد. نزیکی دووی ڕێبەندان ساڵڕۆژی دامەزرانی کۆماری کوردستان دەبووینەوە، بەرنامەی بەڕێوە بردنی ئەو جەژنە لەلایەن لاوانی ئاوایی و من و کاک "رەشاد"ە وە ئامادە کراو بەباشیش بەڕێوە چوو. خەڵکی زۆر خوشحاڵ بوون. وایان ئەزانی تازە پێشمەرگە نیەر بەجێ ناهێڵنەوە.

ڕۆژێک لە ئاوایی تەنگیسەر دا بووین کابرایک بە ناوی کوێخا ئەولەسەن کە پێشتر پێشمەرگەی خومان بوو هاتە لای من وتی تکایە بڕێک وریای خوتان بن. وتم خەبەرێک هەیە؟

وتی نا بەڵام وریایی زیانی نیە. گوێمان پێنەدا و وامان بیر دەکردەوە کە بەم زستانە سەخت و سەخڵەتەدا ریژیم لە کوێوە دەتوانێ بێتە سەر ئێمە؟ هەروا بێگوێدان و بێ نگابانی و کەمین دەخەوتین و دەگەڕاین تا ئێوارەیەکی درەنگ خەرێکی کۆکردنەوەی خومان بووین بینەوە بۆ نیەر، لەپڕ لە گشت لایەکەوە کەوتینە بەر دەستڕێژی تیربار و چەکی جۆراوجۆی دیکە. هەرکەسە

بەلایکدا هەڵهاتین و بەهەزار زەحمەت خومان گەیاندە ئاوایی نیەر و لەویشەوە بێ هیچ شەڕ و "مقاومەتێک" بەرەو سەرێز هەڵهاتین. پێشمەرگەیەکمان بەناوی موحەمەد کەمانگەر "حەمەشوان" بریندار بوو. خەڵکی نیەر لەگەڵیان هەڵگرتین و بە داخەوە حەمە لەبەر خوێنڕێژی لە ڕێگادا گیانی لەدەست دا و لە ئاوایی سەڕێز دا بەخاکمان سپارد.

پاش ئەوە کە ئیمە نیەر و بەگشتی ژاوەرۆمان بێشەرو خۆڕاگریەکی بەرچاو بەجێ هێشت، ریژیم تەقریبەن دەستی بەسەر گشت ئاوایە گرینگەکانی ئەم ناوچە بەرفراوانە دا گرت و پێگە و سەربازگەی خوی لێ دامەزراند. پاش



داگیرکردنی نیەر و تەنگیسەر، ڕێژیم هێرشی کردە سەر ئەوێهەنگ، هوویە و سەرهوویە و دوای شەڕێکی قورس و سەخت ئەم ئاوایانەشی داگیر کرد و پێشمەرگەی تێدا دەرپەڕاند.


هێزی شەریفزادەی سنە وەک هێزی بێستوونی کرماشان ڕێگای شەڕی پارتیزانییان هەڵبژارد و روویان کردە ناوچەکانی چەمشار و لەیلاخ. هەرچەند ئەم هێزانە لەشوێنە تازەکانیان واتا لە قووڵایی دڵی دژمن دا لەنزیک شارەکانی سونقور، قوروە، سنە، کرماشان و کامیاران دا هەفتانە زەربەی گورجو بڕیان لە دژمن ئەوەشاند، دیسانیش دەستی ریژیم ئاواڵە کرابوو تا لەم ناوچە تازە داگیرکراوانە دا چی پێخوشە بیکات. پاش هەلاتنی ئێمە، هێزەکانی ریژیم هاتبوونە ناو ئاوایی تەنگیسەر و رۆژی دوایی بەرەو ئاوایی نیەر کەوتبوونەڕێ. بەهەزار ترس و لەرزەوە چووبوونە ناو ئاوایی و دەستیان بەگرتنی خەڵک کردبوو. لەپێشەوە ئەوانەی کە وەک هێزی بەرگری هاوکاری پێشمەرگەیان کردبوو، پاشان شۆراکان و دواتر ئەوانەی بەجۆرێک لییان بەگومان بوون ولەسەریەک نزیک بە سەد کەسیان

ئازار و ئەزموون
گرتبوو.

ئێمە پاش زیاتر لە حەفتەیەک ڕێگابڕین گەییشتبووینەوە لای هاوڕێیانمان لە کولیایی و لەوناوە دا خەریکی گەڕان و کاری خومان بووین. ڕۆژێک لە ئاوایی "ترازوولە" بووین، دیتمان دوو کەس لەدوورەوە دێن، کە هاتنە پێشتر دەرکەوت دوو کەسی خەڵکی نیەرن. لەسەر قسەی بەرپرسان کاک ئەولەسەن و من چووین قسەمان لەگەڵ دا کردن. ئەم دوو کەسە لەلایەن کاک......وە ناردرابوون تا وەزعی نالەباری ئاوایی نیەر بە ئێمە بڵێن و"ڕێگا چارەمان" لێ بخوازن. قسەی ئەوان روون و ئاشکرا بوو، ئاگاداریان کردین کە دەوڵەت زیاتر لە سەد کەسی ئاوایی بە بارمتە گرتووە و بۆ بەشی زۆری ئەم کەسانەش "پەروەندەی"مەترسیداری دروست کردووە. داوای ریژیم ئەوەیە کە: یان ٢٠ کەسی ئاوایی چەکی ریژیم هەڵگرن و ببنە"جاش"، یان پەروەندەی ئەم سەدکەسە ئەخەینە جەرەیان. ئێمە پەیامی کاک ......مان بۆ کاک شاپوور و بەرپرسانی دیکە هێنایەوە و بەوردی لە بۆچوونی خومان ئاگادارمان کردن. پاش چەند سەعات کاک شاپوور بانگی کاک ئەولەسەن و منی کرد و وتی بچن پیان بڵێن بێن بۆ ئەیرە. لە حوزووری هەردووکمان دا کاک شاپوور بە پیامهێنەرانی خەڵکی نییەری وت: بە کاک... بێژن خوی بڕیار بدا. بەڵام ئێمە نارازی نین ئەگەر ٢٠-٣٠ کەس چەک هەڵ گرن ونەهێڵن ریژیم ئەو گیراوانە لەوە زیاتر تووشی گێرە و کێشە بکات. نێردراوەکان داوایان کرد ئەم شتانە بە نووسراو بن باشترە. بەڵام ئێمە لە بەر باری ئەمنیەتی نامەمان پێ باش نەبوو.

کەسەکان گەڕانەوە، لەسەر قسە و ڕەزامەندیی ئێمە، ٢٠ کەس لە خەڵکی ئاوایی نییەر چەکی دژمنیان هەڵگرت و بوونە "هاوکاری"ریژیم و بەم کارەیان هەم خەڵکی نیەریان لەدەست بێحورمەتی بەکرێگیراوانی دەوڵەت نەجات دا و، هەم گیراوەکانیان لەژێر ئەشکەنجە و تەنانەت مەترسی ئێعدام، بەشێوەی کاتی دەرهێنا. بۆیە ئێژم کاتی چوونکە ژمارەیەکی زۆری ئەو خوشەویستانە، لەوانە فەرەج، ئێحترام، سەیفوڵا، حەمە عەلی، غەفار، عەلی نەقی و..... دواتر ، یان لە سەنگەری بەرگری پێشمەرگایتی دا شەهید بوون یان لەلایان جەلادانی داگیرکەرەوە لە زیندان دا ئێعدامکران و بوونە قوربانی سەربەستی

ولاتی کورد.



## شەڕی کەشکەمیر

وەک پێشتر باسمکردووە سەرەتای بەهاری ١٣٦٢ ی هەتاوی ئێمە پاش جەولەیەکی دوور ودرێژ، بەمەبەستی ڕۆیشتن بۆ ناوەندی ئاژوان، کە لە باکووری شاری سنە و لە ئاوایی قەڵوەزە نشتەجێ بوو، بەرەو ناوچەی سوورسوور و کولیایی گەراینەوە و لەگەل ئەو لکەکەی خومان کە هەموو زستان لەم ناوچە سارد و حاستەمە دا مابوونەوە یەکمان گرتەوە. سەرپەرەست و سەرلکی ئەم لکە پێشمەرگە، شابازێک بوو بەناوی "سالار ئیبراهیمی". سالار شۆڕەلاوێکی گورجوو گۆڵ، پێشمەرگەیەکی ئازا، هەڵۆیەکی تێژباڵ، فەرماندەرێکی بێوێنە، هاوڕێیەکی بەوەفا و خزمەتکارێکی گیانلەسەردەستی رێگای رزگاری کوردستان بوو. من لە ماوەی پێشمەرگایەتیم دا گەلێک فەرماندە و پێشمەرگەی ئازا و بەنرخم لە گشت هێزەکانی حیزبی دیموکرات دا بینیون. بەڵام لەهیچ هێز و کومیتەیەکی تر دا هیچ فەرماندە و پێسمەرگەیەکم نەدیتووە هەموو ئەو تایبەتمەندییانەی سالاری پێکەوە هەبووبن. ئەو سالە یەکەم ساڵی بە پارتیزان بوونی ئێمە بوو و ئێمەش یەکەم هێزی حێزبی دیموکرات بووین کە بنکەی سابتمان هەڵپێچاو بووینە پارتیزانی گەرۆک. ناوچەی ئێمە ئاخرین ناوچەی کوردستان بوو کە پێشمەرگە تێدا حوزوری هەبێت و نزیکترین هێزی پێشمەرگە پێمانەوە سەد وپەنجا کیلو میتر دوور بوو. بۆیە دەست پێڕاگەییشتن بە نەخوشخانە وچەک و تەقەمەنی کارێکی سەخت و گرفتێکی هەمیشەیی مان بوو.

ئازار و ئەزموون

ئەو لکەی سالار فەرماندەری دەکرد لە گەنجترین و ئازاترین پێسمەرگەکانی هێزی بێستوون پێک هاتبوو. ئەو زستانە سەختەیان لە ناوچەکانی دەور و بەری کامیاران و قوروە بردەسەر و هەتا ئێمە گەڕاینەوە وێڕای سەردانی زۆربەی ئاوایەکانی ناوچە، چەند شەڕی گەورە و ئازایانەشیان ئەنجام دا کە گرینگترینیان شەڕی ئاوایی "کەشکە میر" بوو. گەرچی خۆم لەم شەڕەدا نەبووم، بەڵام لەبەر گرنگی و بەناوبانگبوونی، بەکورتی چۆنییەتی شەڕی "کەشکەمیر"تان بۆ ئەگێڕمەوە، چوونکە بەڕاستی حەیفە ئەو قارەمانەتییانە تۆمار نەکرێن.

شەڕەکە بەم شێوە دەبێ:

لەگەڵ چوونی ئێمە بەرەو ناوچەی سوور سوور و کولیایی، ریژیم هاوکات لەگەڵ قەرارگای بەدر، چەند گوروهی زەربەتیشی سازکردو وەشوێن ئێمەی خستن. هارترینی ئەم گوروهە زەربەتانە گوروهێکی بەکرێگیراوی خۆجێی بوو کە زۆربەیان لە جاشی ناوچەی "ناودەروەن" و جوانڕۆ پێک هاتبوون. فەرماندەی ئەم گوروهە هارەش کابرایەک بوو بەناوی "سالار پرتاڵەیی". پاش چوونی ئێمە بۆ لای ئاژوان، ریژیم وەتەماع کەوتبوو تا لەکەمی هێزی پێشمەرگە لەناوچە کەڵکوەرگرێ وزەربەیەکی کاری لە سالار و پێشمەرگەکانی ژێر فەرمانی بدات. نزیک بەمانگێک ئەمان لەم دێ و ئەوان لەو دێیەکەی تر دا دەبن و تووشی شەڕ نابن. تا سەرئەنجام رۆژێک لەئاوایی "کەشکەمیری خوارین" دا تووشی یەک دەبن و شەڕێکی توند لە نێوانیان دا دەست پێدەکات. رێژیم دەوری ئاوایی دەگرن و ناچار پێشمەرگەکان بە دۆڵێکدا دێنەدەر و لە بەرزاییەکەوە دادەمەزرێن. سەرەتا سالاری فەرماندەلک، لەئاوایی کەشکەمیر نابێ، (لەگەڵ چەند پێشمەرگەی تردا خەریکی شناسایی جێگا کەمینێک دەبن لەو نزیکانە دا) کە گوێیان لە تەقە دەبێت بە پەلە وەک هەمووکات عادەتی کاک سالار بوو، خویان دەگەیننەوە شوێنی پێشمەرگەکانی تر و کاک سالار فەرماندەیی شەڕەکە ئەگرێتە دەست.

پێسمەرگەکان ئەیانگێڕاوە:

هەرکە کاک سالار گەییشتەوە هەموو شتێک گۆڕا، ورەی پێشمەرگە، جەرەیانی شەڕ، شێوەی هەڵمەتی پێشمەرگە، هەڵاتنی دژمن و تەنانەت

خەڵکی ئاواییش گۆڕان و لەماڵەکانیان هاتنەدەر و بەجێگەی خو شاردنەوە، نان و ئاویان بۆ پێشمەرگە دەهێنا. سەرئەنجام پاش چەند سەعات شەڕی قارەمانانە گوروهی زەربەتی داگیر کەر تێک دەشکێ و ورەیاندەڕووخێ. ئەوەیان نەکوژرابوو یان نەیتوانی بوو هەڵبێ خوی رادەستی پێشمەرگەکان دەکەن و تەسلیم دەبن.

لە ئاکامی ئەم شەڕە ئازایانە و ژیرانەیە دا زیاتر لە ٦٠ کەسی گوروهی زەربەتی تایبەتی ریژیم کوژران کە سالار پرتاڵەیی خوفرۆشی فەرماندەشیان لەناو دا بوو. تەفرووتوونابوونی ئەم گوروهە خابیینە، بوو بە هۆی بەرزبوونەوەی ورەی خەڵک و پێشمەرگە و چۆنیەتی شەڕەکەش بوو بە داستانی خەڵکی ناوچە و ئێستاش ناوی هێزی بیستوون و شەڕی کەشکەمیر لە ناوچەی کامیاران لێک جیا ناکرێنەوە. هەر وتت کەشکەمیر، هێزی بێستوون و هێزی بێستوون کەشکەمیر وەبیر خەڵک دێتەوە. لەم شەڕە سەخت و دژوارەدا تەنیا پێشمەرگەیەک زۆر بە سووکی بریندار بوو کە خوی نیشانەی لێزانی ئەم پێشمەرگانە و فەرماندەیی سپا سالاری ئێمە، واتا سالاری قارەمان بوو.

چەند هەفتە دوای سەرکەوتنە گەورەکەی کەشکەمیر، لەڕووداوێکی ناخوشدا سێ پێشمەرگەی دلێر و بەوەجی ئەم لکە گیانیان لەدەست دابوو. کە ئێمە گەییشتینەوە لای سالار و پێشمەرگەکان، تازە ئەم رووداوە ناخوشە رووی دابوو. بۆیە نەمان توانی ئەو سەرکەوتنە مەزنە لەگەڵ هاوڕێیانمان جەژن بگرین و بە جێگای ئەوە بەچاوی گریانەوە هەموو چوینە سەر مەزاری کەیم، سدێق و عەبدول کەریم و بەڵێنمان پێدان رێگایان درێژە بدەین و تۆڵەیان لە دژمن بکەینەوە. سازماندەهی تازەمان کرد و بەرەو ناوچەی تەواو داگیر کراو و میلیتاریزە کراوی بێڵەوار و ژاوەرۆۆ گەڕاینەوە.

## شاهۆی شای هەردان

شاهۆ کێوێکی پان وبەرین، بەرز وبەفرین، سەخت و پڕ شیوو دۆڵی قووڵی دوور و درێژە. لەو شوێنەی جادەی کامیاران -کرماشان تێپەڕ ئەبێ و شاخشکێن و ئاژوان لەت ئەکات، شاهۆش دەست پێدەکات و تاچۆمی سیروانی نێوان شاری

پاوە و نەوسوود درێژەی هەیە. لە لای رۆژهەلاتیەوە شاری کامیاران ودەیان گوند و ئاوەدانی دیکە هەڵکەوتوون. لە خور نشینیشەوە، شارەکانی رەوانسەر، قەلای جوانرۆ و پاوە لەگەڵ دەیان ئاوایی جوان وپڕ بەر و بووم هەن. پێش هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامی هەرکام لەم گوندانە، تەنانەت شارە کانیش جێگا و هەوارگەی تایبەت بەخویان لە دۆڵ و بنارێکی ئەم چیا سەرکەش و سەربەرزە دا هەبوو. بەلام پاش هاتنی ئەم دەسەلاتە رەشە و سازکردنی شەڕ لەدژی خەڵکی کوردستان تا ئەو جێگایە لە دەسەلاتیان دا بوو لە هات و چووی خەڵک بۆ شاهۆ بەرگرییان دەکرد.

بەهاری ١٣٦٢ کاتێک ئێمە گەڕاینەوە بێڵەوار لەبەر داگیرکرانی گشت گوندەکانی ئەم ناوچەیە ناچار روومان کردە شاهۆ و لەوێوە پلان و نەخشەی کار و چالاکییەکانمان دادەڕشت. تیم و دەستەی پێشمەرگەمان بۆ ناو ئاوایەکان بەڕێ دەکرد و پاش ئەنجامدانی کاری پێ سپێردراومان دەگەڕاینەوە شاهۆ بۆ حەوانەوە و خۆپەنادان لە هێرشی دژمن.

لەم رۆژانە دا ئاوایی نیەر بە ٣ پایەگای هێزەکانی ریژیم دەورە گیرابوو و هاتچووی خەلکەکەیان کۆنترۆڵ ئەکرد. هاوکات نزیک بە ٥٠ لاوی ئەم گوندە چەک لەشان بوون. ٢٢ کەسیان بێ ئەوە لە دڵەوە بخوازن، لەسەنگەری دوژمن دا پاسەوانی مانەوەی دەسەلاتی داگیرکەریان ئەدا و، زیاتر لە ٢٥ کەسی دیکەشمان پێشمەرگە و لەسەنگەری بەرامبەری ئەوان دا رۆژانە بەشداری شەڕ و بەگژداچوونەوەی دوژمن بووین!

ئێمە جگە لە پەیوەندییەکەی پاییزی رابوردوو، کە بەم کەسانەمان سپاردبوو برۆن چەکی دەوڵەت هەڵبگرن و مەهێڵن ریژیم گیراوەکان لەوە زیاتر ئازار بدا، هیچ ئاگادارییکی دیکەمان نەبوو کە، ئایا ئەم کەسانە هەروا لەسەر بیر و باوەڕی خویان سوورن کە لەکاتی پیویستدا هاوکاری ئێمە بکەن؟ یان ریژیم توانیویە بیان ترسێنێ و بۆ مەبەستەکانی خوی لەدژی ئێمە بەکاریان بێنێ؟

## تازەکردنەوەی پەیوەندییەکان و سەرتا بۆ وێرانییەکی زیانبار

بۆ تازە کردنەوەی پەیوەندیەکان و ئاگاداری زیاتر پەیداکردن لە وەزعی گشتی ناوچەکە، کاک ئەولەسەن و من دیاری کراین بەنهێنی بگەڕینەوە بۆ دەور و بەری نیەر. چوونکە هەموو گوندەکان و تەنانەت بەشێک لە کێوە گرینگ و ستراتژیکەکان، وەک هیلیانداڵ، شانشین و کوڕەی مریەم پایەگای ریژیمیان لێبوو، ئێمە ناچار بووین هەمیشە بەشەو ڕێگا ببڕین و بەڕۆژ خومان حەشاردەین.

پاش دوو رۆژ لە شاهۆ وە گەییشتینەوە ناو باخەکانی نیەر. لە هەوەڵین فرسەتدا پەیوەندیمان بە کاک ....وە کرد و شەو لە جێگایەک بەناوی "ملەگا" یەکترمان بینی. لەم دیدارە دا ئەوان سێ کەس بوون و ئێمە دوان. ناو براو ئێمەی بەوردی لە وەزعی ناوچە ئاگادار کرد و وتی:

خەڵکی مێراو بەگشتی هاوکاری ریژم دەکەن و ئەگەر چوونە دەور و بەری ئەو گوندە بە هاسانی متمانە بە هەر کەس نەکەن. بەڵام تەنگیسەر و نیەر هەروا "کوردن" و ریژیم وەک پێشمەرگە چاو لە گەورە و بچووکمان ئەکات. پاشان وتی " ئێوە بەم بڕیارە داتان هەڵەیەکی گەورەتان کرد ئێمەتان تووشی ئەم وەزعە کرد. ئێمە نەدەبوو بچینە ژێر باری داوای ریژیم وچەکی بۆ هەڵگرین چوونکە بە هیچ شێوەیەک متمانەمان پێناکەن و زۆر ئەترسم پیلانێکمان بۆ دارێژن و هەموو مان بگرن، ئەو کات نەک تەنیا ئێمە چەکدارەکان بەڵکوو ئەوانەش کە بەنهێنی کار بۆ شۆڕش دەکەن سەرجەم گولەباران دەکەن"!

کاک ئەولەسەن کە لەگەل ئەم هاوڕێیەدا رەفێقایەتی کۆن و دێرینی هەبوو دەستی لەسەر شانی دانا و وتی: کاکە گیان مەترسن! پێش ئەوە ریژیم ئێوە بگرێ، ئێمە ئەوانیش وئاواییش دەگرین و نایەڵین خوێن لە لووتی کەسێک بێ. کاک .. تۆزێک بێدەنگ بوو، پاشان هێواش چپاندیە گوێچکەی منەوە و و تی " قسەی خومان بێ ئەولەسەن زۆر سادە بیر لە چتەکان ئەکاتەوە. کاکی خوم ریژیم زۆر لەوە بەهێزترە کە ئێوە دەیزانن." من نەموێرا ئەم قسانەی کاک... بۆ کاک ئەولەسەن بگێڕمەوە چوونکە ئەمزانی ناوبراو بە پێ تەعەسوبی زیادە لە حەدی، جۆرێکی تر لە مەبەستەکەی کاک... تێ دەگەییشت و وەزعەکە جۆرێکی دیکەی لێ دەهات.

ئەم دیدارەی ئێمە بوو بەبناغە بۆ چاوپێکەوتنەکانی تر و نیەر و باخ و

مەزاراکانی جارێکی دیکە بوونەوە شوێنی حەسانەوەی پێشمەرگە. نەک هەر سێ پایەگا، بەڵکوو گرووە زەربەتێکی داییمی ریژیمیش لەنیەر جێگیرکرا بێ ئەوە بتوانن لە تێکەڵاوی خەڵک و پێشمەرگە بەرگری بکەن. ئەم رەوەندە درێژەی کێشا تاسەرئەنجام قسەکەی کاک ئەولەسەن هاتە دی. ئێمە نیەرمان گرت، گشت جەنایەتکارانی ریژیممان تێدا کوشت وبەسزای تاوانەکانیانمان گەیاندن بەڵام نیەریشمان بەسووتاندن و وێران کردن دا هەرچەند بەداخەوە کاک ئەولەسەن لەجەرەیانی ئەم شەڕ دا شەهید بوو و نەما تا بەچاوی خوی ئازارەکانی ئەو خەڵکە دڵپاک و لێقەوماوە ببینێ و بزانێ رێژیم توانی تۆڵەیان لێ بکاتەوە.

ساڵی ١٣٦٢ ی هەتاوی ساڵێکی چارەنووس ساز بوو بۆ بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان دا. دەوڵەتی داگیرکەری ئێران هەر لەماکۆ هەتا کرماشان دەستی خوێنینی نابووە بینەقاقەی گەلی ئێمە و بەتەمای خنکاندنی، لەهیچ درەندەگییەک دریغی نەدەکرد. هێزی بێستوونی کرماشان یەکێک لەو هێزە هەرە چالاکانەی حێزبی دیموکرات بوو کە ئەو ساڵە ئەو پەڕی فیداکاری و قارەمانەتی لەخوی نیشاندا و بەرگری لەمان و مەوجوودیەتی گەلی کورد کرد.

ریژیم جگە لە سەدان هەزار سەرباز و پاسدار، کە لە ناوچە سنووریەکان بۆ شەڕی خوی لەگەڵ ئێراق، نزیک بە سێ سەد هەزار هێزی مرڤکوژ و جەنایەتکاریشی بەسەرانسەری رۆژهەڵاتی کوردستان دا بڵاو کردبوونەوە و رۆژانە و بگرە هەر سەعاتێک کوردێکیان دەکوشت. هاتوو چووی خەڵکیان کۆنترۆڵ دەکرد و بەگشتی کوردستانیان کردبووە پادگانێکی سەربازی. جگە لە شەری رۆژانەیان لەگەڵ پێشمەرگەی کوردستان، گەنج و لاوانی کوردیشیان پۆل پۆل دەستگیر، زیندان، شکەنجە و جاری واش بوو دەستە دەستە بێ موحاکێمە گولەباران دەکردن. یەکێک لە گەورە تاوانەکانیان لەم ساڵە دا ئەنجامدا کە لە تاقە جارێکدا ٥٩ لاوی شاری نوێنگەی خەبات و کۆڵنەدانی کورد، شاری مەهابادیان گوللەباران کرد. ئەم خەبەرە سەراسەری کوردستانی هەژاند. پێشمەرگەی رقئەستوورتر کرد و رەوایی خەباتی ئێمەی زیاتر دەرخست کە لەگەڵ چ جەنایەتکارانێکدا رووبەڕوین!.

فەرماندەری هێزی بێستوون کاک شاپووری فیرووزی لە پەیامێک دا بۆ رادیۆ دەنگی کوردستان، رادیوی حیزبی دیموکراتی کوردستان، بەڵێنی دا کە هێزەکەمان لە ٥٩ عەمەلیاتی جەرگبڕدا تۆڵەی ئەو رۆڵانەی گەل، کە بێدێفاع و دەست بەسراو برانە قەسابخانەی جەلادان و بێبەزەییانە گوللەبارانکران، لەدژمنی خوێنرێژ بکاتەوە و بۆ ئەم مەبەستەش هەرچێیک زووتر دەست بەکار ئەبین.

هێزەکەی ئێمە ئەوکات سەرجەم نزیک بە سەد و حەفتا پێشمەرگەی شەڕڤانی هەبوون کە لە نێوان شارەکانی کامیاران، کرماشان، پاوە و جوانرۆ دا بێ هیچ بنکە و بارەگایەکی سابت، لە سێ دەستەی پەنجا شەس کەسیدا دەسووڕاینەوە و حەفتانە و جاری واشبوو چەند رۆژ لەسەریەک زەربەی کاریگەرمان لەهێزی هار و بێبەزەیی ریژیمی تالانکەری وەلاتەکەمان دەدا. هەموو ئاوایەکانی ئەم ناوچەیە پایەگا و بنکەی سەربازییان لێ بوو. رۆژانە جادەی نێوان گوندەکان بە جەند بەکرێگیراوی ریژیم بە ناوی "تەئمینی جادە" کۆنترۆڵ دەکرا و لەسەر زۆربەی شاخە بەرز و گرینگەکانیش پایەگا و تۆپخانەی دوور هاوێژ هەبوو کە رۆژانە مووچە و مەزرای خەڵکیان تۆپباران دەکرد.

زیاتر لە ٣٠ پێشمەرگەی ئەم هێزە بە هێزە خەڵکی ئاوایی نیەر بوون و لە فیداکاری نواندنەکاندا بەشداری چالاکیان هەبوو و لە سەرکەوتنەکان دا خاوەنی رۆڵی بەرچاو و گرینگ بوون. هەموو مانکێکیش چەند کەسی تازە لە نیەرەوە دەهاتنە ریزی پێشمەرگە. لەولاشەوە باخەکانی دەور و بەری نیەر ببوونە شوێنی پێشمەرگە و لەبەر ئەوە هیچ کەسێکی ئەم گوندە بە کردەوە هاوکاری ریژیمی نەدەکرد، سێ پایەگا و گرووە زەربەتێکی ریژیم تەنیا کۆنترۆڵی ناو ئاواییان پێدەکرا ئەویش بەڕۆژ، دەنا زۆربەی زۆری شەوەکان ئێمە تیمی چەندکەسیمان هەر لە ناو ماڵەکاندا بوو.

لەبەر دووری جێگای تێکۆشانی ئێمە بە ناوەندیی حیزبەوە، هاتنی چەک و تەقەمەنی، دەواو دەرمان، تەنانەت بڵاو کراوەکانی حیزبیش ناومکین بوو. بۆیە ئێمە ناچار بووین خومان موهێمات (تەقەمەنی) و پێداویستییەکانی خومان تەهیە بکەین و بۆ ئەم مەبەستە هاورێیانی چەکدارمان لە نیەر سەرچاوەیەکی باش بوون. بەشی زۆری پێویستیەکانی ئەو ساڵەمان هەر لە

ڕێگـــای ئەوانـەوە بـەدەســـت دەخســـت و بریـنـــدار و نەخۆشەکانیشـــمان هەر لـە ئـامێزی گەرم و موتمەئینی ئەوانـدا حـەشـار ئەدان. سەراسـەری ئەو سـاڵـە پڕبـوو لـە فیداکاری و هێزەکەی ئێمە توانی لەناو شاری کرماشان، کامیاران، و لـە سـەر جادەکانی دەورو بەری ئەم شارانە، هەر وەها لە سەر جادەی ئەسڵی پاوە - کرماشان، جادەی سنە- کامیاران و زۆر شوینی گرینگی دیکە زەربەی قـورس لـە هێزەکانی ریژیم بوەشێنن و هیوا بدەینە خەڵکی چەوساوە و ستەم لێکراومـان و لەرزە بخەینە دڵی پڕ لە قینی دژمنە خوێن ڕێژەکانمانەوە.

ریـژیم بە هەمـوو هێـزیەوە هەوڵـی ئەدا زەربـەیەکمـان لـێ بـدات و بە جۆرێـک قەرەبووی شکستە یەک لەدوای یەکەکـانی بکـاتـەوە، بەڵام وریـایی و کـارزانـی فەرماندەکانمان و هاوکاریی بێدریغی خەڵک لەگەڵ ئێمە، هەوڵەکـانی دوژمنـی پووچەڵ و بێ ئاکام دەکردەوە. وێـڕای هەبـوونی هێزێکـی فـراوان لـە گونـدەکـانی نـاوچەی تێکۆشـانی ئـێمە، قەرارگـایەکی بەنـاوی "بەدر" لە کامیـاران دانـابوو کــەتایبەت بە هێـزی بێسـتوون و گـوردانی شـاهۆی کـۆمەڵە بـوو. هەڵـبەت لە چەنـدین شــەڕ دا بەشـی زۆری هێـزە کـاراکەی ئەم قەرارگـایە، بەدەسـت ئـیمە لەبەیـن چـوو بـوو، بـۆیە ڕێـژیم وەکـو گـۆرگی هـار بەهەر لایەکدا دەڕویشـت، لە هەوڵی لێدانی زەربـەیەکی کـاری لـە ئـێمە دا بـوو و ڕۆژانـەش پەلامـاری خـەڵکـی بی دیفاعی دەدا و لەبەرامبەر پێشمەرگەشدا دەستەوەستان مابوو.

## کارەساتی شەهیدبوونی کاک ئێقباڵ و هاوڕێیانی

لە یەکێک لە رۆژەکانی هاوێنی ١٣٦٢ دا ئاگادار بووین کە هێزی شەریفزادەی سنە، پاش چەند رۆژ شەڕی سەخت و نابەرابەر لە سەر جادەی سنە- هەمەدان، لەلای ئـــاوایی مــووژەژ کەوتــوونەتە کەمــین و گەمـــارۆی ریـــژیم و بەداخەوە زەربەیەکی قـورس و کـارییـان لـێ کەوتـووە. لەم گەمـارۆ دژوارەدا کـاک ئێقبـاڵ کەریمنژاد و ١٥ هاوڕێ دیکەی، لەوانە موزەفەر تـابێعی جێگری هێـز و زۆربـەی کادرەکـانی کومیتەی سنە شەهید بـوون. ئەم خەبـەرە بـۆ ئـێمە زۆر نـاخۆشبوو. ئەم ژمـــارە هـــاوڕێیە، لە هەڵکەوتەتـــرین پێشـــمەرگە و فەرمانـــدەکانی هێـــزی شەریفزادەی سنە بوون کە بە هاسانی دژمـن تـوانی لـە ناویـان بەرێ و زیـانێکی

قورس لە حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کوردستان بدات. ئێقباڵ کەریمنژاد یەکێک لە فەرماندە ئازا، دڵسۆز و خاوێنکانی حیزبی دیموکرات بوو کە بە توانیبووی دوای پلان و بەرنامەیەکی ورد هێزی شەریفزادە لە قۆناخی شەڕی بەرەییەوە بگوازێتەوە بۆ قۆناخی نوێ. لە لایەکی دیکەشەوە کاک ئێقباڵ و هێزەکەی نزیکترین هێزی پێشمەرگە بوون بە ئێمەوە کە لە نێوان شارەکانی سنە، قوروە، بیجاڕ و دیواندەرە دا خەرێکی کار و چالاکی بوون. ئەم زەربەیە جگە لەوە ئێمەی ماتەمین و دوژمنی خوشحاڵ دەکرد، ئەبوو بە هۆی ئەوە کە بۆ ماوەیەک پاشماوەی ئەم هێزە خوی کۆ نەکاتەوە، هێندەی دیکە دەوروبەری ئێمە لە پێشمەرگە چۆڵ بێت و ریژیم بە دڵنیایکی زیاترەوە هێز بۆ سەر ئێمە کۆ کاتەوە.

## سەندنەوەی تۆڵەی کاک ئێقباڵ و کارەسات بۆ خەڵکی پایگەلان

چەند ڕۆژ پاش بڵاو بوونەوەی ئەم خەبەرە، ئاگادار کراین کە بۆ ئەنجامدانی عەمەلیاتێک بە تۆڵەی شەهیدانی هێزی شەریفزادە خومان ئامادە بکەین و دەر کەوت کە شوێنی عەمەلیات نێوان ئاوایەکانی سەرڕێزو گواز دیاری کراوە. پێش رۆژ بوونەوە لەجێگای عەمەلیات دامەزراین وچاوەڕوانی هاتنی هێزی دژمن، کە رۆژانە لەم نێوانە دا لە هات و چوو دا بوونماینەوە. نزیک سەعات دەی بەیانی ژمارەیەک چەکدار هاتن و پاش چەند دەقێقە شەڕ، هەموویان کە ١٣ کەس بوون کوژران و جەنازە، چەکوچۆڵ، کارت و بەڵگە نامەی گشتیان کەوتە دەست پێشمەرگە.
لە کاتی چاولێکردنی کارتەکان دا بۆمان دەرکەوت کە ١٠ کەسی ئەم کوژراوانە خەڵکی گوندی پایگەلانن و ٣ کەسەکەی دیکەش پاسداری ئێرانین. کوژرانی ئەم پایگەلانیانە نێوانی ئێمە و خەڵکی ئاوایی ناوبراوی هێندەی دیکە ئاڵۆز کرد و دژمنایەتی نێوان خەڵک و پێشمەرگەی لەم گوندەدا کردە راستییکی حاشا هەڵ نەگر. پێشتر من و کاک ئەولەسەن لە رێگای هاورێیانی نیەرەوە پێوەندیمان بە چەکدارەکانی تەنگیسەر و مێراوەوە گرتبوو و سووکە

هەوڵێکیشمان لەگەڵ پایگەلان و دۆڵاو دابوو. بەڵام پاش ئەم شەڕە و کوژرانی دە کەسی خەڵکی پایگەلان لە رۆژێکدا بەدەست ئێمە، دەبوا دۆعای پایگەلان جارێ بخوێنین.

## درێـژەی هەوڵـدان بـۆ نزیکبـوونەوە لە هەڵخەڵەتـاوان و نیەر وەک بنکەی سەرەکی ئەم هەولانە

جگە لە پایگەلان هەولی دیتنەوەی کەسی باشمان لە دۆڵا و گەلێنیشدا دەدا بێ ئەوە هیچکات بگەیینە ئامانجی دڵخوازی خومان، بەڵام پیوەندیمان لە تەنگیسەر و مێراو دا سەرکەوتوو بو. بەرپرسی پایەگای تەنگیسەر کابرایەکی ماجەرا جوو، بزێو و زۆر نەترس بوو بەناوی بورهان. ناوبراو بەر لە داگیرکرانی نیەر و تەنگیسەر، چەند جار لەلایەن کۆمەڵەوە گیرا. تەنانەت جارێک لە ناو ئاوایی نیەر دا لە دەستیان هەڵات، ناچارکۆمەڵەکان تەقەیان لێکرد و بەسەختی برینداریان کرد. بەڵام وەک زۆر کاریتر، خەڵکی نیەر یەکگرتوانە چوون و دوای هەوڵێکی زۆر، لە کۆمەڵەیان سەندەوە و پاش دەرمان و تەداوی کران بردیانەوە بۆ تەنگیسەر. کە چی بورهان پاش ئەو کێشەیەش هەر دانەمرکا و دوای جەند جاریتر گیران و بەردران، ئاخرەکەی هەڵات بۆ شار و بوو بە پیاوی ریژیم. لەجەرەیانی گرتنەوەی نیەر و تەنگیسەر لەلایەن حکوومەتەوە، ناو براو چاو ساغی هێزە کانی ریژیم بوو و لە راونانی ئێمەدا لەو دوو گوندە، رۆڵی سەرەکی هەبوو.

سەرەتا لەرێگای موزەفەر تەنگیسەریەوە کە پێشمەرگە و جێگری کاک ئەولەسەن بوو، پیوەندیمان بە بورهانەوە گرت و پاشان ناو براو بێ گوێدانە قسەی ئێمە، بەچەک و تفاقی دەوڵەتەوە هاتە لای کاک شاپوور، خوی نیشانی دەیان پێشمەرگە و خەڵکی ئاسایی دا و پاشان گەڕایەوە بۆ پایەگا! ئێمە پاش ئەم کارە، ئیدی وازمان لە بورهان هێنا بەڵام کاک شاپوور بۆخوی هەر لەگەلی لە پیوندی دابوو و چەند مەئمووریەتی سەیر و سەمەرەشی پێ سپارد کە من لەبەر ئەوە ئیستا هیچکامیان لە ژیاندا نین، لە باسکردنیان ناچارم خوم ببوێرم. پیوەندی "مێراو"یشمان سەر کەوتوو بوو بەڵام ریژیم کەم کەم

لەسەر ئەم هات وچووەی ئێمە زانیاری وە دەست کەوتبوو و بە تەواوی لە چەکدارەکان دووگومان بوو. هەرچەن نەیدەزانی چۆن عەمەل بکات کە زیانی کەم تر لە قازانجی بێت؟ بۆیە رۆژێک بورهان، برایەکی بە ناوی بەهمەن و هەردووک بەرپرسی پایەگاکانی نیەر و مێراوی دەستگیر کردن و بەدەست بەسراوی بردنی بۆ شاری سنە. بەداخەوە پاش ماوایەک بورهان و برایەکەی تیرباران کران و دوو کەسەکەی دیکە واتا، کاک رۆسەم و کاک میرزا سالانێکی درێژ زیندان، شکەنجە، ئەزیەت و ئازاریان کێشاو سەربەرزانە بێ ئەوە ببنە هۆێ گیرانی تاقە کەسێک، سەربەست کران و هاتنەوە ناو ماڵ و منالّیان.

## *کوژرانی دوو گەنجی نیەری لە دوو رۆژ دا، یەکیان بە دەستی ئێمە و ئەوی دیکەش.....*

بۆ هات و چووی نێوان ئێمە و ئاواییەکان و، هەروەها جار و بار بۆ شاریش کۆمەلێک کەس هەبوون کە ئەوپەڕی هاوکارییان دەکردین، بەو پەڕی دڵسۆزییەوە پەیام و رێنوێنییەکانمانیان دەگەیاند و لە وەزعی تازە و هات و چووی هێزەکانی ریژیم ئاگاداریان دەکردین. یەکێک لەم کەسە بەرێز و باشانە کاک عەلی نەقی مەنبەری بوو. ناوبراو پیاوێکی ئازا، قالبسووک، دڵسۆز و هەمیشە دەم بە پێکەنین بوو. دۆستە چەکدارەکانمان هەواڵ و پەیامە گرینگەکانیان بەزۆری بەو دا بۆ دەناردین و ئێمەش زیاتر لە گشت کەس متمانەمان بەو دەکرد. ئەگەر بە سەرهات و ئەو گشت ریسکانەی ئەم پیاوە شەریف و دڵسۆزە بۆ حیزبی دیموکراتی کردن بنووسمەوە، حەتمەن خوی لە دەیان لاپەڕە ئەدات و ئەکرێ گەلێک داستان و رووداوی تاڵ و شیرینیش بگێڕمەوە تا نیشان بدەم کە ئەو بەشداری گشتیان بوو. لە شاردنەوەی بریندار، ناردنەوەی دیلی رێژیم بۆ شوێنێکی دوور تا بێ ئەوە رێژیم بزانێ بگاتەوە دەست بنەماڵەکەی، دۆزینەوە و هێنانی بنەماڵەی پێشمەرگە لە شوێنێکی فرە دوور لە سنووری کوردستان و گەیاندنیان بە جێگای خۆشاردنەوەی پێشمەرگە،

تا هێنانی چەک و تەقەمەنی دیاریی چەکدارانی ڕێژیم، بردن و شۆردنەوەی وێنەی پێشمەرگەکان لە شار و تەنانەت نامە و پەیامی بەرپرسان بۆ کەس و پیاوی فرە خراوی دەوڵەت تەنیا بەشێک لە کارەکانی کاک عەلی نەقی مەنبەری بوون.

کاک عەلی نەقی برای شە هید جافر و ئامۆزای شەهید عەبدوڵا بوو کە یەکیان لەشەڕەکانی سەرەتای ناو شاری سنەدا شەهید و وئەویشیان لە ڕووداوێکی ناخوش دا گیانی لەدەست دا بوو. جگە لەم دوو کەسە شەهیدەی بنەماڵەکەی، بۆ خوی و وچەند برازا و ئامۆزا وخوشکەزای لە ڕووداوەکانی دواتردا شەهید بوون یان، بەدەست ریژیم لە زیندانندا گولەباران کران کە بەسەرهاتەکەیان لە درێژەی ئەم باسەدا دەخوێیننەوە. بەڕاستی ئەگەر خەلکی نیەر لە ناو کوردستان دا بۆ خزمەتی وڵاتی خۆیان نموونە بن، بنەماڵەی کاک عەلی نەقیش لە نیەر دا نموونە و رێ پێشاندەری خەڵک بوون.

یەکێک لەو جارانە کە لەگەڵ کاک ئەولەسەن عادەتمان بوو چاوەڕوانی هەواڵ، یان گەیيشتنی فیشەک وپێداویستیک و هاتنی کاک عەلی بین، ناوبراو بەکۆڵێکی قورس و گرانەوە گەییشت و کەسێکی تری بە ناوی فەرەج مەنبەری لەگەڵ بوو. فەرەج کوڕی یەکێک لە هەژارترین بنەماڵە کانی نیەر بوو. لەهەوەڵ رۆژەکانی شەڕی سنەوە پێشمەرگە بوو و بەشی خوشی زەحمەتی کێشا بوو. بەڵام زستانی پێشتر، چوو بوو خوی تەحویلی ریژیم دابووە و خەریکی کار و کاسبی خوی بوو. پاش سلاو و چاک و چۆنی لە وەڵامی پرسیاری ئێمەدا کاک عەلی وتی فەرج بە تەمایە بێتەوە لاتان، بەڵام لە پێشدا گەرەکیە "مەعموورییەتێک" ئەنجام بدات و "سەربەرزانە" بگەڕێتەوە ناو پێشمەرگەکان!



ئێمە چۆنیەتی مەبەستەکەمان لە فەرەج پرسی و ئەویش وتی: پارچە زەوییکمان هەیە بە درۆ لەگەڵ براکەم شەڕمانە لەسەری. دەڕۆم بە مەسئوولی پاسدارەکان، کە کابریەکە بە ناوی رەزا مەلەکی، ئەڵێم وەرە ئەو زەوییەمان بۆ بەشکە با لە گەڵ براکەم نەبێتە شەڕمان لەسەری. کە هاتە ئەوێ پەلاماری

چەکەکەی ئەدەم ، ئەێکووژم و تا لای ئێوە ناوەستم! پاش هێندێک بیر کردنەوە لە پلانەکەی فەرەج، ئێمەش رازی بووین، نارنجۆکێکمان پێدا، شوێنێکمان بۆ دیاری کرد کە پاش "عەمەلیاتەکە"بێتەوە لامان، خواحافیزیمان لێک کرد وخوشمان بۆدیدارێکی تر لەگەڵ چەن کەسی دیکە چووین بۆ باخێکی خوارتر و چاوەڕوانی تاریک بوونی هەواماینەوە. دوای ماوەیەک ئەو کەسانەی چاوەڕوانیمان ئەکردن گەییشتن، ئاڵ و وێری هەواڵ و دەنگوباسمان کرد و پاشان یەکێک لەوان بە کاک ئەولەسەنی وت بۆ مەلا عەرەبتان گرتووە؟ ئەم خەبەرە بۆ ئێمە چاوەڕوان نەکراو بوو چوونکە بچووکترین ئاگاداریمان لەسەری نەبوو. بۆیە کاک ئەولەسەن وتی ئێمە ئاگادارنین، ئەگەریش راست بێ رەنگە دوای چەند سەعات بەری بدەن. بەلام یەکێک لە دۆستەکان وتی وەلا وانیە پێشمەرگەکان وتوویانە بڕیاری ئێعدامی دەرچوو و هەر ئەم شەو دەی کوژین! ئێمە قەولمان پێدان ئەوەی لەدەستمان بێت بۆ نەجاتدانی گیانی مەلا عەرەب بیکەین و نەهێڵین بکوژرێ.

مەلا عەرەب یەکێک لە مەلاکانی ئاوایی نیەر بوو کە بە پێچەوانەی هەموو خەلکی نیەر خوشی لە چارەی پێشمەرگە نەدەهات و بە ئاشکراش دەیدرکاند. ناوبراو کە خزمی نزیکی منیش بوو، بە ئاشکرا تەبلیغی بۆ موفتی زادە دەکرد. لەسەر ئەمجۆرە هەڵویستەی چەندجار لەلایەن هێزە کوردیەکانەوە گیرابوو دیسان ئازاد کرا بوو. من و کاک ئەولەسەنیش چەند جار ئاگادارمان کردبوو کە واز لەم کارەی بێنێ بەلام بێ فایدە بوو. رۆژی دوایە ئێمە لەو جێگایە کە بۆ فەرەج مان دیاری کردبوو چاوەڕوانی گەییشتنەوەی بوین بەلام هەتا ئێوارە هیچ خەبەرێک نەبوو. کەسیش لە ئاوایەوە نەهات بۆ ئەو جێگایە کە ئێمەی لێ بووین تا هەواڵێکی لێ بپرسین. ناچار ئێوارە گەڕاینەوە ناو ئاویی تا لە نزیکەوە خەبەرێک بزانین. لە یەکەم ماڵی ئاوایی نزیک بووینەوە، دەنگی گریان لەدوورەوە دەبیسرا. لەدەرگای ماڵەکەمان دا و دەنگوباسمان پرسی. ژنی ماڵە کە بە تووڕەییەوە وتی بۆ خوتان نازانن؟ دوێنێ خوتان مەلا عەرەبتان کوشت و ئەمرۆش پاسدارەکان فەرەج یان بۆ کوشتن! دیارە پێشمەرگە هەر ئەو شەوە بێ دادگاو موحاکێمە، مەلا عەرەب تیر باران ئەکەن، لە یەکێک لە مەزراکانی ئاوایی نیەر دا جەنازەکەی بەجێ دێڵن ورۆژی دوایە خەڵک

ئازار و ئەزموون
تەرمەکەی دەبیننەوە.

فەرەجیش دوای دیدارەکەی لەگەڵ ئێمە، ئەگەڕێتەوە ئاوایی، لەگەڵ رەزا مەلەکی قسە دەکات و قەرار ئەبێ بەرەو باخەکەی فەرەج بکەونەڕی. کاک عەلی نەقی لە چەند مێترییەوە هەموو رووداوەکەی لەژێر کۆنترۆڵدا دەبێت، دوایی لە پڕدا پاسدارەکە لە فەرەج دوڕدۆنگ دەبێت و داوای لێ دەکات دەستی هەڵێنێ و بەتەمای بشکنینی لە فەرەج دێتە پێش. فەرەجیش پەلاماری کابرای پاسدار دەدات و هەوڵ ئەدا چەکەکەی لێ بستێنێ. بەڵام چەند پاسداری دیکە کە لەو ناوە دەبن، بە یارمەتی پاسدارەکەوە دێن، فەرەج وەبەر دەسڕێژ دەدەن و لەپێش چاوی دەیان کەسی نیەرەوە دەیکوژن و دوای چەند سەعات ئیزن ئەدەن خەڵکی لەگەڵ مەلا عەرەب دا عەینی ئێوارە بە خاکی بسپێرن. بەم شێوەیە دوو کەس لە یەک رۆژدا و لە عەینی گوند بە هوی نەزانکاری ئێمەوە بوونە قوربانی.

ئەم رۆژە یەکێک لە تاڵترین رۆژەکانی ژیانی من بوو. بۆ هەوەڵین جار خوم بە شەرمەزاری خەڵکی نیەر ئەزانی چوونکە بەڕاستی بێ ئەوە مەبەستمان بێ، ناراستەوخۆ بوینە هۆی کوژرانی ئەم گەنجە ساکار و دڵپاکە و ئیستاش هەر کات کە ئەو رۆژەم وە بیر دێتەوە، حاڵم تێک دەچێت وهەست بە نارەحەتی دەکەم. هەروەها بۆ مەلا عەرەبیش هەروەتر. چوونکە جگە لەوە خزم و کەسێکی زۆر نزیکی بنەماڵەی خوم بوو، تاوانێکی واشی نەکرد بوو کە بەو شێوە دڕەندانە و بێ هیچ دادگا و لێ پرسینەوەیەک بکوژرێ و وەک "خیانەتکارێک" بچێتە ناو میژوو.

## هاتنی پاییز،پلان بۆ دەست بە سەرداگرتنی ئاواییەکانی نیەر، تەنگیسەر و مێراو لە لایەن پێشمەرگەوە

کەم کەم هەوا خەریک بوو ساردی دەکرد، ژیان لە شاخ و لە دەرەوەی ئاوەدانیەکان سەخت و دژوار تر ببوو. زیاتر لە شەش مانگ بوو پێشمەرگە بە رۆژ و بە ئاشکرا لە گوندێک دا نە مابوویەوە و بن و پەنای بەردەکانی کردبووە شوێنی خەو، خۆراک و خەباتی. لە ناوبەری شەڕەکان و هەرکە مەجالێک

دەڕەخسا، پاش تاریکداهاتن، بچۆ لە ئاواییکی پڕ لە پاسدار دا نان و ئاوێک بخۆ و بەشی بەیانی لە کۆڵ نێ و بەرەو شاخ بگەرێوە . ئەمە هەموو ژیانی ئەم نزیک بە دووسەد کەسە پێشمەرگەیە بوو کە لە دوورترین ناوچەی کوردستان دا، چەندین جار لە حەفتەیەکدا زەربەی کاریگەریان لە دژمن ئەدا و دژمنیش وەک ورچی بریندا بە دوای مەجالێکەوە بوو تا تۆڵە بکاتەوە.

دەبوا بە هەر شێوەیەک بووە فکرێک بۆ زستان و وەرزی سەرما بکرابایا کە ئەم هێزەی لێ بحەسێتەوە و بگاتە وەرزی گەرما و بەهارێکی دیکە. دیارە نزیکترین ئاوایی کە بنکەی پێشمەرگەی لێ بوو ئیسەوڵێ لە ناوچەی سەرشیوی مەریوان و زیاتر لە ١٥٠ کم لە ئێمەوە دوور بوو. کە وابوو چارە هەر ئەوە بوو کە بۆ زستان بەرەو ئەم شوێنانە بگەڕێنەوە وژیانی لێ بەسەر بەرین دەنا هیچ بیرێکی تر بە مێشکی زۆربەماندا نەدەهات.

رۆژێک کاک شاپوور، کاک ئەولەسەن و منی بانگ کرد و وتی ئەبێ بگەڕێنەوە نیەر و بە"جەماعەت" بێژن خویان بۆ دوایین بڕیار ئامادە بکەن! ئێمە کە تا ئەو کات بە جدی بیرمان لە قسەکانی ئەم ماوەیەی کاک شاپوور نەکردبوویەوە پرسیمان کامە دوایین بڕیار؟ وتی دوایین بڕیاری ئێمە ئەوەیە کە هەموو پایەگاکانی نیەر، تەنگیسەر ومێراو بگرین و بۆ زستان لەم ناوە بمێنینەوە! سەرەتا پێمان وابوو گاڵتەمان لەگەڵ دا دەکات، بەڵام کەم کەم دەرکەوت کە بەڕاستیەتی و بۆێ باس کردین کە ئەگەر ئەوان حازر بن پایەگاکان بەدەستەوە بدەن، من حازرم گشت هێزی بێستوون بەکوشت بدەم و نەهێڵم ریژیم بێتەوە ناو ئەم گوندانە! دیارە مەبەستی لە ئەوان، ئەو خەڵکە بوو کە بە رێنوێنی و بڕیاری ئیمە چەکی دەوڵەتیان هەڵگرتبوو و لەم ماوەیەشدا لە هیچ هاوکارییەکی ئێمە درێغییان نەکردبوو. نازانم لەبەر نەزانی، یان چ هۆییکی تری هەبوو ئێمە بە هاسانی بڕوامان بە کاک شاپوور کرد و بێ راوەستان گەڕاینەوە. ئەم سەفەرەیان مزەفەر و موختار تەنگیسەریشمان لەگەڵ هاتن تا ئەوان کارەکانی تەنگیسەر جیاواز ئەنجام بدەن و ئێمە تەنیا خەریکی نیەر و مێراو بین.

پیویستە بڵێم کە لەم رۆژانەدا هەرسێک بەرپرسی پایەگاکانی نیەر و تەنگیسەر و مێراو، (رۆسەم،میرزا و بورهان) لە لایەن حکوومەتەوە گیرا بوون و

بە توندی لە ژێر ئەشکەنجە و ئازار دا بوون. هەڵبەتە ئەم سێ کەسە جگە لە پەیوەندییەکی سەرەتایی و ئەو سەردانەی برهان بۆ لای کاک شاپوور، ئاگاداری هیچ کارێکی تری ئێمە نەبوون و بچووکترین زانیارییان لە سەر ئەم دوایین پلانەی ئێمە، واتا گرتنی پایەگاکان نەبوو. بەو حاڵەش تێکڕا لە ژێر فشار و ئەشکەنجەی قورس دا بوون. ڕێژیم هەوڵی ئەدا ئێعترافیان لێ وەرگرێ و بزانێ کێ و کێ بە راستی لەگەڵ ئێمەدا لە پیوەندیدان.

ئێمە کە گەڕاینەوە هەموو "جەماعەت"مان بینین و بە جێ کاک شاپوور قەوڵ و قەرارمان پێدان کە بە شەرتێک ئەوان حازربن لە گیرانی پایەگاکاندا هاوکاریمان بکەن، ئێمە دوایە ئاوایەکان چۆڵ ناکەین و ریژیم ناتوانێ بیانگرێتەوە! سەرەتا هەموویان ناڕازی بوون و ئەیانوت ئێمە حازرین هەموومان بە چەکەکانمانەوە بینە دەر و ببینە پێشمەرگە، بەڵام با ئەم خەڵکە تووشی ماڵوێرانی نەکەین. بە ڕاشکاوی ئەیانوت: کاکە ئێوە تا ئێستا دووجار بێ تەقە ئێمە و ئەم ئاوایەتان بەجێ هێشتووە، ئیستا چۆنتان بڕوا پێ بکەین کە دیسان ئەم کارە ناکەن؟

کاک ئەولەسەن زۆر بەجدی و هەر وەک بڕوای تەواوی بەقسەکانی کاک شاپوور کردبێ قەوڵی بەم خەڵکە دا و منیش کە ئەوکات ١٨-١٩ ساڵ تەمەنم بوو، نەمتوانی پێچەوانەی قسەکانی کاک ئەولەسەن بە خوم و بە "جەماعەت" بسەلمێنم. بەم شێوەیە یەکەم هەنگاو بۆ وێرانکردنی نیەر و درۆستبوونی تراژێدیایەکی دیکە لە میژووی خەباتی گەلی کورد دا هەڵگیرا کە من بەشی خوم تێدا تاوان بار بووم.

هەڵبەت با ئەوەش بێژم کە لەیرە دا بەهیچ شێوەیەک مەبەست ئەوەنیە کە من پێم وابووبێ کوردە چەکدارەکانی هاوکاری دژمنانی کورد، نەدەبوا هاوکاری هێزی پێشمەرگە بکەن و بنکە و بارەگای داگیرکەرانیان تەحویل نەدەن. بە پێچەوانەوە ئیستاشی لەگەڵ بێ، من لەو باوەڕەدام کە کورد قەت نابێ چەکی دژمنی خوی هەڵگرێ و، ئەگەریش ناچارکرا ئەو کارە بکات، لە نزیکترین مەجال دا دەبێ چەکەکەی روو لە سینگی دژمن کات و ئاخرین فیشەکی بە ناو دەم و چاویان دا بتەقێنێ. بەڵام وەزعی ئەوکاتی نیەر جوورێک بوو نەدەبوو ئێمە بە هیچ لەونێک ئەم کارە بکەین. چوونکە هەموو

ساڵەکە ریژیم ددانی لە خەڵکی بەڕاستی پێشمەرگە پەروەری نیەر و تەنگیسەر تێژ کردبوونەوە و لە فرسەتێک دەگەڕا تا تۆڵەی هەموو تێکشکانەکانی بە دەستی پێشمەرگە لەوان بکاتەوە و ئێمەش ئەو بیانووەمان بەدەستیەوە دان.

ئێمە هەموو ئەوەی کاک شاپوور و بەرپرسانی دیکە پێمانیان سپاردبوو وەک: شناسایی وردی پایەگاکان، ژمارەی چەکدارەکانی وەفادار بە ریژیم، چۆنیەتی و ژمارەی چەکەکانیان و هەروەها ئامادە و قانعکردنی "جەماعەت"مان بە سەر کەوتنەوە ئەنجام دا و گەڕاینەوە لای هێز تا بەرپرسان لە کارەکانمان ئاگادار بکەین و ئەوانیش "بڕیاری دوایی" بدەن.

پاش ئەوەی کاک شاپوور فیرووزی، کاک سەدێق بابایی و بەرپرسانی ترمان لەجەرەیانی کارەکان و دوایین وەزعی ناوچە ئاگادار کردن، من و کاک ئەولەسەن دیسان گەڕاینەوە بۆ دەور و بەری نیەر تا "تەداروکات" بۆ پێشمەرگەکان ئامادە بکەین کە قەرار بوو چەند رۆژ دواتر بە مەبەستی گرتنی پایەگاکانی هەرسێ ئاواییەکان بگەڕێینەوە ئەو ناوە.

سەرەتا ئێمە گەڕاینەوە باخەکانی نیەر و بەوردی چۆنیەتی پایەگا و مەقەرەکەی نیەرمان خستە بەر لێکۆڵینەوە. نزیک بە ٢٠ پاسدار، ٢٥ کەسی خەڵکی ئاوایی چەکداری ریژیم کە ئێمە لەگەڵ ٤ کەسیان هیچ پەیوەندییکمان نەبوو. هەروەها گرووە زەربەتێکی ١٥ کەسی کە لە مزگەوتی ئاواییدا دەخەوتن و رۆژانەش سەردانی باخەکانی دەور و بەری ئاواییان دەکرد. پایەگای رووبەروی گوند لەسەر تەپۆڵکەییک دامەزرا بوو کە بەسەر ئاوایی و دۆڵەکانی دەور و بەریدا زاڵ بوو. دەوری ئەم پایەگایە بەمین و تێلدڕوو تەنرا بوو و تەنیا دوو دەرگای چوونە ناو و هاتنەدەری هەبوو. چەکی قورسیان خومپارەیەکی ٨١ بوو لەگەڵ تیربارێکی ژێ٣.

هەموو ئەم زانیاریانەمان لە هەڤاڵانی نیەر وەدەست هێناو هەر لەم رێگایەشەوە هەوڵماندا لەسەر مێراویش زانیاری پیویست بەدەست بێنین. بەڵام لەبەر ئەوەیکە لە مێراو تەنیا لەگەڵ دووکەس پەیوەندیمان هەبوو ودوای گیرانی ئەو چەند کەسەش کە باسیان کرا، ئەم دوو کەسە نەیاندەوێرا بێترس ئێمە ببینن و زانیاری وردمان بدەنێ. سەرەتا پێمان درووست نەبوو لەگەڵیان

پەیوەندی بگرین و لە مەبەستی خومان، واتا گرتنی پایەگاکان ئاگاداریان بکەین. بەڵام ئاخرەکەی بۆ زانینی ژمارەی "دەقیق"ی هێزەکانی دەوڵەت و جێگا و شوێنی کەمین و نگابانیدانیان، ناچار بووین (سەرەڕای ناڕازیبوونی هاوڕێانی نیەر) پەیوەندی بکەین بەکەسەکانمانەوە و زۆر و کەم زانیاریەکانمان "تەکمیل" کەین.
وەک جارەکانی دیکە، ئەمجارەش کاری تەنگیسەر بە موزەفەر و موختار تەنگیسەری سپێردرا بوو کە بە باشی جێ بە جێ یان کرد بوو. موزەفەر پێشمەرگەیەک لە سنوور و قاعێدە بەدەر نەترس و هێندێک جاریش بێگانە لە گەڵ هەر جۆرە ترسێک هەڵس و کەوتی ئەکرد. بۆیە پڕمەترسی ترین کاریش لای ئەو هاسان و بەوپەڕی باشییەوە ئەنجامی ئەدا. ژمارەی هێزەکانی ریژیم لە تەنگیسەریش لەسەر یەک هەر وەک نیەر بوو. بەو فەرقەوە کە تەنگیسەر هەردوو پایگاکەی لە ناو ماڵەکاندا بوون کە بۆ گرتنیان کاری ئێمەیان تۆزێک زەحمەت تر ئەکرد.
رۆژی سێ هەم و راست ئەو رۆژە کە قەرار بوو پێشمەرگە بگەنەوە لای ئێمە، شتێکی چاوەڕوان نەکراو رویدا. هێزێکی ٧٠ کەسی پاسداری حێزبولایی لە شاری سنەوە گەییشتنە نیەر و بەناو ماڵەکاندا بڵاو بوونەوە! نە ئێمە و نە هیچکەس لە هاوکارانمان لە نیەر پێشتر ئاگاداری هاتنی ئەم هێزە کە بەتەواوی بالانسی وەزعەکەی بە قازانجی ریژیم گۆڕی، نە بووین و بەڕاستی غافڵگیر بووین. پاش دڵنیابوون لە ژمارەی تەواو و جۆری چەک و ئیمکاناتیان، گەڕاینەوە بناری "گەورەجۆ "و بەرپرسانمان لەم وەزعە تازەیە ئاگادار کرد.
دواتر دەرکەوت کە "دۆستە" مێراویەکانمان ریژیمیان لە نیازی ئێمە ئاگادار کردووە و دەوڵەتیش هەر ئەوەی پێکراوە کە ئەم هێزە بنێرێتە یارمەتیدانی پایەگاکانیەوە تا بەڵکوو بتوانن بەرگیری لە گیرانیان بەدەست ئێمە بکەن. رۆژی دواتر ئەم هێزە تازەیەی ریژیم، پاش هێندێک مانۆڕدان و گەڕان بە باخەکانی نزیک ئاواییدا، بوون بە سێ بەش. هەر بەشەیان چوونە ناو پایەگاکانی نیەر، تەنگیسەر و مێراو و لەوێ نشتەجێ بوون. دیارە سەعات بە سەعات ئێمە ئاگاداری جمو جووڵی ئەوان بووین و کاک عەلی نەقی بۆ گەیاندنی ئەم هەوالانە بە ئێمە، کە بۆ ئەو کات زۆر گرینگ بوون، سانیە

بەسانیە لەگیانی خوی مایەی دائەنا و ئێمەش بێ ماتڵبوون ئەم خەبەرانەمان بۆ بەرپرسان بەڕێ ئەکردن و چاوەڕێ دەستووری ئەوان ئەماینەوە.

شەوێک پێش لە دەست پێکردنی هێرشی ئێمە بۆ سەر بنکەکانی رێژیم، موزەفەر و موختار تەنگیسەریش بۆ دوایین شناسایی و پەیوەندییەکان چوونەوە ناو تەنگیسەر و بە داخەوە موزەفەر لە چەند میتری سەنگەری دەستەیەک لەم پاسدارە تازە هاتوانەوە دەکەوێتە کەمین و شەهید دەبێ. هەواڵی شەهیدبوونی کاک موزەفەر هەورێک لە ماتەم و دەریایەک لە رقی تۆڵەی لای پێشمەرگە دروست کرد و نیازی هێرشکردنەسەر دوژمنی گەیاندە ئاستیک کە گەڕانەوەی بۆ نەبێت، چوونکە موزەفەر لای هەموان وەک یەک خوشەویست و عەزیز بوو.

سەر ئەنجام شەوەی ١٦-٧-١٣٦٢ بڕیاری پەلاماردانی هێزەکانی ریژیم لەنیەر و تەنگیسەر بە کردەوە دەستی پێکرد و زیاتر لە ١٥ سەعات شەڕی سەخت و قارەمانانەدا هێزی داگیر کەر بەزی و ئەوەی نەکوژرا، یان نەیتوانی هەڵێ، خوی بەدەستەوە دا و گوندەکان بۆ چەند رۆژی دیکە ئازاد کران. بەڵام لە دڵەخورپەی گەڕانەوە و تۆڵە سەندنەوەی دژمندا بە هێواشی هەناسەیان دەدا. شەوی پێش دەستپێکردنی عەمەلیاتەکە، لەگەڵ کاک ئەولەسەن و چوار پێشمەرگەیتر دا چووینە ناو ئاوایی نیەر و بە هاوکاری کەسەکانی خومان لە نزیکەوە گشت جێگا حەساسەکانمان تاقیکردنەوە و تەنانەت تا بەردەم هەر دووک پایەگاکەش چووینە پێش. لە گەڕانەوە دا تووشی چەند "گەشتێکی" ئەو هێزە تازەیەی ریژیم هاتین، خومان لێ لادان و بەیانیەکەی لە دۆڵێکی نزیک ئاوایی دا، کاک عەلی ئەشرەف و کاک سالارمان لە ئاخرین رووداوەکان ئاگادار کردنەوە. هەرلەم دیدارەش دا بوو کە لە شەهید بوونی موزەفەر تەنگیسەری ئاگادار کراین.

موزەفەر و موختاریش وەک ئێمە بۆ ئاخرین تاقیکاری چووبوون بۆ ناو تەنگیسەر و هەموو جێگا پیویستەکانیان بینی بوو، لە گەڕانەوە دا بەسەر کەمینی دژمن دا دەکەوەن کە بەداخەوە موزەفەر لە بیست میتری پایگای دژمن شەهید دەبێت و جەنازەکەشی بەجێ دەمێنی. پاش کوژرانی موزەفەر و بەجێ مانی تەرمەکەی، ئیتر هیچ گومانێک بۆ ریژیم نەما کە مەبەستی ئێمە گرتنی پایگاکانە. بۆیە تا پێیان کرا خویان بۆ بەربەرەکانێ ئامادە کرد.

ئازار و ئەزموون

موزەفەر تەنگیسەریی پێشمەرگەیکی زۆر ئازا، فیداکار، بێ ئیدەعا، بە ورە و خۆ نەویست بوو. من بەشبەحاڵی خوم کۆمەڵێک بیرەوەری خوش و ناخوشم لە گەڵیدا هەیە که هەرکامەیان بۆ خوی داستانێکن. لە یەکێک لە شەڕەکانی ناوچەی سوور- سوور دا من و ئەو لە هاوڕێیانی تر هەڵبڕاین و تووشی چەندین داو و کەمینی دژمن بووین کە ئەگەر ئازایەتی، لێزانی و بەهێزی موزەفەر نەبوایا، بێ هیچ گومانێک ئیستا من نەمابووم تا ئەم بەسەرهاتانە بنووسمەوە. هەرچەند دواتریش زۆرجاران تالێواری مەرگ رویشتووم و بە سەر گەلێک مەترسیدا بازم داوە و پێشمەرگەیەکی فیداکارێکی تر نەجاتدەرم بووە، بەڵام من ئیستاش گیانی خوم لەو سەفەرە پڕ خەتەرە دا قەرزداری موزەفەر دەزانم. موزەفەر خوشکێکی مێهرەبانی هەبوو چوار پێنچ سال دوای شەهیدبوونی براکەشی، هەرکە منی دەبینی خوڕ خوڕ فرمیسکی بە چاودا دەهاتنە خوار و منیش لەگەڵی دا دەگریام. کاک ساڵحی باوکیشی دوای ئەم کۆستە گرانەی، پێکەنینە جوانەکەی جارانی نەما و وەک لووتکەییک بکەوێتە بەر گڕکانی ئاگرین، وردە وردە چەمایەوە، کەم کەم تەوایەوە لە هێز و حەرەکەت کەوت. ئەویش هەر دەم منی ئەدیت، ئەم شێعرەی بە دڵپڕییەکی زۆرەوە بۆ دەوتم:

جفتێک قەلاّم بوون لە پشت ئەم "دێ"وە


قەلاّکان ڕمیان، پاڵ بەم بەکێ وە؟

دیارە مەبەستی لە دوو " قەلاّ" موزەفەر و کاک ئەولەسەن بوون کە بە داخەوە هەردووکیان لەم شەڕەدا شەهید بوون. بە نامانی ئەم رۆڵە فیداکارە، کەلێنێکی گەورە کەوتە ناو کاروانەکەی ئێمە و کارەکەشمان، واتا گرتنی ئەم چەند پایەگایەی دژمن بە بێ موزەفەر، گەلێک دژوار تر بووەوە چوونکە جگە لەوە موزەفەر خوی پێشمەرگەییکی ئازا و شەڕکەر بوو، بەشی زۆری زانیاریەکانیشمان لەسەر دژمن، لەلای ئەو بوون و بە شەهید بوونی لە نێو چوون.

پاش تاریک داهاتنی هەوا هێزەکەمان کرا بە ٤ بەشەوە. دەستەیەک بە فەرماندەری کاک عەلی ئەشرەف مەجیدیان و کاک ئەولەسەن بۆ گرتنی پایەگاکانی نیەر. دەستەیەکی دیکە بە فەرماندەری کاک سالار ئیبراهیمی بۆ

گرتنی تەنگیسەر. دەستەیەک بە سەرپەرەستی حەمە گومەتەیی نێردران بۆ کەلی قازی بەکر بۆ پێشگرتن لە هاتنی هێزی یارمەتیدەری دژمن و دەستەی چوارەمیش لەگەڵ کاک سەدێق بابایی و کاک شاپوور لە قەڵا، لووتکەی بەرزی زاڵ بەسەر ناوچەی شەڕدا مانەوە تا هەم وەک پشتیوانی ئێمە و هەم بەجۆرێک کونترۆڵ وسەرپەرەستیی شەڕەکەش بکەن.

دەستەی ئێمە سەرەتا چوینە ناو ئاوایی نیەر. هاوکارەکانمان لە پێشەوەی ئێمەوە بوون و شوێنە حەساسەکانیان بۆ تاقی دەکردینەوە. پایەگای ئاوایی جگە لە ١٥ کەسی سەر بە خومان، ٧ پاسداریشی تێدا بوون کە یەکێک لە



پاسدارەکان کێشک بوو و ئەوانی تریان لە دیوێکی تر دا خەوتبوون. سەرەتا لە خەڵاف دا کێشکەکە لە لایان دوو پێشمەرگە و یەکێک لە هەڤالانی "چەکدارەوە" گیرا. پاشان چوینە سەر ٦ کەسەکەی تر کە لە ماڵێک دا نووستبوون. ٥ یان بێ دەردیسەر گیران بەڵام کەسی شەشەم لەخەو راپەری، هەڵات و لە چەند میتر ئەولا ترەوە کوژرا. لەم بگرە و بەردەیەدا پێشمەرگەیەکمان بە ناوی ئەنوەر پەشاوایی بە سەختی بیندار بوو کە دواتر کۆڵێک کێشەی بۆ سازکردین. ئەنوەر لە سەرەتای بەهارەوە ئەمە جاری دووهەمی بوو برینداد دەبوو. ئەنوەر تا دوا ساتەکانی ژیانیشی هەر وا پێشمەرگەی ریزی هەوەڵ و قارەمانێکی کەموێنە مایەوە و

سالانی دواتر لە شەڕێکی فرە قورسدا لە شاخی هەوراو شەهید بوو.

گرووهە زەربەتەکەش لە مزگەوت دا بوون. لەڕێگەی هاوڕێیانەوە دەرگای مزگەوتمان لەسەر قوفڵ دابوون. هەر چوار دەوری مزگەوتیشمان لێ گرتبوون و داوامان لێ دەکردن تەسلیم بن. چەند کەسێکیان و لەوانە دوو چەکداری کوردیان حازر نەبوون خۆ بە دەستەوە بدەن و هەڕەشەیان دەکرد. بەڵام سەرەنجام پاش زیاتر لە سەعاتێک گێرە وکێشە و پاڕانەوە و هەڕەشە کردن، تێکڕا بێ شەڕ لە مزگەوت هاتنە دەر و خویان بەدەستەوە دا. دوای ئەم کارە ئێتر مایەوە پایەگاکەی روو بە روی دێ کە ٤٠ پاسداری حێزبوڵایی تێدا بوون و هەمووشیان "یاحوسەین" بە رەنگی سەوز لە ناو چاوانیان نووسرابوو. هەروەها جگە لەمانە، ٥ چکداری کوردیشی تێدا بوون کە ئێمە تەنیا لەگەڵ یەکێکیان بۆرە پەیوەندییەکمان هەبوو و نەمانئەزانی چۆن هەڵسوکەوتمان لەگەڵدا ئەکەن.

کاک ئەولەسەن و شەمسوڵا موزەفەری فەرماندەری گرتنی ئەم پایەگا سەخت و حاستەمە بوون. چەند کەس لە هەڤاڵانی "چەکدار"، لەوانە سەیفوڵا مەنبەری پێش ئەم دەستە پێشمەرگەیە کەوتن و تا بەر "خاک ریزی" پایگاکە چووینە پێش. ئێمە هێشتا بە تەما بووین بێ شەڕ ئەم هێزانەی ریژیمیش تەسلیم بکەین و لازم نەبێت شەڕێکی نەخوازراو بکەین. بۆیە بەدەنگی بەرز کاک ئەولەسەن و سەیفوڵا بانگی چەکدارە کوردەکانیان دەکرد و بەدەم قسە کردنەوە ئەچوینە پێش. لە پڕ لە ناو سەنگەرەکانەوە، وە بەر دەستڕێژ دراین و بە داخەوە لە یەکەم تەقەدا کاک ئەولەسەن شەهید بوو. ئێمەش کە بە شەهیدبوونی کاک ئەولەسەن شپرزە و لە راستی دا شۆکە بووین، تەنیا پێمان کرا تەرمەکەی هەڵگرین و بۆ ناو ئاویی بگەڕینەوە تا دیسان خومان رێک خەینەوە و سەرلەنوێ هێرش بکەینەوە سەر دژمن.

لەدەست دانی کاک ئەولەسەن بۆ خەڵکی نیەر کۆستکەوتنێکی گەورە بوو. هەموو ماڵێکی ماتەمین و گشت تاکێکی وەگریان هێنا. بۆ هێز و حەرەکەتەکەشمان خەسارێکی گەورە بوو. چوونکە بەڕاستی پێشمەرگەیکی ئازا، فەرماندەییکی لێزان و کەسێکی جێ متمانەی خەڵکی ناوچە بوو. ئەمانە چەند تایبەتمەندییەکن کە بۆ هێزێکی پارتیزان زۆر گرینگ و حەیاتین. بەڵام

بۆ من خەسارەکە لەمانەش گەورەتر بوو. بۆ من کاک ئەولەسەن تەنیا هاورێ و هاوسەنگەر و هاو وڵاتییکی فیداکار و دڵسۆز نەبوو. بەڵکوو مامۆستایکی بەوەج، براییکی گەورە و تەنانەت زۆر جار وەک باوکێکی مێهرەبان دەهاتە بەر چاوم. هەرچەند زۆربەی زۆری وەخت پێکەوە بووین و خەتەر و مەترسییەکانمان لەگەڵ یەکدا بەش دەکردن، بەڵام کاک ئەولەسەن هەوڵی ئەدا تا ئەو جێگایە بۆی دەکرێ من لە شەڕ و جێگای خەتەر دوور رابگرێ. زۆر جار بە تووڕەییەکی تێکەڵ بە پێکەنینێکی شیرین ئەی وت:

تۆ نابێ بکوژری، تۆ تەنیا کوڕی، تۆ هێشتا منالی و، ئاخرین وشەی کە ئیستاش لە گوێم دایە ئەوە بوو کە ئەیوت: تۆ نابێ لە نیەر دا بکوژری (وەک ئەوەی کە لە نیەردا کوژرانی بۆ خوی دانابێ!). ئەیوت ئەگەر تۆ بکوژرێی من چۆن سەیری باوک و دایکت کەم کە تەنیا تۆیان هەیە؟ بە هەرحاڵ کاروانی خەباتی خوێناوی کوردان ئیستاش بەرێوەیە و دوای کاک ئەولەسەن، زۆر هەڤاڵی ئازیز و بەنرخی ترمان لەدەست داون، بەڵام من ئیستاش لە هەر جێگاییکدا باسی شەهد دەکرێ، یان بۆ بیرهێنانەوەی شەهیدان دەقیقەییک بێ دەنگ دەبین، پێش هەموو کەسێکی تر ئەوم وە بیر دێتەوە و قەڵافەتی شیرین و شێرانەی دێت و لە پێش چاوم رادەوەستێ.



ئەو ڕۆژە کاک ئۆلەسەن شەهید بوو، شۆڕشی کوڕی تۆزێک فرەتر لە ساڵێکی تەمەن بوو. رەشادیش کە لە خوشەویستی هاوڕێ رەشاد حوسەینی ناوەکەی لە سەر نابوو، کەمتر لە چەند مانگ بوون. کەسمان و بە تایبەتی من بڕوام نەدەکرد کە شۆڕشیش چارەنووسێکی هاوشێوەی باوکی چاوەڕوانی بکات و لە تەمەنێکی هاوشێوەی باوکیدا شەهید ببێت و کۆڕەکەی، هەواراز نەبووبێتە دوو مانگ.

پێش ڕووناکبوونی هەوا، کاک عەلی ئەشرەف پێشمەرگەکانی کو کردەوە و بە نیازی هێرشکردنەوە سەر پایگاکەی ریژیم چووین لە تەپەییکی پشتەوەی

پایگاکە دامەزراین. پاسدارەکان لەسەنگەرەکانیان دا دامەزرابوون و چاوەڕوان بوون بزانن کەی ئێمە هێرشیان دەکەینە سەر. کە هەوا تۆزێک روونـاکتر بوو سەنگەرەکان باشتر دەبینران. هەرچوار دەوری پایگاکە "سیمی خاردار" بوو و، بە پێ قسەی هاوڕێانیش دوو ریز مینی دژی نەفەر بە دەوری سەنگەرەکاندا چێنرا بوون. لە هەر گۆشەییکەوە سەنگەرێک هەڵکەندرا بوو و دەورەکەی بە تەلیسەخۆڵ هەڵچنرا بوو. نێوان سەنگەرەکان کاناڵێکی نیو میتری هەبوو کە دژمن پێدا هاتو چووی نێوان سەنگەرەکانی دەکرد. شوێنەکەی ئێمەش تا یەکەم سەنگەری ئەوان زیاتر لە ٢٠٠ میتر دەبوو و نێوانیشمان وەک لەپی دەست ساف بوو.

ورده ورده سەنگەرەکانمان دایە بەر ئارپیجی وچەکی دیکە. ئەوانیش زۆر و کەم وەڵامیان دەدایەوە. بەڵام دیار بوو خویان بۆ شەڕێکی سەر و ماڵی ئامادە کردووە، یان بە تەما بوون شەڕەکە درێژ کەنەوە تا بەڵکوو هێزی کۆمەکی، کە لە گشت لاییکەوە بەرێ کەوتبوون وە فریایان بکەون. ئێمەش بیری هەردووک ئەم ئەگەرانەمان کردبوویەوە، بۆیە بڕیاری ئاخر درا و هێرشی کۆتایی بۆ



سەر سەنگەرەکان دەستی پێکرد. سەرەتا غەفار، یەکێک لە هاوڕێیانی تا دوێنێ چەکدار، خوی گەیاندە تێلدڕوەکە و پەلاماری یەکەم سەنگەری دا. دوای ئەو، دانە دانە پێشمەرگەکانیتر هەڵفڕین و لە بنی سەنگەرەکانی دژمنەوە نشتنەوە. شەڕێکی زۆر سەخت و دەستەو یەخە دەستی پێکرد. دژمن نیزیک نیو سەعات خوی راگرت. ١٢ کەس لەپاسدارە کان کوژران و گشت سەنگەرەکان کەوتنە دەستی ئێمە. بەڵام پایگاکە دەرگاکەی تەختی زەوی بوو و لە ناوەوە چوار پێنج ماڵی پێچاو پێچی تێدا بوون. ئەوانەیان نە کوژرابوون، چووبوونە ناو ئەم ماڵانە و خویان شاردبوویەوە. پاش ئەوەی چەک و چۆڵی ناو سەنگەرەکانمان کۆ کردەوە لەدەم دەرگاکەوە بانگمان لێ کردن و دانە دانە و دوو دوو هاتنە دەر و خویان بەدەستەوە دا. بەم جۆرە ئاخرین سەنگەری دژمن

لەنیەر کەوتە دەست پێشمەرگە و کۆتایی بە شەڕەکەی ئەوێ هات.

پیویستە بڵێم  کە لە ماوەی ئەم شەڕەدا،  دەیان کەسی خەڵکی نیەر لە پشت سەری پێشمەرگەوە، وێڕای دابەش کردنی نان و ئاو و خواردن راوەستابوون تا ئەگەر پێشمەرگەیک بریندار بوو بیگەێیننە شوێنی ئەمن و لە مەیدانی شەڕ دووری خەنەوە کە بە خوشیەوە کەس بریندار یان شەهید نەبوو.

هاوکات لەگەڵ ئێمە، کاک سالار و ئەوانیش لە تەنگیسەر هێرشیان کردە سەر هەر دووک پاییکای ریژیم. بەڵام لەبەر ئامادەگی تەواوی هێزەکانی ریژیم، هەروەها نەبوونی موزەرفەر وەک کەسی شارەزا و ئاگادار لە پەیوەندییەکان لەگەڵ کەسەکانی خومان لە ناوەوەی پایەگا، کارەکان وەک خویان نەچوونە پێش و پێشمەرگە ناچار بوون  لە یەکەم هەنگاوەوە بەشەڕ لەگەڵ دژمن بەرەو روو ببن. جگەلەمانەش هەردووک پایگای ریژیم لە تەنگیسەر لە ناو ماڵەکان دا بوون کە دەبووا زۆر هۆشیارانە لەگەڵی بجووڵرێتەوە دەنا مەترسی کوژرانی خەڵکی ئاسایی هەبوو. ئێمە دەبووا ئەوپەڕی هەوڵی خومان بدەین تا زەرەر و زیانی ماڵی و گیانی بە خەڵک نەگات. بەهەر حاڵ یەکەم پەلاماری پێشمەرگە سەرکەوتوو نەبوو و سەعید نەدیمیش یەکێک لە سەرپەلە بە نرخەکانمان لەم بەرەیە دا شەهید بوو. ناچار کاک سالار هێزەکەی کشاندەوە پشت ئاوایی و خەریکی پێداچوونەوەی  گەڵالەکەی بوو تا بە جۆرێکی دیکە هێرش بکرێتە سەر دژمن کە هەم " تەڵەفات"ی پێشمەرگە کەم بێت و هەم خەڵکی ئاوایی، کە بە جۆرێک هێزەکانی ریژیم وەک سپەری خویان بەکاریان دەهێنان، زیان نەبینن.

پاش گیرانی پایگاکەی نیەر ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی لای ئێمە چوونە یارمەتی کاک سالار. حەمە گومەتەیی و دەستەیەک لە لکەکەشی گەڕابوونەوە ناو تەنگیسەر و بەشداری شەڕەکە بوون. بە ئامادە بوونی گەڵاڵەی تازە، دوا پەلامار بۆ سەر هێزە کانی ریژیم دەستی پێ کرد. لەم دوو پاییگایە دا نزیک بە چل کەس پاسداری حێزبولاهی، ٧٠ کەس چەکداری خەڵکی ناوچە و چوار کۆنە پێشمەرگەی تەسلیمی هەبوون (پێشتر پێشمەرگە ببوون و خویان تەحویلی دژمن دابوویەوە) کە بەشی زۆریان حازر بوون تا دوا هەناسە شەڕمان لەگەڵدا بکەن، هەروەک بە کردەوە دیتمان کردیان. بۆیە فەرماندەیەیکی کارزان، ژیر و

بە حەوسەڵەی وەک کاک سالار پێویست بوو فەرماندەهی ئەم داستانە بکات تا هەم ئاخرین پەلەقاژەی دەژمن تێک بشکێنی و هەم (جگەلە یەکەم پەلامار کە سەعید شەهید بوو ) پێشمەرگە ش خوێن لە لووتی نەییت!
پێشمەرگە تا بیست میتری پایگاکان چوونە پێش و بە توندی شوێنەکانی دژمنیان دایە بەر چەکەکانیان. هاوکات پەیتا پەیتا داوای تەسلیمبوونیان لە هێزەکانی دژمن دەکرد. چەکدارە کوردەکان بەرە بەرە ورەیان بەردا و دەستە دەستە هاتن تەسلیم بوون. بەم شێوەیە یەکێک لە پایەگاکان بە کردەوە کەوتە دەستی ئێمە. بەڵام پاسدارەکان و چوار کۆنە پێشمەرگە تەسلیمی یەکە هەروا خۆراگرییان دەکرد و جاری واش بوو بۆ دڵ خوشی خویان داوای تەسلیم بوونیان لە ئێمە دەکرد! خومپارەیەکی ٦٠ مم یان لە پەنجەرەی یەکێک لە دیوەکانەوە دامەرزراندبوو و کوێرانە روو بە ناوماڵەکان دەیان تەقاند. سەرەنجام پاش نزیک بە ٣ سەعات شەڕی گران و دەستەو یەخە، هەموو پاسدارەکانی ناو پاییگای دووهەم بە ٤ کوردە تەسلیمی یەکەشەوە کوژران و هردووک پایەگای تەنگیسەریش کەوتنە دەست ئێمە. زیاتر لە ٧٠ کەسیش بەدیل گیران کە بۆلای کاک شاپوور و هاوریانی بەڕێ کران.
ریژیم لەگشت بەرەکانەوە بە هانای هێزەکانیەوە هات بوو. بەڵام هێشتا نەیدەوێرا بێتە پێش و جگە لە پشت ئاوایی سەرێز نەبێت کە لەگەڵ پێشمەرگە سووکە شەڕێک بەرپا ببوو، جارێ هەر لە دوورەوە سەیری ناوچەی شەڕیان ئەکرد. بەڵام ئێمە هێشتا هێرشمان بۆ سەر مێراو دەست پێ نەکرد بوو و ئاگاداریش نەبووین کە هێزی یارمەتی دەری ریژیم گەییشتوەتە ئەو گوندە یان نا؟ بۆیە پاش تەواوکردنی کاری تەنگیسەر، هێزێکی ٦٠ کەسی پێشمەرگە بەرەو مێراو وەڕێ کەوتین و بێ ئەوە کەس تەقەمان لێ بکات تا ناو پایگاکانی ریژیم چوین. هردووک پایگاکە چۆڵ کرابوون و هێزەکانی ریژیم هەڵهاتبوون. پاش کۆکردنەوەی هێندێک چەک و چۆڵ و ئەشیای بەجێ ماو، لەلایان خەڵکەوە ئاگادار کراین کە نزیک بە ٢٠ کەس لە چەکدارە کوردەکان نەیان وێراوە هەڵێن و لە ناو ماڵەکاندا خویان حەشار داوە. پێشمەرگەش گورج دەست بەکار بوون و لەناو مەڕ و مالآت و کادانی خەڵکدا ١٣ کەسمان دیتنەوە و لەگەڵ خومان هێنانمانەوە. بەم جۆرە هەر حەفت پاییگای ریژیم لەم سێ

ئاواییە دا گیران و عەمەلیاتی هێزی بیستوون بە تۆڵەی ٥٩ لاوەکەی مەهاباد گەییشتە ٥٢ هەمین تۆڵە سەندنەوە.

لەسەرجەمی ئەم شەڕانەدا زیاتر لە شەست کەس لە هێزەکانی ریژیم کوژران، نزیک بە دووسەد کەسیش بەدیل گیران و چەک و چۆڵی دەستکەوتی پێشمەرگەش زۆر و زەبەن و فرە و فراوان بوو. هەروەک پێشتریش باسکرا قوربانی ئێمەش سێ هاوسەنگەری زۆر بەنرخمان بوون کە بەراستی دەستچن و هەڵبژاردەی ناو هێزەکەمان بوون. پێشتر باسی موزەفەر و کاک ئەولەسەنم کردوە بەڵام هیچم لەسەر سەعید نەنووسی. نازانم چۆن باسی ئەم هاوڕێیە بکەم؟ راستییەکەی من هەرکات ناوی سەعد زیویەیی دەبەم بێ ئەوە خوم بمهەوێ ئاوایی قارەمانی زیویەم دێتەوە بیر کە بیجگە لە سەعید پۆلێکی تر رۆڵەی پێشمەرگەی نموونە و هاوڕێ و هاوسەنگەرمان بوون و هەرکام لە بەردەکانی ناوچەی بێڵەوار و ژاوەرۆ وەبیر خوم دێنمەوە پەلاماریکی حەمەکەریم، هەڵمەتێکی حەسەن، فیداکارییکی ئەورەحمان، یۆسۆ، سەعیدە بچکۆل، مەحموود و گشت ئازیزانی دیکە، وەک فیلم بە پێش چاومدا تێپەڕ دەبێت و شیرازەی نووسین و گێڕانەوەی داستانەکەم لێ تێک دەدا. سەعید نەدیمی وەک گشت پێشمەرگە زیویەیەکانی تر ئازا، فیداکار و خاوەنی بڕوایکی پتەوی شۆڕشگێڕانە بوو کە ئەگەر مەرگ بی هێشتایا، ئەیتوانی یەکێک لەو کەسانە بێت کە تا لووتکە هەڵ ئەکشێن. بەڵام بەداخەوە مەرگ مەودای نەدا و لە تافی جوانی دا کۆتایی بە ژیانی هات.

## شکاندنی بەڵێن، بە جێهێشتنەوەی ئاواییەکان و تۆڵەکردنەوەی رێژیم لە خەڵکی ئەم گوندانە

پاش ئەوە لە گرتنی پاییگای مێراو گەڕاینەوە لە کەنار ئاویی نیەردا دوو پێشمەرگە هاتنە سەر رێگامان و وتیان هەرچێک زووتر ئاوایی نییەر چۆڵ کەن و بۆ مەزرایک بە ناوی زرێوار وەڕێ کەون قەرارە هەموو لەوێ کۆ بینەوە. من ئەمزانی سەر ئەنجام کاری گرتنی پایگاکان تەواو بوو، ئەم کارە دەکەین و خەڵکی ئەم ئاوایانە بەجی دێڵین تا ریژیم تۆڵەی هەموو شتێکیان لێبکاتەوە.

بەڵام وەک خۆفریـودان حەزم دەکـرد بـڕوا بەم خەبەرە نەکەم و بـێ گوێـدانە قسەی ئەم دوو هاوڕێیە بۆ لای ژووروی ئاوایی چووم و لەوێ تووشی ژمارەیک پێشمەرگە بووم. دیتم ئەوانیش خەریکی پاشەکشێ بوون و منیشیان بە ناچار لەگەڵ خۆیان گێڕایەوە. لە کانگەی دڵمەوە گریانم دەهات و لە بەر خومەوە ئەو دەمانەم پێشبینی دەکرد کە هێزەکانی دژمن بێنە ناو ئاوایی و چ بەڵاگەلێک بەسەر خەڵک دا بێنن؟ من خوم بە یەکێک لە سەبەبکارانی ئەو رۆژە رەشانە ئەزانی کە بۆ خەڵکێکی تا پای گیان وەفادار بە ئێمە و دڵسۆزی ئەم دوو ئاوایەمان پێک هێنا. لە دڵەوە حەزم ئەکرد منیچ وەک کاک ئۆلەسەن لەم شەڕەدا بکوژرێم و ئەو رۆژە رەشە نەبینم کە دڵنیابووم رێژیم بە سەر خەڵکی ئەو ئاواییانەیدا دێنێ......

رێژیم لە گشت ئاوایەکانی دەورووبەرەوە هێرشی دەست پێکردبوو وبە تۆپخانەش سەنگەرەکانی ئێمەی دەکوتا. چەن هەڵیکۆپتەریش بەسەر ناوچەکە دا ئەسووڕانەوە و خەریکی شناسایی جێگاو کۆنترۆڵی جموجووڵی ئێمە بوون. لە پشت ئاوایی سەرێزەوە شەڕێکی توند رویدابوو. دژمن بە جەندین کوژراو و بریندارەوە پاشەکشەی کردبوو بۆ ناو پایەگاکانی و لەوێوە خەریکی خۆ رێکخستنەوە بوو تا هاوکات لەگەڵ بەرەکانی تر دا هێرش بکەنەوە. پێشمەرگە ماندو و شەکەت بوون و بەرەی شەڕیش پان و بەرین. هەموو فەرماندرێکی بەرپرس و ژیر هەر ئەو کارە دەکات کە کاک سەدێق و کاک شاپوور کردیان (هێزەکەت کۆ کەوە و بەزووترین کات لە گەمارۆی دژمن دەربێنە و برۆ بۆ جێگاییکی دیکە کە بە هاسانی دەستی دژمنی پێڕاناگات)، بۆیە کێشەی ئەسڵی ئەمە نەبوو کە چۆن خومان لە شەڕێکی گەورە و پلانبۆکراوی دژمن لادەین، بەلکوو گرفت ئەو هەموو قەولە ناراستانە بوون کە لانی کەم لە لایان کاک شاپوور و کاک سەدێق وەک بەرپرسانی یەکەم بەم خەڵکە درابوون و ئیستا بێ هیچ هەست بە بەرپرسایەتییەک پشتیان تێ دەکرا و خەڵکەکە بە ئامانی خوا وێڵدەکران. من لەم کاتە دا بڕیاردەر نەبووم بەڵام لە دڵسۆزی (بخوێنەوە ساویلکەیی) خوم فریوی ئەم قەولانەم خوارد و بەشی خوشم لە تووشکردنی ئەم خەڵکە، کە بەشی زۆریان بنەماڵە و کەسی خوم بوون تاوانبار بووم.

هەروەک پیشبینی دەکرا ئێمە پاش ئەوە لە زرێوار کۆ بووینەوە بە دیل و

دەستکەوتەوە مەیدانی شەڕ و شوێنی مەبەستی هێرشی دژمنمان چۆڵ کرد و بەرەو چۆمی سیروان و دۆڵی پیرباخ پاشەکشێمان کرد. رژیمیش وردە وردە لە ئاوایەکان نیزیک بوویەوە و هەرلە دوورەوە دەستی بە سووتاندنی کەوێڵ و دارو دەوەنی ئەو ناوە کرد و ئەوەی بەر دەستیان دەکەوت بە ئینسان و حەیوان ودار و بەردەوە وەبەر گولەیان دەدا. لەم چەند رۆژەدا کۆمەڵێک هەڵسوکەوتی نەشیاو لەلایان ئێمەوە بەنیسبەت سەرجەم وەزعەکەوە، بە تایبەتی لە پەیوەندی لەگەڵ ئێعدام و شاردنەوەی تەرمی بەشێک لە پاسدارە دیلەکان دا روویان دا کەمن پێم خوشبوو بەتەواوی وەک خوی باسیان بکەم چوونکە بەڕاستی لە سانسۆر و بەتایبەتی خۆسانسۆر کردن بێزارم. بەڵام لەبەر باری ناسکی بزووتنەوەی ئێمە لە رۆژهەڵاتی کوردستان و، بە تایبەتی ئەو بارو دۆخە کارەساتبارە ناوخۆیەی حیزبی دیمکراتی ئەمڕۆ تێدایە، ئەترسم لە لای دژمنانەوە کەڵکی خرابی لێ وەرگیرێ. بۆیە بە داوای لێ بووردن جارێ ئاگاهانە بە سەریان دا تێپەڕ ئەبم بەو هیوایە رۆژێک بێت ئێمەش بتوانین هەموو هەڵەکانی ناو جووڵانەوەکەمان باسکەین، هەوڵی دووپاتنەبوونەوەیان بدەین و بەم کارەش رەوابوونی داواکانمان بە دنیا سابت کەین.



زۆربەی ئەو کەسانەی وەک چەکداری ریژیم لە نیەر هاوکاری ئێمەیان دەکرد پاش ئەم وەزعە تازەیە بە رەسمی بوونە پێشمەرگە و لەگەڵ حەرەکەتی ئێمە کەوتن. زۆری نەخایاند لەم مەیدانەش دا تواناو لێهاتوویی خویان نیشان دا و لەساڵەکانی دوایی دا کۆمەڵێکیان دوای ئەوە گەیبشتنە پلە و پایە بەرزیش لە شەڕەکاندا شەهید بوون.

# سووتاندنی نیەر و تەنگیسەر لە لایەن هێزەکانی ڕێژیمەوە

دوای پاشەکشێ ئێمە، هێزەکانی ڕێژیم سەرەتا تەنگیسەریان داگیر کردەوە و ڕۆژی دوایی پاش گەمارۆدان هاتنە ناو ئاوایی نیەر. بێ ڕاوەستان لە تەنگیسەر و نیەر بە توندی دەستیان بە ئەزیەت و ئازاردانی خەڵک کرد و هەرکەسێکیان بەر دەست دەکەوت دەیانگرت و بۆ شاری سنەیان بەڕێ دەکرد. لە یەکەم ساتەکانەوە ژمارەیەک جاشەکوردی دیاریکراویش، کە بۆ خەڵکی ئەم دوو گوندە ناسراو و ناوزڕاو بوون، بۆ سووتاندنیماڵەکانی ئەم دوو گوندە دیاری کرابوون و لەگەڵ گەیپشتنیان بە ئاوایی دەسبەکار بوون. لە تەنگیسەر نزیک بە بیست ماڵ و لە ئاوایی نیەر زیاتر لە هەشتا ماڵ سووتێندران و لەگەڵ خاک یەکسان کران.

لەماوەی نزیک بە حەفتەیەک دا ئەوەی مەغۆلەکان و سپا دڕەندەکانی دیکەی میژوو، بە خەڵکی ژێرچەپۆکی خویان کردوویانە خەڵکی نیەر و تەنگیسەریش لە سپای ئیسلامی ئێرانیان بینی و هێندێک جار مرۆڤ لە گێڕانەوەی ڕووداوەکانیش شەرم دەکات. جارێک ژن و پیاویان کۆدەکردنەوە و ئەمریان پێ دەکردن ئەبێت بڕۆن بۆ ئێراق چوونکە ئێوە دژی دەوڵەتی ئێران و پیاوی سەدام حوسەینن. جارێک دەیان هێنانەوە ناو دێ و دەیانوت هەمووتان دەکوژین و.....

لەم ماوە کورتە دا نزیک بە سەد کەسی ئەم دوو گوندە بۆ زیندانی شاری سنە ڕاگوێزرابوون، دەیان کەسی تر وەک دیل و بەردە بە خۆیان و هێسترەکانیانەوە لە بەر دەستی هێزەکانی ڕێژیم دا بوون و کاریان پێ دەکردن. سەرەنجام ئاخرین ڕۆژ، بە بیانووی "حقوق پێ دان" کۆیان کردبوونەوە و لە ٢٠ مێتریییەوە دابوونیاننە بەر ڕەگباری کلاشینکۆف و دەست و لاقیان شکاندبوون. ئەم بریندارانە کە نزیک ٢٥ کەس بوون، بۆیان نەبوو بچنە هیچ نەخوشخانەیەک و دەرمان وەرگرن. سەرجەمیان لە ئاوایی و لە لایەن "حەکیمێکی خۆماڵییەوە" تەداوی و عەلاج کران کە دەکرێ بزانرێ چۆن عەلاجێک!

لەلایکی ترەوە تا کۆتایی ساڵ ریژیم هەموو هات و چوویکی ئەم خەڵکەی خستبووە ژێر چاوەدێریەوە و هەرکەسە لە ئاوایی بیویستبا بچێتە دەر، دەبوا لە پێشدا بڕواتە لای هێزەکانی ریژیم، مەبەستی خوی بەوان بڵێ و ئەوانیش

لەپێش دا هێندێک جنێو و لێدان و پاشان کەسێکی بنەماڵەی کابرایان بە بارمتە دەگرت تا کابرا دەگەڕایەوە. سەرەتا ریژیم مەبەستی بوو بەتەوای گوندی نیەر برووخێنێ و خەڵکەکەی دەربکات بەڵام بەهوی نیزیکی لە شاری سنە و قەبارەی گوندەکە (نزیک بە چوار سەد ماڵ) و... بۆی نەکرا و دەستی لێ هەڵ گرت. تەنیا بەوە رازی بوو کە کەسی دەرەجەیەکی پێشمەرگەکان (نزیک بە ٥٠ پێشمەرگە) لەئاوایی دەرکات و واز لە ئەوانی تر بێنێ.

## دوایین جەولەی ئێمە و شکاندنی گەمارۆیەکی مەترسیداری هێزەکانی رێژیم

پاش بەجێ هێشتنی نیەر و تەنگیسەر رووومان کردە ناوچەی بێلەوار و بەهۆی هێرشی پەیتا پەیتای ریژیمەوە لە هیچ جێگایەک نەمان ئەتوانی زیاتر لە رۆژێک بمێنینەوە. بەردەوام لە حاڵی رویشتن و شەڕ و هەڵاتن دا بووین تا دەرگیری شەڕێکی نەخوازراو نەبین. ناچار نەباین خومان لە شەڕ نەئەدا. بەڵام ئەوان وەزعی ئێمەیان بە باشی ئەزانی و گەرەکیان بوو هەرجۆرێک بووە تۆڵەی ئەو زەربە گەورەیەی کە لە ژاوەرۆ بەریان کەوتبوو لە ئێمە بکەنەوە. سەرەنجام رۆژێک بەشی زۆری پلانەکەیان گرتی و لە شوێنێکی زۆر حەساس و سەخت دا ئێمەیان خستە گەمارۆیەکی دژوار کە خەریک بوو دەیان کەسمان لێ بکوژن.

لە دۆڵێکی تەنگەبەر و لە ناو بێشەچنارێک دا خەوتبووین و لە گۆشەیەکی شوێنەکەشمانەوە نیگابانێکمان دانابوو. جادەیەک و چەندین پایەگای رێژیم لە روو بە رووومانەوە و پشت سەریشمان لووتکەیەکی بەرز، بەڵام ساف و بێ بەرد و دار بوو. هەر چوار دەوری ئەم شوێنە پایەگا و گرووهی زەربەتی رێژیم بوو و ئێمەش لە بەر ناچاری و بەو نیازە هەڵمان بژاردبوو کە "بێشکە". لای سەعات ١١ ی بەیانی دیتمان لووتکەکەی پشتسەرمان پاسداری پێوەیە و دوای تۆزێکیش لە جادە و پایەگاکانی روو بە رووومانەوە دراینە بەر تەقە و تۆپی ١٠٦.

تەنیا دوو رێگا لە بەر بوو. یان راوەستان لەو شوێنە نالەبارە و چاوەڕوانی تەنگتربوونەوەی هەڵقەی گەمارۆی هێزەکانی رێژیم. یان هێرشبردن بۆ یەکێک

لەو شوێنانەی کە هێزی دژمنی لێ دامەزراون و تێکشکاندنی گەمارۆکە. پێشمەرگە لەگەڵ زریکەی تەقینەوەی گولەتۆپ و قیژەی ناخۆشی دەنگی قەناسە، تێکدەئالان و بێ ئامانج بە دەوری خۆیاندا دەسووڕانەوە. لە پڕ کاک سدیق بابایی هاتەدەنگ و وتی ئەمە چە وەزعێکە؟ ئەمەیە هێزی بێستوون؟ دادەی چەند کەس حازر بن بۆ ئەو لایە و دەستی کێشا بۆ بەرزایەکەی پشت سەرمان. کاک سالار و ١٠-١٢ کەس جیا بوونەوە و لە ژێر ئاوربارانی بێ ئەمانی هێزەکەی روو بە رووماندا، روویان لە بەرزایەکە کرد. دوای تێپەڕینی چەند دەقێقە کە لای من وەک سەعاتێک تێپەڕی، تەقەیان لە بن هەنگڵی دژمنەوە هەستاند و لە سەر لووتکە شەڕێکی سەختی دەستەو یەخە دەستی پێ کرد. چەند دەستەی دیکە بە دوای ئەواندا چوون و لە گشت لایەکەوە شەڕ گەرم بوو. لای سەعات سێ ئێوارە لووتکەی شاخ کەوتە دەست ئێمە، گەمارۆیکی زۆر ترسناکی هێزەکانی ڕیژیم تێک شکا، زیاتر لە بیست جەنازەی دژمن لە مەیدانی شەڕەکە دا بەجێمان کە چەند کەسیان جاشی خەڵکی ئاوایی تا بوون. لەم شەڕە دا یەک پێشمەرگەش برینداا نەبوو و بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر و وەک ئێژن موعجێزە ئاسا جارێکی دیکەش لە قەتڵیعامێکی گشتی نەجاتمان بوو.

گەلێک جار سەرم لە پێشمەرگە و پەلاماری برووسکەئاسای سوور ماوە و هیچ وەڵامێکم نەبووە بۆ ئەو سەدان پرسیارە کە لە بەر دەمم دا قوتبوونەتەوە. بۆ نموونە ویستوومە بزانم کە ئەو گشت هێز، ورە، دەست و برد، ئێمان و سەرەنجام ئازایەتییە لە کوێوە سەرچاوە دەگرێ کە هێزێکی چەندینجار لە خوت زۆرتر، پڕچەک تر، زاڵ تر و... تێک دەشکێنی و بۆ خوت کەمترین زیانت بەر ناکەوێ. ئەم جارەش یەکێک لەو جارانەیە کە هەرچەند خوم لە نزیکەوە شاهێدی بووم و بە چاو ئەمبینی، هێشتا نازانم چۆن ئەو دەیان هەزار گولەیەی دژمن تاقە پێشمەرگەیەکی ئێمەی بریندار نەکرد بەڵام زیاتر لە بیست کەسی ئەوان بە کەمتر لە هەزار فیشەکی ئێمە کوژران!

ئێمە لە هەموو بارێکەوە لە ژێر فشار دا بووین. سەرما زۆری هێنا بوو و ژیان لەدەرەوەی ئاوەدانی زەحمەت و جاری وا بوو نا مومکین بوو. ڕیژیم هێزێکی زۆری وەدوا خستبووین و بەردەوام لەشەڕ و راکردن و خۆ لە شەڕ لادان دا

بـــووین. ئـەم وەزعـە وای کـردبـــوو کـە حـەفتـــانـە یـەک دوو پێشـــمـەرگـەمـان هـەڵ دەهـاتن، یـان خـۆیـان رادەسـتـی ریـژیـم دەکـردەوە و زانـیـارییـان لـەسـەر وەزعـی ئـێـمـە بـەوان دەدا و، ریـژیـمیـش لـەسـەر ئـەسـاسـی ئـەم زانـیـاریـانـە فشـاری خـوی بـۆ سـەر ئـێـمـە زیـاد دەکـرد. بـۆیـە نـاچـار بـووین بـۆ ژیـانـێکـی تـۆزێـک ئـاسـوودە تـر بـەرەو نـاوچـەی کـۆمـاسـی و سـەرشـیوی مـەریـوان کـە هێشتا لـەژێر کـۆنـترۆڵـی پێشـمـەرگـە دا بوون بگـەڕێنـەوە و بـۆ یـەکـەم جـار پـاش جـەند سـاڵ نـاوچـەی کـامیـاران و کـرمـاشـان بـێ پێشـمـەرگـە بـکـەین.

# قەڵای سەربەرزی

ریژیم چەند بنکە و پایگای تازەی لە تەنگیسەر و مێراو دا دانان و ژمارەیکی تری خەڵکی ئەو گوندانەی بە زۆر و بە دڵخواز چەکدار کردن. بەڵام لە نیەر نە پاییگای دانا و نە کەسی تازەشی بۆ چەکدار کرا. راستیەکەی بڕوای بە کەسی ئەم دیە نەبوو تا وەک هاوکاری خویان حیسابی لە سەر بکەن. پاسدارەکان لە بەین خویان دا بە نیەریان ئەوت " قلعە ضد انقلاب" و خەڵکیش لە داخی ئەوان پێیان دەگوت " قەڵای سەر بەرزی". حەفتەییک جارێک یان دوو جار تاقمە زەربەتێک دەهاتن، هێندێک ئازاری خەڵکیان دەدا و دەگەڕانەوە. خەڵکیش بەم کارە عادەتیان کردبوو کە پاسدار دەهاتن لەبەر مزگەوت کۆ دەبوونەوە، شەق و بێ حورمەتی خویان دەخوارد ودەچوونەوە سەر کار و کاسبییان. بەڵام ئەو کاتانە ئەم جینایەتکارانە لە دێ نەدەبوون خەڵکی فرسەتیان دێنا، بە هەرەوەز ماڵە سووتاوە رووخاوەکانیان ساز دەکردنەوە و پاش ئامادەبوونی هەر ماڵێک خزمێکی نزیکی ئەوماڵە دەچوە ناوی و ماڵەکەی ئاوەدان رادەگرت تا وردە وردە بەدزیەوە بەشی زۆری ماڵە پیشمەرگە دەرکراوەکان گەڕانەوە. رۆژی دوایی دیسان دژمن دەهاتەوە ئەم لێقەوماوانەی وەبەر لێدان و بێحورمەتی دەدانەوە کە بەسەرهاتی هەرکام لەم کەسانە کە نزیک بەیەک ساڵی کێشا بۆ خۆی چیرۆکێکی تراژیکە.

قەڵای سەربەرزی هەروا خوی سەربەرز راگرت و هیچ بێرەحمی، تاوان، جینایەت و کوشت و بڕێکی داگیرکەر نەیتوانی خەڵکەکەی بە چۆک دا بێنێ و ساڵەکانی دواتر هەر بەوشێوەیە و، بگرە زۆر زیاتریش یار و یاوەری پێشمەرگە و بزووتنەوەی رزگاری خوازانەی کوردستان بوون. من بە دەیان جار بە دو، سێ و تەنانەت شەش پێشمەرگەی بریندارەوە دەبوومە میوانیان. برینـدارەکانم بەلاوە بەجێ دەهێشتن و پاش مانگێک دەگەڕامەوە. بە ساغی، یان نیوە ساغی لەگەل خوم دەمبردنەوە. ئەم هاوکارییە تەنیا لەگەڵ من نەبوو، بەڵکوو زۆر لە هاوڕیانی دیکەشمان ئەمکارەیان دەکرد و هەموو کادر و تیمەکان رۆژی لێ

قەومـان پەنامـان بـۆ ئەم سـەنگەرە بە تەواوی گەمـارۆ دراو، بەڵام هیچکـات دەستی ریـژیم پێڕانەگەیشتووە دەبرد و خومان و هـاوڕێیە بریندارکانمان تێدا دەشـاردەوە تـا لـە دەسـتی داگیـرکەر لە ئامانـدا بیـین. جـاری واش بـوو هەمـوو زستان چەند پێسمەرگە بەنهێنی لەم دوو گوندە دا تا بەهار و کاتی گەڕانەوەی هێزەکەمان دەمانەوە.


سـاڵەکانی دواتـر ئیـدی بەتەنـێ نـیەر و تەنگیسـەر نەبـوون کە ئەم بـارە قورسەیان هەڵ گرتبوو. ئاواییەکانی سەرڕێز و گوازیش بوونە هاوکار و زۆرجار قورسایی کارەکانمان دەخستە سەر سەرڕێز. لە حاڵێکدا لە پشتەوەی ئـاوایی شـەڕ بە توندی بەردەوام بـوو، بە بـار و بە کـۆڵ نـان و خـواردن دەگەییشـتە سەنگەرەکانمان و هەموو خەڵکی ئاوایی سەرڕێز ئەیانزانی برینـدارەکانمان لە"گەڕاون" و بە نـۆرە دەرمـان کردنیـان وە ئەسـتۆ دە گـرتن. ئـاواتەخوازم رۆژێک بێت و من بتوانم بێترس لە دەستی تاوانی دژمن، هەموو ئەم ئینسـانە فیداکار و خزمەتکارانە بە خەڵکی کورد بناسێنم کە لەم رێگـا پڕ مەترسییە دا لە هیچ فیداکارییەک درێغییان نەکرد.

لە درێـژەی خەبـاتی رەوای خەڵکـی کوردسـتان و شـەڕی سـەپێندراوی کۆمـاری ئیسلامی دژی ئەم گەلە دا، ئاوایی نیەر کە لەم داستانە دا بە حەق بە قەڵای سـەربەرزی نـاوم هێنـاوە، یـەکێک لە فیـداکارترین شـوێنەکانی رۆژهـەڵاتی کوردسـتان بەحیسـاب دێت کـە گەورەتـرین فیـداکاری و ئەمەکناسیی لەخۆیـەوە نیشـاندا و زۆرتـرین قوربـانی پێشکەشـی بارەگـای گەل کـرد. بە داخەوە ئەم کاروانە هێشتا بەڕێوەیە وئێمە هەروا ژێردەستە و بێ مافین.

بۆ رێز لێنان لەو خەڵکە فیداکارە و هەروەها بۆ نیشان دانی قەدرشناسی خـوم لـە ئاست ئەم خوشەویستانە کە دەیـان جـار خویـان خستوەتە خەتەری مەرگ تامن لە بەڵا دوور خەنەوە، ئەم داستانەم (باسی نیەر و رووداوەکـانی) نووسـی و بڵاوم کردەوە. بێ گومانم کە کۆمەڵێک هەڵە و کەم و کۆڕیم هەیە و سپاسـی ئەو کەسە دەکەم کە لە هەڵەکان ئاگادارم کاتەوە. بەڵام دڵنیـام هیچـی زیـادیم نەنووسیوە، بگرە لەبەر کۆمەڵێک هۆکار، گەلێک شتم قرتاندوە کە زۆریشی پێوە نارەحەتم. بەڵام جارێ کوا مەودای ئەوە بۆ کورد رەخساوە تـا بـێ زیانگەیانـدن بە خەڵکەکەمان، هەموو خراپە و لاریەکانی خوشمان باس بکرێن؟

# چۆڵکردنی ناوچە و رویشتن بۆ سەرشیوی مەریوان و سارالّی دیواندەرە

دوای ماجەرای نیەر، مانەوەی ئێمە لە ناوچە گەلێک زەحمەتتر ببوو. لە لایەک رۆژ بە رۆژ هەوا ساردی دەکرد و بەرەو کۆتایی پاییز دەچووین، لە لایەکی دیکەوە رێژیم بە نیازی تۆڵە سەندنەوە فشارێکی زۆی خستبووە سەرمان و نەیدەهێشت بحسینەوە. ژمارەیەکی زۆری ئەو کەسە تەنگیسەریانە کە دوای گیرانی پایەگای گوندەکەیان ناچار لەگەڵ ئێمە کەوتبوون ئەم وەزعەیان پێ تەحەمولّ نەدەکرا. رۆژانە لێمان هەڵدەبڕان و دەچوونەوە لای رێژیم، یان سەری خویان هەڵدەگرت و بەرەو شارەکانی ئێران دەڕویشتن. هەر لەم سەر و بەندەدا و دوای خوتەحویلدانەوەی پێشمەرگەیەکمان بە ناوی حەمە سەلیم سیویەیی، رێژیم شوێنی ئەنباری چەک و چۆڵەکەمانی دۆزییەوە و دەستی بە سەرداگرت. ژمارەی ئەو شتانەی رێژیم لەم شوێنە دا بردنی خوی لە دەیان قەبزە چەکی قورس و سووک و هەزاران گولە و فیشەک ئەدا کە بە شی هەرەزۆری لە شەڕەکەی نیەر و تەنگیسەردا گیرابوون و بە باری دەیان هێستر گوێزرابوونەوە و بە زەحمەتێکی



زۆری چەند هەڤاڵ، بە تایبەتی کاک بورهان، فەیزە و ئەوڕەحمان لە دۆڵی "لاتەوەن" شاردرابوونەوە. کاتی گرتنی کۆنفەرانسی هێز و کومیتەی شارەستانی کرماشآن هاتبوو و ئەبوا بە زووترین کات بیگرین. لەم کۆنفەرانسەدا ئەبوا هەم نوێنەرانی خومان بۆ کۆنگرەی شەشەمی حیزب کە قەراربوو کۆتایی ئەو ساڵە بگیردرێ دیاری کەین و هەم ئەندامی نوێ بۆ کومیتەی شارەستانی کرماشان هەڵبژێرین. بەڵام هێرشی پەیتا پەیتای رێژیم

نەیدەهێشت و ناچار بە نیوەچڵی هێشتبوومانەوە تا بزانین کەی فرسەتێکی باش بۆ ئەم کارە هەڵدەکەوێ.

سەرەنجام ناوەڕاستی ئاخرین مانگی پاییز لە هەوارگەی مێرگەواری نیەر کۆبووینەوە، خۆمان رێکخست و بە بێ ئەوە کەسمان شارەزاییەکی وامان هەبێت بەرەو ناوچەی کۆماسی مەریوان کەوتینەڕێ. سەرەتا دەبوا بە ناو گوندەکانی ژاوەرۆی مەریواندا کە هەموو داگیرکراو و پایەگای دژمنیان لێ بوو تێپەڕین. دواتر لە جادەی سنە- مەریوان بپەڕینەوە و ئەوکات دەگەییشتینە بناری کێوی کوڕەی میانە. رێگاکە گەلێک لالێژ و سەخڵەت بوو. ئەنوەر پەشاوەیی کە لە شەڕی نیەر دا رانی شکابوو چاکتر نەببوو هیچ، بە هۆی نەبوونی دوکتور و عەلاجنەکرانی گەلێک خراپتر و زامەکەی پڕ ئازارتر ببوو. لەو ماوەیەدا، لە ماڵی دڵسۆزێکی شۆڕشدا شاردبوومانەوە و بۆ خوی بە دەم ئازارەوە دەتلایەوە. دوای ئەوە بڕیاری چۆڵکردنی ناوچەمان دا لەم سەفەرە پڕ مەترسییەدا لەگەڵ خومان خست. سواری هێستره بۆرمان کرد و وەک هەمیشە کاک جەلال و ئەورەحمان بزوەشی بەرپرس و ئاگاداری ئەنوەر بوون تا لە کاروان بە جێ نەمێنێ.

لە پشتی ئاوایی بێساران کابرایەکی خەڵکی ئەو گوندەمان بە زۆر لەگەڵ خومان برد تا رێگامان پێشان بدات. کابرا زۆر ناحیساب و نادڵسۆز دیار بوو. تا نزیک بەیانی بە چەند رێگەی سەخت و پێچڵاو پێچدا بردینی. نزیک سەعات چواری بەیانی لە جێگایەکدا وتی ئەیرە باشە بۆ مانەوە و بێ ئەوە کەسمان هەست پێ بکات لە پڕ لێمان ونبوو. تێمێک پێشمەرگە بە سەرپەرەستی کاک عەلی ئەشرەف لە پێشەوە چووبوون بۆ گوندێک بە ناوی سپیین تا هەواڵێک بزانن. لە ناکاو کەوتنە کەمین و تەقەیان لێ کرا. لە پایەگای گوندی خواشتیشەوە، کە لە پشتمانەوە بوو تەقە دەستی پێکرد و دەرکەوت کە تێکرا لە ناوەڕاستی چەند پایەگایەکی دژمن داین. شاخێکی بەرز روو بە roomان بوو بەرپرسان دەستیان بۆ کێشا و وتیان تا بە تەواوی هەوا ڕووناک نەبووە خوتان بگەیيننە ئەو شاخە.

گەلێک ماندوو و برسی بووین. لە ئێوارەوە بە رێگاوە بووین و کەمترین ئیسراحەتمان نەکردبوو. بەڵام چارە نەبوو و دەبوا خومان بگەییننە ئەو شاخە

کە نەمان دەزانی چۆڵە یان ئەویش پایەگای دژمنی پێوەیە. پێشمەرگە بەرەوە لووتکە هەڵکشان و باقییەکەمان خومان بە دوایاندا کێشکرد. دەمەو بەیان ژمارەیەکی چەندکەسی لە پێشمەرگەکان گەییشتنە لووتکەی شاخ کە دواتر دەرکەوت ناوی "جەنگایە" و بە سەر جادەی ئیسفالتی سنە - مەریوان دا بە تەواوی زاڵە و گوندەکانی بەر قوڕوو ،میانە ، ئەوێهەنگ ،خواشت و...ی بە باشی لێوە دیارە. پایەگاکانی رێژیم هەروا خەریکی دوورەتەقە بوون و، کە بە تەواویش رۆژ هەلات و جمووجووڵی جادە دەستی پێکرد، هلیکۆپترەکانی رێژیم بە بەردەوامی و نزم بە سەر جادەکە دا کەوتنە هاتوو چوو کردن. دوایە دەرکەوت ئەم هلیکۆپترانە کاریان بە ئێمەوە نیە، بەڵکوو لە بەرەی مەریواندا شەڕی ئێران و ئێراق گەرمە و ئەمانە بۆ هێنان و بردنی تەقەمەنی و گوازتنەوەی بریندارەکانی ئەو شەڕە دێن و دەچن. بەم شێوەیە هەتا لای ئێوارە راوەستان لە بەر دوورەتەقەی پایەگاکانی رێژیم و گرم و هۆڕی هلیکۆپتێرەکانی بووە کارمان بێ ئەوە تووشی شەڕێکی روو بە روو بین، شتێک کە زۆری لێ ئەترساین چوونکە جگە لە ماندوویەتییەکی یەکجار زۆر برسیشمان بوو و دوو رۆژ بوو نان و خواردنێکی وامان نەبوو بیخوەین.

ئێوارە بە ترس و لەرزەوە لە شاخ داگەڕاین، هاتینە سەر چۆمی رۆخانە و بە وریاییەوە لە جادەی ئیسفالتی سنە - مەریوان پەڕینەوە. تیمێک چوون بۆ ئاوایی بەرقوڕوو خواردن بێنن بەلام لە بەر ئاوایی هەستیان بە کەمینی هێزەکانی دژمن کرد و بێ ئەوە دژمن ئاگادار بێت گەڕانەوە. بە شاخی کوڕەی میانەدا هەڵگەڕاین و لە بەر ماندوویی لە سنوور بەدەر، تا نیوەشەو ئەونجا گەییشتینە نێوقەدی شاخ. لە شوێنێک کە کانی و ئاوێکی دڵنشین بوو هەرکەسە بە لایەکدا لار بووینەوە و خەومان لێ کەوت.

بڕیار درا لەوێ بمێنینەوە بەلام لە بەر سەرما نەمانئەتوانی زیاتر بخەوین و لە بەر ئاشکرانەبوونیش نەماندەوێرا ئاگر کەینەوە. بۆیە ناچار تا بەیانی لەو ناوەدا هەڵلەرزین و چاوەڕوانی هەڵهاتنی خورتاو ماینەوە تا لە ژێریدا لەشی ماندوومان گەرمکەینەوە. نزیک سەعات دەی بەیانی لە کاتێک دا زۆربەمان لە بەر خورێکی سیس و بێگیانی پاییزیەوە خەومان لێکەوتبوو، بانگیان کردین و وتیان هەستن نان بخون. کاک سالار و چەند کەس چووبوون بۆ نزیک ئاوایی

میانە و خەڵکیان ئاگادار کردبوو کە نانمان گەرەکە. خەڵکی دڵسۆزی ئەم ئاواییەش بە کۆڵ و باری چەند وڵاخان ئەوەی پێیان کرابوو هێنابوویان و لەو بیابانە سارد، بەڵام دڵڕفێنە دا سکی برسی و لەشی زیاتر لە حەد ماندووی ئێمەیان پڕ کرد لە ئێنرژی و هیوایەکی گەورەی دیکەیان پێ بەخشینەوە و دڵنیایان کردینەوە کە ئێمە بە راستی رۆڵەی ئەو گەلەین.

لای ئێوارە بە رەوە گوندەکانی نێزڵ، بیەرە، گڵیە، بلچەسوور و مامۆڵە کەوتینە رێگا کە هێشتا پایەگای دژمنیان لێ نەبوو و پێشمەرگە بێترس هات و چووی دەکردن. لەم گوندانە دا چەند رۆژ ماینەوە، پاشماوەی کۆنفەرانسە ناتەواوەکەی دۆڵی لاتەوەنمان تەواو کرد و ئەندامانی کومیتەی شارەستان و نوێنەرانی خومان بۆ کۆنگرەی شەشەمی حیزب دیاری کرد. ئەم کۆنفەرانسە لە ئاوایی بیەرە و بە بەشداری ژمارەیەک کادر و نوێنەری پێشمەرگەکان، کە پێشتر لە کۆنفەرانسی لکەکاندا هەڵبژێردرابوون بەسترا و دواتر ئەندامانی کومیتەی شارەستان لە ناویاندا دیاری کران کە منیش یەکێکیان بووم.

دوای زیاتر لە یەک حەفتە لەم گوندانە و حەسانەوەیەکی باش، بەرەو ناوچەی سەرشیوی مەریوان، کە بنکەی سابتی کومیتەی مەریوان و هێزی زرێواری لێ بوو وەرێکەوتین. دەبوا سەرەتا لە جادەی دووهەمی سنە مەریوان کە بە جادەی "گاڕان" یش ناسراوە بپەڕینەوە و دوای ئەوە دەگەییشتینە ناوچەی بە تەواوی ئازادی ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە.

پاشنیوەڕۆیەک لە ئاوایی بلچەسوورەوە بە شێوەیەکی رێک و پێک کە لە تایبەتمەندییەکانی هێزی بێستوون بوو بەرەوە گوندی "بەردی سپی" کەوتینەڕێ کە لە نزیک جادە بوو. لە یەکەمین رۆژمانەوە گەییشتینە ناوچەی کۆماسی، تیمێکی هێزی زرێوارمان بە پیرەوە هاتن و لەم رێگایە دا وەک چاوساق و شارەزا هەردەم لە پێشمانەوە بوون. ئەم جارەش وەک هەمیشە تیمێکی ١٥-٢٠ کەسی لە باشترین پێشمەرگەکان لە پێشەوە بۆ شناسایی رێگا و ئاوایی دەڕویشتن و لە پڕ هەواڵ گەییشت کە ئاوایی دژمنی لێیە. ئەم گوندەش پایەگای سابت و دایمی رێژیمی لێنەبوو بەڵکوو جار و بار تاقمی زەربەت

دەهاتن و دوای هێندێک ئازار و بێ حورمەتی بە خەڵک دەڕوویشتن و ئەم جارەش هەر بۆ ئەو مەبەستە هاتبوونە ئەم گوندە بەڵام بۆیان گران تەواو بوو و جگە لە کوژرانی ژمارەیەکیان، ئەوانیتریان بە زەحمەت دەرباز بوون.

پێشمەرگە بێ راوەستان لە چەند مەسیرەوە roوویان کردە ئاوایی و هێزی دژمنیان دایە بەر پەلامار. دوای نیو سەعات هێزی دژمن هەڵات و ئاوایی کەوتە دەستی ئێمە. بەڵام پێشمەرگە وازیان نەهێنا و دوای جاش و پاسدارەکان کەوتن. لە نزیک جادەی ئەسڵی کە لە خوار ئاواییەوە تێپەڕ دەبوو ماشینێکیان لێ گلدانەوە و هەر لەوێ سواتاندیان. پاشماوەی هێزەکەی دژمن بە پێیان دەستیان کرد بە هەڵاتن و لە ناو دار و دەوەندا خویان شاردەوە. شەڕ و راونانی ئەم تاقمە زەربەتەی دژمن نزیک سەعات و نیوێکی کێشا و ١٢ جەنازە، یەک ماشین و ژمارەیەکی زۆر چەک و تەقەمەنی کەوتە دەستی ئێمە. پێشمەرگە بێ زیان و دوای ئەم سەرکەوتنەش گەلێک شاد و کەیفخوش بوون چوونکە وەک هەوەڵین خۆنیشاندانمان لە ناوچەیەکی تازە دا سەرکەوتن تام و مانای خوی هەبوو.

لەم شەڕەدا کلاشینکۆفێکی مزەلی گیرا و فەرماندەکان دایان بە پێشمەرگەیەک بە ناوی کەریم بزوەشی. بایز گوڵموحەمەدی، کە یەکێک لە گەنجترین و هاوکات ئازاترین پێشمەرگاکانمان بوو پێ وابوو ئەو کلاشینکۆفە حەقی ئەوە و ندەبوو بیدەن بە کەریم. بۆیە چووە لای فەرماندەکان و وتی بۆ ئەو چەکەتان بە من نەدا؟ کاک سالاریش تووڕە بوو وتی فەرقتان چیە؟ کەریم پێشمەرگەیەکی قارەمانە و خوێنی داوە بۆیە حەقیەتی بەو بدرێ. بایزیش بە پێکەنینەوە و فرە لە سەرەخۆ وتی:

ئەی من نەفتم داوە باوکم؟

ئەم قسەیەش ماوەیک بوو بە نوقوڵی مەجلێس و بۆ یەکترمان ئەگێڕایەوە.

دوای شەڕەکە لە ناو ئاوایی دا دابەش بووین، نان و چایمان خوارد و لە بەر ئەوە تووشی ئەم شەڕە ببووین مەسیری رێگاکەمان گۆڕی و چەند سەعات دێرتر لە پلانی پیشوو گەییشتینە شوێنی مەبەست. لای سەعات نۆی ئێوارە لە ئاوایی کوچک بەردی سپی چووینە دەر و نزیک سەعات یەکی نیوەشەو گەییشتینە ئاوایی پلیانەدەر کە تەنیا یەک کەم لە جادەی گاڕانەوە دوور بوو. نان و

پێخـورێکی باشـمان لەم گونـدە دا خـوارد و پاشـان بە ئـارامی و بـێ کێشـە لە جـادەی ئەسڵیش تێـپەڕین و چـووینە یەکەم ئـاوایی بەرپـلا، یـان سەرشـیوی مەریوان کە "بیەڕەشان"ی ناو بوو.

# سەرشیو، سارالٚ و دیسان بنکەی سابت

ڕۆژی دوایی بیەڕەشانمان بە جێهێشت و بەرەو ئاوایەکانی سەرشیو کەوتینەڕێ کە بریتیبوون لە ساوسلێمانە، گلە، زوێران، چالٚیسوور، گێلٚیکەران و ئیسەولٚێ. هیچکام لەم گوندانە پایگا و هێزی دژمنیان لێ نەبوو و ئیسەولٚێش لە هەموویان باری هەلٚکەوت و جێگای بۆ مانەوەی پێشمەرگە باشتر بوو، هەربۆیەش بنکەی سەرەکی حیزب و کۆمەلٚە لەم گوندەدا دامەزرابوو. ئێمە دوای جەولەیەکی چەند ڕۆژە بەم گوندانەدا رویشتین بۆ ئیسەولٚێ و لەوێ بوینە مێوانی کومیتەی شارەستانی مەریوان و هێزی زرێبار کە کاک عەولٚای بارامی وەک بەرپرسی کومیتە و کاک مەنسووری فەتاحی وەک فەرماندەری هێز کاریان دەکرد.

ئیسەولٚێ گوندێکی ٧٠ – ٨٠ مالٚی بوو کە، لای خوارییەکەی بە مزگەوتەکەیشەوە کرابووە بەشی حیزب و لای ژوورەوەشی بنکەیەکی کۆمەلٚەی لێ بوو. پشتەوەی ئەم گوندە ئەبووە ڕۆژاوای شاخی بەرین و زۆر ستراتێژیکی چلچەمە کە ناوەندی ئاژوان و کومیتە و هێزی دیواندەرەی حیزب لە لای ڕۆژهەلاتییەوە و، بنکەیەکی زۆر گەورەی کۆمەلٚەش لە ئاوایی بس لە باکووریەوە بوون. جگە لەم شوێنانە بنکەی هێزی شەریفزادە و کومیتەی سنەی حیزب لە ئاوایی دەروەیان و کۆمەلٚەش لە گوندەکانی ئالٚۆسەمەدی لە لای باشووری چلچەمە دا دامەزرابوون. بە کورتی هەموو هێزەکانی کۆمەلٚە و دیموکرات کە پاییزی رابوردوو (١٣٦١) لە ژاوەرۆی سنە و مەریوان پاشەکشێیان کردبوو، لەم ناوە دا گیرسابوونەوە و بنکە و بارەگایان لێ خستبوو.

لە ئیسەولٚێ یەکەم کۆبوونەوەی کومیتەی تازەپێکهاتووی کرماشانمان پێکهێنا و بڕیاردرا لە سەر داوای ناوەندی ئاژوان و پێشنیاری کومیتەکانی دیکە بنکەی سەرەکی ئێمەش بڕواتە ئاوایی دۆزەقەرەی سارالٚ کە ئەویش لە بناری چلچەمە و لە نێوان بنکەی کومیتەی سنە و ناوەندی ئاژواندا هەلٚکەوتبوو. دوای چەند ڕۆژ مانەوە لە لای هاوڕێیانی زرێبار، چووین بۆ دۆزەقەرە و لەوێ بنکە و

بارەگامــان دامەزرانــد. دۆزەقەرەش گونــدێکی ٧٠-٨٠ مــاڵی و وەک گشــت ئاواییەکــانی ئەو نــاوە دواکەوتــوو، بــێ بــرق و جــادە و دوور لە هەرچەشــنە خزمەتگوزارییەک راگیرابوون. من کە دوای ژاوەرۆ ناوچەی ئاوەدان و پێشەنگی چەمشــارم بینــی، بەزەیــیم بە خەڵکــی لای خومــان دا دەهــات بەڵام کە ئەم نــاوچەم بینــی چەنــدینقات لە ژاوەرۆ خراپتــر بــوو. ماڵەکانیــان زۆر شــپرز و دواکەوتــوانە ســازکرابوون و جــاری وابــوو مەڕ و مــاڵات لەگەڵ ژن و منــاڵ لە دەرگایەکەوە ئەچوونە ناو! هیچکام لە ئاواییەکان قوتابخانەی نەبوو و جگە لەمەش، خەڵکەکەی زۆر دەسەپاچە و "بێ ئیستێعداد" بوون و لەو هەموو ئاوە فراوانە و خاکە نەقد و بە پیتە و لەو شاخ و شوێنە بەهەشتئاسایانەی بناری چلچەمە نەیاندەتوانی هیچشتێک، تەنانەت مێوە و سەوزیش بەرهەم بێنن. ژیانیــان ســاکار و تەنیــا بە ئاژەڵداری بە رێوە دەچوو. دیــارە ئێمەش نەمــان تــوانی شــتێکی شــیاو فێری ئەو خەڵکە کەیــن و دوای چەنــد مانــگ مــانەوە لە ناویانــدا گۆڕانێکمــان لە ژیانیــان، بە بــاری باشــیدا پێکنەهێنــا. حیــزب و حەرەکەتێکــی سیاســی ئەبێــت ئاســەواری باشــی خــوی لە کــۆمەڵگە و شــوێنی بوونیدا دانێ تا خەڵکی دواتر بە باشی باسی بکەن، بەڵام ئێمە لە ژێر فشاری دژمن و کاری سەربازیدا، کەمترین کات و ئیمکاناتمان بۆ ئەم بەشي دانابوو.

دوای دامەزران لە دۆزەقەرە دەرکەوت شوێنەکە بۆ هێزەکەی ئێمە، کە ئەودەم نزیک بە ١٩٠ کەس دەبــووین تەنگەبەرە. ناچــار لکەکەی ئێمە نێردراین بــۆ گوندی نەرگسەڵە کە ناوەندی ئاژوانیشی لێ بوو تا هەم ببینە پشتیوانێک بۆ ئەو بنکە سەرەکییە و هەمیش بڕێک باری سەرشانی خەڵکی دۆزەقەرە کەم کەینەوە. دیارە ئێمە لەم گوندانە خومان ئیمکاناتمان ئەکڕی و خەرجێکمان بە سەر خەڵکەوە نەبوو بەڵام بنکە و بارەگا و شوێنی خەوتنمان هەر لە ماڵەکانی ئەوانــدا بــوو و جــگە لە مەترســی و فشــارێک کە رێــژیم بە بــۆنەی ئــێمەوە خستبوویە سەریان، ژیانی ئاساییشمان لێ تێکدابوون و ناچار بوون شەو و رۆژ تێکەڵی ئێمە بن. دوای ماوەیەک مانەوە لەم ناوچەیە و جەولەی حەفتانەی دەستەکانمان لە گوندەکانی دەور و بەر، شەڕێک لە ئاوایی گڵێەی کۆماسی، لە نێوان حیزب و کۆمەڵە دا روویدا. دواتر کوشتاری ١٣ کەسی کۆمەڵەی لە دۆزەقەرە بە دەستی ئێمەی بە دوادا هات و خەریک بوو سەراسەری ناوچەکە

بگرێتەوە کە بە خوشییەوە زوو توانرا پێشی پێ بگیردرێ. من لە بەشی "گەمارۆ" کە لە درێژەی ئەم داستانە دا دێت باسی ئەو رووداوانەم کردووە بۆیە لەیرە دا ناچمە سەری. دوای دامرکانەوەی ئەم وەزعە و ئارامبوونەوەی ناوچە، نوێنەرانی کۆنگرە لە گشت هێز و کومیتەکانی حیزب و هێندێک پێشمەرگەی بریندار روویشتن بۆ بنکەی دەفتەری سیاسی کە ئەودەم لە سەر سنووری باشوور و رۆژهەلاتی کوردستان، لە ئاوایی بە دەستی بەعس وێرانکراوی گەلاڵەی نێوان سەردەشت و قەلادزێدا بوو.

ئەندامانی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسانی دەرەجەیەکی ئەو دەمی حیزب لەو ناوچە بریتی بوون لە کاک تاهێر عەلیار کە هاوکات ئەندامی ئاژوان و بەرپرسی کومیتەی سنەش بوو، کاک شاپوور فیرووزی کە ئەندامی ئاژوان و فەرماندەری هێزی بێستوونیش بوو. کاک سدێق بابایی کە مشاوری ناوەندی و بەرپرسی کومیتەی کرماشانیش بوو. کاک عەولای بارامی کە هاوکات ئەندامی ئاژوان و بەرپرسی کومیتەی مەریوانیش بوو. کاک بابا عەلی مێهرپەروەر کە بەرپرسی ئاژوانیش بوو. کاک جافەر حامێدی کە ئەندامی ئاژوانیش بوو. کاک ناسر زەردۆشتیان کە بەرپرسی کومیتەی سەقزیش بوو. کاک سدێق فەرۆخیان کە بەرپرسی کومیتەی هەوشاریش بوو. جگە لەمانە کاک رەحیم بەغدادی و کاک عەزیز لەحیمیش مشاوێری کومیتەی ناوەندی بوون و بەرپرسایەتی دیکەشیان هەبوو.

تێکڕای ئەمانە و نوێنەرانی دیکەی کۆنگر بەرەو بنکەی ناوەندی حیزب کەوتنە رێ و بەشداری کۆنگرە بوون. دوای مانگێک بەشێکیان گەڕانەوە و ئەوانی دیکەیان بە سەبەبی جۆراوجۆر لە دەفتەر مانەوە یان نێردران بۆ هێز و کومیتەکانی دیکە. یەکێک لەو کەسانەی نەگەڕایەوە شوێنی خوی، کاک سدێق بابایی بوو. ناوبراو دوای کاک کەماڵ دەباغیان و کاک فەریدوون میتران تەنیا کەسی شیاو بوو بۆ ئەو شوێنە گرنگە دیاری کرابوو و ئێمە زۆری لێ رازی بووین. بەلام نازانم لە سەر ویستی خوی یان بڕیاری حیزب وەک بەرپرسی پیرانشار دیاری کرا و نەهاتەوە لای ئێمە. هەروەها بەرپرسی ئاژوانیش گۆڕا و کاک موستەفای هیجری وەک بەرپرسی تازە هاتە ناوچە. کاک تاهێری عەلیاریش نەگەڕایەوە بۆ سنە بەڵکوو روویشتەوە بۆ مەهاباد و

بوو بە بەرپرسی ئەو ناوچەیە. لە جێگای کاک تاهێر عەلیار، کاک فەتاحی عەبدولی وەک بەرپرسی کومیتە و کاک عوسمانی دادخا وەک فەرماندەری هێز نێردران بۆ سنە کە بە داخەوە زۆری نەکێشا عوسمانیش وەک کاک ئێقباڵ لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگە دا شەهید بوو.

لەیرە دا حەزدەکەم دەستنیشانی دوو دیاردەی زیانبار و دواکەوتوانە بکەم کە ئەودەم بەشێوەیەکی لاواز لە کاری رۆژانەی حیزب دا دەبینران بەڵام دواتر بوون بە خۆرە، کەوتنە لەشی حیزب و تا ئاستی لێکبڵاوبوون دایانرزاند. هەڵبەت بە داخەوە ئیستاش هەردووک ئەم دیاردانە لەوپەڕی زەقیدا دەبینرێن و دیاریش نیە کەی کۆتاییان دێت. ئەم دوو شتەش هیچیتر نین جگە لە خەسڵەتی دواکەوتوانەی جەناحبازی و ناوچەگەرایی. یەکەمیان بۆ لەتکردنی حیزب و دووهەمیش بۆ پشتگوێخستنی شوێنەکانی دیکە. ئەزانم باسکردن لەم بارەوە کارێکی دژوارە. کەسانێک کە نانی پێ دەخون لە دژی رادەوەستن و گەورەترین چەکی دەستیشیان بۆ رەدکردنەوەی ئەم باسە چەواشەکارییە. بەڵام من دڵنیام کە ئەم دوو عادەت و کردەوانە دەردی یەکەم و سەرەکی حیزبی دیموکرات بووە، هەیە و تا روون و بێ پەرواش بە گژیدا نەچین بەرۆکی ئەو حیزبە و بزووتنەوەی کورد لە رۆژهەڵات بەرنادات. بۆیە بێ منەتم لەو رەخنانەی لەم بارەوە دێنەوە سەرم، دڵنیام بەشی فرەی بەدەنە و رەنگە رێبەری ئەو حیزبەشم لەگەڵ هاودەنگن کە حەق بە منە.

[١] جەناحبازی ناو حیزب کۆنە. نازانم کێ و کەی دەستی پێ کردووە. بەڵام دەزانم دوای ئەوە بەشێکی بەرچاوی رێبەر و کادرەکانی حیزب، لە ساڵەکانی ٣٠ و ٤٠ هەتاویدا روویان لە باشووری کوردستان کرد، بە کردەوە ئەم جەناح و دەستەبازییەش سەری هەڵداوە. کەسانێک، بە هاوکاری هێزێکی دەرەوەی رۆژهەڵاتی کوردستان، ویستوویانە جەناحی رەقیب لە حیزبدا وەدەرنێن. ئەم کارە دووپات و چەند پات بووەتە تا بووەتە بەشێک لە میژوو و کولتووری سیاسی ناو حیزبی دیموکرات. من لەیرەدا ناتوانم بە درێژی لەم بارەوە بنووسم چون لە ئەسڵی باسەکەم کە بیرەوەری نووسینە دوور دەکەومەوە. بەڵام ئەوانەی خوێندەواری خوێندنەوەی هەڵەی خویان بێت ئەزانن باسی چی دەکەم. ئەمە دەردێکە، دەردێک کە خەریکە ببێتە سەرتان و عەلاجی دژوارتر

ئازار و ئەزموون

بێت.

٢ من ئەودەم و ئیستاش لەو بڕوایەدام کە بە بۆنەی بەرچاوبوونی رۆڵی ناوچەی موکوریان و بە تایبەتی شاری مەهاباد لە سازبوون و پەرەگرتنی حیزبی دیموکرات دا، هەردەم بەشی زۆری ئەندامانی رێبەری ئەو حیزبەش خەڵکی ئەو ناوچەیە بوون. هەر ئەمەش وایکردووە کە جۆرێک هەستی خۆ بە مێحوەربینین لە رێبەری ئەو حیزبە دا پێکبێت و ناوچەکانیتر، لەوانە خوارووی رۆژهەلاتی کوردستان(هەرسێک پارێزگای سنە،کرماشان و ئیلام) وەک پاشکۆ و لە هێندێک جێگاشدا بە کردەوە بە "غەیرەخودی" حیساب بکرێن!

بۆ نموونە لەو سەروبەندە دا( ساڵی ١٣٦٠ بۆ ٦٤) کە ناوەندی ئاژوان بەرپرسایەتی زیاتر لە ٧٠٠ پێشمەرگە و، لە سەقز تا ئیلام، واتا زۆرتر لە دوو سێهەمی خاک و خەڵکی رۆژهەلاتی کوردستانی لە سەرشان بوو، دەگمەن نەبێت بەرپرسەکەی لە ئەندامانی حیزبی خەڵکی ئەو ناوچەیە دیاری نەدەکران. سەرەتا کاک کەماڵ داباغی، دواتر کاک حەسەن رەستگار، کاک تاهێر عەلیار، کاک موستەفا هێجری، کاک نەبی قادریو...

ئەو سەردەمەی کاک نەبی قادری لە لایەن دەفتەرەوە کرابووە بەرپرسی گشتی ئەو ئورگانە، کاک سدێقی فەرۆخیان، عەولای بارامی، شاپووری فیرووزی، هومایونی ئەردەلان، بابا عەلی مێهرپەروەر و..... لە ژێر دەستی ئەو دا کاریان ئەکرد! کاک غەنی غەنیپووریش وەک "مشاور نیزامی" لەوێ بوو کە کەمترین رۆڵی لە کاروباری نیزامیدا هەبوو. من ئەوپەڕی رێز و حورمەتم بۆ دڵسۆزی و فیداکاریە فراوانەکانی ئەو هاوڕێیانە هەیە و بچووکترین ناکۆکیشم لەگەڵیاندا نەبووە، بەڵام ئەگەر هەرجۆرێکی حیساب دەکەم، تەنیا ئیمتیازێک کە ئەودەم ئەوانی کردبووە بەرپرس و باندەستی ئەو گشت خەڵکە، موکوریانیبوونی بوو و هیچی دیکە. دڵنیام تەنانەت خوشیان قبووڵیانە کە، گشت ئەو هاوڕێیانەی دیکە ناویان لە سەرەوە هات، لە تێکڕای بوارەکانی کار و خەباتدا ئەگەر لەوان بە تواناتر نەبووبن، حەتمەن کەمتریش نەبوون بەڵام نەدەکرانە بەرپرسی یەکەمی ناوچەکە.

جگە لەم نموونەیە، دوای شەهیدبوونی کاک عەولای بارامی کە بەرپرسی کمیتەی مەریوان بوو، کاک کەریمی ئەڵاوەیسی کە هیچ کات بەرپرسی

شوێنێکی گرنگی نەگرتبووە دەست، لە دەفتەرەوە نێردرا و کرایە بەرپرسی کومیتەی مەریوان. واتا بەرپرس و بڕیاردەری مەنسوور فەتاحی، عومەر شەریفزادە، سدێق فیرووزی، ئیبراهیم ئەحمەدی و... . ئەم بڕیار و شێوەلێڕوانینەی ڕێبەری حیزب بۆ ناوچەکانی خوارووی رۆژهەڵات، زیاتر وەک گاڵتەپێکردن دەچوو تا بەرپرس دیاریکردن. هەروەها ناردنی کاک عوسمانی دادخا وەک فەرماندەهێزی سنە کە ئەودەم تەنیا سەرلکێکی بۆکان بوو. من لەگەڵ رێز و حورمەتی فراوانم بۆ زەحمەت و فیداکارییەکانیی کاک نەبی،کاک جافەر، کاک کەریم و کاک عوسمان، بێ هیچ گومانێک ئەتوانم بڵێم کە، ئێمە ئەودەم لە هێزەکانی خوارەوە زیاتر لە دە کەسمان هەبوون وەک ئەوان و بگرە لەوانیش شیاو و باشتر بۆ ئەو ئەرکانە بەڵام هیچ کات لە لایەن ڕێبەری حیزبەوە شیاوی ئەرک و بەرپرسایەتی لەو چەشنە نەزانران!

حەز دەکەم پێداگری بکەمەوە کە من لەم باسەدا تەنیا مەبەستم نیشاندانی ئەو مەیلەیە کە لە ئاستی هەرەبەرزی ڕێبەری ئێمە دا وەک راستییەکی تاڵ وجوودی هەبوو کە خوارەوەی کوردستان بە بچووک و جیاواز چاولێ بکات و حەزیان ئەکرد و بە کردەوەش کەسی دەرەجەیەکیان تەنیا لە خەڵکی "سەرەوە" دیاری دەکرد. ئەم دیاردەیە لە ئورگانەکانی ناوەندیشدا دەبینرا و تا ئەم ئاخرانە و کاتی بەستنی کۆنگرەی هەشت، کە زیاتر وەک کاردانەوە و لە ئاکامی دیاردەی دووهەم، واتا باندبازی و جەناحگەراییدا گۆڕا، هیچکات کەسێکی خەڵکی خوارەوەی کوردستان ( پێش کۆنگرەی هەشت) نەبووە ئەندامی دەفتەری سیاسی یان دەگمەن کەسێکی ئەو ناوچەیە ڕێگەی دەکەوتە رادیۆ، چاپەمەنی یان کومیسیۆنە گرنگەکان.

دیارە بە هۆی سەرگەرمبوونی پێشمەرگە بە کار و چالاکییەوە ئەوکات ئەم کردارە خراپانە کەم رەنگ و کاریگەرییان کەمتر بوو. دواتر سەردەمێک کە کاری بە کەلک و بەرهەم رووی لە کزی کرد، ئەم دیاردەیەش زیاتر خوی نیشاندا و سەرەنجام بوو بە هویەکی سەرەکی بۆ لێکترازان و جیابوونەوە کە ئیستاش(کۆتایی ٢٠١٦) بەوپەڕی وێرانکارییەوە درێژەی هەیە.

## ***کۆنگرەی شەش، گرفتی ناوخۆیی و چوون بۆ دەفتەری***

## سیاسی

پاش گەڕانەوەی نوێنەرانی کۆنگرە دەرکەوت کە لە حیزب دا هێندێک کێشەی ناوخۆیی هەیە و کەم کەم ئاکامەکانی دەرکەوتن. رادیۆی حیزب لە چەند بەرنامەی جیاواز دا کۆمەڵێک کادری بە تاوانی "ژێرپێنانی دیسیپلین" خوێندەوە کە لە حیزب دا دەرکراون و لە ناو ئەم کادرانەش دا گەلێک کەسی ناسراو و ناودار هەبوون وەک کەریمی حیسامی کە ئەندامی رێبەری و ماوەیەکیش جێگری دوکتور قاسملوو بوو. بە رواڵەت ئەم کێشەیە لە سەر نامیلکەیەک بوو بە ناوی"کورتەباس"کە روانگەی تایبەتی دوکتور قاسملوو بوو لە سەر سۆسیالیزم و بە داخەوە بێ ئەوە ئەو شتە ئەودەم و رەنگە ئیستاش گرنگییەکی وای لە کاری رۆژانەی حیزب دا هەبێت، بوو بە هۆی کێشە و سەرئێشەیەکی زۆر و زیانێکی گەورەی لە ئێمە دا.

رۆژی ١٣ بەدەری ساڵی ١٣٦٣ من لەگەڵ چەند کادرێکی دیکەی کومیتەکانی حیزب لە دۆزەقەرەوە بەنیازی بەشداری لە دەورەیەکی سیاسی بەرەو دەفتەری سیاسی حیزب کەوتینەڕێ و دوای چەند حەفتە گەییشتینە گەلاڵە کە ئەو دەم بنکەی فێرگەی حیزبی لێ بوو. ئەو کەسانەی لە کومیتەکانی"جنووبەوە" چووبووین بۆ ئەم دەورەیە بریتی بووین لە: مەنسوور ناسری، شوجاع ئەمینی و جەلال سیاناوی لە سنە. کەماڵ ئەحمەدی، گەلاوێژ پادگانی، فەرانەک بووبان و عەلی خانی لە مەریوان. سەعید نەدیمی و حاتەم مەنبەری لە کرماشان. ناسر نیلووفەڕی و زاهێد ناوێک لە سەقز. عەبە سەلبێ و کەسێکیدیکە لە هەوشار و بەداخەوە کەسەکانی دیواندەرەم لە بیر نەماون. کاتێک گەییشتینە دەفتەر ژمارەی سەرجەمی بەشدارانی دەورەکە نزیک ٧٥ کەس بوو کە لە سەرجەمی کومیتەکانی حیزبەوە هاتبوون.

مامۆستاکانمان ئەندامانی کومیتەی ناوەندی، لەوانە دوکتور قاسملوو، دوکتور شەرەفکەندی، کاک عەبدوڵای حەسەنزادە، کاک هاشم کەریمی، کاک حەسەن رەستگار، کاک حەمەدەمین مەجیدیان، کاک دوکتور خەلیقی و...... بوون. باسی دەرسەکانیش لە میژووی کوردەوە تا کورتەباس و باسی سیاسەتی جیهانی

نێوان وڵاتانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژاوای ئەوکات، کە بۆ من هێندێکجار سەخت و لێ حاڵیبوونیان دژوار بوو. بەڵام بینینی ئەندامانی ڕێبەری و بە تایبەتی دوکتور قاسملوو بۆ من و، ڕەنگە بۆ زۆربەی ئەوانی دیکەش زۆر جێگای خوشحاڵی و مایەی شانازی بوو. چوونکە من تا ئەوکات تەنیا ناوی ئەم کەسانەم بیستبوو و ئیستا لە نزیکەوە ئەم بینین و ئەمزانی چارەنووسمان لە دەستی کێ دایە.

هەرچۆنێک بێت بۆ یەکەمجار دوای ساڵانێک پێشمەرگایەتی بنکە و بارەگای سەرەکی حیزبمان بینی و لە نزیکەوە ڕێبەران و لەوانە سکێرتێری گشتی حیزب، دوکتور قاسملوومان چاو پێ کەوت کە ئاوات و ئارەزوومان بوو. دوای تەواوبوونی دەورەکە چووینە دەفتەری سیاسی کە ئەودەم لە دۆڵی گەورەدێ دا بوو. گوندێک کە سەردەمانێک ئاوەدان و جێگای ژیانی خەڵک بوو بەڵام ئیستا رووخێندراو و وێران وەک هەزاران گوندی تری باشووری کوردستان کە فاشیستانی بەغدا رووخاندبوونیان. چەندکەس لە ئەندامانی ڕێبەری، لەوانە کاک حەسەن ڕەستگار و کاک دوکتور خەلیقی کە هەردووکیانم پێشتر لە ناوچە بینیبوون بینینەوە و سەردانم کردن و پاشان بە هاوکاری بەشی خەدەمات بەڵگەیان بۆ گرتین تا لە شارۆچکەی کارێزەوە و بە ناو سەیتەرە و بنکەی دەوڵەتی ئێراق دا تا سەر سنووری ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە ماشین بین و لە کێوی "گمۆ"ی پشتی ئاوایی "کوڕەداوێ"ەوە بینە ناوچەی بانە و لەوێشەوە بگەڕینەوە لای هێز و کومیتەی خومان لە ناوچەی مەریوان.

## گەڕانەوە بۆ ناوچە و ڕووداوەکانی ساڵی ١٣٦٣

هێشتا ئێمە لە دەورەدا بووین ئاگادارکراین کە لە ناوچەکانی دەور و بەری چلچەمە شەڕێکی قورسە و دژمن لەگەڵ هاتنی بەهار دا هێرشێکی گەورەی بۆ گرتنەوەی ئەم ناوچەیە دەست پێ کردووە. شەڕەکە نزیک بە حەفتەیەکی کێشا و وێڕای فیداکاری پێشمەرگە و شەهیدبوونی ژمارەیەکیان، لەوانە کاک عەولای بارامی ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی مەریوان، دیسانیش ریژیم توانی ناوچەکان بگرێتەوە و هێزەکانی ئێمە لێکبڵاوکات.

لە کومیتەی بانەوە کە لە سەر سنووری باشووری کوردستان بوو، تیمێکیان بە


سەرپەرەستی کاک مەلا عوسمان کە بەشداری دەورەکەشمان بوو لەگەڵ خستین و تا ناوچەی سەقز و گوندی حاجی ئەول بەڕێیان کردین. مەلا عوسمان کوڕێکی ژیر، ژیکەڵە و تا دڵبخوازێ دڵسۆزی خاک و خەڵکی وڵاتی خوی بوو. ساڵەکانی دواتر مەجال هەڵکەوت تا من بتوانم لە نزیکەوە باشتر بیناسم. بە داخەوە ئەویش وەک زۆر هەڤاڵی دیکەم لە شەڕێکی سەختدا لەگەڵ هێزی دژمن دا شەهید بوو چووە ناو ڕیزی شەهیدان.

## شەڕی هەرمێدۆڵ و شکانێکی چاوڕواننەکراو

ئاوایی حاجی ئەول و هەرمێدۆڵ ئەودەم بنکەی پێشمەرگە و نەخوشخانەیەکێشیان تێدا بوو کە تەداوی خەڵک و گشت پێشمەرگەکانی دەکرد. سەرەتا نەخوشخانەکە لەلایەن کەسێکەوە بە ناوی دوکتور نیلووفەڕی کە خەڵکی شاری سەقز بوو بەڕێوەدەبرا و جگە لە کاری ئاسایی، برینپێچ و کادری دەرمانیشی تێدا پەروەردە دەکران. بەڵام لەگەڵ تەنگبوونەوەی وەزعەکە دوکتور نیلووفەڕی لەوێ نەما و ئەگەر هەڵە نەبم خویلی ڕێژیم دایەوە. دوای دوکتور نیلووفەڕی شوێنەکە لە لایەن کادرە دەرمانییەکانەوە ئێدارە دەکرا. ئەو ڕۆژانەی ئێمە گەییشتینە ئەوێ، کاک کاوەی بارامی کە کاری پەرەستاری ئەکرد، سەرپەرەستی بیمارەستانەکەشی لە ئەستۆو بوو. جگە لە کاوە کاک موستەفای مێهر پەروەر (دوکتور موستەفا) ش لە وێ بوو و خزمەتی خەڵک و بریندارانی ئەکرد. ژمارەیەک پێشمەرگەی برینداری ئێمە لە هێزی بێستوون کە لە هێرشەکەی دۆزەقەرەدا بریندار ببوون لەوێ بوون و دیتنەوە و دیداریان بۆ ئێمە زۆر خوش بوو. جگە لەم بریندارانە چەند پێشمەرگەشمان لەوێ بوون کە ئەم بریندارانەیان گەیاندبوو و بەرپرسەکەیان شەمسولای موزەفەری بوو کە لە هێزەکەمان و گشت ناوچەی کامیارانداناوبانگی هەبو.

حاتەم مەنبەری

دەنگۆی هێرشی ڕێژیم هەبوو و ڕۆژی پیشووش پێشمەرگە کە بۆ گیاوگۆڵ هێنان چووبوون، لە سەر چیاکە ژمارەیەک چەکداری نەناسیان لە دوورەوە بینیبوون. شەڕی کۆمەڵە و حیزب هێشتا دەستی پێنەکردبوو بەڵام شەڕی حیزب و قیادەی مەوەقەت (پارتی دیموکرات) بەردەوام بوو و ئەوان لە زۆربەی هێرشە چارەنووسسازەکاندا لە سەنگەری پاسداراندا دژی ئێمە بەشدارییان ئەکرد.



هەموو هێزی عەزی یوسفی سەقز، هێزی هەوشار و نزیک بە ٢٠ پێشمەرگەی سنە و کرماشانیش لەم گوندانەدا بوون. لە سەر یەک ژمارەمان دەگەییشتە نزیک بە ٥٠٠ پێشمەرگە کە لە حاڵەتی ئاساییدا دەبوا لە بەرانبەر ١٠ هەزار هێزی دژمندا خۆڕاگریمان کردبا و زەربەشمان لێ دابان بەڵام....

لە سەر ئەم بنەمایە ئێمە حیسابی ئەوەمان ئەکرد کە ئەگەر هێرشی دژمنیش ڕاست بێت گرنگ نیە چوونکە، ئێمە زۆرین و بە هاسانی ئەتوانین لەم شوێنە شاخاوییەدا گەورەترین هێرشیش تێک بشکێنین. بۆیە دەستەکەی ئێمە بێ ترس و خۆفێک لەو دەنگۆیانەی هەبوون لە یەکێک لە ماڵەکان دا کە بۆمان دیاری کرابوو تەخت لێ خەوتین.

شەفەقی بەیانی بە گرمەی خومپارە و قیژ و قاژی دۆشکا وەخەبەرهاتین. لە ماڵەکە هاتینەدەر و دیتمان بەرزترین شاخ لە دەستی دژمندایە و بە بیکەیسی ناوماڵەکان ئەکوتن. بە فەرماندەیی شەمسولا دەستکەی ئێمە ڕوومان لە تەپۆڵکەیەکی ڕووبەڕوو کرد، لە بەرانبەر پەلاماری دژمندا سەنگەرمان گرت و شەڕمان لەگەڵ دژمن دا دەستپێکرد. کاک کاوە، حامێد دروودی کادری دەرمانی هێزی بێستوون کە لەگەڵ برینداراکانمان لەوێ بوو و چەند کەسێکی دیکەش

دوای ئاگردانی نەخوشخانەکە (بۆ ئەوە نەکەوێتە دەستی دژمن) روویان لە پشتەوەی ئاوایی هەرمێدۆڵ کرد و لەوێ تا لای ئێوارە دەرگیری هێزی دژمن بوون کە من بە باشی ئاگاداری چەندی و چۆنیەکەی نیم. دوای دوو سەعاتێک هێزی دژمن بە سەر گشت شوێنە گرنگەکاندا زاڵبوون. تەپۆڵکەیەک کە گوایە دۆشکایەکی خومانی پێوەبوو و شەو و رۆژێش دەستەیەک پێشمەرگە دیانپاراست، بێ بەرگرییەکی بەرچاو کەوتە دەستی دژمن و رووی لوولەکەی کرایە خومان. دوای ئەم رووداوە دەستە دەستە پێشمەرگە، بێ ئەوە زیانێکی بەرچاو لە دژمن بدەن، لە ژێر ئاگری تۆپخانە و راکتبارانی چوار هێلیکۆپتێر دا کەوتنە پاشەکشە، سەنگەرەکانیان چۆڵکرد و هەڵاتن. ئێمەش کە تەنیا و بێ پشتیوان مابوینەوە، ناچار لە شوێنی خومان هاتینەخوار و بە دۆڵکدا دەستمان بە پاشەکشی کرد.

کاتێک گەییشتینە ناوەڕاستی دۆڵەکەی بەر ئاوایی، تووشی ٣ کەس لە برینداره‌کانی خومان بووین و بە هەزار زەحمەت توانیمان لە ژێر ئاگری بێ ئەمانی دژمندا، کە قیادەکان لە پاسدارەکان رۆڵیان تێدا زیاتر بوو، دەربازیانکەین. لە ئاخرین قۆناخدا هێرشی دژمن زۆر دژوار بوو و، ناچار بووین بە زەحمەت و دانە دانە لە رووتەنێکی ٣٠ - ٤٠ مێترییەوە، لە حاڵێکدا وەک باران گولەی دژمنمان بە سەردا دەباری دەرباز بین. لەێرەدا بەداخەوە شەمسولا موزەفەری بەرکەوت و لە یەکەم سانیە دا شەهید بوو. جەنازەکەیمان بۆ دەرباز نەدەبوو چوونکە چەند برینداری دیکەش لەو ناوە کەوتبوون و هێرشی دژمنیش بێ پسانەوە مووڵەتی نەدەدا. بۆیە شەمسولامان بە جێ هێشت و برینداره‌کانمان بە ماندوویەکی زۆر دەرباز کردن. لە رێگا دا تووشی جەنازەی کادرێکی سنەبووین بە ناوی سەیەد حەسەن کە بەر خومپارە کەوتبوو و شەهید ببوو. سەرەنجام لە سەر یاڵی پشت ئاوایی حاجی ئەول- بایەر و لە سەر سنووری شلێری باشووری کوردستان، تووشی کاروانی سەرگەردانی هێزکەمان بووینەوە کە بەرەوە ئەودیوی سنوور و بێ بەرنامە پاشەکشەیان ئەکرد.

دیارە لە گەرمەی شەڕدا، رێژیم ویستبووی ئەم دۆڵەش بگرێ و بەتەواوی لە گەمارۆمان بخات. بەڵام شانسمان هەبوو دەستەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی

زرێوار لە ئاوایی بایەردا بوون و، بە ئاگاداربوون لە هێرشی دژمن، هاتبوون ئەم سەر ملەیە گرتبوو و بوونە هوی نەجاتبوونمان. ئەگەر وا نەبا کەس نازانێ ئەم ماجەرایە بە چی کارەساتێک کۆتایی پێ دەهات.

من ئەودەم و ئیستاش هۆ و سەبەبی ئەو تێکشکانە گەورەیەم نەزانی و نەشمبیست لێکۆڵینەوەیەکی لەسەر بکرێ بەڵام دڵنیام نەناردنی کەمین و بە چوڵی هێشتنەوەی شوێنە گرنگەکان، بوونە هۆی ئەوە رێژیم و قیادە بێ دەردیسەر بتوانن بەرزایی و شوێنە ئەسڵیەکان بگرن و ئێمە ناچار بکەن لە دۆڵ و لە ژێر سەیتەرەی ئەواندا شەڕی هەڵاتن و سەردەربازکردن بکەین جا ئەم پوان و دەسکەوتە لە نەزانی، بێ مەسئولیەتی یان بە پلان و بەرنامە بە رێژیم درا لانیکەم بۆمن روون نیە! لەم شەڕەدا هەشت پێشمەرگەی حیزب شەهیدبوون کە جەنازەی هەموویان کەوتە دەست دژمن و زیاتر لە ١٠ کەسیش بریندار بوون کە بە زەحمەت دەربازکران. بڕواش ناکەم کەس لە هێزەکانی رێژیم، یان قیادە زیانی پێ گەییشتبێت چوونکە لە سەریەک شەڕێک نەکرا تا کەسیان بکوژرێت.

شەو لە دۆڵی چۆڵ و وێرانی شلیر، لە ئاوایی رووخێندراوی میشیاو دا خەوتین. بەیانییەکەی کاتێک لە خەو هەستاین، من بۆ یەکەمجار دیتم هەرچواردەورم دارستان و جەنگەلێکی پڕە. لە راستیدا من هیچکات لێرەواری وا چڕ و پڕم نەدیتبوو. داری سەدان ساڵە و شیوو دۆڵێکی فراوان کە یەکەمجار بوو ناویم ئەبیست، " شلێر". دۆڵێک کە لە نزیک شاری پێنجوێنەوە دەستپێدەکات تا نزیک جادەی مەریوان - سەقز درێژ ئەبێتەوە و سەردەمێک ئاوەدان و زیاتر لە ٥٠ گوندی پڕ لە خەڵکی تێدا بووە. میشیاو کە دوایین گوندی سەر سنووری دەسکردە خوی شوێنی دانشتنی حەمەسدیق خانێک بووە و بۆ خوی بەسەرهاتێکی تایبەتی هەیە. من ئەودەم سشلێرم زۆر خوش ئەویست و حەزم ئەکرد چەندرۆژی دیکەی لێ بمێنمەوە تا زیاتر لە رەمز و رازی سەر دەربێنم و ناوی گوند و دۆڵەکانی فێر ببم. ئەو دەم نەم ئەزانی ساڵێکی دیکە ئەم دۆڵە دەبێتە شوێنی مانەوەی ئیجباری خوم، بەردەکانیشی ئەبنە قەتاڵگای خوشەویسترین هاوسەنگەرانم و پاش ئەوەش نەک هەر دەر و دۆڵەکانی، بەڵکوو ئاسمانەکەشی ئەبێتە دێوەزمەکی رەش و هیچکات لە پێشچاوم

ئازار و ئەزموون
وننابێت.

# گەییشتنەوە بە هێزی بیستوون و گەڕانەوە بۆ ناوچەی کامیاران

رۆژی دوایی هێزەکان لێک جیا بوونەوە. کومیتە و هێزی سەقز گەڕانەوە بۆ ناوچەی خویان. جەماعەتی مەریوان گەڕانەوە بۆ لای هەنجیران و پشتەوەی شاری مەریوان. ئێمەش پێشمەرگەکانی بێستوون لەگەڵ هێزی هەوشار، کە کاک سدێق فەڕۆخیان و یەدێ حاجی بەرپرسی بوون و ئەودەم ژمارەیان نزیک بە ٢٠٠ کەس دەبوو، لە جادەی مەریوان- سەقز پەڕینەوە و روومان لە بەری چلچەمە کرد. لە ئاوایی تۆراختەپە لەوان جیا بووینەوە و رۆژی دوایی لە رووبەڕوی ئاوایی ئیسەوڵێ، کۆنە بنکەی هاوبەشی حیزب و کۆمەڵە تووشی هێزی بێستوون و کومیتەی کرماشانی خومان بووینەوە.

سەفەرەکەی ئێمە نزیک بە دوو مانگی کێشابوو. ئێمە کە ١٣ بەدەر چووبووین بۆ دەفتەر، ئیستا ئاخر مانگی بەهار بوو و دەبوا هەرچێک زووتر بگەڕینەوە ناوچەی خومان. دیارە چەند حەفتە پێشتر تیمێک بە سەرپەرەستی کاک عەلی ئەشرەف مەجیدیان ناردرابوونەوە تا زانیاری پیویست و هێندێک تەداروکاتیش ئامادە بکەن و هێزەکەش لەگەڵ گەییشتنەوەی ئێمە بە دوایاندا بەرەوە کامیاران کەوتینە رێ. هەڵبەت پاش رویشتنی ئێمە بۆ دەورە، ناوەندی ئاژوان کاک بابا شێخ ناسری لە جێگای کاک سدێق بابایی کردبووە بەرپرسی کومیتەی کرماشان و لەگەڵمان گەڕایەوە ناوچە. هەر بەو رێگایە دا کە پاییز هاتبووین، گەڕاینەوە بەڵام لە گوندەکانی ناوچەی کۆماسی لامان نەدا. بە بناری کێوی قەلەبەرد دا تێپەڕین و لە لووتکەی کورەی میانەوە شۆڕبووینەوە بۆ ناو ئاواییەکانی نسڵ و گوشخانی. ئەم دوو گوندە زۆر ئاوەدان و خاوەن بەرق و زۆربەی پیویستییەکانی دیکە بوون. خەڵکەکەی خوێندەوار و جل و بەرگیان پاک و خاوێن بوو. دوای ئاوایی کۆر- کۆرەی نزیک شاری سنە کە ساڵی پێشتر هەر بەم شێوەیە چووینە ناوی، ئەمە دووهەمین جار بوو گوندەکانی کوردستان بەم شێوەیە لە دڵی من ئەنشتن. دیارە تێکڕای خەڵکی ئەم دوو ئاواییە

پێشمەرگە دۆست و لە راستیدا هێندیان رێز لێ گرتین بەشی یەک مانگیان شارژ کردینەوە و هیوا و ورەی خەباتکردنیان پێ بەخشین.

لە بەر ئەوە هەردووکی ئەم گوندانە نزیکی جادەی ئیسفالْتی سنە- مەریوان بوون ناچار دوای نان خواردن و حەسانەوە بە جێمان هێشتن و دوای پەڕینەوە لە جادە بە بناری گوندی جوان و رازاوەی رەزاو دا تێ پەڕین، (رەزاو شوێنێکی تایبەتی لە میژووی کوردانـدا هەیە، سەردەمانێک "پایتەخت " و ناوەندی دەسەلاتی خانەکانی هەورامان بووە و حەسەن خانی بەهمەن سولْتانی، کە دوایین کەسی ئەم بنەماڵەنە بوو، قۆناخێکی گرنگی سەرهەڵدانی ناوچەی لە دژی دەوڵەتی داگیرکەری ئێران رێبەرایەتی کرد و دواتر وەک زۆر سەرهەڵدانی تری کوردان، بە پیلان و فریودانی نەوعی ئێرانییەکەی، سەرهەڵدانەکەیان دامرکاندەوە) چووینە شاخی پڕ رەمز و ڕازی کۆسالان و پێشمەرگە لە بنی بەرداندا لێ خەوتن. رۆژی دوایی سەیرێکی ئەو کێوە بەرین و بەرزەمان کرد و تا چاو بڕی ئەکرد کەمەر و هەرد و کێو بەرزایی بوو. لە دۆڵێکی خوارەوەمانەوە هەوارێک هەبوو بە ناوی ژۆنی کە من پێشتر ناوم بیستبوو بەلام لە نزیکەوە نەمدیتبوو. بڕیار درا بچینە ناو ئەو هەوارە و وێڕای هێندێک حەسانەوە، قسەوباسیش بۆ خەڵک بکەین. ئەو سەردەمانە خەڵکی هەورامان بە زۆری دەچوونە هەوار و جاری وابوو تێکڕای گوندەکە (٢٠٠-٣٠٠ماڵ) لە هەوارێکدا کۆدەبوونەوە و ئەم هەواری ژۆنییەش لەو جۆرە هەوارانەبوو کە سەرجەمی گوندی ٢٥٠ ماڵی رواری تێدا بوو.

وەک هەموو جارێک دەستەی پێشڕەوە لە پێشەوە دەچوون و ئێمەش بە دوایاندا. هێشتا نەگەییشتبووینە ناو هەوار دیتمان سوارێک لە دوورەوە هات. کە بە تەواوی لێمان نزیک بوویەوە، سەری ولاخەکەی گێڕایەوە و گەرەکی بوو رابکات. پێشمەرگە وەدوای کەوتن و دوای چەند دەقێقە گرتیان. دەرکەوت کەسێکە بە ناوی تەوفیق، مەسئوولی پایەگای رێژیم لە ئاوایی دەگاگا، بۆ سەردانی بنەماڵەکەی هاتووەتەوە هەوار و ئیستا بە رێگاوەیە بۆ پایەگاکەی. کلاشینکۆفێک و چەند خەشابێکی پێ بوو کە هەر لەوێ لێ سەندرا و لەگەڵ خومان بردمان بۆ هەوار. لە ناو ماڵەکاندا دابەش کراین و بە دەم نانخواردنەوە دەستمان کرد بە قسە و باس بۆ خەڵک. بەلام لە بەر ئەوە ئەو

ئازار و ئەزموون
کەسە گیراوە خەڵکی ئاوایی زۆم و نزیکی رواریییەکان بوو، زۆربەی قسەکانمان لە دەوری ئەودا دەخولانەوە کە تێکڕا داوایان ئەکرد بەری بدەین یان لانیکەم نەیکوژین.

لای ئێوارە لە خەڵکی روار ماڵاواییمان کرد، لە شاخێکی بەرزی زاڵ بە سەر ناوچە دا خەوتین و رۆژی دوایی چوین بۆ هەواری دڵڕفێنی هەیشوور کە خەڵکی گوندی دەلی تێدا دەمانەوە. زیاتر لە دووسەد ماڵیش لەم هەوارە دا دەژیان و کەپر و کەوێڵی ئەم هەوارە هێندە دڵگیر و رێک و پێک بوو بێ ئەوە بیری لێ بکەمەوە کەوتمە بیری ئەم شێعرە کە سەدان جارم پێشتر بیستبوو:

واچە پا دەلیا نەلاوە هەیشوور     دا وە پووشانە سوور هەراڵەی سوور

لە بەر ئەوە نزیک بە بیست کەسی خەڵکی دەل چەکداری رێژیم بوون و پایەگایەکی گەورەی رێژیمیش لە ئاوایییەکەیاندا بوو، خەڵکی بە هاسانی و دڵنیایەوە نەهاتنە پێشوازمانەوە، ئێمەش بە تەواوی لەوان دڵنیا نەبووین بەڵام بێ ئەوە گوێ بەم دڕدۆنگییە دوو لایەنە بدەین، دوای پاسەواندانان و صستنەژێر چاوەدێری شوێنەکە، دابەشی سەر ماڵەکان بووین و سەری قسەمان لەگەڵدا هەڵدڕین.

هەیشوور لە کۆتایی شاخی کۆساڵان، لە لای باشووری ئەو شاخەوە هەڵکەوتووە کە تەنیا سێ رێگای هاتوچووی هەیە و هەر چواردەوری شاخ و هەڵدێری زۆر سەختە. لە لای رۆژهەڵاتییەوە رێگایەکی توند و هەڵەموت دەڕوا بۆ ئاوایی دەل. لە لای باشوورییەوە دۆڵێکی تەنگەبەر دەڕواتە خوار بۆ لای گوندەکانی ژریژە و کانی حوسەینبەگ و لە لای باکووریشەوە دۆڵێک دەیبەستێ بە کۆساڵان و پشت ئاوایی دەگاگاوە. ئێمە هەرسێکی ئەم رێگایانەمان لە ژێر چاوەدێریدا بوون و چاوەڕوانی جموجووڵی هێزەکانی رێژمیشمان ئەکرد.

نزیک سەعات یەکی پاشنیوەرۆ "دیدەبانەکا" ئاگاداریان کردین کە هێزێکی نزیک سەدکەسی دژمن بە رێگاوەن بۆ لامان و لە بەر بەرزبوونی شوێنەکەشمان دەکرا بە هاسانی لە هەوارەکانەوە بیانبینین. پێشمەرگە سازماندران و نزیک بە ٤٠ کەسێک چوون لە خوارەوەی هەوارەکانەوە بێدەنگ و خۆدەرخستن کەمینیان بۆدانان. دوای سەعاتێک سەروتای هێزەکەی دژمن گەییشتنە چەندمێتری پێشمەرگەکان و درانە بەر دەستڕێژ. وەک زۆربەی شەڕەکانی دیکە

سپای دژمن دەستی پێ نەکرایەوە، لە یەکەم تەقەدا نزیک دە کەسیان کوژران و جەنازەکانیان کەوتە دەست پێشمەرگە. هێزەکانی ئێمەوە وەدوایان کەوتن و تا نزیک سەرجادە و پایەگای دەگاگا راویاننان. ژمارەیەک چەک و چۆڵ و بیسێمێکی دژمن کەوتە دەستی ئێمە و بە داخەوە لە کۆتایی ئەم شەڕە دا پێشمەرگەیەکی خوشەویست و فیداکارمان بە ناوی حەسەن نەدیمی خەڵکی ئاوایی زیویەی کامیاران شەهید بوو.

تەرمەکەی حەسەن هێنرایەوە هەیشوور و بە هاوکاری خەڵکی ئەو هەوارە بە خاکمان سپارد. رێژیم دوای ئەم تێکشکانە شوێنی شەڕەکە و ناو هەوارەکانی هەیشووری بە توندی دایە بەر تۆپ و خومپارە کە بە خوشییەوە زیانی گیانی نەبوو. لای ئێوارە هێزێکی زۆری رێژیم لە گشت لایەکەوە هاتنە مەیدان و هەرچوار دەوری هەواری هەیشووریان گەمارۆ دا. وەک پێشتریش باسم کرد ئەم شوێنە زۆر سەخت و هەڵەمووتە و بە هاسانی دەستی دژمنی پێ ڕاناگات. بەڵام تەنیا سێ رێگەی دەربازبوونیشی هەیە و ئەگەر ئەو رێگایانە بگیردرێن ئیدی شوێنەکە لە گەمارۆی تەواو دایە وەک چۆن ئیستە وابوو.

پایەگایەکی رێژیم لە شاخێکی رووبەڕووی هەیشوور بە ناوی کاڵیسەرەوە بوو کە جگە لە دەیان پاسدار، کالیبێر ٥٠ و خومپارەی ١٢٠یشی لێ بوو. مەودای لەگەڵ ئێمە دوور بوو تا کالیبێر ٥٠کەیان بگاتە لامان. بەڵام خومپارەکەیان بە هۆی ئەوە شوێنی ئەوان بەرزتر بوو لە جێگاکەی ئێمە، بە باشی جمووجووڵی ئێمەیان ئەبینی، زۆر دەقیق شوێنەکانی ئەکوتاین و گەلێکجاریش گولەکان راست لە ناوەڕاستماندا دەتەقینەوە. شوێنەکە بەرد و درِناڵێکی زۆربوو ئەمانتوانی خومان بپارێزین بەڵام خومپارە و تۆپ لە شوێنی بەرداویدا، جگە لە پریشە ئاسنەکانی خویان، هەزاران پریشکە بەردیش لەگەڵ تەقینەوەیاندا بڵاو دەکەنەوە کە وەک ئاسنەکان تیژ و داخن.

پێش تاریکبوونی هەوا بۆمان دەرکەوت کە هەرسێکی ئەم رێگایانە کە ئەبوا لێیانەوە دەرباز بین بە دەیان و بگرە سەدان کەس لە هێزی دژمن تەنراون و چاوەڕێن ئێمە بڕوین و لە داومان خەن. من چەند جاریدیکەش کاک شاپووری فیرووزیم لە تەنگانە دا بینیبوو و دەمزانی کاتێک هەمووان خەریکە ترس روویان تێبکات، ئەوکات ورەی ئەو دەردەکەوێ و سەبر و لە سەرەخۆیی وەک

قەلایەک ورە دەبەخشێتە هاوڕێیانی. ئەم جارەش لەو جارانە بوو کە لە شوێنێکی حەساسدا گیرمان خواردبوو و کات کاتی بڕیاردان بوو. ڕەنگە هەموان کە وەک من کاک شاپوور لە نزیکەوە دەناسن لەگەڵم موافق بن کە ناوبراو چەند بە ورە و نەترس بوو، هێندەش لە ڕێگاچارەی " فەوری"دا بێ سەلێقە بوو و، بە زۆریش سەرلکەکان، بە تایبەتی کاک سالار لەم کاتانە دا بە قسەیان نەدەکرد. خومپارەبارانی ڕێژیم بە خەستی بەردەوامبوو و ئێمەش خومان کۆکردبوویەوە بۆ ڕویشتن. کاک شاپوور لە کاتێکدا بێ گوێدانە خومپارەکان بە دەورماندا لە هاتوو چوو دا بوو ڕوی کردە کاک سالار و وتی:

سالار لک شەهید حەمەشەریف لەی دۆڵەوە بڕۆن و لک شەهید نادر لەو دۆڵەوە...کاک سالار نەیهێشت قسەکەی تەواو بکات وتی: بڕۆ ڕەحمەت لە باوکت، دۆڵ و یاڵ چەتە؟ تەنیا یەک ڕێگا هەس ئەویچ ئەشێ بە زۆر بیشکێنی تا دەرباز بیت.

بێ ئەوە لە سەر وەلامی کاک شاپوور ڕاوەستێ ڕوی کردە پێشمەرگەکان و وتی:

دادەی! ١٥ کەس بچنە ئەو لاوە، دوای یەک دەقێقە نزیک بە ٢٥ کەس جیا بوونەوە. بۆ خوی ١٥ کەسی لێ هەڵبژاردن، ئارپیچییەک و چەند گولەی کردە شانی و تیربارەکەی و ١٠ کەسیشی جیا کردەوە لە دوایانەوە بڕۆن و پێ وتن چۆن و چی بکەن. پاشان گەڕایەوە و روو لە کاک شاپوور وتی بێدەنگ و بێ



چرپە بە شوێنماندا دێن و ئەگەر ئێمە تووشی شەڕ بووین ئێوە بێ تەقە دەرچن و لە کانییەکەی خوار ئاوایی کانی حوسەین بەگ دا یەک ئەگرینەوە. ناوی شەوی دیاری کرد و وەک گولە لە بەر چاومان ون بوو.

شوێنەکە کوێستان و گیا تا بنی هەنگڵمان دەهات، تاریکە شەو بوو بە زەحمەت پێشی پای خومان ئەبینی. بە نەزم و تەرتیپێکی بێوێنە، کە لە تایبەتمەندییە جوانەکانی هێزی بێستوون بوو کەوتینە رێ. تا ئەو دەراوەی پاسدارەکانی لێ دامەزرابوون نیو سەعاتێک رێگا بوو. بە دوو بیسیمی پی ئار سی پەیوەندی لە نێوان کاک شاپوور و کاک سالار دا هەبوو و دوای سەعاتێک و

چەند جار دەستووری دانشتن، یاواش ڕێکەوتنەوە و دیسان دانشتن، کاتێک گەییشتینە دەراوەکە وتیان "پاهەڵگرن"! تۆزێک بە نیوە راکردن رویشتین و بێ ئەوە تەقەیەک بکرێ لە شوێنی مەترسی دەربازبووین و لە سەر کانییەکەی دیاریمان کردبوو یەکمان گرتەوە.

کاک سالار و دەستەکەی دوای جیابوونەوە لە ئێمە، ئەبنە دوو بەش و پێش دەراوەکە بە لالێژ و هەڵەمووتێکدا دەپەڕەنەوە ئەو بەر و لە پشتەوەی پاسدارەکان بێدەنگ دادەمەزرێن. بیکەیسییەکە روو دەکەنە دەراوەکە و چاوەڕوانی جم و جووڵی ئەوان دەمێننەوە. کاتێک پاسدارەکان هەست دەکەن پشت سەریان گیروە، شوێنەکەیان چۆڵدەکەن و بە دۆڵدا روو لە ئاوایی "کەکلیاوا" هەڵدێن و بەم شێوەیە بێ ئەوە تەقەیەک بکرێ لە مەترسییەکی گەورە، لە سایەی ژیری، ئازایەتی و خۆبەخشی فەرماندەیەکی کەم وێنەی وەک سالار نەجاتمان بوو.

من خوم گەلێک جار و یەک لەوان ئەم جارە ویستوومە دوای ڕووداوەکان لە سالار بپرسم خوی باسی ڕووداوەکە بکات، بەڵام ئەو لەو جۆرە کەسانە بوو کە تەنیا کار و کردەوەی هەبوون و دەگمەن قسەی دەکرد. باسی کارەکانی خویشی هیچکات و بۆ هیچکەس نەدەکرد و ئەگەر گوێشی لێبا لە لایەک باسی ئازایەتی ئەو دەکەن، یان تووڕە دەبوو یان زوو شوێنەکەی بە جێ دەهێشت و دەڕویشت.

ڕۆژی دوایی چوینە سەر چۆمی سیروان لە خوار گوندەکانی دزەوەن و دێکانان. بە نۆرە جل و لەشی خومان شۆرد و بڕیار بوو ئێوارە بڕۆین بۆ لای ئاوایی پاڵنگان. دوو پێشمەرگە لە پشت سەرمان و لە ناو "پەڵەگەنمێک"دا پاسەوان بوون. لای سەعات چواری ئێوارە بوو، ئیمکانی هێرشی دژمن بۆ سەرمان لەو ساتەوەختە دا نزیک بە سفر بوو کەچی لە پڕ بانگیان کرد چوار چەکدار خەریکن دێن! ئەحلە مسری و پەلێک لە پێشمەرگەکان هەڵخوزینە سەر و دوای چەند دەقێقە تەقە بەرپا بوو. شەڕەکە ١٠ دەقێقەیەک درێژەی کێشا و دوایە وتیان هەرچواریان هەڵاتن! ئەمە یەکەم جار بوو من ببیسم کە چەکدار بتوانن دوای تەقەش لە کەمین و دەستی پێشمەرگە، ئەویش پێشمەرگانێک ئەحل فەرماندەریان بێت دەرچن و کەسیان لێ نەکوژرێ. بۆ هەموان و بە تایبەتی بۆ

پێشمەرگەکان کە بەشداری تەقەکە بوون جێگای سەرسوورمان بوو. شەخسێک (قەورسانێک) لە دەمی ملەیەک دابوو چەن داریشی بە دەورەوە بوون چەکدارەکان خویان گەیاندبووە ناوی و ئەو تەقەیەش لە دەوری شەخسەکە دا دەکرا. دوای هەڵاتنیان پێشمەرگە لە ناو شەخسەکە دا چەند قەترە خوینیان بینی و دەرکەوت کە هەڵاتووەکان کەسیان لێ بریندارە بووە بەڵام لەگەڵ خویان بردوویانە. بێ درەنگ وە شوێنیان کەوتین و دوای ماوەیەک دەرکەوت هاوڕێیانی خومان، کاک عەلی ئەشرەف، عەبە پاڵنگانی، حەمە عەزیز گوازی و رەحمەت خەلیلین کە رەحمەت بریندار بووە. گەییشتینە لایان، دەستمان لە ملی یەک کرد، کاک عەلی ئەشرەف وەک عادەتی بوو هەزار جوێنی پێداین و وتی خوا بنێمە ق....هەزار جار هاوارم کرد خومانین خومانین خو...بەڵام کەس گوێ نەدا و ناچار ئێمەش تەقەمان کرد تا تەپ نەکوتنە سەرمان! دیارە ئەمەش لە ئاکامی نەبوونی بیسیم و ئیمکاناتی پەیوەندی بوو کە رێبەرایەتی ئێمە تا چەند ساڵ دواتریش بە هێندی نەدەگرت. ئەم چوار کەسە بەشێک بوون لە تێمێکی گەورەتر کە پێش رێکەوتنی ئێمە لە ناوچەی ساراڵ بەرێکرابوون تا ئامادەکاری گەڕانەوەی هێز بۆ ناوچەی کامیاران بکەن. دوای بیستنی هەواڵی شەڕەکەی هەیشوور، هاتبوونە پیریمانەوە تا هاسانتر بگەییینەوە ئەوبەری چەمی سیروان کە ناوچەی خومان دەستی پێ دەکرد. دوای پێچانی برینەکەی رەحمەت و ئارامبوونەوەی هەموومان، سەرجەمی هێزەکە رێچکەی بەست، لە چەمی سیروان پەڕینەوە و بە خوار ئاوایی پاڵنگان دا کە ئەو دەم سەرەڕای ئەوە تێکڕای خەڵکەکەی لە شاهۆ بوون، بەو حاڵەش پایەگایەکی گەورەی رێژیم لە یەکێک لە بەرزاییەکانی پشت ئاواییەوە پاسەوانی ناو گوندی ئەدا. ئێمە بە گوێ چەم و بە بەرماڵەکاندا چووین بۆ باخی شێخ عومەر کە دۆڵێکی زۆر تەنگەبەر، بەڵام پڕ لە کانی و ئاوە و هەر دەڵێی خوا بۆ حەشارگەی پێشمەرگەی ساز کردووە.

# ناوچەی کامیاران

سەرجەمی ئاوایییەکانی ناوچەی کامیاران، تەنانەت ئەوانەش لە سەر جادەی سەرەکی بوون پایەگای رێژیمیان لێ بوو. بەڵام پایەگاکان لە هێندێک گوندان دا راست لە ناو ماڵەکان نەبوون. لە تەپۆڵکەیەکی پشت، یان روو بە رووی ماڵەکانەوە سەنگەر و چاڵیان هەڵکەندبوو، ژمارەیەک بەسیج و پاسدار وەک مشک خویان تێخزاندبوو و لە زۆربەی شوێنەکاندا، دوای سەعات ٥ ی ئێوارە نەیاندەوێرا لە کونەکانیان بێنە دەر. بۆیە ئێمە بە شەو دەچووینە زۆربەی دێیەکان و خواردن و پیویستییەکانمان لەو رێگاوە دابین دەکردن.

ئاوایی "دەژن" یەکێک لەو گوندانە بوو کە لەم بارەوە زۆر گونجاو بوو بۆ ئێمە. پایەگاکەی لە پشتەوەی گوند و بە باشی ماڵەکانی لێوە نەدەبینرا. خەڵکەکەشی هەرچەند تا دوا ساڵەکانیش تەنیا یەک پێشمەرگەیان هەبوو، بەڵام جاش و هاوکاری دەوڵەتیان تێدا نەبوو و زۆریش دڵسۆز و هاوکاری ئێمە بوون. جگە لەمە، تۆزێک ئەولاتری ئاوایییەوە دەبووە هەوارگەی ئاویسەر، دۆڵ و دەرەیەکی سەخت و دارەستان کە شوێنی هەمیشەیی و جێگای حەسانەوەمان بوو. هێشتا تاقە جارێکیش، تەنانەت ئەو دەمانەی ئێمە ناوچەمان چۆڵکردبوو پاسدار و هێزی رێژیم نەیاندەوێرا رووی تێ بکەن. دوای گەییشتنەوە ناوچە و حەسانەوە لە باخی شێخ عومەر، روویشتینە ئاوایی دەژن. خواردن و پیویستییەکانی خومان هێنان. کەوش، جگەرە، گۆرەوی و هەرشتێکی دیکە لە دووکانەکانیدا بوو کڕیمان و چووین بۆ دۆڵی ئاویسەر کە چەند کم لە دەژن دوورتر و جێگای حەسانەوەی ساڵی رابووردوومان بوو. کانیاوێکی دڵگیر و بەرزایییەکی شیاوی شەڕ و خۆپاراستن ئەگەر دژمن نیازی هێرشی بووبا. شەوی رابوردوو، پێش ئەوە بگەینە دەژن تەوفێق، ئەو چەکدارەی رێژیم کە لە هەواری ژۆنی لە بناری کۆساڵان دا گرتمان، برایە سەر جادە و لە لایەن دەستەیەک پێشمەرگەوە ئێعدام کرا. ناوبراو بۆ خوی و دواتر گەلێک کەسی دیکەش باسیان دەکرد کە زۆر جاران فیشەک و تەقەمەنی بۆ حیزب ناردووە و

گوایا هێندێک لە بەرپرسانی هێزی بێستوونیش ئاگاداری ئەم هاوکارییە بوون. بەڵام لە کاتی وەرگرتنی بڕیاری ئێعدامیدا ئەم هاوکارییە لە بەرچاو نەگیرا و بێ دادگا و موحاکێمە، گیانی لێ سەندرا.

رۆژی دوایی لە ئاویسەر یەکەم کۆبوونەوەی کومیتەی شارەستانمان بە بەشداری زۆربەی ئەندامان بەست و بڕیاری پیویستمان بۆ چۆنیەتی کاری ئەو ماوەمان وەرگرت. یەکێک لە بڕیارەکان ئەوە بوو کە لکەکان لێک جیا ببنەوە و هەرکام بڕۆن بۆ ناوچەیەک. هەروەها تیمەکانی رێکخستنیش هەرکامە بڕۆن بۆ شوێنی کاریان. بە پێ بڕیار، کاک رەشاد حوسەینی و من لەگەڵ دوو پێشمەرگەی بەوەج بە ناوەکانی کاکەلی جەواهێری و ئەنوەر مەنبەری لە ناوچەی ژاوەر و هەردووک بەری چۆمی سیروان تا سنووری هەورامان ماینەوە و هەڤالانی دیکەش بەرەو کامیاران، بێڵەوار، روانسەر و... رویشتن.

هێشتا خەریکی خواحافیزی لە یەکترین بووین "دیدەبانەکان" ئاگاداریان کردین کە هێزێکی زۆری رێژیم بە رێوەن هێرش بکەنە سەر بەرزاییەکانی پشتەوەمان کە ئەبووە کێوی "لۆجاڕ" و "کوچکچەرمک". پێشمەرگەی پێویست نێردرانە سەر یاڵ و زۆری نەخایاند شەڕ دەستی پێکرد. تیمەکەی ئێمە گوێمان نەدا بەو وەزعە و ماڵاواییمان لە هاوڕێیان کرد و لە گەرمەی شەڕەکە دا بەرەو شوێنی دیاریکراو کەوتینە رێ. بەڵام رۆژی دوایی ئاگادار کراین کە هێزی دژمن لەم شەڕە دا تەفر و توونا کراون، ژمارەیەکی زۆر جەنازە و چەک کەوتوونەتە دەستی پێشمەرگە کە یەکێکیان بەرپرسی گرووهی زەربەتی رێژیم، بە ناوی ئەحمەد باجەلانی، کۆنە پێشمەرگە و تازە هاوکاری دژمن بوو کە هەموو ساڵی پێشوو بەشداری شەڕبوو لەگەڵمان بەڵام هەرجارە و بە فێڵێک گیانی دەردەکرد. لەم شەڕە دا تەنیا پێشمەرگەیەک بە ناوی هۆشیار مەنبەری بە سووکی بریندار بوو.

رەشاد کادرێکی گەنج، بەڵام زۆر ژیر، خەڵکی، بە ئیرادە و خاوەن بەرنامە و پلانی ورد بوو. زۆربەی نزیک بە تەواوی گوندەکانی دەور و بەر وەک رۆڵەی خویان ئەیانناسی و بە راستی خوشیان گەرەک بوو. بۆیە بۆ من دەستکەوتێکی گەورە بوو لەگەڵی ببمە هاوکار. بەڵام لە جەرەیانی کار دا زۆر ئینکار و

یەکدەندە بوو و یەکجار زەحمەت بکرابا بڕیارێکی بگۆڕی ئەگەر زۆریش پێداگریت کردبا. من بۆم گێڕابوویەوە کە ساڵی پیشوو لەگەڵ کاک "ئەولەسەن" هێندێک هەنگاومان بۆ پەیوەندی لەگەڵ چەکدارەکانی ئاوایی پایگەلان دا هەڵگرتووە بەڵام دوای ئەوە لە کەمینێکدا ١٢ کەسی خەڵکی ئەو گوندەمان کوشتن، هەموو ڕێسەکەمان ببوەوە خوری. بۆیە کار لەم بوارەدا بۆ رەشاد زۆر بە بایەخ بوو و لە سەر بناغەی ئەمەش یەکەم کارمان بۆ نوێکردنەوەی ئەو پەیوەندییانە تەرخان کرد.

ساڵی پیشوو لەم بارەوە لە پاڵنگان دا کاری بەنرخ لە لایەن کاک عەبە سیفە، عەلی ئەشرەف، برهان، فەیزە و من و رەشادیشەوە کرابوو و نەتیجەی زۆر باشیشی دابوو. لە ئاکامی چەند دیدار دا بەشی زۆری خەڵکەکەمان ئاشتکردبوونەوە و هێندێک لە چەکدارەکانیش لەگەڵماندا لە پەیوەندیدا بوون. بۆیە دەمانەویست ئەم کارە لە پایگەلانیش دووپات بکەینەوە چوونکە پایگەلان جگە لە خوی وەک گوندێکی گەورەی ناوچەکە، چەندین گوندی گرنگی دیکەش بە هوی ئەوانەوە بۆ رێژیم دەپارێزران و خەڵکی لە ترسی ئەوان نەیاندەوێرا هاوکاری پێشمەرگە بکەن.

ڕۆژێک دوای ئەوە لە هێز و کومیتە جیا بووینەوە چووینە "گەڕاو" یەکێک لە باخەکانی ئاوایی سەرێز. لەم شوێنە دۆستێکی هەردووکمانمان بینییەوە و داوامان کرد بڕواتەوە ئاوایی و مەلا سەید رەحیمی حوسەینی ئاگادار بکات کە شەو دەچین بۆ لای. مامۆستا سەید رەحیم باوکی مەلا موحسێنی حوسەینی بوو کە ئەودەم پێشمەرگە لە ناوچە دا بنکەیان هەبوو نێوانی لەگەڵ رەشاد زۆر خوشبوو بەڵام دوایە چووە کامیاران و بوو بە ئیمامجومعەی ئەو شارە. سەرەڕای ئەوکارەی کوڕەکەیان، سەید رەحیم هێشتا جێگای متمانەی ئێمە بوو چوونکە پیاوێکی شەریف، خەڵکی و زۆریش شارەزا لە وەزعی کورد بوو. من بۆ خوم هەر لە منداڵییەوە ئەمناسی و ئەمزانی لە بەرانبەر زوڵم و زۆر دا تووڕە و لە بەرانبەر هەژار و بێ دەسەڵاتاندا سەبوور و هەمیشە پشتیوانێکی گەورەیە. بۆیە دڵنیا بووم لەم وەزعە دا کە رێژیمی ئیسلامی رۆژانە خەڵکی کورد تەنیا بە جرمی کوردبوون دەکوژێ، هیچکات ناتوانێ کەسی وەک ناوبراو رازی بکات و بیکاتە هاوکاری خوێ.

کابرا روویشت، لای ئێوارە گەڕایەوە لامان و وتی ئەچینە ماڵی خومان ماموستاش دێتە ئەوێ. لەگەڵ تاریکبوونی هەوا کابرای دۆستمان (کە بە داخەوە هێشتا نابێت ناوی بێنم) کەوتە پێشمان، دوو پێشمەرگەکەمان لە کەنار ئاواییدا بە جێ هێشتن و خومان چووینە ماڵی کابرا. لە بەر دەرگا ماموستامان بە پیرەوە هات و لە باوەشی کردین. بێ راوەستان وتی چیتان گەرەکە؟ رەشاد وتی ماموستا هاتووین "پایگەلانمان" بۆ چەک کەیت! ئەویش وتی ئێوە خوتان بە دەستی خوتان چەکدارتان کردوون گەرەکتانە من بە دەستی خالّی چەکیان کەم؟ دوای هێندێک قسە و شۆخی، کاک رەشاد وتی:

ماموستا ئێمە خراپەمان دەرحەقی ئەوان کردووە و ئیستە گەرەکمانە چاکی کەینەوە. ئەوان جگە لە ئاواییەکەی خویان سەرێز، گواز، ژنێن و پایەگای کورپمریەمیش بۆ رێژیم ئەپارێزن. ماموستا هاتە ناو قسەکانی رەشاد و وتی: جگە لەوە گرووزەربەتێکی ٣٠ کەسیشیان هەیە کە بە سەر ئاواییەکاندا دەگەرێ و ئیمشەویش لەیرەن! ئێمە ئەمانزانی کە سەرێز دوو پایەگای لێیە و بەرپرسەکەشی پایگەلانییە بەلاّم ئاگاداری گرووزەربەتەکە نەبووین. بۆیە لەگەڵ رەشاد سەیرێکی یەکترمان کرد، بەلاّم ماموستا وتی گوێ مەدەن پێم وتوون نابێت بە شەو بە ناو ئاواییدا بگەرێن و ئەشزانم بە قەولم دەکەن.

سەرەنجام ماموستا وتی من بەر لەوە ئێوە ئەم داوایم لێ بکەن خەڵکی شاهێدن دەیانجار پێموتوون، بانگم کردوونەتە ماڵی خوم و داوام کردووە واز لەم کارە بێنن. ئەم جارەش بە قسەتان دەکەم بەلاّم ئەبێت ئێوەش قەولم پێبدەن دوای ئەم شەو هیچ پایگەلانیەک بەدەستی ئێوە نەکوژرێ!، تەنانەت ئەگەر لە ناو شەریشدا بیانگرن، ئەبێت ئازادیان کەن! رەشاد وتی باشە. من چاوێکم لێکرد بەلاّم وتی گوێ مەدە. من ئەمزانی سەرلکەکان و بەتایبەتی کاک شاپوور ناچنە ژێر باری ئەم داوایە و ئەوانیش ئەم کارە نەکەن قەولەکەی ئێمە لای ئەوان بایەخی نابێت. بەلاّم رەشاد گوێ نەدا و وتی بە سەر چاو. ماموستا سەید رەحیم دەفتەرێکی دەرهێنا، بە خەتێکی خوش و جوان، بە فارسی لە زوانی حیزبی دیموکراتەوە، وێڕای بیرهێنانەوەی هەڵە و خراپەکارییەکانی پێشوو، بۆی نووسین و داوای لێ کردن ئەوانیش بەشی خویان واز لە خراپە بێنن. دوای ئەوە بۆی خوێندینەوە وتی فەرموو ئیمزای کەن. ئێمە

هەردووکمان ژێر نامەکەمان ئیمزا کرد و مامۆستا هەر لەوێ دایە دەستی کاک .... کە هاوسەرەکەی خەڵکی پایگەلان و ژمارەیەک لە خزمی ژنەکەی چەکداربوون. وتی بەیانی زوو بچۆ بیگەێنە دەستی "فلانە کەس" و بێژە من و مامۆستاش شاهێدی ئەو قەولەین. پاشان رووی کردە من و وتی "نیمە پاڵنگانی" بۆ ئەو دۆستەی منت کوشت؟ ئەم زانی مەبەستی مەلا عەرەب مەنبەری خزمی من و دۆستی نزیکی خویەتی کە ساڵی پیشوو بە دەستی ئێمە ئێعدام کرا. وتم مامۆستا بڕوا بکە من لەوێ نەبووم. زۆریشم پێ ناخوش بوو. دیارە شاهێدیشم هەیە لەوێ نەبووم و جەنابیشت باش شاهێدەکە دەناسی. دوای تۆزێک وتی راستە بیستوومە حاجی سابری برای لیمۆخانم (خێزانی خوی) وتی ئەو رۆژە حاتەم لە لای من بووە و خەبەرەکەشی بیستووە گریاوە. تەنیا وتم بزانم بۆ خوت چی دەڵێ. دوای ئەم قسانە مامۆستا رویشتەوە بۆ ماڵی خویان، ئێمەش نان و خواردمان لەگەڵ خومان هێنا و گەڕاینەوە شوێنی خومان و چاوەڕێ جوابی چەکدارەکانی پایگەلانماینەوە.

دوای چەند رۆژ ڕوومانکردە شاهۆ و هەواری پاڵنگان کە ئەودەم لە "هانییە" بوو. نزیک بە ٣٥٠ ماڵی پاڵنگانی لەو هەوارە دا خەریکی ژیانی سەختی خویان بوون. لە رێگاوە چووینە ماڵی خزمێکی من، چەند کەسێکی رێکخستنمان بینین و نزیک سەعات ٣ بەیانی هەوارمان بە جێ هێشت و چووین لە پشتەوە لە ناو تۆقە بەردێکدا خەوتین. بەیانی زوو رەشاد وەک هەمیشە هەستابوو، چاوی لە دەوروبەر کردبوو و دوای سەعاتێک ئەنوەر، یەکێک لە پێشمەرگەهاوڕێیەکانمانی هەستاندبوو تا وریا دانیشێ و بۆ خوی خەوتبوویەوە. خور گەرم ببوو، خەوتن لە بەر خوری هاوێنەوە تەنانەت لە شاهۆش دژوارە. من هەر تل و پلم ئەکرد بەڵام هێشتا حەوسەڵەم نەبوو هەستم. دیتم ئەنوەر بە بێدەنگ بانگی کردم و وتی، زوو کوڕەکان هەستێنە جاش هاتن!

لە جێگەی خوم هەستام دەستێکم بە رەشادەوە نا، ئەویش کاکەلی خەوەر کردەوە، زوو تاقمەکەمان بەست و چووین بۆ لای ئەنوەر. دیتمان کابرایەک، بە ژ ٣ یەکەوە تەقە تەق روو بە شوێنەکەی ئێمە دێت. لە دوورەوە بە سەر و شکڵیدا دیاربوو جاشە. بەڵام تەنیا و جگە لە ئەو، کەسی دیکە دیار نیە. هەر دوو کەسمان لە لایەکەوە چوینە سەر رێگاکەی و دەنگمان نەکرد تا گەییشتە

٢٠ مێتریمان و لە پڕ دەنگمان دا. کابرا بە بیستنی دەنگی ئێمە سەری هەڵبڕی، چاوی لێمان کرد و بێ قسە، تفەنگەکەی فڕێدا بۆمان. دەستگیرمان کرد، ڕەختەکەمان لێ کردەوە و بەدەنمان بە وردی بشکنی. نامەیەک و کارتی پاسدارییەکەیمان لە گیرفانیدا دەرهێنا. دەرکەوت ئەگەر هەڵە نەبم ناوی ئیبراهیم، خەڵکی ئاوایی دێوەزناوە و لە پایەگای هەوارەبەرزە، لە ژوورەوەی هەواری هانییەوە خزمەتی ڕێژیم دەکات و بە قسەی خوی بۆ عەلاجی نەخوشی دەڕوات بۆ کامیاران. دیارە نامەکەش لە لەلایەن پایەگای هەوارەبەرزەوە بۆ پایەگای زەمانگریوە نووسرابوو و، داواکرابوو کە ناوبراو بە ڕێکەن بۆ کامیاران.
کوڕەمان هێنایە لای خومان و وەزعی خوی و پایەگامان لێ دەپرسی دیتمان چەند کەسی پالنگانی هاتن بۆ لامان و وتیان شوانەکان چاویان لێتان بووە ئەم کوڕەتان گرتووە. حەتمەن نابێت بیکوژن و ئەبێت بەریدەن. نیوسەعاتی نەبرد نزیک بە دوو سەد پیاوی پاڵنگان هاتن و داوای ئازادکردنی کوڕەیان ئەکرد. کاک ڕەشاد چووە سەر بەردێک و بە شێوەی تایبەتی خوی دەستی کرد بە قسەکردن بۆیان و وتی ئێمە ئەم کوڕە بەر ئەدەین بەڵام ئیستە نا، دواتر کاتێک گەییشتینەوە لای کومیتەی شارەستان. پاڵنگانییەکان ٣ کەسیان دیاری کردن بێن جیا لە خەڵکەکە قسەمان لەگەڵ کەن. من دایکم پاڵنگانیە، بە باشی ئەم خەڵکەم ئەناسی و ئەمزانی پاڵنگانی بە زۆریش بووە نایەڵن "غەریبەیەک" لە ئاواییەکەیاندا زیانی پێبگات! بە باشی ئەمزانی ئەمە لە تایبەتمەندییەکانی خەڵکی ئەم گوندەیە بەڵام وتم با جارێ ڕاوەستم تا کاک ڕەشادیچ خوی بگاتە قەناعەت.
ئەم ٣ کەسە وتیان ئێوە، حەتمەن ئەبێت ئەمڕۆ ئەم کوڕە لە بەر خاتری پاڵنگان بەردەن و چەکەکەشی پێ بدەنەوە! ئێمە ٢٠ هەزار تمەنتان پێ ئەدەین بۆ تفەنگەکە. هەروەها لەم کوڕە قەول وەر ئەگرین و هەر سێکیشمان بۆتان ئەنووسین کە گەییشتە کامیاران بڕوات بۆ تاران و نەگەڕێتەوە بۆ پایەگا. واتا واز لە جاشییەتی بێنێ. کاک ڕەشاد سەیرێکی منی کرد، منیش وتم کاکە ئیسە ئێوە بڕۆن، دوای نیو سەعات ئێمە تەماس لەگەڵ بەرپرسانمان ئەگرین و دوایە بێنەوە قسەی لە سەر دەکەین. دیارە ئێمە هیچ وەسیلەیەکی پەیوەندیمان نەبوو وا بە پەلە بەرپرسانی خومان لەم وەزعە ئاگادار کەین

تەنیا مەبەستم لەم قسەیە ئەوە بوو ئەوان بڕۆن و من قسەی خوم لە نەبوونی ئەواندا لەگەڵ رەشاد دا بکەم.
دوای چوونی ئەوان وتم کاک رەشاد من ئەم خەڵکە چاک دەناسم. بە خوا دە کەسیش بدەنە کوشت واز لە ئازادکردنی ئەم کورە ناهێنن. دوایەش ئێمە بەم کارە زەرەرێکی زۆر ناکەین... رەشاد وتی راست دەکەیت، خۆ تفەنگەکەی ١٠ هەزاریش ناهێنێ، ئینجا گرنگ ئەوەیە پالنگانیمان لێ رازی بن گۆڕی باوکی ئەم کورەوە. لەم ماوەیە دا کورەکە لە لای ئەنوەر و کاکەلی بوو دیتمان ٣ کەسە پاڵنگانییەکە چوونەتە لای و پێ دەڵێن بەرت دەدەین بەڵام بە کێ و کێ ببیتەوە جاش خومان پێستت ئەکەنین! بانگمان کردنەوە و وتمان بڕۆن خەڵکەکەی دیکە بێنن بۆ "سەر کانی و قمەکە" و ئێمەش دین لەوێ کورەکەتان پێ دەدەینەوە.



کاتێک ئێمە گەییشتینە سەر کانییەکە، نزیک بە ٥٠٠ کەس لەوێ کۆببوونەوە و کاک رەشادیش کە لە ناو خەڵک و جەماوەردا بتکولاندبا تێر نەدەبوو رۆژەکەی بە هەل زانی و ١ سەعاتی تەواو قسەی بۆ کردن. لە شۆڕشی شێخ سەعیدی پیرانەوە تا سووتانی پاڵنگان بە دەست ئەرتەشی رەزا شا و بەردانی ئەم کورە هەڵخەڵەتاوەی بۆ کردنە سووژەی قسەکانی و ئەوەی لە ماوەی دوو مانگ دا لە سینگی هەمیشە پڕ لە زانیاریددا بوو، لەوێ هەڵی ڕشت. دوایە وتی ئەوە ئەم کورەمان بەخشییە ئێوە خەڵکی یەکگرتوو و کۆڵنەدەری پاڵنگان و هیوادارم ئەویش هێندەی وێژدان هەبێ قسەتان نەشکێنێ. ٢٠ هەزار تمەنیان وەک پارەی تفەنگی کابرا و ٢٠ ی دیکەشیان وەک یارمەتی خویان بۆ کۆکردینەوە. دیارە ساڵی ١٣٦٣، ٢٠ هەزار تمەن پارەیەکی زۆر بوو و دەکرا گەلێک شتی پێ بکرێ. دوای ئەوە لە بری پووڵەکە رەسید و بەرگەی یارمەتی و کورەکەمان بە چەک و چۆڵەکەیەوە پێدانەوە، ماڵاواییمان لێ کردن و بەرەو شوێنێکی دیکە وەڕێ کەوتین.
دوای نزیک بە یەک مانگ کار و تێکۆشان جارێکی دیکە لە ئاویسەر دا لەگەڵ

حاتەم مەنبەری

بەشێکی زۆری هاوڕێیانمان یەکمانگرتەوە و بە پێ عادەت ڕەشاد ڕاپۆرتی کاری ئەو ماوەمانی پێشکەشی کومیتە کرد. باسی سەفەری سەڕێز و دیداری مەلا سەی ڕەحیممان بە دەمی بۆ کاک شاپوور، کاک بورهان و کاک بابا شێخ گێڕایەوە کە لە بەر هۆی تایبەت لە ڕاپۆرتەکە دا نەگونجابوو. دیارە هەر سێکیان دیدارەکەی ئێمەیان لا باش بوو و دەستخوشییان لێکردین. بەڵام ماجەرای کوڕە چەکدارەکەی هەواری پاڵنگان هەرایەکی گەورەی لێ سازبوو. کاک عەلی ئەشرەف و کاک شاپوور زۆر ناڕازی بوون و ئەیانوت بە هوی ئەوە ئێمە "جاشمان بە پووڵ فرۆشتووە" ئەبێت سزا بدرین! هەر جۆرێک بێت ئێمە بە توندی دیفاعمان لە کارەکەمان کرد و من بەش بەحاڵی خوم دواتر چەند جاری دیکەش لە سەر ئەو ڕێچکەیە بەردەوام بووم و چەند کەسی دیکەمان بەو شێوەیە دوای گرتن بەردان و داوامان لێ کردن واز لە جاشیەتی و هاوکاری دژمن بێنن کە بە زۆری ئاکامی باشی لێ کەوتەوە.



جگە لە چەند ڕۆژی تایبەت نەبێت من سەراسەری ساڵی ۱۳۶۳ لە تیمی چەند کەسیدا لە ناوچەی ژاوەڕۆ خەریکی هەڵسووڕان و کاری ناو خەڵک بووم. ناوەڕاستی هاوێن ڕەشاد بۆ کاری تایبەت گەڕایەوە ناوەندی ئازوان و من لەگەڵ هاوڕێیانی دیکە، لەوانە کاک خالێد دروودی و حەمید ڕوانسەری پێکەوە خەریکی کار بووین و سەردانی زۆر شوێن و چەندین ئاوایی ناوچەمان کرد کە بەرهەم و کاریگەری باشی بۆ خەباتەکەمان بەدواوە بوو. ئاکامی پەیوەندییەکەی من و ڕەشاد لە سەڕێز زۆر باش بوو. پایگەلانییەکان وەڵامی پۆسیتیڤیان بە داواکەی ئێمە دایەوە و دوای ئەو سەفەرە ئیدی ئێمە بێترس

سەردانی باخ و ملکی تێکڕای ئەو گوندانەمان دەکرد کە پایگەلانی دەیانپاراستن و هیچکاتیش تووشی هێرش و زیانی دەستی دژمن نەبووین. دیارە ئێمەش قەولی خومان لەگەڵ ئەوان بردە سەر و تا ئەو جێگایە زانیارییەکانی من بڕ بکەن، دوای ئەم دیدارە هیچ پایگەلانییەکی دیکە بە دەستی ئێمە نەکوژرا و ئەوانیش تا بۆیان کرابا نەدەهاتنە شەڕی ئێمە.

دوای ئەم هەڵویستە باخەکانی "سەرێز" و "گواز"یش وەک نیەر و تەنگیسەر تێکڕا بوونە بنکەی حەسانەوە و تەنانەت شاردنەوەی برینداەکانمان و تا دوایین ساڵەکانی بەردەوامی خەبات، کەمترین رۆژ بوو تیمێکی ئێمە لەو ناوە نەبێت. سەرەڕای ئەوە تێکڕای خەڵکی ئاوایی ئاگاداری بوونی تیم و دەستەکانی ئێمە بوون، پاسداران و پیاوانی رێژیم نەیاندەزانی و ئەم "نهێنیە گەورەیە" هەردەم لە لایەن سەرجەمی خەڵکی ئەو گوندانەوە دەپارێزرا. بەرپرسانی رێژیم لە پایەگاکان دەگۆڕدران و کەسی تازە دەهاتە جێگایان. بەڵام زوو کاریان لە سەر دەکرا و ئەوانیش (بەشێکی بۆ پاراستنی خویان) دەچوونە سەر قسەی خەڵک و بە کردەوە لە هاوکاری ئەوان لەگەڵ ئێمە چاوپۆشییان دەکرد و خویان لە نەزانی ئەدا. ناسراوترینی ئەم فەرماندانەی رێژیم کە لەم گوندانە، وێڕای رابوردووی پڕ لە تاوانیان دژی بزووتنەوەی کوردستان، بە باری باشیدا گۆڕان، دوو کەس بوون بە ناوی "کەیکاوس دەڵەمەرزی" و "خولام حوسەین پایگەلانی". کەیکاوس هەر لە ساڵی شەسەوە لە گیرانەوەی ناوچە دا لەگەڵ عوسمان دەڵەمەرزی خزمی دا، ئەوپەڕی خزمەتیان بە رێژیم کرد و لە بەشی زۆری شەڕەکاندا دژی ئێمە لە پێشی پێشەوەی سپای داگیرکەرەوە بوو. هەڵس و کەوتی لەگەڵ کاربەدەستانی پلەبەرزی رێژیمدا دەکرد و جێگای بڕوای تەواوی ئەوان بوو. بەڵام کاتێک کرایە بەرپرسی ئەم مێحوەرە بە تەواوی گۆڕا و لە هەموان زۆرتری یارمەتی کردین کە بۆ کار و تێکۆشانی ئەودەمی ئێمە گرنگ و پڕبایەخ بوو. بەڵام بە داخەوە بە شێوەیەکی نەشیاو و دوور لە ئیخلاق لە لایەن دوو کەسی ئێمەوە گیرا و ئێعدام کرا بێ ئەوە گوێ بدرێتە ئەو قەول و بەلێنیانە لە لایەن حیزبەوە پێ درابوون! من ئەگەرچی کاتی روودانی ئەم کارە لەوێ نەبووم، لە بڕیاری کوشتنیدا بەشدار نەبووم و هەواڵەکەم لە رادیۆی حیزبەوە بیست

دیسانیش لەم پەیوەندییەدا خوم بە تاوانبار دەزانم و لە بنەماڵە و نزیکانی کەیکاوس داوای لێبووردن دەکەم. کەسی دووهەمیش لە گەلێک تاوان و لەوانە تاوانی ئاگرتێبەردانی ئاوایی نیەرەوە گلابوو. بێ ڕێزی زۆری بە بنەماڵەی پێشمەرگەکان، لەوانە باوک و دایکی من کردبوو بەڵام دوای ئەوە هاتە سەرێز، پەیوەندیمان پێوەکرد و قەولمان پێدا کە نایکوژین، ئیدی بە تەواوی گۆڕا و تا ئەو جێگایە بوی کرا و توانی تۆڵەی خراپەکارییەکانی پیشووی کردەوە. گەلێک جار لە لای ئەو دۆستانەوە دەهاتنە لامان داوای لێبوردنی لە من کرد بە بۆنەی ئەو بێ ڕێزییەی کاتی ئاوارەبوونیان بە پێش چاوی خەڵکی سەرێزەوە بە باوک و دایکمی کردبوو. باوک و دایکی من وەک بەشێکی زۆری خەڵکی نیەر دوای سووتانی ماڵەکانیان لە لایەن ڕێژیمەوە لە گوند دەرکران و پەنایان بردبووە بەر ئاوایی سەرێز بەڵام لەوێش لە لایەن ناوبراوەوە ڕێگە نەدرابوون و دوای گەلێک بێ ڕێزی لەو گوندەش دەرکرابوون. دیارە منیش بە مەرجی خۆگۆڕینی ئەم داوایەم لێ قبووڵ کرد و هیچ هەوڵێکم نەدا بۆ تۆڵەکردنەوە. شتێک کە فرە هاسان بوو لە لام......

ساڵی ١٣٦٣ پێشمەرگەی هێزی بێستوون هەروەک ساڵی پیشوو چالاک و هەڵسووڕ بوون. لە سەر جادەی پاوە-کرماشان، لە نزیک شاری روانسەر، لە شاخی زەڕنە و گەلێک شوێنی دیکە زەربەی گەورە و گرانیان لە دژمن دا. تیمەکەی ئێمە لە بەشی هەرە زۆری ئەم عەمەلیاتانە دا بەشدار نەبووین و بە هوی کاری ڕێکخستنەوە جاری وابوو بە مانگ هێز و پێشمەرگەمان نەدەدیتن. بۆیە ناتوانم لە سەر چۆنیەتی ئەو شەڕانە هیچ بنووسم، بەڵام دەتوانم بڵێم کە چالاکی و تێکۆشانی ئەو ساڵەمان شتێکی لە هی ساڵی پیشوو کەمتر نەبوو و بگرە لە هێندێک بارەوە ڕێک و پێکتر کارمان ئەکرد. ڕێژیم لە بەرانبەرماندا بێ چارە و لە راستیدا دەگمەن نەبێت هەموو ساڵەکە باندەستی و ئیپتکار لە دەستی ئێمە دا بوو.

# ئێعدامی وەهاب و جەمال و چوونەوەی حەمە گومەتەیی

یەکێک لەو کردارە خراب و ناپەسەندانە ئەو ساڵە لە لایەن ئێمەوە روویدا و کاریگەری خراپیشی لە سەر کارەکانمان دانا، گرتن و ئێعدامکردنی دوو پێشمەرگەی خومان بوو بە ناوەکانی وەهاب گومەتەیی و جەماڵ کە بە داخەوە پاشناوەکەیم لە بیر نیە.

هەموان دەزانن کە پێشمەرگایەتی کارێکی دڵخوازبوو کە گەنج و لاوی کورد لە شوێنی جیاواز، بەڵام بە ئاوات و ئامانجی هاوبەشەوە هەڵیانبژاردبوو و سەرەڕای سەختی و گرفتەکانی بە بڕوا و ئیمانەوە درێژەیان پێ ئەدا. لەم رێگایە دا هیچکەس مەجبوور نەبوو بەزۆر ئەم رێگا سەخڵەتە ببڕێ و کەسیش نەیدەتوانی کەسیتر مەجبووری مانەوەی زۆرەملی بکات. بەڵام هێندێکجار شتی سەیر و زۆر ناڕەواش لەم بارەوە دەبینران و کەسانێک دەبوونە قوربانی کە جەماڵ و وەهاب نموونەی هەرە زەقی بوون.

کاک شاپووری فیرووزی کە من لە چەندین جێگای ئەم داستانە دا بە حەق بە باشی باسم لێوەکردووە، هێندێک دیوی خراپیشی هەبوون کە تەکڕەوی و جاری واشبوو بێ روحمی لە بەرانبەر هێندێک کەسان دا خراپترینی ئەم دیوە ناباشانەی بوون. جەماڵ پێشمەرگەیەکی چەندین ساڵە بوو کە بەهاری ئەو ساڵە لە هێزی شەریفزادەوە هاتبووە لای ئێمە و بە دڵسۆزی و پاکییەوە خزمەتی وڵاتی خوی دەکرد. وەهابیش هەروەتر لە ساڵەکانی سەرەتاوە لە هێزی بێستوون دا خزمەتی کردبوو و تا ئەوکات کەس شتێکی خراپی لێ نەدیتبوو. رۆژێک ئێمە تیمێکی چوارکەسی لە هەواری گۆزیبانی پاڵنگان دا بووین. هێزەکەشمان گەڕانەوە بۆ ئەو هەوارە و دوای نان و چاخواردن روویشتن بۆ هەواری هانیە کە ئەودەم چۆڵ بوو. بەڵام تیمەکەی ئێمە بە نهێنی لە ماڵێکدا ماینەوە و بەیانی رۆژی دوایی کوڕێکی ١٥ ساڵە هات و وتی شەو دوو پێشمەرگە تفەنگێکیان لە ماڵی ئێمە بە جێ هێشت، بۆ خویان رویشتن و وتیان بەیانی بیدەم بە ئێوە و ئەوە منیش هێناومە. گۆنییەکی پێ بوو کاتێک

کردمانەوە "قەناسەیەکی" دووربیندار و کۆمەڵێک فیشەک. دوایە نامەیەکی کورتی بێ پاکەت و چەسپی دایە دەستمان و کاتێک خوێندمانەوە دیتمان وەهاب نووسیویە: ئێمە دەڕۆینەوە بۆ لای رێژیم. قەناسەکە لەم ماڵە دادەنین بە هیوایین بگاتەوە دەستتان. بەڵام ئەم ژ۳یە دەبەینەوە و قەولبێت ئەگەر ئازادکراین پارەکەی بنێرینەوە بۆ حیزب. من زوو شتەکانم لەگەڵ نامەکە نارد بۆ کاک شاپوور و وەک شتێکی ئاساییم هاتە بەرچاو کە زۆر جاری دیکەش روویدابوو. رۆژی دوایی ئاگادار کراین کە ئەم دوو کەسە لە لایەن دەستەیەک لە پێشمەرگەکانەوە لە نزیک ئاوایی ویزیەر ئێعدام کراون!

بە پەلە گەڕاینەوە بۆ هانیە تا راستی هەواڵەکە بزانین و کە گەییشتین دیتمان کومیتەی شارەستان خەریکی کۆبوونەوەن. راستەوخۆ من چوومە ناو کۆبوونەوەکە و دیتم کاک شاپوور بە دیفاع لە بڕیارەکەی خەریکە بە شێوەیەکی تووڕە قسە بۆ جەماعەت دەکات و بە پشتبەستن بە بڕیارێکی کومیسیۆنی سیاسی- نیزامی حیزب، کە بە نووسراو لە بەر دەستی دا بوو هەڕەشە دەکات و ئێژێ لەمە و دواش هەرکەس بڕواتەوە و دەستگیر بکرێ چارەنووسی وەهاب و جەماڵی دەبێت. بۆ روونتر بوونەوە هەوڵ ئەدەم ماجەرای ئەم دوو لاوە چارەڕەشە بە کورتیەکەی بگێڕمەوە:

وەهاب و جەماڵ دوای رویشتن لە گۆزیبان دەڕۆن لە ئاوایی تەنگیوەر خویان تەحویلی دژمن بدەن کە پێش ئەوە بگەنە ئاوایی تووشی لکی شەهیدنادر دەبن کە بڕیار بوو هەر ئەو ئێوارەیە لە سەر جادەی زەمانگریوە کەمینێک بۆ هێزەکانی دژمن دانێن. بەرپرسان دوای دەستگیرکردن لەم دوو کەسە دەپرسن بۆ کوێ دەچن و ئەوانیش بێ شاردنەوە دەڵێن بە نیازین بڕۆین خومان تەحویلی رێژیم دەینەوە. دیارە باسی ئەو نامەیەش دەکەن کە بۆ کاک شاپووریان نووسیوە. بەرپرسی پێشمەرگەکان بە بیسیمێکی پ. ئار- سی کە ئەو دەم هەمانبوو کاک شاپوور لە ماجەراکە ئاگادار و داوای بڕیاری لێ دەکات. کاک شاپووریش بێ راوەستان و پرسینی بۆچوونی کەس، تەنانەت کاک بابا شێخ کە بەرپرسی کومیتە و لە لای خوی بوو، دەڵێ هەر ئێستا بیانبەن سەر جادە و ئێعدامیان کەن! بۆیە هەر ئەو ئێوارەیە هەردووکی ئەم پێشمەرگانە دەبرێنە سەرجادە و ئێعدام دەکرێن. هاوکات دەستەیەکی دیکە لە

پێشمەرگەکان عەمەلیاتی بڕیار لە سەردراو لە دۆڵێکی ئەولا ترەوە ئەناجام ئەدەن.
جەماڵ یەکەم گولە مێشکی دەپژێنێ و هەر لەوێ دەمرێ. وەهابیش دوو گولەی بەر دەکەون، بە سەختی بریندار دەبێت بەڵام نامرێ. دوای رویشتن و دوورکەوتنەوەی پێشمەرگەکان هەڵدەستێ، بە لارە لار خوی ئەگەینێتە پایەگای تەنگیوەر و داستانەکەیان بۆ دەگێرێتەوە. سەرەتا پاسدارەکان بڕوای پێ ناکەن. پێیان وادەبێت درۆ دەکات بەڵام کاتێک دواتر جەنازەی جەماڵدەبیننەوە، رادیۆی حیزبیش هەواڵەکە دەخوێنێتەوە و ئەوان وەک جاش باس دەکات ئیدی بڕوای پێ دەکەن و دەینێرن بۆ نەخوشخانەی کامیاران کە بە خوشییەوە لە مەرگ رزگاری دەبێت و ئیستاش زیندووە!
بەشی هەرە زۆری کادرەکانمان، بە تایبەتی حەمە گومەتەیی یەکێک لە فەرماندەلکەکانمان لەم بڕیارە تووڕە و ناڕازی بوون. سەرەنجام چەند رۆژ دوای ئەم رووداوە حەمە روویشتەوە لای رێژیم، چەکی جاشایەتی هەڵگرت و تا دوایین رۆژەکان، وەک چۆن ئازایانە پێشمەرگایەتی کرد ئاواش لە سەنگری دژمندا بەشداری شەڕی دژی ئێمەی کرد. چەندین جار تیمە تەشکیلاتییەکانمان، لەوانە ئەو تیمەی من لەگەڵی بووم، بە کوڵەمەرگی لە دەستی نەجاتمان دەبوو کە خراپترینیان لە گوی سیروان و هەواری گەسان بوو کە لە شوێنی خویدا باسی دەکرێ.

## چەند رووداوێکی دیکەی ئەو ساڵە

١- گرتن و بەردانی حاجی حەمە باقر خەسرەوی
لەباری راندومانی کارەوە هاوێنی ئەو ساڵە لە گشت وەختەکانی دیکە وەزعمان باشتر بوو. پێشمەرگە لە سەراسەری ناوچە، لە کامیاران تا چەمی هەورامان و لە ژاوەرۆ تا نزیک روانسەر رۆژ و شەو حزووری بەرچاومان هەبوو و بۆ یەکەمین جاریش ئاشکرا بە ژمارەی ٥٠-٦٠ کەسییەوە سەردانی گوندەکانی چەمی هەورامانمان دەکرد و پەیوەندییەکی باشمان لەگەڵ دامەزراندبوون. بەشی هەرەزۆری "جاشەکانی" ئەم دێیانە، بە تایبەتی

پاڵنگان و دەڵەمەرز هاوکارییان دەکردین و بێترس بە حەفتە لە هەوارەکانی پاڵنگان دا دەماینەوە. بەو حاڵەش کاک بابا شێخ دەوامی نەهێنا و نیوەی ساڵ بە تیمێکی پێشمەرگە دا روانەی ناوەندی ئاژوان کرایەوە و لەوێشەوە نێردرا بۆ دەفتەر و پاشماوەیەک خوێ تەحویڵی رێژیم دایەوە.

مــن بە زۆری لە دەور و بەری ســیروان و گونــدەکانی ژاوەرۆ دا بــووم. دوای سووتاندنی نیەر هێشتا رێژیم بە هۆی نەبوونی هاوکار نەیدەوێرا پایەگاکانی لەو گوندە دامەزرێنێتەوە و تەنیا هێندێک رۆژ تاقمێکی زەربەت دەهاتن،جنێوی خویان بە خەڵک دەدان، نانی خویان دەخوارد و گۆڕیان گوم دەکرد. گەلێک جار تیمەکەی ئێمە لە ماڵان و لە باخەکانی نزیک (دێ)وە چاومان لەم کردارە خراپانەی هێزەکانی رێژیم لەگەڵ خەڵک بوو. لەم داستانەدا تێر و تەسەل باسی بەشداری بێوێنە و بەرفراوانی خەڵکی نیەرم لە شۆڕشدا کردووە و هەموان ئاگاداری دڵسۆزی ئەوانن. بەڵام لەیرەش تاقە بنەماڵەیەک هەبوون کە لە ناو سەرجەمی خەڵکی نیەر دا تێکەڵی رێژیم ببوون و هەموو هەوڵی من ئەوە بوو بیانگێڕمەوە سەر رێگای راست و رازییان بکەم واز لە هاوکاری دژمن بێنن.

رۆژێک کە کاک خالێد دروودی، حەمید روانسەری و من کە هەرسێکمان ئەندامی کومیتەی کرماشان بووین لە نزیک ئاوایی نیەر بووین ئاگادار کراین کە دوو کەسی چەکداری ئەم ماڵە لە شارەوە گەڕاونەتەوە ئاوایی و شەویش لەوێ دەمێننەوە. زوو خومان ساز کرد، چووینە ئاوایی و لە رێگەی ماڵێکەوە کە خزمایەتییان لەگەڵ ئەو کوڕە چەکدارە هەبوو ئاگادارمان کردن کە دەچین بۆ ماڵیان. لای سەعات هەشتی ئێوارە چووینە بەر ماڵەکەیان. کوڕەکە کە ناوی جەماڵ خەسرەوی بوو لەگەڵ خوشکی هاتنە دەر، من بێ راوەستان چوومە پێش، سڵاوم کرد و دەستم کردە ملی. دواتر هێنامان لە کەنارێکەوە لە حزووری خوشکەکەی و خزمێکیان دا قسەمان لەگەڵ کرد. داوامان لێ کرد واز بێنێ و دوای دەست لە ملکردنی ناردمانەوە بۆ ماڵی خویان. دیارە ئەو بێ چەک هات بۆ لای ئێمە و ئێمەش باسمان نەکرد کە چەکەکەت لە کوێیە. جەماڵ قەولی شەرەفی دا واز لە جاشیەتی بێنێ و بە حەقیش بۆ هەمیشە وازی هێنا.

دوای جەماڵ هەر ئەو خانمەمان لەگەڵ خومان برد و چووین بۆ لای حاجی

حەمە باقر کە مامی جەماڵ و سەردەستەی هاوکارانی ڕێژیم لە نیەر بوو. ماڵەکەیان ٣ قات و چوونە خوارەوە بۆ لای دەرگاکەی زۆر مەترسیدار بوو. لە ڕاستیدا ئەگەر کەسێک لە ناو ماڵەکەدا ویستبای تەقە بکات زەحمەت دەکرا بە هاسانی نزیکی دەرگاکەی بیتەوە. بەڵام حەمید و خالێد لەو پێشمەرگانە بوون کە بۆ ڕۆژی تەنگانە بە کەڵک دێن، بۆیە من باکێکی وام لە حاجی نەبوو. بە وریاییەوە چووین بۆ بەر دەرگاکەیان. لەوێ ژنەکەمان نارد بانگی حاجی بکات و بڵێ پێشمەرگە هاتوون کاریان پێتە و بڕیار بوو ناوی منیشی پێ بڵێ. دوای دە دەقیێقە حاجی بێ چەک، لەگەڵ یەکێک لە کوڕەکانی(نەبی) و مەلێحە خانمی خێزانی هاتە دەر و لە کاتێکدا دەلەرزی وتی فەرموو کاک .... چێتان گەرەکە. من دەستم کردە ملی ئەویش و پێم وت هیچ! بە ڕاستی هیچ، تەنیا داوامان ئەوەیە واز لە هاوکاری ڕێژیم بێنی. دوای ئەمە حاجی حاڵی هاتەوە سەر خوی، کەوتە قەسەمخواردن و سەرەنجام قەولیدا جارێکی تر تاقە ڕۆژێک جاشایەتی نەکات و واز لە کارێک بێنێ کە تەنیا ئابڕوو چوونە و هیچی دیکە. ماڵاواییمان لێ کردن و گەڕاینەوە شوێنی کارمان.

دیارە هەر ئەو شەوە زۆربەی خەڵکی نیەر لەم دیدارەی ئێمە ئاگادار بوون و بە زووییش هەواڵ گەییشتەوە لای هاوڕێیانی هێز و کومیتە. دیسان بەرپرسانی سەربازی، بەتایبەتی کاک عەلی ئەشرەف لە دژی ئەم جۆرە کارانەی ئێمە دەرکەوتن و بە توندی ڕەخنەی منیان کرد و ئەیان وت "جاش بە پاڕانەوە نابێتە باش"! هەڵبەت جەماڵ قەولەکەی بردە سەر و بۆ هەمیشە وازی لە جاشیەتی هێنا بەڵام حاجی حەمە باقر بە پێچەوانەوە، ڕۆژی دوایی گەڕاوە سنە، پایەگای ڕێژیمی هێنایەوە نیەر و ئیستاش بەردەوامە لە هاوکاری دەوڵەت. لە درێژەی خزمەتکردن بە داگیرکەراندا ساڵەکانی دواتر یەکێک لە کوڕەکانیشی بە ناوی تەها لە شەڕی پێشمەرگە دا کوژرا. بەو حاڵەش من ئیستاش لەو ڕوانگەیە دیفاع دەکەم کە ڕێگای دیالۆگ و قانعکردن بۆ کەمکردنەوەی دیاردەی ماڵوێرانکەری جاشایەتی، کە زیانبارترین بەڵایە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا باشتر لە هەڕەشە و کوشتنە. هەروەها شانازی دەکەم کە لە ژێر کاریگەری ڕوانگەی ڕەشاد دا تا دوا ساتەکانی کاری پێشمەرگانەم وێڕای ڕەخنە و ئیرادی هاوڕێیانیشم بە پێ دەرفەت درێژەم بەو کارە دا. وێڕای


چەندین هاورێ دیکەم، بە هەزاران زەحمەت و مەترسی قبوولکردن ژمارەیەکی زۆر کوردی فریوخواردوومان گەڕاندنەوە سەر رێگای راست.

## هێرشی رێژیم بۆ سەر هانیه

ئاخر مانگی هاوێن لە حاڵێکدا لک، دەستە و تیمەکانمان لە ناوچەدا بڵاوەیان کردبوو و هەرکامە خەریکی کاری خویان بوون، کاک شاپوور و بەشێکی کادر و پێسمەرگەکان، نیمچە بنکەیەکیان لە هەواری هانیەی پاڵنگان، لە نیوقەدی شاهۆ دا دامەزراندبوو و چەندین حەفتە بوو لەوێ بوون. بنەماڵەی پێشمەرگە و دۆستانی شۆڕشیش جار و بار دەهاتن و سەردانیان دەکردین. تیمەکەی ئێمە بۆ هێندێک کاری تایبەت گەڕاینەوە لایان و دوای نزیک بە مانگ و نیوێک لێکدابڕان، بەشێکی هاورێیانمان بینینەوە. هەر تیمە و بنی بەردێکیان تەخت کردبوو و کردبوویانە بنکە و تێدا دەحەسانەوە. ژمارەی ئەو پێشمەرگانەی لەوێ بوون نزیک ٤٠ کەسێک دەبوون بەڵام بەشی زۆری ئەمانەش کەسی نوێ و هێندێکیان برینددار بوون. هەموو فەرماندەکان، وەک کاک عەلی ئەشرەف، حەمەکەریم نەدیمی، ئەحلە مسری و... لەگەڵ تیم و دەستەکاندا رۆویشتبوون و تەنیا کاک سالار و کاک شاپوور لەوێ بوون. رۆژێک نزیک سەعات دووی پاش نیوەرۆ لە حاڵێکدا هەمووومان خەریکی حەسانەوە بووین، دیتمان چەند چەکدارێک لە لای خوارووومانەوە دێن بۆ شوێنەکەمان. سەرەتا وەمانزانی ئەو دەستەیە لە هاورێیانی خومانن کە چووبوون بۆ چەمی هەورامان، بەڵام وردە وردە بۆمان دەرکەوت لە پێشمەرگە ناچن و چەند کەسێک چووینە سەر رێگاکەیان. تۆقە بەردێک لە چەند سەد مێتری شوێنەکەمانەوە بوو خومان گەیاندە ئەوێ و لە پڕ لە هەموو لایەکەوە دراینە بەر تەقە.

ئازار و ئەزموون

دەرکەوت هێزێکــی فراوانــی ڕێــژیم لـە جــوانڕۆو وە هــاتوون و ئـەگەر چەنــد دەقـیقەی دیـکە نەمانزانیبـا، لـە هـەر چـوار لاوە دەهـاتنە بانسـەرمان بـێ ئـەوە هەسـتیان پـێ بکـەین. ئـێمە بە هـوی مـانەوەی زۆر لـەم شـوێنە تووشـی هەڵەی لێکدانەوە ببووین و حیسابمان بۆ ئەوە نەکردبوو کە ڕێـژیم لە جـوانڕۆ (فاسڵەی نزیک بە ٨ سەعات ڕێگای بێ ماشین) بوێرێ هێرش بکات و لە ڕاستیشدا ئەگەر وریا بووباین و ئێمە پێشتر بەوانمان زانیبا، لەو گەرما و بێ ئاوییەدا قڕمان ئەکردن و گەورەترین زەربەمان لـێ دەدان. هەر جۆرێک بێت شەڕی دەستە و یەخە و ســەخت لـە نێــوان ژمــارەی کەمــی ئــێمە و هێــزی زۆری ئەوانــدا تــا تاریکداهاتنی هەوا درێـژەی کێشـا و نەمانهێشـت لـەوە زیـاتر پێشـڕەوی بـکەن. بەڵام کە هەوا تاریک بـوو دەسـتووری پاشەکشـێ درا و بە ڕەوە دۆڵــی هەواری شــێخ عەزیــز کشــاینەوە. لەو دۆڵەدا یەکمــان گــرتەوە و دوای ژمــاردنی پێشــمەرگەکان دەرکەوت کە یەکێــــک لە پێشمەرگەکانما ن بە نـــاوی ڕەحـــــیم مەنبەری (مێـراو ی) دیار نیە.



شـــــاهۆ لە هاوێنــــــدا شـــــوێنێکی کەمئاوە و جگە لە چەنــــد شوێنی تایبەت کانی لێ نیە. بیرێکی زۆر قـووڵ و گەورە لـە جێگـایەکە بە نـاوی بانگەوی، ڕوویشتین بۆ ئـەوێ تا هەم لە باری خۆپاراستنەوە شوێنەکەمان بـاش بێت و هەم لە ئاویش نزیک بین. بەڵام سەرەڕای بوونی چەند پێشمەرگەیەکی بەڵەدی ئەو نـاوە، بە سـەعات بە دوای جێگـای ئەم بیـرە دا گەڕایـن بـێ ئەوە

بیدۆزینەوە. ناچار پێشمەرگە برسی و تونی لە بنی بەردان دا خەوتن. رۆژی دوایی تیمێک گەڕانەوە بۆ نزیک شوێنی شەڕەکەی دوێنێ و لە دوورەوە دیتبوویان خەڵکی پاڵنگان خەریکی ناشتنی تەرمی رەحیمن کە لە شەڕەکە دا شەهید ببوو و تەرمەکەی کەوتبووە دەستی دژمن. پاسدارەکان لە بەر برسییەتی و ماندوویی تەرمەکەیان لەگەڵ خویان نەبردبوو. خەڵکی پاڵنگان کاتێک ئاگاداری هەواڵەکە دەبن دێن لە هانیە خەریکی ناشتنی ئەبن کە تیمەکەی ئێمە و یەکێکیان کاک شاپوور دەگەنە لایان و پێکەوە رەحیم بە خاک ئەسپێرن.

دوای ئەم رووداوە، تیمەکەی ئێمە جارێلی دیکە گەڕاینەوە بۆ ناوچە و درێژەمان بە کارەکانمان دا. چەندین جاری دیکە سەردانی سەرێز و گوازمان کرد و بناغەیەکی پتە و باشمان بۆساڵی داهاتوو دامەزراند. لە یەکێک لەم دیدارانە دا یەکێک لە چەکدارەکانی رێژیم پێشنیاری کرد داوا لە شورای ئاواییەکان بکەین لە کاتی وەرگرتنی کۆپۆندا بەشێک لەو کۆپۆنە زیادییەی وەری دەگرن بۆ ئێمەی کۆکەنەوە. من دواتر زانیم لە زۆربەی ئاواییەکاندا شۆراکان ژمارەیەک ناوی زیادی، بە هوی "سجیلی مردووەکانەوە" ئەدەن بە کاربەدەستان و بەشەکەیان وەر ئەگرن بۆ خویان. من ئەم داوایەم لە شورای چەند ئاوایی کرد و ئەوانیش سیگار، تایت، گۆرەوی، برینج و ئارد و زۆر شتی دیکەیان بۆ هەڵئەگرتین و لە کاتی گونجاو دا بۆیان دەناردین کە یارمەتییەکی باش بوو بۆ ئەو هەل و مەرجە.

لەم سەفەرە دا یەکێک لە پێشمەرگەکانی هاوڕێ من بە ناو ئەورەحمان نەدیمی دەیهەوست جێگای ددانێکی پڕکاتەوە کە کەل و هێندێک ناشیرینی کردبوو. تەنیا شوێنێک کە ئەکرا بە هاسانی ئەم کارە بکرێ لای حاجی سابر بوو لە ئاوایی نیەر. ئێوارەیەک چووین بۆ ماڵی حاجی کە لە کەنار و گۆشەی ئاواییەوە بوو. کاتێک گەییشتینە لای حاجی و باسی شتەکەمان بۆ کرد وتی بە سەر چاو، بەڵام خوشت ئەو ددانەی لای چەپت کەوتووە بۆ باشی نەکەم بۆت؟ دیارە خوت دەزانی من پووڵ لە ئێوە وەرناگرم نەیەژی بۆ پووڵەکەیەتی! لە راستیدا من تا ئەوکات زۆر کەسی دیکەش ئەوەیان پێ وتبووم کە بڕۆم ئەو ددانەم خاس کەم، زۆرم لا گرنگ نەبوو بەڵام ئەم جارە دڵم نەهات دڵی لالۆ

حاجی بشکێنم و وتم بە سەرچاو وەختێک خوت ئەفەرموویت بۆچە نا؟ حاجی قاڵبی ددانەکانی هەردووکمانی گرت و وتی بڕۆن سۆزیی ئێوارە ئەم وەختانە بێنەوە بیانبەنەوە.
لەگەڵ ئەورەحمان رویشتین لە شوێنێک خەریکی کاری خومان بووین و ئێوارەی رۆژی دوایی چووینەوە ماڵی کاکە حاجی. بێ راوەستان حاجی سابر دەستی بە ئامادەکردنی ددانەکان کرد و لە پڕ ژنەکەی وتی زوو کەن پاسدار هاتن! من نازانم حاجی چۆن پێراگەییشت بەڵام ددانەکانی لە ماوەی چەند دەقێقە دا خستنە دەمی ئێمە، هێندێک دەرمانی پێدا هەڵسووین و دەستی کێشا بۆ دەرگایەکی پشتەوە وتی لەو دەرگاوە راکەن! ئەورەحمان کوڕی رۆژی تەنگانە و لەوانە بوو پشتی پێ ببەستی بەڵام ناشارەزا بوو لە شوێنەکە. بۆیە من کەوتمە پێش و وتم بە دوامدا وەرە. دوای چارەکە سەعاتێک لە ماڵی حاجی دوورکەوتینەوە و شانسمان بوو پاسدارەکان نەیانبینین. دواتر هەواڵم زانی ئەوانیش بۆ کێشانی ددانی یەکێکیان هاتوون و بێ ئەوە ئازارێک بە خاوەنماڵ بگەیینن گەڕاونەتەوە.
من هەر لە سەرەتاوە هەستم کرد کە ددانەکەم نالەبارە و بە هاسانی نەم ئەتوانی دەم بقووجێنم. تا بەیانی هەڵم کرد و وتم رەنگە جێگای نەگرتبێت بەڵام کاتێک رۆژ بوویەوە و توانیمان سەیری ئاینە بکەین دیتمان ددانەکانمان گۆڕاوە و حاجی لە ترسان و پەلە پەل دیانەکەی ئەورەحمانی لە زاری من و ئەوەی منی لە زاری ئەورەحمان داناوە. جۆرێک دەرمانیشی لێدابوو کە هەڵکەندنیان هاسان نەبوو بۆیە ناچار چەندین سەعات من پاڵکەوتووم و ئەورەحمان بە مۆرەتی پشتی ناخوونگیر خەریکی سافکردنی بوو تا ددانەکەی من جێگای گرت و توانیم دەم بقووجێنم.
دوای ئەم داستانە گەڕاینەوە باخەکانی سەرێز، هەواڵمان زانی کە هێز و کومیتە بە بناری شاهۆ و بە چەمی هەورامانـدا گەڕاونەتەوە بۆ ناوچەی کۆماسی بەڵام کاک سالار و ژمارەیەکی ٢٠-٣٠ کەسی پێشمەرگە کە زۆربەیان کوڕەکانی نیەر و تەنگیسەر بوون گەڕابوونەوە ئەو ناوە و لە شوێنێک بە ناوی باخی حەمەڕەش تووشی یەک بووین. دوای دوو حەفتە دوایین کارەکانمان جێبەجێ کردن و تێکڕا کەوتینە رێ بۆ ناوچەی مەریوان تا لە کۆماسی لەگەڵ

پاشماوەی هێزەکەمان یەک بگرینەوە.

پێش ئەوە تیمەکەی ئێمە بگەیەنەوە لای هاوڕییانمان، رۆژێک گوێمان لە رادیۆی حیزب بوو ناوی چوار پێشمەرگەی خوێندەوە کە بە هۆی بێ نەزمی لە حیزب دەرکراون و لە زوان فەرماندەری هێزی بێستوونەوە داوای لە خەڵکی ناوچە کرد کە هیچ چەشنە هاوکارییەکیان نەکات. پێشمەرگەکان بە تەرتیب برتیبوون لە عەبدوڵا رەحیمی ناسراو بە عەبە پاڵبگانی، کەریم مەنبەری ناسراو بە پیرباخی، باوا ئەحمەد ئەحمەدی و حەمە سەعید تیلەکۆیی.


هەر چواریان ئازا، فیداکار و پێشمەرگەی قاڵبووی چەندین ساڵە بوون، بۆیە ئێمە زۆرمان پێ ناخوش و سەیر بوو. کە گەییشتینەوە لای هێز لەگەڵ کاک سالار چووینە لای کاک شاپوور و هۆی بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵەمان لە رادیۆی حیزب پرسی. کاک شاپوور بە پێکەنینەوە وتی حەزیان ئەکرد تەواو زۆسان لە ناوچە بمێننەوە، داوایان کرد ئیزنیان بدەم بەڵام وتم نابێت. شەو خۆیان دزیەوە و رویشتن بۆیە منیچ هەواڵەکەم نارد بۆ رادیۆ تا کەس هاوکارییان نەکات. کاک سالار تووڕە بوو بەڵام کاک شاپوور دیسان بە پێ کەنینەوە وتی خەفەت مەخۆ، چەند رۆژتر بزانن خەڵک هاوکارییان ناکات خویان ئەگەڕێنەوە.

دوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە، هەرسێک پێشمەرگە لێک دادەبڕێن، کەریم ئەگەڕێتەوە نیەر و لەوێ خوی لە ناو خەڵکدا ئەشارێتەوە. تەوای زۆسانی لەو ناوە بردە سەر و دواتر بە ماشین و لە رێگای سەقزەوە گەڕایەوە شلێر لای هەڤالانی. باوا ئەحمەد و حەمە سەعید دوای ماوەیەک خویان تەحویلی رێژیم دایەوە و بە ساڵان زیندانیان کێشا. بەڵام کاکە عەبە هەر وا بێ پەروا لە ناوچە و لە کێوی شاهۆدا ئەسووڕایەوە و ئەیوت من پێشمەرگەم و تا بەهار هێز و کومیتە دەگەڕێنەوە ناهێڵم شاهۆ بێ پێشمەرگە بێت.

کەسێک بە ناوی موستەفا، کە باوکی لە کەمینێکی پێشمەرگە و لە جلی جاشیەتیدا کوژرا بوو، دەڕواتە لای عەبە و ئێژێ منیش لەگەڵت ئەبمە پێشمەرگە. عەبە ژیر، بەڵام فرە دڵپاک و سادە بوو. باوەڕی پێ ئەکات و ئەیخاتە تەک خوی. زیاتر لە مانگێک لەگەڵی ئەبێت و پێکەوە شاهۆ و ئاواییەکانی بناری ئەگەڕێن. رۆژێکیان موستەفا فرسەت دێنێ. عەبە پاڵنگانی

ئەداتە بەر دەستڕێژ و ئەیکوژێ. دوای کوشتن، سەری ئەبڕێ و بە کۆڵێک خوێنەوە سەرەبڕاوەکەی هەڵئەگرێ و ئەگەڕێتەوە پاوە لای هێزەکانی ڕێژیم. شەهیدبوونی عەبە پاڵنگانی، بەو شێوە وەحشیانەیە، وەک تۆپ لە ناوچە دەنگی دایەوە و خەڵکی تووڕە و خەمبار کرد. بەڵام ئەم دەنگوەدانە گەورەیە نەگەییشتە لای بەرپرسانی حیزب و هیچ کات رادیۆی حیزب خەبەرەکەی وەک هاووڵاتییەکیش بڵاو نەکردەوە. من ئیستاش دڵنیانیم کە ناوی عەبە سەیفە لە لیستی شەهیدانی حیزبی دیموکرات دا هەیە یان نە، بەڵام لای من و گشت خەڵکی ناوچە، ئەو پێشمەرگە دەستپاک، دڵپاک و هەردەم لێو بە خەندەکەی جارانە کە ترسنۆکانە شەهید کرا و زاڵمانەش لە بیری هاوڕێیانی چوویەوە.

عەبە سەیفە/ پاڵنگانی یەکێک لە ناسراوترین، دڵسۆزترین و خزمەتکارترین



پێشمەرگەکانی حیزبی دیموکرات بوو لە ناوچەی هەورامان، بێڵەوار و ژاوەرۆ. دوای شەهیدبوون، چوار مناڵی شیرینی بە جێ هێشتن کە بە هیمەت و ئیرادەی پۆڵایینی هاوژینەکەی گەورە بوون، پێ گەییشتن و ئیستە خوێندەوار و خزمەتکار خەریکی ژیانی سەربەرزانەی خویانن.

من وەک یەکێک لە کادرەکانی ئەودەمی حیزب لە ناوچە، بەشی خوم شەرمەزاری هاوژینی کاکە عەبە و مناڵەکانیم کە وەک پیویست شەڕی سەندنەوەی مافی لە دەستچوویانم نەکرد.

دوای بڕینی سێ رۆژ ڕێگا و پەڕینەوە لە جادەی سنە مەریوان، جارێکی دیکە گەڕاینەوە کۆماسی و لە ئاوایی گڵیە تووشی هاوڕێیانمان بووینەوە. بە گەییشتنەوەی ئێمە بڕیاری گەڕانەوە بۆ شلێر درا کە ئەو ساڵە وەک بنکەی سابت بۆ مانەوەمان هەڵبژێردرابوو. دوای سێ رۆژ گەییشتینە ئاواییەکانی ئیسەوڵێ و گێڵیکەران کە ساڵی پیشوو بنکە و شوێنی مانەوەمان بوو. رۆژی دوایی دژمن هێرشێکی بەرینی بۆ سەر ئەم گوندانە کرد و

لەگەڵ شەفەقی بەیانی تەقە لە گشت لایەکەوە دەستی پێ کرد. هێزی ئێمە زۆر و ئامادەیی تەواویشمان بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکە هەبوو. بۆیە دوای دوو سەعات هێزی ڕێژیم تێکشکان و چەند جەنازەشیان لێ بەجێ مان. لە بەرەی ئیسەوڵێ، پێشمەرگەیەکی بەنرخی هێزی زرێوار بە ناوی ئایەت هەرسێنی، کە لەگەڵ ژمارەیەکیتر لە هاوڕێیانی وەک شارەزا لەگەڵ ئێمەدا بوون شەهید بوو. لە بەرەی گێڵیکەرانیش دا دوای شکانی هێزەکانی ڕێژیم ناوچەکە درایە بەر تۆپبارانێکی خەست و بەداخەوە لەم بەرەیەشدا پێشمەرگەیەکی دیکەی مەریوان شەهید بوو کە بە داخەوە ناوەکەیم لە یاد نەماوە.

تاریکە شەوێکی ناخوش بوو و نمەنم باران دەباری. بە وریایی و بێدەنگی لە جادەی مەریوان- بانە- سەقز پەڕینەوە و نزیک دەمە و بەیان گەییشتینە ئاوایی بەردە رەشە کە هێشتا پایەگای ڕێژیمی لێ نەبوو، بەڵام بە زۆری کۆمەڵە هات و چوویان دەکرد. رۆژی دوایی چوینە ئاوایی دووپلووره و لەوێشەوە بەرەو گوندی نەرمەڵاس کە بنکەی ناوەندی ئاژوانی لێ بوو کەوتینە ڕێ. نەرمەڵاس بە دیوی شلێر و لە پیلانی گڵاوی داگیرکەراندا بە "ئێراق" حیساب دەکرێ. بۆیە دوای تێپەڕین لە دووپلووره، ئەچووینە ناو خاکی باشووری کوردستان. هەرچەند ئەودەم شلێر لە ژێر دەستی هیچکام لە داگیرکەرانی کوردستاندا نەبوو و لە خەڵکی ئاساییش چۆڵکرا بوو، دیسانیش ئەمە خوی خاڵێکی وەرچەرخان بوو بە نیسبەت چارەنووسی بزووتنەوەکەمانەوە. کاتێک لە "سنوور" دەرباز بووین و بە ناو جەنگەڵەکە دا بۆ دۆڵی نەرمەڵاس شۆڕ ئەبووینەوە، بە دەم ڕێگاوە رادیۆی حیزبمان گرتبوو هەواڵی یەکەم تێکهەڵچوونی نێوان کۆمەڵە و حیزبی لە هەوارامان بڵاو کردەوە. شێوەی باسکردنەکەی حیزب جۆرێک بوو کە وێڕای ناخوشبوونی هەواڵەکە، دیسانیش زۆر جدیمان نەگرت و پێمان وابوو وەک شەڕەکانی دیکە ئەمیش دوای حەفتەیەک کۆتایی پێدێت. بەڵام کاتێک کۆمەڵە هەواڵەکەی خوێندەوە، زۆر توورە و توند باسی هێرش و پەلاماری حیزبی کرد و وتی بەشی زۆری پێشمەرگەکانیان، بە تایبەتی ژنێک بە ناوی تەلیعە عەلی رەمایی ئێعدام کراون.

ئازار و ئەزموون

کاتێک گەییشتینە نەرمەڵاس، دیتمان ناوەندی ئاژوان بە ژمارەیەک پێشمەرگەوە لەوێن و لە ناو وێرانەی ماڵەکانی نەرمەڵاسدا چەند ماڵێکیان سازکردوون کە ئێمە چووینە ناو دوانیان. لە ٥٠٠ میتری ئەم بنکانەشەوە بنکەیەکی کۆمەڵە هەبوو کە نزیک ٦٠ پێشمەرگەی تێدابوون. سەرەڕای بیستنی ئەم هەواڵەش، هێشتا وەزعەکە ئارام و پەیوەندی نێوان بنکەکانی هەردووک حیزب تا دوو حەفتە دوای گەییشتنی ئێمەش هەر باش و نیسبەتەن ئاسایی بوو. بەڵام دواتر کۆمەڵە لە نەرمەڵاس باریان کرد و ماڵەکانیان بە ساغی بۆ ئێمە بە جێ هێشتن.

دوای نزیک مانگێک مانەوە لە شلێر و دامەزراندنی بنکە و بارەگای نوێ، کاک شاپوور و ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی هێزی بێستوون چوون بۆ دەفتەری سیاسی. ئێمەش دوای ئەوە ٢٦ ی سەرماوەز، بۆ یەکەمجار وەک رۆژی پێشمەرگەی کوردستان دیاری کرا و جەژنێکی گەورەمان بەو بۆنەوە لە نەرمەڵاس بەست، بڕیار درا تیمێکی ٢٠ کەسی هێزی بێستوون لەگەڵ هێزی زرێواری مەریوان دا بگەڕینەوە بۆ ناوچە و لە سەرشیوەوە تا کۆماسی دەست بە جەولەی "سیاسی- نیزامی" بکەین. من وەک سەرپەرەستی پێشمەرگەکانی بێستوون، ئەوڕەحمان نەدیمی و نەجمەی مەنبەریش وەک بەرپرسی سەربازی دیاری کراین و دوای ماڵاوایی لە هەڤاڵانمان بۆ ناوچە و ناو دڵی دژمن و باوشی خەڵک گەڕاینەوە. ئەمە خوی ماجەرا و کارەساتێکی گەورەی لێ درووست بوو کە ئێوە خوێنەرانی هێژا بە درێژی لە داستانی گەمارۆدا دەیخوێننەوە.

لەیرەدا بە پیویستی ئەزانم پێش ئەوە بچمە سەر باسی شەڕی نێوان حیزب و کۆمەڵە، هێندێک زانیاریی سەرەتایی لە سەر ناو، ژمارە و ناوچەی کاری هێزەکانی حیزبی دیموکرات، پێش دەسپێکرانی شەڕەکە باس بکەم، هەروەها لە کۆتایی باسەکەشمدا گۆڕانکاری لەم ژمارانە و لە چۆنیەتی هێزەکانیشدا دێنمەوە یاد بەو هیوایە کە هێندێک هاسانکاریم بۆ باشتر تێگەییشتنی خوێنەر لە جوغرافیای کاری هێزەکان و ئاستی زیان و زەرەکانی ئەم شەڕە لە بزووتنەوەی کوردستان کەوت، کردبێت. دیارە ئەم ئامارانە تەقریبەین، بەڵام زۆریش لە راستی دوور نین.

١ هێزی داڵەهۆ و کومیتەی شارەستانی داڵەهۆ
نزیک بە ٨٠ کادر و پێشمەرگە
چالاک لە ناوچەکانی دالاهۆ، سەلاس و باوەجانی.

٢ هێزی شاهۆ و کومیتەی شارەستانی هەورامان
زیاتر لە ٢٥٠ کادر و پێشمەرگە
چالاک لە ناوچەی هەورامانی لهۆن، جوانرۆ و بایەنگان.

٣ هێزی زرێبار و کومیتەی شارەستانی مەریوان ١٢٠ کادر و پێشمەرگە
چالاک لە مەریوان و گشت ناوچە جۆراوجۆرەکانی.

٤ هێزی بێستوون و کومیتەی کرماشان
١٧٠ کادر و پێشمەرگە
چالاک لە ناوچەکانی کامێرران، روانسەر، جوانرۆ، باکووری شاری کرماشان، رۆژاوای شاری قوروە، ژاوەرۆی سنە و چەمی هەورامان.

٥ هێزی شەریفزادە و کومیتەی شارەستانی سنە
١٥٠ کادر و پێشمەرگە
چالاک زۆربەی نزیک بە تەواوی ناوچەکانی پارێزگای سنە و هێندێک ناوچەی دیواندەرە.

٦ هێز و کومیتەی شارەستانی دیواندەرە
٧٠ کادر و پێشمەرگە
چالاک لە گشت ناوچەکانی سەربە دیواندەرە.

٧ هێز و کومیتە شارەستانی هەوشار
١٨٠ کادر و پێشمەرگە

ئازار و ئەزموون
چالاک لە ناوچەی هەوشار و بەشێک لە ناوچەکانی سەقز و دیواندەرە.

٨ هێزی عەزیز یوسفی و کومیتەی شارەستانی سەقز
٢٠٠ کادر و پێشمەرگە
چالاک لە گشت ناوچەکانی سەقز و هێندێک ناوچەی بۆکان

٩هێزی بەیان و کومیتەی شارەستانی بۆکان
١٥٠ کادر و پێشمەرگە
چالاک لە گشت ناوچەکانی بۆکان و هێندێک ناوچەی مەهاباد و سەقز.

١٠هێزی پێشەوا و کومیتەی شارەستانی مەهاباد
٣٠٠ کادر و پێشمەرگە
چالاک لە گشت ناوچەکانی مەهاباد، میاندواو و هێندێک ناوچەی بۆکان.

١١ هێزی ئەفشین و کومیتەی شارەستانی نەغەدە
١٠٠ کادر و پێشمەرگە
چالاک لە ناوچەکانی نەغەدە، هێندێک ناوچەی مەهاباد و ورمێش.

١٢ هێزیکێلەشین و کومیتەی شارەستانی شنۆ
١٥٠ کادر و پێشمەرگە
چالاک لە گشت ناوچەکانی شنۆ و نەغەدە.
١٣ هێزی سەروان حاتم
٧٠ پێشمەرگە
چالاک لە ناوچەی..
هێزی نەحۆ...
...
...
١٤ هێزی ئاوار و کومیتەی شارەستانی پیرانشار

٢٥٠ پێشمەرگە و کادر
چالاک لە گشت ناوچەکانی پیرانشار، بەشێکی سەردەشت و شنۆ.

١٥ هێزی موعینی و کومیتەی شارەستانی سەردەشت
٣٠٠ کادر و پێشمەرگە
چالاک لە گشت ناوچەکانی سەردەشت، بەشێکی رەبەت و پیرانشار.

١٦ هێزی مینەشەم و کومیتەی شارەستانی رەبەت
١٢٠ پێشمەرگە و کادر
چالاک لە ناوچەی رەبەت، باکووری شاری بانە و باشووری شاری سەردەشت.

١٦ هێزی ئاربابا و کومیتەی شارەستانی بانە
٢٥٠ کادر و پێشمەرگە
چالاک لە گشت ناوچەکانی بانە.

سەرنج

١ کومیتەی شارەستان لە قەوارەی حیزبی دیموکرات دا لە بەرپرسی کومیتە و فەرماندەری هێز، کە لە ناوەندەوە، بۆ هەڵبژاردن دیاریی و دەستنیشان ئەکران، کۆمەڵێک ئەندامی هەبوون کە لە کۆنفەرانسەکان و بە دەنگی نوێنەرانی پێشمەرگە و ئەندامانی حیزب لە ناوچە هەڵدەبژێردران و هەر کومیتە شارەستانێکیش، چەند کومیتە ناوچەی هەبوون کە کاری رێکخستن و کۆمەڵایەتییان رادەپەڕاند.

٢ لە چوارچێوەی رێکخستنی هێزەکانی حیزبی دیموکرات دا، هێز لە دوو بۆ سێ لک پێک دەهات و جگە لە فەرمانەدەری هێز، کە لە ناوەندی حیزبەوە دیاری دەکرا، هەر لکەش فەرماندەی تایبەتی خۆی هەبوو کە لەگەڵ کادری سیاسی لک، لە مەیدانی کاری خویاندا سەلاحیەت و بڕیاری گشت کارەکانیان بە دەست بوو.

حاتەم مەنبەری

# گەمارۆ

## گۆشەیەک لە شەڕی نێوان کۆمەڵە و دیموکرات

### پەنجەرەیەک بۆ کردنەوەی باسەکە

نازانم یەکەم شەڕی ناوخۆیی کوردان کەی و لە لایەن کامە هێز، یان هۆزی کوردەوە دەستی پێکردووە. شەڕی چالدرانی ١٥١٤ کە بە سەرەتای نەگبەتیەکانی نەتەوەی کورد دەژمێردرێت، بەشی زۆری شەڕکەرەکانی هەر دووک دژمنەکەی کورد (ئیمپراتوورییەکانی ئێران و تووارنی) لە کورد پێک هاتبوون. "سارۆبیرە"ی بانە لەگەڵ هەزار کوردی دیکە لەبەرەی سەفەویەکان دا گەورەترین نەخشی لە قازانجی سپای ئێران گێڕا، دوو رۆژ پاش هەڵاتنی شا سمایلش لە مەیدانی شەڕ، حازر نەبوو سەنگەر چۆڵبکات و سەرنجام بە خۆی و چەکدارەکانیەوە تێکڕا بەدەست سپای سولتان سەلیم کوژران. بەشی هەرە زۆری سپای شەڕکەری عوسمانیش بە سەرۆکایەتی "بولبول قەیتان" لەکوردەکان پێک هاتبوون و لە کوژرانی سارۆ دا رۆڵی ئەساسییان بینی.

(بۆ زانیاری فرەتر: شاه جنگ ایرانیان در یونان و چالدران / شیر مردی در کردستان بخوێننەوە).

هەموو دەسەڵاتدارانی داگیرکەری ئاو و خاکی ئێمە بۆ پاراستنی حوکمی خویان، کوردیان بەکار هێناوە و بۆ سەرکوت وکوشتنی کوردیش، هەر لە برای خوی کەڵکیان وەرگرتووە. لەم بارەوە بۆ باسکردن بەخەروار نموونە هەیە و، دەکرێت دڵی خومان بەوە خوش بکەین کە سەردەمی سارۆبیرە و عەبدوڵامەریوانی(یەکێک لە نۆکەرە تابناگوێ خزمەت کارەکانی نادر شای ئەفشار) سەردەمی نەزانی بووە و مرۆڤی کورد، لەگێژاوی ناهۆشیاری دا سەرگەردان ئەسووڕایەوە. بەڵام من نازانم چۆن وەڵامی خوم بدەمەوە کاتێک باسی "خاڵۆ قوربان" دەکەم کە، وەک کوردێک حازر بێت بۆ رزگاریی "هەژاران" بچێت بۆ گیلان و مازەندەران، لەسەنگەری خەباتکارانی ئەو ناوەدا گەورەترین داستانی سەردەمی خوی بخولقێنێت، بەڵام کە دێتە سەر باسی

رزگاریی نەتەوەی خوی، وەک خۆفرۆشێک، لەسەنگەری رەزا شای خوێنمژدا بەدەستی هێزی سمکۆ بکوژرێ! لەم بارەشەوە نموونەی خۆخوری و خۆفرۆشی لە ناوماندا هێندە زۆرن هەر مەپرسن!

کاتێک هێز و رێکخراوی سیاسی لە گۆڕەپانی کۆمەڵگای ئێمە دا پەیدا بوون، دەبوا لاپەڕەییکی تر لە میژوی کورد والا کرابا و رێبەرانی بزووتنەوەی کورد لانیکەم تۆزێک جیاواز لە سەرۆک هۆزەکانی پێشخویان بیریان کردایاتەوە. واتا بەهاسانی نەکەوتبایانە داوی دژمنانەوە و شەڕ و دژمنایەتی یەکتریان نەکردبا. ئەبوا و ئەکرا بە هەموو ناکۆکیەکانیشەوە هەستیان بە هەلی ناسکی بزووتنەوەکە کردبا و وزە و توانای خەباتەکەیان بەخۆڕایی بەکار نە هێنابا. (شتێک کە هەر پیرە پیاوو پیرە ژنێکی نەخوێندەواری ناو کۆمەڵگای کوردەواری پێگەییشتووە و هەزار جاریش وەبیر ئێمەیان هێناوەتەوە). بەڵام بەداخەوە ئیستاشی لەگەڵ دا بێت، قەت تێگەییشتن و لەوەش گرینگ تر، هەست بە بەرپرسایەتی کردنی هیچکام لە سەرکردەکانی ئێمە نەگەییشتوەتە ئەو ئاستە. هەرکامەیان بەجورێک بیانوو و پاساو بۆ کارەکانیان دێننەوە و لایەنی دیکە بە دەستپێکەر و تاوانبار دەناسێنن. لەمبارەشەوە هەرچەندەتان بوێ نموونە هەیە و تەنیا حیزبێک و دوو حیزب، یان سەرکردەیەکی تایبەتی نیە خوی بە راست و ئەوانیدیکە تێکڕا بە تاوانبار ناودەبات.

لە مێژوو و رابوردوی کۆن دەگەڕێم و دێمە سەر ئەسڵی باسەکەم. باسێک کە پێوەندیی بە یەکێک لەم شەڕەناوخۆییانەی سەردەمی هۆشیاربوونەوەی مرۆڤی کورد و دوای هەڵوەشانەوەی سیستەمی دەرەبەگایەتیەوە هەیە. شەڕی ماڵوێرانکەری نێوان کۆمەلە و دیمۆکرات کە چەند ساڵی خایاند، ژمارەیەکی زۆر لە کوڕ و کچانی ئەم وڵاتە دیل و زەنجیرکراوەی تێدا بوونە قوربانی و تا ئیستاش رێبەرانی هیچکام لەم دوو لایەنە (کە ئیستا چەندین لایەنن) حازر نەبوون بچووکترین تاوان لەم بارەوە قەبووڵ بکەن. لە خەڵکی کوردستان بنەماڵەی قوربانییەکان داوای لێبووردن بکەن. بە کردەوە ئاشت ببنەوە و قەول بدەن کە ئەگەر جارێکی تر مەودای چالاکیان لە کوردستاندا هەبوو، یەکتر کوشتن دەست پێ ناکەنەوە.

هەڵبەت لەم بارەشەوە نموونە زۆرە و تەنیا ئەم دوو حیزبە نین کە نرخێک بۆ

رای گشتی خەڵکی کوردستان دانانێن.
من بەشێک لە باشترین ساڵەکانی تەمەنم لە سەردەمی ئەم شەرە نەگریسەدا بردە سەر و دەیان خزم و هاوڕێ خوشەویستم لەم ڕێگایە دا بوونە قوربانی و جیا لەوەش، بۆ خوشم دنیایەک تاڵی و سوێری ئەم ڕۆژانەم چێشت. ئەم بڕگە لە شەڕی نێوخۆیی کە بۆتانی دەگێڕمەوە تەنیا باسی مانگ و نیوێک لە چەند ساڵ شەڕی نێوخۆییە، چیرۆکی تاڵێ سەفەرێکە، کە لەگەڵ ژمارەیەک پێشمەرگەی تری حیزبی دیموکرات لە گەمارۆی هێزەکانی کۆمەڵە دا بردمانە سەر.

پێم خوشە پێداگری لە سەر ئەوە بکەم، ئێستها کە ئەم ڕووداوە تاڵانە وەک بیروەریی و بۆ مێژوو دەنووسمەوە، لەباری سیاسی و تەشکیلاتییەوە سەر بە هیچ حیزبێک نیم و خوشم لە هەمبەر و دژی هیچ لایەنێکدا نازانم. بۆیە ئەوپەڕی هەوڵی خوم دەدەم بە سەر عادەت و شێوەی نووسینی باوی تا ئیستای کوردیدا بازدەم و دوور لە دەمارگرژی و هەڵاتن لە هەڵەی خوم، لە نووسینەوەی ڕووداوەکان دا ئینساف و ڕاستبێژی لەبەرچاو بگرم. ئەگەریش هێندێک جار سۆزی خوشەویستی هاوسەنگەرانی ئەوکاتم، سووری قەڵەم بەلای ئیحساساتدا بابداتەوە، هەوڵدەدەم بەسەریدا زاڵ بم و بێمەوە سەرهێڵی ڕاستبێژی. بە هیوام ئەو کەسانە کە لەم ماوە دژوارە دا لە گەڵ بوون( لە هەردوولا) هەڵە و کەم و کوڕیم بۆ ڕاست کەنەوە. جا چ ئەوانەی بەرەی حیزبی دیمۆکرات کە وەک من لە گەمارۆ درابوون، یان ئەوانەی وەک کۆمەڵە هەموو ڕێگاییکی هەڵاتنیان لێگرتبووین، گەمارۆیان دابووین و ئاواتیانبوو تاقمان دەرنەچێ!

## ریشە و هۆیەکانی ناکۆکی نێوان کۆمەڵە و حیزب

حەز ئەکەم بەر لەوە بێمە سەر ئەسڵی ڕووداوی گەمارۆ، ئاوڕێکی کورت لە ریشەکانی ئەم شەڕە بدەمەوە تاکوو تێگەییشتن لە باسەکەم تۆزێ هاسانتر بکەم بۆ خوێنەرانێک کە لەو کاتەدا منداڵ، یان هێشتا نەهاتبوونە دنیاوە.
لەبەر ئەوە حیزبی دیمۆکرات لەسەر بنچینەکانی کۆمەڵەی ژێکافەوە دامەزرا، ئەم حیزبە بە یەکەم ڕێکخراوی سیاسی ناو کۆمەڵگای کورد لە ڕۆژهەلاتی

کوردستان دا دەژمێردرێت. ئەم حیزبە لەسەرەتای دامەزرانیەوە تا رووخانی ریژیمی پاشایەتی، تاکە رێکخراوی بێ رەقیبی ئەم مەیدانە مایەوە و مەجال بۆ پێکهاتنی هیچ حیزب و رێکخراوێکی نوێ نەبوو. دیارە دەتوانین دیکتاتۆری ریژیم و میلیتاریزە بوونی کوردستان وەک دوو هۆی سەرەکی ئەم وەزعە دەستنیشان بکەین.

پاش رووخانی کۆماری کوردستان و لەسیدارە دانی پێشەوا قازی موحەمەد، نائومێدییکی مەزن باڵی بەسەر هەموو ئەندامانی حیزب دا کێشا و چەندین ساڵی خایاند تا ئەندام و رێبەرەکانی وەخۆ هاتنەوە و جارێکی دیکە بەشداری کار و چالاکی سیاسی بوونەوە. دیسان دیکتاتۆری ریژیم تەنگی پێ هەڵچنین، ژمارەیەکیان گیران، حوکمی زیندانی دوور و درێژیان بەسەر دا بڕا و ئەوانی دیکەش دەستە دەستە خویان گەیاندە باشووری کوردستان و کار و چالاکییان بە شیوەییکی "تازە" دەست پێکردەوە. دیارە زۆری نەخایاند لەویش ناکۆکی کەوتە نیوانیان، بوونە چەند دەستەی جیاواز، هەر دەستەش خوی بە هەق و ئەوی دیکەی بە ناهەق تاوان بار کرد و هەروەک ئیستا، بەشی هەرە زۆری کات و ئینرژی خویان بۆ کوتان و تاوانبارکردنی یەکتر تەرخان کرد.

کە ریژیمی پەهلەوی رووخا، نەک هەر مەجال بۆ گەڕانەوەی حیزبی دیمۆکرات بۆ ناو کۆمەلگا خولقا، بەڵکوو ئەم کەش و هەوا تازەیە بوو بە هۆی پەیدا بوونی کۆمەڵیک رێکخراوی نوێ و لە هەموو شوێنێک هیزو گرووپی جۆراوجۆر سەریان دەرهێنا کە لە کوردستان دا دیارترینیان رێکخراوی کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی کوردستانی ئێران بوو.

رێبەرانی کۆمەڵە خویان ئیدەعا دەکەن کە نزیک بە دە ساڵ پێش رووخانی شا، بە نهێنی کۆمەڵەیان دامەزراندووە. بەڵام لەبەر ئەوە سەرتاکانی ئاشکرابوونیان، بە ناویی جۆراوجۆری دیکە، وەک یەکیەتی جووتیاران و جەمعییەتە جۆربەجۆرەکان لە شارەکان سەریان هەڵدا، زەحمەتە بڕوا بکرێ کە ئەوان هەر لە یەکەم رۆژەوە لەسەر ناوی کۆمەڵە بۆ حیزبەکەیان هاودەنگ بوو بن!

کۆمەڵە بە پێچەوانەی حیزبی دیمۆکرات بەرەیەکی ئەفکار بوو تا حیزبێکی یەکدەست، رێکخراوێکی ئیدئۆلۆژیکی کۆمونیستی دژی سۆڤیەت بوو کە لەگەڵ

ئەوە دا درۆشمی پشتیوانی لە بزووتنەوەی کوردستانی بەرز دەکردەوە، زۆر رادیکاڵ و چەپڕەوانە سەیری مەسەلەکانی رۆژی دەکرد و لەیەکەم مانگەکانی چالاکی ئاشکرایان دا لەگەڵ حیزبی دیمۆکرات تووشی ناکۆکی بوون.

حیزبی دیمۆکراتیش بە نۆرەی خوی لە رێکخراوێکی "ئاوارە"ی دوورە وڵاتەوە، لە ماوەی چەند مانگدا ببوە حیزبێکی بەرینی چەماوەری و لە هەردوو ئوستانی بە زۆری سۆنی نشیینی رۆژهەلاتی کوردستان (کەمترین حزووری لە ناوچي شێعە نشینەکانی کرماشان و ئیلامدا هەبوو) دا بنکە و بارەگای کردبووە وە و رۆژ بەرۆژ لە حاڵی پەرە سەندن دا بوو. شانبەشانی ئەم حیزبە، کۆمەڵەش مەزن دەبوو و تەنانەت لە زۆر شوێنی وەک سنە و مەریوان، ئەوە کۆمەڵە بوو قسەی یەکەمی دەکرد نەک حزبی ٣٤ ساڵەی دیمۆکرات، ئەمەش بۆ خوی گرفتێکی گەورە بوو بۆ سەرکردایەتی حیزبی دیمۆکرات و نەیئەزانی چۆن هەڵس و کەوتی لەگەڵ دا بکات.

ئەم دوو رێکخراوە، لە زۆر بارەوە دژبەیەکە چەک بەدەستە، بە جۆرێک دەبوا جگە لە کاری رێکخستنی خۆیان، بەشێک لە کۆمەڵگای ئەو کاتی کوردستانیش بەڕێوە بەرن. چوونکە بەشی زۆری شار و گوندی کوردستان لەم دوو ئوستانە دا لە ژێر کۆنترۆڵیان دا بوو، دەبوا ئیدارەی کەن. حیزبی دیموکرات یەکەم جاری بوو رەقیبێکی جدی لە مەیدانی سیاسی دا بۆ پەیدا ببوو. رەقیبێک کە رۆژانە پەرەی دەسەند و گەورە دەبوو. رەوتی گەورەبوونی کۆمەڵە هێندە توندبوو کە رێبەرانی خوشیان بڕوایان نەدەکرد کە ئاوا زوو ببێتە رێکخراوێکی جەماوەریی گەورە و کاریگەر. بۆیە بەجی خۆئامادەکردن بۆ زیاتر جەماوەری بوون و پەل و پۆ هاویشتن، رێگای لەخۆبایی بوونیان گرتەبەر و پێیان وابوو تازە "بورژوازی" کورد لەحاڵی مردنە، بەزۆر و بە دەستی خویان دەتوانن ئاخرین هەناسەی لێ بستێنێنن و خویان ببنە یەکەم و تاقە حیزبی مەیدان. بۆیە لە کاری پەروەردە و بارهێنانی ئەندامانی دا زۆر ناواقێعیانە حیزبی دیمۆکراتی پێناسە دەکرد و قەت نەیتوانی خاڵە هاوبەشەکانی نێوان خوی و حیزبی دیکۆکرات وەک: داوای مافی نەتەوایەتی بۆ گەلی کورد، سێکۆلاریسمی حیزبی دیمۆکرات، بەرابەری ژن و پیاو و دەیان خالی دیکەی لەو بابەتە، کە رەسمەن و ئاشکرا لە بەرنامەی سیاسی حیزبدا گونجێندرابوون ببینێ و بیانکاتە ئامرازی هاوکاری

کردن. بەڵکوو راست بە پێچەوانەوە، دوای خاڵە ناپێویستە ناکۆکەکان کەوت و ئەوانی کردە بناخەی روانین بۆ حیزب. قسەکانی کاک عەبدوڵای موهتەدی کە لە کۆنگرەی دووهەمی کۆمەڵەدا کردوونی و لەم دوایانەدا بە ئاشکرا بڵاوکروانەتەوە، بە باشی ئەم ئیدەعایە دەسەلمێنێ کە بی شاردنەوە باسی تێرۆرکردنی ئەندامانی رێبەری حیزبی رەقیب دەکات.

لەو لایشەوە حیزبی دیموکرات، بەهیچ شێوەیەک ملی بە بوونی رێکخراوێکی نوێی کە جەماعەتێک لاوی خوێندەوار پێکیان هێنابوو ورۆژ بە رۆژیش پەرەی دەستاند، نەدەدا و بەردەوام لێی لە بیانوو بوو. لە سەر ئەسڵی پەراوێزخستنی حیزبی رەقیب، یەک لە سەدی رێکخراوێکی بچکۆلانەی وەک "راهکارگەر" حیسابی بۆ هاوکاریکردن لەگەڵ کۆمەڵە نەدەکرد. بۆیە تا دەهات نێوان ئەم دوو حیزبە گرژ و گرژتر دەبوو کە سەرەنجام گەییشتە سنووری شەڕ، یەکتر کۆشتن و بوو بە هۆوی ئەوماڵوێرانیە بۆ خەڵکی کورد کە لە درێژەی ئەم باسە دا دەیبیین.

## *پێش زەمنیەکانی دەسپێکردنی گرژی و شەر لە نێوان حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە*

کۆماری ئیسلامی نەچووە ژێرباری هیچکام لە داخوازیەکانی خەڵکی کوردستان و زۆری پێنەچوو بە هەموو توانایەوە هێرشی کردە سەر ناوچە ئازادەکانی ژێر دەسەلاتی پێشمەرگە. شار و گوندی دایە بەر پەلاماری تۆپ، تانک و تەیارە و تەنیا لە شاری سنە دا نزیک بە ٢٠٠٠ کەسی لەخەڵکی بێتاوان لە تۆپ و خومپارەبارانکردنی ناو شاردا کوشت و هەزارانی دیکەشی بریندار کرد. کۆمەڵە ودیمۆکرات، بێ پلان و بەرنامەی هاوبەش، هەرکامەیان بە پێ توانا شانیان دایە بەر ئەرکی پاراستنی خەڵک و بەرپەرچی پەلاماری دژمنیان دایەوە. لەم شەڕە نابەرامبەرە دا کوردستان بەتەنیا مایەوە. نە چینی کرێکاری ئیران کە رێکخراوە چەپەکان حیسابیان لە سەر ئەکرد بە یاریدەی گەلی کوردەوە هات و نە هێزە سیاسیەکانی بەناو دۆستیش بوونە پشتیوانی راستەقینەمان. ئیستاشی لەسەر بێت هەموو هێزە ئێرانیەکان سی

۳۰ "خورداد"ی شەست بە رۆژی هێرشی ریژیم بۆ سەر ئازادیخوازان ناو دەبەن و فەرمانی جەهادی ۲۸ی گەلاوێژی ۵۸ی خومەینی بە دژی نەتەوەی کورد، بچووکترین جێگای لە ئەدەبیاتی ئەوان دا نیە.

لە حاڵێک دا شەڕی ریژیم لە دژی ئێمە رۆژ بە رۆژ بێرەحمانەتر، بەرفراوانتر و دژوارتر دەبوو، کۆمەڵە و دیمۆکرات بەجێ ئەوە بۆ پێک هێنانی بەرەیەکی هاوبەش بۆ بەرپەرچدانەوەی هێرشەکانی ریژیم هەوڵ بدەن، رۆژ لەدوای رۆژ لەیەک دوور دەکەوتنەوە و ناکۆکیەکانیشیان قووڵتر دەبوونەوە. سەرەتا لە ناوچەی کامیاران بە رواڵەت لەسەر هێندێک شتی سادە و سەرپێی و لەوانە بەردان و بەرنەدانی دوو موتۆر سوار، یانکوو گرتن یان پاراستنی شێخ عەدولا حیسامی، یەکێک لە ڕیبەرانی پێشووی سپای ڕزگاری، شەڕێک لەنێوان پێشمەرگەکانی ئەم دوو هێزە دا ساز بوو و چەندین حەفتەی خایاند. لەم شەڕە دا ژمارەیک لە هەردووک لا بوونە قوربانی و بە ناوبژیوانی خەڵک و هێندێک لایەن کۆتایی پێهات. دواتر بەبیانووی لەم چەشنە کۆمەڵێک وردە شەڕی دیکەش وەک ناوچەی سەردەشت، مەریوان و سەقز ساز بوون و لە هەرکامەیان دا ژمارەیک رۆڵەی خەڵکی هەژاری کورد بوونە قوربانی. هەڵبەت هەموو جارێک کۆمەڵە حیزبی بە دەستپێکەری ئەم وردە شەڕانە دەناسی و حیزبیش راست پێچەوانەکەی بە خەڵکی کوردستان ئەوت.

سەرەنجام لە کۆنگرەی شەشەمی حیزبی دیمۆکرات دا کە لە بەهار، یان هاوینی ساڵی ۱۳٦۳ ی هەتاوی بەسترا، بڕیارێک وەرگیرا کە ناوەرۆکەکەی بەم شێوەیە بوو:

" ئەگەر جارێکی تر، کۆمەڵە لە هەر جێگاییکی کوردستان دا شەڕ بە حیزبی دیموکرات بفرۆشیت، حیزب لە جێگاکانی دیکە دەست لە سەردەست دانانیشی و شەڕەکە ئەکاتە سەرتاسەری و لە گشت لایەک پەلاماری کۆمەڵە دەدات." لە ڕووداوەکانی پێشوودا شەڕەکان بەرتەسک و گەلێکجار لە شوێنێک شەڕ و لە شوێنێکی دیکەدا بنکەکانمان لە تەنیشت یەکتردا بە ئاشتی دەمانەوە. کۆمەڵە لەو بنکانەی دیکەیەوە هێزی ئەنارد بۆ شوێنی شەڕەکە و حیزبیش بەم کارەی کۆمەڵە زۆر قەڵس و تووڕە بوو. بۆیە پاساوی حیزبی دیموکرات بۆ ئەم بڕیارەی پلۆنۆمی ئەوە بوو کە، بەڵکوو کۆمەڵە بترسێت و جارێکی تر بەقەولی ئەو

حیزبــە " ئــاژاوە گێــڕی" نەکــات. بەڵام کــۆمەڵە جــۆرێکی دیــکە ئەم بڕیــارەی تەفسیر کرد و بە ئاشکرا پەیوەندی دا بە داوای کۆماری ئیسلامیەوە لە حیزبی دیموکرات وەک پێش شەرتی وتووێژ لەگەڵی دا. واتا ریژیم وتوویە لە پێش دا شەڕی سەراسەری لە گەڵ کۆمەڵە دا رابگەیەنن تا ئێمەش وتووێژتان لەگەڵ بکەین.

هەرکامەیان لەم بارەوە راست بکەن یان نا گرنگ نیە، گرینگ ئەوەیە کە ئەم بڕیارەی حیزبی دیموکرات راست ئاکامی پێچەوانەی هەبوو. کۆمەڵە نەک هەر لە هەڕەشەی حیزب نەترسا، بەڵکوو کەوتە خۆ ئامادە کردن و لە باری پڕ و پاگەندەیشەوە بە قەولی خویان زۆر زیاتر لە پیشوو کەوتە " ئیفشاکردنی" حیزبی دیموکرات. هاوکات لە ناو هێزەکانی خۆیدا خۆی بۆ شەڕێکی "سەرنوێشت ساز" ئامادە دەکرد. واتا بڕیارەکەی پلۆنۆمی حیزبی دیموکرات بووە بەڵگەیەک لەدەستی کۆمەڵەدا و فەزا و جەوێکی وای پێکهێنا کە هەر پێشمەرگەیەکی خوی لەباری زێهنی و ڕەوانیەوە بەتەواوی ئامادەی شەڕ دژی بورژوازی کورد (حیزبی دیموکرات) کرد. هەرچەند هەموو شارەکان و گوندە گرینگەکانی کوردستانیش لەبەر دەستی ریژیم دا بوون، بەڵام هێشتا کۆمەڵێک ناوچە مابوون کە پێشمەرگە حوکمی دەکردن. بە هۆی هاوکاری باشی خەڵک لەگەڵ کۆمەڵە و دیمۆکراتدا، دەمانتوانی سەردانی زۆربەی ناوچەکانی ژێر دەسەلاتی ریژیم، بە شارەکانیشەوە بکەین و شەڕی پارتیزانیش لە کامیاران تا سۆما و برادۆست بەردەوام بوو. یەکێک لەم ناوچانەی کە هێشتا لە ژێردەستی پێشمەرگە دا بوو، شارەدێ نەوسوود و گوندەکانی دەوروبەری بوون کە بوونە خاڵی دەستپێکردنی شەڕی سەرانسەری کۆمەڵە و دیمۆکرات.

لەناو هەزاران شاخ و دوندی سەرکەشی ناوچەی هەورامان دا، دوو لووتکەی بەرز و سەرکەش هەن بەناوەکانی سۆنێ وشەمشی. ئەم دوو کێوە وەک دوو دار چناری رێک، شان بەشانی یەک تا پێیان کراوە رووبە ئاسمان هەڵکشاون و بوونەتە باندەستی بەرزایەکانی دەور و بەریان. بەسەر دەشتی شارەزوور، چۆمی سیروان، چەم و دۆڵی پاوە و گشت ئاوایەکانی ئەم ناوە دا زاڵن. شارۆچکەی پڕئاو و باخی نەوسوودیش راست لە ناوقەدی ئەم دوو لووتکەیە دا هەڵکەوتوە.

کە شەڕی دوو دژمنە داگیرکەرەکەی کورد (ئێران و ئێراق) دەستی پێکرد، "شەمشی" کەوتە دەست ئێرانیەکان و "سۆنێ" ش داگیرکەری ئێراقی زەنجیر و پاوەنی کرد. هەرچەند مەودای نێوان ئەم دوو لووتکەیە لە هەواوە کەمتر لە هەزار میتر بوو، بەو حاڵەش سەرەڕای دەیان هێرشی گەورەی هەردوو لایان کەسیان نەیتوانی کێوەکەیتر لەدەست ئەوی دیکەی دەربێنێ و چەندین جار ئەم مەودا کورتە بوو بە قەتڵگای هەزاران سەربازی ئەم دوو داگیرکەرەی وڵاتی ئێمە. هەر لەبەر ئەم هۆیەش، واتا نەگیرانی ئەم لووتکە بەرزانە هیچکام لەم دژمنانە نەیئەتوانی نەوسوود داگیر بکات و بۆ هەمیشە تێدا نیشتەجێ بێت.

حیزبی دیمۆکرات لەم هەلە کەڵکی وەرگرتبوو، هێزەکانی لە نێوەڕاستی بەرەی شەڕی هەردووک دژمن دا لە نەوسوود و چەند ئاوایی بچووکی دەور وبەریدا دامەزراندبوون و وێڕای بەرگری لەم شوێنانە، وەک ئاخرین شوێنی هێشتا داگیرنەکراوی رۆژهەڵات، جار و باریش دەستەی پێشمەرگەی بۆ دەور و بەری نۆدشە و پاوە و... بەرێ دەکردن و زەربەیان لە هێزەکانی دژمن دەدا. مانەوە و پارێزگاری کردن لەم شوێنانە زۆر دژوار و مەترسی دار بوو و من خوم چەنجار لەو سەردەمە دا کە هێشتا ئەم ناوچە لە ژێر دەستی پێشمەرگەدا بوو سەردانی نەوسوودم کردوە و بە هوی مەترسیداربوونیەوە تا بەیانی لەترسان خەوم لێ نەدەکەوت. هێزەکانی ئێران بە ئاسانی ئەیان توانی بە تفەنگی ژ ٣ لە سەنگەرەکانی خویانەوە لە "پاسگا" و "دەکەڵەوە" مریشک لە بەر ماڵەکانی نەوسوود دا بکوژن و زۆر جاریش بۆ سەرگەرمی و ترساندنی خەڵک ئەم کارەیان ئەکرد.

جگە لە پێشمەرگەی حیزب، ژمارەییکیش خەڵکی ئاسایی لەم شوێنەدا مابوونەوە و هێشتا نەیاندەتوانی دەست لەماڵ و شوێنی ژیانی هەزاران ساڵەیان هەڵ بگرن و بڕۆن وەک ئاوارە، لەیەکێک لە ئوردوگاکاندا بە کوولەمەرگی بژین. ئەم خەڵکە هەژار و نەدارە، لەژێر تۆپ و خومپارە دا شەوانە باخە نیوە وێرانەکانیان بەرهەم دێنان و هەربەشەویش بەرهەمەکانیان کۆ دەکردنەوە. دیسان بە شەو لە کۆڵی هێسترێکیان دەنان، بۆ هەڵەبجەیان دەبرد و هێندێک بژیوی ژیانیان پێ دەکڕی ودەگەڕانەوە. دژواری

و پڕمەترسی بوونی ئەم جۆرە بەناو ژیانە، وای کردبوو کە حەفتانە بنەماڵەیێک تێکڕا، یان پێرەپیاوێکی ماندووی دەستی دژمن، بڕیاری بەجێ هێشتن و گەڕانەوەی بۆ لای کۆماری ئسلامی دەدا. هەرکام لەم کەسانە بە ئاشکرا خزمێک، یان کەسێکیان لە شاری پاوەوە دەهاتە لای هێزەکانی ریژیم، ئەمیش تا نیزیک سەنگەرەکانی ریژیم ئەچوو و لەلایەن ئەم هێزانەوە تەحویل دەگیرا. دواتر باس و خواسی لێدەکرا تەحویلی ئیتلاعاتی پاوە دەدرا و پاش ئەم کارانە دەبردرایە ئەو جێگایە بە قسەی خویان بۆ "موهاجرین" سازکرابوو کە ئوردووگایەکی بێ ئیمکانات بوو.

ئەوەی من شەخسەن بە دەیانجار لە خەڵک و کەسانی ئەو ناوەم بیستووە، حیزبی دیموکرات گشت هاوکاریەکی ئەم کەسانەی بۆ گەڕانەوە ئەکرد، بەڵام کەسەکە دەبوا چەند رۆژ پێشتر بەرپرسان لەم مەبەستەی خوی ئاگادار بکات و لەکاتی رویشتنیش دا بار و کۆڵەکەی وەک عادەت دەبشکێنرا. دوای تەوابوونی ئەم رووتینە، شەخسی باسکراو دەرباز دەبوو و کەسێش لەم دوو شەرتە ساکار و سرۆشتیە گلەییکی نەبوو. لەو ماوەیەدا دەیان کەس بەم جۆرە بەرێ کرانەوە بە بێ ئەوە شتێکی ناخوش روو بدات.

من خوم ئەو دەم لەم ناوچەیە دا نەبووم، بەڵام لە سەر بنەمای لێکۆڵینەوەیەکی ورد کە دواتر کردوومە و پرسیار لە کەسانێک کە جێ متمانەی تەواومن، ئەتوانم بەم شێوەیە باسی رووداوەکانی ئەو شوێنە بگێڕمەوە کە بوونە بنەما بۆ ئەم شەڕە چەپەڵە:

سەرەتای ساڵی ١٣٦٣ هەتاوی کۆمەڵەش ژمارەییکی ٤٠- ٥٠ کەسی پێشمەرگەی بۆ ئەم ناوە بەڕێ کرد و بەرواڵەت لە شۆشمێ دامەزران، بەڵام بەکردەوە هەر رۆژە لە یەکێک لەم شوێنانەدا بوون و لەگەڵ خەڵک، کە ئەو دەم نەوەد لەسەدیان بنەماڵەی پێشمەرگەی حیزب بوون، قسەیان دەکرد و رەخنە و جاری واش بوو هێرشی توندی تەبلیغاتییان دەکردە سەر حیزبی دیموکرات و بەرپرسە کانی.

لە سەرەتای هێرشی ریژیمەوە بۆ کوردستان، تا ئەم رۆژانە (هاوینی ١٣٦٣) حیزبی دیموکرات ئەم شوێنانەی پاراستبوون و بە کردەوە خوی بە خاوەنیان دەزانی. بەڵام دوای هاتنی ئەم هێزە رەقیبە، کەم کەم وەزعەکە گەییشتە

شوێنێکی باریک و هەر رۆژ کە تێدەپەڕی، ئیمکانی پێکداپرژان و شەڕ زیادتر دەبوو. حیزب ئامادەی بەشکردنی حاکمیەت لەگەڵ رەقیب نەبوو و کۆمەڵە حازر نە بوون حاکمیەتی حیزب لەم چەند گوندە گەمارۆ دراوە، لەخەڵک و ئاوەدانی چۆڵ کراوەدا قەبووڵ بکات و داوای "بەشیان" ئەکرد. ئاشکرایە کە کۆمەڵەش وەک هەر لایەنێکی دیکە، ئەودەم و ئیستاش مافی خویەتی بەشدار و بەو نیسبەتەش بڕیاردەری رووداوەکان بێت بەڵام لە بەر ئەوە ئەم ناوچە لە باری ئێدارەکردنەوە زۆر کەمبایەخ و لە راستیدا زۆربەی نزیک بە تەواوی خەڵکەکەی هەر ئەندامانی پێشمەرگەکانی حیزب بوون، بە هیچ شێوەیەک نەدەبوا ببێتە هوی ناکۆکی و دەکرا هەردووک لا شۆرایەک بۆ بەڕێوەبردنی هەڵبژێرن. هەرچەند ئەگەر هەزارجاریش هەڵبژاردن کرابا، زەحمەت بوو نوێنەرێکی کۆمەڵە بتوانێ دەنگ بێنێتەوە. کە وایە بە دیموکراسی و بە زۆریش، دەسەڵات هەر لە دەستی حیزبی دیموکراتدا دەمایەوە. بەڵام کۆمەڵە ئەمەی قبووڵ نەبوو و چوونە ژێر دەسەڵات و ملکەچی زۆرینەی "بورژوازی" پێ پەسەند نەدەکرا. هەڵبەت ئەو سیاسەتە رووانگەی راستەقینەی کۆمەڵە لە پەیوەندی لەگەڵ حیزبی دیموکرات و بزووتنەوەی کوردستان بوو، وتارەکەی کاک عەبدوڵا موهتەدی لە کۆنگرەی دووی کۆمەڵەدا، جارێکی دیکە وەبیر دێنمەوە کە حیزبی دیموکرات نەک وەک رەقیب، بەڵکوو وەک دژمن پێناسە دەکات و دەڵێ فرسەت و دەسەڵاتمان هەبێ، بە رەگ و ریشەوە هەڵیان دەکێشین. بەڵام پاش پێکهێنانی حیزبی کومونیست، هاتنی مەنسووری حیکمەت و هاوبیرانی بۆ ناو کۆمەڵە و گرتنەدەستی رێسمەی رێبەریی و هیدایەتی ئەو هێزە، ئەم روانگە توندە بە تەواوی تێئۆریزە کرابوو و مەجالی کەمترین مودارا و سازانی لە بەینی ئەوان و دیموکراتدا نەدەهێشتەوە.

پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات لە هەورامان دەورو بەری ٢٥٠ کەس دەبوون و جگە لەمانە ٢٠٠ کەسی دیکەش وەک هێزی بەرگری لە کاتی پیویست دا بەشداری شەڕ و پارێزگاری لە ناوچەکەیان دەکرد. ئەو کەسانە کە پارێزەری نەوسوود و بەرەکانی تری شەڕ بوون، دوو حەفتە جارێک دەگۆڕدران و بۆ حەسانەوەش دەهاتنەوە گۆندێکی سەر سنووری باشووری کوردستان بە ناوی "دەرەتفێ" کە بنکەی هێز و کومیتەی شارەستانی لێ بوو. ئەم گوندە وەک

هەزاران گوندی تری کوردستان لەلایەن بەعسەوە رووخا بوو و پێشمەرگە جارێکی تر ئاوەدانیان کردبووەوە. هەزار میتر ئەولاتری هەرکام لەم بنکانەی پێشمەرگە، بە هەزاران مینی چندراوی سپای ئیراق، ئێران یان هی خومانی تێدا بوون و هاتوو چوو کردن بۆ هەر لاییک، زۆر مەترسیدار بوو. ئەگەر پەلێک پێشمەرگە لە جێگاییکەوە بۆ جێگایکی تر چووبان، دەبوا هێز و بەرپرسان ئاگادار بن تا رووداوی خراپ نەقەومێت. هێندێک جار مینەکان بە شێوەی کاتی هەڵدەگیران و دوای تێپەڕینی تیمەکان، دیسان وەکخویان دادەنرانەوە. بۆیە حەتمەن دەبوو بەرپرسانی تایبەتی ئەم بوارە و شارەزایانی مینهەڵگرتن ئاگادار کرابان چوونکە ئەوان بە رێگە تایبەتییەکانیان دەزانی.

کۆمەڵە هیچکام لەم ئەسلە پیویستانەی قەبووڵ نەبوون و بۆ هێچ کارێک، راوێژ و پرسی بە حیزب نەدەکرد. کارێک کە لە راستیدا بەهۆی وەزعی ناوچەکە، هاوئاهەنگی ئەو دوو هێزە پیویست و پێچەوانەکەی تووشی کارەساتی دەکردین هەروەک چۆن کردینی.

بەرپرسانی دەرەجە یەکی حیزب لە هەورامان چەندین جار بۆ منیان باسکردووە: "لەم وەزع و بارە ناهەموارەدا کۆمەڵە وەخت و بێوەخت و بێ هاوئاهەنگی لەگەڵ هێزەکانی حیزب هاتوو چوویان دەکرد و زۆرجار خەریک بوو لەسەر ئەم شتانە شەڕ و پێکدادان لە نێوانماندا ساز ببێت. کار گەیشتبوە جێگاییک کە کۆنترۆڵ کردنی وەزعەکە زۆر دژوار بوو، بەرپرسانی حیزب بەجێ ئەوە لە کۆبوونەوەی خەڵکدا (کە لە راستیدا هەموو بنەماڵەی خویان بوون) وەلامی رەخنە و پرووپاگاندەی کۆمەڵە بدەنەوە، راستەوخۆ لەگەڵ خویان دەرگیر دەبوون و زۆرجار دەمەقاڵەیان لەگەڵ یەک لێ پەیدا دەبوو.

بە پێ گێڕانەوەی بەرپرسانی حیزب لە هەورامان، رۆژێک بنەماڵەیک دەیانەوێ بگەرێنەوە لای کۆماری ئیسلامی و وەک رەواڵی جاران قەرار دەبێ بارەکەیان ببشکێندرێت. پێشمەرگەی کۆمەڵە دەخاڵەت دەکەن و نایێڵن حیزبیەکان باری کابرا تەفتیش بکەن. ئەڵێن ئێمە کردوومانە ئیدی پیویست نییە ئێوەش بیکەن. (دیارە ریوایەتی جیاواز لەم بارەوە و لە سەر چۆنیەتی دەستپێکردنی یەکەم تەقە هەن بەلام من خوم بڕوام بەم ریوایەتە هەیە و لە نزیکترین بەشدارانی رووداوەکەم بیستووە) لەسەر ئەم شتە ساکارە لە

نێوانیاندا تەقە دەست پێدەکات. یەکەم کەس پێشمەرگەیەکی حیزب بەناوی مۆمن بریندار دەبێت و زوو ئەبێتە شەڕێکی بەربەڵاو. حیزبیەکان کە بە ژمارە زۆر زیاتر بوون، چەند کەس لە کۆمەڵەکان ئەکوژن، ئەوانی دیکەش بە دیل دەگرن و بە وتەی چەند کەسێک لە بەرپرسانی حیزب کە من لێم بیستوون، ٤ کەسیان ئێعدام دەکەن. [٣]پێشمەرگەی حیزبیش، لەوانە سەرلکێکی ئازا و ناودار بە ناوی وەلی عەیوەزی، لەم شەڕەدا دەکوژرێن و بەم شێوە کۆتایی بە بوونی کۆمەڵە، بە شێوەی کاتی لەم ناوچەیە دێت.

هەر ئەو رۆژە خەبەرەکە لە رادیوی هەردووک لاوە راست بە پێچەوانەی یەک، بڵاو کرایەوە و هەرکامەیان ئەویتری تاوانبار کرد کە شەڕەکەی ساز کردووە. بەڵام هەردوو لا داویان لە هێزەکانیان کرد کە لە تێکهەڵچوونی تازە خۆ بپارێزن و داوایان کرد کە هەیئەتێک بۆ روونکردنەوەی رووداوەکان بڕواتە هەورامان و کێشەکە چارەسەر بکات. کۆمەڵە دەیگوت بەشی زۆری پێشمەرگەکانی بەدیل گیراون و پاشان ئێعدام کراون. حیزبیش حازر نەبوو بەهیچ شێوەییک ئەم ئیدەعایەی کۆمەڵە قەبووڵ بکات و ئەوانی بە ئاژاوەگێڕ و هەڵاییسێنی شەڕەکە تاوانبار دەکرد.

بەهەرحاڵ، جەوی گرژ و شیوە دژمنانەی نێوان کۆمەڵە و دیمۆکرات پاش ئەم شەڕە، دەقات خراپتر بوو و رۆژ بە رۆژ لە شەڕێکی ماڵ وێرانکەری سەراسەری نیزیک ئەبوینەوە. رۆژانە وتارە رادیویەکان و تەبلیغاتی هەردوولا لەسەر یەک و دژبەیەک زۆربەی کات و کاری هەردوولامانی داگیر کردبوو و کۆماری ئسلامیمان بەتەواوی لەبیر چووبووەوە.

هەیئەتێک پێکهاتوو لە دوو نوێنەری کۆمەڵە، دوو نوێنەری حیزبی دیمۆکرات و یەک نوێنەری یەکیەتی نیشتمانی کوردستان بۆ لێکۆڵینەوە و دەستنیشان کردنی تاوانبارانی شەڕی هەورامان دیاری و بۆ شوێنی رووداوەکە بەڕێ کرا. (ئەم هەیئەتە هەوڵی زۆریدا و کارەکانیشی بەربڵاو بوون، بەڵام لە بەر ئەوە من لە نزیکەوە ئاگادار نیم ناچمە ناو وردەکارییەکانی) هاوکات شەڕی پڕووپاگەندەیی لە سەر رادیو و بڵاو کراوە و هەروەها کۆبوونەوەکانی ناو خەڵک دا بەردەوام بوو. لە هیچکام لەم باس و وتارانە دا کە لە دژی یەک بڵاو دەکرانەوە، هیچکامیان بچووکترین هەڵە و کەموکۆڕی لە سەر خوی باس

نەدەکرد و گشت تاوان و خراپەییکی ئەخستە پاڵ لایەنی بەرابەر. هەردوولاش لە ناوچەکانی نزیکی رووداني ئەم شەڕە، واتا سنە، مەریوان، بانە، دیواندەر و سەقز هێزەکانیان کۆ کردبوونەوە و بەزۆری لەدۆڵی شلێری باشووری کوردستان دا دامەرزرا بوون.

************************************************************************

شلێر ناوچەیەکی بەرینی پڕلە دارستانی سەختە کە پاش پەیمانی جەزایری نێوان ئێراق و ئێران گوندەکانی وێران و خەڵکەکەی ئاوارە کرابوون. لە لایان دەوڵەتی بەدناوی بەعسەوە بە "موحەرەمە"، واتا بۆ هاتووچووی خەڵک قەدەغە دەناسرا. ئەم دۆڵە نزیک بە ٣٠ کیلومێتر هاتوەتە ناو خاکی" ئێران" و لەباکوور لەگەڵ شاری بانە، لە باشوورەوە لەگەڵ مەریوان و لە رۆژهەڵاتەوە لەگەڵ سەقز هاوسنوورە. پاییزی ١٣٦٣ هەتاوی کۆمەڵە و دیمۆکرات هەرکامەیان چەند دۆڵێکیان لەم دۆڵە گەورەیە ئاوەدان کردبووەوە و تێدا نشتەجێ ببوون کە لەوانە گوندی عەوەڵان ببوە بنکەی ناحیەی جنووبی کۆمەڵە و نەرمەڵاسیچ ببووە بنکەی ناوەندی ئاژوانی حیزب.

هێزەکانی حیزبی دیمۆکرات لەم ناوچە لەلایەن ناوەندی " ئاژاوان" ەوە رێبەرایەتی ئەکران کە پێک هاتبوو لە چەند ئەندامی کومیتەی ناوەندی ئەو حیزبە و بنکەکەی لە گوندی نەرمەڵاس و راست لەسەر سنووری باشوور و رۆژهەڵاتی کوردستان دا هەڵکەوتبوو. هێزەکانیتری دیمۆکرات لەچەند ئاوایی وێرانکراوی تری دەور و بەردا دامەزرا بوون و بە قور و بەرد ماڵیان بۆ بەسەربردنی ئەو زستانە ساز کردبوو.

کۆمەڵەش هەر وەک ئێمە، لە دییەک بە ناوی " عەوەڵان" بنکەی ئەسڵی کە ئەودەم بە " ناحیەی جنووب" دەناسرا دامەزرا بوون و هێزەکانی تریشیان لە ئاوایەکانی ئەوناوە دا بنکەیان ساز کردبوو.

چەند ئاواییکی هێشتا داگیرنەکراوی رۆژهەلاتی کوردستان هەبوون وەک بایەر و بۆردەمە لە بەشی سەقز و وشکەڵان، دووپلووره و بەدەرەشە لە بەشی مەریوان، کە رۆژانە پێشمەرگەی هەردوولا سەریان ئەدان. جاری وابوو مشتومڕ و دەمەقاڵەیان لێ پەیدا ئەبوو و خەریک ئەبوو ببێتە هۆی تێکهەڵچوون.

دیارە کۆکردنەوەی ئەم هێزانە لەشلێر، بەشی زۆری لەبەر نەمانی ناوچەی

ئەمن وفشاری سەرما و هاتنی وەرزی زستان بوو تا کۆکردنەوەی هێز بۆ شەڕ لەگەڵ یەک. بەڵام چوونکە جەو و ئاتمۆسفەڕی حاکم بە سەر پەیوەندییەکانماندا دژمنانە بوو، وای کردبوو کە بوونی ئەم گشت هێزە لە نزیک یەکتر ببوە مەترسییەکی گەورە و جددی.

هەردووک ناوەندی ئاژوانی حیزبی دیمۆکرات و کۆمیتەی ناحیەی جنووبی کۆمەڵە پەیوەندی و هاتووچوویان پێکەوە هەبوو. بەرواڵەت لە دیدارەکاندا پێیان لەسەر سازنەکردن و گەورە نەکردنەوەی شەڕەکە دادەگرت و قەولیان ئەدا کە ئەوپەڕی هەوڵیان ئەدەن بۆ ئەوە کێشەی هەورامان چارەسەر بێت و تاوانبار بە خەڵک بناسێنن. من لە یەکێک لەم سەفەرانەدا لەگەڵ بووم کە کاک بابا عەلی مێهر پەروەر و کاک عومەری شەریفزادە، بە نوێنەرایەتی حیزب کردیان بۆ عەوەڵان و ئەگەر هەڵە نەبم لەگەڵ کاک تاهێر خالێدی و عەبدوڵا هۆشیاری کە بەرپرسی کۆمەڵە لە جنووب بوون دانشتن. گشت تیمەکە، کە نزیک بە بیست کەسێک دەبووین، شەو لە لای ئەوان خەوتین و بەیانییەکەی بە ئێحترامەوە روانەیان کردین.

من خوم شەوەکەی لە لای کاک حەمەی ئاسەنگەران، شوکرەڵای خەیرابادی (شۆکێ) و رەحمان مرواری خەوتم. جەوێکی دۆستانە و گەرم بوو. تا نزیک بەیانی نەخەوتین و بە یەکەوە باسی وەزع و هۆی شەڕەکەی هەورامانمان کرد. حەفتەیەک دواتر، حەمەی ئاسنگەران و سروە ناسری، هاوژینی ئیستای کاک سەید برایم عەلیزادە، بۆ سەردانی کاک باباعەلی و من هاتنەوە بۆ بنکەی ئێمە لە نەرمەڵاس و شەوێک مێوانمان بوون. سروە خەڵکی مەریوان و پێش پێشمەرگایەتی لەگەڵ بنەماڵەی کاک باباعەلی دۆستایەتی بنەماڵەییان هەبوو. ساڵی ١٣٦٨، دوای کۆتایی هاتنی شەڕی نێوانمان، لە شلێر کاک حەمەم بینیوە و باسی ئەو دیدارانەمان کرد. کاک حەمە بێ شاردنەوە وتی:

ئەو جارە من و سروە هاتنی لای ئێوەمان کردبووە بیانوو، دەنا بە مەعمووریەت هاتبووین تا لە نزیکەوە بنکەی ئاژوان شناسایی بکەین.

لای من ئەم کردەوە، جگە بارە دوور لە ئێخلاقەکەی کە هەرکەس بیکات خراوە، دەریشی دەخات کە بڕوای کوێرانە بە ئیدێئۆلۆژییەک، چەندە ئینسان لە ناوەرۆکی مرۆڤانەی خوی خاڵی دەکاتەوە.

ئەم رەوتە چەن مانگێکی خایاند، هەیئەتی باسهاتوو لە هەورامان هەر خەریکی لێکۆڵینەوە بوون، بێ ئەوە کەس لە ئاکامی تەواوی کارەکەیان ئاگادار کەن. گوایا لە راپۆرتێکدا بۆ رێبەری هەردووکلا هاتبوونە سەر ئەو رایە کە ژمارەیەکی کۆمەڵەکان لە راستیدا ئێعدام کراون و بەرپرسەکانی تاوانەکەیچ دەستنیشان کرابوون بەڵام من لە هیچ جێگایەک شتی وام نەبینیوە بەناوی " هەیئەتەوە" بڵاوکرابێتەوە. رادیوکانی هەردوولا، کە لەم بارەوە رۆڵێکی زۆر کاولکاریان گێڕا، تەبلیغاتی دژی یەکیان توندتر ئەکرد و بەرپرسانیش لەناو خەڵک دا هەر خەریکی تاوانبارکردنی ئەویتر بوون.

پاش کەمێک حەسانەوە لە کار و چالاکی بەهار و هاوێنی رابووردوو، پێشمەرگەکانی ئێمە هاتبوونەوە سەر خویان و کەمکەم لە دەستەی جیاجیا دا بەرێ ئەکرانەوە بۆ ناو قووڵایی ناوچەکان و کار و تێکۆشان دەستی پێکردبوەوە. مـن ئەوکات لەهێزی بێستوونی حیزبی دیمۆکراتدا کارم ئەکرد. هەر وەک پێشتریش باسم کرد پەلێکی ۲۰ نەفەری ئێمە، لەگەڵ هێزی زرێبار و کومیتەی مەریوان لە شلێرەوە بەرێ کراینەوە بۆ ناوچەکانی سەرشیو، بەرپلە، کۆماسی و شامیانی مەریوان تا هاوکات لەگەڵ زەربەلێدان لە هێزەکانی ریژیم، خەڵکیش لە سیاسەتی حیزب بەرامبەر بە مەسەلە جۆراوجۆرەکان لەوانە شەڕی هەورامانی نێوان حیزب و کۆمەڵە ئاگادار کەین. هەڵبەت قسەی ئێمەش زیاتر ئەو شتانە بوون کە رۆژانە لە رادیوی حیزبمان ئەبیستن و خومان لێکدانەوەیکی راستەقینەمان لەسەر سەرجەمی وەزعەکە نەبوو. لانیکەم ئەم شتە لە سەر من خوم راستە.

کۆمەڵەش لەم بارەوە لە ئێمە باشتر نەبوون و لە هەر مزگەوتێکدا قسەیان ئەکرد، بەشی زۆری باسەکەیان لەسەر حیزبی دیمۆکرات بوو و ئەوشتانەی رادیوکەیان رۆژانە ئەیوت ئەوانیش بە زاراوەی تایبەتی شوێنەکە بۆ خەڵکیان دووپات ئەکردەوە.

حاتەم مەنبەری

## دەسپێکردنی شەڕی کاولکاری ناوخۆیی بەشێوەی ڕەسمی

ڕۆژی ٢٩ ی سەرماوەزی ١٣٦٣، کاتێک ئێمە کە لە نەرمەڵاس بنکەی ناوەندی ئـاژوانەوە وەڕێ کەوتین، یەکەم ئـاوایی ڕۆژهەڵاتی کوردستان چووینە نـاوی گوندی دووپلووره بوو کە ڕاست لە سەر سنوور هەڵکەوتوە. ئەوکات کۆمەڵە نزیک ١٥٠ پێشمەرگەی لەم دییە و لە ئـاواییکی تری تەنشتیدا بەناوی بەردەرەشە دامەزراندبوون و لە بەرزایەکانی ئەم ئاوایانەوە سەنگەریان هەبوو. چوونکە پشتسەری ئەم دوو گوندە بەدیوەکەیتریدا دەبوە بانسەری نەرمەڵاسیش، ئەوان هەموو هاتوو چووی ناوەندی ئاژوانیان لە ژێر چاوەدێریدا بوو و بە هاسانی ئەیانتوانی گشت ئـاڵوگۆڕ و جموجووڵێکی حیزب کۆنترۆڵ بکەن. ئێمە بێ گوێدانە بوونی ئەوان، بەناو ماڵەکاندا دابەش بووین و دەستمان کرد بە شیکردنەوەی "سیاسەتی حیزب" بۆ خەڵک و ڕۆژی دوایی بەرەو قووڵایی ناوچەکە وەڕی کەوتین.

شەڕی تەبلیغاتی هەردەهات توندتر دەبوو. هەیئەتەکەی هەورامان، کە بڕیار بوو کێشەکە بە لایەکدا بخات، نەیتوانی ڕێگەیەک بۆ ئاشتیانە چارەسەرکردنی قەیرانەکە ببیبێتەوە، یان هێچ لایەک لە بەشدارانی کێشەکە نەچوونە ژێر باری پێشنیارەکانیان من بە وردی ئاگادار نیم. کۆمەڵە بە ئاشکرا هەڕەشەی دەکرد کە ئەگەر حیزبی دیمۆکرات تاوانبارانی شەڕی هەوارامان سزا نەدا و بە خەڵکیان نەناسێنێت، ئەوان هەروا بێدەنگ نابن. حیزبیش هەرچەن سێ ئەندامی کۆمیتەی هەورامانی خوی سزا دابوون و تەنانەت بۆ شەشمانگ لە کاری حیزبیش هەڵی پەساردبوون، دیسان حازر نەبوو ئەمکارە بە کۆمەڵە و بە خەڵک و تەنانەت بە ئەندامانی خوشی بڵێ و مل بە لانیکەم بەشێک لە تاوانەکە دا بکات. هەروا بە قەوڵی ئەوکاتی کۆمەڵە "لاسارانە" پێ لەسەر ڕەوابوونی خوی و "گێچەل فرۆشی" کۆمەڵە دادەگرت .

کاروانە حەفتا کەسیەکەی ئێمە پاش نزیک بە مانگێک کار و هەڵسووڕان لە ناوچەی بەرپلە و سەرشیوی مەریوان، گەیشتینە ناوچەی کۆماسی و بڕیارمان

دا جەژنی دووی ڕێبەندان، ساڵیادی دامەزراندنی کۆماری کوردستان لە ئاوایی گڵێەی کۆماسی دا بگرین. هۆی هەڵبژاردنی گڵێەش بۆ ئەم کارە ئەوە بوو کە ساڵی پێشتر کۆمەڵە لەو گوندەدا حەوت پێشمەرگەی حیزبی کوشتبوون (من لە درێژەی ئەم باسەدا دەگەڕێمەوە سەر چۆنیەتی ڕووداوەکەی) و ئێمە بە پیرۆزکردنی دوی ڕێبەندان، گەرەکمان بوو بە جۆرێک یادێک لەو هاوڕێیانەشمان بکەینەوە. جەژنەکەمان بە باشی بەڕێوە برد و خەڵکێکی زۆری ناوچە و تەنانەت ناو شاری مەریوانیش هاتبوون بۆ مەراسمەکە



بەڵام لە قسەکانیاندا دەردەکەوت کە بە توندی نیگەرانی وەزعی نێوان کۆمەڵە و حیزبن. لە جەژنەکەدا کاک عومەر شەریفزادە بەرپرسی کومیتەی مەریوانی حیزبی دیمۆکرات قسەی بۆ خەڵکەکە کرد و قەولی دا کە حیزب هەموو هەوڵی خوی بۆ چارەسەرکردنی ئەو وەزعە ئەدات.

چوار ڕۆژ پاش ئەم جەژنەی ئێمە، ڕۆژی شەشی ڕێبەندان ئێمە لە ئاوایی بلچەسووردا بووین. بەیانی زوو لە خەو هەڵیانساندم و لە سازبوونی شەڕ لە هەورامان ئاگاداریان کردم. بۆ چەند دەقێقە نەم دەزانی چی بڵێم، چاوم لە دەوروبەری خوم کرد هەموو ماتەم دایگرتبوون. بە ڕاستی یەک کەسم نەدیت خەمی لێ نەبارێت. هێشتا هەواڵی شەڕەکە لە رادیووە بڵاو نەکرابووەوە. ئێمە خەبەرەکەمان لە ڕێگای بیسیم و لە ناوەندی حیزبەوە پێگەییشتبوو. بە باشی

نەمانئەزانی چی روی داوە، تەنیا ئاگادار کرابووین کە کۆمەڵە هێرشی کردوەتە سەر هەموو بنکەکانی حیزب لە هەورامان، دەیان کادر و پێشمەرگەی کوشتوە و ئیستاش شەڕ بە توندی بەردەوامە. بۆ گشت هێزەکانیشیان نووسیبوو کە شەڕەکە بوەتە سەراسەری و لە هەرکویەک کۆمەڵەتان بینی وەک دژمن لەگەڵی دا بجووڵێنەوە. لەم بارەوە کۆمەڵێک لە هاوڕێیانی ئەوکاتم، دوای خوێندنەوەی کتێبەکەی من رەخنەیان لەم پاراگرافە هەیە و پێیان وایە حیزب دوای ئەم رووداوەش، هێشتا بڕیاری سەراسەریکردنی شەڕەکەی نەدابوو، داوای کردبوو تا کۆمەڵە هێرش نەکات ئێمە دەستپێشخەری نەکەین، بەڵام من خۆم لەم پەیامە کە بە ئێمە گەییشت دڵنیام و ئەزانم کە رۆژی شەشی رێبەندانی ١٣٦٣، پاش هێرشی کۆمەڵە بۆ سەر بنکەکانی حیزب، رۆژی سەراسەریبوونی شەڕەکەشە.

ئێمە بە بێ سەبرییەوە چاوەڕونی سەعاتی ١٢:٣٠ماینەوە تا رادیوی حیزب بکرێتەوە و لە چەند و چۆنی شەڕەکە ئاگادار بین. هاوکات زۆر بە وریاییەوە ناوچەکەمان خستە ژێر چاوەدێریی تا لە هەرکوێەک کۆمەڵەیکمان بینی پەلاماری بدەین.

سەعات ١٢:٣٠رۆژی ٦ ی رێبەندانی ساڵی ١٣٦٣ هەتاوی رادیوی کۆمەڵە (دنگی شۆڕشی ئێران) و رادیوی حیزبی دیمۆکرات (دەنگی کوردستانی ئێران) هەرکامە بەشێوەی خوی و لەقازانجی خوی چۆنیەتی روودانی شەڕەکەی بۆ بیسەرانیان باس کرد. گێرانەوەی دەنگی کوردستانی ئێران تەقریبەن لەم چوار چێوەیە دا بوو:

"خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان، ئەندامان و لایەنگرانی حیزب، هێز و لایەنە ئێرانی و کوردستانیەکان و.....سەرلەبەیانی ئەو ڕۆ ١٣٦٣/١١/٦هەتاوی چەکدارە سەرلێ شێواوەکانی عەولا ئاغای موهتەدی، لە پیلانێکی ناجوانمێرانە دا و........هێرشیان کردووەتە سەر هەموو بنکەکانی حیزبی دیمۆکراتی کوردستانی ئێران لە ناوچەی هەورامان و بەداخێکی گرانەوە تاگەییشتنی ئەم هەواڵە زیاتر لە بیست پێشمەرگەی حیزبەکەمان شەهید و ژمارەیکی زۆریش بریندار بوون. بەگوێرەی ئەو هەواڵانە کە بە دەنگی کوردستانی ئێران گەییشتوون، تا ئیستاش شەڕ بە توندی بەردەوامە وچەکدارە سەرلێشێواوەکانی

کۆمەڵە لە هێرشەکەیان دا تێکشکاون و....

پاش خەبەرەکە وتارێکی توندوتێژ لە دژی کۆمەڵە و بەتایبەتی لە سەر ئەوە کە کۆمەڵە " لە نیازپاکی" هاوڕێیانی حیزبی کەڵکی خراپی وەرگرتووە وناجوامێرانە هێرشی کردوەتە سەر بنکەکانی حیزب خوێندرایەوە."

ئەم وتارە بچووکترین ئیشارەی بەوە نەدەکرد کە کۆمەڵە چەند مانگە داوای ناساندنی تاوانبارانی شەڕی پیشوو دەکات و ئەگەر وەلامی نەدرێتەوە "دەست لە سەر دەست دانانیشێت". هەروا لەسەر کۆمەڵێک شتی عاتفی وەک ئەوە کە بەرپرسانی کۆمەڵە لە خزمایەتی چەند کەس لە پێشمەرگەکانی هەردووکلا (بەرپرسێکی کۆمەڵەکان برایێ یەکێک لە بەرپرسانی حیزب بوو و بابی یەکێک لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵەش پ م ی حیزب بوو کە لەو شەڕە دا بەدەست کۆمەڵە کوژرا) کەڵکی خراپیان وەرگرتووە و...پێ دادەگرت و بەلای سەبەبە ئەسڵیەکان دا نەدەچوو.

باسکردنی دەنگی شۆڕشی ئێرانیش هەروا یەکلایەنانە ولەسەر یەک بەم شێوەیە بوو:

" کرێکاران و زەحمەتکێشان، خەڵکی شۆڕشگێڕی کوردستان و....هەروەک بۆ خۆتان ئاگادارن چەندین مانگە کۆمەڵە بە هەموو توانای خویەوە هەوڵ ئەدات تا حیزبی دیمۆکرات جەنایەتکارانی شەڕی ١٦ ی خەزەڵوەری هەورامان کە ....کە ژمارەیەک پێشمەرگەی کۆمەڵەی تێدا دەستگیر و پاشان " ئیعدام" کران بەخەڵک و کۆمەڵە بناسێنێ و سزا بدرێن و... بەڵام ئەم حیزبە هەروەک پیشەی گشت حیزب وجەرەیاناتی" چەوسێنەر و بورژوایە"، لاسارانە حازر نە بوو مل بەم داوا رەوایەی کۆمەڵە بدات و..... تا سەرئەنجام کاسەی سەبری شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵە پڕ بوو و سەرلە بەیانی ئەمڕۆ بەمەبەستی سزادانی تاوانبارانی ئەو جەنایەتە پەلاماریان بردە سەر بنکەکانی دیمۆکرات لە هەورامان و.....ئیستاش کۆمەڵە هەروەک پیشوو داوا لە گشت حیزب و لایەنە سیاسیەکان دەکات هەوڵ بدەن زووتر فشار بخەنە سەر حیزبی دیمۆکرات وێڕای ناساندنی تاوانباران، شەڕەکە را بگرێت و لەسەر میزی وتوو وێژ کێشەکان چارەسەر بکەین."

پاش باسکردنی رووداوەکە ئەوانیش وتارێکی دوور و درێژیان بڵاو کردەوە

وهەموو تاوانێکان، تەنانەت هی ئەم شەڕەش کە خویان پلاندانەر، بڕیاردەر و دەستپێشخەری بوون، خستە پای حیزبی دیمۆکرات و هەڕەشەیان ئەکرد "کە ئەگەر حیزبی دیمۆکرات حازر نەبێت بە زووترین کات ئاگربەس قبووڵ بکات، ئەوە کۆمەڵە هەروەک چۆن بۆ پاراستنی ماف و بەرژەوەندی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە دمی کۆماری ئیسلامی داوە، ئاواش تەسلیمی حیزبی بورژوازی وپاریزەری چێنی چەوسێنەری کوردستان نابێت و حازرە لە بەرانبەری دا راوەستێت".

هەواڵەکانی دواتر دەریان خست کە لەم شەڕە دا ١٩ پێشمەرگەی حیزب کوژران و زیاتر لە٢٠ کەسیش برینداربوون. کۆمەڵەش لەم هێرشە دا بە تەواوی تێک شکا و ١٤ پێشمەرگەی کوژران کە تەرمەکەیان کەوتبوە دەست حیزبی دیموکرات و پاشماوەی هێزەکەیان بەرەو ناو پایەگاکانی ئەرتەشی ئێراق پاشەکشەیان کردبوو و بۆ جاری دووهەم لە هەورامان دەرکران.

پیویستە لەیرەدا ئامارژەی پێ بکەم ئەو هەیئەتەی کە دوای شەڕی یەکەم لە لایەن کۆمەڵە، حیزب و یەکیەتیەوە دیاری کرا بوو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکان، تەنیا خاڵێک کە تێ دا سەرکەوت، ئەوە بوو کە حیزب مل بدات کۆمەڵە هێزەکانی بگێرێتەوە هەورامان و لە تەنیشت بنکەکانی حیزبی دیمۆکرات دا مەقەر و بارەگا بکەنەوە کە ئەنجامی ئەم شەڕەی لێ کەوتەوە. چوونکە هیچ کام لە کێشە ریشەییەکانمان چارەسەر نەکرابوون و هەڕەشە و گرژی لەنێوان هەردوولادا لەو پەڕی خۆیدا بوو، ملدان بە گەڕانەوەی کۆمەڵە بۆ هەورامان، لای من بڕیارێکی هەڵە و زیانبار بوو.

شەڕی ئەمجارە بوو بە خاڵێکی وەرچەرخان لە پەیوەندی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دیمۆکرات دا. دوو هێزی چالاکی ناو گۆڕەپانی بزووتنەوەی کوردستان، پاش ئەم شەڕە ئێتر تەواوی هێز و ئێنرژی خویان بۆ لەبەینبردنی یەکتر تەرخان کرد. لەهەر جێگایک ژمارەیک پێشمەرگەی ئەم دوو هێزە هەبوون، بێ دوودڵی، یان بەربوونە گیانی یەک و دەیان کەسیان لە یەک کوشت، یان یەکیان لە دەستی ئەویتر هەڵات تا خوی بۆ شەڕ و پەلاماری گەورەتر ئامادە بکاتەوە. کۆمەڵە هاوکات لەگەڵ پلان و بەرنامەی رێک و پێک بۆ هێرش و

پەلاماردانی هێزەکانی دیمۆکرات، داوای راگرتنی شەڕەکەی دەکرد. لەم بارەوە گشت هێزە سیاسیەکانی تریش، بە ماموستا شێخ عەیزەدینیشەوە پشتی داخوازیەکەی کۆمەڵەیان گرتبوو. دوای چەندین کۆبوونەوەی جۆراوجۆر لەگەڵ هەردووکلای شەڕەکە، سەرەنجام لە بەیانییەیەکی هاوبەشدا بە ناوی " شەش جەرەیانی سیاسی" رەخنەیی توندیان لە حیزب گرت و بە درێژەدەری شەڕەکەیان دانا. دیارە حیزبیش لە نامیلکەیەکدا بە ناوی " وەڵامێک بە شەش جەرەیانی سیاسی" وەڵامێکی توندی دانەوە و تەنانەت جەرەیانبوونی هێندێکیانی خستە ژێر پرسیار و ئەوانیانی بە لایەنگری لە کۆمەڵە تاوانبار کردن.

حیزبی دیمۆکرات ئەم داوایەی کۆمەڵەی بۆ ئاگربەس و وەستاندنی شەڕەکە و رەخنەی لایەنەکانیشی تێکڕا رەد دەکردەوە و لەجێ دا کۆمەڵێک داوای لە چەند خاڵ دا وەک پێشمەرجی راگرتنی شەڕەکە بۆ کۆمەڵە دانان کە یەکێک لە زەقترین خاڵیان ئەوە بوو کە کۆمەڵە دەبێت حیزبی دیمۆکرات وەک حیزبێکی شۆڕشگێڕ بەڕەسمی بناسێ و واز لە تەبلیغاتی دژمنانە لە دژی حیزب بێنێ.

وەک چاوەڕوان دەکرا کۆمەڵەش تێکڕای داواکانی حیزبی دیمۆکراتی رەد کردەوە وحازر نەبوو لە بۆچوونی خوی بچووکترین پاشەکشە بکات. هاوکات هەردووکلا بەڵێنیان بە خویان و خەڵکیش دەدا کە " قولدڕی و خۆبەزلزانی" ئەویتر قەبووڵ نەکات و تادوا هەناسە درێژە بەم خۆکوشتنە بدەن! بۆیە وەک میژوو دەریخست ئەم شەڕە بێمانا و دژی خەڵکیە بوو بەکاری رۆژ و شەومان و سەراسەری رۆژهەڵاتی کوردستان، لەو شوێنەی بوون و حزووری ئەم دوو هێزەی تێدابوو گرتەوە.

ناوەندی ئاژوان کە بەرپرسی راستەوخوی کاروانە حەفتا کەسیەکەی ئێمە بوو، لە پەیامێکی رەمزی دا داوای لێکردین هەرچێک زووتر بگەڕینەوە بۆ دۆڵی شلێر بۆ لای ئەوان. زۆسانێکی سارد و پڕ بەفر بوو. بەو وەزعەوە ئێمە بێ گرفتیش چار پێنج رۆژ رێگا لە ئاژوان و شلێرەوە دوور بووین و لە سەر بڕیاری سەرەوەی خۆمان رۆژێک پاش شەڕەکەی هەورامان بەرەو ئاژوان وەڕێ کەوتین. پێش رێکەوتنمان لە ئاوایی بلچەسوور دا تووشی کەسێکی سەر بە کۆمەڵە بە

ناوی لالە مەحە بووین، گرتمان و چەکەکەمان لێسەند. پاشان ئاگادار بووین کە لە گوندێکی ئەولاتردا بەناوی گوڵان، ژمارەیک جاش و پاسداری ریژم دامەزراون و بەنیازن هێرشمان بکەنەسەر. بە پەلە ساز بووین و ٣٠ کەسێکمان بەرەو گولان، شوێنی هێزەکانی ریژیم چوێن. بێ ئەوە دژمن ئاگادار بێت تا نزیک ماڵەکان چوێن و لەوێ شەڕ دەستی پێکرد. لە یەکەم تەقە دا پێسمەرگەیکمان بە ناوی کەریم خەڵکی ئاوایی گۆشخانی بەدەسەتی دژمن شەهید بوو. هەرچەند هئێزەکانی دژمن بەتەواوی غافڵگیر ببوون، بەڵام شەڕی ناو کووچە و کۆڵان هەمیشە شەڕیکی مەترسی دارە و سەرکەوتن بەسەر دژمن دا هاسان نیە. بەفرێکی زۆر باریبوو و کووچە و کۆڵانی پڕ کردبوو. بەزەحمەت لەم ماڵەوە بۆ ئەومالْ ئەچوین. هێزی دژمن زیاتر لە سەد و پەنجا کەس دەبوون بەڵام کەم تر لە پەنجا کەسیان شەڕیان دەکرد و ئەوانیتر خویان لەناو ماڵان دا شاردبووەوە و نەیاندەوێرا بێنەدەر. پاش پێنج سەعات شەڕی سەخت و دەستەو یەخە نزیک بە بیست کەس لە دژمن کوژرا و جەنازەی دوازدە کەسیان کەوتە دەست ئێمە. لە کۆتایی شەڕەکەشدا پێشمەرگەییکی ترمان بە ناوی شەهاب خەڵکی ئاوایی سەرهوویە شەهید بوو، بۆیە ناچار بووین واز لە پاکسازی کردنی ئاوایی بێنین و بە دوو مەیتی هاوڕێیانمانەوە بگەڕینەوە ئاوایی بلچەسوور تا لەوێ لەژێر تۆپ و خومپارە بارانێکی زۆر خەستی دژمن دا، بە هاوکاری خەڵکی مامۆڵە و بلچەسوور بەخاکیان بسپێرین.

## *گەڕانەوە بۆ شلێر و سەرەتای گەمارۆ*

نمەنمە بەفر ئەباری، سپاسی خەڵکی بلچەسوورمان کرد بۆ هاوکاری بێ درێغیان و بە کەل و ملەیەکی سەخت و هەڵەموت دا بەرە و ئاوایی نیشکاش، بە نیازی گەڕانەوە بۆ لای ناوەندی ئاژوان بەرێ کەوتین بەو هیوایە چەند رۆژ دواتر بگەیینەوە لای هاورێیانمان. بەڵام ئەم شەوە بوو بە سەرەتای گەمارۆدران، گەمارۆ شکاندن، هە ڵاتن، لە داوکەوتن ، دیسان لە گەمارۆ کەوتن و هەڵاتنی تر و..

کۆمەڵە بەشی زۆری رێگاکانی گەڕانەوەی ئێمەی گرتبوون و رۆژژمێرییان

ئەکرد کەئێمە بگەڕینەوە و لە جێگایێک لە داومان خەن. لەبەر ئەوە لە شوێنەکانیتر شەڕەکانی هەوەڵ هەفتە بەزیانی ئەوان بوون، لە داوخستن و لەبەینبردنی ئێمە فرسەتێکی باش بوو بۆ کۆمەڵە تا بالانسی شەڕەکە بە قازانجی خوی بگۆڕێت. ئێمەش بە تەواوی ئاگاداری ئەم حەسابکردنەی کۆمەڵە بووین بۆیە بۆ گەڕانەوە بۆ شلێر، ڕێگەی ناوچەکانی بەرپلە و سارالمان کە بەشێکی هێشتا نیوە ئازاد بوو هەڵ نەبژارد و راست بە پێچەوانەوە، خومان لە شاری مەریوان و جادەی مەریوان -سەقز- بانە نزیک کردەوە و خەتەری ریژیمان لە هی کۆمەڵە پێ کەمتر بوو. پاش روویشتن لە کۆماسی بە ناو چەند ئاواییدا تێپەڕین و لەچەند جادە پەڕینەوە تاگەییشتینە ناو ئاوایی رەشەدێ لە ٤ - ٥ کم پادگانی مەریوان. هەڵبەت جگە لەپادگان، بە بۆنەی نزیک بوونی شاری مەریوان لە بەرەی شەڕی ئەوکاتی ئێران و ئێراقەوە، سەدان پایەگا و بارەگای تری ریژیمیش لەو نزیکانە بوون. ئێمە ئاگاداری ئەم بارە نامووناسبەی رەشەدێ بۆ مانەوە بووین، بەڵام پاش دوو رۆژ رێگا بڕین لە ژێر بەفر و باران دا، هێزی درێژەدانی رێگامان نەمابوو و سەرەرای داوای خەڵک بۆ نەمانەوەمان، ناچار لە سێ ماڵ دا خەوتین.

ئەو ماڵەی دەستەکەی هێزی بێستوونی لێ خەوتبووین، ماڵی پێشمەرگەیەکی کۆمەڵە بوو و کچێکیشیان هاوسەری پێشمەرگەیەکی حیزب بو کە ئەو شەوە بۆ سەردان لەماڵی خویان بوو. چەند کەس ئاگاداریان کردین کە کوڕە کۆمەڵەکەشیان لەماڵە بەڵام ئێمە لەبەر موحێبەتی خاوەنماڵ و بوونی کچەکەیان لەوێ گوێمان نەدا. دواتر من لە رێگای چەند دۆستێکی کۆمەڵەم بیست کە ئەو کەسە، لەوێوە بە بیسیم لەگەڵ بەرپرسانی کۆمەڵەدا لە پەیوەندی دا بووە و سەعات بە سەعات لە وەزعی ئێمە ئاگاداری کردوون. چەندە ئەم قسەیە راستە من نازانم.

بەیانی بە گرمەی ئارپیجی هێزەکانی دژمن لە خەو هەستاین و پاش چەند دەقێقە بۆمان دەرکەوت کە زۆربەی هەرەزۆری بەرزایەکانیان گرتوە. هەرکەسە لەجێ خویەوە پەلاماری بردە سەر دژمن و دەسەکەی ئێمە بەهۆی ئەوەکە لە کەنار ئاواییدا بووین زووتر گەمارۆی ماڵکانمان تێکشکاند و تەپۆڵکەیکی پشت ئاوییمان خستە دەست خومان. ریژیم لە دەیان پایەگاوە ناوچەکەی تۆپباران

ئەکرد. جەماعەتی ناو ئاوایی بە توندی دەرگیری شەڕێکی دەستەو یەخە بوون. ئێمە ناچار بووین هێرش بکەینە سەر دوو بەرزایی دیکە و لەوێوە پێشی پێشڕەوی دژمن بگرین و نەهێڵین دژمن بە تەواوی هەڵقەی گەمارۆکەی بە سەر هاوڕێیانماندا تەنگتر کاتەوە. پاش چەند سەعات شەڕی سەخت و گران توانیمان گەمارۆی سپای داگیرکەر بشکێنین و لە حاڵێک دا بەفرێکی قورس ئەباری، بەرەو بەرزایەکانی سەرەوەی ئاوایی پاشەکشە بکەین.

لەم شەڕە نەخوازراوە دا کۆمەڵێک لە هێزەکانی دژمن کوژران و بریندار بوون، بەڵام لە بەر ئەوە ئێمە مەبەستمان هەڵاتن بوو نەک راونانی ئەوان، لە ژمارەی دروستی زیانی ئەوان ئاگادار نە بووین. بۆ خوشمان کەسێکمان بە ناوی سەیید مەحموود بریندار بوو کە بارقورسیەکی زۆری بۆ کاروانەکەمان سازکرد و بوو بە هوی ئەوەکە رێگای چەند سەعات، بە چەندین سەعات ببڕین و هەر ئەمەش بوو بەهۆی گیر کەوتن و مانەوەمان لە داوی کۆمەڵە بۆ ماوەی چەل شەوو رۆژ کە زیاتر وەک کارتۆنی "تام وجێری" دەچوو تا شەڕی دوو هێزی پارتیزانی دژ بەیەک.

بەفر هەروا بەتوندی دەباری و ئێمە لەدۆڵێکی ژوورەوەی ئاوایی رەشەدێ دا کۆ بووینەوە. قەرارمان دا بە کەل و ملەیەکی سەخت و پڕلە دارستان دا بێ ئەوە بچینە ناو هیچ گوندێک، بەرەو شلێر حەرەکەت بکەین. بەقسەی شارەزاکان ئەم مەودایە لەکاتی ئاسایی دا رێگای پێنج شەش سەعات زیاتر نیە بەڵام بۆ ئێمە کە چەندین رۆژ بوو لە شەڕ و هەڵاتن دا بوین، ئەویش بە بریندارێکەوە بەناو ئەو بەفرە زۆرەدا، سێ چوار بەرابەر کاتی پیویست بوو تا ئێمە لە مەترسی کەمینی کۆمەڵە و ریژیم دەرباز بووایین. بەهەرحاڵ لە بەر نەبوونی هیچ رێگایکی تر ملی رێگامان گرت و بەرەو لووتکەی شاخ کە لەبەر بارینی بەفر و تەمومژێکی زۆر لێمان دیار نەبوو کەوتینەڕێ.

من لە ژیانی خوم دا چەند جار هەستم بە ناتەوانی و بچکۆلەیی مرۆڤ لە بەرابەر سرۆشت دا کردوە کە یەکێکیان ئەمجارە بوو. کاتێک لە لووتکەی شاخەکە نزیک بووینەوە، کەسمان زیاتر لە دوو میتر بەر پێ خوی نەدەدیت. دەستمان بە یەک گرتبوو تا لێک ون نەبین. نزیک بە یەک سەعات بە دەوری خوماندا سووڕاینەوە بێ ئەوە بزانین بەرەو کام لا ئەڕوین. بۆران و سەرما

زۆریان هێنا و وردە وردە خەریک بوو چەن کەسێکمان لە پێ بکەون. ناچار بە جێ بەرەو ژوور، رووومان کردە لایخوار و بەدۆڵێک دا داکشاینە خوار. لەم کاتە دا کەمینی کۆمەڵە و دەوڵەت لە بیری کەسەماندا نەما بوو. تەنیا هەوڵدان بۆ رزگاربوون لەمەرگی حەتمی و رەقهەڵاتن لەسەرما، مێشکی گشتمانی بە خۆیەوە خەریک کردبوو. بەفر هەروا بە توندی دەباری و بێ رەحمانە خۆی بە سەر و چاوماندا ئەکێشا. هەرچێک دەهاتینە خوارتر تەمومژەکە کەمتر و گێژەلووکەی بەفرەکە هێورتر ئەبووەوە و ئەمانتوانی زیاتر پێشی خومان ببینین. بەڵام هێشتا نەمان ئەزانی ئەم دۆڵەی کە ئێمە پێ دا دینە خوار، بەرەو کام ئاوەدانی، جادە، یان پایگای دژمنمان ئەبات. چوونکە هەر چوار دەوری ئەم کێوە پایگا و بنکەی هێزەکانی ریژیم بوو و لای سەرویشی کە ئێمە بەتەما بووین پێدا دەرباز بین، ئیمکانی یەکجار زۆری هەبوو کۆمەڵەی لێ دامەزرابێت.

پاش زیاتر لە ٥ سەعات سووڕانەوە، هەڵکشان و داکشان، سەرمان لە جادەی مەریوان- سەقزەوە دەرهێنا. بەفر هەروا دەباری و رێگای هاتوو چووی ماشین گیرابوو. پاش تۆزێک گەڕان و سووڕانەوە، چاومان بە تابلۆیەک کەوت بەفارسی لێ نووسرا بوو روستای وشکلان.

بەدیتنی ئەم تابۆیە شارەزاکان زانییان بەراستی ئێمە لە چی جێگاییکین. هەڵبەت وشکەڵان ئەوەدەم پایگای ریژیمی لێ نەبوو، کەمتر لە یەک کیلومێتریش لە جادەکەوە دوور بوو. بەڵام بەزۆری تیم و دەستەی کۆمەڵەی لێ دەمانەوە و ئەمەش گەورەترین کۆسپی سەر رێگای ئێمە بۆ دەربازبوون بوو. چارەیەک نەبوو. یان دەبوو لە سەرما دا بمرین، یان ریسکی چوون بۆ وشکەڵان قەبووڵ کەین بەو هیوایە کۆمەڵەی تێ دا نەبێت و پشووییکی تێ دا بدەین، روو بە وشکەڵان کەوتینە رێ.

دەستەییکی دەکەسیمان لەپێشەوە بەرێکرد و ئەوانیشمان بە شوێنیان دا وەرێ کەوتین. لەبەر زۆری بەفرەکە، پاش تۆزێک ئێمەیش گەییشتینەوە تیمە پێشڕەوەکە، دیسان تێکەڵی یەک بووینەوە و تا دەرکەوتنی چرای ماڵەکان هەروا پێکەوە ئەڕویشتین. پاشان دە کەسەکەمان نارد تا ئاوایی تاقی بکەنەوە. سەگوەڕێک دەستی پێکرد و لەپڕ بارانی گولەمان بەسەر دا باری. هەرکەسەو بەلایک دا دەکەوت، خۆی تل دەدا و پاشان هەڵدەهات. من نازانم

خوم لەوکاتە دا چیمکرد و چۆن هەڵاتم. بەڵام ئەزانم ئەوەی لەبیرم دا نەبوو بیکەم، تەقەکردن بوو. هیچکەسی ئێمە دەستی بۆ نەکرایەوە و هەرکەسە توانی گیانی خوی دەرکرد. بەهەڵاتن هاتینەوە سەرجادەکە. پێشمەرگەیەکمان بەناوی ئەسغەر مەنبەری دەستی بریندار بوو، دوو پێشمەرگەش بە ناوەکانی جبرائیل هەرسێنی و ئەنوەر مەنبەری بەجێمان کە دوایە دەرکەوت لە یەکەم دەستڕێژدا بریندار بوون و گوایا کۆمەڵە هەردووکیانی ئێعدام کردوون.
کاتی راوەستان نەبوو، سەعات نزیک دووی پاش نیوەشەو بوو. بە هێزێکی ماندوو، برسی و بێ هێزەوە لەسەر جادەی ئیسفالتی نێوان دوو شاردا، بەو وەزعەوە ئێمە هەمان بوو ئەبوا بەپەلە بیر لە چارەیک بکرێتەوە. کەسێک لە پێشمەرگەکان وتی ئاواییکی تر لەم نزیکانە دا هەیە بەناوی شاسوار پایگای ریژیمی لێ نیە. ئەگەر شاسوار کۆمەڵەی لێنەبێت، بۆ مانەوە ئەبێت. بێراوەستان و قسە لە سەرکردن بەرەو شاسوار کەوتینە ڕێ. مەوداییکی زۆرنەبوو، هەر دوو سێ کەم، بەڵام ئێمە بە زیاتر لە سەعاتێک ئەونجا گەییشتین. هەرکە چرای ماڵەکان دەرکەوت، سەگەکان دەستیان کرد بە وەڕین. چاوەڕوانی تەقە ماینەوە. خەبەرێک نەبوو، بەترس و دڵەخورپەوە لە ماڵەکان نزیک بووینەوە. خەڵک بە دەممانەوە هاتن و دڵنیایان کردین کە نە کۆمەڵەی تێدایە و نە حکوومەت. بەسەر ماڵەکان دا دابەش بووین، بەپەلە نانێکمان خوارد و هەرکەس لەحاست خوی خەوی لێکەوت. خەلک قەوڵیان دا کێشکمان بدەن و هەر خەوەرێک بوو هەڵمان سێنن! بەفر هەروا بەتوندی دەباری و خەتەری هێرشی دژمنی بۆ سەر ئێمە کەمتر دەکردەوە. منێک کە چەند سەعات پێشتر، حەزم دەکرد ئەم بەفرە نەگبەتە راوەستێت و نەبێتە هۆێ مەرگی خۆم و هاوڕێیانم، ئیستا پڕبەدل ئاواتم دەخواست کە هەروا ببارێت و ببێتە هۆێ نەجاتی من و کاروانە شەکەتە هێز لێبڕاوەکەمان.
بەراستی دنیای شەڕ دنیایەکی سەیرە. چ زوو بالانس و بەرژەوەندیەکان تەنانەت لە جێگاییکی وا چۆڵ و بێ ئەهمیەتیش دا دەگۆردرێن؟ چەند سەعات پێشتر بارینی بەفر ئێمەی بۆ لێوی مەرگ پاڵپێوەدەنا و، ئیستاش زۆرتربارینی هەمان بەفر، تەنیا هیوای نەجات و مانەوەمان بوو!

## دەسپێکرانی گەمارۆ و بێ بەزەییتر بوونی شەڕی ناوخۆ

بەیانی کاتێک لە شاسوار لەخەو هەستاین، بەفر هەروا دەباری. چەند پێشمەرگەیک لەگەڵ خەڵک چووبوونە سەربانەکان و خەریکی بەفر ماڵین بوون. لەوە دڵنیا بووین کە سەرەڕای نزیکی شوێنەکەمان لە جادە (کەمتر لە دوو کم) نە ریژیم و نە کۆمەڵە نایەنەسەرمان. خومان گەرم گردبوەوە، نان و چاییمان خواردبوو و ئەگەر شەڕیش بە ریشەوە بوایە، توانای بەرگری کردنمان هەبوو. شەوی دووهەمیش هەر لە شاسوار ماینەوە. ڕۆژی دواتر بەفربارین نەما، ئاسمان کردیەوە و ریژیم دەستی کرد بە ماڵینی جادەکە. پیاوێک لە وشکەڵانەوە هات بۆ شاسوار، دەرکەوت کۆمەڵە ناردوویە تا بزانێت ئێمە لەشاسوار داین یان نا. لە ریگای ئەم کەسەوە ئاگادار بووین کە جبرائیل و ئەنوەر، کە شەوی هەوەڵ لێمان بەجێمان لە کەمینەکە دا کوژراون و لە لایەن خەڵکی وشکەڵانەوە بە خاک ئەسپێردراون. دەنگۆ هەبوو کە کۆمەڵە ئەنوەریان بە برینداری ئێعدام کردووە، بەڵام فەرماندەکانی کۆمەڵە کە من داتر لێمپرسیون، ئەم ئیدەعایە ڕەد دەکەنەوە. نەمانهێشت پیاوەکە بگەڕێتەوە بۆ وشکەڵان، هەرچەند کۆمەڵە وتبووی ئەگەر نەگەڕایەوە ئەوە نیشانەی ئەوەیە کە دیمۆکراتی لێیە.

ئێئمە هیچ چارەییکمان نەما جگە لەوە رووبکەینە ناوچەی سەرشیوی مەریوان چوونکە لەوێوە مەترسی کۆمەڵەمان لە سەر کەمتر ئەبوویەوە و ئەشکرا هەوڵ بدەین تاکوو بە هەر جوورێک بووە خومان بگەیینینە ناوچەی دیواندەرە، لەوێشەوە بەرەو ناوچەی سەرشیوی سەقز و ئەمانتوانی بە یەکجاری لە مەترسی دەرباز بین. دیارە بڕینی ئەم مەودایە، بەم مەسیرە تازە و لەم وەرزی بەفر و سەرمایەدا، بێ شەڕ و کێشەش ڕێگای چەند هەفتەیەک دەبوو.

بێسیمێکی "ڕاکاڵ" مان هەبوو کە هەرکات دەرفەت و باتری هەبا لە ڕێگایەوە پەیوەندیمان بە ناوەندی ئاژوان و دەفتەری سیاسییەوە دەگرت. لە شاسوار پێش وەڕێ کەوتن، بیسیمەکەمان دامەزراند و ئاژوانمان لە ئاخرین وەزعی خومان، شەڕەکەی ڕەشەدێ، کەمینەکەی کۆمەڵە و کوژرانی دوو پێشمەرگەکەمان و مەسیری ڕێگا ئاگادار کرد. دوو بریندارەکەشمان تیمار کردن

و ئامادە بوون لەگەڵمان حەرەکەت کەن. هێزەکەمان کۆکردەوە و بە کەل و هەورازێکی بەرزی پڕلە بەفر دا بەرەو ئاوایی گێڵیکەران وەڕێ کەوتین. تاسەر ملەکە چەند لاوێکی ئاوایی شاسوار پێشمان کەوتن، رچەیان بۆ شکاندین و لە بیرمە لە سەر ئاخرین بەرزایی، کلیلەی بەفرەکە لە بالای بەرزترین کەسمان کە کوڕێک بوو بە ناوی واحێد بەرزتر بوو .

پاش نزیک بە هەشت کاتژمیر گەییشتینە نزیک ماڵەکانی گێڵیکەران. چەند کەسێک چوون بۆ تاقیکردنەوەی ئاوایی. لە یەکەم ماڵدا ئاگادار کراین کە ٣ پێشمەرگەی کۆمەڵە لە ناو گوند دان و ناونیشانی ئەو ماڵەشیان پێدای کە پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی تێ دا بوون. زوو دەوری ماڵەکەمان گرت و داوای تەسلیم بوونی کەسەکانمان کرد. سەرەتا خاوەنماڵ دەیوت رویشتوون، بەلام دواتر دەرکەوت راست ناکات و پاش هێندێک بێنەوبەرە کۆمەڵەکان حازر بوون خویان رادەست کەن و بێ تەقە و خوێنڕژان لە ماڵەکە هاتنە دەر. جگە لە ٣ قەبزە چەک، بیسیمێک و هێندێک مەدارەکیشیان پێ بوو کە دەری دەخست کۆمەڵە بەجدی پلانی لەناو بردنی ئێمە (ئەم کاروانە لە گیرکەوتوە) ی هەیە. پێشمەرگەکانی کۆمەڵە یەکیان ناوی سەردار قادری و خەڵکی ئاوایی نگڵی مەریوان بوو. ئەوانیتر مێهران خەڵکی سنە و حەیبەلا خەڵکی مەروزانی چەمشاری سنە بوو.

پاش گرتنی ئەو سێ کەسە، بەناو ماڵەکان دا دابەش بووین و لە چواردەوری ئاواییدا کێشکمان دانا. رۆژی دوایی، یان رۆژی سێهەم بەرەو ئاوایی ئیسەولێ وەڕێ کەوتین و شەوەکەی لەوێ ماینەوە. بەیانی شەفەق ئاگادار بووین کە کۆمەڵە گشت بەرزایەکانی دەور و بەری ئاوایی لێ گرتووین و کابراییکی بە نامەییکەوە ناردوە بۆ لامان تا داوامان لێبکات هەرچێک زووتر:

١- دیلەکانیان بۆ بنێرین

٢- بەچەک و گشت ئیمکاناتەوە خومان تەحویلی ئەوان بدەین

٣- دەنا حازر بین بۆ شەڕ و بەرپرسیاری شەڕەکەش خومانین.

پاش ئەوەی ئێمە لە گەمارۆ و دەورە گیرانی خومان لەلایان کۆمەڵەوە ئاگادار بووین، بەپەلە لە ئاخرین ماڵەکانی هەرچوار دەوری دێدا دامەزراین و ئامادەی بەرپەرچدانەوەی پەلامار و هێرشی کۆمەڵە بووین. دیل و دوو برینداەکەمان لە

مزگەوت دانان و چەند کەسمان کردە پارێزەریان. بەرپرسەکان بەپەلە کۆبوونەوەییکی سەرپێیان گرت. لە کۆبوونەوەکەدا بڕیار درا وەڵامی نامەکەی کۆمەڵە بدەینەوە و بەهیچ جوورێک نەچینە ژێر باری داواکانیان. نامەکەی ئەوان بەفارسی و بە ئمزای فەرماندەی گوردانی شوان بوو. ئێمەش بە کوردی و بە ئیمزای فەرماندەری هێزیزرێباری مەریوان و تەقریبەن بەم شێوەیە چوابمان بۆ نووسینەوە:

"بۆ فەرماندەی گوردانی شوانی کۆمەڵە لەگەڵ سڵاو!

١ دیل و بیسیمەکەتان بۆ نانێرینەوە. چوونکە ئێمە لەحاڵی شەرداین و ئەگەر قەراریش بێت دیل ئازاد بکرێن، ئەوە رێبەرایەتی ئێمە بڕیار ئەدات نەک ئێمە.

٢ شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزب چەند هەفتەیە بووەتە سەراسەریی و بۆ پەلاماردان و شەڕی تازە، هەرەشە پیویست نیە. چیتان لەدەست دێت فەرموون بیکەن.

سپاس فەرماندەری هێزی زرێباری مەریوان مەنسوور فەتاحی.

حاتەم مەنبەری

لە فرسەت کەڵکمان وەرگرت، بیسیمەکەمان هەڵکرد و بە پەلە ناوەندی ئاژوانمان لە وەزعی خومان ئگادار کرد. لەم ماوەیە دا من چووم بزانم تیربارەکەمان کە بەدەست پێشمەرگەیەکی هێزی بێستوونەوە بوو لە جیگای باشە یان نا. هێشتا بەتەواوی قسەم لەگەڵ تیربارچیەکە نەکردبوو پێشمەرگەیک هات وتی کاک مەنسوور و کاک عومەر (مەنسوور فەتاحی فەرماندەری هێزی زرێبار و عومەر شەریفزادەش



بەرپرسی کومیتەی مەریوان بوو) بانگت دەکەن. کە هاتمە لایان، دیتم زۆر شڵەژا بوون. پێم سەیر بوو، چوونکە ئەم دوو کەسەم باش ئەناسین و ئەوەی نەیان دەناسی ترسی زۆر و شڵەژان لەکاتی تەنگانە دا بوو. کاک عومەر بەپیریمەوە هات و بە نارەحەتیەوە پرسی حاتەم هاشم مەنبەری خزمتە؟ لاقم وشک بوون و بە زەحمەت هەناسەم بۆ ئەدرا، دڵنیا بووم کە شتێکی خراب رویداوە.

تۆزێک بێدەنگ بووم، پاشان کاک عومەر بێ ئەوە هیچی دیکە بڵێ، لیستەیکی دایە دەستم. بە چاوی پڕلە فرمیسکەوە سەیرم کرد. هاشم مەنبەری، غەفار مەنبەری، ئەحمەد موزەفەری، هۆشیار مەنبەری، واسێح مەنبەری، بەشیر سوبحانی، کاکەلی جەواهێری، سەعدی رەحمانی... هەرچێکم ئەکرد بەری گریانی خۆمم پێنەدەگیرا. مامۆ ئەزغەر کە دەستی بریندار بوو لە مزگەوت دامانناbوو، بە ڕاکردن هات دەستی لەملم کرد وتی تۆ نابێت بگریت! پێشمەرگەکان سەیرت دەکەن، بزانن باش نیە تۆ بگریت!

لەم ماوەیەدا کاوس مەنبەریش هات کە لەم شەڕە دا واسێحی برای و چەند

خوشەویسێکی لەدەست چووبوون. سەردار یەکێک لە ئەسیرەکانی کۆمەڵە، کە ئەوانیش لە مزگەوت و لە ژێر چاوەدێری چەند پیشمەرگەدا بوون، هەستا دەستی لەمل کردین و بەگریانەوە سەرەخوشی لێکردین.

پاش ئەوەی ئێمە لە شاسوار ئاژوانمان لە وەزعی خومان ئاگادار کرد، بەرپرسانی ئاژوان کاک سالار ئیبراهیمی بەژمارەیک پێشمەرگەوە، بەنیازی یارمەتی دانی ئێمە بەڕێ دەکەن. بەڵام هێشتا چەند سەعات لەبنکەی ناوەندی ئاژوان دوور ناکەونەوە، لە پشت ئاوایی وشکەڵاندا دەکەونە داوی کۆمەڵەوە و بەداخەوە ئەم ژمارە پێشمەرگەیە کە هەڵبژاردەی پێشمەرگە و کادرەکانی حیزبی دیمۆکرات لە ناوچە بوون، تێدا دەبنە قوربانی. ئەمە گەورەترین زەربە بوو کە کۆمەڵە پاش شەشی ڕێبەندان لە حیزبی دیمۆکراتی دا و بەداخەوە دواتر دەیان زەربەی دیکەشی لە هەردوو لاوە (دێموکرات و کۆمەڵە) بە دوادا هاتن و زۆر کەسی دیکەی تێدا بوونە قوربانی.

هێزەکانی کۆمەڵە هەروا لەسەر بەرزایەکانی ئیسەوڵێوە سەنگەریان لێمان گرتبوو و لە سەر و خواری ئاواییشەوە دامەزرابوون. بەڵام کات ببوە نزیک نیوەڕۆش، هێشتا تەقەیکیان لێ نەکردبووین. ئێمە هاتینە سەر ئەو باوەڕە کە کۆمەڵە بەتەمان بەتەواوی ماندو و شەکەتمان کەن و تا ئەو کاتەی ناچاربین خومان تەحویلیان بدەین. ئەوان وایان حیساب کردبوو کە ئێمە دەرچوونمان نیە و بۆیە حازر نەبوون تەڵەفات و خەسارەت بۆ چتێک بدەن کە هێز و توانای درەنگ یان زوو لە کۆتاییە و هیچ ڕێگای دەرباز بوونێکی نیە.

ئەوان بە وردی ئەیانزانی، ئەگەر ئێمە لەم گوندە گەمارۆ دراوەش نەجاتمان بێت، ئەوان ئەتوانن لە دە ئاوایی ئەولاتریشەوە دیسان بمانخەنەوە داو و هیچ هێزێکی حیزبی دیمۆکراتیش ناتوانێت بە کۆمەکمانەوە بێت. بەتایبەتی پاش ئەو زەربە گەورەیە کە چەند رۆژ پێش، نزیک وشکەڵان لە حیزبیان دا بوو، زەحمەت بوو حیزبی دیموکرات جارێکیتر ئەم ڕێگایە تاقی کاتەوە و هێز بۆ نەجاتدانی ئێمە بنێرێ.

سەعات گەیبیشتبوە نزیک یەکی پاش نیوەڕۆ. کۆمەڵەکان هەروا لەسەر بەرزایەکانەوە بوون و لوولەی چەکەکانیان گردبوە ناو ئاوایی ئیسەوڵێ بێ ئەوە فیشەکێک بتەقێنن. ئەم شەش حەفت سەعاتە لای ئێمە هێندەی چەند رۆژ

درێژ بوون و گشت سات و سانیەکانی چاوەڕوانی هێرشی ئەوان لە هەرچوار دەوری ئاواییدا دامەزرابووین. بەڵام بەوپەڕی سەرسووڕمانەوە دیتمان دوای سەعات یەکی پاشنیوەرۆ، کۆمەڵە دانە دانە بەرزایەکانیان چۆڵ کرد و بەرەو ئاوایەکانی گلە و زوێران گەڕانەوە.

پاش چۆڵبوونی بەرزایەکان، ئێمە دوو تیممان لە دوو لاوە ناردە سەر بەرزایەکان و بە دووربین خستیانمانە ژێر چاوەدێری تا چوونە ناو ئاوایەکانی گلە و زوێران. دیسان کۆبوونەوەیکی سەرپێیمان گرت، بڕیار درا بەرەو گوندێک بە ناوی ئاڵیهەمەدان حەرەکەت بکەین کە بەو وەزعەی ئێمەی تێدابووین، رێگای چوار پێنچ سەعات بوو. بریندار و سێ دیلەکەمان سپاردن بە دەستەیەک پێشمەرگە، دەستەییکی پازدەکەسی هەڵبژاردەشمان بۆ پێشڕەو دیاریی کردن و ئەوانی دیکەمان بەمەودای دووسەد میتر بەدوویاندا کەوتینەڕێ.

بەفری حەفتەکەی پێش هەروا ما بوو، بەڵام بەهوی ساردی هەواوە بەستبوی و ببووە سەهۆڵ. مروڤ نەک هەر نەدەچەقی بەڵکوو هێندێک جار مەترسی هەڵخلیسکانیشی هەبوو. پاش دەرهاتن لە ئاوایی ئیسەولێ، ئەبوا سەرەتا بە دۆڵێکدا سەرکەوین و پاشان بگەیینە سەر ملەیەکی بەرز. دوایە دۆڵێکی تر بۆ خوار و سەرەنجام بگەیینە ناو ئاوایی ئاڵیهەمەدان. ئێمە پێشبینی ئەوەمان ئەکرد کە، هەر لەحزە بکەوینە کەمینی کۆمەڵە و ئەم کارەی ئەوانمان (چۆڵکردنی بەرزایەکانی ئیسەولێ) بە تاکتیک ئەزانی. بەڵام چوونەدەر لە ئاواییمان لا درۆستتر بوو تا مانەوە لە جێگایک کە کۆمەڵە ئاگاداری هەموو شتێکیەتی. بۆیە زۆر بە وەریایەوە حەرەکەتمان ئەکرد وئامادەیی تەواومان هەبوو بۆ هەر پێشهاتێک.

تیمی پێشڕەو نزیکی بەرزایی جێ مەبەست ببوونەوە. ئێمەش لەدواوە سانیە و دەقێقەمان ئەژماردن کە کەی بگەنە لووتکە. پەنجا میترێک مابوو پێشڕەوەکان بگەنە سەر یاڵ، لەپڕ لە چەند لاوە درایــنە بەر دەستڕێژ. هەرکەسە خوی بەلایک دا هەڵداشت. بەردێک دارێک دەوەنێک نە بوو خومان بدەینە پاڵی و هەمووی ببوە ژێر بەفرەوە. ناچار لەسەر بەفرەکە راکشاین و لە حاست خومان دەستمان بە تەقە کرد و هاوکات دوو دوو و سێ سێ بەرەو ناو دۆڵەکە پاشەکشیمان کرد. هێزەکەی کۆمەڵە دیار بوو کەم بوون دەنا بەهوی

زاڵ بوونیان بەسەر جێگاکەی ئێمەدا، ئەیانتوانی ژمارەیکی زۆرمان لێ بکوژن. لەدۆڵەکەدا کۆ بوینەوە پێشمەرگەکانمان ژماردن. پێشمەرگەیک لە دەستەکەی هێزی بێستوون بەناوی کەریم کانیەشەیی خەڵکی سوور- سووری کامیاران دیار نەبوو. دەرکەوت لە یەکەم تەقە دا کوژراوە و جەنازەکەشی کەوتە دەست کۆمەڵە. ئەوانی ترمان سلامەت بووین و برینداریشمان نە بوو.

هەوا خەریک بوو تاریکی ئەکرد، ناچار مەسیری رێگامان گۆڕی و بەرەو لووتکەیەکیتر، بەمەبەستی چوون بۆ ئاوایی تەنگباخ، کە بە هاوێنیش رێگای زیاتر لە حەفت سەعاتە کەوتینەرێ. ئێمە هیچ ئامرازێکی تینپێو، یان دیاریکەری پلەی گەرمامان پێ نەبوو، بەڵام دڵنیام هەوای ئەو شوێنە بەو ئێوارەیەدا زیاتر لە بیست دەرەجە ژێری سفر بوو. هیچکەس لێوی لێک نەدەدرا قسەبکات. بە ئیشارەتی دەست مەسیری رێگامان نیشانی یەکتر ئەدا و بە دوای یەکدا رێچکەمان ئەبەست. لەم جۆرە کاتانەدا، رویشتن و نەوەستان (تەنانەت ئەگەر ئامانجی رێگاش روون نەبێت) باشترین رێگای بەربەرەکانێ لەگەڵ رەقهەڵاتنە. بەئامانج و بێ ئامانج ئەسووڕاینەوە و سەرنجام گەییشتینە لووتکە. لەوێشەوە بەدۆڵێدا شۆڕبوینەوە و هەرچێک خوارتر ئەچووین هەواکە باشتر ئەبوو و ورەمان دەچوەسەر. گەییشتینە سەر جادەی نێوان ئاوایی تەیناڵ –گوڵچییەر.

ساڵی رابردو لە شەڕێکی هێزەکانی ریژیمدا، هاوڕیکی سەردەمی منالێم بە ناوی کەریم مەنبەری (کەریمە سوور) راست لەو جێگایە دا شەهید بوو و لەگەڵ چەند هەڤاڵیکیتردا، بە کۆڵی خومان لە مەیدانی شەڕەکە دوورمان خستەوە. بەهەر حاڵ... دەبوا لە جادەکە بپەڕینەوە و دوایەش لە چۆمێک بدەین. بەو زستانە سارد و شەوە تاریکە دا قەت لە گێڕانەوە نایەت کە چەندە دژوار بوو. بەزۆری پێسمەرگە بە شواڵەوە لە ئاوەکەیان دا و پەڕینەوە. کاتێک چوینە ئەوبەری ئاو، جلەکانمان بوون بە پارچەیک سەهۆڵ و رێگا رویشتنی دەیان جار لێ دژاورتر کردین. رویشتن زەحمەوت و راوەستان بوونە سەهۆڵی بەدواوە بوو. بۆیە ناچار یەکەممان هەڵ بژارد. دیسان ملی دۆڵێکیترمان گرتەوە، بەنیازی لووتکە، پاشان دۆڵ و ئەگەر بکرێ ئاواییکیتر کەوتینەرێ کە ئەمە بوو بە سەرەتای لە گەمارۆ کەوتنێکی زیاتر و دوور و درێژتر.

حاتەم مەنبەری

# لەداوکەوتن لە تەنگباخ

پاش نزیک بە سەعاتێک رویشتن، وردە وردە بریندارەکان و تەنانەت ژمارەیک پێشمەرگەی دیکەش لە پێ کەوتن و پڕستی رێگەڕویشتنیان لێ بڕا. بەزۆر و بەناچاری خویان کێش دەکرد. هێندێکیان هەرکە سەیری لووتکەی شاخیان ئەکردو دەیان بینی زۆری ماوە بگەینە لووتکە، لەجێگای خویان دادەنشتنەوە و ورەیان پێ نەدەما. تیمی پێشڕەوە کە هەردەم لە چەند کەسی دیاریکراوی وەک ئیبراهیم ئەحمەدی، عەلی تاتوورە، حەمەکەریم سەرهوویەیی، منەت مەنبەری، زۆراو نسلی، نەجمەدین مەنبەری، رەحیم هەژار، زاهێد ژانی، ئەورەحمان نەدیمی و...



پێکدەهاتن و لە بەتواناترین کەسەکانیشمان بوون، گەییشتنە تۆقە بەردێک و هەواڵیان ناردە دواوە کە ئەشکەوتێکی لێیە بۆ ئەوە ئەبێت ئاگری لێبکەینەوە و چەن سەعاتێک بحەسینەوە. خەبەرێکی خوشبوو. وتمان جوان چاو لێکەن ئەگەر پایگاو شتی دەوڵەتی لێ دیار نیە، هەول بدەن هێندێک چێلکە و دار پەیدا کەن و ئاگر کەنەوە تا ئێمەش پێشمەرگە لە پێکەوتوەکان بێنین و بین.

تا ئێمە گەییشتین ئاگر کرابوەوە، بنمەڕ(ئەشکەوت، غار) ێکی خوش بوو. دەتگوت تایبەت بۆ ئێمەیان ساز کردوە. تەنانەت باوەشێک داری وشکیشی تێدا بوو. بەفر دوو میتر بەر دەرگاکەی گرتبوو، بە زۆر رێگای چوونە ناوەوە هەبوو. لە ئیسەولێ، ئەو گوندەی پێشتر کۆمەڵە دەورەی دابووین، برێک نان و پێخورمان لەگەڵ خومان هێنا بوو. لەلای ئاگرەکە جلە تەڕەکانمان وشک و تێر خومان گەرم کردەوە. نان و کەرە ودۆشاوێکی چاکمان خوارد و تا رادەیک هاتینەوە سەر خومان. بەفر نەدەباری، بەڵام هەوای ئاسمان جۆرێک بوو هەست

بەوە دەکرا کە هەردەم دەست بە بارین بکات و ریگابڕینی ئێمە لەوەش دژوارتر ببێت. چەند سەعات لەو ئەشکەوتەدا ماینەوە دیتمان بەشێکی زۆری پێشمەرگەکان خەویان لێ کەوت. ئێمەش بەخێڵییمان پێ ئەبردن، بەڵام هەستکردن بە مەترسیداربوونی جێگا و نالەباری وەزعەکە نەیدەهێشت چاوێک گەرم کەین. ناچار پاش چەند سەعات هەموومان هەڵساندن و بەرەو لووتکەی شاخی نێوان تەنگباخ و گوڵچییەر، کە ناوەکەیم لە بیر نەماوە بەڕێ کەوتین.

تازە خەریکبوو هەوا بەتەواوی رووناک بێت گەیشتینە سەر شاخ. لووتکەییکی بەرزی بەفرین و پڕ لە تەمووژ. هیچ گوند و ئاوەدانیکمان لیوە دیار نەبوو بەڵام لەبەر ئەوە زۆربەمان شارەزای ناوچەکە بووین، ئەمانزانی ئەگەر راست بچینە خوارەوە، ئەرۆینە ناو ئاوایی تەنگباخ. ملی دۆڵمان گرت و بە مەودایەکی سەدمیتری لە تیمی پێشڕەو، بەرەو ئاوایی کەوتینەڕێ. نزیک بە یەک سەعات رێگامان بڕی. بەفر وردە وردە دایکرد. سەری هەوەڵی تیمی پێشڕەو نزیکی ماڵە کان بوونەوە. ئێمە بێدەنگ و بەدڵەخورپەوە چاوەڕوانی هەواڵی ناو ئاوایی بووین. لەپڕ تەقە دەستی پێکرد. لە ناو ئاوایی و بەرزایەکانی نزیک ماڵەکانەوە دراینە بەر دەستڕێژ. تیمی پێشڕەو هاتنە دەست و ئێمەش بەو دۆڵەدا هاتبووینە خوار، دیسان بەرەو لووتکە گەڕاینەوە. ویزەویزی گولە بەسەر سەرماندا و جاری وا بوو بە بنی گوێماندا هەتا نزیک سەریاڵ، هاوڕێ و هاودەنگمان بوو. ئێمە نە هێز، نە ورە و نە مەجالی سەنگەر گرتن و شەڕکردنمان هەبوو. هەر ئەوەمان پێکرا کە کەس بەجێ نەمێنێت و ئەسیری کۆمەڵە نەبێن.

نزیک لووتکە ببوینەوە دیتمان زیاتر لە بیست کەسمان، لەوانە ئیبراهیم ئەحمەدی جێگری هێزی زرێبار دیار نین. بەفر بە توندی دەباری. تانیوەی رێگا هەموو پێشمەرگەکان هاتبوون بۆیە، دڵنیا بووین کە کەس، یان لانی کەم ئەم ژمارە زۆرە نەکوژراون. بەڵام نەشمان ئەزانی چییان بەسەر هاتووە. تا رۆژی پێشتر لەم ڕوداوە، لە رێگای دوو بیسیمی تاڵکی واڵکییەوە کە هەمان بوون، ئەمانتوانی پەیوەندی دەستەکان پێکەوە گرێ بدەین. بەڵام نزیک بە چەند سەعات بوو باتریەکانیان تەواو ببوون و لەم بارەشەوە لە تەنگانەی تەواودا بووین. تەنیا ئامرازی پەیوەندی نێوانمان بانگ لەیەک کردن، یان بەر و

دواکردن لە نێوان تیم و دەستەکان دا بوو کە هەم زیانبار و هەم تاقەتپڕووکێن بوو.

سەرما دیسان زۆری هێنایەوە. تاقە هیوامان کە ئاوایی تەنگباخ بوو، بە ناهومێدی دەرچوو. گشت ئاواییە نزیکەکانی دەوروبەرمان، وەک سۆفیبلە، گۆڵچییەر و تەینال، پایگا و بنکەی ریژیمیان لێ بوو و شاخ و کێوەکانیش، واتا دۆستە لەمێژینە و هەموو کات بەوەفاکانی کورد، بەجێ پشت و پەنا و یاری رۆژی تەنگانە، لێمان ببوونە دوژمنێکی بێبەزەیی و هەر ئان و کات دۆزەخ و دێوەزمەی مردن و رەقهەڵاتنیان دێنایە بەرچاو.

هەروا سەرگەردان و بێ ئامانجێکی روون ئەسووڕاینەوە، لە پڕ چاومان بە ئەشکەوتێک کەوت کە بەفر زۆربەی دەرگاکەی گرتبوو. چەند کەسێکمان هێندێک بەفرەکەمان لابرد، دەرکەوت جێگایکی زۆر باشە. بانگی گشت جەماعەتمان کرد و بەپەلە هەموو خویان خستە ناو مەڕەکە. ئەم بنمەڕە لەکاتی ئاسایی دا رەنگە بۆ بیست کەسیش تەنگەبەر بووبا، بەڵام ئێمە پەنجا کەس جێگای خومان تێدا کردەوە و زوو بە هوی گەرمای لەشمانەوە ئەشکەوتەکەش گەرم بوو و، لە تەڕبوون و سەرمابردنیش ئەیپاراستین. بەفر هەروا بە توندی ئەباری. چارەنووسی هاوڕێانی ترمان نادیار و رێگای دەربازبوونی خوشمان نادیارتر. هەرکەسە بۆ خوی بیرێکی ئەکردەوە و پیشنیارێکی بۆ نەجاتبوون ئەکرد. تەنانەت ئەسیرە کۆمەڵەکانیش پێشنیار و بۆچوونی خویان هەبوو.

زیاتر لە سێ سەعات لەم ئەشکەوتە سارد و تەنگەبەرە دا هەڵلەرزین و بە کۆمەڵ بیرمان لە رێگای دەرباز بوون ئەکردەوە. هێزی چەکدار کاتێک ورەی دەمێنێت کە پێوابێت فەرماندە و بەرپرسەکانی زۆرشت هەیە ئەیزانن بەڵام جارێ کاتی ئاشکراکردنیان نەهاتووە، یان پیویست نیە باسیان بکات. بەڵام ئێمە زیاتر لە سێ حەفتە بوو ئەم کاروانەمان ئەسووڕاندەوە بێ ئەوە بۆخوشمان بزانین بەیانی، یان تەنانەت چەند سەعاتی تر چیمان بەسەر دێت. لەڕاستیدا نەک هەر ئێمە، بەڵکوو بڕوا ناکەم کەسی دیکەش بیتوانیبا لەو وەزعە دژوارەدا، جگە لە خۆبەدەستەوەدان (بە کۆمەڵە یان ریژیم) چارەیەکی دیکەی بە بیردا هاتبا، واتا لە تاو ئاگر خوی بە ئاو دا بدات و ئێمەش مانەوە و

خۆپاراستنمان لە نێوان ئەم دوانەدا هەڵبژارد کە باشترین ڕێگا دەرچوو.

جگە لە تۆزە نانەکەی ئەشکەوتەکەی پێشوو، کە نزیک بە دوازدە سەعات پێش خواردبوومان، هیچیترمان نە خواردبوو. بۆیە کەم کەم برسیەتی و سەرما



دەستیان دابوە دەست یەک و خەریک بوو بڕستی لێ ئەبڕین. مامۆ ئەسغەر جار و بار چاوی لێ ئەکردم و دەسە برینداره‌کەی نیشان ئەدام. منیش لە رووم هەڵ نەدەهات سەیری بکەم و زوو سەرم دادەخست. ئەم ئینسانە بەهێز و بەورەیە لەیەکەم رۆژی ئەم کارەساتەوە، بە برینداریی خوی بەشۆنمان دا کێش ئەکرد و لەیرەدا ئێتر گەرەکی بوو بە هێمای روانین و بەزمانی ئیشارە بێژێ:

کاکە لەمە زیاتر ناتوانم، هێز و توانام لەبەر دا نەماوە نا........

بەڵام قەت بەزمان نەی دەدرکاند، زۆر جار زۆری بۆ خوی دێنا خوی بەهێزتر نیشان بدات و ورە بە ئێمەش ببەخشێت. سەید مەحموود کە ئەویش بریندار بوو رەنگی وەک مردووانی لێهاتبوو، بەڵام قەت ورەی بەرنەدەدا، بەدەست و لاق خوی کێش ئەکرد و تا بۆی بکرابایا نەدەبوە هۆی ماندووترکردنی هاوڕیانیتری.

لە قووڵایی ئەم بێ ئاسۆییەدا لە پڕ مێهران، یەکێک لە کۆمەڵە ئەسیرەکان وتی:

ئیسە کە گشت ڕێگایکمان لێ گیریاگە، من پیشنەهادێکم هەس. وتمان فەرمووو. وتی ئێمە دوو هەستەمان لە ئاوایی گوڵچیەر هەس. ئەزانم هەردووکیان حازرن هاوکاریمان کەن و بمان شارنەوە. بابچین بۆ ئەوێ.

وتمان ئاخر گوڵچیەر پایگایکی گەورەی ریژیمی لێیە و ئەگەر پێمان بزانن بەم وەزعەوە بە دوو سەعات قەڵاچۆمان ئەکەن. وتی دانەدانە و دوو دوو ئەچینە ناو ئاوایی، هەر ئەوەندە نەمان بینن تا ئەچینە ناو ماڵەکەیان ئەوەکەیتری لەپای من.

تۆزێک بیرمان لێ کردەوە، پاشان ئەحمەد پاگانی، یەکێک لە کادرەکانی مەریوان وتی ئەگەر وابێت منیش لە سۆفیبلە کەسم هەیە بچینە ئەوێ باشترە تا گوڵچیەر.

لەناو ئەم رێگەچارە منالانەیە دا بووین، لە پڕ دەنگێک هات، چەند کەسمان لە ئەشکەوتەکە چوونە دەرەوە. دەنگەکە وازحتر بوو. بەفر بەتوندی دەباری و بایەکی توندیشی دەهات: هەۆ کامەنسووووور هەووووور کا عومەر هەووووو، سەرەتا ئێمە بێدەنگ بووین، نەمان وێرا وەڵام بدەینەوە. دەنگەکان نزیکتر بوونەوە. چەند کەسیترمان لە گەڵ خومان برد و بەوانمان وت لە ئەشکەوتەکە دا بمێننەوە. لە سێ لاوە بەرەو دەنگەکە چووین، بەتەواوی لێیان نزیک بووینەوە و بانگمان کردن  ئێوەکێن؟

هاواریان لێ بەرز بووەوە و وتیان ئێمە خەڵکی تەنگباخین. کاک ئیبراهیم ناردوونی. بە پەلە هێنامانن بۆ لای ئەشکەوتەکە، دەمو پلیان لە گۆ کەوتبوو و زۆر بەزەحمەت قسەیان پێ ئەکرا. پاش چەند دەقێقە بە وردیی بۆیان گێڕاینەوە کە :

١ کۆمەڵە دوای ئەوە تەقەیان لە ئێوە کرد، بەرەو ئاوایی هەوارەگەرمە هەڵاتن. چوون تاکوو ئەوێش بگرن چوونکە پێیان وابوو ئێوە بەرەو ئەوێ راتان کردوە.

٢ دوای چوونی کۆمەڵەکان لە تەنگباخ، پێشمەرگەیێکتان بە ناوی ئەسعد، کە نەیتوانیبوو راکات، هاتە ئاوایی و دیتی کۆمەڵەی لێ نیە، خەڵکی ناردە شوێن تانا  بۆ ئەوە بێنە ناو ئاوایی.

٣ ئەو خەڵکە چوون بە شوێنتانا، کاک ئیبرایم و ئەوانیان دۆزیەوە بەڵام ئێوە نەبوون. کاک برایمیش ئێمەی ناردوە شوێن ئێوە و وتی هەرچێک زووترە بێنە خوار، ئاوایی لە دەست خومانە. ئیبراهیم ناوی نهێنی شەوی پیشووی خومانی پێ وتبوون بۆ ئەوە ئێمە بەتەواوی بڕوایان پێ بکەین.


هیوایەک کەوتەوە دڵمان. ئەو دوو کەسە دووکۆڵ نانیشیان لەگەڵ خویان هێنا بوو سەر و نانمان بەسەر کەسەکاندا دابەش کرد و بە دوای ئەواندا بەرەو ئاوایی تەنگباخ جارێکیتر کەوتینەوە رێ. بەفر هەروا دەباری و رێگا رویشتن زۆر سەخت و زەحمەت بوو. تا بن هەنگڵان لە بەفرەکە دا ئەچەقین و لە بێ هێزیدا بە لادا دەکەوتین. بەشێکی زۆری جەماعەت خویان کێش ئەکرد دەنا هێزی هەنگاو هەڵێنانیان نەمابوو، بەڵام هیوای گەییشتن بە جێگایکی گەرم و خەوو خۆراکێک ئەبوونە هۆی ئەوە بەتەواوی نەکەون. لە نزیک ئاوایی تووشی هاورێییانی دیکەمان بووینەوە. ئەوان تۆزێک حەسابوونەوە و نان و ئاوێکیان خواردبوو. هەموو پیاوەکانی گوندیشیان لە گە ڵ خویان هێنابوون کۆمەکی ئەو هەڤاڵانە بکەن کە بە تە واوی لە پلوپێ کە وتبوون. خەڵکە کە ئەو چەند کەسەیان لە کۆڵ کردن و گە یاندنیاننە ناو ئاوایی.

تە نگباخ ئاواییکی بچکۆلە ی حەوت ماڵی بوو کە لەدۆڵێکی قووڵ و لە نێوان دوو کێوی بەرزدا هە ڵ کەوتبوو. هەر شەش حەوت کەسمان بەسەر ماڵێکدا دابەش کراین، لە بەر هەر ماڵەشدا نگابانێکمان دانا و ئەوانیترمان پاش نانخواردن و خۆ گەرم کردنەوە، بێ ئیرادە خەومان لێ کەوت.

بەیانی لەگەڵ رووناکبوونی هەوا بانگیان کردم. پێشمەرگەیک وتی کاک مەنسوور وتوویە بە زوویی بێت بۆ لای من. هەرکە لە ماڵەکە چوومە دەر، دیتم سەری گشت بەرزایەکان چەکداری پێوەیە. نەموێرا لە پێشمەرگەکە بپرسم ئەوانە کێن لەو سەر بەرزایانەوە، بەڵام دڵنیابووم کە پێشمەرگەی خومان نین. گەیشتمە ئەو ماڵەی کاک مەنسووری لێ بوو. بەرپرسەکان هەموو لەوێ و خەریکی قسەوباس بوون. کاک مەنسوور وتی خوتان وەزعەکە ئەبینن، کاتی قسەکردن نیە. هەرکەسە لە ماڵی خوی بەرپرسە. ئامادەی شەڕ بن و دوور نیە هەرچێک زووتر هێرشمان بکەنەسەر. لە درێژەی قسەکانیدا وتی بەڵام ئێمە جێگامان گەرمە و سەنگەری ئێمەش لە هی ئەوان مەحکەم ترە. لە فرە فرە ئەکوژرێت و لە کەمیش کەم.

هەرکەس لە ماڵی خوی سەنگەری گرت و چاوەڕوانی هیرشی کۆمەڵە مابنەوە. ئێمە جگە لە ناو ماڵەکان، هیچ بەرزایکیترمان بەدەستەوە نەبوو، بەڵام لە بەر بچووکی ئاواییەکە، هەرچوار دەورمان لە کۆنترۆڵدا بوو. بۆیە ئەگەر کۆمەڵە لە هەر لایێکەوە بهاتبان بۆ ناو ماڵەکان، لە تیررەسمان دا بوون. خەڵکی ئاوایی زۆر لەم وەزعە ئەترسان، پێیان وابوو کۆمەڵە حەتمەن پەلامار دێنن و ئەشیانزانی ئێمە حازرنین بە هاسانی تەسلیمیان بین، بۆیە وێرانی ماڵەکان و قەتڵی عامی ئێمەیان، وەک فیلمێکی تاڵ دێنا بەرچاوی خویان.

تا نیوەڕۆ کۆمەڵە لەیرەش وەک ئیسەوڵێ، هەروا لەسەر بەرزاییەکان و ئێمەش لە ناو ماڵەکاندا روو بە رووی یەک وەستابووین. پاشنیوەڕۆ کەسێکی خەڵکی ئاوایی شانشینیان نارد بۆ لامان و داواکەی ئیسەوڵێ، واتا بەردانی ئەسیرەکان و دانەوەی بیسیمە کەیان دووپات کردبووەوە. ئێمە ئەمانزانی ئەسیرەکان جۆرێک بەربەستن بۆ ئەوە کۆمەڵە هێرشمان نەکاتەسەر. بیسیمەکەش رێگایکی باش بوو بۆ ئەوە ئێمە لەرێگایەوە قسەو کارەکانی ئەوان



کۆنترۆڵ بکەین. دیارە کۆمەڵەش راست بۆیە دەیهەویست ئەم دوو ئامرازە لەدەست ئێمە دەربێنێ. بۆیە ئێمە دیسان نەچووینە ژێرباری داواکانیان. ئەم پیاوە کە دڵسۆزی بۆ هەردووکلامانی لێدەباری وتی :

رۆڵەگیان ئاگاتان لەخوتان بێت زیاتر لە دووسەد کەسیان هانیوەتە شانشین ، ئێژن سەدکەسیش لە ئاڵووسەمیی و هەوارە گەرمەس، خوا رەحمتان پێبکات. ئەوانیش فەقیرن، نایانبینن سێ رۆژە لەو بەر سەرماوە ئەلەرزن؟ بەخوا مەنسوولەکانیانن ناییڵن، ئەینا باوەڕ ناکەم کەسیان پێیان خوش بێت لەبان ئەو کوچکەو دانیشن و تواشای ئێوە بکەن.

دوای ئەوە کابرامان ناردەوە بۆ لای کۆمەڵە و ئەوان هێرشیان نەکرد، لە سەر ئەو بۆچوونەی پێسوومان زیاتر قەناعەمان کرد کە، کۆمەڵە نەیگەرەکە بۆ

لەبینبردنی ئێمە زیان و زەرەرێکی نا پێویست بدات، بەڵکوو بە تەمان بە تەواوی ماندوو نا هومێدمان کەن تا ناچار بین خومان تەحویل بدەین. ئەیانزانی کە هێزی کۆنترۆڵ و چاوەدێرییکردنی ئێمەیان هەیە و ئێمە ئەگەر لەماڵەکان بچینە دەر، بەهەر لایکدا بڕۆین ئەچینە بەردەم ئەوان. جا کەوابوو بۆ لە خوڕا هێزی خویان بەکوشت بدەن؟

ئێمە بە هوی نەمانی باتریەوە، پاش ئیسەوڵێ هیچ چەشنە پەیوەندییکمان لەگەڵ ناوەند و، بە گشتی هیچکام لە کومیتە و هێزەکانی تری خومان نەبوو. پێنچ کەسمان لاقیان سەرما بردبووی و بە کوڵ هات و چووی سەرئاوو دەر و ماڵمان پێ دەکردن. بۆیە بە تەواوی زەوینگیر ببوین و حەرەکەتمان لێ سەندرابوو.

سێ شەو و سێ رۆژ ئێمە لە ناو ئاوایی تەنگباخ و، کۆمەڵەیچ لە سەر بەرزایەکانەوە سەنگەرمان لەیەک گرتبوو بێ ئەوە فیشەکێک لە یەک بتەقێنین. کۆمەڵە سەدی سەد دڵنیا بوو کە ئێمە هیچ مەجال و ئیمکانی دەرباز بوونمان نیە و سەرەنجام ناچار ئەبین خومان تەحویلیان بدەین. بۆیە لە هەر چوار دەوری ئاواییەوە شەو و رۆژ ئێمەیان چاوەدێری دەکرد و چاوەڕوانی هاتنی ئەو سات و کاتەیان ئەکرد. ئێمەش حەفتا کەس (بە ئەسیرەکانەوە) شەو و رۆژ لەسەر سکی ئەم خەڵکە هەژار و بێدەرەتانەوە، نەک هەر سەرباری ژیان و گوزەرانیان بووین، بەڵکوو هێندێک ماڵمان ناچار کردبوون بچن گۆشەییکی کادێن، یان سەرتەنووری ماڵەکەیان خاوێن کەنەوە و بە چەند مناڵەوە لەوی بخەون. بە هۆی بچووکی گوندەکەوە ماڵ نەبوو حەوت هەشت پێسمەرگەی لێ نەبێت، بەوحاڵەشەوە خەڵکەکە وەزعی ئێمەیان دەرک دەکرد و بە دەگمەن رووگرژییان پێوە دیار بوو.

خەڵکی تەنگباخ بە زۆری لایەنگری کۆمەڵە بوون و تەنانەت ماڵی حاجی، کە وەک گەورەی ئاواییش حیساب دەکرا، راست ساڵێک بەر لەم رۆژانە کە ئێمە ماڵ و ئاوایی ئەواندا گرفتاری دەستی کۆمەڵە ببوین، کوڕێکیان لە ئاوایی دۆزەغدەرە لە شەڕێکی نێوان کۆمەڵە و حیزبی دێمۆکرات دا کوژرا بوو و لەم چەند شەو و رۆژەشدا حاجی ژن دەیانجار باسی کردبوو بۆ ئێمە. ئەزانم دیسان لە ئەسڵی باسەکەم، کە گێڕانەوەی ئەم داستانە تاڵەیە دوور دەکەومەوە بەڵام

زیــانی نــیە ئەگەر بە کــورتیش بێــت دوو ڕووداوی گڵــیە و دۆزەغــەرە ش لەم فرسەتە دا باس کەم  چوونکە هەردووکی ئەم ڕووداوانە، بەشی خۆیان  بناغەی ئەم ناکۆکیــانەی نێوانمــان داڕشــت. دوو ڕووداوی تــاڵ کە بــێ شــک دەکرێــت یەکەمیــان بە تــاوانێکی گەورەی کــۆمەڵە و دووهەمیشــیان بە تــاوانی حیزبــی دیمۆکرات بێنە حیساب کردن:

 زســتانێک بەرلەم ڕۆژانەی جــێ باســی مــن، هێــزی زرێــواری ســەربە حیزبــی دیمـۆکرات (بەشـیک لــەم هێـزە لەم داستانەدا لەگەڵ ئـێمە بـوون) لە نـاوچەی کۆماســی ســەربە شــاری مەریــوان لــە حــاڵی گەشــت و جەولە دا بــوون. ڕۆژێـک سەربازێکی دەوڵەتی ئێران بە تفەنگێکی ژ ۳ یەوە لە پایەگای ڕیژیم هەڵدێت و خوی تەحویلی ئەم پێشمەرگانە ئەدات. ماوەی حەفتەیک لەگەڵیان ئەبێت و ئەڵــی حــازرم لەگەڵتانــدا بــبمە پێشــمەرگە. ئەوانــیش چەکەکەی خــوی پــێ دەدەنەوە و دەیکەنە"پێشمەرگە". کاتێک دەگەنە ئاوایی گڵیە و بەسەر ماڵاندا دابەش دەبــن. چەنــد ســەعات دواتــر گــوردانێکی کــۆمەڵەش، پــاش گرتنــی پایەگــایکی ڕیــژیم لە ئــاوایی سۆڵاوای نــاوچەی شــامیان، دەگەڕێــنەوە گڵــیە و ئەوانیش بەسەر ماڵاندا دابەش دەبن. هەرماڵە کە چەند پێشمەرگەی حیزبی لێدەبێت، ئەوەندە کۆمەڵەشی بەسەردا دابەش دەکرێن.

 ئەوکات ئەمە شتێکی زۆر ئاسایی و ڕۆژانە بوو و گەلێک جار بووە بە حەفتە هەردوکلامان لە ئاوەدانییەکدا دەماینەوە. کابرای سەرباز، کاتێک کۆمەڵەکان ئەبینێت و لەگەڵ چەند کەسیان قسە دەکات. بە دڵخواز لەگەڵیان ئەکەوێت و ئەڵێ ئەبمە پێشمەرگەی ئێوە. کۆمەڵەکانیش بێ گوێدانە ئەوەی ئەم کابرایە لەلای حیزبــی دیمــوکرات بــووە، لەگەڵ خویــان ئەیــبەن. بەیــانی یەکێـک لە بەرپرسانی حیزب ئەڕوات بۆ لای بەرپرسی کۆمەڵە و ئەڵی سەربازەکە هاتوە کەیفی خۆیەتی، بەڵام چەکەکەیمان بدەنەوە. بەرپرسی کۆمەڵەش ئەڵێ ئەوە چەکی دەوڵەتە، خۆ ئێوە لەشەڕ دا نەتانگرتوە، فەرقی چیە بۆ ئێمە یان بۆ ئێوە بێت؟ لەسەر ئەم چەکە دەمەقاڵە لە نێوان هەردوو بەرپرسدا پەیدا دەبێت و سەرنجام ئەگاتە تەقە لەیەک کردن. لە باس و دیدارەکانی دواییدا کە من لەگەڵ فەرمادەکــانی کــۆمەڵەدا هەمبــووە، ئەوان ڕیــوایەتێکی دیکەیــان لەم ڕووداوە هەیە و بە گشتی هاتن و بوونی ئەم کوڕە سەربازە ڕەد دەکەنەوە وەک

هـۆی تێکهەڵچـوونەکه. لـه هەر حاڵـدا بەرپرسـه حیزبیەکـان ئەیـانوت کـۆمەڵه یەکەم تەقەی کردوه و کۆمەڵەکانیش ئەیانخسته پای حیزبیەکان.

لەم لەحــــزەیەدا که یەکەم تەقه دەســـت پـــێ دەکـــات، بەشـــێکی زۆری پێشمەرگەکانی حیزب لـه حەوز و رێگـای دەمـوو چـاو شۆردنەوه ئەبن، بـێ ئەوه بچووکترین ئاگایـان لـەم وەزعه هەبێت. به پەلـه تەقه گەرم ئەبێت و لەهەمـوو لایـیکەوه شـەڕ دەسـت پێـدەکات. دوو هێـزی سیاسـی بەرەی شـۆڕش و دژبـەری کۆمـاری ئیسـلامی بەردەبـنه گیـانی یەک. لـه ئاکـامی ئەم تێکهەڵچـوونەدا نـۆ کەس لـه هەڵکەوتـووترین پێشـمەرگەکانی حیزبـی دیمـۆکرات (چەنـد کەسـیان بـێچەک و لەسـەر دەسـاوی حەوزی ئـاواییەوه) دەکـوژرێن. ئەوانیشـیان پـاش شەڕێکی سەخت، لەدەست کۆمەڵه هەڵدێن وناوچەکه بۆ ئەوان بەجێ دێڵن.

ئەو کەسـانەی حیـزب لـەم شـەڕەدا کـوژران، هەڵبـژاردەی پێشـمەرگه و کـوڕی هەژارتـرین ماڵەکـانی کوردسـتان بـوون. لەنـاو ئەم پێشـمەرگه قوربانیـانەدا، عەبه هەرسێنی و خەلیل بێسارانی بۆ لەخۆ بوردوویی و قارەمـانەتی، ناسراوی هەموو ناوچه بوون و کوژرانیان، بەرلـه هەموو کەس، کۆماری ئیسلامی خوشحاڵ و خەڵکەکەی ماتەمین کرد. تا ئەو جێگایه من بزانم کۆمەڵەش لـەم شـەڕەدا دوو پێشمەرگەیان کوژران که من بـه وردی لـێ ئاگادار نیم.

پـاش بـڵاو بـوونەوەی هەواڵـی ئەم شـەڕه لـه زۆربەی ناوچەکـانی مەریـوان، دیوانــدەره و ســەقز، هێزەکــانی کــۆمەڵه و دیمــۆکرات رووبەڕوی یەک چـوونه سـەنگەرەوه. لـه چەنـد شـوێنیش تـاک و تەرا شـەڕی بچـووک هـاته ئـاراوه و ژمارەیک لـه هەردوولا کوژران، بەڵام حێزب هێشتا لـه فرسـەتێک بـۆ سـەندنەوەی تۆڵه لـه کۆمەڵه دەگەڕا.

سـەرەنجام رۆژێـک لەنزیـک ئـاوایی دۆزەغەرەی سـەر به نـاوچەی سـاراڵی دیواندەره، گرووپێکی ١٣ کەسی پێشمەرگەی کۆمەڵه، که لـه فێرگەی سـەربازی گەڕابوونەوه و هێشتا بەسـەر گوردانەکانیانـدا دابەش نەکرابوون، کەوتنه نـاو کەمینـی هێزەکـانی حیزبـی دیمـۆکراتەوه و بـێ ئەوه بتـوانن تـاقه فیشـەکێک بتەقینن، ١١ کەسیان بێڕەحمـانه کـوژران و دووکەسـەکەی تریـان بەدیـل گیـران. مـن لـه نـزیکەوه ئاگـادار و شـاهێدی ئەم رووداوه تـاڵه بـووم و دڵنیـام که ئەم یـازده پێشـمەرگەی کـۆمەڵه، نەک هەر نەهـاتبوون هێـرش بـکەنه سـەر ئـێمه و

بنکەکانمان، بەڵکوو دوورنیە نەشیان زانیبێت کە ئەمانە تەقەیان لێ دەکەن دیمۆکرات، یان هێزەکانی کۆماری ئیسلامین. یەکێک لەم کەسانە کە بەم شێوە نارەوایە بە دەست ئێمە کوژرا، کوڕیماڵی حاجی بوو کە ئیستە ئێمە زیاتر لەدەکەس لە ماڵیاندا بووێن و بۆ خوی و هاوسەرەکەی شەوورۆژ دۆعایان ئەکرد کە کۆمەڵە وازبێنێت و کەسمان خوێن لە لووتمان نەیی!

## ڕزگاربوون لە تەنگباخ، سەرگەردان لە چلچەمە

ئێمە لە تانگباخ پێمان نابوە رۆژی شەشەمەوە، کۆمەڵە وەک یەکەمڕۆژ دەوری گرتبوین و بەتەمابوو بچین خومان تەحویلیان بدەین. هەم بۆ خومان زۆر ماندوو ببوین لەدەست ئامادەباشی شەو ورۆژ، هەم خەڵکی تەنگباخیش خەریک بوون بیزار ببن. بۆیە ئەبوا بیر لە چارەیەکی بنەڕەتی بکەینەوە. بەڵام کام چارە؟ تەنگباخ لە دۆڵێکی تەنگەبەری بە دوو زەنجیرە شاخی بەرزی بەرز دەورە گیراوە. خاڵی کۆتایی ئەم دوو شاخە لەخوارەوە، سۆفییلە، جانەوەرە، تەینال، یان جادەی گاڕانە کە دەیان پاییگای هێزەکانی ریژیمی لێیە و بە باشیش ئاگاداری ئەم وەزعە شپرزەی ئێمەن. دەمانزانی هێزەکانی دەوڵەت لە هەلێک ئەگەڕێن تا ئەگەر لە داوی کۆمەڵەش نەجاتمان بوو، وە دوومان کەون و لەنێومان بەرن. لای سەرەوی ئەم کێوانەش ئەگاتە شاخی چلچەمە کە رووڵێکردنی بەم زستانە سەختڵەتەدا، بۆ بیرلێکردنەوەش نەدەبوو. جیا لەوەش، هەرچوار بەرزاییەکەی بانسەر ئاوایی لەدەست کۆمەڵە دابوون و ئێمە ئەگەر بەنیازبایین بەرەو هەرکام لەو بەرزاییانە بڕوێن، ئەبوا لە پێشدا گەمارۆی ئەوان تێک بشکێنین، ئەوکات بیر لە شتیتر بکەینەوە.

لە هەموو ئەم ماوەیەدا کە ئێمە گرفتاری دەستی کۆمەڵە بووین، شەڕ و یەکترکوشتن لە گشت ناوچەکانی تری کوردستاندا بە توندی بەردەوام بوو. جاری وا هەبوو کۆمەڵە زەربەی لە حیزبی دیمۆکرات ئەدا و جاری واش هەبوو بە پێچەوانە. رەنگە سەیر بیتە بەرچاو من ئەمە بێژم، بەڵام ئێمە و لانیکەم من بۆ خوم، زیاتر خەمی ئەوەمان بوو کە کۆمەڵە زەربە بخوات. چوونکە ئەترساین رقیان هەستێت، یەکسەرە پەلامارمان بدەن و تۆڵەی شوێنەکانیتر لە

ئازار و ئەزموون
ئێمە بکەنەوە.

لەبەر تەواوبوونی باتری بیسیمەکەمان، دوای ئیسەوڵێ هیچ پەیوەندیکمان بە هیچ جیگایکی تری حیزبی دیمۆکراتەوە نەمابوو. ئاژوان و حیزبیش بە گشتی تەنیا دەیانزانی ئێمە گرفتاری دەستی هێزێکی گەورەی کۆمەڵەین و رەنگە هێشتا زیندوو بین دەنا وردەکاریی وەزعی ئێمەیان نەدەزانی.

لە ڕێگای رادیوەکانی کۆمەڵە و حیزبەوە ئاگادار ئەبووین کە لە فلانە شوێن شەڕ بووە و چەند کەس لەم، یان لەولا کوژراون. بریندارەکان و ئەوکەسانە کە لاقیان سەرما بردبووی بڕێک باشتر ببوون. هێندێکیان ئەیانتوانی لە نگابانی و شتدا هاوکاریی بکەن، بەڵام زیاتر ئەمانەمان بۆ ئاگاداری لە ئەسیرەکان بەکاردێنا.

ڕۆژێک رادیوی حیزب هەواڵی تێکەڵچوونێکی نێوان هەردوولای لە ناوچەی بانە (لە ئاوایەکانی سماقان و گەرماو) بە شەوق و زەوقێکی زۆرەوە بڵاو کردەوە کە تێدا زیاتر لە بیست پێشمەرگەی کۆمەڵە کوژران و ژمارەیەکیش بەدیل گیرابوون. رادیوی کۆمەڵەش هەواڵەکەی زۆر بەتووڕەییەوە بڵاو کردەوە و هەڕەشەی کرد کە کۆمەڵە بەزوویی تۆڵەی ئەم جەنایەتە لە حیزبی دیمۆکرات ئەکاتەوە و ناییڵیت هەروا بە سەریەوە بچێت! دیارە هەم ئێمە خومان و هەم حیزبیش ئەیزانی کە ئەم تۆڵەیە کومەڵە بەڵێنی ئەدات کوشتن، یان بەدیل گرتنی ئێمەیە.

لەم شەڕەی ناوچەی بانەدا دوو پێشمەرگەی حیزبی دیمۆکراتیش کوژران کە یەکێکیان دۆست، هاوڕێ و خزمی خوشەویستی من بوو بەناوی سەیفولا مەنبەری. وەک جارەکەیتر، لەگەڵ مامۆ ئەسغەر و کوڕەنیەرەبییەکانیتردا چووینە لای یەک و دڵخوشی یەکترمان دایەوە. دیسان سەردار ئەسیرە کۆمەڵەکە هات، چاوی پڕبوون لەفرمیسک، دەسی کردە ملم و وتی سەرەخوشیت لێ ئەکەم. دەسم لەسەر شانی دانا، بێ ئەوە بتوانم هیچی پێ بڵێم، بە چاو سپاسی هاودەردیەکەیم کرد. سەردار ئیستاش ماوە، جار و بار یەکتر دەبینین و لەگەڵ گێڕانەوەی ئەم رۆژە سەختانە، وە بیرم دێنێتەوە کە من هەڵس و کەوتم لەگەڵیدا باشبوو. منیش پێم وایە ئەو "ئەسیرێکی ژیکەڵە بوو"!

دوای ئەم ڕووداوەی بانە، من لە خەڵوەتی خومدا، بیری ئەو رۆژەم ئەکردەوە

ئێمە لەم تۆڕ و داوە نەتوانین دەرباز بین، کە کۆمەڵە هەموو ئەم دەستەیی ئێمە بکوژێت، ئەوکات گوندی هەژار نشینی نیەر ژمارەی کوژروەکانی لەم شەڕە بێمانایە و تەنیا لە تاقە زستانێکدا، لە دە کەس تێدەپەڕێت. بەپەلە ئەم خیاڵەم لە خوم دوور خستەوە و بیری خۆم خەریکی دەربازبوون و نەجات کرد، دەنا خەریک بوو بەتەواوی ورەم برووخێنێت و هێزی خۆڕاگریم لێ بستێنێ.

لەم ماوەیەدا دووکەسی ئاوایی تەنگباخمان بە بیانوی بۆ شارچوونەوە ناردبوون بۆ شلێر بۆ لای ناوەندی ئاژوان. بەڵام هیچ ئاگادار نەبووین کە ئەم کەسانە گەییشتوون یان نا؟ گەییشتبانیش هیچ فەرقێکی بەحاڵی ئێمە نەدەکرد چوونکە هەزار کەسیش بەهانای ئێمەوە هاتبان، لە رێگادا تووشی کۆمەڵە دەبوون و بە دوو حەفتە شەڕیش نەدەگەییشتنە لای ئێمە.

پاش بڵاو بوونەوەی هەواڵی شەڕەکەی بانە لە رادیویەکانی هەردوو لاوە، ئاراییشی کۆمەڵەکان لەسەر بەرزایەکان و چواردەوری ئاوایی تەنباخ گۆڕا و بەجێ پێنج شەش کەس، لەسەر هەر بەرزاییەک دەپازدە کەس دامەزران. بیکەیسی و چەکی جۆراوجووریان رووکردە ناو ماڵەکان و سەنگەرەکانی ئێمە. لای سەعات یەکی پاشنیوەڕۆ، کەسێکی خەڵکی ئاوایی شانشینیان بە نامەیەکەوە ناردەوە بۆ لامان. ئەم جارە بەتوندی هەڕەشەیان لێکردبووین کە ئەگەر حازرنەبین بە چەکەکانمانەوە خومان تەحویل بدەین، ناچارین قەتڵی سەری خومان ئیمزا بکەین و بۆیان بنێرینەوە. وەک ئاخرین مووڵەتیش سەعات نۆی ئێوارەی ئەو رۆژەیان بۆ دیاری کردبووین.

کاک مەنسوور و کاک عومەر لەپێش دا نامەکەیان خوێندبووەوە، پاشان ناردیانە شوێن ئێمە تا بەیەکەوە راوێژێک بکەین و بڕیاری کۆتایی بدەین. هەموو بەرپرسەکان لە ماڵێکدا کۆبووینەوە، مەنسوور نامەکەی کۆمەڵەی خوێندەوە، هەموو بێدەنگ، دلتەنگ، تووڕە و تاحەدێک ناهومێد سەیری یەکترمان کرد.

دوای کۆمەڵێک مشتومڕ لە سەر ناوەرۆکی نامەکەی کۆمەڵە، گوێمان لە بۆچوونی کاک جەماڵ فەدەوی، یەکێک لە کادرە کەمقسە، بەڵام بە جەوهەرەکانمان گرت کە بەم شێوەیە دەستی پێ کرد:

ئەم قسەگەلە ڕێگەچارە نین، فکر ئەساسییک بکەنەو. پاشان وتی من پیشنەهادێکم هەس!

هەموو وتمان فەرموو. وتی ئێمە ئەشێت یەکێک لەم تەپەگەلە لەدەس کۆمەڵە دەربێرین، مقاومەتی لەسەر بکەین و لە ژێر حەمایەت ئەواندا، باقیەکەمان لە ئاوایی بچینە دەر. ئەگەر بیس کەسیچمان لە وەهەلەی ئەوەڵا بکوژگین، دیسان باقیەکەمان دەر ئەچین!



ئەم پێشنیارەی جەماڵ ناهومێدیەکەی شکاند. هەرکەسە و شتێکی بە پێشنیارەکە زیاد کرد و سەرەنجام هاتینە سەر ئەو بڕوایە کە، لەگەڵ تاریکداهاتنی هەوادا، ژمارەیکی دەکەسی بەنیازی گرتن، هێرش بکەنە سەر بەرزایی لای ڕۆژاوای ئاوایی. هەڵبژاردنی ئەم بەرزاییە وەک خاڵی دەربازبوونمان زۆر کارێکی عاقڵانە بوو، چوونکە پشتەوەی ئەبووە چلچەمە و ئەگەر کەسێک بیتوانیبا لە ئاوایی دەرباز ببێ، جاری دیکە نەدەکەوتەوە داوی کۆمەڵە و ئەیتوانی بەرەو جێگایکیتر (هەر جەهەندەمێک دەبوو با ببێ) بڕوا.

جەماڵ خوی دڵخوازانە بەرپرسایەتی ئەم گرووپە دەکەسیەی گرتە ئەستۆ و نۆ کەسیتر لە هەڵبژاردەترین پیشمەرگەکانمان لەگەڵ خست. قەرار وابوو هەتا کۆمەڵەکان تەقەیان لێ نەکەن، ئەمان بێدەنگ بڕۆنە پێش و هەرکە دەرگیر بوون، ئەوانیش بەسەر و ماڵەوە پەلاماری تەپەکە بدەن و بەهەر نرخێک بووە بیگرن!

لە بیرمە ئەو چەند سەعاتە وەک چەند مانگ تێپەڕی. هەرکەست ئەبینی چاوی لە سەعات ئەکرد و پاش چەند دەقێقە دیسان وەک منداڵ دووبارە سەیری ئەکردەوە. هەموو پێشمەرگەکان ئاگاداری شەرت و هەڕەشەکانی کۆمەڵە نەبوون، بەڵام ئاگادار کرابوون کە ئەم ئێوارەیە حەتمەن ئەبێت ئەم گەمارۆیە تێک بشکێنین.

بریندار و ئەسیرەکانمان بردنە ئاخرین ماڵی نزیک دۆڵی دیاریکراو و چەند

کەسمان کردە بەرپرسیان. ئەوانیتریشمان بە چەند دەستە دابەش کراین تا هەرکە تووش بووین، هەرکەس ئەرک و شوێنی خوی بزانێت. هەوا تاریک بوو، کۆمەڵە بەتەواوی ئارایشی شەڕیان بە خۆوە گرتبوو و چاوەڕوانی گەیشتنی کاتی دیاری کراو بوون کە بەڵکوو ئێمە بێ شەڕ بچین و داواکەیان بە جێ بێنین. ئەوان پێیان وابوو ئێمە ئەگەریش تەسلیم نەبین، قەت ئاوایی بەجێ نایێلین و لە ناو ماڵەکاندا شەڕ ئەکەین. بۆیە هیچکات لە فکری ئەوەدا نەبوون کە دەوری ئاوایی لەوە زیاتر بخەنە ژێر چاوەدێریی نەوەک ئێمە لە شوێنێکەوە دەرچین. لە بری ئەوە، هێزەکەی خویان لە خوار و ژووری ئاواییەوە حازر کردبوو تا سەری سەعات هێرش بکەنە سەرمان.

جەماڵ و نۆ کەسەکەیتر لە ئاوایی چوونەدەر. بەفر یەکجار زۆر، بەڵام سفت و بتەو بوو و بە ئاسانی دەکرا بەسەریدا بڕویت بێ ئەوە رۆبچیت. دۆڵێکی بچکۆلانە بوو کە لای سەریەکەی ئەبووە ئەو جێگایە کە نزیک بە دە کەسی کۆمەڵەی لێ دامەزرابوون. دە دەقێقە تێپەڕی. ئەوان هەروا ئەڕۆیشتن و ئێمەش بەدڵەخورپەییکی زۆرەوە چاومان لێ ئەکردن و چاوەڕوانی دەستپێکرانی تەقە بووین. لە پڕ وتیان دەکەس ئێمەش لە ئاوایی بچینە دەر و بەشوێن ئەوان دا بڕوین. ئێمە دوو بیسیمی تالکی- واڵکی مان هەبوون کە بۆ وەختی وا کەڵکمان لێ وەر ئەگرتن. باتری تازەمان لە تەنگباخدا خستبوە سەریان و لەم رێگایەدا یەکێک لە بیسیمەکان بە جەماڵ و ئەوی دیکەش بە ئیبراهیم ئەحمەدی بوو. جەماڵ و پێشمەرگەکانی گەییشتنە سەر تەپەکە، بێ ئەوە کەس تەقەیان لێبکات! ئێمەش بەپەلە لە ئاوایی چووینە دەر و ئاخرین کەسمان گەییشتینە سەر بەرزایەکە. کۆمەڵە لەگەڵ تاریک داهاتنی هەوا (هاوکات لەگەڵ وەڕێکەوتنی جەماڵ و ئەون) ئەم بەرزایەیان چۆڵ کردبوو بەومەبەستە بێنە نزیک ماڵەکان و لەکاتی دیاریکراودا لەلای پشتەوە پەلاماری ماڵەکان بدەن. بەڵام لە شانسی ئێمە ئەوان بە دۆڵی ئەو دیوی تەپەکەدا هاتبوونە خوار و ئێمەش بەم دیویدا چووینەسەر، بێ ئەوە تووشی یەک بین!

هەرکە ئێمە گەییشتینە سەر یاڵ، کۆمەڵەش گەیشتنە ناو ئاوایی و دەستیان کرد بە بشکنینی ماڵەکان، بەڵام تازە ئێمە لەدەستیان دەرچوو بووین و بە

هاسانی نەیان ئەتوانی لە داومان خەنەوە!

بە راستی بۆ خوشمان بڕوامان نەدەکرد. من ئیستەش هەر لە لام سەیرە کە بەوشیوە سەیرو سەمەرە لە گەمارڕۆی هێزێکی چەند بەرابەری خوماندا دەرباز بووین بەبێ هیچ چەشنە زیان و تەنانەت تەقەیەکیش. بەپەلە دەستمان کرد بە ژماردنی پێشمەرگەکان تا بزانین هەموو هاتوون یان نا. دەرکەوت یەکێک لە سەرلکەکانی هێزی مەریوان بە ناوی "یۆسۆ (یوسف) نەسەناری" نەهاتوە. چەند کەسێک بینیبوویان کاتی لە ئاوایی دەرچوون خوی دزیوەتەوە و نەهاتوەتە دەر. بۆیە نەدەبوا زۆری گوێ بدەینێ. باشتر وا بوو کە هەرچێک زووتر لەم ناوە دوور کەوینەوە نەوەک کۆمەڵە وە دوامان کەون و دیسان تووشی شەڕ و لە داوکەوتن بینەوە و ئێمەش هەر وامان کرد.

بەڵام ئێمە تەنیا لە گەمارۆی کۆمەڵە دەرهاتبووین، دەنا هەروا لە گەمارۆی بەفر و سەرما وکۆمەڵێک شاخ و کێو دا بووین کە بە هاسانی نەمانئەتوانی دڵنیابین لە خەڵاس بوون لە چنگیان.

پشتەوەمان تەنگباخ بوو کە تازە بەجێمان هێشتبوو. ئەو دیوی شاخ ئاواییەکانی گوڵچییەر و تەینالْ بوون کە پڕبوون لە هێزی کۆماری ئیسلامی. لایخوارمان سۆفیبلە بوو ئەویش پایگای ریژیمی لێ بوو و بۆ بیر لێ کردنەوە نەدەبوو. تەنیا یەک رێگا دەما ئەویش هەڵکشان بۆ لووتکەی چلچەمە. ئەوکەسانەی چلچەمەیان دیوە، ئەزانن کە ئەم چیایە بەرزترین لووتکەی هەموو ناوچەیە و بە هاوێنێش شەوەکانی سارد و تەنانەت لە هێندێک جیگای بەفری لێ دەمێنێت. ئیستە چلەی زستان بوو. لەم تەپەی کە ئێمەی لێ بووین، تا بەرزایەکانی چلچەمە بێبەفریش رێگای چەندین سەعاتە، بەڵام ناچاری چی لێ دەکرێت؟ تەنیا رێگا و تەنیا مەسیری "مومکین" بوو کە ئێمە رووی تێکەین و سەر و چارە نووسی خومانی پی بسپێرین. ناچار ملمان لە رێگا بڕین نا و رووما‌ن لە لووتکەی بەرزترین شاخی ناوچە کرد تا لە دەست کۆمەڵە نەجاتمان بێت!


بەفر نەدەباری، بایکی توندیشی نەدەهات، بەڵام هەوا زۆر سارد بوو. پاش نیوسەعات رێگا رویشتن دەمی کەس لە گۆ نەدەهات و کەس نەی ئەتوانی چەند دەقێقە لە جێگەی خوی راوەستێت. بە ناچار دەبوا رێگا ببڕین و بەم

شێوەیە هەم خومان گەرم راگرین و هەم لە کۆمەڵە و خەتەری لەدواکەوتنیان دوور کەوینەوە. نزیک بە سێ سەعاتێک رێگامان بڕی. هەرچێک بەرەو ژوورتر ئەچوین، هەوا ساردتر و ئینجا با و تەم و مژیش بە وەزعەکە زیاد دەبوو. کەم-کەم ئاسەواری ماندوویی و لە پێکەوتن بە چەند کەسەوە، بەتایبەتی ئەوکەسانە کە پێشتر پێیان سەرما بردبووی دەرکەوت. تیمی پێشڕەومان ئاگادار کرد کە ئەگەر بنبەردێک، ئەشکەوتێک شتێکیان بینیی راوەستن تا بەڵکوو پشوویک بدەین. بەڵام بەفر هەموو دار و دەوەن و تەنانەت بەردەکانیشی لێ شاردبوینەوە و سەیری هەر لایکت ئەکرد، وەک ناو دەریا ساف و بێ چاڵ و بەرزی ئەهاتە بەرچاو. سەعاتێکی تریش رویشتین. تیمی پێشڕەو لە رێگای بیسیمەوە ئاگاداریان کردین کە ئەوان گەییشتوونەتە بنبەردێک و ئەگەر بە باشی ئەزانین با ئەوان هەوڵی سازکردنی ئاورێک بدەن تا ئێمەش دەگەین. بەرپرسان وتیان باشە سەیری دەور و بەر بکەن ئەگەر چرای ئاوایی و شتی لێوە دیار نیە هەوڵێکی بۆ بدەن. بەڵام لەو شوێن و کاتەدا ئەوەی نەدەبوا بیری لێ بکرێتەوە، پەیداکردنی دار و ئاگرکردنەوە بوو چوونکە وەک باسم کرد، تەنانەت بەردیش بەدەرەوە نەمابوون. هەمووومان گەییشتینە بنبەردەکە، ئەشکەوت نەبوو، تەنیا لاپاڵیک بوو بە هۆی بەرزی بەردەکە و لێژی لای خوارەکەی بەفر بنەکەی نەگرتبوو. تۆزێک وشکایی بوو، هەمووومان لێک کۆبووینەوە. چەند کەسێکمان چەکمەی لاستیکیمان لە پێ دابوو کە پاژنەکەیان چەند سانتێک بەرز بوون. نازانم کێ بوو بیری بۆ ئەوە چوو کە ئەگەر بەچەقۆ بنی گشت ئەم پاژنە کەوشانە ببڕین، هیچ زیانێکی بۆ دڕانی کەوشەکان نابێت و ئەشتوانین سووکە ئاگرێکی پێ ساز کەین. چەند دەقێقەی نەبرد هەرکەسە و دەستی کرد بەبڕینی پاژنە کەوشی خوێ و لەم لەتە لاستیکانە ئاگرێکی بێتین و پڕ دووکەڵمان سازکرد بێ ئەوە گەرماییک بە کەس بگەیینێت.

زیاتر لە سەعاتیک لەو بنبەردەداماینەوە. سەرماکەی لە رادە بەدەر و تاقەت پڕووکێن بوو و ناچار دیسان کەوتینەوە رێ تاکوو خومان گەرم ڕاگرین. تەمومژ هەموو لاییکی داگرتبوو، کەس نەیدەزانی کاملا کاملایە. سەیری هەر لایکمان ئەکرد، بێ جیاوازی وەک یەک بوو. من لە ژیانم دا (تا ئیستاش)

دیمەنی وا غەریبم نەدیتوە. نە دار، نە بەرد، نە ئاسمان نە ئاو، نە ئاوەدانی. هیچ، هیچ، تەنیا بەفر و بەفر و بەفر.

بێ ئامانج و هەر لەبەر زەختی سەرما و رەق هەڵنەهاتن (کە ئەمەش بۆ خوی ئامانجێکە) بە دەوری خومان دا ئەسووڕاینەوە. سەر و خواری تەپۆڵکەکانمان ئەکرد و دیسان لە جێگایکدا کەمێک رادەوەستاین. بێ ئەوە کەس قسە بکات یان بۆڵەییکی لێوە بێت، دیسان بۆ سەر بەرزاییک هەڵ ئەکشاین و هەم داکشان بۆ خوارەوە. هەمومان لەوە تێ گەییشتبووین کە ئێمە بە رێگای هیچ



کوێوە نین، بەڵکوو بەربەرەکانێ لەگەڵ سرۆشت دا دەکەین تا مردنی خومان چەند سەعاتیتر وەداو خەین. تا نزیک دەمەو بەیان خەریکی ئەم کارە بووین. رەنگە گەورەترین شانس کە هەمان بوو، ئەوە بوو کە بەفری دیکە نەدەباری تا رێگا رویشتنیشمان لا دژوار کات و بە هاسانی ئەکرا بەسەر بەفرەکە دا بڕوین بێ ئەوە بچەقین. دەمەو بەیان مژەکە تۆزیک ڕەویەوە و کەمی کرد. وردە وردە بەرزایەکانی تر دەر کەوتن، بە شێوەیەک کە ئەمانتوانی تۆزێک دوورتری خومان ببینین. بەڵام کەس نەیدەزانی لە کوێن و بە تەواوی لێمان تێک چوو بوو کە باکوور، باشوور، رۆژ هەڵات و رۆژئاوا لە کاملان.

ئەیرە چلچەمەیە بەڵام چلچەمە کە یەکێک لە پڕ ئاو و کانیترین هەردەکانی کوردستانە، ئەی بۆ خورەی ئاوێک، تەنانەت تاقە کانییکیش بەدەرەوە نیە؟ بەشی زۆری ئێمە بە هاوین ئەم کێوەمان دیتبوو، بەڵام کەس نەیدەناسیەوە. هەموو لایک بەفر و بەفر هەموو شتێک بوو. چەندین ساڵ دواتر کە من بۆ یەکەمجار سواری فرۆکە بووم، ئەو دیمەنەی چلچەمەم هاتەوە بیر. وتم ئاها جارەکە سەرمان لێ شێوا بوو، ئەیرە بوو کە دنیا بەفر بوو هیچی تر. (هەورەکان وەک بەفر ئەهاتنە بەرچاوم کە چین چین وەسەریەک کەوتبوون!)

گەییشتینە لاپالێکیتر، تۆزقالێک خاکی لێ دیار بوو. لەدەوری یەک کۆ بووینەوە. مەنسوور و عومەر و ئیبراهیم لە لای یەک راوەستا بوون. بۆ یەکەم جار لەماوەی ئەم شەوە ساردەدا تەواشای ناو چاوی مەنسوورم کرد. چاوی پڕ ببوون لە فرمیسک، لەبەر ئەوە بە باشی نەیبینم، روی لەولا کرد.

مەنسوور لە کاتی تەنگانە و لە شەڕدا چیایک ورە و دەریایەک تەحەمول بوو. ئیستە ئەمدیت کەسێکی بێ دەنگی بێ دەسەلات، سەهۆڵ بە سمێڵەکانیەوە وەک شۆڕەسەهۆڵی کەڵکەپاسار شۆڕ بووەتە. لێوە هەمیشە بەبزەکانی ئەلەرزن، جسمی لاواز و بچکۆلانەی لەسەرمان هێندەی دیکە چکۆلەی کردوەتەوە.

عومەر کە بە قسە خوشی لە ناوماندا بە ناوبانگ بوو و لە هیچ کاتێک دا بێورەییم پیوە نەدیتبوو، ئەم بەیانیە سەرگەردان بە دوای قسەیکدا ئەگەڕا تا بەڵکوو بزەیک بخاتە سەر لێوانمان. لە حاڵیکدا هەموو لەشی ئەلەرزی، دەستی بە گێڕانەوەی قسەیەک کرد، بەڵام لەرزە لەرزی لێوی نەی هێشت کەس هیچی لێ حاڵی ببێت. نەک تەنیا هیچکەسمان پێ نەکەنین، بەڵکوو خوشی وازی لە گێڕانەوەی قسەکەی هێنا، بە ناومان دا دەستی کرد بە هاتوو چوو کە سەراپا ناهۆمێدی بە هەنگاوەکانیەوە دیار بوو.

ئیبراهیم، نەجمە، عەلی تاتوورە، ئەوڕەحمان زیویەیی، رەحیم هەژار، منەت، زۆراو، حەمەکەریم، زاهێد و.... ئەبینین کە لە ماوەی ئەم یەک مانگە سەراسەر خەتەرەدا تیمی پێشڕەو، رچەشکێن و قەلغانی هەموو مەترسیەکانی سەر رێگامان بوون. کەچی ئیستە لەبەرامبەر بێ روحمی سرۆشتدا کەم کەم خەریکن بە چۆکدا دێن و قەڵای ورەیان ئەڕووخێت. لە گۆشەیەکدا دۆش داماون و وەک بڵێن:

کاکە ئیدی ئەرکی ئێمە تەواو بوو. کەمین نەما تابیشکێنین، لووتکە نەما تا بیبڕین، سەنگەر نەما تابیگرین، لەمە زیاتر شەڕی سەرما و بەفریشمان پێ ناکرێت. لێمان گەڕێن بە لەم بناری بەفرەدا بمرین!

***نەسرەت تاقە ژنی هاوسەفەرمان***

هەوا خەریک بوو ڕووناک دەبوو. بۆ دەرهاتنی خور نەک دەقیقە، بەڵکوو سانیە ژمێریمان ئەکرد. خوری کوردستان بەتینە، تەنانەت لە پۆپەی چلچەمە و بە چلەی زستانیش ئەکرا هیوای پێ ببەستین. ئێمە لە دۆڵێک، لە نێوان دوو یاڵ دا بووین. دوو لووتکەی بەرز کۆتایی ئەم یاڵانە بوون. خەڵکی ناوچە بەم دوو لووتکە ئەڵێن دووبرا. هەردووک لووتکە وەک دوو کوڕی جەحێڵ ڕوو بە ڕووی یەک ڕاوەستاون. ئەمە بەرزترین ترۆپکی چیای بەرز و بەفرینی چلچەمەیە. لە هاوێن و بەهاراندا، شوێن و جێگایکی دڵگیر وسەیرانگەییکی پڕ کانی و گژ و گیا دارە. بەڵام ئیستا! ئیستا نا، هەموو لایک بەفرە، جێگایکە لە هیچ کوێک ناچێت، لانی کەم لەو جێگایانەی ئێمە دیومانە ناچێت.



خور گەییشتە قەتپاڵەکەی ڕووبەڕوومان. ڕانەوەستاین لیزگەکەی بگاتە لامان دوو - دوو و سێ - سێ بە پیرییەوە چووین.

زوو هەستمان بە گەرم بوونەوە کرد. ڕووم لە مامۆ ئەزغەر و نەجمەی مەنبەری کرد کە هەردووکیان سمێلی زۆریان بوو. قیافەییکی زۆر سەیریان پەیدا کرد بوو. سەهۆڵ، ئەرێ سەهۆڵ وەک چۆن بەسەر لقی داران، گوێ سوانکی بانان، تاشەبەردی بن ئەشکەوتانەوە شۆڕ ئەبێتەوە، ئاوا بەسمێڵیانەوە شۆڕ ببوەوە. پێشتر من زۆر جار خەمی بێ سمێڵیم خوارد بوو، بەڵام ئەم ڕۆژە خوشحاڵ بووم کە سمێڵم نیە تا وەک ئەوان بەدەسیەوە گیر بکەم!

پاش تۆزێک دانشتن لە بەر خورەکە، هەستمان بە گەرم بوونەوە کرد. بێ پلانێکی دیاریکراو کەوتینە ڕێ و چەند شیو و دۆڵی پڕ لە بەفرمان بڕین. لە پڕ سەیید جەلالی کانیسانان، بە تەمەنترین و بە تەجرەبە ترین کەسی ناومان،

هاواری لێ بەرز بووەوە، وتی:

راوەستن وا بڕوین ئەبینە ژێر هەرەسەوە! ماڵتان نەشێوێ، حەفتا کەس بە ناو ئەم بەفرە دا ئەڕوین و قسەش ئەکەین، هەرەس زیاتر بە دەنگە دەنگ هەڵ ئەسێت!

ئەمەش خەمێکیتر. ناچار راوەستاین و هێندێک بیرمان کردەوە. چلچەمە لە نێوان جادەی مەریوان - بانە –سەقز، سەرشیوی سەقز، بەرپلەی مەریوان و سارالّی دیواندەرە دا هەڵکەوتووە. باشە، ئەگەر ئیستا ئێمە لە دیوی جادەوە بین، گشت ئاوایەکەنی خوار ئەم بەرزایە کە ئێمەی پێوەین وەک ئاگجە، گۆگجە و کانی تەمەرخان و.... پایگای دەوڵەتیان لێیە و بۆ ئەوە نابێت رووی تێکەین. ئەگەر پێچەوانەش بە دیوی سەرشیوی سەقزەوە بین (سەرمان لێ شێوا بوو نەمان ئەزانی لە کام دیوین) ئەو کات گوندە نزیکەکان بە ئێمەوە ئەبوونە نەرگسەڵە، بس، شاقەڵا و.... کە هیچکامیان پایگای دەوڵەتیان لێ نە بوو، بەڵام ئەکرا کۆمەڵە پێش ئێمە گەییشتبێتە ناویان و چاوەڕوانی ئێمە بکات.

بەهەرحاڵ، پاش هێندێک خولانەوە و سەر و خوارکردن، کەم کەم گوێمان لە خورەی ئاو بوو. تۆزێک هاتینە خوارتر یەک دوو چنارمان لێ دەرکەوتن و دڵنیا بووین لە پشت ئاوایی نەرگسەڵەین. لەسەر بەفرەکە راکشاین، سەرمای شەو، ماندوویەتی رێگا و برسیەتی بە تەواوی بڕستیان لێ بڕیبووین. نزیک بە دوازدە سەعات بوو کە ئێمە لە ئاوایی تەنگباخەوە کەوتبووینە رێ، نەک هەر هیچ مان نەخواردبوو، بەڵکوو لەبەر سەرما نەشمان توانیبوو تۆزێک بحەسینەوە. ئاواییمان لێوە دیار نە بوو، بەڵام ئەمانزانی زۆر دوور نین. مامۆ ئەزغەر کە بە هوی برینداربوونی دەستیەوە، پەنجەکانی رەش ببوونەوە و خوی بە چەقۆ خەریکی بڕینەوەیان بوو تا هەموو دەستی نەگرێتوە وتی:

برا من بەم دەسە بریندارەمەوە ئەڕۆم. ئەگەر کۆمەڵە، یان هەر کەسی تری لێ بوو، خوم تەحویل ئەدەم و بەتەمای گەڕانەوەم مەبن. بەڵام ئەگەر چۆڵ بوو، حەتمەن خوشم لەسەر زک خشکاندوە، دێمەوە ئاگادارتان دەکەم. منەت مەنبەری یەکێکی تر لە پێشمەرگەکان وتی منیش لە گەڵی ئەڕۆم و ناهیلّم بەم وەزعەوە بە تەنیا بڕوات!

کەس پێشی پێ نەگرتن، هەردووکیان لە ئێمە جیا بوونەوە و بەرەو ئاوایی

چوون. پاش ماوەیەکی کورت منەت هاتەوە وتی ئاوایی چۆڵە وەرن! بە پەلە و بێ راوەستان کەوتینە رێ. نەرگسەڵە نزیکترین ئاواییە بە چلچەمەوە، بۆیە زیاتر لە گشت دییەکانی تر بەفری لێ دەبارێت. هێندە بەفر باری بوو، هێندێک لە ماڵەکان تەنیا بانەکەیان بەدەرەوە بوو دەنا لە دەرگاکە ئەهاتیە دەرەوە ئەبوا بەپلەکان بەسەر کلیلەی بەفردا بچیەخوار.

خەڵکی نەرگسەڵە نەک هەر دەرگای ماڵەکانیان، بەڵکوو باوەشیان بۆ کردینەوە. ئەم گوندە بەهۆی دووری لە شار و شاخاوییوونیەوە، جگە لە جارێک کە بەهاری پێشتر هێرشیان کردە سەری، شەڕێکی قورس قەوما و ژمارەیەک پێشمەرگە، لەوانە کاک عەبدوڵای بەهرامی ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزب تێدا شەهید بوون، زیاتر پای نەگریسی سپای دەوڵەتی تاوانی لێنەکەوتبوو. گوندێکی ١٠- ١٥ ماڵی بێ ئاوو بەرق و گشت پیویستیەکانی ژیان بوو. خەلکەکەی بە بەخەێوکردنی مەڕ و ماڵات ئەژیان و لەبەر بارینی بەفری زۆر، چوار پێنج مانگ ئەبوا لە ماڵ بن و خواردنی خویان و ئاژەڵەکانیان فەراهەم کەن. ساڵێک بەر لەم رۆژانە کە ئێمە بەم شێوە شەل و پەت خومان گەیانە ئەم ئاوەدانیە، بنکەمان لەم دێیە دا بوو. ناوەندی ئاژوانی حیزبی دیموکرات و ئێمەش پەنجا پێشمەرگە مزگەوت و چەند ماڵێکمان کردبوونە مەقەڕ. من گشت خەڵکەکەم ئەناسی و ئەوانیش ئێمە. هەر چەند کەسێکمان چووینە ماڵێک، بەتەنەکە لەسەر ئاگری تەپالە ئاویان بۆ گەرم کردین و دەست و لاقمانیان خستە ناو تەشت و ئاوی گەرمیان پێدا کرد. سەهۆڵی سمێڵ و قەد جلەکانمانیان لابرد، چەند پێشمەرگەیەک بە تەواوی لە هێز و گۆ کەفتبوون و یەک لەوان ئەسعەد ئەحمەدی باڵی چەسپیبوو بە لەشیەوە و بە ئاوی گەرم لێمانکردەوە! ژن و پیاگیان وەک منالی خویان بەدەورەمان دا ئەهاتن و هەناسەیان بۆ هەڵ ئەکێشاین. ژنەکان ئەیانوت ماڵ کۆمەڵە کاول بێت بەم چلەی زمسانە لە چلچەمە چەی لێ گەرەکن؟

ئاوایی دووکانێکی چکۆلەی تێدا بوو. گشت وەسایلەکەمان کڕی. جگەرە، خواردنەوە، تاییت، سابوون، کەوش (دووکان داری گوندەکان ئەمشتانەیان بوون و تەنیا پێشمەرگەش مشتەرییان بوو، بۆیە هەڵیان ئەگرت تا پێشمەرگە سەری هەڵ ئەدا). هیچ ماڵیکی ئەم گوندە حومامی نە بوو. خەڵکی لە گۆشەییکی

کادێن، یان یەکێک لە دیوەکانیان دوو بەردیان دانابوون و حەفتەییک جارێک و بگرە زۆرتریش خویان ئەشۆرد. ئاویان بۆ ئێمەش گەرم کرد و لەو کونانەدا خومان شۆرد و پاشان ژنەکانیان جلەکانمایان شۆرد.

زیاتر لە دە کەسمان لە پاو پل و گل و گوێز کەوتن، بەدەست هات و چوومان پێ ئەکردن و کەسی وایان هەبوو قامکی گەورەی پێ، لە پای منالێک گەورەتر ببوو. واحێد سەلۆاتی کە لە حاڵەتی ئاساییدا لاقی لە گشتمان گەورەتر بوون، وەزعی لە هەموان خراپتر بوو.

عەبە رەش و نەسرەتی هاوسەری پێکەوە چوونە ماڵی دایە خاتوون، پیرەژنێکی خوێن شیرین کە هەموو کوڕ و کچەکانی لە شار بوون و خوی بەتەنیا مەر و مالاتی بەخێو ئەکرد. نەسرەت تەنیا ژنێک بوو کە لەم سەفەرە پڕ خەتەرەدا لەگەڵ ئێمە بوو. من پێش ئەم سەفەرەش بڕوایکی قوولم بە یەکسانی ژن و پیاو هەبوو و لەو کەسانەش بووم کە کارم بۆ "قەبوولاندنی" ئەم راستیە ئەکرد، بەلام ئەمزانی سرۆشت لەشی ژنی ناسکتر لە هی پیاو خولقاندووە و لەبەرامبەر سەختی و گەرما و سەرمادا، سرۆشتیە کە ژن زووتر هەست بە ماندوویی، سەرما، گەرما و... بکات. بەلام لەم ماراتۆنە کەم وێنەیەدا، نەسرەت پێچەوانەی ئەم بیرکردنەوەی منی پێشاندا و نەک هەر یەکێک لەوانە نەبوو کە بەر لە هەموان پەکی کەوێت، بەڵکوو بە پێچەوانەوە، لە جوملەی ئەو ١٠ - ١٥ کەسە بوو کە قەت پەکی نەکەوت، پیویستی بە یارمەتی نەبوو و جاری واش بوو یارمەتیدەرێکی باش بوو بۆ هاوڕییانی تر.

جارێکی تر نان و ئاومان تێری زکی خومان خوارد، گەرممان بوویەوە وسەختی و دژواریەکان بوونەوە بیرەوەریی.

شەو و رۆژ لە چوار دەوری ئاوایی دا نگابانی و کەمین مان ئەدا. ئەوانیشمان لەناو ماڵەکاندا ئیسراحەت مان ئەکرد و چاوەڕی چاکبوونەوەی هاوڕییانی لە پێ کەوتووی خومان ئەکرد تا بەرەو ناوچەی سەقز حەرەکەت کەین و بە یەکجاری لە مەترسی لە داوکەتنەوەی کۆمەڵە نەجاتمان بێت. بەلام جەند کەسمان وا شپرزە ببون لەوە نەئەچوو بەم زوانە بینەوە حاڵ و بتوانن رێگای سەخت، پڕ لە بەفر، دوور و دریژی سەرڕێگای نەجاتبوونمان ببڕن.

هەروا بەدڵە راوکێ رۆژمان ئەژماردن، رادیوی حیزبیش، بێ ئەوە هیچ

ئاگـــادارێکی لە چارەنووســـمان هەبێـــت، ڕۆژانە پەیـــامی ڕەمـــزی بـــۆ بـــڵاو دەکردینەوە و ئێمەش گوێمان بۆ ئەگرت، ڕەمزەکەمان حەل ئەکرد و بێ ئەوە بتوانین لە وەزعی خومان ئاگاداریان کەینەوە، لەبەر خومانەوە بەو وەزعەی هەمانبوو پێ ئەکەنین!

پاش گەرم بوونەوە، نان و چایی خواردن و وەهۆش هاتنەوە، بۆمان دەرکەوت کە کـــابرایکی فـــارس لە ئـــاواییە. ســـەرەتا خەڵـــکەکە شـــاردبوویانەوە بەڵام کەزانییان پێشمەرگەین ئاشکرایان کرد. کابرا کەسێکی عەینەکی تەمەن سی، سی و پێنجساڵەی شارستانی بوو کە ڕەنگە ئەمە یەکەم جاری بێت هاتبێتە جێگاییکی وەک نەرگسەڵە. ئەوکات نێوانی حیزب و موجاهێدین شەکراو بوو و ڕۆژانە رادیو موجاهێد سەدان جنێوی ناشیرینی بە حیزبی دیموکرات و شەخسی دوکتور قاسملوو ئەدا. بۆیە جێ سەرسوورمان نەبوو ئەگەر کابرا خوی بە موجاهێد نەناسێنێ و ئێمەش بڕوامان پێ نەکرد دەنا، چۆن کورد لە ئورووپا لەدوورەوە بە لووتیان دا ئەناسرێنەوە، ئەویش لە سەد میتریەوە دیار بوو موجاهێدە. بە هەر حاڵ هێنامانە لای خومان و ئەوەی بۆ ئێمە دەرکەوت کابرا نزیک بە دوو حەفتە لەم گوندە و لە ماڵی ئەم خەڵکەدا مابوویەوە، ئەوانیش وەک هەر لێقەوماوێکیتر لە بەڵا و سەرماوسۆڵە پاراستبوویان.

چوارەمین رۆژ بوو ئێمە هەروا بەسەر ماڵانەوە بووین و هێشتا زیاتر لە دەکەسمان نەیانئەتوانی بە ڕێگادا بڕۆن. نەشمان توانیبوو بەشەکانی تری حیزب لە وەزعی خومان ئاگادار بکەین. بیسیمەکەشمان وەک وترا باتری نەبوو. هەڵـــبەت نەک هەر ئـــاوایی نەرگســـەڵە، بەڵکـــوو ئاواییەکـــانی نزیکیشـــی(کە هەرکامەیـــان چەنـــد ســـەعات دوور بـــوون) جـــادەو بەرقـــی نەبـــوو تـــا بیـــر لە شـــارژکردنەوەی بـــاتری بکەینەوە. بە تەواوی ترسی ئەوەشمان هەبوو کە هەر کات هێزی کۆمەڵە بێنەوە سەرمان و بمانخەنەوە ئەو وەزعەی کە لەئاوایی تەنگباخ دا هەمان بوو. بۆیە زۆر پیویست بوو کە هەرچی زووتر جێگاکەمان بگۆڕین و بەرەو سەرشیوی سەقز کە زیاتر لە کۆنترۆڵی حیزب دا بوو تا کۆمەڵە بڕوین.

ڕۆژێک کابرایکی خەڵکی ئاواییمان نارد بۆ ئاوای دەرگاوان تا بەڵکوو هەم هەواڵێکی ئەو گوندە بزانێت و هەمیش بڕێک سیگار و شت لە تاکە دووکانی

ئەو دییەش دا بێنێ، چوونکە دووکانەکەی نەرگسەڵە هیچی نەمابوو بۆ فرۆشتن و ڕێگای شاریش لە بەر بەفر بەسرا بوو. بووبە ئێوارە کابرا نەهاتەوە، ڕێگای نێوان نەرگسەڵە و دەرەگاوان، بێ بەفر سەعات و نیوێک ئەبوو. بەو بەفرەش سێ سەعاتێکی دەبرد، بەڵام زیاتر لە دە سەعات بەسەر چوونی کابرادا تێپەڕی و نەگەڕایەوە. من لە ماڵی برای ئەو کابرایەدا ئەمامەوە، ژن و منداڵەکەی هەجمینیان لێ هەڵگیرا و ئەیانوت ئەم چەم و دۆڵە گورگی فرەس و حەتمەن گورگ خواردوویە. ڕاستیان دەکرد بە زستان ئەو دۆڵانە پڕ بوون لە گورگی برسی. من بۆ لەحزەیێک کەوتمە بیری ئەو شەوەی کە لە چلچەمە سەرمان لێ شێوا بوو. لە بەر خومەوە ئەموت، بەڕاستی ئەگەر ئەو شەوە، یان سەرلەبەیانیەکەی دوو گورگی برسیمان لێ پەیدا بایان، بروا ناکەم کەسمان بیتوانییا دەست بکاتەوە و بە حەفتا چەکی پڕ لە فیشەکەوە گورگ بمانی خواردایا ئەبوینە پەن. لەو لاشەوە ئێمە ترسمان ئەوە بوو کە کابرا کۆمەڵە نەیهێشتبێت بگەڕێتەوە واتا کۆمەڵە لە دەرەگاوان بن و ئەوکات مانای ئەوە بوو کە هەرچێک زووتر دێنە سەرمان و ........

شەو بەسەردا هات و بەیانیش نزیک سەعات یازدە- دوازدە چاوەڕوانی کابرا بووین و هێشتا لەدەرەگاوان نەگەڕابووەوە. کاک عومەر شەریفزادە و ژمارەیک پێشمەرگە حازر بوون تا بەمەبەستی هەواڵزانین، هێنانی هێندێک پێداویستی و ئەگەریش بکرێ پەیداکردنی جێگایک بۆ پڕکردنەوەی باتری بیسیمەکەمان، بەرەو ئاوایی شاقەڵا بکەونە ڕێ. هێشتا لە ئاوایی نەچووبوونەدەر و ئێمە بەوپەری دڵەڕاوکێیەوە خەریکی خواحافێزی لەیەککردن بووین و دانە دانە بەڕیمان ئەکردن، لەپڕ دراینە بەر دەستڕێژ و هەرکەسە خوی دایە پەنا بەرد و دیوارێک. سەنگەرمان گرت و چاوەڕوان ماینەوە. بەڵام تەقەی دیکە نەهات و جگە لە چەند کەس کە لەسەر بەرزاییکی پشتەوەی ئاواییەوە دیار بوون کەسیترمان نەدەدیت. لەچەند لاوە کۆمەڵێک پێشمەرگە پەلاماری ئەو بەرزایەیان دا. زۆری نەخایان هێرشکەران هەڵاتن و دەرکەوت تەنیا پێبج پێسمەرگەی کۆمەڵە بوون کە دوای تەقەکە بەرەو گوندی دەرەگاوان پاشەکشێیان کرد.

ئێمە دوای ئەم تەقەیە ئێتر لەوە دڵنیا بووین کە کۆمەڵە لەدەرەگاوانن و

هەرچێک زووتر بە هێزێکی زۆرترەوە دێنەسەرمان. کۆبوونەوەیکی بەپەلەمان کرد. دە کەسی لاق سەرما بردوومان هەبوون کە هێشتا هێز و توانای ڕێگا بڕینیان نەبوو. چووین قسەمان لەگەڵ کردن و وتمان هەرکەستان لەخویڕا دەبینێت خوی سازکات و ناچارین بەهەر قیمەتێک بووە خومان لەگەمارۆیکیتری کۆمەڵە بپارێزین و بەرەو تەوەکڵان و بناوەچان وەڕێ کەوین. پاش دوو سەعات هێنان و بردن و راو قسەگۆڕینەوە، جگە لەدوو کەس، واتا ساڵح جوانڕۆیی و واحێد سەڵواتی، کە بە هۆی هەڵماسینی پێیانەوە هێشتا نەیان ئەتوانی تەنانەت کەوشەکانیان لە پێ کەن، ئەوانیتر حازر بوون. لەگەڵ تاریک داهاتنی هەوا ئاوایی و خەڵکی دڵسۆزی نەرگسەڵەمان بەجێ هێشت و بەرەو تەوەکڵان کە لە دۆڵێکی قووڵی تەنگەبەردا بوو کەوتینە ڕێ و ساڵح و واحێدمان دانە دەس خەڵکی ئاوایی و دوای دوو مانگ سڵامەت و ساق گەڕانەوە لامان!

## ***ناڕەزایەتیی لە شەڕ ریزەکانی پێشمەرگە دەگرێتەوە***

ڕێگاکەمان زۆر ناخوش وسەخت بوو، پێش ئێمە کەسی پێدا نەچوو بوو و ڕچەی نەشکا بوو. لەبەر ئەوەش بەگوێ چەمێکدا ئەڕویشتین، ناچاربووین چەندین جار ئەمبەر و ئەوبەری ئاوەکە بکەین، پێو لاقمان تەڕ بێت و بەو هەوا ساردەشدا دیسان سەرما وەک چەقۆ لاقی سەدەمە دیتوومانی دەسمی. نزیک بە چوار سەعاتی کێشا تا گەییشتینە نزیک ئاوایی تەوەکڵان. هیچ خەبەرێکمان لە وەزعی ئاوایی نە بوو، تەنیا ئەوەمان دەزانی کە پایگای ریژیمی لێ نیە. لەنزیک ئاوایی راوەستاین، وەک هەمیشە تیمی پێشڕەو رویشتن و ئاواییان تاقی کردەوە. نزیک بە بیست دەقێقەی گرت تا ئاگاداریان کردین کە دەتوانین بچینە ناو ئاوایی. رەنگە هەموو ئەوکەسانە کە پێشمەرگایەتییان کردووە و وەک من وەزع و رۆژی وایان دیون بزانن کە، بیستنی هەواڵی وا چەندە خوشە. خەبەرێکی سادە و ساکاربەڵام خوش و هیوابەخش: ئاوایی ئەمینە!
لە هەل و مەرجی لەو چەشنەدا، بە بیستنی هەواڵی وا ورە ئەگۆڕدرێ،

دەمووچاو گەش ئەبێتەوە و تەنانەت ئەژنۆش هێزی زیاتری وەبەر دێتەوە.

چووینە ناو ئاوایی، بەبەرنامە و رێک و پێک چوینە چوار ماڵ لە هەر چوار تەرەفی ئاوایی و کەمین و نگابانی هەر گۆشەیکیشمان سپاردە دەستەی ئەو گۆشەیە. وەک هەرجارێکی تر خەڵکی دەرگایان لێکردینەوە و بەدڵ ئاواڵەییەوە وەریان گرتین، نان و خواردنیان بۆ هێنااین و لە گشت خەبەر و باسی ناوچە ئاگاداریان کردین. ژنی خاوەنماڵ کە تەمەنی لە ژوورەوەی ٦٠ ساڵ بوو بە رووخوشی و لە سەرەخۆ رووی تێکردین:

دایکاتان بمرێ رۆڵە، مانگێکە کۆمەڵە راوتان ئەنێ. توخوا چەتان لەیەکتر گەرەکە؟ رۆژێک ئەوانیچ چەند کەسیان لەیرە بوون، ئەیانوت ئێمە حازرین شەڕەکە تەواو کەین دەمۆکرات حازر نیە. بەخوا رۆڵە ئەم یەکترکوشتنەتان خراوە. کوڕەکانم دژمن بە ساڵێک ناتوانی بەقەو ئەم چەن مانگە ئێوە لەیەکترتان کوشتوە لێتان بکوژێ. چەن حەفتە لەمەو بەر رەشیدیچ کوژیا. رەشی دەمۆکرات بوو، قەوممان بوو. ئەرێ خەڵک بناوەچان بوو، کۆمەڵە لەبانە کوشتی. دایکیان بمرێ خوەیچیان مۆڵەقێکیان لێ کوژیا بوو، ئەوانیج دایکیان هەس دایکیان بمرێ!

ئەم قسانە وەک خنجەر جەرگیان کۆن ئەکردم. سەیری ئەوڕەحمانم ئەکرد، بەوردی گوێ داوەتە ئەم ژنە هەژار، نەخوێندەوار و قەت شار نەتیتووە. چاوی لێیە کە ئەم ژنە نەخوێندەوارە چۆن لە ئێمە و رێبەرانی ئێمە ژیرتر ئەم وەزعە "تەحلیل" ئەکات و دەست ئەنێتە سەر زیان و زەرەرەکانی، بێ ئەوە ئیدەعاییکیشی هەبێت.

ئەوڕەحمان نەدیمی جێگر لک و بەرپرسی نیزامی بیست پێشمەرگەکەی هێزی بیستوون بوو کە ئیستە ١٥ کەسمان مابووین. لەماوەی ئەم سەفەرە دا ئەو پەڕی فیداکاریی لەخوی نیشان دا بوو و لەگشت خەتەرەکانیشدا، لەگەل ئەو ژمارە پێشمەرگەیە بوو کە مەترسی و خەتەرەکانیان بەگیان ئەکڕی تا ئێمە (هاوسەنگەرانیان) لە مەرگ و لەبەین چوون نەجات بدەن. بەڵام تا ئەم شەوە دەیان جار ویستبووی قسەم لەگەڵدا بکات و نارازیبوونی خوی، لەم شەڕە ناوخوییە بە من بڵێ. من هەرجار بە بیانوویک خوم لادابوو و قەولم پێدابوو کە ئەگەر رۆژیک نەجاتمان بوو، حازرم گوی لە گشت قسەکانی بگرم و رەنگە

هەرواش بــکەم کە ئەو پێخوشــە. بەڵام ئەم شــەو وا دیــار بــوو کەســێکیتری دیوەتەوە کە قسەی دڵی ئەو دەکات، بۆیە وا بە عەلاقەوە گوێ بۆ شل کردووە. نــگەران بــووم، لەبەر ئەوە ئەترســام ئەوڕەحمــان بــڕوات و لەم شــەرایەتە سەختەدا پێسمەرگەکانم بەسەر دا بەجێ بێڵی و کەلێنێکی گەورەش بخاتە ناو سەرجەمی کاروانە ماندوو و هیزلێبراوەکەمانەوە.

شەو هەر لەو چوار ماڵەدا خەوتین و بەیانی هەر سێ چوار کەسمان بەسەر ماڵێکدا دابەش بووین و نان و چای بەیانیمان خوارد. ئاخر رۆژەکانی زستان بوو، بناوەچانیش لە گوێ چەم و دوور لە لووتکەی شاخ، لەگەڵ هەڵاتنی خور دا مرۆڤ هەستی بە بۆنی بەهار دەکرد. لەسەر بەرزاییکی رووبەڕوی ئاوایی چەند پیشمەرگەمان وەک" دیدەبان" دانابوون و گشت دەوروبەری گوندیان لەژێر چاوەدێری دا بوو. سەعات بوو بە نزیک دە و خەبەرێک لە هاتنی دژمنێک بۆ سەرمان نەبوو. بەرپرسان وتیان هەردەستەیک ئەتوانن پەزێک، بزنێک بۆ خوتان بکڕن، هەر لەو ماڵەدا سازی کەن و بیخون. دەستەکەی ئێمە هێشتا بیست هەزار تمەنێکمان پووڵ مابوو. نیوەی لە لای من و ئەویتری بە ئەوڕەحمان بوو کە چەندین جار ویستبووی بیداتەوە بە من بەڵام من ئەمزانی مەبەستی چیە و بە بیانوویک خوم لێ لادەدا. ئەم کوڕە دڵپاک و کردەوە بێ خەوشــە، گەرەکــی بــوو ئەگەر گەییشــتە ئەو بــڕوایە کە ئــێمە بەجــێ بێڵــێ و بڕوات، ئەم دە هەزار تمەنەی حیزبی لا نەبێ و دوایە بەدز ناوی نەبەن!

بەڵام ئەم رۆژە لەم هەلە کەڵکی وەرگرت، تا باسی بزن کڕینم کرد، چوو لە خاوەن ماڵ بزنێکــی قەڵەوی کڕی. پاشــان چوو لە دووکــان کۆڵێک جگەرە و گۆرەوی و شتی تری سەند. پارەکەی لەکۆڵ خوی کردەوە و بە پێکەنینێکی شیرینەوە کە تایبەت بە خوی بوو هاتەوە لام و وتی ئیسە ئیتر هیچی حیزبم لەلا نیە!

گۆشتی بزنەکە لە سەر ئاگر ئەکوڵا و هەرکەسمان ددانمان تیژکردبوونەوە ئامادە بێت و بیخوەین. بە تەواوی لە بیرم نەماوە بەڵام دڵنیام لەم ماوەدا ئەمە دوو، یان سێهەمین جار بوو گۆشت بخوەین. لە پڕ پێشمەرگەیەک هات، پیاوێکی لەگەڵ بوو وتی فلانــی ئەو پیاوە ئەڵــێ گەورەکەتانم گەرەکە کار تاجیلم هەس!

منیچ زوو لێ چوومە پێش و وتم خاڵۆگیان فەرموو منیچ مەسئولم.
سەیرێکی دەمووم چاوی کردم و وتی تۆ؟ زانیم قیافەی من بۆ مەسئول و گەورە نابێت، بۆیە لەسەری نەچووم. کەوتمە پێشی و بەپەلە بردم بۆلای کاک عومەر و کاک مەنسوور. کە سەری گەورە و سمێڵی زەلامی عومەری بینی، وتی ئاوا باوکم ئەمەسە ماسوول نەک تۆ! دوای سڵاوکردن دەسی کردە بە گیرفانیدا و نامەیەکی لوولکراو و بەچەسپ بەسراوی دەرهێناو وتی تۆ مەنسوور ڕەشە هەورامیت؟ کاک عومەریش وتی بەڵێ و نامەکەی لێ وەرگرت. زوو چەسپەکەی کردەوە و نامەکەی بڵاو کردەوە. لەخواریەوە مۆرێکی حیزبی دیموکراتم بینی، بێ ئەوە راوەستم بزانم ناوەرۆکی نامەکە چیە، بە راکردن هاتمەوە بۆ لای پێشمەرگەکان و وتم هەر ئەم ئێوارەیە، پێشمەرگەی خومان لە هیزی سەقز دەگەنە لامان و نامەکە هی کومیتەی سەقزە!
لە تەمەنی خوم دا چەندین جار دیمەنی لەم جورەم بینیوە و دیومە خەبەرێک چۆن روخساری ئینسان بە باش، یان خراپ دەگۆڕێ ودڵ و دەروونی ئینسان چۆن گەش، یان ماتەم پۆش ئەبێت. بەڕاسی ئەم جارە تایبەتی ترین جاریان بوو کە ئەمبینی ئەم مرۆڤە گەنجانە، چۆن بەم هەواڵە گەشانەوە و رەنگ و روویان بە تەواوی گۆڕا. دانە دانە ئەچوون سەری قازانەکەیان بەرز دەکردەوە و پەلەیان بوو بزانن گۆشتەکە کولاوە یان نا!
دیسان گەڕامەوە بۆ لای کاک مەنسوور و ئەوان و دیتم لەوێش شادی و زەوق حاکمە و هەرکەسە و بەجوورێک دڵی خوش و ورەی بەرز بووەتەوە. کاک مەنسوور نامەکەی دایە دەسم، خوێندمەوە دیتم نامەی هێز و کومیتەی هەوشارە نەک سەقز. پاشان قەولیان داوە لای ئێوارە لکێکی حەفتاکەسییان بە فەرماندەری عەباس ئەکرەمی بگەنە لامان و کۆڵێک هەواڵ و دڵخوشی دیکە کە من هێنانمەوە بۆ لای دەستەکەی خومان و بەدەم گۆشت خواردنەوە گێڕانمەوە بۆ جەماعەت. ژنی خاوەن ماڵ بە خوشحاڵی ئێمە، خوشحاڵ و لەبەر خویەوە ئەیوت خوا رەحم بە دایکتان بکات رۆڵە. خوا دەس بە جوانیتانەوە بگرێ. ئیشەڵا گەورەکانتان عەمریان نەمێنێ وا ئێوەیان خستگەسە گیان یەکتر لەسەر حیچ!

## زیانەکانی شەڕی ناوخۆ قەرەبوو ناکرێتەوە

بە بەرپرس و پێشمەرگەوە هەموو چاومان بڕیبووە لای خوارەوەی ئاوایی و چەند کەسیشمان ناردبوونە بەرزاییکی رووبەڕوو تا ئەگەر سەرو تای پێشمەرگەکانی هەوشار دەرکەوت، ئاگادارمان کەن. ژمارەیکیش خویان ئامادەکردبوو تا بەپیریانەوە بچن. ئیستا کە بیر لەو رۆژانە دەکەمەوە، تێ دەگەم کە کرانەوەی دەلاقەیەکی هیوا، لەوپەڕی بێ هیوایی دا هەڵس و کەوتی ئینسان وەک هی منالڵ لێدەکات. ئێمە دەگمەن نەبێت هیچکام لە بەرپرسان و پێشمەرگەی هەوشارمان تا



ئەوکات نەدیتبوون تا بڵێی وەڕەزی ئەوانمان وەک دوست و هاوڕێ نزیک کردبێ. نا، هەموو بێسەبری ئێمە بۆ گەییشتنی ئەوان، لەبەر ئەوە بوو کە هێشتا، سەرەڕای هاتنی نامەکەش لە خەلاسبوون لەم داوە دوور و درێژ و پڕ لە مەترسییە دڵنیا نەبووین. تیمەکەی رووبەڕوی ئاوایی یەکێک لە بیسیمە تالکی-والڵکییەکانی پێبوو. ئەویتریش بە ئیبراهیم بوو. لەپڕ چەند کەس بەملاو بەولا دا هەڵاتن و بەدەنگی بەرز دەیانگوت هاتن! هاتن! تێکڕا چووینە سەر رێگایان و بە مەودای چەند میتر لە یەک، گەییشتنە ناو ئاوایی. دەست لەمل یەک کردن، پێکەنین، گریان و یەکتر لە ئامێز گرتن، دیمەنێکی دوولایەنەی پڕ لە خەم و شادی سەیریان پێک هێنابوو. ئیستاش وێنەکانی ئەو سات و کاتە دەگمەنە، لە مێشک و بیرماگی من دا ماون و بەڕوونی ئەیان بینم.

پێش گەییشتنی ئەم کوڕانەی هەوشار، ئێمە هەر خومان و خەڵکی ئاواییەکان بوون تا بەیەکەوە بەراوردیان کەین. خەڵکی گوندەکانیش لەبەر کار و نە بوونی خواردنێکی بەکەڵک، لە ئێمە کز و لاوازتر بوون. لەڕی و لاوازی و هێز و

تینێکی جیاترمان لە پێش چاو نەبوو تا بە تەواوی هەست بە توانەوە و لەبارچوونی جسمی خومان بکەین. کە ئەم دەستە پێشمەرگە گەییشتن و لەگەڵمان تێکەڵ بوون، جیاوازیەکی سەیر و تەنانەت باوەڕ پێنەکراو هەست پێدەکرا. من لەوماوەیە دا یان قەت خوومم لە ئاوێنە دا نەدیتبوو، یان بەجوانی سەیری سەر و شکڵی خومم نەکردبوو تابزانم چیم بەسەر هاتووە. ئاینەشم نەبوو بەڵام بەپەڵە چووم لە پەنا پەنجەرەی ماڵێک دا راوەستام و بەوردی سەیری دەم و چاوی خومم کرد. راستیەکەی هەم لەخوم ئەترسام و هەمیش بەزەییم بەخومدا ئەهاتەوە. لەبەر خومەوە وتم کابرای نامەهێنەر ناحەقی نەبوو ئەیوت: تۆ مەنسوولی؟ دەم و چاوێکی قوپاو، بەدەن و لەش و لارێکی باریکی بێهێز کە هەر باسی نەکەم باشترە!

کوڕەکانی هەوشار، دوای گەییشتنیان تەنەکەیکیان هەڵگرت و لەبەر ئاوایی دا کردیان بە هەڵپەڕکێ. ئێمەش بەدەم تەواشاکردنەوە هەر کەسەمان داستانی ئەو ماوەمان بۆ کەسێک لەوان ئەگێڕایەوە کە لەگەڵمان راوەستابوون و نەچووبوونە ناو هەڵپەڕکێەکەوە. ئەوان دەماو دەم لە خەڵکی، زۆر و کەم وەزعی ئێمەیان بیستبوو. بەڵام نەک بەو شێویە کە ئێمە خومان دیتبوومان. ئەوانیش وەزعی هێزەکانی تریان بۆ ئێمە ئەگێڕایەوە و بەگشتی تەنیا باس باسی شەڕی نێوان کۆمەڵە و دیموکرات بوو کە لە مەهاباد و بۆکانەوە، تا مەریوان بەربووینە گیانی یەکتر و رۆژانە لەیەکتریمان ئەکوشت. بەتایبەتی لە دۆڵی شلێر کە سەرکردایەتی "جنووب"ی هەردوولامانی لێ دامەزرا بوو، وەزعەکە بەرەو خراپی دەچوو و هەرکات ئیمکانی پێکدادانێکی قورسی خوێناوی پێشبینی دەکرا.

پاش هەڵپەڕین و تۆزێک حەسانەوەی پێشمەرگەکانی هەوشار، ئاوایی تەوەکولانمان بەجێ هێشت و بەناو ئاوایی بناوەچان دا بەرەو قووڵایی ناوچەکانی خورخورەی سەقز، بەنیازی گەڕانەوە بۆ لای ناوەندی ئاژوان لە شلێر وەڕێ کەوتین.

پاش تێپەڕین لە چەند ئاوایی، پەڕینەوە لە چەند چۆم و پرد و جادەی جۆراوجۆر، دوای چوار رۆژ و شەو گەیشتینە ئاوایی حاجی مەمان. دەستەییکی پێشمەرگەی هێزی عەزیز یوسفی لەو گوندە دا بوون، بەرپرسەکەیان کەسێک

بوو بە ناوی حەمەلات. شەو لەلای ئەوانماینەوە، ئاخرەین رۆژی زستان بوو. بەیانیەکەی ئەبووە یەکەم رۆژی بەهار! واتا رۆژی نەورۆز. کە واتە، ئەگەر یەکەم لە داوکەوتن ئێمەم لە بەر ئاوایی وشکەڵان، ڕۆژ ی ١٥ ی ڕێبەندان بووبێت، راست چل و پێنج شەو ئێمە لە ناو گەمارۆی توند و سەختی کۆمەڵدا بووین کە لە لای من وەک یەک ساڵ تێپەڕی.

بەیانی زوو لەخەو هەڵیان ساندین. وتیان خوتان حازر کەن کۆمەڵە هێرشی کردووەتە سەر ناوەندی ئاژوان و گوایا زەربەییکی زۆر کاریشیان لە حیزب داوە. ئەوڕەحمان نەدیمی چاوێکی لێکردم و بە دڵنگرانیەوە وتی ئەزانی شەڕەکە هەر قووڵتر ئەبێ؟ بێ ئەوە وەڵامی بدەمەوە سەرێکم بۆ لەقاند و بێدنگ بووم.

خومان کۆ کردەوە تا بەرەو شلێر وەڕێ کەوین. جادەی ئیسفاڵتی مەریوان- سەقزمان لە نێوان دا بوو و رێگرەکانی ڕێژیم لە گشت لاوە چاوەدێرییان ئەکەرد. بۆیە ئەبوا راوەستین تا هەوا تاریک بکات ئەوکات لەم جادەیە بپەڕینەوە. چەند سەعات دواتر خەبەر هات کە کۆمەڵە ناوەندی ئاژوان و بنکەی کومیتەی هەوشاری حیزبی گرتووە و کاک سەدیق فەرۆخیان، بەرپرسی کومیتەی هەوشار، ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی حیزب و ژمارەیک پیشمەرگەی دیکەش کوژراون. پێشمەرگەی هەوشار پاش بیستنی ئەم خەبەرە ئوقرەیان لێبڕا و هەر بە رۆژی رووناک بەرەو سەر جادە کەوتنە رێ. ئێمەش بە ناچار بەدوایاندا رۆیشتین و هێشتا خور نەپەڕیبوو لەجادە پەڕینەوە. نازانم هێزەکانی دەوڵەت لە ترسان، یان بە قەستی تەقەیان لێ نەکردین. لەوبەر جادەوە چووینە ناو ئاوایەکانی بایەری سەرو و خوارو. لەبەر ئەوە شەڕ تەواو ببوو، ناوەندی ئاژوان و هێزەکانی دەور و بەری هەڵکەنرابوون و هاتبوونە ئاواییەکانی بۆردەمە و سێو. بۆیە پیویست بوو ئێمە لە بایەر بمێنینەوە تا بزانین دواتر چی دەبێ.

شەو لە چەند ماڵدا خەوتین. بەیانی زوو دوو پێشمەرگە چەک و رەخت وکۆڵەپشتیەکەی ئەوڕەحمان و دوو پێشمەرگەی تر بەناوی حەمە رەووف مێرگەساری و رەحیم مەنبەری(هەژار) یان بۆ هێنام و نامەییکی کورتیشی بۆ من لە گەڵ بوو. لە نامەکە دا نووسیبوویان:

لە گەڵ داوای لێ بووردن ئێمە لەمە زیاتر توانای مانەوە و بەشداری شەڕێکی وامان نیە. ناچارین سەری خومان هەڵگرین و قەول ئەدەین کە ڕێگای خیانەت نەگرینە بەر!

ئەم سێ پێشمەرگەیە لە هەموو ئەم مانگ و نیوە پڕ کارەسات و سەخڵەتەدا، ئەو پەڕی سەداقەت و لەخۆبووردوویی خویان نیشان دا و لەو کەسانەش بوون کە هەمیشە لە پێشەوەی کاروانەکەوە دەڕویشتن. من ئەمزانی ئەوڕەحمان بڕوای لەدەست داوە و درەنگ یان زوو هەر ئەڕوات. بەڵام ئاگاداری وەزعی ڕەحیم و حەمە ڕەووف نە بووم. ئەم سێ هاوڕییە خوشەویستەم، کە بێ ریا و درۆ، وەک وجوودی خوم خوشم گەرەکبوون، دواتر تووشی دنیایک کێشە بوون. کە لە لای ئێمە ڕویشتبن، بە نهێنی و بێ هیچ بەڵگە و ناسنامەیەک رویان لە شارە گەورەکانی ئێران کرد. حەمە ڕەووف دەستگیر بوو و کەوتە دەست هێزەکانی ڕێژیم، پاش شکەنجە و ئازارکێشانێکی زۆر، لە زیندانی کۆماری ئیسلامی دا بە دەست ئەم ریژیمە گولەباران کرا. ڕەحیم هەژار خوی تەحویلی ریژیم نەدا و پاش ماوەیک گەڕایەوە لامان، بەڵام بەداخەوە لە شەڕێکی تردا بە سەختی بریندار بوو و پاش سێ رۆژ ئازار دیتن گیانی لەدەست دا. تەرمەکەیمان برد، تاق و تەنیا لە دۆڵێک، لە پەنا دارە وەنێکدا گۆڕێکمان بۆ هەڵ کەند و سپاردمانە خاک. شوێنی گۆڕەکەی ڕەحیم هەژار لە ناوچە و شوێنی چالاکی من دا هەڵ کەوتبوو. ساڵانە چەند جار ئەچوومە سەر قەبرەکەی و بیرەوەری ئەم رۆژەتاڵ و گەمارۆیەم بۆ ئەگێڕاوە!

ئەورەحمانیش پاش کۆمەڵێک ئازار دیتن، نەجاتی بوو و ئیستا خەریکی ژیانی ئاسایی خویەتی. لە قووڵایی دڵەوە حەز ئەکەم بزانێ کە، من قەت لەبیری ناکەم و ئیستاش ئێخلاقی بەرز، فیداکاری کەموێنە و دڵسۆزیە بێ سنوورەکەی، نموونە و مایەی لێ فێربوونن بۆم و هیوای ژیانێکی خوشی بۆ دەخوازم.

چوونەوەی ئەم سێ پێشمەرگەیە بۆ من زۆر ناخوش بوو. لە لایەک ئێمە کاتی بە جێ هێشتنی هێز و کومیتەکەمان، بیست کەس بووین و ئیستا باش دوو مانگ ئەبوا من بە ١٢ کەسەوە بگەڕیمەوە. لەلایکی ترەوە نەمانی ئەوڕەحمان وەک بەرپرسی نیزامی ئەو ئەرکەشی ئەخستە سەر ملی من کە ئەبوا بە تەنیا باسی

ئەم سەفەرە و گرفتەکانی بۆ بەر پرسانمان بگێڕمەوە و لەو تەمەنەی من و لەو ڕۆژانە دا، سەرەڕای ئەوە ئەمزانی هیچ هەڵە و کەمکارییکم نە کردووە، دیسان بە جۆرێک خوم بە شکست خواردوو ئە هاتە بەر چاو. پێشتر ئەنوەر مەنبەری لە یەکەم شەوی ئەم گەمارۆیەدا کەوتە کەمینی کۆمەڵە و گیانی لە دەستدا دواتر کەریم کانیەشەیی لە ئیسەوڵی کوژرا و دوو پێشمەرگەش بە ناوەکانی موزەفەر و حەمەعەزیز لە گێڵی کەران هەلاتن و خویان تەحویلی ریژیم دایەوە. ساڵح جوانڕۆییش لە بەر سەرمابردنی لاقی لە نەرگسەڵە بە جێ ما و دوو مانگ دواتر گەڕایەوە لامان. ئەوڕەحمان و ئەوانش بەو شێوەیە کە باسیان کرا رویشتن.

هێرشی کۆمەڵە بۆ سەر ناوەندی ئاژوان، وەک بەشێک لە کومیتەی ناوەندی حیزبی دیموکراتی کوردستان، ئاڵ و گۆڕێکی جددی بوو لە وەزعەکە دا. رادیوی حیزب بەوپەڕی تووڕەییەوە هەواڵەکەی بڵاو کردەوە و وێڕای ئیشارە بە کوژرانی سدێق فەرۆخیان، وەک ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی رایگەیاند کە، "کۆمەڵە بەم کارەی هەموو سنوورەکانی بەزاند و بە کردەوە قۆڵی بۆ لەناوبردنی بزووتنەوەی کوردستان و رێبەرایەتیەکەی هەڵماڵیوە" .

کۆمەڵەش بە ئاو و تاوەوە هەواڵەکەی بڵاو کردەوە و رایگەیاند کە "ئەگەر حیزبی دیموکرات، هەروا لاسارانە پێ لەسەر شەڕ لە دژی کۆمەڵە و کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان داگرێ، جگە لە شکست و سەرشۆڕی هیچی دیکەی بە نسیب نابێ".

هاوکات شەڕ لە هەموو ناوچەکان زۆر و کەم بەردەوام بوو. کۆمەڵە لە ناوچەی مکوریان لاواز ببوو و قورسایی هێزەکەی بۆ ناوچەی مەریوان، سنە و سەقز گواستبووەوە و حیزبیش پاش گیرانی ناوەندی ئاژوان، هێشتا گێژ و شوکە ببوو و نەیئەزانی چۆن قەرەبووی ئەم زەربەیە بکاتەوە.

ئێمە ڕۆژی دواتر لە بایەر و بۆردەمەوە، بەرەو ئاوایی سێف کەوتینەڕێ و پاش بڕینی چەند سەعات رێگا، گەییشتینەوە لای هێزی بێستوون و کومیتەی کرماشان. ژمارەیەک پێشمەرگە، لەوانە کاک سالار ئیبراهیمی یەکێک لە بەرپرسەکانمان نزیک بە کیلوومیترێک بەپیریمانەوە هاتبوون. هەرکە یەکمان بینی، من نەمتوانی پێشی گریانی خوم بگرم و لەگەڵ گریانی من هەموان

دەستیان بەگریان کرد. لە هەموو ئەم ماوە سەخڵەتەدا دەیانجار گریان ئەوکی گرتبووم و حەزم ئەکرد بتوانم دڵی خوم خاڵی کەمەوە. بەڵام لەبەر ناسکی وەزعەکە و ڕاگرتنی ورەی خوم و جەماعەتەکە، بەزۆر پێشی دڵتەنگی خومم گرتبوو. بەڵام ئەم جارە نەمتوانی ئەمکارە بکەم. ڕەنگە هی ئەوە بووبێت کە هەستم بە بوونی قەڵاییکی بەهێزی وەک سالار ئەکرد و ئەموت لەپەنای ئەودا دڵی خوم خاڵی ئەکەمەوە بێ ئەوە لەتمەیەک بە خوم و هێزەکەمان بگەیینم!

سالار هەمیشە وەک سەنگەرێکی لەگیران نەهاتوو، وەک قەڵاییکی بە هەیبەت بوو بۆ ئێمە نەک وەک پێشمەرگەییکی ئاسایی. یەکترمان لە باوش گرد، سەرم لەسەر شانی ناو تێرتێر گریام، لەم ماوەیەدا هیزەکەمان (هێزی بێستوون) زەربەی زۆر گرانی خواردبوو. ئەحلە مسری، واسێح، کاکەلی، هۆشیار، بەشیر غەفار، سەعدی و کاک هاشم، کە بۆ رزگارکردنی ئێمە هاتبوون، لە ئاوایی وشکەڵان کەوتبوونە کەمینی کۆمەڵە و گیانیان لە دەست دابوو. تیمە بیست کەسیەکەی ئێمە دوازدەمان گەڕابووینەوە. لکێکمان کە چووبوون بۆ بنکەی دەفتەری سیاسی، جگە لە سەیفوڵای مەنبەری کە لەشەڕی کۆمەڵەدا لە بانە کوژرا، ژمارەییکیش بەملاو بەولا دا رویشتبوون و هیزێکی سەد و پەنجا کەسی، ئیستا نزیک بە هەشتا کەسی مابوو. بۆ کەسانێک خویان پێشمەرگە بوون، ئەزانن چەندە سەختە کە لەماوەی دوو سێ مانگدا نیوەی هاوڕییانی ڕۆژە سەختەکانت لەدەست بدەیت. لەم ماوە کورتەدا ئێمە لە هیزێکی بەهێزی پڕ شەوق و سەرحاڵەوە، هاتبووینە سەر هێزێکی لاوزی ماتەم گرتووی دڵ برینداد و، پەژارە بە سەر و چوامانەوە دیار بوو.

پاش ماوەیەک شەڕی نێوان حیزبی دیموکرات و کۆمەڵە دژوار و زیانبارتر بووو. حیزب هیزێکی زۆری لە قەندیل، مەهاباد، بۆکان، هەورامان و سەردەشتەوە هێنایە ناوچەی شلێر و بەنیازی تۆڵەسەندنەوە لە کۆمەڵە، هێرشی کردەوە سەر نەرمەڵاس. ئەو جێگایە کە پیشتر ناوەندی ئاژوان کە ئیستا بنکەی کۆمەڵەی لێ دامەزرابوو. هەرجارە و زیان و زەرەێکی قورسی گیانی، لە هەردوولا ئەکەوت و ژمارەییک رۆڵەی هەژار و فەقیری کورد ئەبوونە دەستە چیلەی ئەم ئاگرە. لەهەموو ئەو شەڕانەدا حیزب نەیتوانی ئەو تۆڵەی نیازی بوو لە کۆمەڵەی بکاتەوە. بە پێچەوانەوە، کۆمەڵە جارێکیتر هێرشی

کردە سەر ناوەندی ئاژوان و گرتیەوە کە بوو بە سەبەبی قووڵتر بوونەوەی شەڕەڕەکە. شەڕێک کە تاوانێکی گەورە بوو لە دژی خەڵکی کورد و لادان بوو لە ئامانجی سەرکی هەردووک حیزب.

دیارە منیش، وەک سەدان کەسی دیکەی ئەو رۆژانە، بەشداری ئەم تاوانانەم کرد و بەشی خوم زیانم بە بزووتنەوەی رزگاری نیشتمانی خەڵک و وڵاتەکەم گەیاند. بەڵێ منیش هیچکات بە ئیرادە و شەهامەتەوە نەچووم دژایەتی خوم بۆ ئەم شەڕە پیسە رابگەیەنم و ترەسنۆکانە بێدنگیم هەڵبژارد. بۆیە ئیستاش، پاش زیاتر لە سی ساڵ، هێشتا هەست بە ئازارەکانی ئەو شەڕە گڵاوە ئەکەم و قیزم لە شەڕەکە، لەخوم و هەموو بەشدارانی ئەبێتەوە. ئەو کەسانەی کە هێشتا پێداگری لە سەر رەوابوونی ئەم شەڕە دەکەن، جا کۆمەڵە بن یان دیموکرات، لای من لە ناحیسابترین کەسەکانن و بچووکترین خاڵی هاوبەشم لەگەڵیاندا نیە.

بەم شێوەیە کۆتایی بە داستانی گەمارۆ دێنم، بەو ئاواتە توانیبێتم رووداوەکان وەک خویان باسبکەم. هەروەها هیوادارم کە گێڕانەوەی ئەم رووداوانە ببێتە هۆی ئەوە کە سەرجەم چالاکانی رێگای رزگاری نەتەوەی کورد دەرسیان لێوەرگرن و قەت بیانوو بۆ شەڕی یەکتر کوشتن نەهێننەوە. جارێکیتر بەو پەڕی خوشحاڵیەوە رەخنەو بۆچوونی هەموولایک بەتایبەتی ئەو کەسانە کە لەم گەمارۆە دژوارە دا لەگەڵ بوون (هی هەردووک لا) وەر دەگرم و ئەگەر لەگەڵ بۆچوونەکانی منیش دا ناکۆک بن، هیچ شتێک لە ئەسڵەکە ناگۆڕێ و من رەخنەکان لە سەر چاو دادەنێم. خوشەویستیم بۆ هەموان و سەرکەوتن بۆ خەڵکی دڵپاک و دڵسۆزی کوردستان کە من زۆر قەرزداریانم.

## بەشی دووهەم، پاش گەمارۆ

پێشتر کورتەیەکم لە سەر چۆنیەتی و هەژماری تەقریبیی هێز و کومیتەکانی حیزب کە بە شێوەیەک لەم شەڕەوە گەلان نووسیوە، جارێکیتر وەبیرهێنانەوەیەک لەم بارەوە بە خراب نازانم.

بەر لەوە بچمە ناو ئەسڵی رووداوەکان و بەوردی باسیان لەسەر بکەم، باسێکی کورت لەسەر چۆنیەتی دامەزران و ئارایشی هێزەکانی هەردووکلا و چۆنیەتی هەڵسووڕانی ئەم هێزانە پێش شەڕەکە بە پیویست ئەزانم تا زیاتر رادەو ئەندازەی زیانەکانی بۆ هەردووکلا و هەرواها بۆ بزاڤی رزگاری خوازانەی کوردستانیش دەرکەوێ.

پێش هەڵگیرسانی ئەم شەڕە، کۆمەڵە لە زۆربەی ناوچەکانی باشووری رۆژهەلاتی کوردستان حوزووری ئاشکرا و نهێنی هەبوو. رۆژانە لە نزیک شارەکانی سنە، مەریوان، سەقز، دیواندەرە و دەورووبەری کامیاران خەریکی رێکخستن و چالاکی تەبلیغی بوو. هاوکات بەردەوامیش خەریکی زەربەلێدان لە هێزەکانی ریژیم بوو بێ ئەوە هێزەکانی خوی تووشی زیانی گەورە بن. جگە لە دوو گوردانی چست و چالاک لە ناوچەی سنە، (گوردانی شوان و گوردانی ئارێز)، گوردانی کاک فواد لە مەریوان، گوردانی شاهۆ لە کامیاران، گورردانێک لە دیواندەرە، گوردانێک لە سەقز، چەندین دەستەی "سازماندە" و گرووپی تەدارۆکاتی و شناسایی هەبوون و لە نزیکەوە لەگەڵ خەڵک و لایەنگرانی خویاندا لە پەیوەندی دا بوون.

حیزبی دێموکراتیش هەروەتر، هێزەکانی بێستوونی کرماشان، شەریفزادەی سنە، زرێباری مەریوان، هەوشار، عەزیز یوسفی سەقز و هێزی دیواندەرە لە گشت ئەم ناوچانەدا هەڵئەسووڕان و شەو و رۆژیان لە ریژیم کردبووە تاریکەشەو. شانبەشانی ئەم هێزە سەربازییە، دەیان کومیتە ناوچە و دەستەی تەشکیلاتی چالاک و کارا، لە ناوچەی ژێردەسەلاتی دوژمن، بەلام لەناو دڵ و ماڵی خەڵکی کوردستاندا هەڵئەسووران. بوونی ئەم هێزانە لە ناو خەڵکدا کارێکی کردبوو کە خەڵکی کوردستان هەست بە بێکەسی و بێ پشتیوانی لە

بەرانبەر دڕەندەگی هێزەکانی دەوڵەتدا نەکەن و ریژیمیش نەوێرێ چۆنی پێخوشە وا لەگەڵ خەڵکی کوردستاندا بجووڵێتەوە!
لەم ماوەیەدا گەرچی نێوانی کۆمەڵە و دێموکرات سارد، نادۆستانە و هاوکاریی و هاو خەباتییەکی بە کردەوە لە نێوانیاندا لە ئارا دا نەبوو، بەڵام بێ ترس لە یەکتر، لەنزیک یەکتر و جاری واش بوو ناچار بەیەکەوە، بەگژ سپای داگیرکەردا دەچووینەوە و ناراستەوخۆ ئەبووینە یەک سەنگەر لەبەرانبەر دوژمن دا!
گومانی تێدا نیە ئەگەر، بەجێگای سازکردنی زەمینەکانی ئەم شەڕە نەخوازراوە، هەوڵی لە یەکترحاڵیبوون و هاوخەباتی درابایا، ریژیم ناچار ئەکرا لەوەش زیاتر بکەوێتە حاڵەتی دیفاعییەوە و، بەهاسانی نەتوانێ بەسەر ئێمە و خەڵکی کوردستانیشدا زاڵ بێ. شتێک کە بەهوی ئەم شەڕەوە بەهاسانی پێگەیشت و تائیستاش ئەو سەردەست، خەڵکی کورد و کۆمەڵە و دێموکرات (کە سەد مەخابن ئێستە بوونەتە کۆمەڵەکان و دێموکراتەکان) ژێردەست و بێ دەسەڵاتن.
کاتێک ئەم شەڕە لە پایزی ١٣٦٣ دا لە هەورامان هەڵگیرسا، هەم کۆمەڵە و هەم دێموکرات هەوڵیان دا هێزەکانیان لە نزیک یەک و لە جێگایکی سەخت و هەڵەمووتدا کۆکەنەوە تا ئەگەر ئاکامی شەڕی هەورامان بە ئاشتی نەگەییشت، مەجالی جموجووڵ و ئارایشی سەربازییان بۆ لێدانی لایەنی بەرابەر هەبێ. بۆ ئەم مەبەستەش دۆڵی "شلێر" زۆرترین حیسابی لەسەر کرابوو. دۆڵێک کە بەدرێژایی دەیان کیلوومێتر، پڕاوپڕ لە کانی و ئاو، جەنگەڵ و دارستانێکی پڕبوو. لەولایشەوە ئەم دۆڵە لە دابەشکرانی داگیرکەرانەی کوردستاندا بەر گورگی بەغدا کەوتبوو کە، پاش پەیمانی چەپەڵی جەزائیر، لەلایەن بەعسەوە وێران و دەیان ئاوایی لەگەڵ خاک یەکسان کرابوون.
بۆ مەبەستی خۆئامادەکردن بۆ ئەم خۆکوشتنە، کۆمەڵە بەشێکی ئاواییە چۆڵکراوەکانی ئەم دۆڵەی ئاوەدان کردبوونەوە و، دێموکراتیش بەشێکیتری. وەک لە بەشی پێشووشدا ئیشارەی پێ کرا، بنکەی سەرەکیی کۆمەڵە (کومیتەی ناحیەی جنووب) لە گوندی عەوەڵان و بنکەی سەرەکی حیزبیش (ناوەندی ئاژوان) لە گوندی نەرمەڵاس بوو.

حاتەم مەنبەری

بەرپرسانی سەرەکی حیزبی دێموکرات لە "جنووب" بریتی بوون لە :

کاک نەبی قادری ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی ناوەندی ئاژوان، کاک بابا عەلی مێهرپەروەر ئەندامی کومیتەی ناوەندی و ئەندامی ناوەندی ئاژوان، کاک شاپووری فیرووزی ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ئەندامی ئاژوان و فەرماندی هێزی بیستوون، کاک هومایونی ئەردەڵان ئەندامی کومیتەی ناوەندی، ئەندامی ناوەندی ئاژوان و بەرپرسی کومیتەی شارەستانی سەقز.

بەرپرسانی ئەسڵی کۆمەڵەش بریتی بوون لە کاک تاهێر خالێدی بەرپرسی کومیتەی ناحیەی جنووب، عەبدوڵا هوشیاریان ئەندامی کومیتە ناحیەی جنووب، حەبیبئوڵا گەوێڵی (حەبیبەڵا کێڵانە) بەرپرسی نیزامی گشتی.

سەرەتای شەڕەکە کۆمەڵە ئەم هێزانەی لە شلێر و دەور و بەریدا هەبوون و چالاکانە بەشداری شەڕەکەیان ئەکرد :

گوردانی شوان زیاتر لە سەد ١٠٠ کەس. گوردانی ئاریز٨٠ کەس (سنە) گوردانی کاک فواد (مەریوان) ٧٠ کەس گوردانی سەقز ٨٠ کەس گوردانی دیواندەرە ٨٠ کەس گوردانی شاهۆ(کامیاران)٦٠ کەس. سەرجەمی ئەم هێزانەی کۆمەڵە لەم ناوچەیەدا بە پێ ئەم هەژمارە تەقریببیە ئەبوونە ٤٧٠ پێشمەرگە.

هێزەکانی دێموکراتیش بریتی بوون لە:

هێزی عەزیز یوسفی (سەقز)١٥٠ کەس، هەوشار ١٥٠ کەس، شەریف زادە(سنە) ١٣٠ کەس، دیواندەرە ٦٠ کەس، زرێباری مەریوان ٨٠ کەس، بێستوونی کرماشان١٥٠ کەس. سەرجەمی هێزەکانی دیموکرات لەم ناوچەیە ئەبوونە ٧٢٠ پێشمەرگە. دیارە وەک وترا ئەم ئامارانە تەقریبین و من لانی هەرە کەمم داناوە.

## *گیرانی ناوەندی ئاژوان لە لایەن کۆمەڵەوە*

پاش شەڕی هەورامان کۆمەڵێک شەڕی تریش لە ناوچە جۆراوجۆرەکانی کوردستان، لە نێوان کۆمەڵە و حیزبدا هاتنە ئاراوە، لەوانە شەڕی ئاوایەکانی سماقان و گەرماوی بانە کە کۆمەڵە زیانێکی زۆری لێ کەوت. بەڵام هێشتا لە

شلێر، شوێنی کۆبوونەوەی بەشی زۆری هێزەکانی هەردوولا لە خوارووی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، جگە ڕووداوێکی بچووک لە گوندی شێرە کە کۆمەڵە هێرشی کردبووە سەر بنکەیکی کەمبایەخی حیزب و هەروەها لە داوخستنی ئەو دەستە پێشمەرگەی هێزی بێستوون کە بە دوای ئێمەدا هاتن و ٨ کەسیان کوژران، شەڕیکی بەرچاو نەهاتبووە ئاراوە.

کۆمەڵە پاش ڕووداوی هەورامان و شەڕی بانە، وێڕای هەوڵدانێکی زۆر هێشتا نەیتوانیبوو بالانسی شەڕەکە بە قازانجی خوی بگۆڕێ. کاتێک کاروانە لە گەمارۆ کەوتووەکەی ئێمەش (داستانی گەمارۆ بەشی یەکەمی شەڕی کۆمەڵە لەم کتێبەدا) توانی بە زیانێکی کەم لە داوی ئەوان ڕزگار بێت، ئێتر سرۆشتی بوو کە بەرپرسانی ئەم حێزبە بیر لە پلانێکیتر بکەنەوە و لە جێگایکیتر زەربە لە حیزب بدەن.

ناوەندی ئاژوانی حیزب و کومیتەی ناحیەی جنووبی کۆمەڵە، تەنیا کەمتر لە ١٠ کیلوومێتر مەودایان لە نێواندا هەبوو. سەدان پێشمەرگەی شەرڤانیش هەردووک ئەم بنکە سەرەکییەیانەیان دەپاراست، بۆیە پەلاماردانی ئەم بنکانە (لە لایەن هەر کامیانەوە) دوور لە ئێحتمال ئەهاتە بەرچاو. لەراستیدا شەڕی پارتیزانیش هەردەم لەسەر دوور لە ئێحتمال بوون و غافڵگیری دامەزراوە و بەهوی هەڵە تێگەییشتن لەم ئەسڵەش بوو کە لە هەموو ئەم شەڕانەدا حیزبی دیموکرات زۆرترین بەشی غافڵگیربوونی بەرکەوت.

حیزبی دێموکرات هەمیشە دوای هەموو ڕووداوێکی لەم چەشنەش، کۆمەڵەی بە "کەڵک وەرگرتن لە نیازپاکی بەرپرسانی حیزب" و شتی لەم بابەتە تاوانبار دەکرد، بەڵام کاتێک شەڕی سەراسەری ڕاگەیندرا بوو، ئیتر ئەم قسانە بێ مانا خۆیان دەنواند چوونکە هەردوولا وەک دوژمن باسی یەکتریان دەکرد و دەبوا حیسابی دژمنیش بۆ یەکتر بکەن!

سەرەنجام ڕۆژی یەکی خاکەلێوە و نەورۆزی کورد، لەسەر بنەمای غافڵگیرکردنی لایەنی بەرانبەر، کۆمەڵە هێرشێکی بەرینی کردە سەر نەرمەڵاس و بێ بەرخۆدانێکی بەرچاو، گرنگترین بنکەی حیزب، واتا ناوەندی ئاژوانی خستە ژێر دەستی خوی. کۆمەڵە لەم پەلامارەدا دەستی بەسەر هەموو بەڵگە، مەدارک و کەرەستەی تەداروکاتی و نیزامی حیزب دا گرت. ئەم

رووداوە بۆ درێژەدانی شەڕەکە زۆر لەبەرژەوەنی کۆمەڵە و زیانی حێزب بوو. بەشێک لە نامەکانی نێوان بەرپرسان و ئورگانەکانی حیزب کە دەستی کۆمەڵە کەوتبوون، دواتر چاپ و وەک نیشانەی شەڕخوازی و باری خراپی ناورێکخراوەیی حیزب لە لایەن کۆمەڵەوە بەکار هاتن. لەگەڵ هەموو کەرەسەکانی دیکە، کۆمەڵێک خواردنەوەی ئەلکوهلیش گیرابوون کە کۆمەڵە وەک بەڵگەی بورژوابوونی بەرپرسانی حیزب (ئەودەم خواردنەوەی مەشرووب لە کۆمەڵە دا قەدەخە بوو) پێشان دران و لە تەبلیغات دا بەکار هاتن!
جگە لە بنکەی ناوەندی ئاژوان، بنکەی کومیتەی شارستانی هەوشاریش لە گوندی سپیکانی کەوتە بەر پەلامار و لە لایان کۆمەڵەوە داگیر کرا کە سدێقی فەرۆخیان، بەرپرسی کومیتەی شارستانی هەوشار و ئەندامی جێگری کومیتەی ناوەندی حیزبیش تێدا گیانی لە دەستدا. کاک سەدێق پێشمەرگەیەکی بەرپرس و بەرپرسێکی پێشمەرگە، بە مانای راستەقینەی وشە بوو. دژمنی ستەم و ستەمکار، عاشقێکی راستەقێنەی سەربەستی مرۆڤ، لەوانە مرۆڤی ژێرچەپۆک و ماف پێرەوانەبینراوی کورد بوو. بەڵام ئاگری شەڕ ئەم شتانە ناناسێ و هەرکەسی بەر کەوت ئەیسووتێنێ، هەروەک چۆن کاک سدێقی شۆڕشگێڕی سووتاند.
جگە لە کاک سدێق، سێ پێشمەرگەیتری حیزب لەم شەڕە دا گیانیان لە دەسدا کە من تەنیا ناوی کەسێکیانم بەناوی ئەحمەد تەمۆغەیی لەبیر ماوە. ئەحمەد پێشمەرگەییکی ئازا، فیداکار، زەحمەتکێش و خەباتکاری رێ رزگاری خەڵکی کوردستان بوو. پلەی بەرپرسایەتی ئەحمەد تەمۆغەیی سەرلک بوو. تا ئەو جێگایە من بزانم کۆمەڵە لەم شەڕەدا زیانی گیانییان نەبوو یان زۆر کەم بوو.
دوای شەڕەکەش، وەک جارەکانیتر رادیۆی هەردووک لا خەبەرەکەیان بەشێوەی خوی خوێندەوە. حیزب کۆمەڵەی دایە بەر تانە کە تەنانەت لەهێرش بۆ سەر بنکەی ناوەندی حیزبیش خوی ناپارێزی و بەم کارەی هەموو سنوورەکانی بەزاندووە. کۆمەڵەش وەک لایەنی سەرکەوتووی ئەم عەمەلیاتە، لە وەڵامی شەڕی بانەدا کە حیزب وتبووی "شەپ دەزانێ قونداخ لە کوێیە" وتی "قونداخیش دەزانێ شەپ لەکوێیە!" و هەڕەشەی زەربەلێدان و "رسواتر کردنی

حیزبی دێموکراتی" دەکرد.
شەڕی تەبلیغی، وەک هەموو شوێنێکیتر، لە لایەن کەسانی سەدان کیلوومێتر دوور لە مەیدانی راستەقینەی شەڕەوە بەڕێوە دەچوو. کەسانێک کە نە خویان، نەکەسوکاریان بە ئاگری ئەم شەڕە نەئەسووتان. بە مەیلی خویان فوویان بە بڵیندگۆی رادۆیە شڕەکانماندا ئەکرد. قسەکانیان، کە بە زۆری لە سەر بنەمای ئێحساسات بوون ( کۆمەڵەی پۆلپۆتی، دیموکراتی بۆرژوای چەوسێنەر و...) ئەبوونە نەفت و، ئاورەکەیانماڵی خەڵکی دەکردە قەقنەس. برا برای ئەکوشت و ئامۆزا کوشتنی ئامۆزای لا هاسان و رەوا بوو.
بەداخەوە زیانی ئەم شەڕە بێ پایە و دوور لە راستییە،( مەبەست ئەو شتانەیە کە هەردوولا بەیەکیان ئەوەت وەک پولپۆتی یا دژی خەڵکی و ... یان هەرکام لە ناو و ناتۆرەکانیتر) مەزنتر بوو لە شەڕی دەستەو یەخەی ئێمە پێشمەرگەکان کە لە بیابانی پڕ لە ورچ و بەرازی شلێردا بەربووینە گیانی یەکتر. ئەم شەڕی یەکتر سووککردنە، نەک حەفتەو مانگ، بەڵکوو ساڵانی دواتریش بەردەوام درێژەی پێدرا و ئیستاش تەنیا راگیراوە دەنا هەردەم ئەتوانێ وەک ئەو رۆژانە بکەوێتەوە کار چوونکە، بیری بەکارهێنەرانی گۆڕانێکی وای بەسەردا نەهاتووە و تا ئەم بیرەش لە گۆڕ نەنرێ، مەترسی سەرهەڵدانەوەی لە بەین ناچێ...

## *ململانی پاش گیرنی ئاژوان*

پاش گیرانی ناوەندی ئاژوان لە لایەن کۆمەڵەوە، وەزعی شەڕەکە بەتەواوی گۆڕدرا. لەلایەک مەیدانی شەڕەکە بەرینتر بووەوە و لە لایەکیترەوە هەردووکلا رقئەستوورتر و شێلگیرانەتر لە رابوردو، خویان بۆ لەبەینبردن، یان لانیکەم بەچۆکدا هێنانی لایەنی بەرابەر ئامادە کرد. کۆمەڵە پاش ئەم "سەرکەوتنە" کەوتە حاڵەتی هێرش کردن. هەر چەند شەو جارێک، هێرشێکی بچووکی ئەکردە سەر یەکێک لە بنکەکانی حیزب کە پاش شەڕی نەرمەلاس سلێمان چۆڵکردبوو، جگە لە گوندی میشیاو کە لە دیوی شلێر و باشووری کوردستاندا هەڵکەوتبوو، ئەوانی دیکەمان هاتبووینە چەند گوندێکی هێشتا ئازادی سەر سنووری نێوان

باشوور و رۆژهەڵات، وەک گوندەکانی بایەری سەرو، خوارین، سێف و بۆردەمە.
حێزبیش هەرچەند لەم ناوچانەدا زیاتر لە ٦٥٠ پێشمەرگەی شەڕکەر و چالاکی هەبوو، بەڵام هێشتا نەیتوانیبوو لەژێر تێکشکانەکەی نەرمەڵاس دا پشت راست کاتەوە و زۆرجار بەزەحمەت بەرپەرچی هێرشەکانی کۆمەڵەی پێ ئەدرایەوە. ورەی پێشمەرگە هاتبووە خوار و خۆتەسلیم کردنەوە و بەجێهێشتنی ریزی پێشمەرگە ببووە کاری رۆژانە. ئەڵبەت زۆرترین هۆکاری هاتنە ئارای ئەم هەلومەرجە بێ باوەڕی بە شەڕەکە بوو. بۆ نموونە لەیەکجار دا و تەنیا شەوێک، نزیک بە دە کەسی هێزی دیواندەرەی حیزب خویان تەحویلی ریژیم دایەوە کە فەرماندەری هێز، سەرلک و چەند کادریشیان لە ناو دا بوون. بێگومان ئەم وەزعە لە کۆمەڵەش دا شوێنەواری خراپی خوی هەبوو بەڵام لەبەر ئەوە پاش هێرشەکەی هەوارامان، کۆمەڵە خوازیاری راگیرانی شەڕەکە بوو، رێبەرانی ئەوان بیانوویکیان بۆ "قانیع" کردنی ئەفرادی خویان هەبوو و حیزب لەمبارەوە تەنیا ئەو شتانەی دووپات ئەکردەوە کە لە پرووپاگاندەی رۆژانەدا لە دژی کۆمەڵە بەکار ئەبران.
ئەم وەزعە وای کرد کە حیزب لەفکری تۆڵەکردنەوە لە کۆمەڵە بێت و تۆڵەی جێ مەبەستیش بەم هێزانەی کە لە ناوچەدا هەیبوون مومکین نەبوو. ناچار رێبەری حیزب، لکێکی (نزیک ٥٠ کەس) لە هێزی شاهۆی هەورامان، لکێکی هێزی پێشەوای مەهاباد و لکێکی هێزی بەیانی بۆکانی هێنا بۆ ناوچەی شەڕ. دوای هاتنی ئەم هێزانە، پێشمەرگەی شەڕکەری دیموکرات لە شلێر، ئەگەییشتە نزیک ٨٠٠ کەس. سەرگورد کەریمی عەلیار وەک جێگری فەرماندەی گشتی هێزەکانی حیزب، هاتبووە ناوچە و بە هاوکاری فەرماندەکانی دیکە، بە وردی پلانی هێرشێکی تۆڵە ئەستاندنەوەی بۆ سەر بنکەی نەرمەڵاس، کە ئیستا ببوە بنکەیکی گرنگی کۆمەڵە دارشت.
کۆمەڵەش پاش فشاری حیزب و بەتایبەتی دوای شەڕی بانە کە زیانێکی گەورەیان تێدا بینی، هەموو هێزەکانی لە ناوچەکانی مەهاباد، بۆکان، سەردەشت و بانە هێنایە شلێر و لەگەڵ هێزەکانیتری دا یەکی خستنەوە تاهەم خویان لە حاڵەتی هێرش دا بهێڵنەوە و هەم هەر چەشنە هێرشێکی حیزبی دیموکراتیش تووشی تێکشکان کەن کە بەباشی لەم تاکتیکە دا سەرکەوتن.

کۆمەڵە بەباشی ئاگاداری جمووجووڵی حیزب، بەتایبەتی هاتنی ئەوهێزەی کەلە سەرەوە باسم کرد بوون. دواتر دەرکەوت کە کۆمەڵە لەگەڵ خومان پەیامەکانی ئێمەیان پیادە دەکرد و لە ناوەرۆکەکەی ئاگادار دەبوون. چوونکە رەمزی نێوان کومیتەی ناوەندی و ناوەندی ئاژوانیان شکاند بوو و بەباشی کەڵکیان لێوەر دەگرت. هەر لەم رێگایەوە (رەنگە لە رێگای‌تریشەوە؟) دەیانزانی حیزب بەرنامەی هێرشی هەیە، بۆیە هەوڵیان ئەدا بە هێرشی بچووک بچووک بەرنامەی هێرشەکەی حیزب تێک بدەن و نەهێڵن پێشمەرگەکانی لایەنی دژبەریان بحەسێنەوە.

یەکێک لەم هێرشانە پەلامارێکی تا رادەیەک بەرین بوو کە کۆمەڵە کردیە سەر هێزەکانی بێستوون و هەوشار لە گوندەکانی میشیاوو و سێف. هێرشی



ئەسڵی بۆ سەر هیزی هەوشار بوو لە میشیاو چوونکە ئەگەر ئەوان بیانتوانیایا میشیاو بگرن، بەیەکجاری حیزبیان لە شلێر دەردەپەڕان و مەجالی هێرشێکی گەورەیان بۆ سەر بنکە ئەسڵییەکانی خویان لە حیزب دەستاند. بەڵام نەیان توانی لەم شەڕەدا بە ئامانج بگەن و لە راستی دا تووشی شکانێکی گەورەش هاتن.

هێزی هەوشار لە میشیاو هەرچەند بەتەواوی لەگەمارۆ کەوتبوون، بەڵام خوڕاگرییکی شایانیان کرد و سەرەنجام بەهاوکاری هێزەکانیتری حیزب لە بایەر و بۆردەمە، هێزی بیستوونیش لە سێف گەمارۆی کۆمەڵەیان تێکشکاند و بەرزاییەکانیان لێ سەندنەوە. کۆمەڵە بەشێوەییکی شپرز ناچار بەپاشەکشەبوون و تەرمی پێنج پێشمەرگەشیان لێبەجێما. لەم شەڕە دا چەند

پێشمەرگەیەکی حیزب گەلێک کردەوەی نامرۆڤانە و دوور لە ئێخلاقی پێشمەرگانەیان بەنیسبەتی بریندار و تەرمی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەوە لێ کەوتەوە کە من ئەوکات و ئیستاش شەرمی لێدەکەم. ئەم کردەوانە بەتوندی لە لایەن زۆربەی نزیک بەتەواوی پێشمەرگەی حیزبەوە نەفرەت کران و لەلایەن بەرپرسانیشەوە ئەم چەند کەسە "سزای حیزبی" دران. بەڵام سزادانەکە جۆرێک بوو کە لەلای زۆرکەسەوە وەک شۆخی پێکردنێک هاتە بەرچاو چونکە ئەو کەسانە دەرنەکران، تەنیا سزایەکی سووک دران . هەر جۆرێک بێ، من وەک شاهێدێکی خاوەن وێژدان دەڵێم کە، ٩٥% بەدەنە و رێبەری حیزب نەیاری کردەوەی قیزەونی لەو چەشنە بوون و مەحکوومیان کرد. بەو حاڵەش ئەوەی لەو شەڕە دا رووی دا شەرمەکەی تەنیا بۆ ئەو چەندکەسە نیە و ئێمەش دەگرێتەوە.

یەکێک لەم پێشمەرگە کوژراوانەی کۆمەڵە کچێکی بوو بە ناوی ئازیتا کە لە دەفتەرێکدا بیرەوەری رۆژانەی خوی نووسیبوون و لە جێگایک دا باسی کردبوو کە :

پاش قورستر بوونی شەڕی نێوان کۆمەڵە و دیموکرات، "ئاشبەتاڵ" لەناو ریزی پێشمەرگەکانی کۆمەڵە دا زیادی کردووە...

دواتر رادیوی حیزب بەتانە و تەشەر و زیاتر وەک گاڵتە، ئەم "خاتراتە" تاڵانەی لە دووتۆی وتارێک دا خوێندنەوە و ئاکامی وەرگرت کە:

"سیاسەتی غەلەتی رێبەرانی سەرلێ شێواوی کۆمەڵە تەنانەت بۆ ئەندامانی خوشیان دەرکەوتووە چوونکە ئازیتای جوانەمەرگ باسی ئاشبەتاڵی بەربلاو لە ناو کۆمەڵەدا دەکات" .

لەم شەڕە دا سێ پێشمەرگەی حیزبیش کوژران. یەکیان پێشمەرگەیکی کۆن و زۆر فیداکاری هێزی بیستوون بوو بە ناوی عەزیز قوڕیەری کە باوکی چوار منداڵ بوو!

# هێرشی بەرینی حیزبی دیموکرات بۆ سەر نەرمەڵاس

لە کاتێک دا وردە شەڕ لەیرەو لەوێ لە بەینی کۆمەڵە و حیزب دا روویان دەدا و جاری واش بوو زیانی گیانی لە هەردووکلا دەکەوت (بۆ نموونە کوژرانی قاسمی باقی فەرماندەی هێزی بەیانی حیزب لە پەلامارێکی کۆمەڵەدا و کوژرانی حەمەدەمین حاجی ئاوا، یەکێک لە بەرپرسانی کۆمەڵە لە کەمینێکیی حیزب دا لە ئاوایی سێفی سەرشیوی سەقز، هەروەها شەڕێکی سەخت لە ئاوایی حەوتاش کە کۆمەڵە دەیهەویست پێش بە کاروانێکی حیزب بگرێ کە تەقەمەنی لە دەفتەری سیاسییەوە بۆ ناوەندی ئاژوان دەبرد کە تێدا ژمارەیەک پێشمەرگە لە هەردووکلا کوژران و من ناوی رەحمان مرواری یەکێک لە فەرماندەکانی کۆمەڵە و جەبار میرکانی یەکێک لە فەرماندەکانی حیزبم لە بیر ماوە) ئامادەکاری حیزبی دیموکرات بۆ هێرشێکی گەورە بۆ سەر کۆمەڵە لە شلێر وەدوا نەخرا بوو. وەک باسم کرد سەرگورد کەریمی عەلیار، ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزب و جێگری فرماندەری گشتیی هێزی پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات، لە دەفتەری سیاسییەوە تایبەت نێردرا بوو تا لە نزیکەوە سەرپەرەستی شەڕەکە بکات.

چەند رۆژ پاش گەیشتنی سەرگورد عەلیار، ناوەندی ئاژوان بەبەشداری هەموو فەرماندە هێزەکان، کۆبوونەوەیەکیان لە ئاوایی بۆردەمە پێکهێنا. دوای ئەم کۆبوونەوە، سەرگورد عەلیار و چەند فەرماندەی دیکە بە مەبەستی شناسایی کردنی بنکە و سەنگەرەکانی کۆمەڵە لە نەرمەلاس، چوون بۆ شلێر. دوو رۆژ دوای ئەم سەفەرە هەموو هێزەکان ئامادەکران تا بەرەو میشیاو، بنکەی هێز و کومیتەی هەوشار بکەونە رێ.

کاتێک چووین بۆ میشیاو ئێوارە بوو. بەتاریکی گەییشتینە جێ مەبەست و دەستە دەستە جیا کراینەوە. پاش دابەشکردنی نان و پێخۆر بەسەر پێشمەرگەکاندا، جێگا و مەسیری شەڕ (ئاراستەی) هەر دەستە و هێزێک دیاری کرا. هێزی بەیان (بۆکان)، پێشەوا (مەهاباد)، شاهۆ (هەورامان) و بەشێک لە هێزی بێستوون (کامیاران)، دیاریکران بۆ بەرزترین شاخی زاڵ بەسەر بنکەی سەرەکی کۆمەڵەدا کە نەرمەلاسی کۆنە بنکەی خومان بێ.

هێزی هەوشار و بەشێک لە هێزی عەزیز یوسفی (سەقز) دیاری کران بۆ تۆقە بەردێکی رەش کە چەندسەد مێتر لە بنکەکانی کۆمەڵەوە دوور بوو. هێزی زرێوار (مەریوان)، شەریفزادە(سنە) و بەشێک لە هێزی سەقز نێردران بۆ دەراوی نەرمەڵاس و شێرە. تا هەم پێشی "هەڵاتنی" هێزەکانی کۆمەڵە بگرن و هەمیش بەرگری لە هاتنی هێزی یارمەتیدەر بکەن کە لە عەوەڵانەوە بگاتە فریای بنکەی نەرمەڵاس.

شەڕ سەعاتی سێ و نیوی ۰۳:۳۰ بەیانی دەستی پێکرد. من ئیستاش بەتەواوی نازانم ژمارەی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە نەرمەڵاس چەند کەس بوو. بەڵام ژمارەی هێزی هێرشبەری حیزب ژوورەوەی ۵۰۰ کەس دەبوو. ئەگەر وای دانێین کە هێزەکانی کۆمەڵە نیوەی ئێمە بووبن، ئەوکات دەبینین کە ۷۵۰ پارتیزانی کورد، لە دۆڵێکی چۆڵ و وێراندا، لەسەر هیچ و تەنیا بۆ قووڵترکردنی برینی جەستەی گەلێکی لە سەد لاوە بریندار، بەربوونە گیانی یەک و بەوپەڕی بێرەحمییەوە خەریکی یەکتر کوشتن بوون. من بێ هەڵاتن و شاردنەوەی نەزانی خۆم لە حاست خراپییەکانی ئەم شەڕەدا، لە ناخەوە شەرم ئەمگرێ کە ئەوکات یەکێک لەو حەوسەد و پەنجا کەسە بووم.

شەڕ تا سەعات نۆی بەیانی لە هەموو بەرەکاندا بەتوندی بەردەوام بوو. چەند تەپۆڵکە و بەرزایی و بەرد دەستاودەست کران. چەند هێرش و دژەهێرش کران و بەرپەرچ درانەوە. بەڵام هیچکام لەم هەنگاوانە چارەنووسی شەڕیان نەگۆڕی. هەڵبەت دیاری تازەی حیزب بۆ ئێمە لەم شەڕەدا، چەکێکی تازە بوو کە پێیان دەگوت بێ دە(B10). چەکێک بوو لە نێوان بازووکا و تفەنگی سەد و شەش دا(گەورەتر لە بازووکا و چکۆلەتر لە۱۰٦). بە دەست و شان هەڵ نەدەگیرا دەبوا بە هێستر راگوێزرێ. تەنیا بۆ مەبەستی راست و رووبەڕوو بەکار دەهات. بۆ هەوەڵین جار و رەنگە دوایینجاریش ئەم چەکە لەم شەڕەدا بەکار هات و تا ئەو جێگایە من بزانم رۆڵێکی بەرچاوی لەسەر چارەنووسی شەڕەکەش نەبوو. هێزەکانی کۆمەڵە بە هەموو توانایانەوە بەرگرییان لە شوێنەکانیان دەکرد و بستە خاکێکیان بێ زیان بەدەستی حیزبییەکانەوە نەدەدا. سەرنجام سەرگورد و فرماندەکانیتر بڕیاری پاشەکشەیان بە هێزەکانی حیزب دا و بەسەد زەحمەت و کوێرەوەری لە ژێر ئاگری گوللەی

کۆمەڵـەدا هـەموو هێزەکـەی حیـزب گەییشتنەوە میشیاو، واتـا ئـەو جێگایـە کـە نیوەشـەو بـۆ هێرشـکردن دابـەش کرابـووین. بـەو جیاوازییـەوە کـە ئیسـتا ١٦ هـەڤاڵ و هاورێمـان لـێ بـەجێ مـابوون، لاشـەکەیان لەبەردەسـتی کۆمەڵـەدا کـەوتبوون و ٣٠ کەسـی بریـندار و شـەل و پـەتکراویش چـاوەڕێ دەرمـان و هەڵگرتن و لەکۆڵکردن بوون.

زیانـی کۆمەڵـەش ئـەوەی رادیـوی کۆمەڵـە خوێندییـەوە ١٣ کوژراو و ٢٠ بیست برینـدار بـوون کـە سـەرجەم نزیـک بـە سـەد بنەماڵـەی هـەژار و زەحمەتکێشـی کورد، خەمبار و جگەر سووتاو بوون و دوژمن و ناحەزانی کوردیش شاد وگەش.

## ***کاریگەری تێکشکانی هێرشی حیزب بۆ سەر نەرمەڵاس لەسەر درێژەی شەڕ***

کۆمەڵـە هـەوڵی دەدا تێکشـکاندنی ئـەم هیرشـە بەرینـەی حیـزب (بـە حـەق) وەک سەرکەوتنێک بۆ خوی حیساب بکات. بۆیە هەم لە ڕێگای تـەبلیغات و هـەم لە کردەوەی رۆژانـەی هێزەکانیدا لـە شلێر، ئـەیویست بـاروو دۆخـی شـەڕەکە لـە بەرژەوەنـدی خـوی بهێڵێتـەوە. زۆربـەی شـەوەکان تیمـی چەندکەسـی کۆمەڵـە دەهاتنـە سـەر بنکـەکانی حیـزب و لـە دووربینـی شـەو کـە ئـەوان هـەیان بـوو کـەڵکیان وەردەگـرت، تـا نزیـک سـەنگەرەکانی حیـزب ئەهاتنـەپێش و زەربـەی بچـووک بـەڵام کاریگـەریان لـە حیـزب ئـەدا. رادیـۆی کۆمەڵـەش پـاش ئـەم "سەرکەوتنە" هەوڵی ئەدا ئەم تێکشکانەی حیزب بە دوایین هـەوڵی حیـزب بـۆ لەبـەینبردنی کۆمەڵـە نیشـان بـدات و بـۆ ئـەو مەبەسـتە رۆژێـک دوای ئـەم هێرشەی حیزب، وێڕای خوێندنەوەی هـەواڵی پێکدادان و وردەکارییـەکانی ئـەم هیرشە، ژمارەی پێشمەرگە و جێگای هێنانی هێزەکانی حیزبی (مەسـەڵەن لکـی یەکی هێزی پێشەو یـان لکـی دووی هێـزی بـەیان و...) لـەوتارێکی پڕ لـە وشـەی سووک دا، ئەم ئاکامەی وەرگرت:

" ئەگەر حیزبی بورژوازی کورد، پاش ئەم سەرشۆڕیەش دیسان شوعاری جەنگ جەنگ تا پیرووزی (بەلاسایی کردنەوە لە کۆماری ئیسلامی لـە شـەڕی ئێـران و ئێراق دا - نووسەر") بگرێتە بەر، پێسمەرگەکانی کۆمەڵـە جگـە لـە وەڵامدانـەوە

بە لاسارییەکانی حیزبی دیموکرات چارەیکی تریان نابێت و حیزبی دیموکراتیش جگە لە رسوایی زیاتر، هیچی دیکەی بە نسیب نابێ.
بەرپرسانی رادیوی حیزب و( حەتمەن رێبەرانی حیزبیش لە بنکەی دەفتەری سیاسی ) چاوەڕوانی "سەرکەوتن"ی هێزەکانی حیزب لە م هێرشە گەورەیە دا بوون، بۆیە زۆر بە نارێک و پێکی باسی ئەم شەڕەیان کرد. لە لایک دەیانەویست لە بەربلاوی هێرشەکە و مەبەستەکانی (نابوودی کۆمەڵە لە نەرمەلاس) کەم کەنەوە و لە لایکیتر نەیاندەتوانی ژمارەی کوژراو و بریندارەکان بشارنەوە! لەبەر ئەوە قوربانییەکان تەنیا لە هێزێک نەبوون، بەڵکوو زۆربەی هێز و ناوچەکانی دەگرتەوە، پاساودانی سەخت و دژوار بوو. هەرچۆنێک بێت ژمارەی زیانەکان لە رادیو خوێندرایەوە بەلام لە وەلامدانەوەی وتارە توند و پڕ لە بێ رێزییەکانی کۆمەڵە، بەپێچەوانەی جارانی دیکە خۆیان پاراست!
ئەم تێکشکانە ئەگەرچی لە سەر ورەی هێندێک کەس کاریگەری خراپی هەبوو، بەلام بە هۆی زۆری زیانەکانیەوە جۆرێک گیانی تۆڵەسەندنەوەی لە زۆربەی هێزەکاندا ساز کرد و بە کردەوەش مەجالی بۆ بەرپرسان فراوانتر کرد تا خۆیان بۆ درێژەدانی شەڕەکە ئامادە بکەن.
دژایەتی لەگەڵ ئەم شەڕە لە ناو حیزبدا نهێنی و شاراوە نە بوو. کاک تاهێر عەلیار کە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و بەرپرسی کومیتەی شارەستانی مەهاباد بوو، بەکردەوە دژایەتی خوی لەگەڵ ئەم شەڕە نەدەشاردەوە. ئەو ئێوارەیە کە بڕیار بوو هێرش بکەینە سەر نەرمەلاس لە میشیاو وتی:
با ئەم هێزە لە جیاتی کۆمەڵە رووبکەینە کۆماری ئیسلامی، من دڵنیام ئەتوانین شاری سەقزی پێ بگرین. کاکە با ئەو "چاڵە نەوتە"ی شلێر هەر بۆ کۆمەڵە بێ!
بەلام زوو لە لایەن چەند کەسە، لەوانە سەرگورد عەلیاروە دژایەتی کرا . پێشمەرگەیک بە دەنگی بەرز وتی :
لێگەڕێ کاک تاهێر، بە ئەی رەقیب دەڕوین و بە ئەی شەهیدان دەگەڕینەوە! دیارە دواتریش گەلێک نموونەی لەو چەشنە هاتنە پێش کە من هەوڵ ئەدەم لە جێگای خوی دا ئیشارەیان پێ بکەم، بەتایبەتی دژایەتی رەشادی حوسەینی

لەگەڵ شەڕەکە بە گشتی و لەگەڵ هەڵویستی ئەرتەشییەکانی ناو حیزب لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵەدا، بە تایبەتی سەرگورد عەلیار کە ئاشکرا رقی تایبەتی خوی لە کۆمەڵە نەدەشاردەوە و لە بەکارهێنانی پەسنی ناسیاسی و ناشیرین دژ ی ئەوان خویان نەدەپاراست.

سەرگورد عەلیار پاش ئەم تێکشکانە زۆر تێکچوو. لەگەڵ پێشمەرگە و تەنانەت فەرماندەکانیش دا نێوانی ناخوش بوو. ئەو پی وابوو هەموو سەبەبی سەرنەکەوتنی ئەم هێرشە هی "بێ نەزمی" پێشمەرگەیە و وەک سەرباز بێ حورمەتانە قسەی لەگەڵ بەرپرس و پێشمەرگەدا دەکرد. هیچ حیسابێکی بۆ ورە و بڕوای پێشمرگەی کۆمەڵە نەدەکرد و ئەساسەن ئەو بۆ چوونی تایبەتی خوی لەسەر کۆمەڵە هەبوو کە لەگەڵ زۆربەی هەرە زۆری ئێمەدا نەدەهاتەوە!

پاش چەند حەفتە هەردووک فەرماندە هێزی سەقز و سنە (کاوسی نیازمەند و مەمی تەهامی) بە هوی "کەمکاری" لەم شەڕە دا لەسەرکار لابران و سەرگوردیش بە ژمارەیک پێشمەرگەوە، وێڕای زۆربەی ئەندامانی کومیتەی ناوەندی، بە بیانووی بەشداری لە پلۆنۆم گەڕایەوە (یان بانگ کرایەوە) بۆ دەفتەری سیاسی و لە رێگادا، لە ناوچەی بانە تووشی شەڕ لەگەڵ هێزەکانی کۆماری ئیسلامی بوون. بە داخەوە سەرگورد عەلیار و چەند پێشمەرگەیکیتر لەم شەڕە دا گیانیان لەدەست دا کە من تەنیا ناوی کەسێکیانم لە بیرە بەناوی عەبوبەکری کاکەبرا ناسراو بە عەبوو سەقزی کە پاسەوانی تایبەتی سەرگورد عەلیار بوو.

## *درێژەی خوێنڕشتن و کوشتار*

پێش لە گەڕانەوەی سەرگورد کەریمی عەلیار بۆبنکەی ناوەندی حیزب، کاک مەلا حەسەنی شیوەسەلی فەرماندەری هێزی موعەینی (سەردەشت) بە ٦٠-٧٠ پێشمەرگەوە گەییشتبووە ناوەندی ئاژوان لە ئاوایەکانی بایەر و بۆردەمە جێگیر ببوون. پیویستە بێژم کە هێزی موعەینی یەکێک لە چالاکترین و بەهێزترین هێزەکانی حیزبی دێموکرات بوو و، ئەم پێشمەرگانەش کە

مەلاحەسەن لەگەڵ خۆی هێنابوونی هەڵبژاردەی ئەو هێزە بوون. دیارە حیزب لە ناردنی مەلا حەسەنیش هەر ئەو مەبەستەی بوو کە سەرگورد عەلیاری بۆ دیاری کردبوو. واتا لە بەینبردن، یان هیچ نەبێ زەبرێکی گرانی وا لە کۆمەڵەدان کە ناچار بێ سەردەستی و ئوتۆریتەی حیزب قەبووڵ بکات. ئەم داخوازییەی حیزبی دیموکراتیش بە راشکاوانە لەو خاڵانە دا کە حیزب وەک مەرجی راگرتنی شەڕ داینابوون دەبینران.

پاش حەفتەیک کۆبوونەوە و ئاڵ و گۆڕکردنی زانیاری و بیر و ڕا، ئاژوان بڕیاری دا بەشی زۆری هێزەکانی لە ئاواییەکانەوە (بایەر، بۆردەمە و سێف) راگوێزێ بۆ میشیاو و لەوێشەوە هێرشێکیتر بکاتە سەر نەرمەڵاس. بەڵام کۆمەڵە پاش تێکشکاندنی هێرشەکەی جاری پێشووی حیزب، کەوتبوونە بیری چۆڵکردنی نەرمەڵاس و زۆربەی هێزەکەیان بردبووە بەرزاییەکانی کانیشەکرە و پشتی وشکەڵان. لەوێشەوە گشت ناوچە و جموجووڵی حیزبیان لە ژێر چاوەدێریدا بوو. جگە لەوە، لە رێگای کۆنترۆڵکردنی بیسیمەکانی حیزبەوە ئاگاداری هەموو هەڵسوکەوتی ئێمە بوون و ئەیانزانی پلان و بەرنامەمان چیە بێ ئەوە حیزب بەم لاوازییەی خوی بزانێ!.

کە ئێمە چوینە میشیاو، رۆژی دوایی دەستەیک پێشمەرگە بۆ شناسایی چوون بۆ دەور و بەری نەرمەڵاس و کەمکەم بۆیان دەرکەوت کە کۆمەڵە لە نەرمەڵاس نەماون. رۆژی دواتر ئێمە سەرجەمی هێزەکەمان بەرەو نەرمەڵاس کەوتینەڕێ و بێ شەڕ و تەقە چووینەوە جێگایک کە سەردەمێک بنکە و شوێنی حەوانەوە و دووجاریش مەیدانی شەڕ و پەلاماردان و سەرەنجام هەڵاتنی خومان بوو بوو. چوینە شوێنی جەنازەی هاوڕێیانمان کە لە هەردووک ئەو شەڕانە دا (هێرشی کۆمەڵە بۆ گیرانی نەرمەڵاس و هێرشی ئێمە بۆ ستاندنەوەی) بەدەست کۆمەڵە کوژرابوون و هەروا هاکەزایی لە لایەن کۆمەڵەوە، بە کۆمەڵ کرابوونە ژێرخاکەوە. جارێکیتر گۆڕمان بۆ کەندن و ئێسک و پرووسکەکانمان کردنە ژێر خاکەوە. من تا ئیستاش ئەو رۆژە وەک یەکێک لە تاڵترین رۆژەکانی ژیانی خوم ئەزانم و هەرکە باسی گۆڕی بە کۆمەڵ دەبیسم، یان فیلمێک لەو بارەوە پێشان دەدرێ، راست ئەو ئێسکانەم دێنەوە بەر چاو کە وا بێ خاوەن و مەزڵوومانە لەو چۆڵەوانییەدا دەرکەوتبوون.

ئیستا زیاتر لە دوو مانگ لەو ڕۆژە تێپەڕی بوو کە کۆمەڵە وەک نەورۆزانە، شەوی سەری ساڵی ١٣٦٤ هێرشی کردبووە سەر ناوەندی ئاژوان ئەم گوندە. ئەوکات هەموو شوێنێکی ئەم دۆڵە بەفر بوو، بەڵام ئیستا ئاخر کۆتایی ناوەڕاست مانگی بەهار و هەوا بەتەواوی گەرم بوو. بۆیە نە کۆمەڵە و نە ئێمە پیویستمان بە بنکە و جێگای سابت نە مابوو. هەرکەسە بنبەرد و سەر بەرزاییکی بۆ خوی کردبووە چەپەر و جمووجووڵی لایەنەکەیتری خستبووە ژێر چاوەدێری. هەرکە فرسەت و هەلی بۆ هەڵ دەکەوت گورزی خوی دەوەشاند و ماڵێک یان چەند ماڵەهەژارێکی کوردی پڕ لە خەم ، چەند دایک و خوشکی ڕەشپۆش وچەندین منالی هەتیو دەکردن. هەڵبەت بێ ئەوە چرکەیەکیش بیر لە ئاکامی کارەکەی بکاتەوە!

پاش حەفتەیک مانەوە لە شلێر، بەرزاییەکانی بەردەڕەشە و دووپلوورە و راو ڕاوێنی یەکتر لەگەڵ کۆمەڵە، بێ ئەوە تووشی شەڕێکی بەرچاو لەگەڵ یەکتر بین جارێکیتر گەڕاینەوە ناو گوندەکانی سێف ، بۆردەمە و بایەر و بووینەوە سەرباری خەڵک. خەڵکێک جگە لە ملکەچ بوون و بەڕواڵەت روویخوش نیشان دان بە ئێمە، چارەیەکی تریان بۆ نەمابوو. زیاتر لە دوومانگ بوو ماڵەکانیان ببوونە بنکەی ئێمە و بۆخویان و منالە رووت و هەژارە بێ قوتابخانە، دوکتور و دەرمانەکانیان لە دیوێکی بچووک. ( من و دە ١٠ پێشمەرگەیتر مالی کەسێکمان لە ئاوایی سێف دا کردبووە بنکە و خاوەن ماڵ بە پێنج منالەوە لە گۆشەیکی کادێنی بزنەکانیان دا دەخەوتن). لەبەر ئەوە ژمارەی ماڵەکانی ئەم گوندانە کەم بوون، هەرماڵە و زیاتر لە دە پێشمەرگەی بەر ئەکەوت. دیارە بە پێچەوانەی شەڕ لەگەڵ ریژیم، حیزب بۆ درێژەدانی ئەم شەڕە نیسبەت بە پارە خەرج کردن بۆ پێشمەرگە زۆر دڵ ئاوالە بوو و جگەلە موزاحیمەتی ئاسایی، خەرجی ئێمە لەسەر ماڵەکان نەبوو و بگرە خەیریشمان (لەمبارەوە) بۆ خەڵکەکە هەبوو. بۆ نموونە چەندین دووکان لەم ئاواییانەدا بەرپا ببوون و مشتەریشیان تەنیا ئێمە بووین.

هێزی موعەینی بەرزایی هەرە ستراتێژیکی پشت ئاوایی بۆردەمە (جێگای ناوەندی ئاژوان) یان گرتە ئەستۆ و شەوو رۆژ ٢٠-٣٠ کەسیان بەوێوە بوون. هێزی بێستوون و هەوشاریش لە سێف و میشیاو مانەوە و هێزەکانیتریش لە

گوندەکانی بایەری سەرو، خوارو و بۆردەمە دامەزران و چاوەڕوانی بڕیاری بەربەرپرسانماینەوە.

ناوەندی ئاژوان چەند کۆبوونەوەیان بەست و سەرەنجام مەلا حەسەنی شیوەسەڵیش لەگەڵ ژمارەیک لە پێشمەرگەکانی هێزی موعەینی دا گەڕایەوە بۆ ناوچەی سەردەشت و قەرار بوو فەرماندەریەکی تریان بە ناوی میرزا عەولای نیشکۆلان بە تیمێک پێشمەرگەی ترەوە بێتە جێگاکەی.

هێشتا ئەم دوو تیمەی حیزب لە رێگادا بوون کۆمەڵە هێرشێکی کوتوپڕی کردە سەر ئەو بەرزاییە کە پێشمەرگەکانی سەردەشتی لێ دامەزرابوون. سەعات لای چواری بەیانی بوو تەقە دەستی پێکرد و نزیک نیو سەعاتی خایاند. تەقەکە یەکلایەنە بوو. دیار بوو پێشمەرگەکانی حیزب بەتەواوی غافڵگیر کرابوون. لە شوێنەکانیترەوە هێزی حیزب بەهاواری هاورێیانمانەوە چووین بەڵام بەهوی بەرزی و حاستەمی جێگاکە نەدەکرا لە ماوەیکی کورت دا بگەیینە لایان. پاش نیو سەعات تەقە تەواو بوو. کە هێزی یارمەتی دەر گەییشتنە سەر بەرزاییەکە، ئاسەوارێک لە کۆمەڵە نەمابوو. تەنیا جەنازەی لەت و پەتکراوی حەڤدە ۱۷ پێشمەرگە لەوێ کەوتبوون و خوێن و وێرانی لە گشت لاوە! دەرکەوت کە زۆربەی ئەم پێشمەرگانە لە خەودا کوژراون و چەندکەسیان هەر لەناو کیسەخەوەکانیاندا گولەئاژێن کرابوون. کە هەوا روونـاک بووەوە لەدوورەوە کۆمەڵەکانمان بینین بەرەو دارستانەکانی شلێر دەگەڕانەوە و ئێمەش تەرمی هاورێیانمان کۆ کردنەوە و بەهاوکاری خەڵک لە گوندەکاندا بەخاکمان سپاردن.

## *کاک ڕەشاد سەمبوڵی دژایەتیکردنی شەڕی ناوخۆ*

پاش ئەو داویین زەربە قورسە کە لە لایەن کۆمەڵەوە بەر حیزب کەوت، وا ئەهاتە بەرچاو کە کۆمەڵە هێشتا پێشدەستی و ئیبتکاری شەڕەکەی بەدەستە. ئەم لێکدانەوەیە تا ئەو جێگەیە چووە پێش کە زۆر کەس هاتبوونە سەر ئەو بڕوایە کە ئەوە کۆمەڵەیە دیاری دەکەن لە کوێوە هێرش بکەن و زیان و زەرەر

بە حیزب بگەیینن. بەڵام ئەم شیوە فکرکردنەوە هەڵە بوو. دواتر دەرکەوت کە کۆمەڵەش هەروەک ئێمە و، بگرە زیاتریش ماندوو ببوون. ئەوانیش دەیانەویست بە جۆرێک واز لەم رووبەڕووی یەکتر راوەستانە بێنن و بە شێوەیەک شلێر چۆڵ کەن. زۆریشی نەخایاند ئەم کارەیان کرد. بەرە بەرە هێزەکانیان بەرەو ناو قووڵایی ناوچەی سنە و مەریوان بەڕێکردن و ژمارەیەکی بەرچاویان لە شاخی بەرز و بەرینی چلچەمە، لەو بەری جادەی مەریوان- سەقزەوە دامەزران.

ئێمەش بە دوای ئەواندا هێزی هەوشار مان پەڕیبوونەوە ئەو بەر جادەی مەریوان سەقز و لە ناوچەی سەرشیوی سەقز جێگیر ببوون. ئێوارەیەک ئێمەش نزیک دووسەد پێشمەرگە لە ئاوایی بۆردەمەوە کەوتینەڕێ و نزیک سەعات دووی شەو گەییشتینە ئاوایی دەرەویانی



شێخ کە گوندێکی تەقریبەن سەد ماڵی بوو. پێش گەییشتنی ئێمە هێزی هەوشار لەو گوندە ببوون و پاش ئاگادار کران لە هاتنی ئێمە، ئەوان رویشتبوون و ژمارەیەکی ١٥-٢٠ کەسی پێشمەرگەیان لەوێ مابوون تا دییەکە ئەمن راگرن و ئێمە بە دڵنیایەوە شەو بینە ناوی. ئێمە پاش ئەوەی گەییشتینە ناو دێ، بەسەر ماڵاندا دا دابەش بووین، خەڵکمان لەخەو هەڵستاند و دەستمان کرد بە نان و چایی خواردن. هێشتا بەتەواوی لە نان خواردن نەببوینەوە تەقە لە هەموو لایەکەوە دەستی پێکرد. کە لە ماڵەکان هاتینە دەر وەک باران گولە لە گشت لایەکەوە بەسەر ماڵەکان دا دەباری.

ئازار و ئەزموون
کۆمەڵە ئێوارە لە رووپشتنی هێزی هەوشار ئاگادار ببوون و زانیبوویان تەنیا ئەو ژمارە کەمە پێشمەرگەی ئێمە لە گوندی دەرەویان مابوونەوە. بۆیە ویستبوویان فرسەت بێنن و زەربەیەکیتر لە حیزب بدەن. بەڵام نەیان زانیبوو کە هاوکات ئێمەش بەو ژمارە زۆرەوە دین بۆ ئەو دێیە. شەڕ بە توندی دەستی پێکرد. دەرەویان لە ناو دۆڵێک دایە کە گرە بەردێکی سوور و سەخت لە پشت ماڵان و تەپۆڵکەیکی بەرزیش رووبەڕوی هەڵکەوتووە کە بەتەواوی زاڵە بەسەر گشت جێگایەکی گوندەکەدا. لەم کاتەدا هەردووکی ئەم بەرزایانەش کەوتبوونە دەست کۆمەڵە.

هێشتا ئێمە بە تەواوی خومان رێک نەخستبوو کە کوژراوێک، ئەسیرێک و بریندارێکمان هە بوو. بریندارەکە یەکێک لە فەرماندەرە ناسراوەکانمان بوو بە ناوی عەلی ئەشرەف مەجیدیان کە بەپەلە بۆ ژوورەوەی ئاوایی راگوێزرا. تا دەمەو رۆژ هێرشی ئەوان و بەرپەرچدانەوەی ئێمە درێژەی کێشا. کە رۆژ بویەوە دەرکەوت کە بەرزترین شوێنی ناوچەش، کە شاخێکی پشتسەری ئاوایی بوو لەدەست کۆمەڵە دایە. بەردەسوورەکەی پشت ئاوایی لە لایەن کۆمەڵەوە چۆڵ کرا بوو بەڵام لەبەر زاڵبوونی تەپەکەی رووبەڕوی دێ، ئێمە نەمان ئەتوانی بچینە سەری و بۆ خۆپاراستن بەکاری بێنین. ناچار هەوڵمان دا هێرش بکەینە سەر جێگای ئەسڵی، واتا تەپەی رووبەڕوو.

نزیک بە ٢٥ تا ٣٠ پێشمەرگەی کۆمەڵە لەم تەپەیە دامەزرابوون و وەک بزمار بە بەرد و سەنگەرەکانیەوە چەسپیبوون. هێرش لەدوای هێرشی ئێمە و بەرخۆدانی توند و سەختی ئەوان کاری شەڕەکەی گەیاندە نزیک سەعات ١٠ بەیانی. هێزی هەوشاریش لە وەزعەکە ئاگادار بوون و بەبەر چاوی چەندین پایەگای دوەڵەتەوە خویان گەیاندەوە لامان و هێرشیان کردە سەر بەرزترین بەرزایی کە کۆمەڵەی لێ دامەزرابوو. لەو بەرەیەشەوە شەڕ بەتوندی گەرم بوو. نیسبەتی هێزی ئێمە بوو بە چەند قاتی کۆمەڵە و، وردە وردە ئەوان ناچار بوون پاشەکشێ بکەن. لە پێش دا بەرزایەکەی پشت ئاوایی یان لێ سەندرایەوە. دواتر لە هەموو شوێنەکانیتر پاشەکشەیان کرد و بەرەو گوندی ئیساقاوا و بناری چلچەمە گەڕانەوە. ئێمەش تا هێزمان تێدا بوو وەدوایان کەوتین و لای سەعات ١٢ ی نێوەڕۆ گەڕاینەوە ناو ئاوایی دەرەویان. ئاکامی

ئەم شەڕە بۆ ئێمە لەدەسەت دانی ٥ پێنج پێشمەرگە بوو کە یەکێکیان جێگر لکێکی هێزی بێستوون بوو بە ناوی موراد کرماشانی. یەکێکی تریان سەدێقی ئەدیمی سەرلکی بەناوبانگی هێزی هەوشار بوو کە بە برووسکە ناوی دەرکردبوو. لە راستی دا رووبشتن و هەموو حەرەکەتێکی ئەم کوڕە جوانخاس و گورج و گۆڵە کە لە لای دەستی منیشەوە شەهید بوو لە برووسکە ئەچوو. یەکێکی تریان پێشمەرگەیەکی هێزی شاهۆ بوو بە ناوی جافری کاکایی کە ئەسیر کرا بوو بەلام کۆمەڵەکان لەکاتی هەلاتندا بۆیان نەبرابوو ئێعدامیان کردبوو. دواتر جەنازەکەمان لە بن ئەشکەوتێکدا دیتەوە. هەروەها دیلێک و چەندین بریندار مان هەبوون.

کۆمەڵەش پێنج جەنازەیان لە تەپەکەی رووبەڕوی ئاوایی دا بە جێمان کە یەکیان ناوی موزەفەر یەمێنان بوو و کچێکیشیان بە ناوی پەری بەدیل گیرا. رادیۆی حیزب و کۆمەڵە دیسان، هەرکام بە شێوەی خویان هەواڵی ئەم تێکهەڵچوونەیان بلاو کردەوە و پاش هەواڵەکەش هەرکامەیان دەستی کرد بە وتار و بابەت بلاوکردنەوە لە دژی ئەویتر. کۆمەڵە هەروەک جاران "تۆمەتی" حیزبی بورژوازی کوردی دایەوە پاڵ حیزبی دیموکرات و مزگێنی شکانی زیاتری ئەو حیزبەی دەدا بە "کرێکار و زەحمەت کێشانی کوردستان" واتا باوک و دایکی پێشمەرگەکانی ئەم حیزبە.

حیزبیش لە وتارێکی دوور و درێژی یەک حەفتەیی دا بەناوی "پولپۆتیزم بەکردەوە" هەوڵی ئەدا کار و کردەوەی کۆمەڵە و خێمیرە سوورەکانی کامبوجیا بە سەرۆکایەتی پۆلپۆت، وەک یەک نیشان بدات و خەڵکی کوردستان بترسێنێ کە:

ئەگەر رۆژێک کۆمەڵە بگاتە دەسەلات، وەک ئەوان جووتیار دەکاتە موهەندێس و دوکتور دەباتە کێوان جووتی پێ دەکات.

رەحمان قوربانی یەکێک لە کادرەکانمان و هاوڕێ خوشەویستی من، بە شۆخییەوە ئەیوت:

من تاماوم کۆمەڵە ئەکوژم. ئاخر من لە دست جووت کردن بوومەتە پێشمەرگە، چۆن دیسان حازرم برۆمەوە بەر جووت. بەلام هەردووکی ئەم باسانە لە راستی بە دوور بوون. نە حیزبی دیموکرات بۆرژوازی بوو و نە

کۆمەڵەش هیچیان لە پولپۆت و خێمیرە سوورەکانی کامبۆج دەچوو. ئاخر برا و خوشکی هێژام:

پاریس ، برلین، تۆکیۆ، نیۆیۆرک، سێئوول، ستۆکهۆڵم و سەدان شاری بەهەشت ئاسای تری دنیا لەلایان حیزب و دەسەڵات داری بورژواوە (کۆمەڵە ئەو کات چەپ و راستی دنیای بە بورژوازی پێناسە دەکرد) ساز، ئاوەدان کراونەتەوە و بەڕیوە دەچن، سیستەمی بورژوازی کولتوور و ژیانێکی مودێرن و پڕ لە پێشکەوتنی بۆ جیهان پێک هێناوە، دیموکراسی، تولەرانس و جوورێک ئازادی بۆ نەیارانی خوی بەڕەسمی دەناسێ. سەقافەت، شەفافیەت و سەداقەتیشی بەنیسبەت سیستەمەکەی خویەوە کردووەتە بناغە. بەڵام حیزبی دیموکرات نەک هەر فڕی بەسەر ئەم شتانەوە نەبوو (ئیستاش پاش بیست ساڵ هەر نازانێ چین) بەڵکوو لە سەر دابەشکردنی دەسەڵاتیک کە وجوودی نەبوو، لەشەڕی حیزبێکی تری کوردییەوە گلابوو و لە تێکنیک و کولتووری مودێڕنیش خەبەرێک نەبوو هەروەک ئیستاش نیە.

بۆیە ئەو قسەیەی کۆمەڵە زۆرتر وەک بوختانێک دەچوو کە دژی حیزبی دێموکرات بەکاری دێنا. هەروەک چۆن هیچکام لەم خاڵە باشانەی بورژوازی لە کۆمەڵەش دا نەبوون و ئەوانیش وەک حیزبی دیموکرات، لەگەڵ ئاوەدانی، تولەرانس، دنیای مودێڕن و دیموکراسی بێگانە بوون.

کۆمەڵە و پولپۆتیش بە هیچ شێوەیەک لەیەک نەدەچوون. لەلایەک کۆمەڵە هەڵسوکەوتیان لەگەڵ خەڵکدا لە ئێمە باشتر نەبوایە خراپتر نەبوو. کەسیان بەزۆر لە هیچ جێگایەک نەبردبووە دەر و ئوردووگای کاری ئیجباریشیان نەبوو. تازە ئەوان بە پێچەوانەی ئێمە، دیفاعیان لە شوورەوی نەدەکرد کە سەد قاتی کامبوج خەڵکی لێ کۆچ درا و ئەو کەسانەش کە لەژێر فشاری کاری ئیجباری، یان تێرۆری بێ حەد و سنووری ستالین دا گیران، ئەشکەنجەی وەحشیانە کران و سەرنجام کوژران، ژمارەیان لە هەموو خەڵکی کامبوجی ئەوکات زیاتر بوو. لەو لاشەوە ئەوان نەک هەر کامبۆج و پولپۆت، بەڵکوو رووس و چینیشیان پێ کومونیست نەبوو و بە هیچ شێوەیک نەدەکرا پەیوەندیک لە نێوان ئەم دووانە دا نەک هەر ساز بەڵکوو فەرزیش بکرێ.

بەڵام راست یان ناراست بوونی ئەم بۆچوونانە گرنگ نەبوو. ئەوە ئەساس بوو

کە جەو و کەش و هەوای ناو هەردووک حێزبەکە دژمنانە رابگیردرێ و خەڵکەکە ئامادە بن بۆ یەکتر کوشتن. دەنا بەدڵنیاییەوە زیاتر لە هەشتا لە سەدی بەدەنەی هەردووکلا، کەمترین ئاگاداریان لەسەر کامبۆجیا، یان هیچکام لە وڵاتانی بورژوایی نەبوو تا بتوانن بەراوردێکی راستەقینە بکەن و لەسەر بنچینەیەکی واقێعی و پتەو دژمنایەتی لایەنی هەمبەریان بکەن.

بە هەرحاڵ پاش گەییشتنی میرزا عەولای نیشکۆلان و هاوڕێیانی (فەرماندەری تازەی پێشمەرگەکانی سەردەشت) جارێکیتر بەرەو شلێر و بەرزاییەکانی نەرمەڵاس کەوتینەوە رێ. پاش دوو رۆژ لە جێگایەک بەناوی کانی شەکرە بنە و بارگەمان لێ خست. چەند تەپۆڵکەی ئەو بەرتریش کۆمەڵەی لێ دامەزرا بوون و بە دووربین سەیری یەکترمان ئەکرد. جار و باریش چەند رەگبارێکی بە بیکەیسی مان بەیەکدا ئەکرد تا زۆریش بێکار خومان حیساب نەکەین!

چەن رۆژ پێش گەییشتنی ئێمە، کانی شەکرە بنکەی کۆمەڵە بوو. ئێمە جێگا و ئاسەواری مانەوەی ئەوانمان لەوێدا ئەبینی. چەند سەعاتێک پاش گەییشتنمان بە کانی شەکرە، یەکێک لە فەرماندە کۆنە ئەرتەشییەکانمان گەڕا، هێندێک شتی کۆکردەوە و دواتر بانگی لە پێشمەرگەکان کرد وەرن سەیری قەحبەخانەی سەیار کەن! هێندێک لۆکە و شتی خوێناوی بوون کە ناوبراو دانە دانە هەڵی دەگرتن و بە دەنگی بەرز ئەیوت:

چاوتان لێیە؟ ئەوە هەمووی خوێنە، ...

رەشادی حوسەینی، یەکێک لە کادرەکانی حیزب چووە پێش. شتە خوێناویەکانی گرت بە دەسەتەوە و وتی هاوڕێیان ئەوە " نەوار بێهداشتییە". هەموو ژنێک عادەتی مانگانەی هەس. پێشتر دایک و خوشکی ئێمە پەڕۆیەکی کۆنیان بەکار دەهێنا، ئیستا بە جێ ئەو پەڕۆوە، ئەم شتە کە پێ ئەوترێ نەوار بێهداشتی ئیستفادە دەکەن. دیارە جگە لە رەشاد، زۆربەی پێشمەرگەکانیتریش ئەیانزانی نەوار بێهداشتی چیە، بەڵام کەسانێک هەبوون کە بەڕاستی وەک ئەو بەرپرسەی، یەکەم لەم شتە حاڵی ببوون.

هەرجۆرێک بێ لەسەر ئەم مەوزوعە سووک و دوور لە عەقڵە، دەمەقرەیەک لە نێوان ناڕازیانی شەڕ و خوازیارانی دا پەیدا بوو و رەشاد تووڕەیی خوی لەم

ئازار و ئەزموون
کردەوانەی خوازیارانی درێژەی شەری ناوخۆیی و شێوەی هەڵخەڵەتاندنی پێشمەرگە و خەڵک بۆ درێژەدانی ئەم شەڕەی کردە سووژەی باسەکانی ئەو شەوە و چەندین کۆبوونەوەی دواتریش.

حاتەم مەنبەری

# شوێنەواری درێژەی شەڕ لەسەر فەرسایشی هیزەکانی هەردوولا

زیاتر لە حەفتەیەک بوو لە کانی شەکرە بووین. رۆژانە تیمی چەندکەسیمان ئەنارده سەر بەرزایی و ناو دارستانەکانی دەورووبەرمان و شەوانەش کەمین و نگابانی مان لە هەرچوارلاوە دادەنا. کۆمەڵەش هەروەک ئێمە لە بەرزاییەکانی پشت هەنجیران و وشکەڵان بنەیان لێ خستبوو و جاروبار تیمی چەندکەسییان ئەهاتن بۆ رووبەڕوی ئێمە و بەدووربین جموجووڵیان ئەخستینە ژێر چاوەدێری. یەکێک لەم رۆژانە دوو پێشمەرگەی ئێمە بۆ "گەشت" چووبوون بۆ تەپێکی ئەوبەر تر و لە پڕ کەوتنە ناو کەمینی کۆمەڵە. ئێمە گوێمان لە تەقەکە بوو. بەپەڵە چووینە یارمەتییانەوە بەڵام کە گەییشتینە شوێنی تەقەکە بینیمان یەکێک لە پێشمەرگەکان بە ناوی حەمە سیاناوی کوژراوە و ئەوی دیکەش بە ناوی ئەکبەر مەنبەری بە زەحمەت خوی دەرباز کردووە.



پێشمەرگەکانی کۆمەڵە پاش ئەم زەربەیە هەڵاتبوون و لە شوێنی رووداوەکە دوور کەوتبوونەوە. ئێمە بەشوێنیاندا روویشتین و پاش ماوەیەک لە دوورەوە چاومان لێیان بوو بەرەو پشتی وشکەڵان ئەگەڕانەوە. دوورەتەقەیەک دامەزرا، ئێمە بە تیربار قەناسە تەقەمان ئەکرد و ئەوانیش وەڵامیان ئەدایەوە. دواتر دەرکەوت لەم تەقەیەدا یەکێک لە فەرماندەکانی کۆمەڵە بەناوی لەتیف نیکپەی کوژراوە. گوایا لەتیف بەهەڵە، بەدەست یەکێک لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە گیانی لە دەست دابوو نەک تەقە بێ هەدەف و دووراو دوورەکەی ئێمە .

ئازار و ئەزموون

سەرەنجام رۆژێک دوای کوژرانی حەمە سیاناوی، بڕیار درا بەنیازی شەڕی راستەقینە بەرەو شوێنی مانەوەی کۆمەڵە بڕوین و شەڕی سەروماڵییان لەگەڵ دا بکەین. بۆیە لەگەڵ رۆژ بوونەوەدا، نزیکەی سەد پێشمەرگە بە چەند دەستەی جیاواز، بەڵام هاو ئاهەنگ لە چەند مەسیرەوە بەرەو پشتی وشکەڵان کەوتینەڕێ. شوێنەکە هەم هەڵەمووت و هەڵدێر، هەمیش جەنگەڵ و لێرەوارێکی چڕوپڕ بوو. بەبیسیم ئاگامان لە یەک بوو دەنا لەبەر پڕی جەنگەڵەکە یەکترمان نەئەبینی.

پاش نزیک بە سەعاتێک گەییشتینە دۆڵێک و لەپڕ سەرمان بە کانی وئاوێکەوە دەرچوو. نزیک بە ١٠ کەس لە سەر کانییەکە دانشتبوون و تا سەرمان پێیانەوە هەڵ نەتەقی نەیان زانی. تەقە دەستی پێکرد. تەپ و تۆزێک و پاشان جگە لە جەنازەیەک ئەوانیتر بێ تەقە لە چاو ئێمە ون بوون. لە لای خوشمانەوە هاوار بەرز بووەوە وتیان میرزا عەولا بریندارە. چەند کەسێک چوونەسەر جەنازەی کۆمەڵەکە. دەرکەوت کەسێک بوو بە ناوی سەلاح ئەمانەتی کە یەکێک بوو لە فەرماندە ناسراوەکانی کۆمەڵە. دووربین شەوێکیش لەگەڵ کۆمەڵێک بەڵگە و سەنەد بەجێمابوون کە دەریان دەخست ئەم ژمارەکەسە هەموو فەرماندە و بەرپرسی بەرزی کۆمەڵە بوون و نیازی داڕشتنی نەخشەی هێرشێکی بەرینیان بووە بۆ سەر کانی شەکرە.

میرزا عەولای نیشکۆلان، فەرماندەری پێشمەرگەکانی سەردەشتیش بە سەختی بریندار بوو. بە هۆی سەختی برینەکەی میرزا عەولاوە کەس لەسەر شوێنکەوتنی کۆمەڵەکانی نەپەرژا و هەر ئەوەمان بۆ کرا کە هەرچێک زووتر بریندارەکەمان بگەیینینەوە کانیشەکرە لای دوکتور و دەرمان.

بە پەلە دارە مەیتێکمان لە داربەڕوەکانی ئەو ناوە سازکرد، بە نۆرە لەشی برینداری میرزا عەولامان هەڵگرت و بەرەو کانیشەکرە کەوتینەڕێ. بە داخەوە ناوبراو لەرێگادا گیانی لەدەست دا و بەم شێوەیە یەکێکیتر لە بەوەجترین پێشمەرگە و فەرماندەکانمان لە دەست چوو. چەند رۆژ دواتر، راوراوێن لە بەینی ئێمە و کۆمەڵەدا لە ناو ئەم جەنگەڵ و دارستانەدا بەردەوام بوو و رۆژی سێهەم پێشمەرگەیەکی دیکەی حیزب بە ناوی بەیان مەنبەری کوژرا و کۆمەڵەش چەند کەسێکیان کوژران بەڵام من ناوی کەسم لە بیر ناماوە.

پاش ئەم شەڕانە گەڕاینەوە کانی شەکرە. ورەی پێشمەرگە خراپ و وەزعی بەرپرس و کاربەدەستان خراپتر. زۆربەی شەوان کەس یان کەسانێک ئەڕۆیشتن و ریزی پێشمەرگەیان بە جێ دەهێشت. جا یان راستەوخۆ دەچوونەوە لای ریژیم، یان سەری خویان هەڵ دەگرت وبە قەبووڵکردنی هەزار مەترسی بەرەو یەکێک لە شارەکانی ئێران دەچوون و بە نهێنی ئەبوونە کرێکار! بەرپرسان بە تەواوی نەیان دەزانی چیبکەن. لە لایەک لە دەست ئەم شەڕە بێئاکامە وەک ئێمە ماندو و هیلاک ببوون و لە لایەکی ترەوە نەیان دەویست پاش نزیک بە چوار مانگ پلان دانان و پێشمەرگە هیلاککردن (ئەگەر نەڵێم بە کوشت دان) و پووڵ خەرجکردن، بێ سەرکەوتنێکی بەرچاو دەس لە یەخەی کۆمەڵە بکەنەوە و هەر کەسە بچێتەوە ناوچەی خوی!

دیارە هیچکام لە هێزەکانیشمان ئەو هێزە بەهێز، سەرحاڵ و چالاکەی چوار مانگ پێشتر نەمابوون کە بتوانن بێترس لە کۆماری ئیسلامی، بە تەنیا بگەڕێنەوە شوێنی خۆیان و خەریکی کار و چالاکی ببنەوە. بۆ نموونە هێزی ئێمە (بێستوون) لە نزیک بە ١٥٠ کەسەوە، هاتبوینە سەر نزیک بە هەشتا کەس. هەڵبژاردە ترین کەسەکانمان یان کوژرا بوون یان بریندار ببوون یان بەجێیان هێشتبووین و رویشتبوون. هێزەکانیتریش لە ئێمە خراپتر بوون بۆ نموونە هێزی دیواندەرە کەمتر لە دەکەسی مابوون، ئەوانی تریان خویان تەحویلی رێژیم دابوویەوە بە فەرماندە و کادرەکانیانەوە.

بۆیە ئەگەر بشمان ویستبا نەمان ئەتوانی هەر هێزە و بەرەو جێگای کاری ئاسایی خوی بڕوات و دەبوا دوو سێ هێز رێک بخرێن و بەرەو ناوچەی خویان بگەڕێنەوە کە دواتر هەر وای لێ هات. بەڵام کاتێک کۆمەڵە پێش ئێمە شلێری بۆ بە جێ هێشتین، لە سەقزەوە تا سنە هێزەکانی بڵاو کردنەوە و چەندین پەلاماریشی لە دژی سپای دەوڵەت ئەنجام دان ئەو کات ئێمەش بڵاوەمان لێ کرد.

## *داتەکین و لاواز بوون*

دە رۆژێک پاش دوایین شەڕی نێوان ئێمە و کۆمەڵە لە شلێر، ئاگادار کراین کە

هێزەکانی بێستوون، شەریفزادە و مەریوان ئەبێت بگەڕینەوە ناوچە و خەریکی کار و چالاکی خومان بینەوە. ئیستا ئەوەڵین مانگی هاوێنی ساڵی ١٣٦٤ی هەتاوییە و چوار مانگ بەسەر ئەو رۆژە دا تێپەڕیوە کە کۆمەڵە ناوەندی ئاژوان، بنکەی سەرەکی حیزبی بە شەڕ داگیر کرد. لەم چوار مانگە دا ئێمە و کۆمەڵە بە کردەوە هەموو کار و چالاکییەکمان وەلا نابوو بۆ یەکتر کوشتن و ئیستا کە یەکتر کوشتن نەما، دەبوا بگەڕینەوە ناوچەکانی مەریوان، سنە و کرماشان. وەک جاران رووی چەکەکانمان بکەینەوە ریژیم و رووی قسەشمان لە خەڵکی کوردستان.

لە سەرەتای شەڕەکەوە تا ئەو رۆژانە کە ئێمە لە کانی شەکرە بووین، ژمارەیەک لە فەرماندەر و بەرپرسانی سیاسی و سەربازی ئەم سێ هێزە (وەک باقی هێزەکانی تر) لە ریزی ئێمەدا نەمابوون:

فەرماندەری هێزی شەریف زادە (کاوس نیازمەند) لەلایەن بەرپرسانەوە لە سەرکار لابرا بوو و بۆ لێپرسینەوە نێردرا بوو بۆ بنکەی دەفتەری سیاسی کە ئەوکات لە باشووری کوردستان لە گوندی گەورەدێ بوو. فەرماندەری هێزی زرێبار (مەنسوور فەتاحی) کرابووە سەرپەرەستی هێزی سەقز چوونکە فەرماندەکەی ئەویش (مەمی تەهامی) وەلا نرابوو. چەند بەرپرس و فەرماندەی ترمان لەشەڕەکان دا کوژرابوون یان بریندار ببوون و بەرپرسی کومیتەی شارەستانی کرماشانیش (کاک بابا شێخ ناسری) خوی تەحویلی ریژیم دابووەوە. بۆیە شاپوور فیرووزی کە ئەندامی کومیتەی ناوەندی و ئەندامی ناوەندی ئاژوانیش بوو وەک سەرپەرسەتی سەرجەمی کاروانەکە دیاری کرا و سەرەتا بۆ سەرشیوی مەریوان و دواتر بەرەو قووڵایی ناوچەکانی سنە و کامیاران کەوتینەرێ.

یەکێک لە ئامانجە سەرەکییەکانی من لە نووسینی ئەم رووداوانە ئەوەیە کە نیشان بدەم ئەم شەڕە چۆن هێز و توانای ئێمەی لەبن کێشا و چۆن شیرازەی زۆربەی هێز و کومیتەکانمانی تێکدا تا قووڵای ئەو کارەساتە دەرکەوێ کە ناوی نەگریسی شەڕی ناوخۆیی لێ نراوە. بۆیە وێڕای تۆزێک دوورکەوتنەوە لە ئەسڵی رووداوەکان، باسکردنی درێژەی ئەم جەولەیە بە پیویست دەزانم.

ئەم سێ هێزە کە پاییزی ساڵی پێشتر، هەرکامەیان بە تەنیا و سەربەخۆ لە

ناو دڵی دژمندا و بێترس و خۆلادان لە رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ سپای داگیرکەر خەریکی هەڵسووڕان بوون، ئیستا هەموومان پێکەوە بەژمارە و کاراییەکی کەمتر و بە ترس و دوودڵییەوە حەرەکەتمان ئەکرد. لە لایەک ترسی هێرش و پەلاماری ریژیممان بوو، لە لایەکیترەوە بیرمان لەوەدەکردەوە کە لە کام دۆڵ، یان شاخ و بەرزایی تووشی کۆمەڵە بین و بە دوور لە دارستانی شلێر و لە نێوان دەیان بنکە و پایەگای ریژیمەوە راوی یەکتر بکەین. ساڵانی پێشتر ئەگەر جەولەیەکی لەو چەشنەمان کردبا حەتمەن لە هەر ناوچەیەک چەند گەنجی تازە ئەهاتنە ریزمانەوە و ئەبوونە پێشمەرگە. بەڵام ئیستا لە هەر ناوچەیەک یەک دوو کەسمان خۆیان ئەدزییەوە و ئەگەڕانەوە لای ریژیم . قسە و باس و پرسیاری خەڵکیش تەنیا لەسەر ئەم شەڕە بوو. بەتایبەتی کە کۆمەڵە هەرکۆیەک ئەچوون ئەیانوت کە ئەوان حازرن کۆتایی بە شەڕ بێنن، ئەوە حیزبی دیموکراتە کە ئامادە نیە و، راستیشیان ئەکرد.

لەگەل گەییشتنمان بە قووڵایی ناوچە، ریژیم هێرشی کردینە سەر و پێشمەرگەش وەک جاران بەرپەرچی پەلاماری ریژیمی دایەوە، زیانی قورسی پێ گەیاند و تامی تاڵی تێکشکانیشی پێ چێشت. بەڵام لەبەر کاری بوونی برینەکانی چوار مانگ شەڕی خۆکوژی هێشتا ماندوویەتی و پەرێشانحاڵیمان پێوە دیار بوو. لە کوڕەی میانە، (۱) زیاتر لە شانشین و شاخی شاهۆ، هێرش و لمبۆز لە قوڕدانی سپای داگیرکەری ئێران هاتنە ئاراوە و پێشمەرگە جارێکیتر نیشانیان دا کە ئەگەر تووشی تاوانی شەڕی ناوخۆیی نەکرێن، توانای بەرگری لە خاک و خەڵکی خویان هەیە. هاوکات لەگەڵ گەڕانەوەی ئێمە بۆ ناوچە، هێزەکانی سەقز و هەوشاریش گەڕانەوە ناوچەی خویان. ناوەندی ئاژوان و ژمارەیەکی کەم پێشمەرگەش لە دۆڵێکی شلێر دا مانەوە تا ئەو جێگایە بۆ کاتی گەڕانەوەی ئێمە بپارێزن. دیارە کۆمەڵە لەم هەلە کەڵکی وەرگرت، ژمارەیەک پێشمەرگەی گێرایەوە بۆ شلێر، هیرشی کردەوە سەر بنکەی ناوەندی ئاژوان و بۆ جاری دووهەم گرتییەوە. لەم هێرشەشدا هەشت پێشمەرگەی حیزب کوژران، چەندین کەس بریندار بوون و سەرجەمی کەل و پەل و بەڵگە و مەدارکی حیزب کەوتەوە دەستی کۆمەڵە کە بۆ خوی چیرۆکێکی درێژە.

کاروانەکەی ئێمەش لە ناوچەی سنە بووین بە دوو دەستە، ژمارەیەک مان بۆ

ناوچــەی کامیــاران- جــوانڕۆ و دەســتەیەکیش بــۆ چەمشــار و ژاوەرۆی ســنە کەوتینەڕێ. دەستەکەی چەمشار پاش ماوەیەک هەڵسووڕان، لە نزیک ئاوایی "سۆ" تووشی گوردانێکی کۆمەڵە بوون و شەڕێکی توند لە بەینیان دا دەستی پێکرد. شوێنەکە زۆر هەستیار و نزیک چەندین پایەگای ریژیم بوو. کۆمەڵەکان غافلگیر ببوون، بۆیە بە هاسانی نەدەکرا خۆبگرنەوە و هێرش بکەنە سەر حیزبییەکان. هێزەکانی ریژیمەیش لە چەند لاوە هێرشیان کردە سەر هەردووکلا و شەر بوو بە سێ بەرە، واتا شەڕی کۆمەڵە- حیزب، کۆمەڵە- دەوڵەت و دەوڵەت –دیموکرات. لە ئاکامی ئەم شەڕەش دا ٥ کەسی کۆمەڵە کوژران و فەرماندەری گوردانەکەش بە ناوی غولام زەبەردەست بە سەختی بریندار بوو. هەروەها یەکێک لە فەرماندەکانی ئێمەش بە ناوی حەمە رەنگینە هەردووک چاوی لەدەست دان و دواتر بە برینداری کەوتە دەست ریژیم.

دەستەی دووهەمیشمان پاش چەند شەڕ و تێکەڵچوون لەگەڵ هێزەکانی ریژیم، لە شاهۆ گیرساینەوە و بە دەستەی بچووک بچووک سەردانی ناوچە و گوندەکانمان ئەکرد. لە باری رۆحییەوە وەزعێکی خراپ بەسەرمان دا حاکم بوو. ژمارەیەک لە کادرەکانمان ناڕازی و هەر رۆژە و بیانوویەکیان بە کاک شاپوور فیرووزی ئەگرت. هێندێک جار تەنانەت جنێو و قسەی نا خوشیش ئەهاتنە ناو و کار دەگەییشتە جێگای دڵنەخواز.

سەرەنجام رۆژێک لە کاتی جێبەجێ کردنی ئەرکی حیزبی دا یەکێک لە ئەندامانی هەیئەتی ئیجرایی کومیتەی کرماشان و دوو کادری دیکە (رۆسەم کامیارانی، مەنووچەر موحەمەدی و عەلی ئەکبەر ئاسنگەرانی)خویان دزییەوە، گەڕانەوە لای دژمن. نازانم بەرپرسانی ڕێژیم چییان لەم سێ کەسە پرسیوە و ناشزانم کە ئەوان چییان وەڵام داوەتەوە، هەر چۆنێک بێت ڕۆژی دوایی ریژیم بە هێزێکی زۆرەوە هێرشی کردە تیمێکی چوار کەسیمان. تیمەکە رەشاد حوسەینی و حەمەکەریم نەدیمیشیان لەگەڵ دا بوون کە یەکەمیان وەک سەمبولی سەداقەت و پێشڕەوی موخالفینی ئەم شەڕە خۆکوژییە و دووهەمیش فەرماندە و پێشمەرگەی هەموو ساتێکی سەخت و وەک دەڵێن رۆڵەی رۆژی تەنگانە بوو. دوو کەسەکەی دیکە هاوڕێ مەولوود عەبدوڵاهی و ساڵح گوودەرزی

بوون کە هەڵبژاردەی ناو هێز و کومیتەکەمان بوون. بەیانی زوو ئەم ژمارە کەمە پێشمەرگە (٤ کەس) لە شوینێکی سەخت و پڕ مەترسی دا کەوتنە گەمارۆی دژمن و پاش شەڕێکی سەخت، ٣ کەسیان دوای تێکشکاندنی گەمارۆی دژمن توانییان دەرباز ببن بەڵام حەمەکەریم گیانی لەدەست دا و تەرمەکەی کەوتە دەستی دژمن.
دڵنیام کە هەموو ئەو کەسانە تەنیا جارێک، لە تەنگانەیەکدا لەگەڵ حەمەکەریم نەدیمی دا بووبن، لەگەڵم هاودەنگن کە ناو براو یەکێک لە ئازاترین پێشمەگەکانی هەرچوارپارچەی کوردستان و ناودارترین فەرماندەکانی ئەوکاتی هێزی بێستوون بوو. گومانم نیە ئەگەر کورد خاوەن وڵات، سپا و دەسەڵاتی خوی بایا، حەمەکەریم ئەیتوانی یەکێک لە گەورەترین ژنراڵەکانی بێت. بەڵام بەم شێوەیە و لە ئاکامی لێکترازانی شیرازەی هێزێکی بەهێزی بزووتنەوەدا، بە هاسانی مەجال بۆ دژمنی مان و ژیانمان رەخسا و کوشتی. پیویستە بڵێم کە حەمەکەریم لە تەمەنی پڕباری پێشمەرگانەی دا هەشت جار بریندار بوو کە جارێکیان چاویکی لەدەست دا و ئەم جارەش کە گیانی لە دەست دا هێشتا برینی چەند حەفتە پیشووی شەڕی شانشینی خوێنی لێ دەچۆڕی و هوی شەهیدبوونیشی هەر ئەوە بوو وەک پیویست نەیدەتوانی هەڵسووڕێ و لەم گەمارۆە سەختەدا دەرباز بێت.


## *(1) شەڕی کورەی میانە*

شەڕی کورەی میانە داستانێکی تاڵە، من لە جێگای خویدا بە وردی دێمە سەری و باسی دەکەم.

## *توانەوە و هەڵوەشان*

رەنگە شاپووری فیرووزی لە زۆربارەوە هەڵسووکەوتی بەدڵی نزیکانی خوی، یەکێک لەوان من (نووسەری ئەم بیرەوەریانە) نەبووبێت و پێچەوانەی چاوەڕوانییەکانی ئێمە جووڵابێتەوە. بەڵام لە باری ورە، تاقەت و حەوسەڵەوە کاک شاپوور سنووری مرۆڤێکی ئاسایی تێپەڕ کردبوو. راستییەکەی ئەوەیە کە

هێندێکجار من ئەوم وەک کێوێکی سەربەرز و بە هەیبەت ئەهاتە بەرچاو کە بەفر و باران، سەرماو گەرما بە هێند ناگرێت و بێباک و سەربوڵەند لە بەرانبەریاندا رادەوەستێ! کاک شاپوور زۆری هێزی دژمن، چەک و تفاقی زۆریان، سەخڵەتی رێگا و ماندوویەتی نەدەناسی و سەبوور و سەربوڵەند رۆژی تەنگانەی دەگەیاندە فەرعانەتی و، بەتاتبەتی کاتێک لەگەرمەی شەڕێکی نابەرابەردا، گولە تۆپ یان خومپارەیەک لە چەند مێتریماندا وە ئەرز دەکەوت، هەموو ئێمە توند خومان بچووک دەکردەوە و دەچووینە بنی بەرد




یان هەر پەنایەکی تر تا خومان لە مەترسی دوور خەینەوە، ئەو وەک بەردەکان بێدەنگ و سەنگین، لە جێ خویدا و بەوپەڕی خوێنساردییەوە، بێ هیچ خۆ فش کردنەوە و خۆ بە زل زانینێک، دوای تەقینەوەی گولەکە چاوێکی لە دەوروبەر دەکرد تا بزانێت کەسێک بریندار نە بووە ودواتر لە سەر خوی ئەیوت:

رووڵە هۆش خوتان وێت باوە هیزانە دیدەبانیان هەس!

بەڵام ئەم رۆژانە (شەڕی ناوخۆ) بە نیسبەت شاپووریشەوە تایبەتی بوون. پاش شەهیدبوونی حەمە کەریم نەدەیمی هەست پێ دەکرا کە ئەژنۆی شکاوە. زۆرجار ئەمان بینی کە لە کانگەی دڵەوە دەگری و خوی دەخواتەوە بەڵام ناوێرێ دەری ببڕێ. هێندێک جاریش بە قووڵی ئەچووە ناو بیرکردنەوە و لەگەڵ کەس قسەی نەدەکرد. نازانم، رەنگە لە ناخی خویدا بیری لە دوو ساڵ پێشتری خوی دەکردەوە کە کاتێک، پاش ساڵێکی پڕ لە سەرکەوتن و دوای ئەنجامدانی ٥٩ عەمەلیاتی هێزەکەی (هێزی بێستوون) بە تۆڵەی ئیعدامکردنی پەنجاو نۆ

لاوی شاری مەهاباد چوو بۆ بنکەی دەفتەری سیاسی، لە لایەن دوکتور قاسملووە وە بەگەرمی پێشوازی لێکرا و هەر لەسەر ئەو ڕێزلێنانەش بە زۆرترین دەنگ بوو بە ئەندامی کومیتەی ناوەندی.



ئیستاش دەیبینی کە هەموو هێز و دەسەڵاتەکەی بووەتە شەست حەفتا پێشمەرگە و لە شاهۆش بە هاسانی نانی خوشیان بۆ پەیدا نابێت!؟ یان ئەو ڕۆژانەی وەبیر ئەهاتەوە کە هەر کام لە سەرلکەکانی بە ٥٠-٦٠ پێشمەرگەوە ناردبوونە سەر جادەی پاوە -کرماشان، کامیاران - مەریوان و لە یەک ئان و سات دا عەمەلیاتیان ئەنجام ئەدا. بۆ خوشی لە هەواری هانیە لە بناری شاهۆ ( نەک وەک ئیستا لە دوورترین دۆڵی دا) دانشتبوو و بە بیسیمێکی پی ئار سی گاڵتەی بە فەرماندەیەکی کرماشانی سپای دژمن ئەکرد و جۆکی لەکی بۆ ئەگێڕاوە. نازانم دەڵێن مرۆڤ کاتی تێکشکان هەمیشە ڕۆژانی سەرکەوتنی پیشووی خوی وە بیر دێنەوە، بەڵام دەگمەن کاتی سەرکەوتن مەجالی بیرهێنانەوەی ڕۆژانی بێدەسەڵاتی خوی هەیە.

دەستەکەی شاهۆ ڕۆژانە لێمان کەم دەبووەوە، بڕوای تەواو لای هیچکەس و بە هیچ کەس نەمابوو. هەرپەل و تیمێکت ئەنارد بۆ نزیک گوندەکان (زیاتر بۆ نان و پێداویستی ئەچووین) کەس، یان کەسانێکیان خویان ئەدزییەوە، خۆیان تەسلیمی رژیم دەکردەوە و بۆ هەمیشە لە شۆڕش و پێشمەرگایەتی خوداحافیزیان دەکرد. کاروانەکەشمان لە دوورترین دۆڵی شاهۆ، لە ژێر لووتکەی پیرخەیەر و لە جێگایەک بەناو مەڕەئاوارە بنەی خستبوو. لەسەر چاڵەبەفرێکی خوا دەزانێ هینی کام قەرن (شاهۆ جێگای وای هەیە بەفری قەت ناتوێتەوە) خومان شاردبووەوە. پێشمەرگە بەفریان بە ئاگر دەتواندەوە، لە تەنەکەیەک دا گەرمیان دەکرد، خۆشۆردن، جلشوردن، ریشتاشین، ئاوخواردن،

چایخواردن و هەموو پیویستیەکیتری خویان هەر لەم ریگایەوە ئەنجام ئەدا و ئەم وەزعەش نزیک بە چل شەو و رۆژ بوو درێژەی هەبوو.

یەکێک لەو پێشمەرگانەی کە جێگای بڕاوی هەموومان، لەوانە شاپوور بوو مامۆ نەبی موحەمەدی بوو. ئەم ئینسانە شەریف و دڵپاکە، دوو کوڕی شیرینی لە شەڕی دوژمن و لە ریزی ئێمەدا گیانیان لەدەست دابوو و بۆ خوی و کوڕێکیشی گیان لەسەردەستانە رۆژانە خەریکی ئەرک و کاری تاقەتپڕووکێنی پێشمەرگایەتی بوون. مامۆ نەبی یەکێک لە کۆنترین پێشمەرگەکانمیشان، واتا لەوانە بوو کە لە بنکەی شارەوە لەگەڵ بوون.

لە یەکێک لەم مەعموورییەتانەدا کە مامۆ نەبی وەک سەرپەرەستی تیمێکی ۷ کەسی بۆ نانهێنان چووبون بۆ نزیک ئاوایی لۆن، تەنیا دوو کەسیان گەڕانەوە و ئاوانیتر بە مامۆ نەبیشەوە خویان تەحویلی سپای دژمن دایەوە! وەزعمان خراپی خراپ بوو. دەبوا فکرێکی ئەساسی بکرێتەوە. بەرپرسان رۆژانە لە رێگای بیسیمێکی راکاڵەوە، لەگەڵ دەفتەری سیاسی حیزب لە پەیوەندیدا بوون و گوایا "لەسەرەوە" دەیان وت:

تا ئەتوانن لە ناوچەدا بمێننەوە چوونکە کۆمەڵە هێشتا لە ناوچەن! من نازانم دوای چۆڵکردنی شلێر وەزعی کۆمەڵە لە ناوچەدا چۆن بوو، بەڵام بە هوی ئەوەیکە ئەوان زۆربەی هێزەکەیان بە کردەوە هاتبووە ناوچەکانی سنە-مەریوان-سەقز دەبوا گەڕان و شەڕکردن لەگەڵ ریژیم و ئێمەش بۆ ئەوان هاسانتر بووبێ. هەر بۆیە لە رادیو هەر چەند رۆژ جارێک هەواڵی شەڕیکی کۆمەڵەمان لەگەڵ سپای ئێران ئەبیست و رەنگە هەر ئەمەش بوو بێت کە رێبەرانی ئێمەی هێنابووە سەر ئەو باوەڕە کە ئێمە نابێت ناوچە چۆڵ بکەین تا کۆمەڵەش نەیکات!

پاش ماوەیک کاک شاپوور ئاگاداری کردین کە داوای لە هێزی شاهۆ کردووە لە هەورامانەوە بێنە پیریمانەوە و بەجێ گەڕانەوە بۆ ناوچەی سەقز و بانە (کە بەهوی بوونی کۆمەڵە لە تەواوی رێگاکان دا زۆر مەترسی دار بوو) ئەگەڕینەوە لای نەوسوود. ئەم خەبەرە هێندێک ورە و هیوای وەبەر هێنایەنەوە، دوای گەییشتنی کوڕەکانی هێزی شاهۆ، ئیدی کەسمان نەچووەوە خوی بە ریژیم تەحویل بداتەوە.

بە رێگایەکی هەڵەمووتی زۆر سەخڵەتدا کەوتینەڕێ و پاش شەو و رۆژێک رێگابڕین گەییشتینە جێگایەک کە ئەبوا بە ناو بەرەی شەڕی ئێران- ئێراق دا تێپەڕین. ئەم مەودا ٢-٣ کیلوومێترییە کە بە سەدان پایەگا و هەزاران سەربازی هەردوو ریژیم تەنرا بوو، مەترسی دارترین شوێنی ئەم سەفەرە پڕ خەتەرە مان بوو کە بە هیمەتی پێشمەرگەی سەختکۆشی هەورامان، بێ زیان پەڕینەوە و سەرەنجام گەییشتینە گوندی دەرەتفێ کە بنکەی هێز و کومیتەی هەورامانی لێ بوون. لێرەدا بوو کە من پاش چەندین مانگ، بۆ یەکەمجار بێترس لە خو تەحویڵدانەوەی پێشمەرگەکەی بنی دەستم خەوم لێکەوت!

پاش چەند رۆژان کاک شاپوور و بەرپرسان بانک کران بۆ بنکەی دەفتەری سیاسی و دوای نزیک بە چل شەوێک ئێمەش بەچەک و تفاقەوە، لە سەیتەرەی دەوڵەتی ئێراقەوە، بە سواری دوو مینی بووس و چەند لانکرۆزێر لە سنووری هەڵەبجەوە چووینە ناو باشووری کوردستان. لە هەڵەبجە لامان نەدا بەڵام شەوێک لە سلێمانی لە بنکەی حیزبداماینەوە. رۆژی دواتر بەرەو گەورەدێ، بنکەی دەفتەری سیاسی کەوتینەڕێ. دەستەکەی ناوچەی سنەش پاش شەڕەکەی ئاوایی "سۆ" لەگەڵ کۆمەڵە، بەرەو ناوچەی دیواندەرە و سەقز کەوتبوونەڕێ و پاش چەند شەڕ و تێکەڵ چوون لەگەڵ ریژیم، کە تێیدا فەرماندەی ئازا و خوشەویست حەمەی فاتێحی و پێشمەرگەیەکی تر بە ناوی رەزا حوسەین زادە گیانیان لەدەست دابوو، گەییشتبوونەوە سەر سنووری باشووری کوردستان و پاش ئاگادارکردنەوەی دەفتەر، ئەوانیش لە سنووری بانەوە خۆیان گەیاندە بنکەی دەفتەر سیاسی.

کۆبوونەوە و دانشتن بە شێوەی بەردەوام لە ئارادا بوون. بەتایبەتی حیزب خەریکی خۆئامادەکردن بوو بۆ بەستنی کۆنگرەی حەوتەمی خوی و ئێمە و خەڵکیش بێ ئۆقرە چاوەڕوان بووین کە هەرچێک زووتر ئەم کۆنگرەیە بگیردرێ، کێشەی شەڕی ناوخۆیی ببێتە گرنگترین کارەکانی و چارەیەک ببنیرێتەوە بۆ کۆتایی هێنان بەمماڵوێرانییە. بەڵام رێبەرایەتی حیزب سەری بە چەندین کێشەی ترەوە قاڵ بوو. لە راستی دا شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزب خەریک بوو وەک شتێکی ئاسایی چاوی لێ بکرێ. لە کاتێک دا سەرجەمی هێزەکانی بێستوون، شەریفزادە، زرێبار، هەوشار،عەزیز یۆسفی و دیواندەرە

ئازار و ئەزموون

وەک هێز نەمابوون و لە ماوەی ئەم حەوت- هەشت مانگەدا بە هوی شەڕی ناوخۆیەوە وردە وردە تواوبوونەوە و بەکردەوە لە سەروبەندی هەڵوەشانەوەدا بوون .

# کارەساتی قەڵاچۆکرانی گوردانی ورمێ کۆمەڵە

بنکەی رێبەرایەتی کۆمەڵە لە گوندی مالوومە, هی حیزبیش لە گەورەدێ لە ناو خاکی باشووری کوردستاندا بوو. مەودای نێوانیان ١٥-٢٠ کم زیاتر نەبوو. ئامرازی تەبلیغاتی هەردووکلاش، واتا رادیۆ و بڵاوکراوەکان هەرلەوێ بڵاو دەبوونەوە. پاش گەڕانەوەی هێزەکانی حیزب لەو ناوچانە کە لە ئەدەبیاتی ئەو حیزبانەدا پێ دەوترێ "جنووب"، واتا باشووری رۆژهەڵاتی کوردستان (کە سەقز، دیواندەرە، سنە، مەریوان، کامیاران ،کرماشان و... دەگرێتەوە)، رادیۆی کۆمەڵە لانیکەم حەفتەیەک وتارێکی لەسەر شکانی حیزب لەبەرانبەری هێزی "پۆلاینی" پێشمەرگەی کۆمەڵە دا بڵاو دەکردەوە و وای نیشان دەدا کە "سەرکەوتن" بۆ ئەوان بووە!

حیزبیش لە هەموو هەل و فرسەتێکدا تێدەکۆشا وا نیشان بدات کە کۆمەڵە لە گشت ناوچەکانیتردا "پاکسازی" کراوە. تەنیا لە سێ گۆشەیەکی بەرتەسکی نێوان سەقز- سنە- مەریوان دا کۆ کراوەتەوە و ناتوانێ روو بکاتە ناوچەکانی دیکە! بەتایبەتی دوکتۆر قاسملوو چەندین جار ئەمەی لە رادیۆ فارسییەکانی دەرەوە وەک : دەنگی ئامریکا، بی بی سی و رادیۆی فەرانسە دا باس کرد و هەولی دا کە رۆڵ و جێگای کۆمەڵە لە بزووتنەوەی کوردستاندا تا بکرێ بچووک و کەمبایەخ نیشان بدات.

ئەمە راست بوو کە کۆمەڵە لە ناوچەکانیتر دا نەمابوو و تەنیا وەک تیمی چەندکەسی ئەیتوانی سەردانی موکوریان بکات. بەڵام ئەم ناوچە سێ گۆشەیە کە حیزب باسی دەکرد، زۆریش کەم ئەهمیەت و بەرتەسک نەبوو. ئەوانەی شارەزای جێئۆگرافیای رۆژهەڵاتی کوردستان بن دەزانن کە لەباری بەربڵاوی و ژمارەی دانشتوانیشەوە لەو ناوچانە کەمتر نەبوو کە حیزب تێیان دا، بێترس لە کۆمەڵە هەڵسووڕانی هەبوو. هەروەها پێش ئەم شەڕەش کۆمەڵە کەمترین نفووز و حوزووری لە ناوچەی ورمێ، نەغەدە، شنۆ، پیرانشار و سەردەشت دا هەبوو و تەنیا مەهاباد، بۆکان و بانە بوون کە ئەوان نەیان ئەتوانی

هەڵسوورانیان وەک پێشوو هەبێ. بەڵام وادیار بوو کۆمەڵە لەم حیسابە نەگەییشتبوو. لەبەر خۆیەوە بەم تەبلیغاتەی حیزب قەڵس و فرەیچ بێتاقەت بوو. بۆیە سەرەنجام هەوڵیدا بە جۆرێک ئیدەعای حیزبی دیموکرات وەدرۆ بخاتەوە.

بە پێچەوانەی پێشبینی هەموو کەس و لایەنێکی شارەزای وەزع و باری ناوچەکە، ریبەری کۆمەڵە دەستی دایە کارێک زیاتر لە ماجەراجۆیی دەچوو تا پلان و هەنگاوێکی ژیرانە. ناردنی هێزێکی ٧٠ – ٨٠ کەسی بۆ باکووری رۆژهەڵاتی کوردستان، لە لایان کۆمەڵەوە، لەگەڵ هیچ حیسابکردنێکی سەربازی و پێشمەرگانە نەدەهاتەوە. من ئیستاش نازانم ئەوان بەم کارە دەیانەویست بە کام مەبەست بگەن؟ واتا ناردنی گوردانێک بۆ ناوچەی ورمێ کە سەدان پێشمەرگەی حیزبی لێبوون و خەڵکەکەشی چەند قاتی کۆمەڵە پشتی حیزبیان دەگرت کام کێشەی ئەوکاتی کۆمەڵەی چارەسەر ئەکرد؟

کۆمەڵە –رەنگە- بۆ ئەوە ناراستبوونی قسەی حیزبی دیموکرات بە دونیا نیشان بدات، لە کۆتایی دووهەمین مانگی پاییزی ئەو ساڵە دا (١٣٦٤/٨/٢٢) ژمارەیەک پێشمەرگەی لە سنووری شنۆ و پیرانشارەوە ناردەوە ناو رۆژهەڵاتی کوردستان. هەر لە سەرەتاوە حیزب ئاگاداری جموو جووڵی کۆمەڵە لەو ناوچانە بوو و چاوەڕوان بوو کە ئەم هێزە بگەنە جێ تا بە هێزێکی چەند بەرابەرەوە هێرشیان بکەنەسەر و لە ناویان بەرن. هێزەکانی کۆمەڵە تەنیا چەند رۆژێک لە ناوچە بوون کە کەوتنە بەر هێرشی حیزبی دیموکرات و لە چەند شوێندا کەوتنە کەمین. سەرەنجام بەیانییەکی زوو، لە لایەن هێزەکانی حیزبەوە لە خەو دا، بەشێکی زۆریان لە ناو کیسەخەوەکانیاندا گەمارۆ دران و پاش شەڕێکی دژوار و خوێناوی زۆربەی هەرەزۆریان کوژران و قەڵاچۆ کران. (یەکێک لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە بە ناوی مەجید ئازەری بە وردی لە بیرەوەرییەکانیدا باسی ئەم سەفەرە و رووداوەکانی کردووە و خوێندنەوەی ئەتوانێ قووڵایی کارەساتەکە نیشان بدات).

خەبەری ئەم شەڕە لە رادیۆکانی هەردووک لاوە راست پێچەوانەی یەکتر بۆ خەڵکی کوردستان بڵاو کرایەوە. کۆمەڵە ئیدەعای کرد:

"هێزەکانی ئەوان بەنیازی شەڕ نەچوونەتە ئەو ناوچەیە بەڵکوو بۆ

زەربەلێدان لە کۆماری ئیسلامی روویان لەو ناوە کردووە. بەڵام لە لایەن حیزبی دیموکراتەوە شەڕیان پێ فرۆشراوە، هێرشیان کراوەتەسەر و ژمارەیەکیشیان دوای بەدیل گیران ئێعدام کراون".

رادیۆی حیزبیش لە کاتێکدا کە لە خوشی ئەم "سەرکەوتنە" دا شاکەشکە بوو بوو دەیگوت:

"پۆلپۆتییەکان جارێکیتر بەختی رەشی خویان تاقی کردەوە.... و بۆ لەتمە لێدان لە بزووتنەوەی میلی دیموکراتیکی کوردستان بە رێبەرایەتی... بەڵام رۆڵەکانی دیموکرات وەڵامی... ئێمە جارێکیتر گەلەکەمان دڵنیا دەکەینەوە کە فریوی درۆشمی درۆزنانەی ئاشتی خوازی کۆمەڵە ناخوەین و ..."

لەم شەڕە پڕلە شەرمەدا، بە قسەی کۆمەڵە خوی ۲۷ پێشمەرگەیان کوژران و چەند کەسیشیان لە لایان حیزبەوە بە دیل گیران. ژمارەیەکیش بە برینداری گەڕانەوە بنکەی ناوەندی کۆمەڵە. بەڵام حیزب ژمارەی کوژراوەکانی کۆمەڵەی زیاتر لە چل کەس باسکرد و ئیدعای ئەوەشی کرد کە ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی کۆمەڵە لەترسی "زبری کوڕەکانی گەل، خویان لە پایەگاکانی ریژیمی کۆنەپەرستی ئاخووندی هاویشتووە"!

پاش گیرانی ناوەندی ئاژوان لە رۆژی نەورۆزی ئەو ساڵەوە تا کاتی ئەم شەڕە، رێبەرایەتیی حیزبی دیموکرات ئاواتی رۆژێکی وایای دەخواست. رۆژێک کە تۆڵەیەکی گران لە کۆمەڵە بکەنەوە و بڵێن کە ئێوە ناچارن شەرتەکانی ئێمە قەبووڵ بکەن، دەنا ئاواتان لێدەکەین. بۆیە رۆژی دوایی رادیۆی حیزب لە وتارێکدا جارێکیتر شەرتەکانی حیزبی وەبیر کۆمەڵە هێنانەوە کە گرنگترینیان ئەوە بوو کە کۆمەڵە حیزب بە شۆڕشگێڕ بناسێ و لە تەبلیغاتیدا دژمنانە لەسەر حیزب باس نەکات. کۆمەڵەش زوو وەڵامی دایەوە کە:

" ئەوان ملکەچی داوای ملهۆڕانەی حیزبی بورژوای کورد نابن و قەولی دا کە کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان تۆڵەی ئەم دەستدرێژی و تاوانە لە بورژوازی کورد دەکەنەوە."

ئەوەی من خوم پاش ئەم رووداوە بە چاوی خوم بینیم، لەناو رێبەران و کادرەکانی حیزبدا جگە لە کاک تاهێری عەلیار و رەشاد و... کە هەر لە سەرەتاوە دژی ئەم شەڕە بوون دوکتور حوسەینی خەلێقیش لەگەڵ ئاگادار

بوون لەم کارەساتە، بە گەرووی پڕلەگریانەوە باسی ئەم خۆکوشتنەی دەکرد و بێ شاردنەوە ئەیوت ئەوەی لەم بەینەدا زیانمەندە تەنیا هەژارانی کوردستانن و هەرچێک زووتر ئەبێت پێش بەم تاوانە بگرین. دیارە لە کۆنگرەش لەسەر ئەم بۆچوونەی خوی پێداگرت و خوازیاری کۆتایی شەڕەکە بوو.

بەم جۆرە گوردانی ورمێ کۆمەڵە نابوود کرا. دەیان بنەماڵەی کورد جەرگ سووتاو بوون و لاپەڕەیەکی رەشی دیکە لە میژووی کوردستان و حیزبە سیاسییەکانیدا تۆمار کرا.

# کۆنگرەی حەفتەمی حیزب و پێداگرتن لە سەر درێژەدانی شەڕ

کۆنگرەی حەفتەمی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە دووی ڕێبەندانی ١٣٦٤ ی هەتاوی لە نزیک ئاوایی کانیمێوی باشووری کوردستاندا گیرا. بەشدارانی ئەم کۆنگرەیە ژوورەوەی دووسەد کەس لە نوێنەری هەموو ئورگان و کومیتەو و هێزەکانی حیزب بوون. جگە لە شەڕی کۆمەڵە و حیزب، هێندێک گرفتی دیکەش لە رۆژەڤی کاری کۆنگرەدا بوون کە کێشە و ناکۆکی نێوان حیزب و ڕێکخراوی موجاهێدینی خەڵک لە سەرەوەی هەموان بوو. پاش هێرشی بەربلاوی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر حیزب و ڕێکخراوە ئێرانیەکان لە ٣٠ جۆزەردانی ساڵی ١٣٦٠ ی هەتاوی دا، بەشی هەرەزۆری ئەم لایەنانە ڕوویان کردە کوردستان و حیزب و کۆمەڵەش بێ ئەوە بچووکترین هەوڵ بۆ نزیکبوونەوەی خویان بدەن، هەرکامەیان "هاوپەیمانی" خوی لە ناویاندا دۆزییەوە، بەرە و تەنانەت حیزبیشیان لەگەڵ ساز کردن.

هاوپەیمانی حیزب بوو بە ڕێکخراوی موجاهێدینی خەڵکی ئێران و شوورای میلیی مەقاومەت کە ئەم ڕێکخراوە و بەنی سەدر پێکەوە سازیان کردبوو. دیارە هاوپەیوەندیی نێوان حیزب و ئەو ڕێکخراوە بووە هۆی مەترەحتربوونی شورای ملی مقاومت و هێز و لایەنی ئێرانی گرنگییان پێدا. ئەم هاوکارییە دووساڵی هەوەڵ باش چووە پێش. بەڵام پاشان دەرکەوت کە حیزب، سەرەڕای بوون لە شورای میلی مەقاومەت و قەبووڵ کردنی دروشمی ڕووخانی حکوومەتی خومەینی، هەوڵی جۆرێک وتو وێژی لەگەڵ ڕیژیمی تارانیشی داوە.

موجاهێدین بە ئاگاداربوون لەم هەواڵە شێت و هار ببوون و هەرا و هاواریان بەرز کردەوە. بۆیە بە ڕوونی و ڕشکاوانە داوای لە حیزب دە کرد کە، ئەگەر دەیهەوێت لە شوورا دا بمێنێ، دەبێت بەڵێن بدات کە هیچکات و بە هیچ شێوەیەک وتووێژ لەگەڵ ڕیژیمدا ناکات و... حیزبیش ئەو داوایەی موجاهێدینی

رەد دەکردەوە و دەیوت ئەوە لە سەربەخۆیی حیزب کەم دەکاتەوە.

حیزبی دێموکرات دەیگوت ئێمە بۆ خومان بڕیار دەدەین کە وتووێژ بکەین یان نا. سەربەخۆیی بۆ ئێمە گرنگترە لە مانەوە لە شۆرا و هەر شتێکی دیکەش. سەرەنجام موجاهێدین بە شێوەیەکی نەشیاو و دوور لە پرەنسیپەکانی رێککەوتن، حیزبی لە شوورا وەدەر نا و تەبلیغاتێکی بەربلاوی هیستریکی لە دژی حیزب، بەتایبەتی شەخسی د. قاسملوو دەست پێکرد. لەسەر ئەو ئەساسە بوو کە روون کردنەوەی هەڵویستی حیزب لە بەرانبەر موجاهێدین و شۆرای میلی موقاومەت ببووە بەشێکی گرنگ و ئەساسی کاری کۆنگرەی حەفت. دیارە سەرەنجامەکەشی گەییشتە ئەوە شوێنە حیزبیش بە توندی وەلامی ئەوانی دایەوە، بەتەواوی پەیوەندی و هاوکارییەکان لە نێوانیاندا پسان و تێکچوونی نێوانیان تا ئەو جێگایە چووەپێش کە پێوەندیی دۆستانەی پێشوو جێگای خوی دا بە جۆرێک دژمنایەتی. رێکخراوی موجاهێدینی خەڵک لە تەبلیغاتی رۆژانەی حیزب دا بوو بە "موجاهێدینی رەجەوی" و حیبزی دیموکراتیش لە تەبلیغاتی ئەوان دا بوو بە"گروە خانزادەی مزاکرە جو!".

کێشەی دووهەمی کونگرەی حەوت کە لە ڕاستیدا کێشەی سەرەکی و عەمەلیی بوو، شەڕی نێوان کۆمەڵە و حیزب بوو. ئەم کێشەیە بەشێکی بەرچاوی کار و وەختی کۆنگرەی گرت. تاهێری عەلیار، عەبدولای حەسەن زادە و دوکتور حوسەینی خەلێقی لە سەر خراپبوونی ئەم شەڕە و زیانەکانی بۆ حیزب و بزاڤی کورد قسەیان کرد و بەشی هەرە زۆری ئەندامانی دیکەی رێبەریش بە تایبەتی دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرەفکەندی لە سەر پیویستی درێژەدانی ئەم شەڕە، تا ئەوکاتە کۆمەڵە داخوازییەکانی حیزب قەبووڵ دەکات پێیان داگرت. تەنانەت کەسانێک لە ئەندامانی رێبەری هەبوون خوازیاری ئەوە بوون کە لە بەرنامەی حیزبدا بنووسرێ کۆمەڵە دژی شۆڕشە! پاش چەندین سەعات باس و لەیەک هەڵبەزینەوە، سەرنجام قسەی لایەنگرانی درێژەدانی شەڕ بوو بە بڕیار و ئەوانەش موخالێف بوون ناچار بوون یان تابێعی بڕیاری حیزب بن، یان بڕۆن و سەری خویان هەڵگرن کە هێندێک رێگای هەوەڵ و هێندێکیتر رێگای دووهەمیان هەڵبژارد. لە ناو ناڕازییانی درێژەدانی شەڕدا

دیارترین کەس کا تاهێری عەلیار بوو کە دوای رویشتنی، راگەیەندراوێکیشی دەرکرد و بیر و بۆچوونی خوی بۆ دەرەوەی حیزبیش ئاشکرا کرد.

وەک ئەسڵ و پرەنسیپ حیزبی دیموکرات کۆبوونەوە، کۆنفەرانس و کۆنگرەی هەبوون و هەموو بڕیارێکی چارەنووس ساز بە دەنگی زۆربەی بەشدارانی ئەم ناوەندە هەڵبژێراوانە و، لەم جێگایانەدا دەدران. بەڵام وەک گشت حیزبە سیاسییەکانی دیکەی رۆژهەڵاتی ناوین، ئەم ئەسڵانە لەو حیزبەشدا تەنیا لەسەر کاغەز و بەقسە بوون. دەنا بڕیاری ئەسڵی و پەسەندکراو هەر ئەوە بوو کە شەخسی هەوەڵ و هاوبیرانی ئەیاندا و موخالێف و ناڕازیان سەرەنجام رۆویشتن، یان تەسلیمبوونیان بۆ دەمایەوە. حەز دەکەم پێداگری لەوە بکەم کە زۆربەی هەرە زۆری ئەو بڕیارە داسەپاوانە، دوای ماوەیەک هەڵە و زیانبار بوونیان دەردەکەوت و بڕیاردەرەکانیشی خویان نەدەکردە ساحێبیان. تەنانەت هێندێک جاریش پێچەوانەی ئەو بڕیارە دەجووڵانەوە کە پێشتر دابوویان، بێ ئەوە دان بەسەر هەڵە و بڕیارە چەوتەکانی پیشووی خویاندا بنێن!

بۆ ئەوە لەم بارەوە بێ بەڵگە قسەم نەکردبێت، چەند نموونەی زەق، کە هەرکامەیان بە زۆر، فێڵ و دەستەبازی بوونە بڕیاری گشتی لە ناو حیزبی دیموکراتدا وەبیر دێنمەوە:

١ گەڵاڵەی شەق و شڕی شوورای بەرگری نیشتمانی بۆ خودموختاری کوردستان، ئەم گەڵاڵەیە کە یەک لە دەی داخوازییەکانی ناو بەرنامەی حیزبی تێدابوون، هەڵایەکی زۆری لە سەر سازکرا و فراوانبوون ئەو کەسانەی نەیار و موخالێفی هاوپەیمانی حیزب و موجاهێدین بوون کە ناچاری ملکەچی، یان دەرکران بوون. ئیستا من نازانم ئەو گەڵاڵەیە وەک شانازی کێ حیساب دەکرێ؟ شوورای میللی موقاومەت و گەڵاڵەی خودموختاریەکەی، نەک هەر هیچ قازانجێکی بۆ حیزب و بزووتنەوەی نەتەوەکەمان نەبوو، بەڵکوو دنیایەک وەخت و ئێنرژی ئەوکاتی ئێمەی گرت و چەندین ئەندام و کادری بەنرخی لەسەر وەدەرنران. کەچی ئیستا تاقە کەسێک لە حیزبی دیموکراتدا خوی بە خاوەن ئەو گەڵاڵەیە ناکات و رەنگە هەر لە ئارشیویش دا نەمابێت.

٢ نامیلکەی ناپیویست و زیانباری کورتەباسێک لەسەر سوسیالیزم (کۆنگرەی شەش). ئەم نامیلکەیە کە دەیان کادری حیزبی لە سەر دەرکران، ئەودەم و

ئیستاش بایی پوولێک پەیوەندی بە سیاسەت و کاری رۆژانەی حیزبەوە نیە و دیسان نازانم کێ خاوەنیەتی. ئەوکەسانە کە لە سەر دژایەتی و تەنانەت هاودەنگ نەبوون لەگەڵ ئەم خاڵەی ناو بەرنامەی حیزب سزا دران، داوایان لێکرا کە نامەی پەشیمانی بنووسن و ئەوانەی ملیان بەو بڕیارە نادێموکراتیکە نەدا، لە ریزەکانی حیزب دا وەدەرنران. کەچی ئیستا و رەنگە دەیان ساڵیتریش ئەو خاڵەی بەرنامەی حیزب، واتا کام جۆری سۆسیالیزم لە کۆمەڵگەدا دابمەزرێ! نابێتە رۆژەڤی حیزب و راستییەکەی دەگمەن کەسێکیش لە ریبەری ئەوکات و ئیستای حیزب، کەمترین بایەخ بە دادپەروەریی کۆمەلایەتی و سۆسیالیزم دەدات.

٣ لیستی ناباو و نا موناسبی فیکس بۆ شێوەی هەڵبژاردنی ئەندامانی رێبەری لە کۆنگرەی هەشتەم. ئەم لیستەیە کە حیزبی کردە دوو لەت، تۆی دووبەرەکی لە دڵ و دەروونی ئەندامانـدا چاند و هێشتاش زیانی تازەی لێدەکەوێتەوە. کەچی هیچکام لە بەشەکانی حیزب roوویان نیە جارێکیتر بەو شێوەیە هەڵبژاردن بکاتەوە.

بڕیاری درێژەدانی شەڕی کۆمەڵەش، لەو بڕیارانە بوو کە پاش کوژرانی سەدان پێشمەرگەی دیکەی هەردووکلا، بە هاسانی لەبیری خاوەنەکانی چوویەوە و ئەو کەسانەش کە ئەوکات خراپی ئەم بیرکردنەوەیان دەستنیشان دەکرد، هێشتا مافی خویان وەرنەگرتووە. ئەم مافەش بە بڕوای من داوای لێبوردنێکە کە بەشی زۆری رێبەرایەتی هەردووک لای ئەم شەڕە (کۆمەڵە و دیموکرات) دەبێت رۆژێک لەو کەسانە و لە سەرجەم خەڵکی کوردستان و بەتایبەت کەسوکاری کوژراوانی شەڕی ناوخۆیی بکەن.

## *خۆرێکخستنەوە و درێژەی شەڕ*

پاش کۆنگرەی حەوتەمی حێزبی دیموکرات هێز و کومیتەشارستانەکان رێکخرانەوە، کەس و بەرپرسی نوێ لە جێگای ئەوانەی پیشوو کە بە هەر مەبەستێک نامناسب دەزانران، دەرکرابوون یان بۆ خویان روویشتبوون و

جێگاکەیان خاڵی بوو، دانران. ئەمکارە لە پێشدا لە هێزەکانی جنووبەوە دەستی پێکرد کە بە کردەوە وەک هێز نەمابوون. هێزی بێستوون، شەریفزادە و زرێبار تێکەڵ کران و ناویان نرا هێزی زاگرۆس. کومیتەکانی کرماشان، سنە و مەریوانیش بوونە مەڵبەندی یەکی جنووبی کوردستان و وەک بەشی سیاسی تەشکیلاتی ئەو هێزە رێکخران. کاک فەتاحی عەبدولی وەک بەرپرسی مەڵبەند و کاک مەنسووری فەتاحیش وەک فەرماندەری هێزی زاگرۆس دیاری کران. هێزەکانی عەزیز یوسفی، هەوشار و دیواندەرەش تێکەڵکران و ناویان نرا هێزی دوی رێبەندان. کومیتەکانی ئەوانیش بوونە یەک و ناویان نرا مەڵبەندی دووی جنووبی کوردستان. شاپووری فیرووزی کرایە فەرماندەری هێز و حەکیمی رەزاییش وەک بەرپرسی مەڵبەند دانرا.

بۆ رۆژی راگەیاندنی ئەم سازماندەهیە تازەیە دوکتور قاسملوو خوی هات بۆ لامان و لە رێورەسمەکەدا قسەی کرد. لە سەرەتادا هێندێک باسی وەزعی دنیا، ئێران و کوردستانی کرد و پاشان هاتە سەر سیاسەتی حیزب و بڕیارەکانی کۆنگرەی حەفت. لەمبارەوە لەسەر بەرحەقبوونی داخوازەکانی حیزب بۆ کۆتاییهێنان بە شەڕ لەگەڵ کۆمەڵە قسەی کرد، گەلێک خاڵی دەستنیشان کردن و تی:

بەو دەلیلانەی سەروە باسم کردن ناکرێ هەروا لە خۆڕا ئەم شەڕە تەواو بکرێ. پیویستە کۆمەڵە "تەعەهود بدات کە جارێکیتر شەڕ بە حیزب نافرۆشێ. کاک دوکتور قاسملوو لە درێژەی قسەکانیدا وتی واديارە هێندێک لە هاوڕێیان "مەرعووبی" تەبلیغاتی کۆمەڵە بوون. بەڵام من دڵنیاتان دەکەم کە بەشی زۆری ئەو هەراوهوریایە کۆمەڵە دەیکات لە ترس و لاوازییەوە سەرچاوە دەگرێ. ئێمە خەبەر و زانیاریی دەقیقمان هەیە کە پاش ئەو زەربەیەی شومال (مەبەستی لەبەینچوونی گوردانەکەی کۆمەڵە بوو کە بە دەست حیزب چەند مانگ پێشتر لە ناو بران) وەزعیان زۆر خراپە و ژمارەی هێزی چەکداریان کەمتر لە هەشتسەد کەسە. سەردەرگومییەکی بەر بڵاو بە سەریاندا حاکمە و...

رەشاد حوسەینی دەستی بەرزکردەوە و وتی : کاک دوکتور بەشی هەرە زۆری ئەو زانیارییەی ئێوە هەڵەیە لەسەر کۆمەڵە. راستە ئەوانیش وەک ئێمە زەربەیان بینیوە بەڵام ئەوانیش رێکخراوێکن و خەڵکیان لەگەڵە. هەروەک ئێمە

کەسی تازە دێتە ناویان و لە بەشی هەرە زۆری ناوچەکانی جنووبدا ئەوان نفووز و ئیعتباریان لە ئێمە کەمتر نیە... پاشان لاوز بوونی کۆمەڵە بۆ ئەبێت بە قازانجی ئێمە بێت؟

دوکتور قسەکانی رەشادی بڕی و وتی : "لەسەرەتا دا من وتم کە کەسانێک لە هاورێیان بڕوایان بە تەبلیغاتی کۆمەڵە کردووە و لێ ترساون، وادیارە هەڵەم نەکردووە." بە هەرحاڵ سیاسەتی حیزب ئەوەیە باسم کرد. بۆ ئەوە شەڕ تەواو ببێت ئەبێت کۆمەڵە قەبووڵ بکات حیزبی دیموکرات حیزبێکی شۆڕشگێڕە. ئەبێت ئێعتراف بکات کە حیزبی ئێمە بەشی هەرەزۆری خەباتی رەوای کوردی لە سەر شانە کە خەباتێکی دیموکراتیک و دژی ئەمپریالیستییە. ئێوەش خوتان بەشێکن لەو حیزبە، زۆر باش دەزانن کە ئاشتی لە گەڵ ئەواندا دەوام و مانای نابێت ئەگەر لە سەر ئەم ئەساسە دانەمەزرێت. دیسان لە هەر جێگایەک کۆمەڵە خوی بە قەوی بزانێ هێرشمان دەکاتە سەر وەک چۆن لە کامیاران، مەریوان و سەرنجام لە هەورامان دا کردی.

ئێوە دەبێت بە ئیمان و ورەوە بگەڕێنەوە ناو خەڵکەکەمان و بزانن کە لە وەهلەی هەوڵ دا شەڕی ئێمە لەگەڵ ریژیمی کۆنەپەرەستی کۆماری ئیسلامییە. ئەگەر کۆمەڵە بێتە سەر رێگامان و بیهەوێ گێچەڵمان پێ بفرۆشێتەوە، ئەو کات ئێمەش وەک تا ئیستا کردوومانە وەڵامی پیویستیان ئەدەینەوە و.... سەرکەوتنتان بۆ بەئاوات ئەخوازم و دڵنیاشم کە ساڵی شەست و پێنج ساڵێکی پڕ لەسەرکەوتن دەبێت بۆ حیزبە شۆڕشگێڕ و خەڵکە قارەمانەکەمان کە هەموو کات پشتیوانی حیزبی خوشەویستی خویان بوون.

بەم شێوەیە رێورەسمی پێک هێنانی هیز و مەڵبەندیکی نوێ لە سەر پاشماوە و بنچینەکانی سێ هێز و کومیتەی تر کە ژمارە و توانای لە باشترین حاڵەت دا وەک یەکێک لەو سێ هێزەی پیشوو بوو کە ساڵ و نیوێک پێشتر هەمان بوو، بەڵام بە تەبلیغات و خۆخەڵەتاندن خومان لا بەهێزتر ئەهاتە بەرچاو، کۆتایی پێهات. ئێمە بۆ گەڕانەوە بۆ ناوچە ئامادە کراین کە بە هوی ئەوەیکە زۆربەی نزیک بە تەواوی گوند، جادە، بەرزایی و تەنانەت شاخەکانی کوردستانیش بنکە و پایەگای ریژیمیان لێ بوو و هەروەها بەشی هەرە زۆری هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەش لەو ناوە دا قەرار بوو وەک ئێمە پارتیزانی

بسوورێنەوە کارێکی پڕ لە مەترسی بوو. وەک دواتریش دەرکەوت ئێمە ناچار بووین لە هەموو شەڕەکانماندا لەگەڵ ریژیم، ترسی کۆمەڵەشمان هەبێ و لەشەڕ لەگەڵ کۆمەڵەش دا حەتمەن لە پشت سەرەوە شەڕی ریژیمیشمان تووش دەبوو. دیارە ئەم وەزعە بە نیسبەت کۆمەڵەشەوە هەروابوو. گەرچی هەردووکلا هەوڵیان ئەدا لە تەبلیغاتیاندا وا نیشان بدەن کە ریژیم لەم شەڕانەدا لای ئەویتر دەگرێ!

پاش تەواوبوونی کارە ئێداری و لۆجیستیکییەکان، لە ناوەڕاست مانگی بەهاری ١٣٦٥ ی هەتاویدا لە بنکەی دەفتەری سیاسییەوە بە ناو سەدان پایگا و سەیتەرەی بەعسدا بەرەو شاری سلێمانی بە چەندین ماشینەوە کەوتینەڕێ. شەو لە بنکەی حیزب لە سلێمانیماینەوە و بەیانی بەرەو سنووری پاشوور و رۆژهەلاتی کوردستان وەڕێ کەوتین. بەرپرسی پەیوەندییەکانی حیزب لەگەڵ ئێراق و ماشینێکی سپای ئەو ولاتە بە چەند سەرباز و ئەفسەرێکەوە لە پێش ماشینەکانی ئێمەوە ئەڕویشتن و لە سەیتەرەکاندا رێگایان بۆ دەکردینەوە. سەرەنجام لە دۆڵێکدا کە گوندێکی رووخاوی دەستی بەعەس بوو بە ناو چەوتان راوەستاین. هەرچوار دەورمان پایگا و سەنگەری ئێراقییەکان بوو. شەوێک و دوو رۆژ لەو گوندە وێرانکراوەدا ماینەوە و ئێوارەی دواتر بە ناو سەدان سەنگەر و مەقەڕی سەربازانی ئێراق و بە ناو هەزاران مین دا رێگایان بۆ کردینەوە و چووینە ناو خاکی رۆژهەلاتی کوردستان. لە دۆڵیکی بناری شاخی میراجی لە پشت ئاوایی سەردۆش، لە ناو هەژگ و بەردەلانێک و لە کاتێکدا باران هەموو شەوەکە جلەکانمانی تەڕی تەڕ کردبوون، بێ ئەوە لە ترسی کۆمەڵە و دەوڵەتدا بوێرین ئاگرێک هەڵکەین، جلە تەڕەکانمان وشک کەینەوە، خومان حەشار دا و لە بەر ماندوویی خەومان لێ کەوت...

## دەسپێکیساڵی ٦٥، تەرمی ٢٠ پێشمەرگە، دیاری کۆمەڵە و حیزبی دێموکرات بۆ خەڵکی کوردستان بوو

هاوکات لەگەڵ گەڕانەوەی ئێمە بۆ ناوچە، مەڵبەندی دوو و هێزی دووی رێبەندانیش لە سنووری سەردەشتەوە گەڕانەوە و جگە لە خویان ژمارەیەک

پێشمەرگەی هێزی ئاوارەی پیرانشاریش لەگەڵیان کەوتن. کۆمەڵەش بەشێکی بەرچاوی هێزەکانی ناردبوونەوە ناوچە. لە سنەوە تا سەقز خەریکی گەڕان و هەڵسووڕان بوون و لە هێندێک جێگا چاوەڕوانی گەڕانەوەی ئێمەیان دەکرد تا تۆڵەی گوردانی ورمێمان لێبکەنەوە. ئەو پێشمەرگانەی کە لە پیرانشارەوە هاتبوون پاش ماوەیەک مانەوە لە ناوچەی سەقز و بەشداری لە چەند شەڕ لەگەڵ ریژیمدا، بە نیازی گەڕانەوە بۆ ناوچەی خویان لە هێزی دووی رێبەندان و مەڵبەندی دوو مالاوایی دەکەن. پاش دوو رۆژ لە نزیک ئاوایی قوڵقوڵەی سەقز، دەکەونە ناو گەمارۆی هێزەکانی کۆمەڵە و تووشی شەڕێکی نەخوزراو دەبن. پێشمەرگەکانی کۆمەڵە ژمارەیان چەند قاتی ئەوان و هەموو بەرزاییەکانیشیان لە دەست دا دەبێ. سەرنجام ١٦ پێشمەرگەی حیزب لەم شەڕە دا کوژران و چەند کەسیش بە دیل گیران. رادیوی حیزب کاتی خویندنەوەی ئەم هەواڵە گوتی کە کۆمەڵە هەشت کەس لەم پێشمەرگانەی بە برینداری گرتووە و دواتر گولەبارانی کردوون. من دواتر هەم لە بەرپرسانی کۆمەڵە و هەم لەو پێشمەرگانەی حیزب کە لەو شەڕە دا بوون بیستووە کە کەسانێک ئێعدام کراون بەڵام چەند کەس بە تەواوی روون نیە! تا ئەو جێگایە من بزانم لەم شەڕە دا چوار پێشمەرگەی کۆمەڵەش کوژران.

بە شێوەی رانەگەیەندراو و نارەسمی، شەڕی کۆمەڵە و حیزب بە نیسبەت دووکەسەوە، واتا حەکیم رەزایی و شاپوور فیرووزی، کە بەرپرسانی یەکەم و دووهەمی هێزی حیزب لە جنووب بوون کرابووە کێشەی تاکەکەس و لەلایەن هێندێک کەسی ناو کۆمەڵەوە وەک شەخس بە تاوانباری ئەسڵی ئەم شەڕە دەزانران. کاتی هەڵگیرسانی یەکەم شەڕ کە ژمارەیەک پێشمەرگەی کۆمەڵە لە هەورامان بە دەستی حیزب کوژران (یان ئێعدام کران) حەکیم رەزایی بەرپرسی کومیتەی هەورامانی حیزب بوو. شاپووریش لە شەڕیساڵی شەستی نێوان کۆمەڵە و حیزب لە کامیاران، بەرپرسی یەکەمی حیزب بوو. هەروەها لەکاتی گیرانی هەردووک جاری ناوەندی ئاژوان دا، کۆمەڵێک نامەی شاپوور کەوتبوونە دەست کۆمەڵە (کۆمەڵە بەشێکی ئەم نامانەی بڵاو کردنەوە) کە زۆر بەتوندی دژمنایەتی کۆمەڵەی کردبوو و قەوڵی بە دەفتەری سیاسی دابوو کە

هەرچێک زووتر کۆمەڵە لە بەین دەبەن. لە حیزبیشدا بۆچوونێکی وا لەسەر حەکیم هەبوو کە ئەو سەبەبی هەڵگیرسانی شەڕ بووە. بۆیە لە هێندێک کەس دەبیسرا دەیانگوت: کێ شەڕی هەڵگیرساندووە با خوشی درێژەی بدات! دوای کۆنگرەی حەوت حەکیم ڕەزایی لە هەورامان لابرا و بە پێچەوانەی ویستی خوی کرایە بەرپرسی هێز و مەڵبەندێک کە ئەگەر نەشی ویستایە هەر دەبوو تووشی شەڕی کۆمەڵە ببێت!

حەکیم پێش ڕێکەوتن بەرەو ناوچە، وەک لە شریتێک دا (کە من بە وردی دوو جار گوێم لێ گرتووە) بە دوور و درێژی باسی کردبوو کە لەکاتی ڕوودانی ئەو شەڕە(شەڕی یەکەمی هەورامان) دا ئەو لە هەورامان نەبووە. کاتێک رادیو خەبەرەکەی خوێندووەتەوە ئاگادار بووە و ئیستاش حازرە لە هەر دادگاییکدا وەڵامدەر بێت و ئەگەر خەتایەکی کردبێت حازرە سزاکەی بکێشێ. لەم شریتە دا کە زیاتر وەک وەسیەت نامەیەک دەچوو دووپاتی کردبووەوە کە: من لە بەرانبەر وێژدان، نەتەوە و خوای خومدا سەربەرزم و ئەگەر بە سڵامەت لەم سەفەر دا گەڕامەوە ئەوکات گەلێک شت ...

چەند حەفتە دواتر کۆمەڵە لە نزیک ئاوایی ماسییەری شێخ سەرجەمی هێزەکەی حیزبیان لە ناوچەی سەقز، بە شاپوور و حەکیمیشەوە گەمارۆ دان و شەڕێکی سەخت دەستی پێکرد. لە چەند لاوە هێزەکانی ڕیژیمیش هاتنە مەیدان و سەنگەری هەردووکلایان دایە بەر تۆپ و خومپارە. لەم شەڕەشدا دوو پێشمەرگەی حیزب کوژران کە یەکێکیان عەبە سەلبێ فەرماندەری خوشەویست و فیداکاری ناوچەی هەوشار بوو. عەبە ئاخرین فەرماندەری هێزی بەتوانا و چالاکی هەوشار بوو کە لەم شەڕە نەگریسهدا سەری دەرکردبوو. پێشتر حەبیب شەیتان، سدێق ئەدیمی،عەباس ئەکرەمی و ... کوژرابوون و بە کوژرانی عەبە سەلبێش ڕیژیم بۆ هەمیشە بێ خەم و ترس، خەڵکی ناوچەی هەوشاریش بێ هێز و پێشمەرگە مانەوە!

سەرەنجام سەراسەری ئەو ساڵە کۆمەڵە لە گشت ناوچەکانی سەقز و دیواندەرە دا تەنگی بە حیزب هەڵچنی و ڕیژیمیش هەرکات فرسەتی بۆ هەڵ کەوتبا هێرشی ئەکردە سەر لایەک و زەربەی خوی دەوەشاند. تەواوی هەوڵی

کۆمەڵە بۆ کوشتنی حەکیم و شاپوور لەو ساڵەدا بێ ئاکام مایەوە. بەڵام کۆتایی هاوێنی ئەو ساڵە ریژیم هێرشێکی بەربڵاوی کردە سەر مەڵبەندی دووی جنووب و هێزی دووی رێبەندان. پاش چەندین سەعات شەڕ و تۆپبارانی دژوار، حەکیمی رەزایی کەوتە بەر تیری دژمن و گیانی کردە فیدای خەڵکی کوردستان. مەرگی ئەم رۆڵە هۆشیار و خزمەتکارە، بوو بەهۆی بێسەرپەرەست بوونی بنەماڵەکەی، ماتەمینی هاوبیران و خەڵکی کوردستان، بەتایبەتی ئەوانەی لە نزیکەوە حەکیمیان ئەناسی. هەرچەند ناسراویمان زۆر کورت و کەمخایەن بوو بەڵام بۆ من هاورێ و دوست و مامۆستایەکی بە ئەمەگ بوو و پاش زیاتر لە سی ساڵ، هێشتا هەست بە جێگای بەتاڵی لە ناو هاورێ و دۆستانی کۆنم دا دەکەم.

# خۆ گیل کردن لە شەڕی یەکتر

سالّی ٦٥ جگە لەو شەڕانەی کە لە بەشی پیشوو دا باسکران چەند تێک هەڵچوونی بچووکی تریش لە ناوچەی بۆکان، لە نێوان کۆمەڵە و هێزی بەیانی حیزبدا روویان دا. لە سەر گێرانەوەی هاوڕێیانم لە ناوچەی موکوریان گوایا لە یەکێک لەو شەڕانەدا کە لە جێگایەک بەناوی حاجی کیمی رووی دا، سەرەتا کۆمەڵە لە گەمارۆی حیزب کەوتن و پاش شەڕێکی سەخت گەمارۆکەیان شکاند بەڵام تا ئێوارە، کە هەردوولا سانیە ژمارییان بۆ تاریکبوونی هەوا ئەکرد تا لە دەست یەکتر هەڵێن دوورە تەقە وەک ئەرک و وەزیفە درێژەی هەبوو! لەم شەڕە دا سێ پێشمەرگەی حیزب کوژران کە یەکێکیان فەرماندەیەک بوو بە ناوی ئەحمەد خزری و هەروەها کۆمەڵەش سێ کەسیان کوژران بەڵام من لە ناو و پلەی تەشکیلاتییان ئاگادار نیم.

شەڕی دووهەم لە ئاوایی مێرگە نەخشینێ رووی دا. سەرەتا کۆمەڵە هێرشی کردە سەر دیدەبانەکانی حیزب و پاش چەند سەعات شەڕ پاشەکشییان کرد، لەم شەڕەشدا پێشمەرگەیەکی حیزب و یەکی کۆمەڵە کوژران و هەردووک لاش چەند برینداریان هەبوون. جگە لەرووداوی ئەم شەڕانە لە رووداوێکی تر دا کادرێکی چالاک و ناسراوی کۆمەڵە بە ناوی سلێمان موحەمەدی کە خەریکی کاری رێکخستن لە کوورەخانەکانی بۆکان بوو، لە کەمینێک دا بە دەست تیمێکی حیزب کوژرا. رادیۆی کۆمەڵە کاتی خوێندنەوەی هەواڵی ئەم رووداوە و دواتریش رای گەیاند کە حیزب ئەم کادرەی ئەوانی بە دیل گرتووە و دواتر ئێعدامی کردووە. من کەسانێک کە لەو شەڕە دا بوون لە نزیکەوە ئەناسم و هەم ئەو کات و هەم کاتی نووسینی ئەم بیرەوەریانە لێم پرسیون، ئەوان ئەم ئیدەعایە بە راست نازانن و دەڵێن: شوێنی رووداوەکە زۆر حەساس بوو، سلێمان لە یەکەم تەقەدا کوژرا و تەنانەت ئێمە سەرەتا دووشک بووین کە نەوەک تیمێکی خومان بێت تەقەمان لێ کردبێت!

لە شوێنەکانی دیکە دا بەتایبەتی لە شوێنی چالاکی هێزەکەی ئێمە، واتا

مەریوان، سنە کامیاران و.... هەردووک لامان هەوڵمان ئەدا تا بکرێ تووشی یەکتر نەبین و خومان لە شەڕ لا بدەین. هیچکاممان بنکە و بارەگایەکی سابتمان نەبوو و هەر رۆژە و لە دۆڵێک و لە پەنا شاخێک دا بووین. کە تووشی شەڕی ریژیمیچ ئەبووین بۆ جێگا و شاخێکیتر ئەڕویشتین و دوای ماوەیەک بێ وت و وێژ و شەڕ، کێوەکانمان لە بەینی خوماندا بەش کردبوون! کۆمەڵە دەوروبەری چلچەمەی، کە بە سەر ناوچەکانی سەقز، دیواندەرە و مەریوان دا زاڵ بوو کردبووە جێ مانەوە و دۆڵی شلێریشیان وەک جێ حەسانەوە و شاردنەوەی بریندارەکانیان بەکار دێنا. ئێمەش کێوەکانی کۆساڵان و شاهۆمان کە لە مەریوان ەوە تا کرماشان درێژ ئەبنەوە، بەر کەوتبوون تا لە کاتی لێقەومان دا پاڵیان پێوە دەین.

ئەو ساڵە هەم ئێمە و هەم کۆمەڵە لە بەرانبەر ریژیم دا زۆر چالاکتر بووین و دەیان شەڕ و پێکدادان هاتنە ئاراوە کە لە هەموویاندا شکان بەشی ریژیم بوو. بەتایبەتی کۆمەڵە توانی چەند بنکە و پایەگای ریژیم بە بێ زیان، یان بە زیانێکی زۆر کەم بگرێ وکەل و پەلەکانی بخاتە دەست خوی. لە راستی دا پێشمەرگە کاتێک شەڕی سەختی نێوان دوو هێزی پارتیزانی خاوەن بڕوای لە گەڵ رووبەڕووبوونەوە لە تەک هێزی بێ وەی ریژیمدا بەراوەرد دەکرد گاڵتەی دەهات و راونانی پاسدار و بەکرێگیراوی لەلا وەک "ئاوخواردن" وا بوو.

ساڵی ٦٥ هەتا سەر بەم شێوەیە کۆتایی هات. هەردووک لامان گەڕاینەوە شوێنی حەسانەوەمان کە ئێمە لە نەوسوود، هانەگەرمەڵە و کۆمەڵەش لە دوو گوندی سەرسنووری سەر بە باشووری کوردستان بە ناوی چنارە و بیارە دامەزران. نێوان بیارە و هانەگەرمەڵە بە پێیان، کەمتر لە نیو سەعات رێگا بوو. هەرچوار دەوری ئەم شوێنانە بنکە و سەنگەری سپای بەعس بوو و ئێمە لە سایەی ئەوانەوە نەمان ئەتوانی شەڕی یەکتر بکەین! بەشی کومیک و جێ پێکەنینی ئەم داستانە لەوە دایە کە کۆمەڵە و سپای رزگاری پێکەوە لە بیارە دا بوون و جاری واش بوو بۆ گەڕانەوە بۆ ناوچە، بە هۆی شارەزایی ئەوان لە ناوچەکەدا، رزگاریەکان ئەبوونە چاوساغی کۆمەڵە.

ساڵی ٦٦ کە گەڕاینەوە ناوچە هیچ پلان و عەلاقەیەکمان بۆ شەڕ لەگەڵ کۆمەڵە نەبوو. بەڵام چوونکە ئاشتییەک نەکرابوو، هەردەم ئیمکانی

تێکەڵچوونمان هەبوو.
دوای سێ شەڕی گران و پڕزیان کە لەگەڵ هێزەکانی دەوڵەت هەمانبوو، بۆ حەسانەوە گەڕاینەوە پشت ئاوایی بێساران. (من ئەو رۆژە راست لەم جێگایە نەبووم،لە شوێنێکی نزیکەوە بە بیسیم ئاگام لە هەموو رووداوەکە بوو) . بەیانی زوو هاوڕییانمان ئاگادار کران کە پشت سەریان کۆمەڵەی هاپێوە. ناچار هەرکامەمان لە ترسی ئەویتر رووومان کردە بەرزاییەک و بێ ئەوە حەز بکەین و بخوازین بەو وەختە نەگونجەدا خومان لە پایەگاکانی ریژیم ئاشکرا کرد. کۆمەڵەش راست وەک ئێمە لە شەڕی ریژیم و گرتنی پایەگای گوندی تەوریوەر گەڕابوونەوە و چەند برینداریکیان پێ بوون. هەردووک پایەگای کوڕەی مریەم و شانشین لەم سەر و لەوسەری بەرەی شەڕەوە بە سەر شوێنی هەردووکلاماندا زاڵ بوون و جار و بار رەگبارێک، یان خومپارەیەکیان پێوە دەناین و بە دووربینیش سەیری شەری ئێمەیان ئەکرد! ئەم شەڕەش تا هەوا بە تەواوی تاریک بوو درێژەی کێشا و دوای تاریک داهاتن هەرکامەمان بە شێوەیەک، لە ژێر تۆپبارانی سەختی ریژیمدا بەرەو شاخێک هەڵاتین و دەستمان کرد بە تیماری برینەکانمان! لەم شەڕەدا فەرماندەیەکی باشی هێزی شاهۆی حیزب، بەناوی سەید فەرەج حوسەینی گیانی لە دەسدا و سێ پێشمەرگەشمان بە توندی بریندار بوون کە یەکێکیان بە ناوی عەبدول رەوایی رۆژی دوایی لە کۆسالان گیانی لە دەست دا. یەکێکیتریان کوڕێک بوو بە ناوی کەریم ئەوێهەنگی لە بەر سەختی برینەکەی نەمانتوانی لەگەڵ خومان بیبەین ناچار لە هەوارێکدا بەجێمان هێشت و رۆژی دوایی لە لایەن هێزەکانی ریژیمەوە بەدیل گیرا.
کۆمەڵەش لەم شەڕەدا سێ پێشمەرگەیان کوژران و بێگومان برینداریشیان هەبوو. هەروەک جارانی پیشوو رادیۆی هەردووکلا کاتی خوێندنەوەی هەواڵی ئەم شەڕە، پایەگاکانی ریژیمیان "موتەهەم" کرد کە تۆپی زیاتری بەوانەوە ناوە.

# هاوێنی ١٣٦٤ دوای چۆڵکردنی شلێر

من بۆ ئەوە سەرەنجامێک لە شەڕی ماڵوێرانکەری نێوان کۆمەڵە و دیموکرات بە دەستەوە بدەم ناچار بووم تا دوایین رووداوی ساڵی شەست و شەش باسەکەم درێژە پێ بدەم. بەڵام بۆ گێڕانەوە و باسکردنی هەڵبژاردەی بە سەرهاتەکانی خوم لەو نێوانەدا، ناچارم بگەڕێمەوە ئەو جێگایە کە شەڕی کۆمەڵە بە شێوەی بەرەیی و پلانبۆکراو کۆتایی هات، هێزەکانی هەردووکلا بڵاوەیان لێ کرد و دۆڵی شلێریان بە جێ هێشت. ئەزانم هێندێک شت بە سەرپێیی دووپات ئەبنەوە بەڵام بۆ دەرخستنی نێوەرۆکی باسەکەم بە گرنگیان دەزانم و لەم بارەوە داوای لێ بوورین لە خوێنەران ئەکەم.

دوای بە جێهێشتنی شلێر هەرسێک هێزی سنە، مەریوان و کامیاران کە تێکڕامان کەمتر لەو هێزی بێستوونە بووین پاییزی پێشتر گەڕابووینەوە ناوەندی ئازوان، بەرەو ناوچەی خومان گەڕاینەوە و دوای حەفتەیەک گەییشتنە ناوچەی کۆماسی. لەو ماوەیەدا رێژیم لە سەرگەرمی ئێمە بە شەڕی یەکترەوە کەڵکی وەرگرتبوو و پایەگای لە زۆربەی گوندەکانی ئەو ناوەدا دانابوو. بۆیە ئێمە بە هاسانی و ئاشکرا نەماندەتوانی وەک پێشوو بچینە ناو ئاواییەکان و بە زۆری بە شاخەکانەوە دەماینەوە. دوای گەییشتن بە کۆماسی بە بناری کێوی قەلەبەرددا تێپەڕین و رۆژی دوایی گەییشتینە چیای بەرز و بە ناوبانگی کوڕەی میانە.

## *شەڕی کوڕەی میانە*

پێشتر من لە بەشی "پاشگەمارۆ دا بە کورتی ئیشارەم بەم شەڕە کردووە بەڵام دیسانیش هەڵئەگرێ بە وردی باسبکرێ و بنووسرێتەوە چوونکە هەم چۆنیەتییەکەی و هەم ژمارەی کوژراوەکانی رێژیم گەلێک جیاوازتر بوو لە شەڕەکانی پیشوومان. بۆیە هەوڵ ئەدەم بە کورتی لەیردە دا بیگێڕمەوە و چۆنیەتییەکەی بێنمە سەر کاغەز.

دوای گەییشتنمان بە لووتکەی کورەمیانە بەرپرسان پلانیان دارشت کە ژمارەیەک پێشمەرگە، بە سەرپەرەستی کاک سالار ئیبراهیمی و ئیبراهیم ئەحمەدی بنێرنە ناو ئاوایی میانە کە لە بناری ئەم شاخەدا هەڵکەوتبوو. مەبەست لەم کارەش ئەوە بوو کە دوای کۆکردنەوەی نان و پێداویستییەکانمان، هاورێیان لە چەند ماڵدا خویان حەشاردەن و دەمەو بەیان هێرش بکەنە سەر پایەگای رێژیم لەو گوندە و دەستی بە سەردا بگرن. ئەگەریش پایەگاکە بە تەواوی نەگیرا، پێشمەرگەکان بگەرێنەوە بناری شاخ، تێکرای هێزەکە ئامادەی کاردانەوە و هێرشی دژمن بین و زەربەیەکی گەورەیان لێ بدەین. سەعات نزیک چواری بەیانی کاک سالار بە بیسیم کاک شاپووری ئاگادار کرد کە هێزێکی زۆری رێژیم هاتوونەتە ناو ئاوایی و وا دیارە نیازی هێرشیان هەیە. کاک شاپوور، کە ئەودەم ناڕاستەوخۆ بەرپرسی یەکەمی کاروانەکە بوو دەستووری دا پێشمەرگەکان بێ خۆئاشکراکردن واز لە درێژدانی پلانەکەیان بێنن و هەموو بگەرێنەوە لای ئێمە تا بزانین دوای رۆژبوونەوە چی روو ئەدات.

دیارە ئێمە بەرزترین شوێنی شاخەکەمان لە دەستدا بوو و هێزی تەواویشمان بۆ بەرپەرچدانەوەی هەرچەشنە هێرشێکی دژمن هەبوو. بۆیە لە خوامان دەخواست دژمن هێرشمان بکاتە سەر و ئێمەش بەرپەرچی بدەینەوە تا هەم حزووری خومان بەهێز و زەربەلێدان لە دژمن نیشان بدەین و ئەو پەیامەیش بۆ خەڵک بنێرین کە شەڕی کۆمەڵە کەوتووەتە پەراوێز و وەک جاران گەڕاوینەتەوە ناویان.

لەگەڵ رووناکبوونی هەوا دەرکەوت رێژیم لە هەرچوار دەورەوە هێزی هێناوە و لە دیوی بەرقوڕوو و گۆشخانییەوە هێندە هاتوونەتە پێش خەریکە بگەنە سەنگەرەکانی ئێمە. پێشمەرگە وەک عادەتیان بوو لەم جۆرە کاتانەدا سەبوور و پارتیزانانە لە سەنگەرەکانیاندا ئارام و بێدەنگ چاوڕوانی لە داوخستنی دژمنیان ئەکرد. زۆری نەکێشا لەو بەرەیەوە شەڕ دەستی پێ کرد، دژمن کەوتنە داوی پێشمەرگە، دوای نیو سەعات بە سەختی تێکشکان و بۆ نیوقەدی شاخ پاشەکشیان کرد. ژمارەیەک پێشمەرگە بە ئەزموون و ئازای وەک مەولوود پاوەیی و حەمە عەلی لەیلاخیمان ناردبوونە بەرەی پێشەوە و دڵنیابووین کە تا دژمن نەگاتە بەرتیریان خۆیان دەرناخەن و هەر بەو شێوەیەشیان کرد.

لە یەکەم هەڵمەتدا چەند کەسێک لە هێزەکانی دژمن کوژران و جاشێکی خەڵکی دیوانەدەرەش بە برینداری بە دیلگیرا. کاتێک چەند پێشمەرگە ئەم کابرایەیان هێنایانە خوار لای ئێمە، دیتمان گوریسێکی رەش و درێژی لە پشتە! حەمەکەریم نەدیمی کە هێندەی ئازایەتییەکەی شۆخ و قسەخۆشیش بوو لە کابرای جاشی پرسی خاڵۆ ئەو گوریسەت بۆ چییە؟ کابراش بێ شەرم و شاردنەوە وتی راستییەکەی وتم ئەگەر پێشمەرگەیەکم ئەسیر کرد، بەم گوریسە دەست و لاقی ببەستم. هەر ئەو دەم من لە بەر خومەوە وتم "قوڕ بە سەر بزن نانی شوان بخوات"! حەمەدەمین فەرهادی کە بە دوکتور حەمەدەمین دەناسرا خەریکی پێچانی برینی کابرای جاش بوو و حەمەکەریم نەدیمیش وەک عادەتی خوی شۆخی لەگەڵدا ئەکرد و کابراش بە قسەکانی پێ ئەکەنی. جگە لەم کابرا دیواندەرەییە دوو کوڕی گەنجی تریان لە ئەسیرەکان هێنایە خوار. یەکێکیان برای دوو پێشمەرگەی خومان بە ناوەکانی ئەمین و ئەحمەد نەسرولایی و ئەوی دیکەش کوڕی باوەژنی دوو پێشمەرگەی دیکەمان بە ناوی ئەولەسەن و حەسەنی مەنبەری بوو. ئەم دوو کوڕە بەو هۆیەی سەرەوە باسکرا لە ژمارە دیلەکەی دیکە جودا کرابوونەوە و هەر بەم بۆنەشەوە لە مردن رزگاریان بوو. چەند کەس لە بەرپرسان خەریکی لێکۆڵینەوە لەم دوو سەربازە دیلە بووین لە پڕ دیتمان مەولوود عەبدولاهی هاتە خوار، زیاتر لە ٢٠ دانە سەعاتی هێنان و وتی ئەوانە گشتیان هی جاشەکانن!

ئەو جەمعەی لەوێ بووین زیاتر لە ١٥ کەس دەبووین. تێکڕا کادر و بەرپرس و کاک شاپوور لە ناوەڕاستی هەمووماندا دانشتبوو. دوای ژماردنی سەعاتەکان کارتی شناسایی نزیک بە ٣٠ کەسیان هێنایە خوار و هەموومان دەستبەدەست چاومان لێ کردن و کەسێکیش لیستی ناوکانی ئەنووسی. دەرکەوت هێزەکەی رێژیم بە شێوەیەکی خراپ تێکشکاوە و ئەم ژمارە کەسەش لە نێوان دوو دڕنالەبەرد دا تووشی ژمارەیەک پێشمەرگە بوون و دوای ئەوە مەجالی هەڵاتنیان نەبووە خویان رادەست کردبوو. لە بەر ئەوە من لە بەرەی ئەسڵی شەڕەکەوە دوور بووم، بە تەواوی نازانم ژمارەی دروستی ئەم ئەسیرانە چەند، بەلام دەزانم ژوورەوەی ٣٠ کەسیان سەرباز و زۆرەبەشیان سەربازی کوردبوون.

وەک هەموو جارەکانی دیکە لەم رۆژەشدا رێژیم دوای تێکشکانی هێزەکانی

تۆپبارانێکی خەستی دەست پێکرد و شوێنی دانشتنەکەی ئێمەشی کە کانیاوێک بوو بە توندی دەکوتا. تۆپێک لە ٥٠ مێتریمانەوە کەوتە زەوی، هێسترێک کە بۆ بارهەڵگرتن بە کارمان دێنا بەرکەوت و کوژرا. تۆپی دووهەم لە نزیکترەوە کەوتە ئەرز و لە ناو تۆز و دووکەڵدا نوقمی کردین. هەرکەسە بە لایەکدا روویشت وبڵاوەی کرد. دوکتور حەمەدەمین پراشەیەک بەر پێ کەوت و قامکی گەورەی پای لەت و پەت کرد. من پڵاشەیەک سەر رەفیسقەی پام کەوت بەڵام برینەکەی زۆر گران نەبوو. دوای ئەوە تەپ و تۆزی تۆپکە نشتەوە روویشتینە ناو بەردەکانی ئەولاتر و چاوەڕێ درێژەی شەڕماینەوە. دوو هلیکۆپتر هاتنە مەیدانی شەڕ بەڵام لە بەر بەرزی شوێنەکە و بوونی بیکەیسییەک کە هەمانبوو نەیاندەوێرا زۆر نزیک ببنەوە. لە هەموو ماوەی شەڕەکەدا ژمارەیەک جەنازەی دژمن بە دیوی بەرقوڕوو دا لە مەیدان کەوتبوون بەڵام رێژیم نەیدەوێرا بێت و کۆیانکاتەوە. سەرەنجام چۆن سەرەتای شەڕ ئیبتیکار لە دەست پێشمەرگەدا بوو تا دواین ساتەکانی رۆژیش هەر وابوو و دژمن سەرەڕای زیانێکی قورس. جگە لە تۆپبارانێکی کوێرانە هیچی دیکەی لە دەست نەهات.

ئێوارە داهات و پێشمەرگە لە سەر کانیاوەکە کۆبوونەوە. جگە لە من و دوکتور حەمەدەمین، سیاوەش گوودەرزی یەکێک لە پێشمەرگە و کادرە دەرمانیە باشەکانمان و ئیبراهیم ئەحمەدی فەرماندەی ئەودەمی هێزی زرێباریش بریندار ببوون. برینی سیاوەش و حەمەدەمین فەرهادی قورس بوو دەبوا سواری وڵاغیان کەین تا لە کاروان بە جێ نەمێنن بەڵام من و ئیبراهیم ئەمانتوانی بە پێ خومان بڕوین.

دوای ئەوە هەموو هێزەکە کۆبوونەوە و هەواڵی ئەسیرەکانمان پرسی، لە وەڵامدا وتیان ئێعدامکران! ئەو پێشمەرگانەی لە شوێنی شەڕەکەدا بوون و ئەم کەسانەیان دیل کردبوو، لە رێگای بیسیمەوە لە کاک شاپوور دەپرسن چی بەم ئەسیرانە بکەین؟ کاک شاپووریش وەک عادەتی بوو بێ پرسوجۆ لەگەڵ کەس، بڕیاری کوشتنیان ئەدات و هەر لەوێ بڕیارەکە جێبەجێ دەکرێ. رۆژی دوایی رادیۆی حیزب هەواڵی ئەم شەڕەی وەک "سەرنج بدەن" خوێندەوە و ژمارە، ناو و شوێنی لە دایکبوونی قوربانیەکانی ئەم شەڕەشی بە وردی باسکرد. بەڵام هەواڵێک لە دیل و ئێعدامکران لە گۆڕێدا نەبوو. هەڵبەت سەرنج بدەن لە

رادیـۆی حیـزب دا تـایبەتی ئەو هەوالانە بوو کە رێژیم زیانێکی گەورەی بەردەکەوت و پێشمەرگەش بێ زیان یان زۆر کەم زیان بوون. ئەم شەڕەش چووە قالبی ئەو هەوالانەوە بێ ئەوە گوێ بدرێتە چۆنیەتییەکەی و سووتانی جەرگی دەیان ماڵە کورد.

بێ هیچ شکێک ئەم رووداوەی کوڕەی میانە یەکێک لە لاپەڕە رەشەکانی مێژووی پڕ لە شانازی پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتە و ئەبێت زیاتر لەمەی لە سەر بنووسرێ. دوای ئەم رووداوە دەیان بنەماڵەی ناوچە رەشپۆش و جەرگسووتاو بوون و ئێعدامکرانی رۆڵەکانیان لە لایەن پێشمەرگەوە وەک راستییەکی تاڵ بە نابـاوەڕییەوە قبـووڵکرد. بەلام بە وێـژدانەوە دەیلێم هەرچەند کاک شاپوور وەک ئەندامی ناوەندی و بەرزترین بەرپرس لەم کۆمەڵە خەڵکەدا خوی ئەم بڕیارەی دەرکرد و پرسی بە هیچکام لە بەرپرسانی دیکە نەکرد، دیسان لای من رەوا نیە سەرجەمی ئەم تاوانە بخرێتە سەر ناوبراو. بێدەنگی و بێتەفاوتی گشت ئێمەش خوی یارمەتیدەرێک بوو بۆ ئەوە کاک شاپووریش ئەم بڕیارە بدات و ببێتە هوی ئێعدامکردنی ئەم گەنجانە. تا ئەو جێگایە من ئاگادارم، هیچ کەس و تەنانەت تاقە کەسێکمان رەخنەیەکی ئاشکرا و توندی لە دژی ئەم بڕیارە نەگرت بەلام سالی دوایی و زیاتر بۆ تۆڵەسەندنەوە، لە کۆنگرەی حەفتدا هێندێک کەس ئەم پەروەندەیان زیندوو کردەوە و لە دژی کاک شاپوور بەکاریان هێنا کە لەتمەیەکی زۆری لە ناوبراو دا و بە زەحمەت دەنگی بۆ جێگری کومیتەی ناوەندی هێنایەوە.

## شەڕی شانشین


دوای شەڕی کوڕەی میانە هاتینە سەر جادەی سنە- مەریوان و لە نێوان گوندەکانی نگڵ و میانە دا پەڕینەوە بۆ ژاوەرۆی مەریوان. رۆژی یەکەم لە پشتی ئاوایی سپیین خومان حەشاردا و رۆژی دوایی هاتینە نزیک گوندی سەرهوویە. لەیرە دا دوکتور حەمەدەمین بە تەنیا روویشت و لە جێگایەک کە تەنیا خوی ئەیزانی( مالی خەڵک) مایەوە تا برینەکەی سارێش ببێتەوە. بەلام سیاوەش هەروا بە کۆڵی ولاغەوە لەگەڵمان رێگەی دەبڕی. پاشنیوەڕۆی ئەم

حاتەم مەنبەری

ڕۆژە لە بەرزاییەکانی شانشینەوە لەگەڵ هێزی دژمن تووشی شەڕێکی نەخوازراو بووین و تا تاریکداهاتنی هەوا ناچار بووین شەڕ بکەین. هێزی دژمن لە بەرزاییەکەوە و ئێمەش روو بە رووییان. نە ئەوان هێرشیان دێنا و نە ئێمەش مەجالی پەلاماردانی ئەوانمان هەبوو. بۆیە ناچار دووره تەقە و جار و باریش قیژە و لووشەی گولەتۆپێک بە سەرماندا دەڕویشت و لە دۆڵێکی خوارترەوە دەتەقیەوە.

لە ئاکامی ئەم دووره تەقەیەدا حەمەکەریم نەدیمی فەرماندەی بەنرخ و باشمان بە سەختی بریندار بوو و لە هێز و حەرەکەت کەوت. حەمەکەریم ئەمە دووهەمینجار بوو لە ماوەی چەند مانگدا بریندار دەبوو. هێشتا برینێکی شەڕی کۆمەڵەی خوێنی لێ دەڕویشت و ئەم برینەشی هاتە سەر. دوای تاریکبوونی هەوا روو لە سەرتەنگیسەر و هەواری مێرگەوار کەوتینەڕێ. بەڵام بە دوو برینداری قورس و لە ناوەڕاستی چەندین پایەگای رێژیمدا نەمان وێرا لە هیچکام لەم شوێنانەدا بمێنینەوە و ناچار بەرەو شوێنێک بە ناوی مازیار درێژەمان بە رێگا دا.

بەر لەوە بگەینە مەقسەد کاک شاپوور هاتە لای من و وتی: ئەبێت حەمەکەریم و سیاوەش ببەیت لە شوێنێکدا بیانشاریتەوە! ئەزانم کارێکی سەخت و پڕ مەترسییە بۆیە بۆ خوت دوو پێشمەرگەی باش هەڵبژێرە و باقییەکەی دڵنیام خوت ئەزانیت چی دەکەیت. دیارە حەمەکەریم بە دارەتەرم لە سەر شانی پێشمەرگەکانەوە بوو. سیاوەشیش نەیدەتوانی ٥٠میتر بە پای خوی بڕوات. هێشتا برینی پای خوشم سارێش نەببوو و لە کاتی رویشتندا تۆزێک دەشەلیم. بەڵام چار چیە، ئەمە پێشمەرگایەتییە و کاری ئێمەش ئەوە



بوو. بێ دوودڵی و قسەلێکردن وتم بە سەرچاو نایەڵم هیچیان بە سەربێت خەمت نەبێت. چەند پێشمەرگەیەکمان لەگەڵ هاتن تا چووینە جێگایەک بە ناوی دەرەدزان. گەییشتینە ئەو شوێنەی من دیاریم کردبوو بۆ مانەوەمان و لەوێ پێشمەرگەکان گەڕانەوە بۆ لای هێز. خوم، کادرێکی دەرمانی بە ناوی ئەلی ئەکبەر ئاسنگەرانی و پێشمەرگەیەکی وریا و باش بە ناوی فەتحوڵا مەنبەری ماینەوە لەگەڵ دوو بریندارەکە.

شوێنەکە زۆر شارەزا و خەڵکەکەشم باش دەناسی، بۆیە لەم بارەوە نیگەران

نەبووم. بەڵام دەمزانی هەواڵی برینداربوونی حەمەکەریم بڵاوبێتەوە، رێژیم گشت تواناکانی دەخاتە گەڕ تا بیدۆزێتەوە و بە زیندوویی یان بە مردن وە چنگی بخات. لەم بارەوە فرە ئەترسام و تەواوی ئەو شەوە نەمتوانی بخەوم. کاتێک رۆژ بوویەوە شوێنێکی باشترم دیتەوە و هاتم بە کۆڵ و بە هەزار زەحمەت هەردووکیانمان گواستەوە بۆ ئەو جێگایە کە بنی بەرد، پەنای دار و نزیکی کانیاوێکی سارد و سازگاریش بوو.

نان و خواردنمان نەمابوو. حەمەکەریم هێشتا لە سەرجێگا و ئێش و ئازاریشی فراوان بوو. ئێوارە لەگەڵ ئەلی ئەکبەر رێگای گوندی سەرڕێزمان گرتەبەر و راست چووینە لای ئەو دۆستانەی پارەکە قەولی هاوکارییان پێدابووین. ئاوایی دوو پایەگای رێژیمی لێ بوو بە چواردەوری گوندیشدا کەمین و گەشتیان هەبوو. بەڵام من شارەزا بووم و لە جێگایەکەوە چووینە ناو ماڵەکان کەس هەستی پێ نەکردین. دۆستەکانمان زۆر بە باشی پێشوازییان لێکردین، کۆڵێک نان و خواردنیان بۆ پێچاینەوە و قەولیان دا رۆژانە خواردن و پێداویستیمان بۆ بێنن بۆ "دەرەدزان". شەوەکەی گەڕاینەوە لای هاوڕێیان و رۆژی دوایی من بۆ پەیداکردنی هێندێک دەواو دەرمان رویشتم بۆ لای نیەر و دوای دوو رۆژ گەڕامەوە شوێنەکە. دیارە هەر وەک پێشبینیم کردبوو کاربەدەستانی رێژیم لە ناوچە ئاگاداری بوونی ئەم برینداران بوون و دەشیانزانی لە لای منن. بەڵام نەیاندەزانی لە کوێ شاردراونەتەوە، بۆیە زۆربەی رۆژەکان بە تاقمێکی بە کرێگیرای گەڕۆکەوە بە دەور و بەرماندا دەسووڕانەوە و سەردانی هەوارەکانی ئەو ناوەیان دەکرد تا بەڵکوو بمانبیننەوە. بەڵام هیچکات شکیان بۆ دەرەدزان و شوێنی حەشارگەکەی ئێمە نەچوو.

لە سەر راسپاردنی من زۆربەی رۆژەکان کەسانێک لە ئاوایی سەرڕێزەوە خواردن و تەنانەت "فڕووجاو" یان دێنا، لە ناو تۆقەبەردێکی ئەولاترەوە دایان دەنا و بێ ئەوە خویان لە بریندارەکان ئاشکرا بکەن دەگەڕانەوە. کاتێک من گەڕامەوە لای حەمەکەریم و ئەوان دیتم بە پێکەنینەوە بانگی من دەکەن و دەڵێن: هیوای ٢ هات شتەکانی هێنا! ئەو کەسەی ئەم ئەرکەی لە سەرێز پێ سپێردرابوو ناوی نهێنی هیوا ٢ بوو و تا ماوەیەک منیش لای هاوڕێیان بوومە هیوای ٢. (سیاوەش بە شێوەیەکی شیرین ئەم بە سەرهاتەی لە کۆی

کۆمەڵەنووسینێکدا بە ناوی "یادگارە بچکۆلەکان" نووسیوەتەوە و لەو دا ناوی من بە " هاورێ کادر" دەبات).

دوای نزیک بە ١٠ رۆژ سیا و حەمەکەریم هاتنەوە سەرخۆ. برینەکانیان باشتر بوونەوە و ئەیانتوانی بە پێ خویان بە رێگادا بڕۆن. بۆیە بڕیارماندا بگەڕینەوە بۆ شاهۆ و لەوێ لەگەڵ پاشماوەی هاورێیانمان یەکبگرینەوە. لە دەرەدزان کەوتینەڕێ و رۆژی دوایی گەییشتینە جێگایەک بە ناوی تەڵووکەجەڕێ. ئێوارە لە چۆمی سیروان پەڕینەوە و بەرەو ناوچەی بێڵەوار و بناری شاهۆ کەوتینەڕێ. لە گوێ چەمەکەدا تووشی کەسێکی ناسراو و چالاکی خومان بووین و هەواڵی ناوچە و جەماعەتمان لێ پرسی. کابرا وتی تا ئەو جێگایە من بزانم پێشمەرگە لە شاهۆن، بەڵام دوێکە ئەوڕەحمان بزوەشی بە دیل گیراوە. ئەم هەواڵە گەلێک تاڵ و زێدە ناخوش بوو بۆ ئێمە. ئەوڕەحمان قوربانی کادرێکی چاک، چالاک، فیداکار، بە ئەزموون و جێ متمانەی کومیتەی کرماشان بوو. لە هەل و مەرجی ئەو دەمدا، لەو کەسانە بوو پشتی پێ ببەستی و لە سەر فیداکارییەکانی حیساب بکەیت. بە وتەی ئەم کورە ئەوڕەحمان رۆژی پێشتر لە لایەن هێزەکانی رێژیمەوە، لە بەر ئاوایی بزوەش کەوتبووە داوی دژمن و بەدیل گیرابوو. سەرەڕای وەزعی شپرێوی حەمەکەریم و سیاوەش لە رێگارویشتندا، شەوەکەی تا بەیانی رێگامان بڕی و بە هەزار زەحمەت گەییشتینەوە بناری شاهۆ. رۆژی دوایی نزیک نیوەڕۆ لە جێگایەک بە ناوی تەنگیخاو تووشی هێز و کومیتەکەمان بووینەوە.




حاتەم مەنبەری

## کێوی شاهۆ و کۆتایی ڕووداوەکانی ١٣٦٤

کاتێک ئێمە گەییشتینەوە لای هێز، دیتمان هێزی شەریفزادە و کومیتەی سنە بێ گوێدانە قسەی کاک شاپوور گەڕاونەتەوە بۆ ناوچەی سنە و بەشێکی کادرەکانی مەریوانیش گەڕاونەتەوە بۆ لای مەریوان. ژمارەی سەرجەمی ئەو کادر و پێشمەرگانەی لەگەڵ کاک شاپوور مابوون کەمتر لە ٨٠ کەسبوون. جگە لە کوڕەکانی کرماشان ئیبراهیم ئەحمەدی و سدێق فیرووزی کە ئەودەم فەرماندە هێز و بەرپرسی کومیتەی مەریوان بوون بە ژمارەیەکی ٢٠-٣٠ کەسی پێشمەرگەی مەریوانەوەوە لەگەڵ هێزی بێستوون و کاک شاپوور مابوونەوە.

دوای تۆزێک بۆمان دەرکەوت جەوی زاڵ بە سەر پێشمەرگەدا زۆر ناوخوش و هیچ شتێکی لە ساڵەکانی پیشوو نەدەچوو. بۆڵەبۆڵ لە هەموانەوە دەبیسترا و هیوا بە رزگاری و رۆحیەی خۆبەختکردن جێگای خوی دابوو بە ناهۆمێدی. بێ



بڕوایی و دڵەڕاوکێ دڵ و دەروونی گەڵێک لە هاوڕێییانی داگرتبوو. بە دیلگیرانی ئەوڕەحمانیش کاریگەری زۆر خراپی کردبووە سەر هەموان و مەعلووم نەبوو ناوبراو لە ژێر ئەشکەنجەدا چۆن لە ئاو بێتە دەر! بە تایبەتی ترسمان هەبوو ئەوڕەحمان بەرگەی ئەشکەنجە نەگرێ، خەڵک بداتە گیر و بەو کارەش زیانێکی گەورە بەر رێکخستنی نهێنیشمان بکەوێ. رۆسەم کامیارانی و چەند کادرێکی دیکەی کرماشان زۆر ناڕازی بوون. بە ئاشکرا رەخنەیان لە کاک شاپوور دەگرت و جاری واش بوو بە ئاشکرا شەڕیان پێ دەفرۆشت. دیاربوو ئیستا ئاسەواری زیانەکانی شەڕی کۆمەڵە دەردەکەون و ئەم چەند کەسەش بێ ئەوە ئیشارەی راستەوخۆ بەو شتە بکەن، گەرەکیان بوو هەموو کازە و کووزەکان بە سەر کاک شاپوور دا بشکێنن. دوای کۆبوونەوەیەکی بێ ئاکام و پڕ لە پێکداپرژان،

رویشتین بۆ جێگایەک بە ناوی چالاوەی لۆن کە ئەویش لە بناری شاهۆ دایە بەڵام نزیک لە شاری روانسەر. رۆژی دوایی هێزەکانی رێژیم هێرشیان هێنایە سەرمان و بە توندی لە لایەن پێشمەرگەوە تێکشکان. جەنازەی ٦ کەس کەوتە دەستی ئێمە و پێشمەرگەش لەم شەڕەدا بێ زیان بوون. دوای ئەم شەڕە بڕیار درا پاشەکشێ بکەین بۆ بناری یەکێک لە بەرزترین لووتکەکانی شاهۆ کە بە پیرخدر بە ناوبانگە و هەرچوار فەسڵیساڵ بەفری لێ نابڕێ.


لەم شوێنە کە جگە لە پیرخدر چەند ناوی دیکەی وەک، پەلەی ئەحمەد، مەڕەئاوارە و.... هەیە لە پەنای کلیلە بەفرێکدا بنکەمان لێخست و زیاتر لە مانگێک ماینەوە. رۆژانە تیم و دەستەی پێشمەرگە دەچوون بۆ نزیک ئاوایییەکان بۆ نان هێنان و هێندێک لە تیمە تەشکیلاتییەکانیش( یەک لەوان تیمەکەی من) لە ناوچە خەریکی کۆکردنەوەی زانیاری و کاری خویان بوون. چەندین جار کەسانێک لە ناو ئەم تیمانەدا هەڵ ئەبڕان و خویان تەحویلی رێژیم ئەدایەوە و جاری واش بوو هەموو تیمەکە نەدەهاتنەوە. بۆ نموونە جارێک مامۆ نەبی کە باوکی دوو شەهیدی بەنرخ و بۆ خوی و رەمەزانی کوڕیشی پێشمەرگەبوون،



لەگەڵ چەند کەسی دیکەدا چوون بۆ نزیک گوندی لۆن نان و پێداویستیی بێنن بەڵام کەسیان نەگەڕانەوە. یان کاک رۆسەم کامیارانی، مەنووچەر موحەمەدی و عەلی ئەکبەر کە هەر سێکیان کادر و ئەندامی کومیتەی شارەستان بوون، بە یەکەوە چوونەوە و خویان تەحویلی رێژیم دایەوە.

حاتەم مەنبەری

ئەم تیم و دەستانەی لە پێدەشتەکاندا خەریکی ئەرکی خویان (زیاتر هێنانی تەداروکات) بوون جاری وابوو تووشی شەڕ و تێکەڵچوونی نەخوازراو لەگەڵ هێزی دژمنیش دەبوون کە بۆمان گران تەواو دەبوو. لە یەکێک لەم جارانەدا تیمێکی چوار کەسی کە حەمەکەریم نەدیمیش یەکێکیان بوو، رویشتن و لە لای ئاوایی تیلەکۆی بێڵەوار کەوتنە ناو گەمارۆی رێژیم. ئەم چوار کەسە، واتا رەشاد حوسەینی، مەولوود عەبدولایی، ساڵح گوودەرزی و حەمەکەریم هەر کامیان توانای فەرماندەییکردنی سەد کەسی هەبوو و لە راستی دا هەڵبژاردەی هەڵبژاردەکانمان بوون. دوای چەند سەعات شەڕ، گەمارۆی دژمنیان تێکشکاند بەلام حەمەکەریم جارێکی دیکە (بۆ جاری سێهەم لە سێ مانگدا) بریندار ئەبێت و ناتوانێ دەربازبێت. دیارە حەمەکەریم کۆتایی بەهاری ئەو ساڵە لە



شەڕی کۆمەڵەدا بریندار بوو، هێشتا برینەکەی سارێش نەببووەوە دیسان لە شانشین بە سەختی بریندار بوویەوە کە پێشتر باسیم کردووە. لەم شەڕەش دا کە تەنیا ٢٠ رۆژ دوای برینداربوونی پیشووی بوو، رانی دەشکێ وسەرەنجام بۆ ئەوە بە زیندوویی نەکەوێتە دەستی دژمن کۆتایی بە ژیانی خوێ دێنێ.

هیچ شکێکی تێدا نیە کە دوای شەهیدبوونی ئەحلە مسری و هاوڕێیانی لە زستانی پیشوودا، شەهید بوونی حەمە کەریم دووهەمین زەربەی کاریگەر بوو لە هێزی بێستوون کەوت و لە سەر ورە و ئیرادەی تاک-تاکمان کاریگەری رووخێنەری دانا. حەمە کەریم تەنیا فەرمادەرێکی ئازا و بە ئەزموون نەبوو. بەڵکوو مۆرەیەکی هەرە گرنگی هێزەکە و، یەکێک لەوانە بوو

ئازار و ئەزموون
کە ورە و بــــڕوای
دەبەخشـییە ئێمە.
ئەگەر ماڵێـــک لە
سـەر چوار کۆڵەکە،
یــان دیــوارەوە
رادەوەسـتێ، هێـزی
بێستوونیش لە سەر
شانی چوار کەسەوە
را وەســـتابوو کە
حەمە کەریـــم
نەدیمـی یەکێکیـان
بــوو و بە شــەهید
بــوونی گۆشـەیەکی
ئەم مــاڵە نشــتە
زەوی.

لە گەرمەی ئەم
هەواڵە ســـەخت و
جەرگبــــڕانەدا
هەواڵێکـــــــی
شـــادیهێنەریش
گەییشــت. کــاک
بورهــان روحــانی،
رەشــاد و خالێــد
دروودی چووبوون بۆ
ئەنجامـــدانی
مەعموورییەتێـک بـۆ
نزیک چۆمی گاوەرۆ.
کاتێـــک گەڕانەوە



ئەوڕەحمانیان پێ بوو! من لە زۆر جێگای دیکە وتوومە و لەیرەشدا دەیڵێمەوە کە ژیان و بە سەرهاتی ئەوڕەحمان خوی کتێبێکی گەورەیە و دەبێت لە لایەن کەسێکی شیاوەوە بە وردی بنووسرێتەوە. من چەند جاریش هەوڵی نووسینی ئەم کتێبەم داوە بەڵام لە بەر ئەوە نەمتوانیوە ئەوەی گەرەکمە و دڵم خواستوویەتی بینووسم و مافی خوی پێ بدەم، وازم هێناوە و نووسینەکەی خومم بە تووڕەییەوە دڕیوە.

ئەوڕەحمان قوربانی بە شێوەیەکی سەرسووڕهێنەر لە دەستی دژمن هەڵاتبوو. ماجەراکە زۆر بە کورتی بەم شێوەیە دەبێت کە دوای دیلبوون کاربەدەستانی رژیم هەوڵ ئەدەن سەرەتا ئەوڕەحمان بشکێنن، بیکەنە هاوکاری خویان و ئەوەی دەیزانێ بیداتە دەستیان. ئەوڕەحمانیش کە لە مەبەستی ئەوان بە باشی تێدەگات بیر لە چارەیەکی ژیرانە دەکاتەوە و بێ ئەوە زۆر ملەجێڕی بکات قەول ئەدات چەند ئەنباری چەک و تەقەمەنییان پێشان بدات کە خوی ئاگاداریان بوو. ئەم رێگایە تەنیا رێگا بوو تا ئەوان رەحمان لە زیندان و ناو دیوارەکاندا بهێننە دەر و مەجالێکی باشتر بۆ هەڵاتنی بخولقێنێن. دیارە هەڵاتنێک کە تەنیا چەند لە سەد ئیمکانی دەربازبوون و ٩٥ لە سەدی ئیمکانی مردن بوو. ریژیم ئەم پێشنیارەی رەحمان قبووڵ دەکەن. چەند جار بە ژمارەیەک پاسدارەوە دەیهێنن بۆ ئەو جێگایانەی کە گوایا ئەنباری لێیە و بێ ئەوە بوێرن بێنە ئەو شوێنەی رەحمان دەستنیشانی دەکات دەگەڕێنەوە بۆ کامیاران. رۆژێکیان دەیهێنن بۆ چۆمی تەنگیخاو و رەحمان لە دوورەوە جێگایەکیان پیشان ئەدات کە گوایە ئەنبارێک لەو جیگایەیە بەڵام پاسدارەکان حازر نابن بچنە دەراوەکە و دیسان رەحمان دەبەنەوە بۆ کامیاران. لە گەڕانەوەدا ئەو ماشینەی رەحمانی تێدادەبێ دەگاتە سەر پردێک لە لای ئاوایی زیویە. چاڵوبەسییەکی ناخوش (دەستەنداز) لە سەر پردەکە بوو. ماشین دبووا زۆر بە هێواشی بە سەریدا بڕوات. کابرای شۆفێر هێواشی ئەکاتەوە و رەحمانیش کە بە پلان خوی بۆ ئەو شوێنە ئامادە دەکات، خوی لە ماشین فڕێ دەداتە خوار. ژێر پرد، بێشەچنارێک و دۆڵ و دەرەیەکی چڕ تۆزێک لەولاترەوەیە. ماشین رادەوەستێ، چواردەوری شوێنەکە دەکەنە ئاگر بەڵام رەحمان دەردەچێ. لە جەرەیانی تەقەکەدا رەحمان بە توندی رانی لە پشت

ئەژنــۆیەوە برینــدار دەبێــت بەڵام بە کێشــەکێش و هەزار زەحــمەت خــوی دەگەیینێتە لای خەڵک و ئەوانیش برینەکەی دەپێچن، دەیشارنەوە و لە دەستی گورگەهارەکانی رێژیم دەیپارێزن. سەرەنجام پاش دوو رۆژ، کاتێک تیمەکەی کاک خالێد و ئەوان دەگەنە ناوچە، خەڵکی لە بوونی ئەوڕەحمان ئاگاداریان دەکەن و ئەوانیش بە سواری هێسترێک دەی هێننەوە بۆ شاهۆ. کاتێک رەحمان گەییشتەوە لای ئێمە زیاتر لە مردوو دەچوو تا زیندوو چوونکە هێندەی خوێن لە بەر چووبوو چاوی چووبوونە قووڵایی و بە حاڵ دیاربوون!

ئەو ساتە رەحمان گەییشتەوە لامان، تیمەکەی ئێمە خومان حازر کردبوو بگەڕینەوە بۆ ژاوەرۆ بۆ جێبەجێ کردنی دوایین کارەکانی ئەو ساڵە. دوای ماچکردن، بە خێرهێنــان و خواحــافیزی، کەریــم پیربــاخی، فەتحــولا و مــن رێکەوتین بۆ ژاوەرۆ و هێشتا هەوا روونـاک بوو لە جادەی کامیاران- مەریوان، لە بەر ئاوایی کاشتەر دا پەڕینەوە و رۆژی دوایی لە باخەکانی نیەر دا بووین. پاش دە رۆژ کاری بە بەرهەم، بە کۆڵێک دەرمان و باری هێسترێک خواردنەوە گەییشتینەوە هەواری شێخ عەزیز کە ئیستا ببووە بنکەی تازەی پێشمەرگەکان و رۆژی دوایــی بەرەو نــاوچەی هەورامــان بە نیــازی گەڕانەوە بــۆ نەوســوود کەوتینەڕێ.

# دەرەتفێ بنکەی کومیتەی هەورامان

دوای ئەوە ژمارەیەک پێشمەرگەی هێزی شاهۆ گەییشتنە لامان تا رێنوێنمان بن بۆ پەڕینەوە، بەرەو بنکەی کومیتەی هەورامان کەوتینە رێگا و سەرەتا لە جادەی پاوە نەوسوود پەڕینەوە. دوای ئەوە بە لالێژ و هەڵدێرێکی یەکجار ناخوشدا چوینە سەر و سەرەنجام لە بناری کێوی کەلەقەندی، لە نێوان چەندین پایەگای رێژیمدا خومان حەشاردا. ئەورەحمان قوربانی هەموو ئەم رێگا دژوارەی بە پای خوی بڕی و دەگمەن نەبێت نەیدەهێشت کەس هاوکاری بکات. یەکێک لە تایبەتمەندییە سەرسووڕهێنەرەکانی رەحمان، بوونی تاقەت و ورەیەکی بێسنوور بوو کە زیاتر لەم جێگایانەدا دەردەکەوت. ئێوارەکەی دیسان کوڕەکانی هەورامان کەوتنە پێشمان و سەرەتا بە نێوان چەند پایەگای دژمندا لە جێگایەک بە ناوی تراشە تێپەڕین. دواتر چووینە سەر چۆمی سیروان کە لەو جێگایەدا ئاوەکەی زۆر و مەجالی لێ پەڕینەوەی بە شێوەی ئاسایی نیە. شوێنەکە راست لە نێوان بەرەی شەڕی ئێران و ئێراقدایە و دەبوا وریا، بێدەنگ و گورج بپەڕینەوە. گورێسێکیان لەم سەر و لەوسەری ئاوەکەوە بەستبوو بە دوو دارەوە و چەند پێشمەرگەیەکیش دەیان کێشا. ئەبوا ئێمە دانە دانە خومان ببەستین بەو گورێسەوە. ئەبوا ئەوانەی ئەوبەریش هەوەڵ شۆڕمان کەنەوە بۆ نزیک ئاوەکە و دوایە هەڵمان کێشن بۆ ئەو دەست. زۆری نەخایاند هەمووومان پەڕینەوە و بە ناو مەیدانی مینی ئێراقدا گەییشتینە جێگایەک بە ناوی قەڵاگا کە لە ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگەی حیزبدا بوو.

رۆژی دوایی چووین بۆ بنکەی هێز و کومیتەی هەورامان کە لە گوندی دەرەتفێدا بوو. کاک شاپوور پێش رێکەوتن هێندێک قسەی بۆ کردین و وتی ئەگەر ئەم خەڵکە، یان پێشمەرگەکانی هەورامان پرسییان بڵێن ئێمە تەنیا لکێکی هێزی بێستوونین و ئەوانی دیکەمان لە مەنتەقەن. ساڵح جوانڕۆیی، یەکێک لە پێشمەرگە قسە خوشەکانمان وتی وەڵا من درۆم پێ ناکرێ و دەڵێم تازە نیوەشمان هی هێزی زرێوارین! تێکڕا بەم داوایەی کاک شاپوور و قسەی

سالّح پێکەنین و بەرەو دەرەتفێ کەوتینە رێ.

کاک شاپوور دایکی خەڵکی ئاوایی شۆشمێ لای نەوسوود بوو. جگە لە ماڵی خاڵوی(لالۆ حەمەخان) چەندین خزمی نزیکیشی لەوێ بوون، بۆیە لە رێگاوە هەڵیان گرت، بردیان و دوای حەفتەیەک بینیمانەوە. من و چەند کەسی دیکە لە کورە نیەرییەکان، وەک نەجمە، رەحم هەژار، فەخرە و شەهرام پێشتر پێشمەرگەی هێزی ژمارە ٢ی شاهۆ بووین. لەیرە دا و دوای چەندین ساڵ دووری، گەلێک لە کۆنە هاورێیانمان دیتنەوە. ماڵ بە ماڵ مێوانییان کردین و پاش ٢ حەفتە لەگەڵ رێز و موحێبەتێکی زۆر، بەرێیان کردینەوە بۆ لای کومیتەی خومان.



دوای نزیک بە چل شەو کاک شاپوور و کاک بورهان رۆحانی رویشتن بۆ دەفتەری سیاسی و پاش حەفتەیەک ئێمەش بەدوایاندا چووین. بنکەی دەفتەری سیاسی هێشتا لە دۆڵی گەورەدێ بوو. ئێمەش بە سواری دوو مینیبووس و چەند لانکرۆزێر بە ناو شاری هەڵەبجەدا تێپەڕین و بە ناو چەندین سەیتەرەی ئێراقدا دەرربازبووین. شەوێک لە بنکەی حیزب لە شاری سلێمانی ماینەوە و دوای دوو رۆژان گەییشتینە بنکەی دەفتەری سیاسی حیزب لە دۆڵی گەورەدێ. ئەودەم حیزب لەو شوێنە چەند شوێنی جیاوازی وەک نەخوشخانە، ئاسایشگای بریندارەکان، بنکەی رادیۆ و تەداروکاتی هەبوو. لە بنکەی تەداروکات و پارێزگاری رادیۆدا شوێنی مانەوەیان بۆ ئێمە دیاری کرد و چاوەڕوانی بەسترانی کۆنگرەی حەفت و ئاکامەکانی ماینەوە کە بڕیار بوو لەو سەر و بەندەدا ببەسترێ.

# بەهاری ١٣٦٥ و خۆڕێکخستنی نوێ

لە بەشی "پاشگەمارۆ" دا بە وردی لە سەر کۆنگرەی حەوتی حیزب و ئاکامەکانیم نووسیوە و لەیرەدا دووپاتکردنەوەی بە پێویست نازانم. دوای بەرنامە و خۆڕێکخستنی نوێ لە هەر سێ هێزی بێستوون، شەریفزادە و زرێبار هێزێکی نوێ سازکرا بە ناوی هێزی زاگرۆس و کومیتەشارەستانەکانی کرماشان، سنە و مەریوانیش بوون بە مەڵبەندی یەکی جنووبی کوردستان. کاک فەتاحی عەبدولی کرایە بەرپرسی مەڵبەند و کاک مەنسووری فەتاحیش لە سەقز هێنرایەوە و کرا بە فەرماندەری هێزی زاگرۆس. کاک شاپوور بۆ هەمیشە لە کامیاران و هێزی بێستوون هەڵکەندرا و کرا بە فەرماندەری هێزی تازە دامەزراوی دووی رێبەندان لە ناوچەکانی سەقز، دیواندەرە و هەوشار کە تێدا سەرنەکوت و شوێن و ئوتوریتەی جارانی لای رێبەرانی حیزبیش وەک خوی نەما.

ناوەڕاستمانگی بەهاری ١٣٦٥، بە ژمارەیەکی نزیک ١٨٠ پێشمەرگەوە گەڕاینەوە ناوچە و بە شەوق و زەوقێکی تازەوە شانمان دایەوە بەر تێکۆشان. کاک مەنسووری فەتاحی بۆ زۆربەمان کەسێکی ئاشنا و جێگای ئێحترام بوو. کەسێکی خۆنەویست، ئازا و ئەهلی کار بوو. کاک فەتاحیش کە پێشتر ساڵێک بەرپرسی کومیتەی سنەبوو، بۆ بەشێکمان ناسراو و ئەویش مرۆڤێکی سەنگین، بە ورە و جێگەی حورمەتی هەموومان بوو. بوونی ئەم دوو بەرپرسە باشە، خوی هەنگاوی یەکەم بوو بۆ ئەوە لەو شێوە نوێیە و لەو ساڵە تازەیەدا سەرکەوتوو بین و لە چاو ساڵی پێشتر چەندین قات راندومانی کارمان چووە سەر.

سەرەتا بە هاوکاری کۆمەڵێک چەکداری ئێراق(پیاوەکانی کاک عەلی مەریوانی) لە سنووری مەریوانەوە رێگا تاقی کرایەوە و دواتر بە ئیزن و وەرەقەی ئەرتەشی ئێراق، لەو سنوورەوە بە ناو هەزاران میندا چووینە دیوی رۆژهەڵات و لە پشت ئاوایی سەردۆشماینەوە. نزیک بە حەفتەیەکی برد تا گەییشتینە ناوچەی کۆماسی و لەو ماوەیەدا سەردانی کۆمەڵێک ئاوایی نزیک شاری مەریوانمان کرد. لە پشتی ئاوایی دەری تیمە تەشکیلاتییەکان لە هێز و

کاروانەکە جیا بوونەوە و هەرکامەمان روومان کردە ناوچەی تێکۆشانی خوی. رەحمان قوربانی، خالێد دروودی، حەمدی حوسەینی و من دوای مالاوایی لە کاروان، دوای دوو شەو و رۆژ گەییشتینەوە ناوچەی ژاوەرۆ و لەوێوە دەستمان کرد بە کاری ئاسایی خومان. سەردانی ئەندامانی نهێنی، کۆکردنەوەی زانیاری لە سەر ناوچە و هێزی دژمن، ئامادەکردنی تەداررووکات بۆ کاتی گەڕانەوەی هێز، بەشێک بوون لەو کارانەی کە حەفتەکانی هەوەڵ ئەنجاممان دان.

هێزەکانی رێژیم ئاگاداری گەڕانەوەی ئێمە ئەو چوارکەسە بۆ ژاوەرۆ و بێڵەوار بوون و بە چەندین گرووهی زەربەتەوە شەو و رۆژ بە دوامانەوە بوون. بەلام هەموو جارێک ئێمە پێش گەییشتنی ئەوان ئاگادار دەکراین و بەو شێوەیە پیلانی دژمنمان پووچەڵ ئەکردەوە. دوای نزیک بە سێ حەفتە من و کاک حەمدی لە شاهۆ، خالێد و ئەورەحمانمان بە جێ هێشت و گەڕاینەوە ژاوەرۆ. لە ئاوایی دەژن ئاگادار کراین کە پێشمەرگە لە کۆسالان و نزیک ئاوایی رەزاو دا تووشی شەڕ بوون و دوو پێشمەرگەش شەهید بوون. رۆژی دوایی هاتینە تەڵوکەجەڕی و لە خەڵکمان بیست کە یەکێک لە شەهیدەکانی کۆسالان ئیبراهیم ئەحمەدی، فەرماندەری ئازا و یاری دلێر و کۆڵنەدەری رۆژە سەختەکانی گەمارۆی کۆمەڵەی منە. ئیبراهیم چەندە ئازا، هێندەش پاک، ساکار و دڵساف بوو و لە دەستچوونی فەرماندەرێکی وەک ئەو زیانێکی مەزنی لە بزووتنەوە و کاری پێشمەرگانەی ئەو دەمی ئێمە دا. کەسی دەووهەمیش رەحیم هەژار(مەنبەری) ە. رەحیم لە شەڕەکەدا بە گرانی بریندار ببوو، پێشمەرگەکان بە سەرشان و هەزار زەحمەت تا ئەیرە(تەڵووکەجەڕێ) هێنابوویان، بەلام بە هوی سەختی برینەکەی و نەبوونی ئیمکاناتی پیویست، لەیرەدا شەهید ببوو و جەنازەکەیان لە تەپۆڵکەیەکی سەرەوەی باخەکەوە ناشتبوو. لەگەڵ کاک حەمدی چووین گۆڕەکەمان بینییەوە و بە دڵپڕی و چاوی گریانەوە، سەعاتیک لەگەڵی دواین! رەحیمیش وەک ئیبراهیم لە داستانی تالی گەمارۆدا لەگەڵمان بوو. سنووری فیداکاری و خۆبەخشی چەندین جار بڕی و دوای سەفەرێکی کورت بۆ تاران گەڕایەوە لامان و بە داخەوە لەو شەڕە دا، دوای بینینی گەلێک ئازار، گیانی بە نیشتمانی دیلمان بەخشی.

لەگەڵ حەمدی حوسەینی، بە پێ بەرنامە دوای پەیوەندیگرتنەوە لەگەڵ

کەسەکانی سەرپێز، نیەر، گواز و پایگەلان کەوتین. لە ماوەیەکی کورتدا کۆمەڵێکی بەرچاو خواردن و تەقەمەنی، کە زۆر گرنگ و حەیاتی بوو بۆ هێزی پێشمەرگە، لە ڕێگای کەسەکانمانەوە لە پایگەلان فەراهەم کران و چەندین دیداری باش و بە سوودیشمان لەگەڵ کەسانی نوێ پێکهێنا کە بۆ سەفەرەکانی دواترمان گەلێک بە سوود بوون.

دوای گەڕانەوەی هێز بۆ ژاوەڕۆ، لە جێگایەک بە ناوی لوولەرز یەکمان گرتەوە و ڕاپۆرتی کاری خومانمان بە کاک بورهان روحانی، کە بەرپرسی ڕاستەوخۆی ئێمە بوو دا و ئەویش کاک فەتاحی لە چۆنیەتی پەیوەندییەکانی ئێمە لەگەڵ کەسەکانی پایگەلان ئاگادار کرد. بڕیار درا کاک بورهان خوی بێت و یەکێک لەو کەسانە کە کۆنە ناسراوی خوی بوو (هاوسەرباز ببوون) لە نزیکەوە ببینێ. دوای جیابوونەوە لە هێز و مەڵبەند لە پێشدا سەردانێکی شاهۆمان کرد، هێندێک چەک و چۆڵمان جێ بەجێ کردن و گەڕاینەوە بۆ ژاوەڕۆ. ئێوارەیەکی دەرەنگ گەییشتینە باخی گەورییەر و من ماڵێکم دیاری کرد بۆ ئەوە بچین لەوێ کابرای کۆنەدۆستی کاک بورهان ببینین. من ئەمزانی کاک بورهان زۆری حەز لە دۆڵمەیە، بۆیە داوام کرد ئەو ماڵە دۆڵمەمان بۆ سازکەن. سەعات لای هەشتی ئێوارە گەییشتینە ماڵەکە و خاوەنماڵ ئاگاداری کردین کە ئەو کەسە حازر نەبووە بێتە ئەیرە و بۆ خوی باخچەیەکی لە ناوەڕاستی ئاوایی دیاری کردبوو و ڕایسپاردبوو ئێمە بچین لەوێ بیبینین! کاک بورهان بەم کارە ناڕەحەت و تا ئەندازەیەکیش نگەران بوو. ئەترسا نەوەک پیلانێک لە گۆڕێدا بێت و ئەم چەکدارانە نیازێکی خراپیان لەگەڵ ئێمە هەبێت. بۆیە بە هیچ شێوەیەک حازر نەبوو ئێمە بچینە ئەو شوێنە و ناڕازیش بوو من بە تەنیا بچم.

بەڵام من لە لایەک بۆ نەشکاندنی قەولەکەی خوم و، لە لایەکی دیکەوە لە سەر بڕوایەک بەو کەسانەم هەبوو دڵنیابووم هیچ نیازخراپیەک لە گۆڕێدا نیە. بۆیە بە ئیسرار کاک بورهانم ڕازی کرد ئیزنم بدات بچم بیانبینم. سەرەنجام ڕازیم کرد، ئەو و کاک حەمدی دەستیان کرد بە دۆڵمە خواردن و منیش چووم بۆ ناو باخچەکە. شوێنەکە زۆر نزیکی پایەگا و لە ڕاستیدا ئەمتوانی پاسدارەکانی ناو پایەگا ببینم کاتێک بە بەر چرای مۆڵگەکەدا هات و چوویان

ئازار و ئەزموون
ئەکرد.

کاتێک من چوومە شوێنەکە هێشتا ئەوان نەهاتبوون، خوم لە پەنای دارێکدا شاردەوە و بێدەنگ دانشتم. دوای چەند دەقێقە ئەوانیش هاتن،٣ کەس بوون. دوو چەکدار و کەسێکی ئاسایی کە لە هەوەڵڕۆژەوە حەڵقەی پەیوەندی ئێمە لەگەڵ ئەم کەسانە بوو. کابرا هەواڵی کاک بورهانی بە گەرمی پرسی وتی بۆ نەهاتووە؟ منیش پێش ئەوە وەلامی پرسیارەکەی بدەمەوە پرسیم بۆ ئێوە نەهاتن بۆ ئەو ماڵە و ئەیرەتان دیاری کرد؟

دیار بوو ئەوانیش بەم جۆرە وەلامەی من، لە هۆی نەهاتنی کاک بورهان حاڵی بوون و ئیدی لە سەری نەچوون. لە سەر چۆنیەتی هاوکاری ئەوان و ئەو شتانەی کە ئێمە لەوانمان گەرەکە درێژەمان بە قسە دا و دوای نیو سەعات قسە و باس دەستمان کردە ملی یەک و لێک جیا بووینەوە. ئەوان گەڕانەوە پایەگای خویان و منیش بە ژمارەیەکی زۆر فیشەک، چەند نارەنجۆک و پڕی نایلۆنێک کۆنسێرڤی ماسی، کە بۆیان هێنابووین گەڕامەوە لای کاک بورهان و کاک حەمدی.

نزیک نیوەی شەو لەو ماڵە چووینە دەر، رووممان کردە باخەکانی نیەر و بۆ ماوەی حەفتەیەک لەو ناوەدا خەریکی دیداری خەڵک و ئەنجامدانی ئەرکی حیزبی بووین کە هەرکامەیان بەشی خوی گرنگ و بە کەڵک بوون بۆ ئەو رۆژانە.

## *لە داوکەوتن لە گەسان و برینداربوونی کاک حەمدی حوسەینی*

دوای حەفتەیەک کار لە ژاوەرۆ، بڕیارمان دا بۆ کۆمەڵێک کاری گرنگ، کە سەرەتای سەفەرەکەمان ناتەواو بە جێمان هێشتبوون بگەڕینەوە شاهۆ. یەکێک لەو کارانەی دەبوا بیکەین، گەیاندنی ئەو چەکانەی لە شاهۆ شاردبوونمانەوە بە شوێنی دیاریکراو بوو. ئەودەم لە رێگای کاناڵێکی تایبەتەوە ئەمانتتانی چەکەخراپ و لەکەڵککەوتووەکانمان بفرۆشین و بە پارکەیان نیازەکانی دیکەی پێشمەرگە وخەباتەکەمان دابین بکەین. ئێوارەیەکی درەنگ، بە گوێ چەمی گاوەرۆ/سیرواندا کەوتینەڕێ و نیوەی شەو گەییشتینە جێگایەک بە ناو دەراو

هەنیمن. من پێم باشتر بوو بە شەو، هەتا هەواکەی تاریکە بپەڕینەوە ئەودەستی چەمەکە و بچینە ناو باخێک کە راست لەوبەرمانەوە بوو. بەڵام کاک بورهان و کاک حەمدی وتیان ئیستە تاریکە، بەو تاریکییەش پەڕینەوە لە ئاوی گاوەرۆ زۆر ناخوشە. قەیدی چیە، لەیرە دەخەوین تا بەیانی و رۆژبوویەوە دەچینە ئەوبەر. هەرچەند من دوودڵ بووم و ئەمزانی پایەگای مێرگەسار ئەمانبینێ، بەڵام ناچار ملکەچی ئەوانبووم. بەیانی زوو هەستاین، لە چەمەکە پەڕینەوە، چوینە ناو دارەکان و لە گۆشەیەکی چۆڵ و خەڵوەتی باخەکەوە خەوتینەوە.

ئەم باخە ناوی گەسانە، هی بنەماڵەیەکی خەڵکی بەڕێزی تەنگیسەر بوو بە ناوی کاک ئەحمەد کە من زۆر باشم دەناسین و گەلێک جار سەردانمان کردبوون. ماڵێکی تا بڵێی شەریف، دڵسۆز و خزمەتکاری شۆڕش بوون. باخی گەسان شوێنێکی کل و کەنار، بەڵام بۆ شەڕ و تووشبوون یەکجار نالەبار بوو. بانسەری ئەم شوێنە ئەبووە پایەگاکانی سیویە و مێرگەسار و گوندەکانی تاو و هەنیمنیشی لێ نزیک بوون کە هەمیشە پڕ لە جاش و گرووهی زەربەتی رێژیم بوون. لای سەعات هەشت و چارەک، کاک بورهان منی لە خەو هەڵساند و وتی تۆ ئاشناتری هەستە بچۆ بۆ لای کەوێڵەکە و ئاگاداریان کە ئێمە لەیرەین با نان و خواردنمان بۆ بێنن.

من بە تەنیا کلاشینکۆفەکەمەوە و بێ خەشاب، چووم بۆ لای کەوێڵ کە دووسەد مێترێک لێمانەوە دوور بوو. باخەکە زۆر چڕ و تا رادەیەکیش گەورە بوو. کاتێک نزیکی ماڵەکە بوومەوە دیتم دەنگەدەنگێکی زۆر دێت. هێندێک وریاتر بوومەوە و بە پارێز چوومە پێش. کاتێک ماڵەکەم لێ دەرکەوت دیتم نزیک بە ٣٠ جاش و پاسدار لە بەر دەرگاکە دانشتوون و چەند کەسێکێشیان خەریکی گەڕان بە دەوری ماڵەکەدان. دیارە ژمارەیەکی بەرچاوی ئەم جاشانە لە کۆنە پێشمەرگەکانی خومان پێکدەهاتن کە پێشتر خویان تەحویلی رێژیم دابوویەوە و لە ناویشیاندا حەمە گومەتەیی کۆنە سەرلکی زۆر ئازای خومان وەک فەرماندەی دژمن رۆڵی دەگێڕا. بێ دەنگ، بەڵام بە پەلە گەڕامەوە لای هاوڕێیان و لە وەزعەکە ئاگادارم کردن. زۆری نەخایاند دیتمان هەرچوار دەورەمان، جگە لە لای خوارەوە کە دەبووە چەمەکە، بە دەیان پاسدار گیراوە.

بەڵام هێشتا جاشەکان بە تەواوی نازانن ئێمە لە کام گۆشەی باخەکەداین.
بە پەلە بەڵگە و شتە گرنگەکانمان لە باخەڵ و ناو کۆڵەپشتییەکانمان دا دەرهێنان، لە ژێر بەرد و ناو شەخەڵەکاندا شاردنماننەوە و بێ ئەوە هیچ قسەیەک بە یەکەوە بکەین، سەیرێکیی پڕمانای یەکترمان کرد. من لە دڵی خومدا وام حیساب دەکردکە، تازە دەرچوونێک بۆ ئێمە لەگۆڕێدا نەماوە بۆیە لە بەر خومەوە بڕیاری شەڕی مان و نەمانم دا. ئەمزانی ژمارەی پاسدارەکان زۆر،( نزیک بە سەد کەس) جێگاکەی ئێمەش نەگونج و خراپە. بەو بەیانییە زووەش، دەرگیربوون کەمترین مەجال بۆ دەربازبوونمان لە دەستدایە.
لەم بیر و خیاڵەدا بووین دیتمان پاسدارێکی بێ چەک هات و بێ ئەوە پێمان بزانێ، لە دوو مێتریمانەوە شواڵەکەی هێنایە خوار و دەستی بە خۆخاڵیکردنەوە کرد! لە ورتە ورتی ئێمە پێمانی زانی و منیش لوولەی تفەنگەکەم نایە سەر ملی. کاک بورهان دەستی گرتم و وتی جارێ تەقە مەکە! کابرا لە ترسان بێ ئەوە دەنگێکی لێوەبێت لە سەرخۆی چوو.
لەم وەزع و حاڵە پڕخەتەر، سەیر و چارەنووسسازە دا، بێ ئەوە بتوانین بە ڕێگەچارەیەکی هاوبەش بگەین، کاک بورهان و حەمدی بەرەو گوێ چەمەکە هەڵاتن و منیش بە دیار کابرای باسداری بێ هۆشەوە راوەستابووم بێ ئەوە بوێرم تەقەی لێ بکەم!
سەعات گەییشتبووە نزیک هەشت و نیوی بەیانی و تەواوی ئەم کاتەش کە ئێمە هەستمان بە بوونی پاسدارەکان کردبوو کەمتر لە ١٥ دەقێق تێپەڕیبوو. چەند سانیە دوای روویشتنی کاک بورهان و کاک حەمدی، لە گشتلایەکەوە تەقە دەستی پێکرد و لە هەرچواردەوری باخەکەوە ئاگری گولە بە سەر ئەو جێگایەدا دەباری کە کاک بورهان و کاک حەمدی لێوەی دەرباز بوون. پاسدارەکان هێشتا بە منیان نەزانی بوو بۆیە هەموو گولەکان بە سەر ئەواندا دەباری. لەو ماوەیەدا کە ئەوان بە ژێر لافاوی گولەدا لە چەمەکە پەڕینەوە، من لە خوارترەوە خوم گەیاندە گوی چەم و تا نەگەییشتمە ناوەڕاستی ئاوەکە نەیان دیتم. بەڵام کاتێک لە ناو دارەکاندا چوومە دەر و گەییشتمە ناوەڕاستی چەمەکە کە ئاوەکەی تا کەمەرم دەگەییشت، چوار دەورم بوو بە گولە و بە ڕاستی موعجیزەیەکی سەیر بوو کە بەر نەکەوتم.

ئەوبەری چەم هێندێک دارپەڵگ و گزیچاری لێ بوون کە من بە ناویاندا دەستم بە هەڵاتن کرد. زەویەکەی خۆڵەپۆتێیەکی ناخوش بوو کە هەم هەڵاتن بە سەریدا سەخت و هەمیش لەگەڵ بارینی گولەکاندا تۆزێکی وای لێ بەرز دەبووە کە بە زەحمەت بەری لاقی خوم ئەبینی. نزیک بە ٥٠٠ مێتر من بە گوێ چەم و لە ژێر بارانی گولەی ئەم پاسدارانەدا هەڵاتم و لە شانسی خوم تاقە فیشەکێکم بەرنەکەوت. دوای تۆزێکی دیکە دوورکەوتنەوە، دیتم خوێن لە سەر بەردەکان کەوتووە. دڵم داخورپا و دڵنیا بووم کە هاورێیانم تووشی بەڵایەک بوون. دوای ٥٠-٦٠ مێتر ئەولا ترەوە دیتم کاک حەمدی، لە بەینی دوو کوچکدا راکشاوە و لە حاڵێکدا خوی داوەتە بەر بەردەکە تا گولەکان نەیگرنەوە، بە توندی خوێن لە ژێر شاڵەکەی و ناو کەوشەکەیەوە دەڕوا.

حەمدی کە چاوی بە من کەوت، هەستا هات بە پیرمەوە و بە پەلە وەزعی یەکترمان پرسی. دیار بوو ئەوانیش لەگەڵ کاک بورهان لێک هەڵبڕابوون و ئەویش وەک من نەیدەزانی کە ئایا کاک بورهان دەرباز بووە یان نا. من هێندێک پڵاشەبەردی گولەکان بەر دەم و چاوم کەوتبوون و دەم و لووتم پڕ بوون لە خوێن. بەڵام ئەمزانی بە جدی بریندار نیم. کاتێک کاک حەمدی خوێنەکەی دەم و چاوی منی بینی هەستایە سەرپێ و وتی با هەرجۆرێک بووە لەم داوە خومان رزگار کەین. من دەستم بۆ دۆڵێکی بەردەممان کێشا و بێ ئەوە قسەیەکی دیکە پێکەوە بکەین، بە لارەلار و زۆر بە سەختی درێژەمان بە رێگا دا.

کاک حەمدی کە شلکەیڕانی و سەرپەنجەی پێ بریندار ببوون بە توندی خوێنڕیژی دەکرد و من زۆر ئەترسام بە هوی خوێنلەبەرچوونەوە لە هێز و حەرەکەت کەوێ. بۆیە وێڕای مەترسییەک کە لە بنی گوێ و بە پشتسەرمانەوە بوو، داوام لێکرد تاوێک دانیشت و بە پشتوێنەکەی خوم برینەکەیم بەست.

دیارە خوا هەڵناگرێ ئەو بۆ خویشی زۆر بە ورە و تەنانەت ئامادەبوو یارمەتی منیش بدات کۆڵەپشتییەکەم هەڵگرێ، چوونکە بەو خوێنەی بە سەر و چاومەوە بوو پێ وابوو منیش بریندارم. هەڵبەت من هێشتا نەم وتبوو برینەکەم تەنیا پەلاشە بەردن و ئەو خوێنەی لە دەم و چاوم دێت جێگای گولە نیە چوونکە نە وەختی ئەوە بوو نە لەو هەل و مەرجەش دا بە پیویستیم دەزانی.

ئازار و ئەزموون

دوای نزیک بە سەعاتێک هەڵاتن کاک حەمدی و من گەییشتینە هەوارێک بە ناوی لوولەرز کە ئێوارەی رۆژیی پێشوو نانمان لێ خواردبوو. لەم هەوارەدا کاک بورهانیشمان بینییەوە کە بە نیگەرانییەوە چاوەڕوانی ئێمەی دەکرد. ئەویش داستانی خوی بۆ گێڕاینەوە کە وەک ئێمە لە ژێر بارانەی گولاندا، تۆزێک پێش ئێمە هەر بە گوێ چەمدا دەرباز بووە و گەلێکجار تیرەکان لە بنی گوێچکەی و لە بەر دەمیدا وە عەرز کەوتوون.

خاوەنی ئەم هەوارەش خەڵکی تەنگیسەر و بووکێکیشیان خزمی من بوو. ژن و پیاویان بە پیریمانەوە هاتن، کۆڵێک دەرمان و خواردنیان بۆهێناین. پانسومانی برینەکانی کاک حەمدیمان کرد و خەریکی نانخواردن بووین ژنی خاوەنماڵ هاواری کرد پاسدارەکان هاتن. دیتمان لە یاڵەکەی روو بە رووی هەوارەکەوە، راست لەو رێگایەوە ئێمە هاتینە ناو باخەکە، چەند جاشێک دەرکەوتن و هاتن بۆ ناو هەوارەکە. ئێمە هێز و توانای شەڕمان نەبوو، بۆیە بە پەلە و بێ درەنگ رووومان کردە دۆڵێک و بێ ئەوە لابکەینەوە، تا کانی و گوێزەکەی مازییار رانەوەستاین. پاسدارەکان دوای ئێمە هاتبوونە هەوارەکە، هێندێک عەزیەتی خەڵکەکەیان کردبوو بەڵام ئەوان هیچیان لە بارەی ئێمەوە پێ نەوتبوون.

گەییشتنە مازییار، مانای رزگاربوونی تەواو بوو چوونکە ئەو شوێنە هەم سەخت و هەمیش لە گشت لایەکەوە دوور بوو لە پایەگای دژمنەوە. ئێوارە کاک حەمدیمان برد بۆ ناو باخەکانی نیەر و لە جێگایەکدا بە ناوی گەورەجۆ، وەک زۆر جار و پێشمەرگەی دیکە شاردمانەوە. بۆ خومان چووین بۆ ناو ئاوایی نیەر تا فکرێک بۆ زامەکەی حەمدی بکەینەوە.

لە نیەری باواندا نان، پێخور و دەرمانی پیویستمان هێنا و گەڕاینەوە لای کاک حەمدی. لە ئاواییدا ئاگادار بووین کە رێژیم ئاگاداری زەخمیبوونی کوڕەکەی ئۆسا حەمەعەلی (کاک حەمدی) بووە و نیازی هێرشێکی بەرینی بۆ سەر کێوەکانی ئەو ناوەی هەیە. بۆیە دوای گەڕانەوە لە ئاوایی، کاک حەمدیمان گواستەوە بۆ جێگایەکی دیکە کە لامان باشتر بوو. رۆژی دوایی، کە دەبووە رۆژی جەژنی قوربان، بینیمان هێزەکانی رێژیم هەموو جێگایەک، یەک لەوان گەورەجۆیان گرتووە و کون بە کون خەریکی بشکنین و گەڕانن بۆ دۆزینەوەی ئێمە. ئێمەش لە ناو تۆقەڵە دارێکدا خومان حەشار دابوو، بە دووربین

جموجووڵی ئەوانمان خستبووە ژێر چاوەدێری هەتا ئێوارە هات. کەمکەم خور پەڕی، بوو بە ئێوارە و هێزکانی دژمنیش گەڕانەوە شوێنەکانی خویان بێ ئەوە جێگا و شوێنی ئێمە پەیدا بکەن.

## شەڕی لاتەوەن و شەهیدبوونی ٣ پێشمەرگەی بەنرخ

رۆژێک دوای ئەوە گەڕانی پاسدارەکان بە دوای ئێمەدا کۆتایی هات، خوشکم هات بۆ لامان و کۆڵێک جل، دەرمان و خواردنی بۆ هێنایین.
دوای ئارامبوونەوەی وەزعەکە، کاک بورهان و پێشمەرگەیەکی دیکەمان بە ناوی نەجمە مەنبەری، کە هەر ئەو رۆژە تووشمان بوو، گەڕانەوە بۆ بێڵەوار بۆ لای کاک سالار و پێشمەرگەکانی دیکە. بڕیار درا کە گەییشتنەوە لای هەڤالان، یەکێک لە کادرە دەرمانییەکان بنێرن بۆ لای ئێمە تا لە نزیکەوە ئاگای لە برینەکانی کاک حەمدی بێت کە هێشتا تەداوییەکی رێکوپێک نەکرا بوو.
دوای چوونی کاک بورهان و نەجمە، من و حەمدیش رooیشتین بۆ باخەکانی سەرێز. بە نامەیەک کەس و هاوکارەکانی خومانم لەو گوندە لە وەزعی کاک حەمدی و جێگاکەی ئاگادار کردن. دوای گەییشتنی ئەم نامەیە رۆژانە گشت جۆرە پیویستییەکمان بۆ دەهاتە ئەو شوێنە و پیویست نەبوو خومان بە دوایدا وێڵ بین.



نزیک بە حەفتەیەکی برد تا یەکێک لە کادرە دەرمانییەکان بە ناوی شەهرام مەنبەری گەییشتە لای ئێمە و لەگەڵ خوی نامەیەکی کومیتەی شارەستانیشی بۆ من هێنابوو کە دەبوا بڕۆم لە گوندی دژن بیان بینم.
ئێوارە لە کاک حەمدی و شەهرام ماڵاواییم کرد بەو نیازە رۆژی دوایی بگەڕێمەوە لایان. لە چەمی گاوەرۆ پەڕیمەوە، لای سەعات هەشتی ئێوارە چوومە ئاوایی دەژن و لە ماڵی دۆستێکدا چاوەڕێ هاوڕێیان مامەوە. دوای سەعاتێک ئەوانیش هاتن، نان و خواردنمان لە

ئازار و ئەزموون
دەژن کۆکردەوە و گەڕاینەوە بۆ جێگایەک بە ناوی باخی شەمسە دیسان لە گوێ چەمی گاوەرۆ. لەم داستانەدا چەندینجار باسی چەمی گاوەرۆم کردووە و



حەزدەکەم تۆزێک روونتر و فراوانتر باسی ئەم چۆمە بکەم تا بۆ خوێنەر نەبێتە مایەی سەرلێشێوان.

لە سنووری پارێزگاکانی هەمەدان و سنە (کوردستان) لە نزیک شاری سنقۆرەوە ئاوێکی روون و زوڵال سەرچاوە دەگرێ. هەموو ناوچەی کولیایی تێپەڕ دەکات، لە نزیک جادەی سنە- کامیاران لەگەڵ ئاوی چەمشار دەبنە یەک و بە هێز و گوڕێکی زیاترەوە بە سنووری ناوچەی ژاوەرۆ و بێڵەوار دا دەڕوا. لە بەر ئاوایی پاڵنگان لەگەڵ چەمی پاڵنگان، کە ئەویش لە نزیک کامیارانەوە سەرچاوە دەگرێ تێکەڵی یەک دەبن. لە خوار گوندی هەواساوا لەگەڵ چەمی رۆخانە کە لە ناوچەی کەڵاتەرزان و نزیک کەلی ئارێزەوە سەرچاوە دەگرێ دەستەملانی یەک دەبن و بە ناوەڕاستی شاخ و داخی هەورامان‌دا دەڕوا تا دەگاتە سنووری دەستکردی ئێران- ئێراق. ئەم چەمە لە هەر ناوچەیەک ناوێکی تایبەتی هەیە، بەڵام بە گشتی سیروان و گاوەرۆ ناسراوترین ناون کە خەڵکی بە کاریان دێنێ. کاتێک من باسی چەمی گاوەرۆ و باخەکانی دەور و بەری

دەکەم، بەشی زۆری ئەم ناوچانە دەگرێتەوە و بیرەوەری و بە سەرهاتەکانی منیش زۆربەیان لەم، یان لەوبەری ئەم چۆمەوە روویانداوە.

شەو بە رێگاوە لەگەڵ کاک رەشاد هێندێکمان قسەی تازە بۆ یەک گێڕانەوە. من دوایین هەواڵی ناوچە و کەسەکانی سەرێزم بەئەو دا. ئەویش باسی سەفەری خویانی بۆ من کرد و کاتێک گەییشتینە شوێنی دیاری کراو هەرکەسەمان لە بنی بەردێک و لە ژێر ئاسمانی شینی پڕ ئەستێرەی کوردستاندا خەوتین. بەیانی کاتێک هەستاین، من چووم دانە دانەی کوڕەکانم ماچکردن. نزیک بە مانگێک دەبوو بەشێکیانم نەبینی بوون و لە دڵەوە وەڕەزیم کردبوون. جگە لە کادرەکان، کاک بورهان، رەشاد، خالێد و رەحمان قوربانی، هەموو پێشمەرگەکانی ئەو لکەش کاک سالار سەرپەرەستی دەکرد لەگەڵ ئەم جەمعە بوون کە تێکڕا ژمارەیان دەگەییشتە ٥٥-٦٠ کەس و زیاتر لە بیست کەسیان مەنبەری بوون. قەرار بوو لای نیوەڕۆ کۆبوونەوەیەکی کومیتە ئەنجام بدەین، بڕیاری پیویست بۆ درێژەی کار بدەین و من بگەڕێمەوە لای حەمدی و شەهرام. بەڵام هێشتا نیوەڕۆ نەهاتبوو حەسەن مەنبەری کە لەو بەری چەمەکەوە لەگەڵ نیگابانەکان چاوی لە ناوچە ئەکرد، بە هەڵاتن هات و وتی پاسدار گەییشتنە بانسەرمان!



کاتێک چاومان لێکرد دیتمان نزیک بە ٢٠ جاش بە رێگایەکی پشتسەری ئێمەدا لە حاڵی رێگارۆویشتن دان بەڵام وا دیارە هێشتا بە ئێمەیان نەزانیوە. هەموو لەشەم لە ترسان نشتە لەرزە. هەرچێکم دەکرد نەمدەتوانی بە سەر ترسی خومدا زاڵ بم. لە راستیدا من پێشتر هیچکات بەم شێوەیە لە شەڕ و کوشتن نەترسابووم، نازانم بۆ ئەم جارە وابووم. بۆ ئەوە کەس هەست بە لەرزین و ترسانم نەکات تۆزێک دوورکەوتمەوە بەڵام فایدەی نەبوو. پێم وابوو من ئەمە دوایین سەعاتەکانی ژیانمە و حەتمەن

لەم شەڕەدا کە هێشتا دەستی پێ نەکردبوو دەکوژرێم.
کاک سالار و حەسەن مەنبەری وەک فەرماندەی یەکەم و دووهەمی کاروانەکە بە دە - پازدە پێشمەرگەوە رۆیشتن بۆ ئەو جێگایە پاسدارەکانی پێدا تێپەڕین. ژمارەیەکی دیکەی پێشمەرگەش بە گوێ چەمدا چوون تا لای خوارەوەی جاشەکان بگرن. دوای دە دەقێقە من ئیدی بە سەر ترس و دڵەڕاوکێەکەمدا زاڵبووم و بە گوێ چەمەکەدا رۆیشتم بۆ شوێنی شەڕەکە. هێشتا تەقە دەستی پێ نەکردبوو و کوڕەکانی ئێمە بێ ئەوە جاشەکان بیانبینن گەییشتبوونە ۲۰۰ مێترییان. جێگاکە هەڵەموت، رووتەن و زۆر نالەبار بۆ شەڕێکی لەو چەشنە بوو. لای خوارەوەکەی دەراوێک بوو دەچووە سەر گاوەرۆ و هێندێک بنێشتکەر کەپر و بنەیان لێ خستبوو تا بنێشتەکەیانی تێدا بکوڵێنن. تۆزێکی مابوو من بە تەواوی بگەمە لای هەڤاڵان تەقە دەستی پێ کرد و لە گشت لاوە جاشەکان کەوتنە بەر دەستڕێژی پێشمەرگە. لە بەرەی لای کاک سالار و حەسەن داپێشمەرگەیەکمان بە ناوی مەولوود مەردۆخی لە یەکەم سات و تەقەدا کەوتە بەر دەستڕێژی جاشەکان و شەهید بوو.
کاتێک من گەییشتم، دیتم پێشمەرگە لە ناو کۆنە هەوارێکدا جاشەکانیان خستوونەتە گەمارۆ و ئەوانیش لە ناو کەلارە رووخاوەکاندا بە سەختی بەرگری لە گیانی خویان ئەکەن. پێویستە وەبیری بێنمەوە کە زۆربەی هەرەزۆری ئەم کەسانە جاشەکورد و بەشێکی زۆریشیان لەو کۆنەپێشمەرگانە بوون خوێیان تەحویلی رێژیم دابوویەوە و تا تەوقی سەریان لە خیانەت و تاوانەوە گلابوون. بۆیە شەڕی سەر وماڵیان ئەکرد و کەسیان حازرنەبوون تا دوا هەناسە تەسلیمی ئێمە بن.
دوای ئەوە مەشوەرەتمان لەگەڵ چەند کەس لە پێشمەرگەکاندا کرد، لەگەل دوو پێشمەرگەی دیکەدا بە ناوی کەماڵ تەنگیسەری و مەهدی تەوریوەری دابەزینە خوار بۆ ناو دۆڵەکە کە تەنیا ۲۰۰ مێتر بە چەمی گاوەرۆوە دوور بوو. ئێمە ئەمانزانی ئەگەر لەو قۆڵەشەوە تەقە لە جاشەکان کراب، وەزعیان زۆر خراپتر دەبوو و لە ورە و ئیمکانی بەرگرییان کەم دەبوویەوە. هەرکە ئێمە گەییستینە سەرەتای دۆڵەکە، لە ناو هەژگ و دەوەنێکدا مناڵێک دەرپەڕی. مناڵەکە بە دەم گریان و هاوارەوە بە ناوی خوم بانگی منی کرد کە نەیکوژین!

سەراپای لەشم نشتە لەرزین و هەزار شوکرم کرد کە ئەم منداڵە هەژارە بێتاوانە نەکەوتە بەر تیرێک و نەکوژرا. دەستی کوڕەکەم کێشا و دڵنیام کرد کە نایەڵین ئازاری پێ بگات. بردمانە سەررێگاکە و نیشانمان دا چۆن بڕواتەوە بۆ ئاوایی. دیارە کوڕە خەڵکی دەژن و کوڕی یەکێک لەو پیاوانە بوو کە لەم دەراوەدا خەریکی بنیشت کردن بوون. باوکەکەی لە یەکەم تەقەکەدا هەڵاتبوو بەڵام ئەم منداڵە بەجێ مابوو. دوای ئەوە رێگاکەمان نیشاندا تا ناو ئاوایی دەژن رانەوەستا. من ناوی ئەو منداڵەم لە بیر نەماوە بەڵام دواتر ئەم کارە و نەجاتدانی ئەو کوڕە ببوە مایەی شادی و قسەی سەرزاری خەڵک و هەرکوێەک دەچووین بۆیان دەگێڕاینەوە.


شەڕەکە هەر دەهات دژوارتر دەبوو. جێگای جاشەکەن جۆرێک بوو دەبوا دانە دانە بیانکوژین یان خویان بێن تەسلیم ببن. یەکەمیان مەترسی زیانی خومانیشی هەبوو و دووهەمیش هێشتا وەختی نەهاتبوو. ئێمە دەشترساین هێزی دیکەی رێژیم بێت بە فریای ئەم تاقمەوە و کارەکەمان لێ دژوارتر بکەن. بۆیە هەموو هەوڵی کاک سالار ئەوە بوو هەرچێک زووتر کۆتایی بە مقاومەتی ئەم تاقمە بێنێ، بەڵام چۆن دیار نەبوو. بەرپرسی گرووپەکە کابرایەک بوو بە ناوی تەیموور کە لە پەلاماری یەکەمدا کوژرا و جگە لە تەیمور جەنازەی چەند کەسی دیکەش لە بەر دەستی پێشمەرگەدا بوون. بەڵام چەند کەسێک لە جاشەکان هێشتا کۆڵیان نەدەدا و بە سەختی بەرگرییان لە سەنگەرەکان دەکرد.

زیاتر لە سەعاتێک لە یەکەم ساتی شەڕ تێپەڕیبوو لە پڕ دیتمان یەکێک لە جاشەکان لە دۆڵەکەی خوارەوە، راست لەو شوێنەی منداڵەکەمان دیتبوو هەڵات و خەریک بوو بگاتە ناو چۆمەکە. چەند کەسێک لە هاوڕێیان تەقەیان لێ کرد و لە کەناری دەراوەکەدا کەوتە سەر ئەرز. من رویشتم بۆ سەر جەنازەکەی تا چەک و چۆڵ و کارتەکەی بێنم. لە چەند مێترییەوە دیتم خوێن بە هەموو شوێنێکیەوە دیارە و دڵنیابووم ئەگەر نەشمردبێت بە شێوەیەکی کاری برینداره. بۆیە فیشەکی دیکەم پێوە نەنا و بێ تەقە چوومە سەر سەری. بە سکەوە کەوتبوو و کلاشینکۆفەکەشی لە ژێر سینگیدا بوو. من دانەویم چەکەکەی لە ژێر لاشەیدا دەربێنم، هێندەم دنیای روونـاک بینی هەستایە سەر چۆک و

منی بە رەگبارێک بە پشتدا خست. پێشمەرگەکانی دیکە کابرایان دایە بەر دەستڕێژ و لە چاوتروکانێکدا لە کۆڵی منیان کردەوە. من گولەیەکی دەستڕێژەکەی کابرا لە باسکی راستی دام، گولەیەکی دیکەش کە بە دڵنیاوە هی هاورێیانی خومان بوو بەر پشتم کەوت و لە بنی باڵمەوە دەرهات.

ژمارەیەک لە هاورێیان، لەوانە رەشاد گەییشتنە لای من، برینەکەی باڵیان بەستم و بە دوو پێشمەرگەی تازەدا (شەمسە و رەمەزان) بەرێیان کردم بۆ دواوە بۆ ئەو شوێنەی کە وەک مەسیری پاشەکشێ دایاننابوو. لەگەڵ ئەم دوو پێشمەرگەیە لە ئاوی گاوەرۆ پەرینەوە و لە ناو تۆقە هەژگێگدا چاوەڕوانی هەڤاڵان ماینەوە تا کۆتایی بە شەڕەکە بێنن و بگەرێنەوە لامان.

شەڕەکە هەروا بە توندی بەردەوام بوو. دەرکەوت هێزی یارمەتیدەری دژمن گەییشتبوو و درێژەدانی شەڕ لە قازانجی ئێمە نەبوو. دوای دەربازبوونی من دوو پێشمەرگەی دیکە بە ناوەکانی عەلی ئاغای ئارامبین و مەجید ئیلامی بریندار ببوون کە بەداخەوە عەلی ئاغا لە رێگادا شەهید ببوو. کاک سالار بڕیاری پاشەکشە دەدات و نزیک عەسر تێکرای لکەکە گەییشتنەوە لای ئێمە لە هەواری تەڵووکەجەڕێ. جگە لە عەلی ئاغا ئارامبین، کاوسی مەنبەریش



یەکێک لە سەرپەلە ئازا و خوشەویستەکانمان لەم شەڕەدا شەهید بوو. کاوس پێش لە خوی دوو برای دیکەی بە ناوەکانی عەبدوڵا و واسێح مەنبەری شەهید ببون و بۆ خوشی بووبە سێهەمین شەهیدی بنەماڵەیەکی هەژاری کورد.

## *خۆ حەشاردان دوای بریندار بوون*

رۆژێک دوای ئەم شەڕە لە شوێنێک بە ناوی شێنێ حەساینەوە، چەند بزنمان لە شوانێک کڕی و سەرمان بڕین. لای ئێوارەکەی ئاگادار بووین کە مەڵبەند و

هێـز، واتــا تێکــڕای پێشــمەرگەکانی زاگــرۆس لەو نزیکــانەن و قەرار درا ڕۆژی دوایــی لە مازیــاردا یەک بگــرینەوە. ڕێگــایەکی زۆر نەبــوو، ئــێمە دوای چەنــد سەعات گەیيشتينە مەقسەد و نیوەی شەویش هاوڕێیانی مەڵبەند، کە لە سەد کەس زیاتر بوون هاتنە لامان. بەیانی کاتێک ڕۆژ بوویەوە هەموو هاوڕێیان دەستمان لە ملی یەکتر کرد و بە تایبەتی دوای شەهید بوونی ئەو سێ هەڤالە، پێشــمەرگەی لکەکــانی دیــکە دڵنەوایــی ئێمەیــان دەدایەوە. کــاک مەنســوور فەتــاحی و کــاک فەتــاح عەبــدولی هــاتن ســەردانی مــن و مەجیــدیان کــرد و لە وەزعــی برینەکەمانیــان پرســی. لەیــرەدا بــۆ یەکەمــین جــار ژمــارەیەک بیســیمی بــاش، کە تــازە لە دەفــتەرەوە گەیيشــتبوون بە ســەر لــک و دەســتەکاندا دابەش کران و فەرماندەکانمان بوونە خاوەنی بیسیمی خویان.

سیاوەش گــوودەرزی خــەریکی دەرمــانی بــرینەکەی مــن بــوو، رادیــۆی حیــزب لە گۆشـــەیەکەوە دەنگـــی دەهـــات و هەواڵەکەنـــی ڕۆژانـــی پێشـــووی نـــاوچە جۆراوجۆرەکــانی ئەخوێنــدەوە. لە پــڕ نــۆرە گەیيشــتە مەڵبەنــدی دوو و نــاوی پێشمەرگەیەکی خوێندەوە کە بە هوی نەخوشییەکی کوتوپڕەوە گیانی لە دەست داوە. ئەم پێشمەرگە فەخرەدین مەنبەری یەکێک لە هاوڕێیانی هەموو دەورانــی منــاڵی و یەکێک لە خوشەویستترین کەسەکانی ژیــانی مــن بــوو. شێوە و نــاوی نەخوشــی و چــۆنیەتی شــەهیدبوونەکەی هیچکــات وەک خــوی بــۆ مــن و کەســانی دیکەش روون نەبوویەوە و نەزانرا ئەو ڕۆڵە ئازا، فیداکار و دڵسۆزە چۆن تووشی ئەو دەردە بوو و بە پەلەش ژیانی لێ سەند.

ئێــوارەی ئەو ڕۆژە، لە ســەر داوای بەرپرســان مــن و مەجیــد ئیلامــی لە کــاروان جیا بووینەوە و کــادرێکی دەرمــانی بە نــاوی ســەلاح میــانەیی و پێشــمەرگەیەکی بە ئەزمــوون بە نــاوی ئەکــبەر مەنبەرییــان لەگەڵ خســتین. کــاک ســالار هــات خواحــافیزی لــێ کــردین و وتــی بــڕۆن خوتــان حەشــاردەن، برینەکانتــان چــاک کەنەوە و دوایە بگەڕێنەوە لامان. هەر وەک پێشتریش باسم کردووە شاردنەوەی بریندار، ئاگالێبوون و پاراستنیان لە چنگی دژمن پیشەی ئەو چەندساڵەی من بوو. وەک ئەزموون زۆریشی تێدا سەرکەوتوو بووبــووم. بەڵام جیــاوازی ئەم جــارە ئەوە بــوو کە بــۆ خوشــم برینــدار بــووم و بــۆ گەڕان و هــاتوچوو، وەک یەکێک لە ئەسڵەکانی ئەم کارە سەربەست نەبووم. دەبــوا جێگــا و شــوێنی برینــدارەکانمان

هەردەم لە دەوڵەت و هێزەکانی، شاراوە بێت و بە هیچ شێوەیەک پێ نەزانن. چوونکە ئەوان کە لە بەرانبەر هێزی پێشمەرگەدا هەردەم تێکدەشکان لە فرسەتێک دەگەڕان تا تیمێکی لاوازی ئێمە وە چنگ بخەن و تۆڵەی خویان بکەنەوە.

هەر جۆرێک بێت ئێمە لە جەماعەت جیا بووینەوە. ڕۆژی دوایی چووینە باخێک بە ناوی کەڵەڕەز و خومان بە کاک سابر و حاجی حەمە ڕەشیدی باوکی ناساند. وەزعەکەم بە باشی بۆ گێڕانەوە و لیستێکم لە دەرمان و پێداویستی بۆ گرتن تا بچن لە ئاوایی نیەردا بۆمان دابین کەن. ڕۆژی دوایی هەردووکیان گەڕانەوە، بە زیادیشەوە شتەکانیان بۆ هێناین و وتیان تا ئەکەونەوە سەرپێ لەم باخەی ئێمەدا بمێننەوە و هەرچێکتان گەرەکبێت ئێمە بۆتان دێنین. مەجید پای بریندار بوو، زۆر بە زەحمەت دەیتوانی بڕوات، بۆیە بە قەولی ئەوانمان کرد و ٥ ڕۆژی تەواو لە باخی ئەواندا ماینەوە. ئەوان ئێوارە دەگەڕانەوە نیەر، بەیانی زوو یەکێکیان و نزیک نیوەڕۆ ئەوی دیکەیان بە کۆڵێک خواردنەوە دەگەڕانەوە لامان. من سەدی سەد لەم ماڵە دڵنیا و تەنانەت کاتێک رویشتین بۆ جێگایەکی دیکە پێموتن بۆ کوێ دەچین و داوام لێکردن خاوەنباخ ئاگادار کەن کە سبەینێ "مێوانی" ئەوین! بە داخ و کەسەرێکی زۆرەوە ساڵەکانی دواتر، ئاگادار کرام کە سابر بە تۆمەتی "خیانەت" لە لایەن چەند کادرێکی حیزبی دیموکراتەوە، بە پێش چاوی ژن و منداڵەکەیەوە هێنراوەتە دەر و بێ هیچ لێ پرسینەوەیەک لە پشتەوەی ئاوایی نیەر ئێعدام کراوە. ئەو دەم من لە حیزبدا نەمابووم و هیچکاتیش وەڵامێکی جێ پەسەندم لەو کەسانە نەبیست کە ئاگاداری ئێعدامی ئەم کوڕە شیرین و ئازایە بوون کە بۆچی کوشتیان؟

نزیک بە مانگێک ئێمە لەو ناوە، هەر چەند ڕۆژ لە باخێک و کەوێڵی کەسێکدا ماینەوە. خەڵکێکی زۆر ئاگاداری بوونمان بوون، هێزەکانی ڕێژیم وەک گورگی هار لێمان دەگەڕان و هەرجارەش دەست لە لاق درێژتر بێ ئاکام دەگەڕانەوە بنکەکانیان. لە گشت ئەم ماوەیەدا من بە دەم کاری ئەسڵییەوە کە شاردنەوەی خومان بوو، خەریکی کاری ڕێکخسنەکانی ناوچەش بووم و زۆربەی ڕۆژەکان نامەیەکم بۆ کەسانێک دەنووسی، یان لە یەکێک لە کەسەکانی خومانەوە

نـامەم پـێ دەگەییشـت. کـاک عەلـی نەقـی مەنـبەری کە لە بەشـی قەڵای سەربەرزیدا بە وردی باسم کردووە، یەکێک لەو کەسانە بوو شەو و رۆژ لە هات و چوودا بوو و هەواڵ و نامەکانی دەگەیاندین.
دوای نزیک بە مانگێک دوو پێشمەرگەی دیکە بە ناوی کەماڵ تەنگیسەری و مەهدی تەوریوەری هاتن بۆ لامان و کەژاڵ عەباسی، هاوسەری کاک فەتاحی عەبدولییان لەگەڵ بوو. خوشکە کەژاڵ حاملە بوو، گەڕان لەگەڵ هێز بۆ ئەو وەزعەی ئەو دژوار و ناموکین بوو. بۆیە بەرپرسان داوایان کردبوو من هاوکاری کەماڵ و مەهدی بکەم و بە شێوەیەک کەژاڵ لە رێگەی شارەوە بگەڕێتەوە بۆ دەفتەری سیاسی. ئەوەی لە دەستی ئێمە هات ئەنجام درا بەڵام گرنگترین بەشی کارەکە کەماڵ جێبەجێ کرد، شۆفێرێکی دۆزییەوە و سەرەڕای ریسک و مەترسییەکانی، کەژاڵ خانمیان بە سلامەت گەیاندەوە جێگای مەبەست.
دوای بەڕێکرانی کەژاڵ تێکڕا بەرەو کۆسالان، کە هەموو ئەو ساڵە ببوە بنکەی نیوە سابتی هێزی زاگرۆس، گەڕایەنەوە و دوای دوو شەو و رۆژ زۆربەی هێز و کومیتە ناوچەکان لەوێ یەکمان گرتەوە. لە ماوەی ئەم ساڵەدا هێز و کومیتە جیاوازەکانمان تووشی دەیان شەری سەخت و گران لەگەڵ هێزی داگیرکەر ببوون و لە هەمووشیاندا سەرکەوتوو و سەربەرز هاتبوونە دەر. ژمارەیەکی زۆر لە هێزەکانی رێژیم کوژرابوون، دەیان ماشین و کەرەستەی گرنگی رێژیم سوتێندرابوون و سەدان جۆر چەک کەوتبوونە دەستی پێشمەرگە. بەڵام بە داخەوە کاتێک سەیری ناو کاروانی پێشمەرگەکانیشت ئەکرد جێگەی ژمایەک لە خوشەویستانی چەندینساڵی پیشوومان خاڵی و چۆڵ بوو کە لە ماوەی ئەم ساڵەدا گیانیان فیدای رزگاری و سەربەرزی خەڵکی کوردستان کردبوو. بۆ نموونە خوشەویستانی وەکو ئیبراهیم ئەحمەدی، رەحیم هەژار، کاوس مەنبەری، عەلی ئاغا ئارامبین، مەولوود مەردۆخی و...
پیویست بە وەبیرهێنانەوەیە کە سەرەڕای شەڕی تەبلیغی، تەوای ئەو ساڵە هیچ چەشنە شەڕ و تێکهەڵچوونێک لە نێوان هێز و تیمەکانی ئێمە و کۆمەڵەدا، کە بە شێوەیەکی بەرچاو لە ناوچە حزووریان هەبوو رووی نەدا. هەردووکلامان لە پەیمانێکی نەنووسراودا بەوە گەیشتبووین کە کارمان بە سەر یەکەوە نەبێت و هەرکەسە خەریکی کار و تەبلیغی خوی بێت. ئێمە چەندین جار

ئاگاداری بوونی تیم و دەستەی ئەوان لە نزیکی خومان بووین و بێ گومان ئەوانیش هەروەتر. بەڵام خومان لێک "گێل"کرد و تێپەڕین کە بڕیارێکی باش و کردارێکی ژیرانەبوو.

دوای حەفتەیەک بەرپرسان بڕیاریان دا بەشێک لە هێزەکە، کە بە زرۆی لە بریندار و ئەو کەسانەی تازە هاتبوونە ریزی پێشمەرگایەتی پێک دەهات،، بەرێ کەنەوە بۆ نەوسوود و منیش بە حوکمی برینداربوون یەکێک لەو کەسانە بووم. لە دۆڵی هەواری ژۆنییەوە دابەزینە سەر چۆمی سیروان. نیازمان بوو لە ئاوەکە بدەین بەڵام دوای تاقیکردنەوە دەرکەوت ناموکینە. ناچار روومان کردە پردێک کە لە بەر ماڵەکانی ئاوایی رواردا هەڵکەوتبوو. تیمێک کەوتنە پێش و بێ گرفت گەییشتنە سەر پرد، بە بیسیم ئێمەیان ئاگادار کرد بە دوایاندا بڕۆین و گەییشتینە سەر پرد "نوورەفکەنی"پایەگای دژمن هەڵکرا و هەموو شوێنێک وەک رۆژ روونـاک بوویەوە. پایەگا سەر پرد و دەور و بەری دایە بەر دەستڕێژ و ئێمەش بەرە و ئەودەستی چەم هەڵاتین. دوای نیو سەعات بە هەزار دەردیسەر یەکمان گرتەوە و بە خوشییەوە کەسمان زیانی پێ نەگەییشتبوو. رۆژی دوایی چوینە نزیک قولەی نوور کە بەرزترین لووتکەی شاهۆیە. دوای دابەزینە خوار، پەڕینەوە لە جادەی پاوە-نەوسوود و تێپەڕین بە ناو بەرەی شەڕی ئێران ئێراق و جارێکیتر بە گورێس پەڕینەوە لە ئاوی سیروان، گەییشتینەوە دەرەتفێ بنکەی سابت و داییمی هێزی شاهۆ.

## بنکەی دەرەتفێ، هێرشی بەرینی هێزەکانی رێژیم و تێکشکانیان بە دەستی هێزی پیشمەرگە

دوای گەڕانەوە بۆ دەرەتفێ من چووم بۆ بنکەی دەفتەری سیاسی و نزیک مانگێک لە نەخوشخانەی حیزب مامەوە. کاک فەرهاد مەنبەری و سیاوەش گوودەرزی دوو کەس لە کادرە دەرمانییەکانی خومان ئەودەم لە نەخوشخانە بوون و من بە زۆری لە لای ئەوان دەمامەوە. هێندێک شەویش سەردانی کاک هومایون ئەردەڵانم دەکرد کە ئەو ماوەیە لە نەخوشخانە دیوێکی هەبوو و بە خەرمانێک کتێب و نووسراوەی باشەوە خەریکی خوێندنەوە بوو. من پێشتر

حاتەم مەنبەری

هیچکات هێندەم کتێبی باش لە لای کەس نەدیتبوون و لە راستیدا ئەو مانگە سێ چوار دانە لە کتێبەکانی کاک هومایونم قەرز کردن و بە عەلاقە و شەوقەوە خوێندنمەوە. نەخوشخانەی حیزب نزیک بە ٥٠ پێشمەرگەی برینداری لێ بوو و دەوروبەری ٢٠ کەسیش خەریکی خزمەتکردنیان بوون. چەند دوکتوری فەرانسەویش ماوە ماوە دەهاتن و وێڕای چارەسەری نەخوشەکان کادرەدەرمانییەکانی خوشمانیان فێری کار و هاوکات زمانی خویان دەکرد کە خزمەتێکی بە نرخ بوو. لەم ماوەیەدا مامۆ ئەسغەر مەنبەری و کاک عەلی ئەشرەف مەجیدیانیش کە بۆ عەلاجی برینەکانیان چووبوونە فەرانسە تازە گەڕابوونەوە و لە بیمارستاندا بوون کە هاودەم و هاوڕێەکی باش بوون بۆ من. کاتێک من گەڕامەوە بۆ دەرەتفێ هەموو هێزەکەش گەڕابوونەوە، لە چوار جێگای جیاوازدا بنکەیان بۆ دانابوون و هەر لک و کومیتەیەک لە دۆڵێک خەریکی جێگا سازکردن بوون بۆ زستان.




دوای ماوەیەک دەفتەری سیاسی کاک فەتاحی عەبدولی لە مەڵبەندی یەک بانگ کردەوە و کردیان بە بەرپرسی کومیتەی شارەستانی سەردەشت. لە جێگای کاک فەتاح کاک عومەری شەریفزادەیان دانا کە کەسێکی شیاو و لە ناو سەرجەمی هێزەکەدا خاوەن رێز و خوشەویستی بوو. بەڵام بە داخەوە زۆری نەبرد ناوبراو لە بەڵایەکی لابەلا دا بە سەختی بریندار بوو و نەیتوانی ئەرکی نوێ خوی جێبەجێ بکات. لە جەرەیانی گواستنەوەی ژمارەیەک لە پێشمەرگەکان لە ناو شاری هەڵەبجەدا یەکێک لە ماشینەکانی ئێمە کەوتە ناو کەمینی دەستەیەک لە جاشەکانی ئێراق کە لە ناو خویاندا شەڕیان بوو. بەداخەوە جگە لە برینداربوونی کاک عومەر، دوو پێشمەرگەی بەنرخیش بە ناوەکانی کەماڵ تەنگیسەری و ئەسەد خێراوایی شەهید بوون. کاک بورهان روحانی دوای کاک عومەر کرایە بەرپرسی مەڵبەند و هەموو ساڵی ١٣٦٦ بە باشی ئەم ئەرکەی بەڕێوەبرد.

لە ناوەڕاستی زستانی ئەو ساڵە، واتا ١٣٦٥ ی هەتاویدا چەندین جار دەنگۆ هەبوو کە رێژیم بە تەمای هێرشکردنە بۆ سەر بنکە و بارەگاکانمان. هەر جارە

و ژمارەیەک پێشمەرگە دەچوونە شوێنە حەساسەکان و چاوەڕوانی هێرش دەبوون. بەڵام هەمووکات بە "فشە" دەردەچوو. سەرەنجام رۆژێک لە چەند جێگای بڕوا پێ کراوەوە، لەوانە هەڤاڵانی یەکیەتی نیشتمانییەوە هەواڵمان پێ گەییشت کە رێژیم هێزێکی زۆری هێناوەتە شاری پاوە و بە نیازی هێرشێکی گەورەیە. ئەم سەرچاوانە شەو و سەعاتی هێرشەکەشیان باس کردبوو و بە پێچەوانەی جارانی پێشوو موو بە موو بە راست گەڕا. ئێوارەی ئەو شەوە پێشمەرگە بۆ هەموو شوێنە حەساسەکان دیاری کران و چاوەڕێ هێرشی دژمنماینەوە کە بڕیار بوو نێوان سەعاتی ٠٣٣٠ بۆ ٠٤٠٠ ی بەیانی دەست پێ بکات.

من لەگەڵ ژمارەیەک لە کادرەکانی کومیتەی کرماشان، لەوانە خالێد دروودی، فەریدوون یوسفی، حەمەدی حوسەینی و کەریم پیرباخی لە بنکەی کومیتە مابوینەوە تا ئاگامان لە بنکەی لک و کومیتەی شارەستانی کرماشان بێت. کاتێک شەڕەکە دەستی پێکرد تێکڕا چووینە



"کونەتەیارەیەک" کە بۆ رۆژی وامان ساز کردبوو. رێژیم شەڕەکەی بە تۆپبارانێکی خەست و بێ روحمانە دەست پێ کرد و لە ماوی زیاتر لە ٣ سەعات دا کەمترین دەقێقە بوو چەندین گولە تۆپ روو لە مەیدانی شەڕەکە بەڕێنەکات. چەندین گرمەی دوور، لوورەیەکی زراوتۆقێن، بریقەی چەند رووناکی و قیژەی تەقینەوەی چەندین گولەی کاتیوشا فاسڵەیەکی چەند کیلوو مێتری لە تاقە دەقێقەیەکدا. ئێمە لە بەر گرم و هۆڕی تۆپان بە وردی ئاگاداری بەرەی شەڕ نەبووین بەڵام ئەمانزانی گشت شوێنەکان پێشمەرگەی پیویستی تێدایە و بە بیسیم لەگەڵ یەک لە پێوەندیدا بووین. بەربڵاوی هێرشەکە و تۆپبارانی کەمسابێقەی رێژیم بەو شێوە بەرینە وای کردبوو کە چاوەڕوانی شەهیدبوونی زیاتر لە دە پێشمەرگەی خومان بووین.

دەمە و بەیان و کاتێک هەوا بە تەواوی رووناک بوویەوە لە پڕ تۆپخانەی

ڕێژیم بێدەنگ بوو و دنیا ئارام و بێ تەقە. ئێمە لە بنکەی کومیتە لە ڕێگای بیسیمێکەوە کە هەمانبوو گوێمان لە راپۆرتی یەکێک لە فەرماندەکانی هێزی شاهۆ، کاک ئەولکەریم بابایی بوو بۆ بەرپرسانی باس دەکرد کە هێرشی دژمن بە تەواوی تێکشکاوە، زیاتر لە ٣٠ جەنازەیان لە مەیدانی شەڕەکەدا کەوتوون و هێزەکانی ئێران تا ناو بنکەکانی خویان بە شێوەیەکی شپرێو بە هەڵەداوان هەڵاتوونەتەوە. هەواڵێکی خوش و شادی هێنەر بوو بەڵام هێشتا بە تەواوی هەواڵی زیانی پێشمەرگە نەگەییشتبوو. دوای نیو سەعات و بە سەرکردنەوەی گشت دەستە و یەکەکانی پێشمەرگە، دەرکەوت کە جگە لە حەسەن مەنبەری کە بە هەڵە لە لایەن کەسێکی خومانەوە بە سووکی بریندار ببوو، هیچ زیانێکی دیکە بەر پێشمەرگە نەکوتووە. ئەم ڕۆژە یەکێک لەو ڕۆژ و ئەم ساتەش لەو ساتانەیە کە من قەت لە بیری ناکەم و راست دەڵێی دوێنێ بوو رووی دا. هەواڵەکە بۆ رادیۆی حیزب بە ڕێ کرا و لەو ڕێگایەشەوە داوا لە ئامبوڵانسەکانی هێلالی ئەحمەری ئێران کرا بێن و جەنازەکانیان بەرنەوە. هەموو ڕۆژەکە پێشمەرگە خەریکی کۆکردنەوە و شناسایی جەنازەکانی ڕێژیم بوون کە بە درێژایی مەیدانی شەڕ(زیاتر لە ٤ کلم) بڵاو ببوونەوە. ئەم جەنازانە کە چەند جاشێکی ناوزڕاوی ناوچەی هەورامانیشیان تێدا بوون، تێکڕا بە سواری هێستر برانە شاری نەوسوود، بە شێوەیەکی ڕێک و پێک پێچرانەوە و تەحویلی ئەو کەسانە دران کە ڕێژیم ناردبوونی و رەسیدیان لێ وەرگیرا.

## *هاتنی بەهار، گەڕانەوە بۆ ناوچە و لە کەمینکەوتن لە ناو بەرەی شەڕ و مەیدانی مین دا*

دوای تێکشکانی ئەم هێرشەی ڕێژیم، ئیدی بە دەنگۆ و شایەعەش باسی هاتنی ڕێژیم نەما و هەموو زستانەکەمان بێ ترس لە دەرەتفێ بردە سەر. دوای ماوەیەک بڕیار درا تیمێکی ٧-٨ کەسی بگەڕێنەوە بۆ ناوچە تا ئامادەکاری بکەن بۆ گەڕانەوەی هەموو هێزەکە کە بڕیاربوو بەشێکی هێزی شاهۆشی لەگەڵ بێت. من وەک یەکێک لەم تیمە دیاری کرام و ئەوانی دیکەیان بریتی بوون لە رەحمان قوربانی، ئەسعەد ئەحمەدی، بەختیار ئەحمەدی، کاک فیزوڵا ڕۆحانی،

ئەنوەر پەشاوەیی، مەهدی تەوریوەری و خالید لەیلاخی.....جگە لە ئێمە چوار پێشمەرگەی هێزی شاهۆش لەگەڵمان کەوتن تا لە نێوان بەرەی شەڕی ئێران-ئێراق و مەیدانی میندا بمانپەڕێننەوە.

لە دۆڵێکی قووڵی تەنگەبەر بە ناوی "شێنێ"دا کۆبووینەوە و دوای تاریکبوونی هەوا بە هەورازێکی سەختی پڕ لە میندا کەوتینە رێ. کوڕەکانی هێزی شاهۆ کە کاک فەتحوڵا سەوزە، هادی رۆستەمی، سدێق هەجێجی و کوڕێکی دیکە بە ناوی زۆراو هەجیجی بوون، لە پێشەوەی ئێمەوە دەچوون و مینەکانیان پووچەڵ دەکردنەوە. دوای ئەوە چووینە سەر شاخ، لە نێوان پایەگای "چاڵەچەرمێ" و گوندی شێخانەوە دەربازی ئەو دیوی بەرەی شەڕ بووین چوینە ناو دۆڵێکی دیکە و بەرەو جادەی پاوە-نەوسوود لە نزیک ئاوایی تەشار کەوتینە رێگا. شوێنەکە زۆر هەڵەموت و پێدا رۆیشتنی یەکجار ناخۆش بوو. نزیکی لێوارەکانی جادەکە بووینەوە و خەریک بوو بگەینە سەرپێچێک کە دەوترا پڕ مەترسیترین مەسیری رێگاکەمانە. کاک فەتحوڵا سەوزە و هادی لە پێشمانەوە، ئێمەش بە دوایانەوە دەست لە سەر پەلاپیتکە دەچوینە پێش. من بەش بە حاڵی خوم هێندەم زانی ئاگرێک لە بن لاقمەوە هەستا، لە هەر چوار دەوری پێچەکەوە درایینە بەر دەسڕێژ و هەر کەسەمان بە لایەکدا هەڵاتین. دوای دوو سەد مێترێک دیتم رەحمان قوربانی لە پەنای کەڵەکێکدا کەوتووە و هاواری لێ بەرز بووەتەوە. لە حاڵێکدا گولە وەک باران بە سەرمان دا ڤیزە ڤیزیان دەکرد لە لای دانشتم، پرسیم کێشە چیە؟ وتی لەو کەڵەکە کەوتمە خوار و پەنجەی پام شکیاگە. دەستم لە لاقی دا و دیتم پەنجەی پای ورد و هان بووە و قامکەکانی نەدەجووڵان. بە هەزار زەحمەت خوی کردەکێش و خومان گەیاندە ئەو دۆڵەی دوای مەیدان مینەکە چووبووینە ناوی. لەوێ تووشی جەماعەتی دیکە بووین و دیتمان کاک فەتحوڵاش باڵی بریندارە و بە توندی خوێنی لێ دەڕوا.

کوڕەکانی هەورامان وتیان هەرجۆرێک بووە دەبێت پێش دژمن بگەینەوە سەر یاڵ و بەر لەوە رێگاکەمان لێ بگرن، یان مینی تازە دانێنەوە ئێمە دەربازی ئەو دیو بین دەنا ئەوێمان لێ بگرن دەرچوونمان مەحاڵە. دیارە لە رێگای بیسیمەوە هەموو رێگاکە لەگەڵ جەماعەتی بنکە لە پەیوەندیدا بووین و قەرار

بوو بێنە پیریمانەوە. من لەیرەدا زیاتر لە هەر شتێک خەمی رەحمانم بوو چوونکە ئەمزانی سات بە سات وەزعی خراپتر ئەبێت و لە بەر ئێش و ئازار ناتوانێ هەنگاوێکیش بە لاقی خوێ بڕوات. بەڵام لە پڕ دیتم خوی هاتە پێش و وتی خەمی منتان نەبێت. من بە" چۆک" دەڕۆمە سەر. بێ ئەوە لە سەر جوابی ئێمە راوەستێ وەک کەروێشک بە چۆک و ئەژنۆ لە سەر ئەرز کەوتە ڕێگا. پێش هەمووومان گەییشتە سەر یاڵ و لەوێش فەرەنجییەکەی کەند، هەردووک لاقی پێدا کرد و بەو ڕێگا تەسکەی پێدا هاتبووینە سەر و پڕی تەلیسێک مینمان هەڵگرتبوون، نزیک بە ١٠٠٠ مێتر بە " قنگەخشکێ" تا گوێ چەم و دۆڵی شێنێ رانەوەستا. کاتێک گەیشتینە خوار لە دۆڵی شێنێ رەحمانمان سواری هێستریێک کرد، بۆ خومان بە ڕێگایەکی دیکەدا گەڕاینەوە دەرەتفێ. بەیانی کاتێک چووم بزانم وەزعی رەحمان چۆنە، دیتم پای هێندەی تۆپێکی فووتباڵ هەڵماسیوە و بۆ خوشی رەنگی مردوانی لێ نشتووە. بەڵام رەحمان "بەردین" تر لەوە بوو بەم بایانە بلەرزێ. دوای چاکبوونەوە جارێکیتر لەگەڵ هێز گەڕایەوە ناوچە تا دوای چەندین فیداکاری دیکە لە گەڕانەوەی پاییزماندا بکەوێتە سەر مین و وێڕای چەندین برینی گرانی دیکە، لاقیشی بە تەواوی لە دەست بدات.

حەفتەیەک دواتر بە نیازی جارێکی دیکە گەڕانەوە، چووینە ناو شاری نەوسوود. ئەم جار ئەو رەحمان بەهوی شکانی پەنجەی و ئەسعەد ئەحمەدیش بە هۆیەکی نادیار لەگەڵمان نەگەڕانەوە. لە بری کاک ئەسعەد عوسمان مەلا لەگەڵ تیمەکە کەوت و ئێوارەیەک دوای تاریکبوونی هەوا بەرەو مەیدانی مین، بەزاندنی "سنوور" و گەڕانەوە بۆ قووڵایی رۆژهەڵاتی کوردستان کەوتینەرێ. لە دوای تێپەڕین لە پاسگەی ملە سەروا و بڕینی زیاتر لە یەک کیلوو میتر مەیدانی مین و کەمین، گەییشتینە ناوچەیەکی ئارامتر و نزیک دەمەو بەیان لە باخەکانی گەنجگەی خوار شارەدێ نودشەدا خومان حەشار دا. شەوی دوایی بە پشت ئاوایی هەجیجدا رەد بووین و رۆژی دواتر لە نێوان گوندەکانی نوێن و کەلجیدا ماینەوە. ئێوارەی ئەو رۆژە لە هاوڕییانی هێزی شاهۆ ماڵاییمان خواست و رۆژی دواتر گەییشتینە کۆساڵان کە هەردەم لەوێ شای مەبلەکەت خومان بووین!

دوای کۆساڵان بەرەو ناوچەی ژاوەرۆ کەوتینەڕێ و دوای چەند رۆژ لەگەڵ دوو

کادری دیکەمان بە ناوی مام وەهاب سەروەزان و شوجاع ئەمینی کە هەموو زستانی ئەو ساڵە لە ناوچەدا مابوونەوە لە سەرتەنگیسەر یەکمان گرتەوە. لە ماوەیەکی کورتدا گرنگترین زانیاری و هەواڵەکانی ناوچەمان کۆکردنەوە و لە رێگەی بیسیمەوە گەیاندمانە دەستی بەرپرسانی خومان لە دەرەتفێ و ئەوانیش لە سەر بناغەی ئەو زانیاریانە کات و مەسیری حەرەکەتی خویان دارشت. ئێمە کە ئەو دەم تیمێکی نزیک دە کەسی بووین، زۆربەی گوندەکانی ناوچە گەراین، لە زۆر شوینان تەداروکات و کەرەستەی پیویستمان دانا و چاوەروانی گەییشتنەوەی هێز و مەڵبەندماینەوە.

نزیک بە مانگێک ئێمە لە ناوچەدا بووین و کاروانی گەورەی هێز و مەلبەند دوای گەرانەوە لە مەسیری کەلەقەندی (کە خوی داستانێکی درێژ و باسی شەرێکی گەورەیە) لە رێگای تەوێڵێ و کەلی تەتەوە گەرانەوە کۆسالان و لە نزیک گوندی ژریژە تووشی کەمینی دژمن بوون. لە کەمینەکەدا پێشمەرگەی ئازیز و بە نرخ فەتحوڵا مەنبەری شەهید بوو و پێشمەرگەیەکی دیکە بە ناوی مەهدی بامناوا بە سەختی بریندار بوو.

ئێمە لە رێگای بیسیمەوە ئاگاداری ئەم کەمینکەوتنەی هەڤالانمان بووین بۆیە ئێوارەی رۆژی دواتر چوینە پیریانەوە بۆ سەر پردی شەم کە جێگایەکی گرنگ و حەساس بوو و مەترسی لە کەمینکەوتنەوەی هەبوو. ئەم ئێوارەیەش دیسان دەستەی پێشرەوی کاروانەکە لە بەر ئاوایی تفێندا تووشی شەرێکی نەخوازراو بوون و دوای یەک سەعات هێرشی پێشمەرگە و هەڵاتنی پاسدار، ژمارەیەکی زۆر لە هێزی داگیرکەر کوژران و جەنازەی ٧ کەسیان کەوتە دەست پێشمەرگە کە چەند جاشی ناوزراویشیان تێدا بوون. کاک وەهاب، کاک فەیزە، خالێد، مەهدی، ئەنوەەر و من بە هەڵاتن خومان گەیاندە شوێنی شەرەکە و لە نزیک ئاوایی تفێن گەییشتینە هەڤالانمان کە ئیدی شەرەکە تەواو ببوو.

## ***هێرش بۆ سەر پایەگای دەژن، شەری کوچک چەرمگ و شەهیدبوونی کاک سالار***

دوای دەستخوشانە و دەست لە ملی یەککردن لەگەڵ تیمی پێشرەوی

پێشمەرگەکان، بێ ئەوە لە سەر گەییشتنی ئەوانی دیکە راوەستین کەوتینە پێشیان بۆ باخەکانی گەڕاو و لە سێ جێگای جیاواز بەڵام نزیکی یەکتردا دامانمەزراندن. ژمارەی سەرجەمی پێشمەرگەکان نزیکی دوو سەد کەس دەبوون چوونکە جگە لە هێزی زاگرۆس، ٥٠ کەسێکی هێزی شاهۆش لەگەڵیان گەڕابوونەوە. دوای برینداربوونی کاک عومەر شەریفزادە کاک بورهان رۆحانی کرابووە بەرپرسی مەڵبەندی یەک بەڵام کاک مەنسوور هەر فەرماندەی هێزی زاگرۆس بوو. رۆژەکانی پێشتر خەڵکی سەرپێز و هاوکارانمان لەو گوندە بە باری چەند هێستر نان و خۆراکیان هێنابووە گەڕاو و تەنانەت هێندێک ژێرشەروالی، گۆرەوی، جگەرە و چەند کیسە خەنەشیان هێنابوو کە بەیانییەکەی بە سەر پێشمەرگەکاندا دابەشمان کردن.

ئێوارەی رۆژی دوایی کاک سالار و کاک کاوەی بارامی بە ژمارەیەک پێشمەرگەوە چوون هێرش بکەنە سەر پایەگای رێژیم لە پشتەوەی ئاوایی دەژن و ئەگەر بشکرێ ئەو پایەگایە بگرن. پاشماوەی هێزەکە لەگەڵ کاک بورهان رووحانی و کاک مەنسور فەتاحی رووییشتن بۆ دۆڵی لاتەوەن تا شەو لەوێ بمێننەوە. من و کاک فەیزە و چەند پێشمەرگەیەکی دیکەش دوای ئەوە پێشمەرگەیەکی بریندار بە ناوی مەهدی شەفێعیمان هەبوو ناردمان بۆ جێگایەکی تایبەت، بە هاوکاری دوو گەنجی سەرپێزی(س و ن-ی) چووین ئەو چەکانەی لە شەڕەکەی ئێوارەی پیشوودا گیرابوون لە شوێنێکدا بشارینەوە. دوای کارەکەمان گەڕاینەوە لاتەوەن لای پێشمەرگەکانی دیکە.

بە بیسیم گوێمان لە کاک سالار و ئەوان بوو دوای هێرشێکی ناکام لە پایەگای دەژن گەڕابوونەوە و بڕیار بوو لە هەواری ئاویسەر، لە پشتسەری ئێمەوە بخەون و چاوەڕوانی کاردانەوەی سبەینێ دژمن بین. هێزی ئێمە زۆر و دوای ئەو زەربە کارییەی لە بەر ئاوایی تفێنیشدا لە دژمن کەوتبوو، چاوەڕوان نەبووین رێژیم بە هاسانی بوێرێ هێرشمان بکاتە سەر. کاک سالار و ئەوان کە ژمارەیان نزیک بە ٥٠ کەسێک دەبوو گەییشتنەوە ئاویسەر و خەریکی دیتنەوەی شوێنێکی ئارام بۆ خەوتن بوون. لە حاڵێکدا بەرپرسان گوێیان لە دەنگی بیسیمەکانیان بوو لە پڕ رەگبارێک، چەند دەقێقە بێدەنگی و دوایە شەڕێکی قورس دەستی پێکرد. من لە بەر ماندوویەتی لە رادەبەدەری ئەو چەند

ڕۆژە خەوم لێ کەوتبوو و کاتێک هەڵیانساندم وەک شێت بە دەوری خومدا ئەسووڕامەوە بێ ئەوە حاڵی ببم چی قەوماوە. دوای تۆزێک ئێمە تێگەییشتین کە دژمن پێش کاک سالار و ئەوان هاتووەتە ئەو شوێنە و بە باشی دامەزراون. دوای یەکەم ڕەگبار ئیدی دەنگێک لە کاک سالار نەبیسرا و هەرچێک بە ناوی بیسیمەکەشی کە "بێستوون" بوو بانگمان دەکرد وەڵامێکمان دەست نەدەکەوت. بێدەنگبوونی کاک سالار مانای تایبەتی خوی هەبوو بۆیە زانیمان ئەگەر لەم یەکەم تەقەیە شەهیدیش نەبووبێ، بێگومان بە جوورێک برینداد بووە کە ناتوانێ قسە بکات. سەراسەری وجوودی من و، بیگومان هی زۆبەی هاوڕییانیش دەلەرزی و کەسیش نەیدەویست دەرییبڕی کە لە چی ئەترسین. لە درێژەی ئەم بیرەوەرییانەمدا گەلێکجار باسی سالارم کردووە. سەرەڕای بێزاریم لە فەرهەنگی ئەفسانەسازی باو، دیسانیش دڵنیام گەلێک چت ماوە لە سەری بنووسم و بیگێڕمەوە. سالار قەڵای هیچکات لەگیراننەهاتوی ئێمە و بێ زیادەوتن قارەمانی قارەمانان، فەرماندەری فەرماندەران و لەو دەگمەن کەسە هەڵکەوتوانە بوو کە دژوار بوو خاڵی لاواز، شتی ناپەسەند و عەیبی لێ ببینیەوە. بۆیە سرووشتی بوو کە بە بێدەنگبوونی ئەم دەنگە بە هەیبەتە، نەک هەر بترسین بەڵکوو بلەرزین و ئەویش چە لەرزینێک!

لە شوێنەکە شەڕەنارەنجەکێکی سەخت و بێ ئەمان بوو. بە هاسانی نەدەکرا بزانین بە تەواوی وەزعەکە چۆنە. ئەوەمان ئەزانی کە ئەو پێشمەرگانەی لە سەرەوەن، لە هەڵبژێردراوەکانمانن و کاوەش بۆ ڕۆژی وا فەرماندەرێکی شیاو، باش و بە ئەزموونە. کاک بورهان کە ئەودەم بەرپرسی مەڵبەند بوو هاتە لای چەند کەسمان کە شارەزای شوێنەکە بووین و وتی کوڕەکان تا درەنگ نەبووە ئەبێت کوچکچەرمگ بخەیەنە دەست خومان، رامەوەستن. ئێمەش بۆ خومان شارەزای ناوچە بووین، گرنگی بەرزاییەکەمان دەزانیی و تێدەگەییشتین ئەوەی لە کاتێکی وا دا کوچکچەرمگی لە دەست بێت قسەی هەوەڵ دەکات. بۆیە بێدرەنگ بە ژمارەیەکی نزیک بیست پێشمەرگەوە ڕوومان لەو بەرزاییە کرد تا بیخەینە دەستی خومان. هێشتا هەوا بە تەواوی تاریک بوو بە زەحمەت لەو ڕێگا سەخڵەتەدا پێشی پێ خومان ئەبینی. فاسڵەی شوێنەکەی ئێمە تا لووتکەی کوچکچەرمگ ٢ کیلومێترێک زیاتر نەبوو بەڵام هەم لێژ و سەخڵەت،

هەم هەواراز و سینەکێشێکی تاقەتپڕووکێن بوو. هەڵبەت لەو سەر و بەندەدا پێشمەرگەی گورج و گۆڵمان فراوان و کوڕی رۆژی ئەم ساتە چارەنووسسازانەش زۆر بوون. دەستەی هەوەل تا ٢٠٠ مێتری لووتکەی بەردەکە چوونە پێش.



دەرکەوت ئەوێش دژمنی پێوەیە و لە هەوەڵین سانیەکاندا شەڕ دەستی پێکرد. لە جەرەیانی یەکەم تەقەدا پێشمەرگەیەکمان بە ناوی ئەنوەر مێراوی بە سوکی برینداربوو و بە پێشمەرگەیەکدا ناردمانە دواوە تا دەستمان ئاواڵەتر بێت. کوچکچەرمگ حاڵەتی پەنجەی دەستی ئینسانی هەیە کە تۆزێک قامکەکانی بە رەوە ناو لەپی دەستەکە چەمابنەوە. ئەودیوەی ئێمە هێرشمان لێوە دەکرد ئارام و تا نزیک لووتکەکەی رووتەنە. دیوی پشتەوەی کە دبێتە روو لە بێڵەوار و جادەی مەریوان کامیاران سەخت، بەرز و ئیمکانی سەرکەوتنی ئەگەر ناومکین نەبێت یەکجار دژرارە. بێشک هەرکەس لە لووتکەکەیەوە بکەوێتە خوار نەک هەر دەمرێ بەڵکوو ورد و خاش دەبێت و بگرە بە زەحمەتیش بناسرێتەوە.

سەرەتا حەسەن مەنبەری، عەلی تاتووره ،ئەنوەر دەرەبەیانی و پێشمەرگەیەکی دیکەی هێزی شاهۆ بە ناوی فەتاح دەستیان گەییشتە هەوەڵ بەردەکان. ئەم چوار هەڤاڵە لە دەست و برد، ورە، فیداکاری و شەڕدا، تا ئاستی سەرسووڕمانی بەشەر، ئازا و بوێر بوون. هەوا هێشتا تاریک و ژمارەی دژمن بە تەواوی دیار نەبوو چەندە. لەگەڵ روونـاکبوونی ئاسۆ و رۆژبوونەوەدا دەرکەوت زیاتر لە ٧٠ جاش و پاسداری هاڕی حیزبولاییی لە پەنای دڕناڵ و

تاشەبەردەکانی لووتکەی کوچکچەرمگدا دامەزراون و، ئێمە ئەگەر گەرەکمانوێ ئەم لووتکەیە بگرین، ئەبێت میتر بە میتر شەڕ بکەین، نارەنجەک بخەینە ناو سەنگەرەکانیان و لە بنی ئەم بەردانەدا، دانە دانە دەریانپەڕێنین!

دوای ماوەیەکی کەم کاک مەنسوور فەتاحی و کاک خالێد درووديش بە ژمارەیەک پێشمەرگەوە گەییشتن. دوای وردبوونەوە لە وەزعیەتی گشتی شوێنەکە، بە پلان و لە چەند لاوە پەلاماری لووتکەی سەخت، بەرز و هەڵدێری کوچکچەرمگ درا و دوای نزیک بە سەعاتێک شەڕی دژوار و خوێناوی، دوایین بەرد و لووتکەی کوچکچەرمگ لە چنگی دژمن دەرهات و هێزی هاری دژمنی تاوانپیشە تێک و پێکدران. جەنازەی نزیک بە ۳۰ کەس لە هێزەکانی سپای ئێران کەوتە دەستی ئێمە کە زۆربەی هەرە زۆریان پاسداری حیزبوڵایی بوون. گەلێک چەک و تەقەمەنی و دەستکەوتی زۆر لەو ناوە هەڵڕژابوون و پێشمەرگە لە سەرەخۆ خەریکی کۆکردنەوەیان بوون و دەیانناردنە خوار بۆ لای هاوڕێیانی دۆڵ. جگە لەم کەسانە کە جەنازەکەیان لە مەیدانی شەڕەکەدا کەوتبووە دەستی ئێمە، ژمارەیەکیشیان لە ترسان خویان لە سەر بەردەکان هەڵداشتبووە خوار و بە هوی بەرزی و هەڵدێری ئەو دیوی شاخەکەوە ورد و هان ببوون کە نە حەوسەلە و نە مەجالی کۆکردنەوەیانمان هەبوو.

پاشماوەی هێزەکانی رێژیم کە لە پایەگاکانی دەور و بەر و بەرزاییەکانی نزیکەوە سەیری ئەم شەڕەیان ئەکرد، لە بەر تێکەڵبوونی پێشمەرگە و پاسدار، جگە لە تەماشاکردن نەیان دەتوانی هیچکارێکی تر بکەن بەڵام کاتێک دیتیان هەموو هێزەکەیان لە کوچکچەرمگ کوژران، ئیدی بێ روحمانە دەستیان بە خومبارەبارانی شوێنەکانی ئێمە کرد و تا کۆتایی شەڕەکەش دەستیان لەو کارە هەڵنەگرت. لە جەرەیانی شەڕەکەدا تەنیا پێشمەرگەیەکی ئێمە بە ناوی ماشەڵا کۆرکۆرەیی شەهید بوو بەڵام بە هوی تۆپبارانەکەوە دوو کەسێکی دیکەمان بەناوەکانی بایەر و حەمەلاو گیانیان لە دەست دا و ٥ پێشمەرگەش بریندار بوون کە برینی هێندێکیان سەخت بوو. شوێنەکە لووتکەیەکی بەرز، بەڵام بەرتەسک و لە پایەگاکانی رێژیمیشەوە بە باشی دیاربوو. بۆیە دوای ئەوە دیتمان مانەوەمان لەو شوێنە پڕزیانتر ئەبێت بەرپرسان بڕیاری پاشەکشەیان دا و لای نیوەڕۆ هاتینەخوار بۆ دۆڵی لاتەوەن و چاوەڕوانی

تاریکداهاتنی هەواماینەوە.

کاتێک هاتینە ناو دۆڵەکە لە دوورەوە دیاربوو سەرەڕای ئەم زەربە گەورەیەش کە لە دژمن کەوتووە پێشمەرگە ماتەمین و هێندێکیان بە دەنگی بەرز دەگرین. دیارە هەر وەک وترا کاک سالار لە هەوەڵین تەقەی هێزەکانی دژمن دا شەهید ببوو و دوای ئەوە پێشمەرگەکان لە شەهیدبوونی کاک سالار ئاگادار ببوون پەلاماری سەنگەری ئەو هێزەی دژمن دەدەن، دوای سەعات و نیویێک شەڕی سەنگەر بە سەنگەر هەموو پاسدارەکان کە ٢٢ کەس بوون دەکوژن و نایەڵن تاقە کەسێکیان لێ دەرچی. کاتێک من گەییشتمە ناو دۆڵەکە دیتم ٦٠-٧٠ قەبزە چەک لەوێ هەڵچنراون و بەرپرسان چاوەڕێ ئێمەن بیانبەین بیانشارینەوە.

ئێمە کوڕەکانی کومیتەی کرماشان و هێزی بێستوون لە دەوری یەکتر کۆبووینەوە. کاک بورهان بە دڵپڕییەوە وتی سالار گیان و لە پرمەی گریانی دا. بە دوای ئەودا ئێمەش تێکڕا بە دەنگی بەرز شیوەنی لە دەستچوونی هەڤاڵی ئازیز، قارەمان و خاوێن وەک خاک، کاک سالاری خوشەویستمان کرد. من هیچکات و لە هیچ شوێنێکی دیکەدا نەمدیوە ژمارەیەکی زۆر پێشمەرگە بەو شێوە و هەموویان لە کوڵی دڵەوە بۆ هەڤاڵێک بگرین و شین بگێڕن. ئیستاش کە من خەریکی نووسینەوەی ئەم دێڕانەم، بێ ئیرادە خوڕ خوڕ فرمیسک لە چاوم دا دێنە خوار و مێزی نووسینەکەم تەڕ دەکەن. بێ شاردنەوە و زیادەبێژی ئستاش برینی مەرگی سالار لە دڵ و دەروونم دا ناسۆرە و لە مەرگی هەموو ئەو کەسانەی دیکە وەک پێشمەرگە خوشەویستوون ئێش و ئازاری زیاتری پێگەیاندووم. دوای شین و گریانێکی زۆر کلاشێنکوفەکەی کاک سالارمان هێنا و وەک یادگاری کردمانە شانی کاک خالێدی درودی. دیارە سەرجەممان پێمان وابوو کە لە ناو گشتماندا، خالێد لایەقترین کەسە کلاشێنکۆفەکەی سالار هەڵگرێ چوونکە یەکێک لەو پێشمەرگە کۆن و هەرەباشانەی لکی شەهید حەمەشەریف بوو کە سالار پەروەردەی کردن و لەو هاوڕێیانەش بوو کە لە بەشی زۆری شەڕەکاندا لەگەڵ کاک سالار بوو. هەڵبەت خالێد هەر وەک پێشتریش گەلێکجار نیشانی دابوو، دوای ئەوەش بۆ هەموان دەریخست کە شیاوی ئەو شانازییەیە و پێشمەرگانە پێشمەرگەبوونی خوی سابت کردەوە.

دوای بەرکەوتنی ئەو شانازییە گەورەیە، خالێد جگە لە چەندین شەڕی گران لەگەڵ هێزی داگیرکەری ئێرانی، لە کاتێکدا ساڵی ١٩٩١ڕێژیمی بەعس خەریک بوو ملی بشکێ، بەشداریەکی بەرچاوی لە شەڕی گرتنەوەی کەرکووکدا کرد و لەوێش سالار ئاسا لیاقەت و فیداکاری خوی بۆ رزگاری کوردستان دەرخست.

سەعات گەییشتبووە نزیک سێ ئێوارە، کاک فەیزە و من خەریکی شاردنەوەی چەکەکان بووین و خەریک بوو تەوا بین لە پڕ قیژەی قەناسە و قرمەی رەگباری کلاشینکۆف دەر و دۆڵی لاتەوەنی داگرت و تا گەییشتینەوە لای هاوڕێیان دیتمان هەرکەسە و بە دۆڵدا روو لە چەمی گاوەرۆ (ئەو شوێنەی ساڵی پێشوو من لێ بریندار بووم) بێ پلان و بەرنامە هەڵدێن. دۆڵەکە قووڵ و دارەستانێکی چریش بوو. هەر لە بەر ئەوەش پاسدارەکان بە باشی ئێمەیان نەدەدیت. بەڵام بە هوی ئەوە هەردووک بەرزایی بانسەر دۆڵەکەیان گرتبوو، بە سەر ئێمەشدا زاڵبوون و بێ ترس لە دەستکردنەوەی ئێمە ئاگربارانیان ئەکردین.

بە بیسیم وەزعەکەم لە کاک بورهان پرسی و ئەویش بێدرەنگ وتی مەوەستن تا گوێ چەم بێن لەیرەدا قسەی لە سەر دەکەین، چوونکە تازە قازانجی نیە کەسمان لە سەرەوە بمێنێ. ئێمەش لە ژێر ئاگربارانی بێ وچانی دژمندا بە شوێن هاوڕێیاندا هەڵاتین و هەوڵمان دا هەرچێک زووتر بگەینە لای بەرپرسان تا بزانین پلانیان چیە. چەمێکی بچووک لە ناوەڕاستی دۆڵەکەوە بۆ سەر گاوەرۆ بە خوڕ دەڕویشتە خوار و گەلێک تاڤگە و قەڵبەزی گەورەی لێ درووست دەبوون کە هەڵاتنی ئێمەیان چەند قاتی دیکە دژوارتر دەکرد. لە خوار یەکێک لەم قەڵبەزانەوە دیتم یەکێک لە کادرەکانمان بە ناوی عەلی خانی بە برینداری کەوتووە و پێشمەرگەش بێ ئەوە لای لێ بکەنەوە بە سەریدا باز دەدەن و دەڕۆن! عەلی کە یەکێک لە پێشمەرگە ئازاکانیشمان بوو بە توندی خوێنڕێژی دەکرد و تاو نە تاوێکیش گولەیەک لە بن سەریدا دەکەوتە ئەرز. دەستم گەییشتە حەمایلەکەی و تۆزێک کێشامە خوار. بە بیسیم لە چەند لاوە بانگی منیان ئەکرد و بردنی عەلیش کارێکی یەکجار دژوار بوو. عەلی تەقریبەن لە هۆش خوی چووبوو و نەشیدەتوانی تەکان بخوات. دوای ئەوە کێشامە پەنای کەناوەکە تا گولەکان نەیگرنەوە بە جێم هێشت  بە دوای هاوڕییاندا هەڵاتم بۆ گوێ چەم.

لە گوێ چەمدا تووشی بەشێکی زۆر لە هاوڕێیان بووینەوە. وەزعیکی شپرێو و کۆکردنەوە و دامەزراندنی پێشمەرگە بۆ بەرپرسان برێک دژوار بوو. لە شەڕەکەی پایەگای دەژندا پێشمەرگەیەک بە ناوی کەماڵ بریندار ببوو بە دارەتەرم رامان دەگواست. لەم شەڕەی دواییش دا ٥ کەسمان بریندار بوون کە برینی یەکێکیان بە ناوی کاک سۆحان زۆر پڕ ئازار بوو. گولەیەک بەر ئالەتی تەناسولی کەوتبوو کە بە زەحمەت دەیتوانی بجوولێ. هەموو ئەم بریندارانەش لەو دۆڵەدا راوەستابوون و چاوەڕێ هاوکارییان ئەکرد. من باسی وەزعی عەلی خانیم بۆ کاک مەنسوور کرد، ئەویش پێ وابوو باشترە تازە لێ گەڕین و بە جێ ئەوە لە فکری دەربازکردنی کاروانەکەدا بین. چەند کەسێک لە پێشمەرگەکان لە پەنای چەند دەوەن و بەردێکدا دامەزران و دەستیان کرد بە تەقە لەو پاسدارانەی هاتبوونە سەر بەرزاییەکە و شوێنەکەی ئێمەیان ئاورباران دەکرد. سەرەنجام لە جەرەیانی تەقەی هەردووکلاماندا پووش و پەلاشێکی زۆر ئاگری گرت، ئاورەکە گەورەتر بوو، گەیبشتە نزیک سەنگەری پاسدارەکان و لە ناو دووکەڵی ئەو ئاگرەدا ئێمە لە چاو دژمن ون بووین. لەم تەقە و هەلاتەدا، جگە لە عەلی خانی کەسی دیکەمان تووشی زیان نەبوین و تێکڕامان لە گوێ ئاوی گاوەڕۆ کۆبووینەوە تا بە شێوەیەکی باشتر لە ئاوەکە بپەڕینەوە.

سەرەڕای هەوڵی بەرپرسان پێشمەرگە بە شێوەیەکی شپرز لە چەمەکە پەڕینەوە. لەو بەر ئاوەکەوە لک و دەستەکان لێک کۆکرانەوە و سەرژمێری کران. بریندارەکان جگە لە کەماڵ کە دارەمەیتێک بوو، ئەوانی دیکە دەیانتوانی بە پێ خویان رێگا ببڕن بەلام یاواش و زۆر بە زەحمەت هەنگاویان هەڵدەگرت. دیسان ئەبوا بیرێک بۆ شاردنەوەی کەماڵ بکەینەوە. لەگەڵ یەکێک لە کادرە دەرمانییەکان بە ناوی تاهێر مەنووچەریدا قسەم کرد و شوێنێکیشم دیاری کرد پێکەوە بیاننێرین بۆ ئەوێ کە تەنیا نیو سەعات لە شوێنی شەڕەکەە دوور و کەمتر لە یەک کیلوومێتر فاسڵەی هەبوو لێمانەوە. تاهێر وتی بە سەرچاو، ئەوە سێ رۆژە شەڕە و پێسمەرگە فیداکاری دەکەن بەلام من فیشەکێکم نە تەقاندووە، بۆیە ئیستا نۆرەی فیداکاری منە و بشکوژرێم ئامادەم بۆ ئەم کارە. چووم پێشنیارەکەم لەگەڵ کاک بورهاندا باس کرد، ئەویش زۆری پێ باشبوو و بە چەند پێشمەرگەدا کە کاک فەیزە بەرپرسیان بوو کەماڵمان لە

سەر برانكارد گواستەوە بۆ ئەو جێگایە (تەڵووكەجەڕێ) و ناو و نیشانێكیشم دا بە تاهێر تا ئەگەر خاوەنباخ هات، دڵنیا بێت ئەمان كێن و ئاگادارییی تەواویان لێ بكات.

## رویشتن بۆ سەرتەنگیسەر، شاردنەوەی بریندارەكان و جارێكیتر شەڕی كۆمەڵە

دوای ئەوە لە گاوەرۆ پەڕینەوە، پەل و دەستەكان بە سەركرانەوە و دڵنیا بووین كەسمان لێ هەڵنەبڕاوە، بەرەو جێگایەک بە ناوی شێنێ كەوتینە رێ. ئەو جێگایە هەم لە شوێنی شەڕەكە دوور و هەمیش مەجال و ئیمكانی بۆ بەرپەرجدانەوەی هێرشی ئێحتمالی دژمن باشتر بوو. بەڵام پێشمەرگە شەوی رابوردوو هێشتا خەویان لێ نەكەوتبوو تووشی ئەو شەڕە سەخت و خوێناویەش ببوون. دیارە ئەم پێشمەرگانە بەر لەوەش دوو رۆژی تەواو لە شەڕ و رێگابڕیندا بوون، بۆیە هێز و توانای روویشتنی فرەتر لە زۆربەیان دا نەمابوو. هیلاک و شەكەت، بە زەحمەت هەنگاویان هەڵئەگرت و لە راستیدا لە ماوەی سەعاتێكدا كەمتر لە كیلوومێترێک رێگایان دەبڕی. ئێمە چەند كەسی شارەزای ناوچە لە بەر گرانی باری سەرشانمان خومان، لە بێعاری دابوو و تا داچۆڕانی دوایین قەترەكانی هێز و توانامان هەوڵمان ئەدا خومان ماندوو نیشان نەدەین!
بە هەزار زەحمەت سەر و تای پێشمەرگە گەییشتنە جێگایەک بە ناوی باخی حەمەڕەش كە لە هەواوە كەمتر لە ٢ كیلوومێتر لە شوێنی شەڕەكەوە دوور بوو. بەڵام لە رێگای زەمینییەوە هێندێک دوورتر بوو.
ئەم شوێنە كانیاوێكی سارد و باخێكی دڵنشین بوو. خاوەنەكەی لالۆ حەمە ڕەش نەک دڵسۆز، بگرە دڵی پێشمەرگە بوو و بێ درۆ كاک سالاری وەک كوڕی گەورەی خوی خوش دەویست. من لە پێش كاروانەكەوە چوومە لای لالۆ حەمە و پێم وت تۆزێک لە لات دەحەسینەوە دواتر دەڕوین. زیاتر لە سەعاتێكی برد تا هەموو هاوڕێیان گەییشتنە ناو باخەكە و هەركەسەش دەگەییشتە ئەوێ بێ راوەستان خەوی لێ دەكەوت! سەرەنجام ناچار بووین بڕیاری مانەوە بدەین و واز لە رویشتن بۆ "شێنێ" بێنین. من دیسان چوومەوە لای لالۆ حەمە و پێم وت

ئەمێنینەوە. پێم وت نان و خواردنمان نیە و ئەبێت بەو شەوە بگەڕێتەوە بۆ ئاوایی، خەڵکی ئاگادار بکات تاکوو وەسائیلمان بۆ بێنن.

لالۆ حەمە ئەو دەم تەمەنی لە ژوورەوەی ٧٥ساڵ بوو. بەڵام سەرحاڵ و ورەیا، حەفتەیەک دوو جار مەودای نێوان باخەکەی خوی و ئاوایی سەرێزی دەبڕی و باکی لە هەوراز و لێژی نەبوو. لە یەکەم ساتەوە هەواڵی کاک سالاری دەپرسی و منیش هەرجارە خوم لە وەڵامی راست دەپاراست. بەو شەوە تاریکە گەڕایەوە گوند، شەفەقی بەیانی گەڕایەوە لامان و وتی کوڕەکانم ئاگادار کردوون بەیانی هەموو شتێک دێنن. دیسان هاتەوە لای سەرم و وتی گیانی خوت میرزا سالار چکۆن؟ دڵم پڕ بوویەوە، دام لە پرمەی گریان و وتم لالۆ گیان هێزیکە شەهید بی. (دوێنێ شەهید بوو) لالۆ حەمە تۆزێک بێدەنگ بوو، دوو دڵۆپ فرمیسکی گەش بە سەر ریشە سپییە جوانەکەیدا تلۆر بوونەوە و روو لە من وتی:

تۆ خوا و پەیغەمبەر خودموخاری بە سالاری مێژۆ؟

من هیچم نەوت، لەشم لە ماندوویەتی و ئازاری لە دەستچوونی سالاردا دەلەرزی و سەرەڕای ئەوە لە بێ خەویان خەریک بوو چاوم کوێر بن، خەو و ئیسراحەتم رەوی بوون. خەم و دڵەڕاوکێ ببوونە خورەی دڵ و دەروونم و دوای ئەو هەموو هەڵات هەڵاتەی دوو رۆژی رابوردوو، هێشتا نەمتوانیبوو تاقە چرکەیەکیش بخەوم. خاڵە حەمە دەستی گرتم، پێکەوە دەورێکمان بە ناو پێشمەرگەکاندا دایەوە کە چەپ و راست لە بنی کەڵەک، پەنای دیوار و ژێر دارەکاندا خەوتبوون. چوینە سەر کانیەکە و وتی لە بیرتە پارەکە لەیرەدا گۆرانیم بۆ ئەوتن و سالار ئەیوت "پاوەی دەروون تەنگم" بۆ بێژە.................

شاهۆڵەی سەربەرز
پاوەی دەروون تەنگ
نازاران بێ ناز
گۆراڵان بێ رەنگ

بەیانی لەگەڵ دەرکەوتنی خور، کاتێک سەیری جێگای شەڕەکەمان کرد دیتمان بە سەدان پاسدار و جاش دەر و دۆڵی ئەو ناوەیان گرتووە و لە دوای جەنازەی هێزەکانی خویان دەگەڕێن. هەر تاو نا تاوێک لە دۆڵێکدا دەیان کرد بە رەگبار و تۆپخانەکانیشیان سەراسەری ئەو ناوەیان دابووە بەر گولە بە بێ

ئازار و ئەزموون

ئەوە تۆپێک بۆ ناو باخەکەی لالۆ حەمە باوێژن. ئێمە تەرمی شەهیدەکانمان بە پەلە و بێ ئێمکانات کردبوونە ژێر هەژگ و گەڵاوە و چاوەڕوان بووین دوای شەڕەکە بتوانین بگەڕێینەوە بە شێوەیەکی باشتر بە خاکیان بسپێرین. بەڵام ئەم ورد گەڕانەی هێزەکانی رێژیم بوو بە هوی ئەوە جەنازەی شەهیدەکانی ئێمەش ببیننەوە و لەگەڵ خویان بیانبەنەوە بۆ کامیاران. دوای بێ رێزییەکی زۆر تەرمی کاک سالاریان دابوویەوە بە کاک ئیبراهیمی باوکی و ئەویش



بردبووی لە ناو زەوییەکەی خویاندا تاقی تەنیا، بە خاکی سپاردبوو! نزیک سەعات نۆی بەیانی، "س" و دوو گەنجی دیکەی سەرێزی بە سێ بار نان و خواردنەوە گەییشتنە باخی لالۆ حەمە. دواتر چەند کەسی دیکەش هاتن و هێندێک دەوا و دەرمانیان بۆ هێنایین. پێشمەرگە لە خەو هەستان، دەستیان بە نان خواردن کرد و ماندوویەتی رۆژی پێشوویان لە لەش دەرکرد. ژمارەیەک چەکی زیادی بە تایبەتی چەکی ئەو پێشمەرگانەی شەهید و بریندار ببوون لە گۆشەیەک دانرابوون و ئەوانیشمان بە سیروان و کوڕەکانی دیکە دا ناردنەوە ئاوایی سەرێز و لەوێ دوای "گریسکاری" لە بۆشکەیان

نـابوون و لـە کەنـاری گونـدەوە لـە چاڵیـان کردبـوون تـا رۆژی خـوی بچـین بیـانهێنینـەوە. سیروان لـەو کـوڕە باشـانـەی گونـدی سـەرێز بـوو کە هاوکـاری زۆر باشی دەکـردین و بـە داخـەوە دواتـر خـوی قاچـاخ کـرد و بـوو بـە پێشـمـەرگە بـۆیـە لـەیرە دا بێ پەردە نـاوی دەبـەم.

ئێـوارەی ئـەو رۆژە کەوتیـنـە رێ بـەرەو کـانیوگوێزەکەی شـێنێ و دوای چـوار سـەعات گەییشـتینـە جـێ. پێشـمـەرگە لـە چەنـد جێگـای نزیکـی یەکتـر شـوێنی خـەوتنیان سازکرد و بـەیانـی کاتێک رانـەمـەڕیک هـات بـۆ سـەر کـانییەکە، چەنـد بزنمان کڕین و هـەر "مـەفرێزەیـەک" بزنێکمان بـەرکـەوت. نزیـک نیـوەڕۆ خـەریکـی کۆبوونـەوە بـووین و بـاسمان لـە چۆنیـەتی شـەڕەکە و خـاڵـە لاواز و بـە هێزەکـانـی خومـان ئـەکـرد. داسـتانـی شـەڕەکەشـمان ئامـادەکردبوو و بیسـیمچی خـەریکبـوو بـەرێ ئـەکـرد بۆ دەفتـەری سیاسی. ئێمە دامـان نـابوو عـەلـی خـانیش شـەهید بـوو بێت و نـاومان وەک شەهید لـە هـەواڵـی شـەڕەکەدا نووسی بوو. لـەم کـاتـەدا وتیـان کـابرایـەک هـاتووە کـاری بـە حـاتـەمـە. مـن چـووم بـۆ لای کـابرا و دوای سـڵام و هەواڵپرسی وتـی عەلـی بێسـارانـی لـە لای ئـێمـەیـە. مـن بـە پەلـە گەڕامـەوە و وتـم نـاوی عـەلـی بـەرێمـەکەن بۆ رادیۆ ئـەو زینـدووە. خـوم بـێ راوەسـتان گەڕامـەوە بـۆ لای کـابرا تـا وردەکارییەکـانـی لـێ بپرسم. دەرکەوت عـەلـی دوای تـاریکداهاتنی هـەوا هـاتووەتـەوە هـۆش، بـە لارەلار خـوی گـەیانـدووەتـە سـەر چەمەکە، لـە ئـاو پـەڕیـوەتـەوە و خـوی کـێش کـردووە بـۆ ئـەو بـاخـەی کـە ئـەم کـوڕە هـەواڵـەکەی بـۆ ئـێمـە هێنـاوە. بـە پەلـە مـەجید ئیلامـی کـە ئـەو دەم کـادری دەرمـانـی بـوو خـرایـە تـەک کـابرا و نـامـەیـەکیش نووسـرا بـۆ کەسـەکـانـی خومـان تـا مـەهـدی، کـەمـاڵ و عـەلـی، کـە ئیسـتـە هـەر سـێکیان لـە نزیـک گـەڕاو، بـەڵام لـە سـێ جێگـای جیـاوازدا شـاردرابوونـەوە ببـرێنـە لای یـەک و بـە باشـیش لـە لایـەن هاوکارانمـانـەوە لـە گونـدی سـەرێز چـاوەدێری بکـرێن تـا ئـەگـەر مـەترسـییەکیان لـە سـەر بـوو زوو فریایان کـەون و بیانگوێزنـەوە بۆ شوێنی دیکە.

ئێـوارەی ئـەو رۆژە رویشـتین بـۆ سـەرتـەنگیسـەر، برینـدارەکانـی دیکـەمـان (کـاک سۆحـان، ئـەنوەر تـەنگیسـەری، ئـەنوەر مێراوی و رەنگـە کـەسی دیکـەش کـە لـە بیرم نـیـە) نـاردن بـۆ جێگـایـەکی بـاش لـە نزیـک ماڵـەکـانـی تـەنگیسـەرو مـەهـدی تـەوریـوەری و چـەنـد پێشـمـەرگـەی دیکـە سـەرپـەرەستـی ئـەم برینـدارانـەیان گـرتـە

ئەستۆ. دوو شەو و رۆژ لە سەرتەنگیسەردا ماینەوە و رۆژی سێهەم لەگەڵ کاک خالێد دروودی و ئەنوەر پەشاوایی لە هێز و مەڵبەند جیا بووینەوە تا بە نیازی سەردانی بریندارەکانی گەڕاو، جێبەجێ کردنی چەک و چۆڵەکەی لاتەوەن کە بە شێوەیەکی هاکەزایی شاردبوونمانەوە و دەستپێکردنەوەی کاری ئاسایی خومان روو بکەینەوە ناوچەی بێڵەوار. یەکەم شەو لە باخەکانی نیەردا ماینەوە و بەیانییەکەی لە رێگای بیسیمەکانمانەوە ئاگادار بووین کە هێزەکەمان لە پشت ئاوایی بێسارانەوە تووشی شەڕی کۆمەڵە بوون و ناچارمان تا ئێوارە لە نێوان دوو پایەگای گەورەی دژمندا (کوڕەی مریەم و شانشین) شەڕی یەکتر بکەن. من لە بەشی پاشگەمارۆدا بە وردی باسی ئەم شەڕەم کردووە و لەیرەدا ناچمەوە سەری، تەنیا وەبیر دێنمەوە کە لەیرەشدا پێشمەرگەیەک بە ناوی عەبدول رەوایی و فەرماندەرێکی باشمان بە ناوی سەید فەرەج شەهید بوون. کۆمەڵەش چەند کەسیان لەم شەڕەدا گیانیان لە دەست دا کە من بە باشی لە بیرم نەماوە ژمارەیان چەند کەس بوون.

## بانشاهۆ و ئاگردانی کۆمەڵێک ماشین لە سەر جادەی پاوە کرماشان

دوای ئەوە لە رێگای بیسیمەوە لە ئاکامی شەڕەکە و مەسیری پاشەکشەی هاورێیان ئاگادار بووین، داگەڕاینە خوار بۆ باخەکانی سەرێز. شوێنی هاورێیانی بریندارمان دیتەوە و لە وەزعیان ئاگادار بووین. عەلی خانی هێشتا نەگوێزرابوویەوە بۆ لای مەهدی و کەماڵ لە لای بنەماڵەیەکی دیکە ئاگاداری لێ دەکرا. بەڵام هەرسێکیان وەزعیان باش و جێگایان ئەمین بوو. بە چەند کەسی دیکەمان سپارد کە ئاگاداریان بن و ئێوارەکەی بەرەوە دۆڵی لاتەوەن، شوێنی روودانی شەڕەکە کەوتینە رێ تا هەوالێک لەو چەکانە بزانین کە ئەو ئێوارەیە بە پەلە شاردبوونمانەوە. کاتێک گەییشتینە شوێنەکە شەو بوو بە باشی نەماندەتوانی وەزعەکە ببینین بۆیە لە پەنایەکدا خەوتین و رۆژی دوایی دیتمان ئاسەوارێک لە چەکەکان نەماوە. دیارە لەو ماوەیەدا چەند پێشمەرگە

خویان تەحویلی ڕێژیم دابوویەوە کە بێشک لەم بارەوە زانیارییان بە ڕێژیم دابوو بەڵام ڕۆژی دوای شەڕەکەش خومان دیتمان هێزەکانی ڕێژیم هاتنە ئەو ناوە و دۆڵ بە دۆڵ ئەگەڕان. سەرەنجام دەرکەوت ئەو دەستکەوتەی ئێمە بە چنگ و ناخوون خستمانە دەستی خومان، ڕێژیم بە هاسانی بردبوویەوە.

ڕۆژی دوایی ڕوومان کردە ناوچەی بێڵەوار، لە دەشتی گەرم و پڕ مێشولەی "گورگەچاڵ" دا لەگەڵ هاوڕێیان، ڕەحمان قوربانی و موستەفا تیلەکۆیی یەکمان گرتەوە و پێنج کەسی لە بناری شاهۆدا گیرساینەوە. ڕۆژی دوایی هێندێک کار و باری ئەو ناوەمان جێ بە جێ کردن و دواتر چووین بۆ جێگایەک بە ناوی بانشاهۆ.

تەقریبەن زۆربەی هەرەزۆری لووتکەکانی شاهۆ سەخت و هەڵدێرن و چوونەسەر، یان ئەم دیو، ئەودیوکردنیان نامومکینە. واتا ئەگەر کەسێک بیهەوێ لەم دیوی شاهۆوەوە بڕوات بۆ ئەو دیوی، جگە لە چەند شوێنی دیاریکراو نەبێت ناتوانێت ئەم کارە بکات. بەڵام بانشاهۆ جیاوازە. ئەم مەسیرە بە پێچەوانەی شوێنەکانی دیکە، وێڕای بەرزی و باندەستی بە سەر ناوچەدا، شوێنێکی دەشتایی و سافە. جگەلە چەندین ڕێگا بۆ هات و چووی خەڵک، هەوارگەیەکی خوشیشی تێدایە کە هاوێنان خەڵکی پێدەشتەکانی جوانڕۆ ڕووی تێدەکەن. لەم " دەشتە بەرزەدا" گەلێک جێگای دوور دەبینرێن و مرۆڤ ئەتوانێ بە دووربین ناو شاری جوانڕۆ، زۆربەی گوندەکانی ئەوناوە، جادەی پاوە کرماشان، زۆربەی نزیک بە تەواوی دەشتی بێڵەوار و لە شاخی چلچەمەی نێوان سەقز- دیواندەرە- مەریوان تا کەلی ئارێزی پشت شاری سنە، شاخەکانی زریە، عەوەڵان، کوڕەی مریەم و بۆ ئەو سەریش تا کێوی ناوداری بەمۆ ببینێ. بە کورتیەکەی شوێنێکی دڵڕفێن و دیمەنێکی زیادە لە حەد شیرینە.

ئێمە کە ژمارەمان ٥ کەس بوو، ئەو ڕۆژە حاکمی ئەو بەرزە دیمەنە بووین و بە دووربین خەریکی سەیرانی هەرچواردەوری خومان ئەکرد. لە ڕێگای بیسیمەوە وەزعی هەڤاڵانمان پرسی کە ئەو ڕۆژە ئەوان لە کۆساڵان بوون و ڕاپۆرتی کاری خوشمان پێدان. کاک خالێد بە دووربین سەیری جێگایەکی کرد و وتی دەزانی ئەو ماڵە لە بەر جادەکەیە ماڵی خزمێکی منە؟ من تەنیا بە

ئاسایی خراپ نابینم، جاری وایە بە دووربینیش وەک خەڵک شت نابینمەوە بەڵام ئەم جارە ئەو ماڵەم دیتەوە. لە دەرەوەی ئاوایی بیاشۆش، لە نزیک شاری جوانرۆ و لە پەنای جادەی ئیسفاڵت، ماڵێکی تاک بەڵام گەورە.
بڕیارمان دا ئێوارە بکەوینە رێ و لای سەعات ١٠ ی شەو بگەیینە ئەوێ. ئیجازەمان لە ئەورەحمان و هاوڕێیان خواست، لێیان جیابووینەوە و دوای بڕینی رێگایەکی لێژ و درێژ، کاتی دیاریکراو گەییشتینە شوێنی مەبەست. کە نزیکی ماڵەکە بووینەوە چەند سەگێکمان لێ هاتاڵەبوون و ئەگەر چەکمان نەبایا دەپەڕینە کۆڵمان. دوای هێندێک خولانەوە بە دەور ماڵەکەدا، سەرەنجام پەنجەرەیەکمان دیتەوە لەوێوە خالێد بانگی خاوەنماڵی کرد و خوی پێناساندن. دەرەگایان لێکردینەوە و چووینە ژوور. بنەماڵەیەکی بەڕێز و ماڵێک تا بڵێی پاک و خاوێن. ئێمە چڵکن و چەقۆڵ، ئەوان خاوێن و سەرحاڵ. لە بەر تیشکی کارەباوە چڵکنی ئێمە زیاتر دەردەکەوت و ئەمدی هەموویان بەزەییان پێماندا دەهاتەوە. نان و چاییمان خوارد، حەساینەوە و بە کۆڵێک خواردن و جگەرەوە بەرەوە لای هاوڕێیان گەڕاینەوە.
لەم سەرەوە کە چووین، لە نزیک جادەکە دیتمان ژمارەیەک لۆدێر، بۆلدۆزێر و ماشینی رێگاهەڵکەن لە دۆڵێکدا راگیرابوون. لەو سەرەوە بە جوانی سەیرمان کردن و شوێن و جێگاکەمان خستنە بەر لێکۆڵینەوە. ئەو دەم "جیهادی سازەندەگی" کە بە رواڵەت کاری ئاوەدانی دەکرد بەڵام بە کردەوە یەکێک لەو ئورگانانە بوو خزمەتی سپا و ئەرتەشی رێژیمی ئەکرد و زۆربەی پایەگا و جادەی سەرشاخەکانیش هەر ئەم دەستگایە دەیکێشان. ئەم جادەیەش کە ئەم ماشینانە خەریکی کێشانی بوون ئەگەرچی جادەیەکی "ئەهلی" و سیڤیل بوو بەڵام بە نیازی سەربازی لە شاهۆ نزیکتریان دەکردەوە تا هێزەکانی رێژیم هاسانتر دەستیان بەو شاخە بگات. بۆیە ئێمە بڕیارمان دا بگەڕینەوە لای هەڤالان و رۆژی دوایی بینەخوار بۆ سووتاندنیان. لە بەر زۆری ژمارەی دەستگاکان بە هاسانی بە ئێمە دوو کەسی نەدەسووتێنران.
ئێوارەی رۆژی دوایی چوار کەسمان هاتینەخوار، سەرەتا چووینەلای ئەو دوو کەسەی نیگابانیان لەم ماشینانە ئەدا و لێمانپرسین کە خەڵکی کوێن و ناویان چییە. دیارە ئێمە خومان وەک گرووهی زەربەتی رێژیم بەوان ناساند و ئەوانیش

هیچکات بڕوایان نەدەکرد پێشمەرگە بگاتە ئەو جێگایە. بۆیە دڵنیابوون کە ئێمە پاسدارین. یەکێک لە پێشمەرگەکانمان لە لای ئەم کەسانە دانا و دوای گەڕان بە ناو ماشینەکان و نووسینی ژمارە و ناوەکانیان دەستمان کرد بە پاشینی گازۆئیل بە سەریاندا. دوای نیوسەعات لە گۆشەیەکەوە ئاگرمان بەردایە یەکێکیان و لە چەند سانیەدا دەشتێک لە ئاگر ئەو ناوەی داگرت. نیگابانەکان کە زانییان ئێمە پێشمەرگەین و وەک سنەیی ئێژن "پەنچ قرانیەکەیان داکەفت" بە دۆڵێک دا هەڵاتن بۆ سەرجادە. ئێمەش دوای ئەوە دڵنیابووین گشت ماشینەکان ئاگریان گرتووە، ڕێگای شاخمان گرتەبەر و گەڕاینەوە بانشاهۆ. نیوەڕۆی ڕۆژی دواتر هەواڵەکەمان بە بیسیم دا بە بەرپرسان لە کۆسالان و ڕۆژێک دوای ئەوە ڕادیۆی حیزب خوێندیەوە کە پێشمەرگە لە سەر جادەی پاوە-کرماشان چەندین دەستگا ماشینی ڕێژیمیان ئاگر تێبەرداوە.

# کۆتایی پاییزی ١٣٦٦، گەڕانەوە بۆ دەرەتفێ و کەمینی تراشە

دوای گەڕانەوە لە شاهۆ، نزیک ماوەیەکی دیکە لە ناوچەی ژاوەرۆ ماینەوە، دەیانجاری دیکە سەردانی گوندەکانی ئەو ناوەمان کرد و لەگەڵ دۆست و هاوکاراندا دیدارمان ئەنجام دا. برینداره‌کان بێ ئەوە تووشی هیچ گرفت و مەترسییەک ببن دوای سارێشبوونەوەی برینەکانیان گەڕانەوە لامان و چوونەوە لای پەل و لکی خویان. پێشمەرگەکانی هێزی شاهۆیچ، دوای نزیک بە دوو مانگ گەڕابوونەوە بۆ بنکەی سابتی خویان. بەڵام پێشمەرگەکانی زاگرۆس لە هەموو ناوچەدا بڵاو ببوونەوە و چەندین زەبری گەورە و کاریگەریان لە هێزەکانی رێژیم دابوو کە من بە هۆی ئەوە لە نزیکەوە لەگەڵ نەبووم لە باسکردنیان خوم دەبوێرم. کومیتەناوچەکانی دیکەش لە سەرجەمی ناوچەکانی خویاندا وەک ئێمە خەریکی کار بوون و رۆژانە پەیوەندی نوێ و کەسی تازەیان بە شۆڕشەوە گرێدەدا. بە کورتی ساڵێکی پڕ بەرهەم و هێزێکی بە ورە و ئیمان لە گۆڕەپانی خەباتی بە کردەوەدا بێ هەستکردن بە سەختی و مەترسییەکان درێژەی بە کاری خوی دەدا. لەم ساڵەدا ژمارەیەک هەڤاڵی خوشەویسمان لە دەست دابوون کە سەرتۆپیان سالاری ئازیز بوو، بەڵام ژمارەیەکی زۆریش گەنج و لاوی بە هەست و ئێنرژی هاتبوونە ناو ریزی پێشمەرگەوە و بەشێکی بەرچاویان ژن بوون کە ئەمە خوی جۆرێک گۆڕان و وەرچەرخانێک بوو لە کاری ئێمەدا. پێشتر تاک و تەرا کچ دەهاتنە ناو ریزی ئێمەوە، بەڵام ئەم ساڵە ژمارەی کچانی نوێ خوی لە ١٥ کەس دەدا و ئەمەش هەوەڵین جار بوو ژمارەیەکی وا لە ساڵێکدا بێنە ناومان.

سەرەنجام پاییزەکەی وەک هەموو ساڵەکانی دیکە گەڕاینەوە بۆ کۆسالان، نزیک بە دوو حەفتە راوەستاین تا هەموو لک و کومیتەکان گەیشتنەوە لامان و تێکرا بەرەو دەرەتفێ بنکەی سابتی هێزی شاهۆ گەڕاینەوە. ئەمە ساڵی سێهەم بوو کە ئێمە پاییزەکەی بەم رێگایەدا دەگەڕاینەوە بۆ هەورامان. پیویستە بڵێم

ئەم مەسیرە کە دوو شەو و رۆژی تەواوی دەبرد و نزیک بە ١٥ کیلوو مێتر دەبوو، یەکێک لەو مەسیرانەیە کە من لە هەموو جێگایەکی دیکە زۆرتری لێ ترساوم و لە راستیشدا پڕ مەترسیترین شوێن بوو هێزێکی ١٥٠ کەسی لێوە دەرباز کەیت.

دوای کۆسالان دەبوا لە نێوان دوو پایەگای گەورەی رێژیمدا لە ئاوی سیروان بپەڕینەوە بۆ دەستی شاهۆ. ئاوەکە هێندە زۆر بوو کەس نەیدەتوانی بە شێوەی ئاسایی لێ بپەڕێتەوە، بۆیە ناچار دەبوا بە سەر پردێکدا بڕوین کە راست لە بەردەم گوندی روار و ژێر تیشکی نوورئەفکەنی پایەگاکەدا بوو. ساڵی پێشوو لەم جێگایەدا پێیان زانین و بە زەحمەت دەرباز بووین. دوای پردەکەش دەچووینە سەر بەرزترین لووتکەی شاهۆ (قولەی نوور) کە بەرزترین شوێنی ناوچەکەشە. لەوێوە بۆ سەر جادەی پاوە- نەوسوود کە بە سەدان پایەگای رێژیم دەور و بەری تەندراوە. دوای جادە دەبێتە چەمی پاوە و دوای بڕینی هەورازێکی سەخت و هەڵەمووت لە بناری کێوی کەلەقەندی و لە نێوان سەدان پایەگای بەرەی شەڕی ئێران و ئێراقدا، دەبوا رۆژێک بێ ئاو بمێنینەوە تا هەوا تاریک بکات.

ئەم سەفەرەش هەموو ئەم رێگایەمان بڕی بێ ئەوە تووشی گرفتێکی بەرچاو بین. مابوەوە دەربازبوون لە جادەی تراشە، مەیدانی مینی هێزەکانی رێژیم و دوای ئەوە جارێکی تر پەڕینەوە لە چەمی سیروان. هێزی شاهۆ وەک هەموو جارەکانی دیکە هاتبوونە پیریمانەوە و خوشیان ئامادە کردبوو تا ئەگەر گەییشتینە سەر چۆم، بە پەلە سواری گورێسەکەمان کەن و بمانپەڕێننەوە. تمێکی ١٥-٢٠ کەسی وەک پێشڕەو کەوتنە بەر و پاشماوەی هێزەکەش بە دوایان دا حەرەکەتمان کرد. ئەم سەفەرە بە پێچەوانەی جارەکانی پێشوو هەر دەستە و پەلێک بیسیمی خوی هەبوو و بە باشی ئاگامان لە یەکتر بوو. لە شوێنی حەرەکەتکردنمانەوە تا سەر جادەی تراشە نزیک سەعاتێک رێگا بوو. زۆربەی ئەم مەسیرەشمان بێ کێشە و گرفت بڕی. بەڵام کاتێک دەستەی پێشڕەو ویستیان بڕۆنە سەر جادەکە، لە چەندین لاوە درانە بەر دەستڕێژ و هەموو پایەگاکانی دەور و بەریش دەستیان کرد بە تەقە! وەک باسم کرد ئەم شوێنە راست لە نێوان بەرەی شەڕی دوو وڵاتدا بوو و بە سەدان پایەگا و هەزاران

سەربازی هەردووک دەوڵەت لە ناو ئەم بنکە و سەنگەرانە دامەزرابوون.
بە دوای لە داوکەوتنی ئێمە و بەرزبوونەوەی دەنگی تەقە، پایەگاکانی هەردووک لا دەستیان بە هاویشتنی "نوورەئەفکەن" کرد و لە راستی دا دەور و بەری ئێمە وەک رۆژ رووناک بوو. هەر چەند لە هەوەڵین دەستڕێژی دژمندا ژمارەیەک لە پێشمەرگەکانی ئێمە، لەوانە کەسی ئازای وەک عەلی تاتوورە و کەریم پیرباخی کە هەرکامەیان ناوبانگی ئازایەتی هەبوو بە سەختی بریندار بوون، دیسانیش هاورێیان لە دژمن هاتنە دەست و دوای نیو سەعات شەڕی دەستەویەخە و نارەنجەک هاویشتن، کەمینی دژمن تێکشکا و هێزەکانیان لەو مەسیرە هەڵاتن. لەم وەزعە حەساس و پڕمەترسییەدا بەرپرسان داوایان دەکرد کە کەس بڵاوە نەکات و هەرکەسە لە جێگای خویدا راوەستێ جوونکە، هەموو دەور و بەرمان مینە. بەڵام لە وەختی وا دا هەموو شتێک وەک خوی ناچێتە پێش و سەرەڕای ئەم داوایەش چەند کەسێک بڵاوەیان کرد. رەحمان قوربانی یەکێک لەو کەسانەی کە هەوڵی ئەدا لە بڵاوەکردنی پێشمەرگەکان پێشگیری بکات، بۆ خوی کەوتە سەر مین و هەر لەوێ لاقی پەڕی. سیا تەنگیسەری، یەکێکی دیکە لە پێشمەرگەکان مینێک لە ژێر پایدا تەقیەوە و فرێدایە ناو چەندین مینی دیکە بەڵام وەک موعجێزە هیچی لێ نەهات. لە بەرەی خواریشەوە ئەسغەر مەنبەری و عەبدول تەنگیسەری، کە لەگەڵ تیمی پێشڕەو دابوون کەوتنە سەر مین و زۆر گران بریندار بوون. پێشمەرگە رەحمان و عەبدولیان هێنان  و چەند کەسێکی دیکەش چوون مامۆ ئەسغەر بێنن. بەڵام مامۆ ئەسغەر کە هەردووک لاقی لە ئاکامی تەقینەوەی مینەکەدا پەڕیبوون، پێش ئەوە پێشمەرگەکان بە تەواوی بگەنەلای و هەڵیگرن،، بە دەستڕێژێک خوی کوشت و نەیهێشت هەڵگرتنی ببێتە هۆی گیان لە دەستدانی کەسی دیکە. حەز ئەکەم وە بیری خوێنەر بێنمەوە کە، ئەمە هەمان مامۆ ئەسغەرە کە لە داستانی گەمارۆدا بریندار بوو، بەڵام گشت ئەو رۆژە تاڵانەی لەگەڵدا بڕین، قامکەکانی ڕەشهەڵگەڕان و بە چەقۆ رەشاییەکەی دەبڕین تا گشت باڵی نەگرێتەوە.
ژمارەیەک پێشمەرگە بە چەند تیربار بی. کەی. سی. یەوە دامەزران، پێشی هاتنەپێشی هێزەکانی رێژیمیان گرت و ئەوانی دیکەمان بە چەند برینداری

لەت و پەتەوە گەییشتینە سەر چۆمەکە. لە هەرچوار دەورمانەوە تەقەی پایەگاکانی ڕێژیم بەردەوام بوو، بەڵام بە هوی چاڵی و قووڵی جێگاکەوە ئێمەی نەدەگرتەوە. دانە دانە خومان بە گوریسەکەوە هەڵواسی و پەڕینەوە ئەو دەست. ئەم کارە نزیک بە سەعاتێکی کێشا و سەرەنجام هەموومان گەییشتینە "قەڵاگا" کە شوێنێکی ژێر کۆنترۆڵی پێشمەرگە بەڵام لە "تیرەسی" دەیان پایەگای ڕێژیم دا بوو.



لە شوێنی دیکەشدا باسم کردووە و ئیستەش دەڵێم کە ڕەحمان قوربانی و بە سەرهاتەکانی خوی کتێبێکی تەواوە و ئەکرێ جیاواز بنووسرێنەوە. بەڵام شیاوی ئەوەیە کە لەیرەشدا بە کورتی باسی ورە، تاقەت و بڕوای ڕەحمان قوربانی بێنمەوە بیری خوێنەران. بێ گومان هەموو ئەم پێشمەرگانەی لەم کەمینە جەهەندەمییەدا بریندار بوون لە کورە هەرە ئازا و قارەمانەکانی هێزەکەمان بوون. بەڵام رویشتنی خوێنیکی زۆر، ترس لە بە جێمان و سەرەنجام مەرگ، کە وەک دێوەزمە بە دەور سەریاندا دەسووڕایەوە، هەموانی لە هێز و قسە خستبوو و ئەوەی لێیان دەبیسرا هاوار و ناڵە بوو لە دەست ئێش و ئازاری برینەکەیان. تێگەییشتن و دەرکی دژوارە کە کەسێک دوای سێ ڕۆژ ڕێگابڕین، بە سکی برسی و بە لێوێ تینوو، لە دۆزەخی تراشەدا بکەوێتە کەمینی هێزێکی ئەهریمەنی دەقات لە خوی زۆرتر، لایەک لە جەستەی لە دەست بدات، هاوڕێیانی ڕاکێش، ڕاکێش دوای سەعاتێک لە مەیدانی شەڕدا مانەوە، لە دەمی گورگ و لێوی ئاگر بیگێڕنەوە، بە کۆڵ و ڕاکێشان دەربازی کەن بەڵام هێشتا هێز، تاقەت و ڕەی پێشمەرگانەی بمێنێ!؟

ڕەحمان دوای ئەوە کەوتە سەر مینەکە، لاقێکی لە خوار ئەژنۆیەوە پەڕی، چەندین پارچەی دیکە بەر لاقەکەی دیکەی کەوتن و بە کورتی لە ناو خوێنی خوی دا گەوزا. گورج و بە پەلە چەند پێشمەرگەیەک گەییشتنە سەری، لاقەکەیان بەست و هێنایانەوە ناو سەفەکە. دوای شکانی هێزەکانی ڕێژیم

چەند کەس بە نۆرە لەکۆڵیان کرد و وەک ئەوانی دیکە لە چەم پەڕێندرایەوە. دوای پەڕینەوە لە چۆمەکە چووینە بنەبەردێک کە لە هێزەکانی رێژیم نەدیو بوو. لە بەر رووناکی چراقووەیەکەوە کادرە دەرمانیەکان(حەمەدەمین، تاهێر، مەجید و...) دەستیان کرد بە پێچانی برینەکان. رەحمان کە هەموو ئەم رێگایە لە شۆخی و قسەی ق..... نەکەوتبوو، لەیرەش لاقە پەڕیوەکەی هەڵهێنابوو، بە دەست گرتبووی و دەیگوت:

ئەوان دەرمان کەن من جارێ نامرم!

لە کاتی راکێشاندا لقە هەژگێک چووبووە ناو ئیسکە تلیشاوەکەی لاقیدا و کەسمان دڵی نەدەهات دەری کێشێ. کاتێک رەحمان ئەمەی زانی خوی دەستی برد، هەژگەکەی راکێشا و لەگەڵ لقەکە هێندێک لە ئیسکی لاقیشی لێ بوویەوە. رەحمان لە کاتی ئەم کارەیدا دەیوت:

بڕۆ خاڵۆ، خۆ زام کەڵەمرۆچە نیە! (زام کەڵەمرۆچە لە بێڵەوار بە زامێکی زۆر سەخت ئێژن).

دوای پانسومانی بریندارەکان لە ژێر گرم و هۆڕی تۆپخانە و دۆشکەی هێزەکانی رێژیمدا کەوتینە رێ و نزیک سەعات یەکی نیوەشەو گەییشتینەوە بنکەی دەرەتفێ و حەسانەوەی چەندین مانگەمان دەستی پێکردەوە.

## دەرەتفێ، خۆکوشتنی ئاسۆ ،کۆنفەرانسی مەڵبەند و کۆتایی ساڵی ١٣٦٦

دوای ئەوە گەڕاینەوە دەرەتفێ، لک و کومیتەکان لە شوێنەکانی ساڵی پێشوویاندا دامەرزرانەوە و خواردن و ئیمکاناتێکی ساکار پێکەوە نرا تا ئەو زستانە لەوێ بەرینەسەر. وەک پێشتریش باسکرا ژمارەیەک گەنجی نوێ هاتبوونە پێشمەرگایەتی کە هێندێکیان کچ بوون. ئەم گەنجانە و بریندارەکان نێردران بۆ سلێمانی تا بریندارەکان عەلاج بکرێن و گەنجەکانیش بڕۆن بۆ دەورەی فێرگە لە بنکەی دەفتەری سیاسی.

دوای ماوەیەک کومیتەی مەریوان و لکی ٢ کە سەر بەو کومیتەیە بوون نێردران بۆ جێگایەک بە ناوی دۆڵەسوور تا هەم برێک بارسووکی بێت لە سەر هەورامان و هەم جێگایەکی دیکەشمان هەبێت تا بتوانین ئاسان لێوە

بگەڕینەوە بۆ ناوچە. ئەم گوندە لە دەرەوەی شارۆچکەی شانەدەری هەڵکەوتبوو، لەو هەزاران گوندەش بوو کە بەعس رووخاندبووی و ئیستە ئێمە بە رەزایەت و ئاگاداری ئەوان تێدا نشتەجێ ببووین. دەوروبەری دۆڵەسوور وەک دەرەتفێ پڕ بوو لە ئەرتەشی ئێراق و بێ ئیزن و ئاگاداری ئەوان ئێمە نەماندەتوانی لە جێگای خومان تەکان بخوەین.

جگە لەو کچانەی تازە هاتبوونە ریزی پێشمەرگە و نێردران بۆ دەورە، دوو کچی دیکەشمان هەبوون کە ساڵی پیشوو هاتبوون و ئیستە لەگەڵ کومیتەی مەریوان لە دۆڵەسوور بوون. ئەم دوو کچە یەکیان ناوی ئاسۆ(سوورەیا....)خەڵکی سنە و لە کۆمەڵەوە هاتبووە لای ئێمە. ئەوی دیکە ناوی چنوور (تەورێز رەحمانی) خەڵکی گوندی مێراوی ناوچەی ژاوەرۆ بوو و راستەوخۆ هاتبووە لامان.

لەو ماوەیەدا ئاسۆ بۆ سەردانی دوکتور چووبووە شاری سلێمانی و دوای گەڕانەوەی بۆ بەرپرسانی باسکردبوو کە لە بنکەی سلێمانی، لە لایەن چەند بەرپرسێکی حیزبەوە دەستدرێژی کراوەتە سەر و لە ئاکامی ئەو کارەدا حاملەیە. بەرپرسان ماوەیەک ئەم شتەیان لە ناو خویاندا راگرتبوو بەڵام دواتر بڵاو بوویەوە و هەمووان ئاگاداری ئەم وەزعەی ئاسۆ بوون و لەیرە و لەوێ قسەیان لە سەر ئەکرد. هێنندێک لە بەرپرسان ئینسانی ئەیانڕوانیە ئەم وەزعە و گەرەکیانبوو رێگەیەک ببیننەوە بۆ ئەوە ئاسۆ بتوانێ بێ کێشە و دوور لە چاوی خەڵک منداڵەکەی ببێ. بۆ ئەم مەبەستە هێندێک رێگەی جۆراوجۆر، لەوانە بە نهێنی ناردنەوەی ئاسۆیان بۆ سنە پێشنیار دەکرد بەڵام ئاسۆ خوی حازر نەبوو ئەم مەترسییە قبووڵ بکات.

سەرەنجام رۆژێک لە کۆبوونەوەی مەڵبەندا بووین هەواڵ هات ئاسۆ خوی کوشتووە. خەبەرەکە بە بیسیم لە دۆڵەسوورەوە گەییشتبوو و هەیئەتێک لە لایەن مەڵبەندەوە بۆ لێکۆڵینەوە چوون بۆ ئەوێ. رۆژی دوایی، بێ ئەوە چاوەڕوانی ئاکامی لێکۆڵینەوەکان بێ، رادیۆی حیزب هەواڵی خۆکوشتنی ئاسۆی بەم شێوەیە خوێندەوە:

"بەداخەوە پێشمەرگەیەکی هێزی زاگرۆس بە ناوی ئاسۆ....، بە هۆی دەستکاریکردنی نارەنجۆک و تەقینەوەی ئەو نارنجۆکە لە دەستیدا، گیانی

لەدەست دا. کومیتەی مەڵبەندی یەک و هێزی زاگرۆس سەرەخوشی خویان پێشکەشی بنەماڵەی ئاسۆ دەکەن و....".

ئاکامی لێکۆڵینەوەکە دەریخست ئاسۆ بە هوۆی گەورەبوونی مناڵەکەی ناو زکی و، دیاربوونی بە ئاشکرای، لە وەزعێکی نالەباری رووحی دا دەبێت. پێش دەستدانە خۆکوژی نامەیەکی درێژ بۆ بەرپرسان ئەنووسێ، ناوی ئەو کەسانەی تەجاوزیان پێ کردووە بە روونی دەبات و بە ئاشکراش دەنووسێ کە لەم وەزعەدا ئەو چارەیەکی جگە لە خۆکوشتن بۆ نەماوەتەوە. هەموو بەرپرس و کادرەکانی ئەودەمی مەڵبەندی یەک، دەفتەری سیاسی، سکێرتێری حیزب و کومیسیونی سیاسی نیزامی ئاگاداری ئەم تراژێدییە بوون و بۆ پووشبەسەرکردنیشی تێکرا دەستیان دایە دەستی یەک. ئیستاشی لەگەڵدا بێت هیچکات ئەو کەسانەی دەستدرێژییان کردە سەر ئاسۆ سزا نەدران و تەنانەت لە پۆست و جێگای خویاندا لانەبران. من وەک یەکێک لە کادرەکانی ئەو دەمی ئەو مەڵبەندە، بەشی خوم هەڵەم لەم بارەوە هەیە و حاشای لێ ناکەم، لانیکەم منیش وەک هەموان بێدەنگیم هەڵبژارد و لە هیچ جێگایەکدا رەخنەی شیاوم لەم کردارە قیزەونە نەگرت.

# کۆنفەرانسی مەڵبەند بۆ کۆنگرەی هەشتی حیزب

بە پێ عادەت هەر دوو ساڵ جارێک کۆنگرەی حیزب دەبەسترا و ساڵی ١٣٦٦ یش ساڵی کۆنگرە بوو. ناوەڕاستی زستانی ئەو ساڵە هەیئەتێک لە دەفتەری سیاسییەوە هات بۆ هەورامان کە کاک جەلیل گادانی و کاک شاهۆ حوسەینی سەرپەرەستیان دەکرد. کاری ئەم هەیئەتە بەستنی کۆنفەرانسی هێز و کومیتەکان بوو تا جگە لە هەڵبژاردنی بەرپرس بۆ ئورگانەکانی خویان، نوێنەریش بۆ کۆنگرەی هەشتی حیزب هەڵبژێرن.

کۆنفەرانسی مەڵبەندی ئێمە پێش کومیتەی هەورامان دەستی پێکرد و دوو رۆژی تەواوی خایاند. لەم کۆنفەرانسەدا دەرکەوت کە جارێکی دیکە کێشەی گەورە لە حیزب دا هەیە و کاک جەلیل بە راشکاوی باسی لە هەبوونی ناکۆکی و جۆرێک دووبەرەکی نێوان رێبەری حیزب کرد. هەرچەند بەشێکی زۆری کادرەکان و لەوانە من خوم، بچووکترین ئاگاداریمان لەم جەناحبازی و دوودەستەییە نەبوو، بەڵام لە راستیدا هەڵبژاردنەکانی کۆنفەرانس لە ژێر سێبەری ئەم کێشانەی ناو رێبەرایەتی حیزبدا چوونە پێش.

کۆنگرەی هەشتی حیزبی دیموکرات لە بەر فشاری زیادە لە حەدی هێزەکانی رێژیم بۆ سەر شوێنی دەفتەری سیاسی(لە دۆڵی گەورەدێ) بە ناچار لە شاری سلێمانی و لە شوێنێکی ژێر کۆنترۆڵی رێژیمی بەعسدا بە رێوەچوو. لەم کۆنگرەیەدا لیستەی فیکس، واتا جۆرێکی بە تەواوی نوێ و نامۆ لە شێوەی باوی ناو حیزب کرا بە بناغە بۆ هەڵبژاردنی ئەندامانی رێبەری و هەر لە سەر ئەمەش دوای ماوەیەک حیزب بە کردەوە بوو بە دوو لەت.

# کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی دیموکرات،پشتگوێخستنی شەڕی کۆمەڵە و سازکردنی شەڕێکی تازە

کۆنگرەی هەشتەمی حیزبی دیموکرات لە زستانی ١٣٦٦ی هەتاوی لە شاری سلێمانیدا بەسترا. ئەو کات و سەردەمە نەک تەنیا بەنیسبەتی حیزبی دیموکراتەوە، بەڵکوو بە نیسبەتی گشت بزووتنەوەی کوردستانەوە زۆر گرنگ و چارەنووس ساز بوو. لە لایەک شەڕی ئێران-ئێراق گەیبیشتبووە لووتکەی مەترسییەکانی خوی، هەردووک دەوڵەت بە دڕەندانەترین شێوە شار و گوندەکانیان تۆپ، مووشەک و بۆمبباران دەکرد. هەر سەرەتای هاوینی ئەو ساڵە(١٣٦٦/٤/٧) بوو کە دەوڵەتی سەدام بێ پرس و ترسی کەس، شاری سەردەشتی دایە بەر بۆبمبای بۆ دنیا قەدەخە کراو، بەڵام لە دژی کورد ئاسایی شیمیایی. سەدان کەسی سیڤیل و بێتاوانی لەو شارەدا کوشت و هەزاران کەسی تریشی بریندار کرد کە چی بە ئەندازەی ژاراوی بوونی دە دانە مراوی (سۆنە) لە یەکێک لە دەریاکانی وڵاتێکی خاوەن دەوڵەتدا، خەڵکی خاوەن تەمەدونی دونیای رانەچڵەکاند! تەنانەت دەوڵەتی ئێران خوشی حازر نەبوو دوو هەواڵنێری بێگانە بباتە ئەو شارە و دنیا لەو تاوانە ئاگادار بکات! ریژیمی هار و دڕەندەی سەدام، پڕۆسەی دژی ئینسانی ئەنفالی خستبووە کار و رۆژانە شار و گوندی کوردی لەگەڵ خاک تەخت دەکرد. زیندانەکان لە تێکۆشەرانی کورد پڕکرابوون و سڕینەوەی فیزیکی نەتەوەیەکی چەندین میلیۆنی بە کردەوە لە ئارادا بوو!

لە لایەکیترەوە جووڵانەوەی کورد لە هەرچوار پارچەی وڵاتدا لە ژێر فشاری داگیرکەران و، شەڕی خۆکوژیدا رۆژ لە دوای رۆژ لاوازتر و خەریکی بەچۆکدا هاتن بوو. دنیای دەرەوە و وڵاتانی دەسەڵاتداری دنیا و رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، پارێزەرانی مافی مرۆڤ، ئەمنستی ئینتەرناسیۆناڵ، سەلیبی سووری جەهانی و... کەمترین بایەخیان بەم خەڵکقڕانەی کۆتاییەکانی سەدەی بیستەم نە ئەدا و...

هەموو ئەم هۆیانەی سەرەوە دەیان خواست و رێبەرانێکی هۆشیار و بەرپرسیش دەبوا دەرکی پێبکەن کە، کورد ئەبێت کێشە ناوخۆیەکانی خوی کەم

کاتەوە، هەوڵی جۆرێک لێکحاڵیبوون و یەکگرتن بدات و تواناو ئیمکاناتەکەی بۆ مانەوە و خۆپاراستن بەکاربێنێ نەک بۆ بڕینەوەی ریشەی خوی!

بۆ نموونە دەبوا لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا بێ راوەستان و بیانوو هێنانەوە، کۆتایی بە شەڕی بێئاکامی چەندین ساڵەی نێوان دوو هێزی سەرەکی مەیدانی خەبات واتا کۆمەڵە و دێموکرات بهێنرێ. دەبوا نێوانی ئەم دوو هێزە ئاسایی بکرێتەوە و دەرگای جۆرێک هاوکاری عەمەلی بخرێتە سەر پشت. بەڵام بەپێچەوانەی ئەم پیویستی و داخوازییانە، لە نێوان کۆنگرەی حەوت و هەشتدا کێشە ناوخۆیەکانی حیزبی دیموکرات بە شێوەیەک بەربڵاو و گەورە ببوونەوە کە دەگمەن کەسانێک پەیدا دەبوون شەڕی نێوان کۆمەڵە - حیزب و ئەم بارە ناهەموارە مەترسیدارەی کوردستانیان لە بیر بێ یان ئەسڵەن هەستی پێ بکەن!

دوکتور قاسملوو و دوکتور شەرفکەندی، وەک مێشک و بیری رێبەریی حیزب، لە فکری یەک دەست کردنی رێبەرایەتی حیزب و، وەلانانی ژمارەیەک لە ئەندامانی رێبەریدا بوون. هەڵبەت بۆ ئەو مەبەستەش زۆر پێش کۆنگرە کاری خویان کردبوو. هەر لە کاتی کۆنفەرانسەکانی کۆنگرەوە کێشەکان دەرکەوتن و کاتی هەڵبژاردنی ئەندامانی رێبەریی، ئەم کێشانە گەییشتنە ئەوپەڕی خوی.

پێشتر رەسم و عادەت وابوو کە هەموو بەشدارانی کۆنگرە،( بە شەرتێک دوو ساڵ ئەندامی حیزب بووبن) ئەیانتوانی خویان بۆ ئەندامی رێبەری کاندید بکەن و ئەگەر دەنگی پیویستیان هێنابا دەبوونە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی. بەڵام لەم کۆنگرەیەدا لیستەیەک لە لایەن دوکتور قاسملووەوە ئامادە کرابوو و، بەشدارانی کۆنگرە دەبوا دەنگ بە هەموو لیستەکە بدەن نەک بە هەرکام لە ئەندامانی ناوی. واتا دەنگ دان بە لیستە دەنگ دان بوو بە ٢٣ کەس کە پێشتر وەک دڵخوازی دوکتور و هاوبیرانی ناویان لە لیستەکەدا نووسرا بوو. ئەم شێوە دەنگدانە خوی، وەک خاڵێک کەوتە دەنگدانەوە و لە ژێر کۆمەڵێک فشار و " تۆران" و.... بە شێوەیەکی لاواز دەنگی هێنایەوە کە ببێتە پەسەندکراوی کۆنگرە. هەڵبژاردنی کۆمیتەی ناوەندی بەو شێوەیە ئەنجام درا و هەموو کەسە دڵخوازەکانی سکێرتری حیزب، بوونە ئەندامی رێبەری و ئەوانەش کە دەبوا وەلا بنرێن وەلا نران.

هەر لە سالۆنی کۆنگرەوە تا دوومانگ دواتر ئەم کێشانە لە سەراسەری ئورگانەکانی حیزبدا بەردەوام بوون. گەلێک هەوڵ و تەقالا درا تا بەڵکوو کۆنگرەیەکی نائاسایی بگیردرێت و چارەیەک بۆ یەکپارچە هێشتنەوەی حیزب بدۆزرێتەوە. بەڵام باڵی بالادەست و لە کۆنگرەدا "سەرکەوتوو"، رازی نەبوو. سەرەنجام رۆژی ١٣٦٧/١/١ ی هەتاوی ١٥ کەس لە ئەندامانی رێبەری پیشووی حیزب لە بەیاننامەیەکی زۆر توند و نا دۆستانەدا رایانگەیاند کە "ئەوان فراکسیۆنی شەرەفکەندی- قاسملوو یان لە حیزبدا تەرد کردووە و بە ناوی رێبەرایەتی شۆڕشگێری حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران دەیانهەوێ حیزب بهێننەوە سەر رێبازی راستەقینەی خوی". دیارە من لە درێژەی باسەکەمدا دەگەڕێمەوە سەر ئاکامەکانی و بە پێ پیویست لە سەری رائەوەستم.

# لەپەراوێزی خنکانی هەڵەبجە و چۆڵکردنی ناوچەی هەوراماندا بۆ هەمیشە

میژووی ئێمە پێش هەڵەبجەش پڕە لە کارەسات و جەستەی نەتەوەی کورد لیپاولیپە لە زام و برین. بەڵام هەڵەبجە ئازارێکی تایبەت، کارەساتێکی نوێ و رووداوێکی کەم وێنە بوو. بۆ یەکەمجار لە میژووی مرۆڤایەتیدا دەوڵەتێک خەڵکی ئاسایی ناو سنووره رەسمییەکانی خوێ خستە بەر چەکی قەدەغەکراوی شیمیایی، بە هەزاران کەسی لێ کوشتن و شارەکەی لێکردن بە وێرانە. کارەساتەکە بە گشت تۆقێنەری خویەوە لە شاشەی تەلەڤیزیونەکانی جیهانەوە پێشاندرا و دنیا ئەم تاوانە ترسناکەی بەچاوی خوی بینی. هەرچەند کە ئەم تاوانەش نەبووە هۆی ئەوە تا خەڵکی دنیا و دەوڵەتەکانیان ببنە هاوپشت و یارمەتیدەری بزاڤی رەوای کورد، بەڵام دواتر کە سەدام حوسەین گلۆڵەی کەوتە لێژی، هەڵەبجە بووبە تەنافی گەردەنی و سەرەنجام وێڕای رووخانی دەسەڵاتە جەهەندەمیەکەی، ملی خوشی شکاند و خرایە زبڵدانی میژووەوە.

لەماوەی ئەم ساڵانەدا کە بە سەر ئەم رووداوە تاڵ و مرۆڤ هەژێنەدا تێپەڕیوە، شتی زۆر لە روانگەی جۆراوجۆرەوە لەسەر هەڵەبجە و کارەساتەکەی وتراون، نووسراون یان وەک فیلم و دایکۆمێنت پێشاندراون. بەڵام دیسانیش زۆر شت لە پەراوێزدا ماون و زۆر بەکەمی باسکراون. من وەک یەکێک لەوانەی کە لە نزیکەوە شاهێدی ئەم رووداوە و قووڵایی و بەرینی ئێش و ئازارەکانی بووم، هەوڵ ئەدەم بە پێ توانا و وەک درێژەی بیرەوەرییەکانم "بیرماگەکانی" خوم بێنمە سەر کاغەز و ئەوەی لەم رۆژانەدا دیومە ئەگێڕمەوە تا بەڵکوو بەشی خوم خزمەتێکم بەو خەڵکە ئازاردیتووە کردبێت و نەمهێشتبێت بەسەرهاتەکانیان پشتگوێ بکەون و لەبیر بچنەوە. ئەوەی من ئەمەوێ باسی کەم زیاتر نەقش و رۆڵی حیزبەکانی باشووری کوردستان لە پێکهاتنی ئەم وەزعەدا و بەسەرهاتی زیاتر لە هەزار و پینجسەد پێشمەرگەی رۆژهەڵاتی کوردستان و بنەماڵەکانیان لەم رووداوە دایە کە زیاتر لە سەدکەسیان کوژران و بە سەدانیان ناچار بوون خویان رادەستی ریژیمی ئێران کەنەوە و تووشی چەرمەسەری بوون.

حاتەم مەنبەری

# پەلامــاری ئێــران بــۆ ســەر نــاوچەی شــارەزوور و ڕۆڵــی هێزەکانی باشوور

نەوسوود، شۆشمێ، تەختەی جام، قەڵاگا و قەڵاسمۆکە لە بەشی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، دەرەتفێ، هاوار و هەوارەکۆن لە بەشی باشوور بنکەو بارەگای پێسمەرگەی حیزبی دیموکراتیان لێ بوو. جگە لە ئێمە مەڵبەندی هەورامانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستانیش بنکەیان لە ئاواییی هەوارەکۆندا بوو. لە دیوی تەوێڵێش بنکەییکی ئێمە لە هانەگەرمڵە و بنکەییکی کۆمەڵەش لە بیارە بوو. سپای رزگاریش (کۆمەڵێک چەکداری سەربە شێخەکانی بیارە) بنکەی ئەسڵییان لەوێ بوو. ئەم ناوچەیە بە سەدان پادگان و بنکەی سەربازی هەردووک داگیرکەری کوردستان دەورەی گیرابوو و هەر ڕۆژە و یەکێکیان تۆپبارانی شوێنێکی دڵخوازی خوی دەکرد جا کەیفیان لێ با ناو شارەکانی هەڵەبجە، پاوە، نۆدشە، یان بنکە و بارەگای یەکتر. یانیش ماڵ و مەقەڕەکانی ئێمە بۆ ئەوان فەرقی نەبو. ،تۆپباران کاریٚ ڕۆژ و گرمو هۆڕ مووسیقای ئاشنای گوێچکەی خەڵکی ئەو ناوە بوو. کۆماری ئیسلامی چەندین جار هێرشی کردبووە سەر ئەم جێگایانە و تەنانەت هێندێکجار بەشی زۆری جێگا حەساسەکانی لەچنگ پێسمەرگە دەرهێنا بوو. بەڵام دواتر تێکشکا بوو، دەیان کوژراوو و بریندراری لێ بەجێ مابوو و ناهومێد و سەرشۆڕ گەڕابووەوە شوێنەکانی پیشووی. جەندینجار جەنازەی لێ بە جێ دەمان و لە سەر داوای ئێمە و ملکەچی خویان خەڵکی پاوە و دەوروبەری دەنارد و جەنازەکانی دەبردنەوە.

سەرەڕای بوونی هێز و دەسەڵاتی ئەم دوو دوژمنە لەبناگوێ ئێمەدا، نێوانی ئێمە و هێزەکانی یەکیەتی زۆر دۆستانە و شیاوی زرووفی ئەوکاتی بزووتنەوەکەمان بوو. بە ئاشکرا هاتوو چووی یەکترمان ئەکرد و تەنانەت لەبۆنە تایبەتیەکانیشدا نوێنەری هەردوولامان دەچوون و پەیامی پیرۆزبایی، یان سەرەخوشییان دەخوێندەوە. لە جموجووڵی هێزەکانی دژمن یەکترمان ئاگادار ئەکرد و جاری واشبوو ئێمە کەسی یەکیەتیمان بەناوی خومان لەسەیتەرەی ئێراق رەد دەکرد و دەمان گەیاندە شوێنی مەبەست. هەرچەند لە ناوەوەی ڕۆژهەڵات شەڕێکی خوێناوی لە نێوان ئێمە و کۆمەڵەدا لە گۆڕیدا

بوو، بەڵام لەم ناوچەیە ئێمەش ئیدی کارمان بەیەک نەمابوو و ئەگەر لە ڕێگاشدا تووشی یەک دەبووین خومان لا ئەدا، هەرکەسە ڕێگای خوی ئەگرت و ئەچوو!
چەند مانگ پێش کارەساتی هەڵەبجە جگە لە هێزی شاهۆی حیزبی دیموکرات کە داییمەن لەو ناوچەیەدا بوون، مەلبەندی یەک و هیزی زاگرۆس لە دەرەتفێ و مەڵبەندی دوو و هیزی دووی ڕێبەندان و هیزی بەیانیش لە هانەگەرمڵە نشتەجێ کرابوون و بەقسە خەریکی حەسانەوە بەڵام بە کردەوە لە بەرەی شەڕێکی پڕ مەترسیدا بووین کە هیچ بڕیارێکی لە دەست و دەسەڵاتی خوماندا نەبوو. سەرجەمی پێشمەرگەی حیزب لەم ناوە ئەگەییشتە نزیک ٧٠٠ کەس. جگە لە پێشمەرگە، ژن و منالْ و پیاوی پیریش ژمارەیان ئەگەییشتە شتێک لەو بابەتە. خواردن و ئیمکاناتی ئەم جەمعە لە شاری سلێمانی و هەڵەبجەوە دەهات، لەناو پایگاکانی دەوڵەتی ئێراقەوە تێپەڕ دەبوو و، پاشان ڕێگای سەعاتێک بە کۆڵی هێستر و کەر دەگەییشتە بنکەکانی ئێمە.
هەرچەند زۆر جار هاتووچووی پاسدار و کاربەدەستانی ئەرتەشی ئێران بۆ بنکەکانی یەکیەتی ئەبووە هۆی نگەرانی و ناڕازی بوونی ئێمە، بەڵام چەندکەس لە بەرپرسانی ی.ن.ک. ئێمەیان لە هەموو جمووجووڵێکی دەوڵەتی ئێران ئاگادار ئەکرد و لەبەرانبەر ڕەخنەی ئێمەشدا بۆ هاتووچووی ئێرانیەکان بۆ بنکەی ئەوان، بەپێکەنینەوە ئەیانوت کە دەستتان بۆ بەرن دەستیان ئەبڕین! بەڵام پەیوەندی ئێمە و سپای ئێراق لە چوارچێوەی هاتووچووکردنی ئێمە بەناو "سەیتەرەکەی" ئەواندا تێنەدەپڕی و قەت سەربازێکی عێراق نەهاتە نزیک بنکەییکی ئێمە و هیچ پێشمەرگە و بەرپرسێکی ئێمەش بە ئاشکرا هاتووچووی سەنگەر و بنکەکانی ئەوانی نەدەکرد.
دووحەفتە پێش هێرشی ئێران بۆ سەر شارەزوور و هەڵەبجە، دوو بەرپرسی یەکیەتی هاتنە لای ئێمە و بەرپرسانی ئێمەیان ئاگادار کرد کە ریژیمی ئێران بەنیازە هێرشێکی بەرین بکاتە سەر هەموو پارێزگەی سلێمانی. ئەم بەرپرسە ئێمەی دڵنیاکرد کە نەک هەر هەڵەبجە و سەیدسادق، بەڵکوو دوورنیە سلێمانیش بگرن و یەکیەتی، پارتی و حەرەکە ئیسلامیش هاوکاری ئێران لەم هێرشەدا دەکەن. دیسان بە وتەی ئەم هەڤاڵەی یەکیەتی قەراریشە دوای

ئازادبوونی، ناوچەکە بدەنە دەست هێزە کوردیەکان! بۆیە پێشنیارتان پێدەکەین کە هێزەکەتان، یان هیچ نەبێ ژن و منداڵەکەتان لەم ناوە دوور خەنەوە با تووشی گەمارۆ کەوتن و گیر و گرفتی خراپ نەبن!

ئێمە پێمان وانەبوو لەدەسەڵاتی سپای ئێراندا هەبێ "شنروێ"، "سوونێ" و "بالامبۆ"، کە هەرکامەیان هەزاران سەرباز و سەنگەری بتۆنی و کاناڵ و جێگای سەختی سپای ئێراقی لێ هەڵکەنرابوو دەربێنێ. چوونکە پێشتریش دەیانجار هێرشیان کردبوو و تێکشکابوون. بەڵام ئەمجارە دۆستانی یەکیەتی زۆر بەدڵنیاییەوە قسەیان ئەکرد و زۆریش دڵخۆش بوون کە حەتمەن ناوچەییکی بەرین "ئازاد" ئەبێت و ئەوان ئەبنە حاکمی. من بەش بە حاڵی خوم ساڵێک دواتریش، هەرکات بیرم لەم ساکارڕوانینەی دۆستانی یەکیەتی نیشتمانی ئەکردەوە، قسەییکی خوشی ک- فەتاح کاویانم وەبیر ئەهاتەوە و لەبەر خومەوە بەوپەڕی دڵبریندارییەوە نەم ئەتوانی پێشی پێکەنینی خوم بگرم:

کوڕێکی بە تەمەنی رەبەن، دایکی زۆر نەخوش بوو، کوڕە ئاواتی بوو دایکی بمرێ و باوکی ژن بێنێ......رۆژگار وای کرد پێچەوانەکەی رویدا و بە جێ دایکی باوکی مرد، دایکی شوی کرد و.......

بەهەرحاڵ ئێمە بەقسەی دۆستانمان نەکرد. ژن و منداڵ و پیر و پەککەوتە لەوێ مانەوە و رۆژی دەستپێکرانی شەڕیش تازە کار لەکار ترازابوو. وەزعەکە وای لێهات کە نەک دەربازکردنی ئەو گشت خەڵکە بێدیفاعە، بەڵکوو رزگاربوونی خوشمان کەوتە مەترسییەوە و خەریک بوو هەموو لەبەین بچین و گەورەترین کارەساتی میژوی پێشمەرگەی کوردستان لەسەر ئێمە تۆمار بکرێ.

سێ رۆژ پێش دەستپێکرانی هێرشی ئێران جارێکیتر بەرپرسێکی ی.ن.ک هاتە بنکەی کومیتەکەی ئێمە (کومیتەی کرماشان) و بەوردی باسی هێرشی ریژیمی کرد و وتی ئێران زیاتر لە بیست هەزار کەسی هێناوەتە پاوە و مەریوانیش پڕە. دڵنیابن هێرشەکە جددییە!

من نازانم بەرپرسانی ئێمە چۆن ئەم وەزعەیان بۆ دەفتەری سیاسی و شەخسی دوکتور قاسملوو باسکردووە و ناشزانم کە رێنوێنی و بڕیاری ئەوان چیبووە، بالام دڵنیام لەوەیکە هەنگاوی پیویستیان بۆ ئەو وەزعە ترسناکە

هەڵنەگرت. سەرەنجام ئێمە هەروا لە جیگای خۆمانداماینەوە و ئەو ئێوارەیە کە بەیانیەکەی هێرشەکە دەستی پێکرد، کەم کەم ژمارەییک ژن و منداڵ بەرەو هەڵەبجە بەڕێ کران کە من وەک سەرپەرەستی بنەماڵەکانی مەڵبەند لەگەڵیان چووم بۆ هەڵەبجە. بەڵام بە نیسبەت سەرجەمی خەڵکەکەوە تازە دێربوو و بەیانی سەعات چوار، شەڕ لە هەرچوارلاوە دەستی پێکرد و ناوچە بوو بە یەک پارچە ئاور.

هەروەک پێشبینی دەکرا یەکەم هێرش لە لای هێزەکەی ئێمەوە دەستی پێ کرد، هیرشکەران کەوتنە داو و کەمینی پێشمەرگە و شەڕێکی سەخت و دەستەویەخە هاتە ئاراوە. سەرەڕای ئەوە لووتکەی شنرۆێ بەسەر گشت ناوچەکەدا زاڵ بوو و هەزاران سەربازی عێراقیشی لێ بوو، بەڵام نە تەقەی لێ دەکرا و نە کەس هێرشی بۆ دەکرد. بۆ ئێمە کە هێشتا هەموو وەزعی شەڕەکەمان نەهاتبووە دەست جێگای سەرسووڕمان بوو کە بۆ ئەم سەنگەرە گرنگەی دەوڵتی سەدام بێدەنگە، یان بۆ ئێرانیەکان تۆپێک بەرەو ئەوێ هەڵنادەن؟

لە شەڕی نێوان ئێمە و ریژیمدا دەیان کەس لە هێزەکانی ریژیم کوژران، ژمارەیک چەکوچۆڵیش کەوتە دەست ئێمە و دژمن بەتەواوی لەبەرەی لای ئێمەدا تێکشکا. یەکێک لە کوژراوەکانیان لەم بەرەیەدا کۆنە پێشمەرگەیکی خومان بوو بە ناوی ئەسعەد وەڵەدبەگی کە ساڵانێک پێشمەرگایەتی کردبوو و نزیک بە دەکەس لە ئەندامانی بنەماڵەشی لە ریزی پێشمەرگەدا گیانیان لە دەست دابوو کە ئەمە خوێ حیکایەت لە ترازێدیایکی تاڵی میژووی کورد دەکات. دوو پێشمەرگەی خوشەویستی ئێمەش بە ناوی عەیزەت ئەحمەدی و عوسمان .. لەم بەرخۆدانە ئازایانەدا گیانیان لەدەست دا. کاک عەیزەت کە بە "عەیزەتە کوێر" لە ناو خەڵک و پێشمەرگەدا دەناسرا یەکێک لە کۆنترین و ئازاترین پێشمەرگەکانمان بوو و لەقسەخوشی و رووحسووکیدا وێنەی کەم بوو.

ریژیم پاش تێکشکان لەم بەرەیەدا، بنکەکانی ئێمەی بە خەستی دایە بەر تۆپ و خومپارە کە لە ئاکامدا پێشمەرگەیەکی هێزی بەرگری بە ناوی مەحموود گەلێنی بەرکەوت و گیانی لەدەست دا. داستان و بە سەرهاتی مەحموودم لە بەشی پیشوو، لە پەیوەندی لەگەڵ گوندی گەلێندا نووسیوە و

سەرەنجی خوێنەر بۆ ئەم بەشە رادەکێشم. شەڕ لە بەرزاییەکانی تر و لە دەور و بەری هەڵەبجەش بەتوندی بەردەوام بوو. ئەمە دەرەیدەخست کە قسەی دۆستانی یەکیەتی راستە و ئێمە لە ناوەڕاستی شەڕێکی قورسدا گیرمان خواردووە. بۆیە بڕیاری چۆڵکردنی بنکەکانی ئێمە لە لایەن بەرپرسانەوە درا و تێکرا بەرەو هەڵەبجە پاشەکشێمان کرد.

بەڵام هێشتا بەشێک لە پێشمەرگەکانی ئێمە لەهانەگەرمەڵە بوون، ژن و منداڵەکانیش لە هەڵەبجە سەرگەردان چاوەڕوانی قەزا و قەدەر مابوونەوە. خەڵکی هەڵەبجە لەماوەی ئەم سێ رۆژەدا هەوڵیان دا بوو بەرەو سلێمانی هەڵبێن بەڵام لەبەر ئەوە پردی زەڵم (تاقە رێگای دەرباز بوون لە ئاوی زەڵم و بەنداوی دەربەندیخان) بەتوندی لەلایەن هێزەکانی ئێرانەوە تۆپباران ئەکرا، خەڵکی ناچار بوون بگەڕێنەوە ناو شار، سەرگەردان و ناهومێد لە هەڵەبجە خویان حەشار بدەن و چاوەڕێ چارەسنووسی نادیار بن. من خوم لەم کاتەدا لە ناو شاری هەڵەبجەدا بووم، وەک شاهێدێک بەچاوی خوم ئەم سەرلێشێواوییەی خەڵکم ئەبینی و سپای ئێرانیش بەو پەڕی دڕەندەییەوە بێ بسانەوە ناو شاری هەڵەبجەی تۆپباران ئەکرد و لەم سێ رۆژەدا سەدان کەسی بیدیفاع بە تۆپی ئێران کوژرن یان بە توندی برینداربوون.

ئێوارەی رۆژی سێهەم هیزی پێشمەرگەی یەکیەتی و پاسداری ئێران پێکەوە هێرشیان کردە سەر هەڵەبجە و لە هەرچوار دەوری شار، شەڕی ئەم هێزانە و تانکەکانی سپای سەدام بەچاو ئەبینرا. ئیستا ئیدی بۆ کاربەدەستانی ئێراقیش دەرکەوتبوو کە هەموو شوێنە گرنگ و ستراتیژییەکان وەک سوونێ، شنێروێ، بالانبۆ و ... لەلایەن ئەفسەرانی ئێراقییەوە فرۆشراوە بە ئێران و تازە کار لەکار ترازاوە. بۆیە هەمووکەس چاوەڕوانی جۆرێکی دیکەی تۆڵەسەندنەوەی سەدامی دەکرد. رەنگە کەس بیری بۆ لای بۆمبارانی شیمیایی نەچووبێ بەڵام هەموو ئەوانەی بەعس و سەدامیان ئەناسی، تەنانەت منداڵەکانیش ئەیان زانی جەلادی بەغدا هەروا دەست لەسەر دەست دانانیشێ!

دەمەو ئێوارەییکی درەنگ بوو. بەشی زۆری هێزەکەی ئێمە لە ئاوایی عەنەب دا کۆ ببوینەوە. لە هەرچوار لاوە پاسدار و هێزەکانی ی.ن.ک و پارتی و هەرەکە ئیسلامی بەرەو هەڵەبجە بەڕێوە بوون. ئێمە بە بیسیم لەگەڵ دەفتەری سیاسی

لەپەیوەندیدا بووین و بەرپرسان خەریکی دیتنەوەی ریگاییکی دەرباز بوون بوون بۆئێمە، بەڵام کام رێگا لە کەس دیار نەبوو.

ئیستا هەموومان بەتەواوی تێگەییشتبوین کە ئێمە لەگەمارۆیەکی دژوار داین و رزگاربوونمان کارێکی هاسان نییە. بە بیسیم لەگەڵ جەماعەتەکەی هانەگەرمڵە قسەمان کرد و داوامان لێکردن کە بەرەو پشتی عەنەب بێن تا لەوێ یەک بگرین و پێکەوە بەرەو دۆڵێکی ئەولاتر بڕوین و بزانین دواتر چیبکەین. پاش سەعاتێک ئەوانیش هاتن. جگە لەوان ٧٠ کەسێکی پێشمەرگەی گوردانی شوانی کۆمەڵەش بەدوای ئەوانەوە بوون و جەماعەتەکەی رزگاری و چەند سەدکەسێکی سپای ئێراقیش کە بە لیوای بەڵخە دەناسران بەدوای ئەوانەوە بوون. ئێمە جەماعەتەکەی خومان هێناو پێکەوە بەرەو ئاوایی وێرانکراوی تاوێرە، کە کەمتر لە سێ کم لە هەڵەبجەوە دوور بوو چووین و لەوێ ماینەوە تا بزانین بەیانی چی روو ئەدات! ئەزانم چەند کەس لە بەرپرسانی ئێمە، لەوانە کاک شاپوور فیرووزی و کاک موزەفەر میتران هەوڵیاندا کۆمەڵەکانیش لەگەڵ ئێمە بێن، بەڵام ئەوان حازر نەبوون و ژمارەیەک لە بەرپرسانی ئێمەش کە دوای کۆنگرەی هەشتی حیزب ببوونە "هەمەکارە" بە توندی دژی ئەوە بووون کۆمەڵەکان بێنە لامان....

سپای ئێران بەرەو سەید سادق و شانەدەری لە حاڵی پێشڕەویدا بوون و رادیۆ تاران سەعات بە سەعات مزگێنی گیرانی سلێمانی بە بیسەرانی ئەدا. نێوان هەڵەبجە و بەرەکانی پێشەوەی شەڕ، زیاتر لە (٣٠) کیلۆمەتر دەبوو. واتا ئێمە و خەڵکی هەڵەبجە زیاتر لە سی کیلۆمەتر لە پشتەوەی بەرەی شەڕ لە گەمارۆدا و سەرگەردان سەعاتمان بۆ رووداوی چاوەڕوانکراو ئەژماردن. ئەگەر هێزەکانی ی.ن.ک و پ.د.ک بیانویستبا ئەیانتوانی پێشی خەڵک بەردەن و لانیکەم لەشار چووبانایە دەرەوە تا ئەگەر شار بۆمبارانیش کرا، خەڵک نەکوژرێ. بەڵام ئەوان لەلایەک فریوی فروفیشاڵی تەبلیغاتی ئێرانیان خوارد و لەلایکیترەوە دڵڕەشی سەدام و بەعسیان بەکەم گرت تا سەرەنجام ئەو بەڵایە بەسەر خەڵکی هەڵەبجە و خورماڵ و سیرواندا هات کە بینیمان.

"تاوێرە" گوندێکی وێرانکراوی دەستی بەعس بوو. تاقە ئاسەواری ئەوەیکە ئەمە رۆژێک ئاوەدانییەک بووە برێک وشکەکەڵەک، جۆگەلەیەک ئاو، بڕیک

شەخەڵ و چەند دارەبی بوون. دۆڵێکی بچکۆلانە کە لای خوارییەکەی ئەبووە ئاوایی عەنەب و پشتەوەکەی ئەبووە کەلی هەیشوور. چەپ و راستی ئەم کەلەش ئەبووە بەرزاییەکانی سوونێ و شنروێ کە چەند رۆژ بوو کەوتبوونە دەست سپای ئێران و بەهۆی گرنگییان لە باری سەربازییەوە، ببوونە هوی هەرەسهێنانی سپای ئیراق و زاڵبوونی هێزی ئێران بە سەر ناوچەی بەرینی شارەزووردا.

ئیستا ئیدی ئێمە پاش گیرانی هەڵەبجە و زۆربەی هەرەزۆری ناوچەکە لەلایەن ئێرانەوە، لەم دۆڵە بچووکەدا لەگەمارۆی دەیان هەزار پاسدار و سەربازی ئێرانیدا بووین. ژمارەمان ژوورەوەی ٧٠٠ پێنجسەد کەس دەبوو بەڵام بەهۆی ئەوە کە چەندین رۆژ بوو لەحاڵی شەڕ و ئامادە باشدا بووین، بەتەواوی ماندوو و لەوەش خراپتر بێئیمکانات  و برسی بووین.

نزیک بە هەزار سەربازی ئێراقی سەریان لێشێوابوو. هاتبوون لە پایگایەکی چۆڵکراوی خویان لە نزیک ئێمە و لە پشتەوەی ئاوایی عەنەب سەنگەریان گرتبوو. ئەم هێزانە نە هیچ پەیوەندییەکیان بە ئێمەوە هەبوو و نە دەشیانزانی ئێمە لەو دۆڵەین بەڵام بەهۆی بەرزی جێگاکەی ئێمەوە نیگابانەکانمان ئەوانیان ئەبینی. لای ئێوارە سپای ئێران هێرشی کردە سەریان و پاش شەڕێکی زۆر سەخت زۆربەیانی کوشت. دوای ئەم شەڕە و بەم شێوەیە کۆتایی بە دوا سەربازی ئێراق لەم ناوە هات. ئێمەش کە لە نزیکەوە شاهێدی ئەم گشت سێناریۆە دڵتەزێنانە بووین، هەرسات چاوەڕوان بووین وەک ئەو پایەگایەی پشتی عەنەب هێزێکی فراوانی ئێران بێنە سەرمان و تووشی شەڕێکی سەر وماڵیمان کەن. بۆیە بەو پەڕی وریاییەوە خۆمان بۆ ئەو سەعاتە ئامادە کردبوو. گرموهۆڕی فڕۆکە و دەنگی تەقینەوە بێپسانەوە دەبیسترا، بەڵام ئێمە لە ئاکامەکەی بێخەبەر بووین و بە وردی نەماندەزانی چی روو ئەدات.

لای نیوەڕۆ بوو  دیدەبانەکان هاواریان کرد هەموو خەڵکی هەڵەبجە بەرەو کێوەکان بەرێگەوەن. ژمارەیەکی زۆرترمان چووینە سەر بەرزاییەکان و دیتمان بە هەزاران کەس بەدۆڵەکەی ئەودیوی ئێمەدا بەرەو کەلی هەیشوور بەرێوەن و هەر تاوناتاوێکێش ژمارەیەکیان لێدەکەون و کەسانی تر بە پاڵەپەستۆ هەوڵ

ئەدەن هەڵیان سێننەوە. ئاسمانی هەڵەبجەش دووکەڵێکی سپی لێنیشتووە کە عادەتەن نیشانەی بۆمبارانە. بەرپرسان چەند کەسیان ناردە سەر رێگاکە و بەپەلە گەڕانەوە وتیان شمیاییی...، ئەمە هەوەڵین جار بوو من لەژیانمدا ئەم ناوە شوومەم ئەبیست کە بۆ قڕکردنی شارێک بەکار ئەبرا. ئێمەش وێڕای تەزین و پەشۆکان لە بیستنی ئەم هەواڵە و هەروەها لەدیتنی ئەو دیمەنە ترسێنەرانە ترسمان لێنشت. چاوەڕوان بووین هەرکات ئاسەواری ئەم دڕندەگییە دەگاتە دۆڵی تاوێرە و ئێمەش قڕ ئەکات. ئەوکات خەڵکی هەڵەبجە لەدەست "زووحاکێک" هەڵدەهاتن و پەنایان بۆ "زووحاکێکی" تر دەبرد، بەڵام ئێمە ئەوەشمان نەبوو و گەڕانەوە بۆ ئێران مەرگ، مانەوە لەو ناوە مەرگ و دەربازبوونیش لە خەون و خەیاڵەوە نزیک بوو تا لە راستی!

سەعاتەکان هەروا تێدەپەڕین و دەستە دەستە ژن و پیاو و منداڵی ئەم شارە بەرتاوانکەوتووە بە مەودایەکی یەک کیلو مێتری و بەپێش چاوی ئێمەدا هاتن و بەرەو "سنووری" ئێران رووشتن. (دیارە دواتر هەمووومان دیمەنە مرۆڤهەژێنەکانی ئەم رووداوەمان لە شاشەی تەلەفزیۆنەکانەوە بینیەوە) ئێمەش سەدان پێشمەرگەی چەکبەدەستی کورد، بێ ئەوە بچووکترین یارمەتیمان بۆ ئەم خەڵکە لێ قەوماوە لە دەست بێت، بە چاوی پڕ لە فرمیسک و دڵی پڕ لە گریانەوە سەیرمان ئەکردن! رەنگە ئەمە خۆی یەکێک لە گەورەترین تراژیدییەکانی سەرجەم بزووتنەوەی کورد بێت کە لە کاتی کارەساتی وا دا رۆژنامەوانێکی بیانی بتوانێ یارمەتیدەری ئەو خەڵکە بێت. بەڵام ئێمە لەترسی سپای داگیرکەرێکی ترمان، نەک هەر نەتوانین یارمەتیدەر بین بەڵکوو ترسی ئەوەمان بێت ئاشکرا بین و بە کۆمەڵ بکوژرێین! من نازانم خوێنەری ئەم دێڕانە چۆن لە مەبەستی من تێ دەگات بەڵام ئیستاش پاش زیاتر لە بیست ساڵ، من ئەو دیمەنانەم وەک دوێنێ لە پێش چاون و وەک ئەوکات بێز لە خوم دەکەم کە بە کلاشێنکۆفێک و ٥ خەشابەوە لە دیلێک بێ دەسەڵاتتر سەیری ئەو خەڵکەم ئەکرد و نەم ئەتوانی کارێکیان بۆ بکەم.

چەند سەد کەس لە ژن و منداڵی ئێمەش، واتا ئەم حەوسەد پێشمەرگە گیرکەوتووە، پێش بۆمبارانەکە لە هەڵەبجە دابوون و بێشک ئیستا لەگەڵ ئەم خەڵکەدا خەریکی خۆدەربازکردن بوون، یان وەک ئەو هەزارانەیتر بە بۆمبای

بەعس کوژرابوون. بۆیە هەموو ئەو کەسانە کە ژن یان منداڵیان لەناو ئەو ئاگرەدا بوو، دڵنگران و بێ ئوقرە بەناو دۆڵەکەدا سەر و خواریان ئەکرد و لەفکری چارەیەکدا بوون تا هەواڵێک لە کەسەکانیان بزانن. دانە دانە و دووان دووان بەئاگاداری و بێئاگاداری کەسمان لێ جودا بوویەوە و شوێن کەس و کاری خویان کەوتن. پاش چەند سەعات هێندێکیان گەرانەوە لامان، هەواڵ و وردەکارییە جەرگبڕەکانی ئەم رووداوەیان بۆ هێنابنەوە بەڵام ژمارەیەکیشان رویشتن و هیچکات نەگەڕانەوە. رۆژەکانی دواتریش ئەم رەوتە هەروا بەردەوام بوو و نزیک بە پەنجا کەسمان بەو بیانووە وە چون و خۆیان رادەستی هێزەکانی ئێران کردەوە کە بەرپرسی گەورە و کادری ناوداریشیان لە ناودا بوون.
بۆنی مەرگ و ماڵوێرانی سەراسەری ناوچەی داگرتبوو. بە دەیان هەزار مرۆڤی سەرگەردان، ماڵ و حاڵی خویان جی هێشتبوو بۆ نەجاتدانی گیانیان، ریگای کێو، دۆڵ، هەڵدێر و لووتکەی شاخیان گرتبووە بەر. بە هەزاران باوک و دایکی بێ منداڵ و منداڵی بێ باوک و دایک، بەو شاخانەوە سەرگەردان بە دوای یەکدا وێڵ بوون و فریادرەسێک لە ئاسمان و زەوی دەست نەدەکەوت! لەم رۆژە رەشەدا کە یەکێک لە تراژێدییە مەزنەکانی میژووی کورد لە حاڵی روودان و، یەکێک لە گەورە تاوانەکان لە دژی مرۆڤایەتی ( ئەگەر کەسێک کوردانیش بە بەشێک لە مرۆڤایەتی بزانێ؟!) بەرێوە دەچوو، بەجێی مەزلوومیەتی نەتەوەی کورد بۆ دنیا روون بێتەوە و رەوایی کێشەکەی سابت بکات، کۆماری ئیسلامی کە خۆی لایەنێکی پێکهێنەری ئەم تاوانە بوو "مەزلووم نمایی" دەکرد و خۆی وەک قوربانی پێشانی کۆمەڵگەی جیهانی ئەدا! ساڵانێک لەو سەردەمە تێ پەڕیون و هێشتا بەرپرسانی نابەرپرسی باشوور، سپاسی رێژیمی ئیسلامی ئێرانی دەکەن کە لەتە نانێکی بەو خەڵکە داوە، یان پەناگایەکی بۆ ساز کردوون. هەڵەبەت پێداهەڵگون و تاریفکردنی دەوڵەتێکی دژی کوردی وەک کۆماری ئیسلامی خوی شەرمێکی گەورەیە و بە داخەوە تێکڕای بەرپرسانی باشووریش بەشێک لەم شەرمەیان بەرکەوتووە.
هێزەکەی ئێمە هەروا لە دۆڵی تاوێرە چاوەڕوانی هەل و فرسەتێکمان ئەکرد تا بەجوورێک لەم داوە پڕ لە مەترسییە نەجاتمان بێت و بۆ ئەم مەبەستە

بیرمان لە چەند ئاڵترناتیڤ، لەوانە گەڕانەوە بۆ دواوە و چوونەوە بۆ ناو قووڵایی رۆژهەڵاتی کوردستان دەکردەوە. ئاڵتێرناتیڤی دیکەمان تێپەڕین بەناو ئەو دەیان هەزار سپایەی ئێران و سەرەنجام گەییشتن بە دەوروبەری سلێمانی و ناوچەی ژێر دەسەڵاتی دەوڵەتی بەعس بوو. بەڵام هەرکام لەم رێگایانە ئەگەر نامومکین نەهاتبایانە بەرچاو، حەتمەن مەحاڵ و یەکجار پڕ مەترسی بە حیساب دەهاتن. کۆماری ئیسلامی تەقریبەن ئاگاداری هەموو شتێکی ئێمەبوو. هەم ژمارەمانی ئەزانی و هەم جێگای مانەوەمان. هەم وەزعیەت و هەم ئیمکاناتمان. چوونکە جگە لەو سێخورانەی کە لەناو خومان و لە ناو هێزەکانی باشووردا هەیبوون، دەیان کەسی خوشمان لەم چەند رۆژەدا هەڵاتبوون و خۆیان رادەستی ریژیم کردبوو و بێشک هەموو شتێکیان بۆ باس کردبوون. بۆیە دژوار نەبوو بۆ بەرپرسانی ئێران کە بزانن ئێمە خەریکی چین. رۆژێک پاش شیمیایی بارانەکە، موحسین رەزایی فەرماندەی ئەودەمی سپای پاسدارانی ئێران خوی هاتبووە هەڵەبجە و کێشەی ئێمەی لەگەڵ بەرپرسانی یەکیەتی نیشتمانی کوردستاندا باس کردبوو. بەرپرسانی یەکیەتیش کەسێکیان بۆ لایَ ئێمە نارد و وەزعەکەیان لەگەڵدا باس کردین. یەکێک لە بەرپرسانی ی.ن ک پێشنیاری کردبوو کە ئێمە بچینە هەڵەبجە و لە چەند ماڵی بەرزدا کە بە "شۆقە سپیەکان" بە ناوبانگ بوو خومان حەشار دەین و ئەو بەڕێزە قەولیشی دابوو کە ئەگەر ئێرانییەکانیش بزانن کاریان پێمان نابیَ!. دیارە ئەمە پلانێکی خاوی "برادەر رەزایی" بوو تا هەموومان لەو ماڵانە باوێن، دوایە بە بەرنامە بێنە سەرمان و بیَ ئەوە زیانێکی بەرچاویان لیَ کەویَ، لە بەینمان بەرن. بەرپرسانی ئێمە زوو لەم پیلانە گڵاوە تێگەییشتن بۆیە داواکەیان رەد کردەوە و قەبووڵیان نەکرد بچینە ئەو جێگایە. ئێوارەکەی هەلیکۆپتەرێکی ئێران نزم، نزم هات بەسەرماندا فڕی و ئەوانە وەک من چاویان کز نەبوو، ئەیان وت بە کامێرای ڤیدیۆ فیلمیان لیَ گرتووین. دیارە ئێمە بەیەک فیشەک ئەمان توانی ئەم کۆپتەرەی دژمن بخەینە خوارەوە بەڵام ئەم کارە وەک درۆخاندنی هێلانەی زەردەواڵە وابوو. بیَ هیچ شکێک پاش چەن دەقێقە هەزاران سەربازی ئێرانیمان وەسەر دەگەڕان و تووشی شەڕیکی نەخوازراو ئەبووین کە لە باشترین حاڵەتدا دوای کوشتنی پاسدارێکی زۆر بۆ

خومان تێکڕا تێدا دەچووین.

دیـــارە لە یەکەم ڕۆژەوە بەرپرســـانمان لە ڕێگـــای بیســـیمەوە پێوەنـــدی بەردەوامیـان لـەگەڵ دەفـتەری سیاسـی هەبـوو، دەفـتەر و بە تـایبەتی دوکتـور شەرەفکەندیش یەخەی یەکیەتی گرتبوو بۆ نەجاتدانی ئێمە.

ئێمە جگە لە کێشەی گەمارۆکەوتن، بێ ئیمکاناتی و سەرما و سۆڵە، گرفتێکی سـەرەکیترمان هەبـوو کە ئـەویش کێشـەی نـاوخۆیی بـوو. ئـەم ڕۆژە ڕەشـانە کە بـوونە بەشـێک لە ڕەشـترین ڕۆژەکـانی میـژووی کـوردیش، کەمتـر لە دوو مانـگ پـاش ئـەوە بـوو کۆنگرەی هەشتی حیزبـی دیمـوکرات بەسترابوو، دڵ و دەروونـی ئەندامانی پڕ کردبوو لە رق و قین لە یەکتر.

وەک پێشتریش ئیشارەم پێ کردووە پێش هێرشـی ئێـرانیش بـۆ سـەر بنکـەکانی ئێمـە و نـاوچەی شارەزوور، ئـەم کێشانـە سەراپای بەدەنـەی حیزبیـان داگرتبـوو و هەموو باس و خواسەکان تـەنیا لـەسـەر ئـەم کێشـەیە بـوون. لـەم دۆڵـی تـاوێرەدا هـەردوو بـاڵی ئـەم کێشـەیە هـەبوون بـەڵام بـاڵی نـەیاری لیستەی فـیکس هـیچ دەسـەڵاتیان نـەبوو و بەرپرسـیاریەتی ئـەم کاروانـە و هـەموو پەیوەندییـەکانی دیکە تـەنیا لـەدەست لایەنگرانی دوکتور قاسملوو دابوو. تـەنانـەت بـۆ بچـووکترین کـاریش، بچـووکترین راوێژیـان لـەگـەڵ نـەدەکردین. ئـەمـە لـە حاڵێکـدابوو کـە کەسـی زۆر بـە ئـەزموون و کارلـەدەستهاتووی وەک شـاپوور فیـرووزی، بورهـان روحـانی، خالید دروودی، موزەفەر میتران، رەشاد حوسەینی ... لە ناو ئەمانـەدا بوون و ئـەکرا نـەک هـەر بـۆ نـەجاتبوون یارمەتیـدەر بن، بـەڵکوو هـەر کامـەیان ئـەکرا بەرپرسـیاریەتی گرینگـی لـەدەست دابـێ و ڕۆڵـی شـیاوی پێشـووی خۆیـان بگێڕن. بەڵام لە قامووسـی حیزبایـەتی ئێمـەی کورددا، سنووری دۆست و دژمـن تـەنیا چەنـد سانتی میتـرە و ئـەگـەر " یـار" نـەبووی نـەیاری و نـەیار و دژمنـیش لای ئێمـە هاومانان...

چوار شـەو و ڕۆژ بـوو ئێمـە هـەروا لـەم دۆڵـەدا مابووینـەوە و هێشتا بچـووکترین تـرووسـکەی هیـوا بـۆ دەربازبوونمـان بـەدی نـەدەکرا. بنەماڵـەکانمان هـەروا سـەرگەردان، بەشـێکیان بـەناچار لـەگـەڵ کـۆچی خـەڵکی هەڵـەبجـە ڕێگـای گەڕانـەوە بـۆ بەردەستی کۆمـاری ئیسلامییان هـەڵبژاردبوو. بـەڵام ژمارەیـەک هـەروا بـەناو کێـو و دۆڵانـدا ئـەسووڕانەوە، چـاوەڕوانی دۆزینـەوەی ئێمـە بـوون و

ئێمـەش دەسـتە دەسـتە بـەدزی و بێـدزی هێزەکـانی ریژیمـەوە، لەشـوێن ئـەوان ئەگـەڕاین. رەنـگە خـوێنەر بپرسـێ ئەی چـۆن و لـە بەر چە هـۆیەک کۆمـاری ئیسلامی هێرشی نەدەکردینەسەر؟ راستییەکەی تائیستاشی لەگەڵ بێت منیش نـازانم بـۆچی و هـۆیکەی چـی بـوو. یـان لانیکـەم بـۆ تۆپبـارانی نـەدەکردین؟ لـە ئەقڵـەوە دوورە ئەگـەر پێمـان وابـێ کـە لەبـەر هێزەکـانی ی.ن.ک ئـەم کارەیـان نەدەکردبێت چونکە ریژیم هیچ حەسابێکی لـەو چەشنەی بـۆ ئـەوان نـەدەکرد. جگە لـەوە، سەرەڕای هاوکـاری بێـدریغی ژمارەیـەک پێشمـەرگە و بەرپرسـی هەر قەزاوەتێک لـە سەر تێکڕای هێزەکەی یەکیـەتی بکـەین نابێت خزمـەتی ئـەو کـەس و ئینسـانـە خاوەنهەڵویسـتانـەیان نـەبینـرێ کــە هــەر لــە رۆژی یەکــەمی هێرشـەکەوە، ئێمـەیان لـە پلان و گەلاڵـەکانی ریـژیم ئاگـادار ئـەکردەوە و لـەم رۆژە یەکجار سەختانـەشدا، ماڵ و منـاڵ و خـزم و کەسـی لێقـەوماوی خویـان وێـڵ کرد و هاتن تا پای گیان لەخۆبوردوویيان کرد تا ئێمـەیان رزگار کرد. بێ گومـان رێبـەری یەکیەتیش لـە نزیکەوە ئاگاداری ئـەم وەزعـە پڕمـەترسییە بوون و هـەموو هەوڵیـان ئـەدا کـە کارەساتێک بـە نیسبـەت ئێمـەوە روونـەدات.

پاشنیوەڕۆی رۆژی چـوارەم ژمارەیـەک ژن و منـاڵـی ئێمـە، لەوانـە هـاوژینـەکەی مــن کـە لـە رۆژی یەکەمەوە لـە هەڵـەبــجە بە جــێ مــابوو، پەیــدا بوونــەوە و گەییشتنـەوە لامـان. سـەر لـە بەیانییەکەشـی دوو سـەر گـای وێـڵ روویـان کـردە دۆڵـەکەمان و تا چاو لـەسەریەک نێـی سـەربڕان، پاککران و خـوران. ئـەم گۆشـتە هێزێکی وەبـەرهێنـاینـەوە و بۆ ئێوارەکەی کە قـەرار بوو بـەرەو قووڵایـی ناوچـەکە، واتـا بـۆ لای سـەید سادێق بـەمەبـەستی دەربـازبوون وەڕێکـەوێن، یارمـەتییـەکی چاک بوو.

حەمە سیاسی (کە بەداخـەو دواتر لـە شەڕی ناوخۆیی دا گیانـی لـە دەست دا) و ژمارەیـک پێشـمـەرگەی ی. ن. ک و دوو کـەسـی حیزبـی سوسیالیستی کوردستـان حـازر بـوون بە نـاو ئـەو ئـاگرەدا پێشـمان کـەون و بـە نـاوی "هێـزی یەکیـەتی" و بـەناو سپای ئێراندا دەربازمان کەن. هەموو شتێک ئامادەکرا، تیمێکـی سـی- چل کەسی پێشمـەرگەی گورج و گۆڵ ئامادەکران تا لـەگەڵ یـەکیـەتییـەکان لـە پێشـەوە بڕۆن و هـەرکە تووشی ئێرانییـەکان بوون، بڵێن ئێمـە یەکیـەتین و قـەرارە بـڕوین بـۆ جێگایـەک بـەناوی "میـری سوور". ئێمـەش ئـەو ژن و منـاڵـەی کـە لـەگـەڵمان


بوون، لە ناو سەفەکەدا بشارینەوە و بەشوین تیمە پێشڕەوەکەدا حەرەکەت بکەین. ژمارەیەک دیل و زیندانی پێشتریشمان پێبوون کە بە چەند کەسدا بەڕێ کران (کەسێک ئەیوت بۆ ئەوە ئێعدامیان کەن، کەسێک ئەیوت بۆ ئەوە دواتر کە ئێمە دەرباز بووین ئازادیان کەن) بۆ دۆڵێکی ئەولاتری نزیک هێزەکانی ئێران. بەسەفێکی رێکوپێک حەرەکەتمان کرد و هێشتا کیلوومەترێک دوور نەکەوتبووینەوە وتیان بگەڕێنەوە! بۆ؟ وتیان یەکیەتییەکان لە لایەن سپای ئێرانەوە گیراون و نایەڵن بڕۆین! بەدڵ شکاوییەوە گەڕاینەوە شوێنەکەی خومان و هەرکەسە لەبەر خۆیەوە فکرێکی ئەکردەوە. بڵێی ئەمە دوایین شەوی ژیانمان بێت؟ ئێمە زۆر و کەم ئاگاداری چارەنووسی گوردانەکەی کۆمەڵە و جەماعەتەکەی "رزگاری" بووین و ئەمانزانی لە نزیک پردی زەڵم لەبەین چوون. بەچاوی خوشمان تەفر وتوونا بوونی لیوای بەڵخەمان بینی کە پاسدارەکان لە پشت ئاوایی عەنەبەوە هەموویان کوشتن، بۆیە نەدەکرا چارەنووسی ئێمەش لە هی ئەوان باشتر بێتە بەرچاو.

ئەو شەوەش وەک شەوەکانی پیشوو، بەڵام بە نگەرانێیکی زیاترەوە لە دۆڵی تاوێرەماینەوە. بەیانی ئاگادار کراین کە ئەو دەستە پێشمەرگەی کە ناردرابوون کارێک بەسەر ئەسیرەکاندا بێنن بە دیلەکانەوە خویان تەحویلی هێزەکانی ریژیم داوەتەوە! تایستا بۆ خۆخەڵەتاندنیش بێ ئەمانوت رەنگە ئەم پێشمەرگانە کە تائیستە خۆیان تەحویلی ریژیم داوە (زیاتر لە بیست کەس) رەنگە حازر نەبووبن هەموو زانیارییک لەسەر وەزعی شپڕێوی ئێمە بدەن بە ریژیم، بەڵام منالانە بوو ئەگەر ئەم چاوەروانییەشمان لە سەربازە دوێنێ دیل، ئەمڕۆ سەربەستکراوەکانی دەوڵەت هەبێ و بێگومان هەرچتێکیان ئەزانی بە زیادیشەوە بۆ کاربەسەتانی دژمنیان باسکردووە.

لەناو ئەم ژمارە کەسە لە داوکەوتووە گیرخواردووەدا، ژمارەیەکیش ژن و منالٌ هەبوون کە ببوونە مایەی نیگەرانی زیاترمان. نیشتمان و کوێسان بچووکترین کەسی ناویان و تەنیا تەمەنیان چوار مانگ بوو. باوکی ئەم دوو کۆرپە ساوایە، حەسەن و نەجمەی مەنبەری هەردووکیان فەرماندەی پێشمەرگە و هەردەم بۆ شەڕ و شکاندنی هێرش، یان کەمینی ئێحتماڵی دژمن دانرابوون و دەگمەن پەردەچی هەواڵپرسینی ژن و منالەکانیان هەبوو! دایکیشیان لەیەکەم

ئازار و ئەزموون

ڕۆژی ئەم هێرشەوە، ئەم ڕۆڵانەیان وەک بەچوە پشیلە بەدەمەوە گرتبوو، تاوێک لەهەڵەبجە بەر بۆمباران کەوتبوون، تاوێک بەناو هێزەکانی ریژیمدا بەرەو دۆڵ و شاخەکان هەڵاتبوون و دوو ڕۆژیش بوو گەڕابوونەوە لای ئێمە و چاوەڕوان بوون لەگەڵ ئەم کاروانە پێشمەرگەیە دا بەچوەکانیان لە مەرگ و لەنێو چوون ڕزگارکەن.




گولزار دایکی کوێستان لەهەڵات هەڵاتی بۆمبارانەکەدا یەکێک لە کەوشەکانی لیکەوتبوو و بەتەما بوو ئەم ڕێگا سەخڵەتە بە کەوشێکەوە ببڕی! ساڵ و نیوێک دواتر، نەجمە و حەسەن لە ڕۆژێکدا و پێکەوە، لە شەڕێکی زۆر سەختدا بە دەست هێزە هارەکانی کۆماری ئیسلامی شەهیدبوون و منداڵە بچکۆلانەکانیان بێ نازی باوک بە جێ هێشت. لەم منداڵە بێناز و باوکە جوانەمەرگانە لە ناو کوردان‌دا زۆرن و بەداخەوە بەشی ئێمە مەنبەرییەکانیش زیادە لە ئەندازەیە، ڕەنگە ئەم چوارێنەیە کە لەوبەری دڵتەنگیمدا دامناوە، پێناسەیەکی کورتی ئەم دۆخەمان بێت:

ئێمە زامێکی ناسۆرین، لەگەڵ وەرزان ئەکولینەوە
ڕۆح و جەستە برینداریین،
لە ناو دەردان ئەتلینەوە
نەوەیەکمان لە بن گڵدایین، نەوەی نوێمان دێتە دنیا
دژمن ڕیشەمان دەردێنێ، لە سەر ڕیشە دەڕوینەوە.

یەکێکیتری ئەم منداڵانە ڕەخشەندە بوو. ڕەخشەندە تەمەنی چواردە ساڵ بوو. هاتبوو یارمەتی باوکی بدات کە پاییز، کاتی گەڕانەوە لە ناوچەی ژێر

دەسەڵاتی ریژیم لە نێوان بەرەی شەڕی ئێران-ئێراقدا کەوتبووە سەر مین و لاقێکی پەڕی بوو. ئەورەحمان قوربانی باوکی رەخشەندە، لە رۆژی یەکەمی هێرشەکەوە خوی بە شوێنماندا کێش دەکرد و لەکاتی هاتنی پاسدارەکان بۆ ناو شاری هەڵەبجە، بە چێوشەقە لەگەڵ رەخشەندە نزیک بە پێنج کیلۆمەتر هەلاتن تا خۆیان گەیاندە ئێمە و لە ئەسیربوونی حەتمی رزگاریان هات. ئەورەحمان پێشتر جارێک لەلایەن ریژیمەوە بەدیل گیرابوو و بەشێوەیەکی سەرسوورهێنەر لەدەسیان هەلاتبوو و بەبرینێکی سەختەوە خوی گەیاندەوە لامان، بۆیە حازر نەبوو جارێکیتر بکەوێتەوە دەست ریژیم. جگە لە ئەوڕەحمان پێشمەرگەیکی ترمان بە ناوی عەبدول تەنگیسەری، کە ئەویش لاقێکی لە دەست لە جەرەیانی هەلاتن لە هەڵەبجەدا، لێمان ون ببوو و دەرکەوت دواتر لەلایەن دژمنەوە گیرا و تووشی هەزاران چەرمەسەری هات. هێندێک لەبەرپرسان گەرەکیان بوو ئەوڕەحمانیش بدەنە دەست بەرپرسانی ی.ن.ک بەلام رەشاد حوسەینی نەیهێشت و رەحمان بۆ خوشی وتی یارمەتی کەسم نەگەرەکە، هێسرێکم بۆ پەیدا کەن خوم، خوم دەربازدەکەم و بەراستی هەرواشی کرد. هێسرێکمان دۆزییەوە سوارمان کرد، رەخشەندەی خستە پشتی و تا ئاخرین سەعاتی دەربازبوون پیویستی بە یارمەتی کەس نەبوو.

سەرئەنجام لای ئێوارە هەروەک رۆژی پیشوو بە هاوکاری حەمە سیاسی و هاورێیانی، لە سەفێکی رێک و پێکدا بەرەو خورماڵ بە بناری کێوەکاندا کەوتینەڕی. هێشتا نیوسەعات رێگامان نەبڕیبوو لەسەر جادەی تەوێڵێ - هەڵەبجە تووشی ستوونێکی سپایێ ئێران بووین! یەکیەتییەکان چوونە پێشی سپاکەی ئێران، داوایان لێکردن رێگامان بدەن و وتیان ئێمە هێزی یەکیەتین و ئەچین بۆ میری سوور! ئێرانیەکانیچ بێ گیر و گرفت رێگایان بۆ کردینەوە، بە پەنای ستوونەکەدا تێپەڕین و درێژەمان بە رێگا دا. نزیکەی سێ سەعاتێک روویشتین، بەناو دەیان دۆڵ و چەندین چۆمدا تێ پەڕین و بەرپرسان هەر هاواریان ئەکرد کەس ئاو نەخواتەوە چوونکە ئاوەکە "مەسمومە". بەلام پێشمەرگەی ماندوو، تینووی هێز لێبڕاو کەی گوێ لەم هاوارانە ئەگرت؟. چەندین کەسم بینین مشتیان پڕ دەکردە ئاو و دوای خواردنەوەی ئەیانوت ئاو چۆن "مەسمووم ئەوێ"!

ئازار و ئەزموون

تەلێعەی مەنبەری هاوسەرەکەی من، یەکێک لەو کەسانە بوو کە بەهۆی بومبارانەکەوە لەتمەی دیتبوو و لەو تاریکییەدا چاوی تەقریبەن هیچی نەدەبینی. بۆیە ناچار بووین هەموو رێگا دەستی بکێشین و هەرچیک کات تێپەڕ دەبوو، زیاتر بەرەو خراوی دەڕویشت، بە جۆرێک کە دوای بیست وچوار سەعات کە گەییشتینە عەربەت، ئیتر نەیدەتوانی هیچ شتێک ببینێ. رێگاکەمان لە چەندین بارەوە مەترسیدار بوو. لەلایک دەکرا هەردەم سپای ئێران پەی بەم فێلەمان بەرێ و ژمارەییکی زۆر پاسدار بنێرێتە سەر رێگامان تا تووشی شەڕمان کات. لەلایێکیترەوە ئەم رێگایە ئێمە پێدا دەڕوویشتین تا حەفتەیک پێش، سەدان بنکەو بارەگای سپای بەعسی لی بوو و ئەکرا پڕ بێت لە مین و تەقەمەنی جووراو جوور. لەلایێکیتریشەوە ئەم ناوچە چەند رۆژ پێشتر لەلایەن سەدامەوە پومبارانی شیمییایی کرا بوو، هێشتا بۆنی سەمەکە دەهات و بەهاسانی دەکرا گشتمان بخنکین. جگە لە گشت ئەمانەش، ئێمە هەرچێک لە هەلەبجە و تاوێرە دوور دەکورتینەوە لە بەرەی ئەسڵی شەڕەکە نزیکتر ئەبوینەوە و بەکردەوە ئێمە بۆ ناوقورنگەی ئاگرەکە دەچویین!

دوای چەند سەعات رێگابڕین گەییشتینە ناو خورماڵ، چەندین ماشینی سپای ئێران پڕ لە ئەسیری ئێراقیمان تووش بوون کە بۆ مەریوان ئەچوون. یەکیەتییەکان چوونە پێشیان و داوایان لێکردن راوەستن تا ئێمە تێپەڕ دەبین. لەبەر تیشکی چرای ماشینەکان دەیان جەنازەی خەڵکی خنکێندراوی خورماڵمان بینی کە لەگەڵ کەلاکی مەڕ و ماڵات و جرۆجانەوەری ئەو ناوە تێکەڵ ببوون. ئێمە ناچار بەسەر تەرمەکاندا بازمان دەدا و ماشینی پاسدارەکانیش هەروا بێپەروا بەسەر ئەم جەنازە بێخاوەنانەدا رەد دەبوون! دیمەنێکی هێندە تاڵ و پڕئازار بوو کە ئیستاش تا باسی هەڵەبجە دەکرێ، من ئەو تەرمە بێکەسانەی خورماڵم وەبیر دێنەوە. لەناو خورماڵدا پردێک هەبوو کە بەسەر چۆمی زەڵمدا تێدەپەڕێ و جگە لە پردەکەی سەرجادەی هەڵەبجە سلێمانی (پردی زەڵم) تاقەرێگای دەربازبوونە بەرەو شارەزوور. بۆیە ئێمە بەپێشچاوی ئێرانییەکانەوە و بەهاوکاری یەکیەتییەکان، لەو پردە دەرباز بووین و قۆناخێکی گرینگ چووینە پێش. بەڵام ئەو ماوە کورتە کە لە خورماڵدا ماینەوە، ئاسەواری شیمیاییەکە دەرکەوت و زوو دەرباز نەبووینایا دوور نەبوو

کەسمان لی بمرێ. دوای تێپەڕبوون لە خورماڵ کەوتینە ناو کۆمەلێک پایگا و بنکەی چۆلکراوی دەوڵەتی ئیراق و بە هەزار زەحمەت خومان دەرباز کرد. ئەم شوێنانە، بەتایبەتی دەور و بەرەکەیان پڕ بوو لە مین بەلاّم ئێمە بێ زیان تێپەڕین و شانسەن وەسەریان نەکەوتین. هەروەک پێشتریش باسم کرد هەرچێک زیاتر ڕێگامان دەبڕی لە بەرەی راستەقینەی شەڕی هەردوو دەوڵەتەکە نزیک ئەبووینەوە و مەترسیمان بۆ خومان زۆرتر ئەکرد بەلاّم ئەمە تاقە ڕێگا بوو ئەگەر بمان ویستبا لەم گەمارۆیە رزگارمان بێت.

لە دۆڵێکدا تووشی پێنج شەش سەربازی ئێرانی بووین و بەلایاندا تێپەڕین. تیمی پێشڕەو قسەیان لەگەل کردبوون و پێیان وتبوون کە ئێمە هێزی یەکیەتین. بەلاّم ئێرانیەکان بە ناباوەڕییەوە سەیریان ئەکردین و یەکێکیشیان بە زمانی خویان بەبیسیم قسەی لەگەڵ بەرپرسانی ئەکرد. دەنگەکەی بە هاسانی دەگەییشتە سەفەکەی ئێمە بەلاّم لەبەر ئەوە بە "رمز" قسەی دەکرد نەمان دەزانی باسی چییان بۆ دەکات! بەهەرحاڵ بە توندی لەم چەند پاسدارە تێپەڕین و درێژەمان بەڕێگا دا. لەمەو لا بەهاسانی تەقەی هەر دووک لامان دەبیست و هەر چەند خولەک جارێک کۆمەڵێک "نوور ئەفکەن" بە ئاسماندا دەتەقینەوە و ناوچە و ڕێگاکەمانیان وەک و رۆژ رووناک ئەکردەوە. نازانم لە بەر تیشکی ئەم رووناکاییە بوو یان راپۆرتی چەند پاسدارەکە، لە پڕ دەورووبەرمان بوو بە ئاگر و چەندین گولە خومپارە لە چوار دەورمان کەوتنە خوار. دیارە ئەم خومپارانە هی ئەسکەری ئێراق بوون و لە بەرەی ئەوانەوە دەهاوێژران. شانسامان هەبوو زەوویەکە تەڕ و فش بوو و بارانێکی وردیش دەباری. گولەکان هێندە دەچوونە خوار لە کاتی تەقینەوەیاندا کاریگەرییکی وایان نەدەما دەنا دەکرا چەندین کەسمان لێ بکووژن. سەرئەنجام گولەیک لە نزییکترمانەوە کەوت و چەند پێشمەرگەی هێزی بەیانی برینداز کردن بەلاّم برینی کەسیان گران نەبوو و پاش پێچانی برینەکانیان لەگەڵ کاروان کەوتنەوە ڕێگا و نەبوونە کێشەییکی ئەساسی. هاوکات ئەم تۆپباران و نوورهاویشتنە بوونە هوی ئەوەکە پاهەڵگرین و زووتر لەوە کە قەرار بوو ریگا مان بڕی و لە بەر دەستی تۆپهاوێژەکان دوور کەوتینەوە.

بە دۆڵێکی هەڵەمووتی تاریک و پر لە خرەبەرددا بۆ لووتکەی شاخێک

کەوتینەڕێ و دەمەو بەیان گەییشتینە سەر ئاسۆ. کەم کەم پێشمەرگەکانی یەکیەتی جگە لە یەک کەسیان ئەوانیتریان لێمان جیا بوونەوە و چوونەوە بۆ لای بەرپرسانی خویان. بەڵام دوو پێشمەرگەکەی حیزبی سوسیالیست هەروا لە پێشمانەوە بوون. لەسەر لووتکەی ئەم شاخە بەرزە، رووبەرروی ئێمە، پایگاییکی هیزەکانی ئێران هەبوو کە بەسەرسوورمانەوە تەواشایان ئەکردین! ئەم ناوچە زیاتر لە سەید سادق نزیکە و سوسیالیستەکان بەهوی حەمەی حاجی مەحموودەوە بەهی خویان ئەزانی. بۆیە چوون بۆ پایگەکە و پێیان وتن کە ئێمە هێزی پارتی سوسیالیستین و گەرەکمانە بڕوین شانەدەری بگرین. بۆیە دەبێ هەرچێک زووتر بەرمان خاڵیکەن تا بەتەواوی روناک نەبووە لەم ملەیە بچینە خوار!

پێشی پایگاکە مەیدانێکی چەند سەد مەتری پر لە مین بوو. گورج ژمارەییک پێشمەرگەی هێزی شاهۆ کە لەم بارەوە شارەزا بوون دەسیان کرد بە کۆ کردنەوەی مینەکان و رێگایان بۆ کردینەوە تا تێپەڕین. ملەییکی بچکۆلانە، دواتر ئەبووە دۆڵێکیتر کە هەتا پشتی سەیسایەق و شانەدەری درێژ دەبووەوە. زوو تێپەڕین و بەراییمان گەییشتە ناو دۆڵەکە کە کانی و ئاوێکی زۆر خوش و گوندێکی وێران کراوی چۆڵو هۆڵ بوو. ئاومان خواردەوە و دەموچاوێکمان شۆرد. تۆزێک حەساینەوە و پاشان بەرەو شانەدەری و ناو سەنگەری سەربازە ئێراقییەکان کەوتینەڕی. پیویستە بڵێم کە کاربەدەستانی ئێراق لەلایەن بەرپرسانی ئێمەوە ئاگادار کرابوون و ئەیانزانی کە ئێمە بەرێگاوەین بەڵام لەبەر ئەوە شەڕ لەگەڵ ئێرانییەکاندا بە توندی بەردەوام بوو، بۆیان گرینگ نەبوو و هەرکەس لە لای ئێرانەوە هاتبا وەک دژمن لەگەڵی بەرەوڕوو دەبوون.

هەرکە بناری شاخمان بەجێ هێشت و کەوتینە دەشتایی، زیاتر لە دە هەلیکۆپتەری ئێراقی هاتنەسەرمان و ژمارەییکی زۆر تانک و نەفەربەریش لە زەمینەوە هاتن و دەورەیان گرتین. ئێمەش بە خولدانی پەڕۆی سپی و دەست تەکاندان، هەوڵمان ئەدا برادەرانی عەرەب حاڵی کەین کە "لە خویانین"! هەرجوورێک بێت تەقەیان لێ نەدەکردین بەڵام کۆپتەرەکان هێندە نزم دەفڕین جاری وا بوو دەترساین باڵەکانیان وەسەرمان کەون! لە دەشتێکی پڕ لە مینی لە ئاسمان و زەمینەوە دەورەگیراودا گیر کەوتبووین و عەرەبی دڵپڕ لە قینی

ماندووی دەیان ساڵ شەڕمان بۆ حاڵی نەدەکرا! ئێرانیەکانیش لە سەر شاخەوە سەیریان ئەکردین و حەتمەن لە بەر خویانەوە چاوەڕوان بوون شانەدەرییان بۆ بگرین! هەزارجار بووە فارس کڵاوی لەسەر ئێمە ناوە و پاش بەکوشتدان یان کوشتنمان، پێمان پێ کەنیون. بەڵام ئەم جارەیان پێچەوانە بوو، ئێمە کڵاوێکی گەورەمان لە سەرنابوون و بەم کڵاولەسەرنانەش خومان لە چنگە خوێنینەکانیان دەرباز کرد، بەڵام ئێمە کەسمان حاڵ و حەوسەڵەی پێکەنینی نەما بوو تا بەم سێناریۆە تراژیک –کومێدیە پێ بکەنین. لە گەرمەی ئەم وەزعە پڕ مەینەتەدا پێشمەرگەیەکی هێزی شاهۆ بە ناوی دەروێش ئەڵا کەرم کەوتە سەر مین و لاقی پەڕی کە زوو هەڵمان گرت و لەگەڵ خومان گەیاندمانە سەنگەری ئێراقییەکان.
ئێراقیەکان هەروا لە گەمارۆی تانک و کۆپتەرەکاندا بردمانیانە ناو سەنگەرەکانی خویان و دوای ئەوە لێمان دڵنیا بوون "مەعارێزەین" هێندێکیش ئاو و خواردنیان پێ داین. لەم کاتەدا تۆپبارانێکی سەختی ئێران دەستی پێ کرد و ئێمەش هەر چەند کەسێکمان لەگەڵ چەند سەربازێکی ئێراقی خومان خزاندە "کونەتەیارەیک" و خومان لە تۆپەکانی "دژمنی هاوبەش" پاراست. حیسابی کەن باری کورد چەندە ناهەموارە؟ ئەم سەربازانە هی سەدام و ئەو دەوڵەتە بوون کە چەند رۆژ بەر لەم ساتانە کە ئێمە لە گەڵیان بووین، شارێکی کوردیان بە بومبای شیمیایی قر کردبوو. بەڵام ئێمە سەدان پێشمەرگەی شەڕدیتووی لە دژمن نەترساوی پارچەییکیتری ئەم خاک و خەڵکە لەتکراوە، ئیستا ناچار بووین کە لە کونەتەیارەیەکدا لەگەڵیان ببینە هاوچارەنووس!؟
تۆپبارانی ئێرانیەکان هەروا بە توندی بەردەوام بوو. ئێمە هەروا لە سەنگەری سەربازانی دەولەتی بەعسدا خومان شاردبووەوە، چاوەروانی فرسەتێک بووین تا تۆپبارانەکە راوەستێت و دەرباز بین. حیزب کۆمەڵێک ماشینی هەبوون هەمووی هێنابوونە دەوروبەری سلێمانی، بەڵام شۆفێرەکان لەبەر تۆپباران نەیان دەوێرا لە عەربەت بەم لاوە بێن. لای ئێوارە چەندین گەڵابە و کامێۆنی بارهەڵگر گەییشتنە لامان کە هەموو شۆفێرەکانیان خەڵکی باشوور، یان ئوردووگای زەڕایەن بوون. بەپەلە و بێڕاوەستان هەرکەسە و خوی لە لۆرییک

هاویشت و لە ژێر رێژنەبارانی گولـەتۆپی سپای ئێراندا، بەناو هەزاران سەربازو چاشی ئێراقی دا رێگای دەربازبوونمان گرتە بەر و پاش نزیک بە چل دەقێقە گەییشتینە ناو ئوردووگای زەڕەیان.


## ئوردوگای زەڕایەن و راگەیاندنی لەتبوونی حیزب

ئەم ئوردووگایە زیاتر لە سێسەد بنەماڵەی کوردی رۆژهەلاتی تێدا بوون کە هەر دەستە و تاقمێکیان بەسەرهات و رابوردووی تایبەت بە خوی هەبوو. کەسانێکیان سەردەمێک پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات بووبوون بەلام ئیستا لەم ئوردووگایەدا دەژیان. ئەم کەسانە "بۆ بژیوی خویان" چەکی دەوڵەتی ئێراقیان هەڵگرتبوو و کاریان بۆ ئەوان ئەکرد. ژمارەییکیان پێشتر چەکداری بەعس بوون، ئیستا لە ماڵی خویان دانشتبوون و چاوڕوانی قەزاو قەدەر مابوونەوە. کەسانێکیش هەبوون لەدەست ریژیمی ئێران هەلاتبوون و وەک پەنابەر لەم ئوردووگایەدا دەژیان کە هەیانبوو کاتی خوی بەخشداری نەوسوود ببوو، بەلام هەموو پێکەوە سازگار و بە جوورێک خویان بە یارمەتیدەری بزووتنەوەی کوردستان ئەزانی و لە رۆژی وەک ئەمرۆشدا حازر بوون تەنانەت گیانی خوشیان بخەنە مەترسییەوە و بێنە پیری ئێمەوە.
ئێمە کە گەییشتینە ناو ئوردووگایەکە، خەریک بوو هەوا بەتەواوی تاریک بکات. شەوی نەورۆزیش بوو بۆیە منالان لەسەر بان و لەبەر ماڵەکانیان پووش و پەلایان کۆکردبووەوە ئاگر کەنەوە بەلام لەبەر کارەساتی هەڵەبجە و ئاگادار بوونیان لە وەزعی ئێمە، کەس لە گەورەکان حەوسەڵەی کۆبوونەوە لە دەوری ئاگری نەبوو. زۆربەی هەرەزۆری ئەم خەڵکە خزم و کەسی لە هەڵەبجە هەبوون و هێشتا کەس نەیدەزانی چی بەسەر خزم و کەسەکەی هاتووە. ئەو رۆژانە هەموو رادیۆ و تەلەڤیزیۆنەکانی دنیا باسی ئەم کارەساتەیان ئەکرد و دیمەنە ترسێنەرەکانیان پێشان ئەدان، بەلام لە ئێراقی ژێردەسەلاتی سەدامدا، تەنیا دوو کانالی عەرەبی و کوردی بەغدا دەبینران و ئەوانیش تەنیا "رەئیسولقاعیدیان" بەسواری ئەسپ، لە پشتی تۆپخانە، لەناو سەنگەر و لەکاتی تەلەفۆنکردن و..... نیشان ئەدا و بچووکترین هەواڵی ئەم تاوانە

مەزنەیان بڵاو نەدەکردەوە. بۆیە ئەم خەڵکە و ئێمەش هیچ سەرچاوەیکی وامان نەبوو تا پەی بەقووڵایی ئەم جینایەتە گەورەیە بەرین. رادیوی تاران هەبوو کە بە بەربڵاوی باسی کارەساتەکەی ئەکرد بەڵام لەبەر ئەوە قەت هەواڵەکان وەک خویان لە مێدیای کۆماری ئیسلامییەوە بڵاو نەدەکرانەوە، نەدەبوو هەموو ئەوەی ئەوان دەیانگوت بە راست بزانرێن هەرچەند بە داخەوە ئەمجارەیان راست وابوو ئەوان باسیان دەکرد و بگرە زۆر زیاتریش. لە تەمەنی ۲۳ ساڵەی ئەوکاتی منـدا، ئەمە سێهەمین نەورۆزی تاڵ بوو ئەم بینی. یەکەمیان ساڵی ۱۳۵۹ بوو کە ڕێژیمی تاران سنەی کردە گۆمی خوێن و خەڵکەکەی ئاوارە و دەربەدەر کرد. نەورۆزی ساڵی ۱۳٦٤ کە کۆمەڵە بە گرتنی ناوەندی ئازوان، کوشتنی ژمارەیەک پێشمەرگەی حیزب، لەوانە سدێقی فەرۆخیان و دەرپەڕاندنی بنکەکانمان لە شلێر. هەروەها ئەم جارە کە دەبووە نەورۆزی ۱۳٦۷ کە بەعسی دڕەندە هەڵەبجەی خنکان. دیارە ئەم نەورۆزە بۆ شاری سنەیش دیسان کارەساتێک بوو چوونکە زۆربەی هەرە زۆری گوردانی شوانی کۆمەڵە کە لەم رووداوەدا گیانیان بەخت کرد، خەڵکی سنە و گوندەکانی نزیکی بوون و خوشەویستی خەڵکی ئەو دەڤەرە.

بە سەر ماڵەکانی ئوردووگادا دابەش بووین و پاش نان و چاخواردن لەبەر ماندوویی لە رادە بەدەر زوو خەومان لێ کەوت. بەیانی هاوسەرەکەی من و ژمارەییکیتری بریندداری شیمیاییەکە بەڕێ کران بۆ سلێمانی و خوشمان لە مزگەوتی ئوردووگاکەدا کۆبووینەوە. کاک دوکتور قاسملوو بۆ خوی بە پیرمانەوە هاتبوو و لەمزگەوتی ئۆردووگاکەدا قسەی بۆ کردین.

دوكتور سەرەتا خوشحاڵی خوی دەربڕی لەوەی كە ئێمە دەرباز بووین و پاشان وتی ئەوە نیشانەی ورەی بەرز و ژیری فەرماندە و ئیمانی قووڵی رۆڵەی دیموكراتە كە لەم گێژاوە پڕ مەترسییەدا، بە كەمترین زیان ئێوە دەرباز بوون دەنا لایەنی دیكەش لەوێ بوون و نەیان توانی دەرباز ببن. (مەبەستی گوردانەكەی كۆمەڵە بوو كە بەداخەوە تێدا چوون) پاشان درێژەی دا و لەسەر گرینگی نەزم و دیسیپلین و شتی لەم بابەتە قسەی كرد بەڵام بچووكترین ئیشارەی بە كارەساتەكەی هەڵەبجە نەكرد بەڵام گەلێك خەمگین و پەشۆكاو دیار بوو. حەتمەن ئەو لە ڕێگای مێدیا ئورووپاییەكانەوە كە بە شێوەیەك ئاگاداریان بوو لە قووڵایی كارەساتی هەڵەبجە و بێكەسیی كوردان گەییشتبوو، یان وەڕاست گەڕانی هەڕەشەی لێكترازانی حیزب بەم شێوەیە پەرۆشی كردبوو. نازانم ڕەنگە هەردووكیان بەڵام بە ڕوونی خەم و دڵتەنگی پێوە دەبینرا.




لەم كاتەداكە دوكتور باسی دەربازبوونی ئێمەی دەكرد و بە سەركەوتنێكی گەورەی بۆ حیزب دەزانی كە ڕاست وابوو، پێشمەرگەییكی سەقز بە ناوی عوسمان كەسنەزانی كاغەزێكی لە باخەڵی دەرهێنا و وتی كاك دوكتور جەماعەتێك لە حیزب جودا بوونەتەوە بۆ باسی ناكەی؟ لە ناو مزگەوتەكەدا بوو بە هەرا و هەركەسە شتێكی دەوت. من بەش بە حاڵی خوم ئاگاداری بوونی كێشەییكی قووڵ لە حیزبدا هەبووم، بەڵام بچووكترین ئاگاداریم لەسەر جیا بوونەوە نەبوو. دەركەوت بەشێك لە پەشێوی و نارەحتی دوكتر قاسملووش

کە هەوڵی ئەدا لەئێمەێ بشارێتەوە هی ئەم وەزعەیە. دوکتور داوایکرد بڵێندگۆی مزگەوتەکەیان کردەوە و ئیستا خەڵکیش لەدەرەوە قسەکانیان دەبیست. پاشان درێژەی بە قسەکانی داو و وتی بەداخەوە هەوڵەکانی ئێمە سەریان نەگرت. کەسانێک روویشتن و رێگای دژمنایەتی حیزبی دیموکراتیان گرتە بەر. بەڵام لەیرە هەموو ئێوە و خەڵکی کوردستان دڵنیا دەکەمەوە کە حیزب رێگای خوی درێژە دەدا و چارەنووسی ئەو کەسانەش لە هی تاقمی حەوتکەسی باشتر نابێ چوونکە ........ لەم بارەوە بە درێژی باسی میژووی ناکۆکییەکانی ناو حیزبی بۆ کردین، لایەنی بەرامبەری کە دواتر دەرکەوت زیاتر لە پێنجسەد کادر و ئەندام و پێشمەرگەی حیزب بوون بەتاوانبار لەقەڵەم دا و بە توندی هەڕەشەی کرد کە لەبەکار هێنانی ناوی حیزبی دیموکرات خویان بپارێزن دەنا حیزب ناچارە وەک خیانەتکار لەگەڵیان بجووڵێتەوە.

بەمجوورە هاتنی ئێمە، کارەساتی هەڵەبجە، هێشتا لە داودامانی زیاتر لە سەد کەسمان و زۆرشتی دیکە کەوتنە ژێر سێبەری لەتبوونێکی شووم کە حیزبی بۆ جارێکی تر پارچەکرد، شەڕێکی نوێ ناوخۆیی لێ کەوتەوە و زیانێکی بێسنووریشی گەیاندە بزاڤی رەزگاریخوزی کورد. هەر لەو کۆبوونەوەیەدا دوو دەستەگی کەوتە نێوانمان و دوای هاتنەدەر لە کۆبوونەوەکە جەوێکی قورس و دژمنانە بەسەر لایەنگرانی هەردووک لادا حاکم بوو کە هەردەم مەترسی شەڕ و لێک هەڵپرژانی لێ چاوەڕوان دەکرا.

ئێمە کە دژی لیستەی فیکس و خوازیاری گرتنی کۆنگرەیکی نائاسایی بووین، ئاوتۆماتیک کەوتینە لای موخالێفان، بە توندی درایـنە بەرتانە و توانجی هاودەنگانی دوکتور قاسملوو و مەجالی لەناوەراستدا مانەوەییک بۆ هیچکەسێک نەما. بەیانییەیەک کە جیابوونەوەکەی راگەیاندبوو دەست بەدەست دەگەڕا، بەڵام هێشتا من نەم دیتبوو. کۆن بە کۆن بە دوایدا گەڕام و بە زەحمەت پەیدام کرد. پێشەکییک و دەخاڵ کە هەموویان لە رستەییکدا کۆ کەیتەوە ئەبێتە ئەوە کە:

"دوکتور قاسملوو و دوکتور سەعید لە حیزبدا هەموو بنچینە و پرەنسیپە دیموکراتیەکانیان ژێرپێ ناوە و وەک فراکسیۆنێک کاردەکەن نەک وەک

حیزبێکی دیموکرات". بۆیە ئێمە ئەوان لە حیزبدا "تەرد دەکەین و بەم خاڵانە حیزب دێنینەوە سەر ڕێبازی ڕاستەقینەی".

نیوەڕۆی ئەو ڕۆژە ڕادیوی حیزب بەیانییەیەکی کۆمیسۆینی سیاسی-نیزامی بڵاو کردەوە کە ١٥ کەسی ئیمزاکەری ئەم بەیاننامەیی "لەحیزب" وەدەر نان و ناوی تاقمی" لادەری جاش ماوجاهێدی" خستە پاڵیان. بەم جوورە ئەگەر ١٥ کەسی ڕێبەرایەتی شۆڕسگێر، بە هێنانی وشەی "تەردی فراکسینی شەرەفکەندی- قاسملوو" هەنگاوی یەکەمی دژمنایەتییان هەڵگرت، باڵەکەی دیکە بەم ڕاگەیندراوە دژمنایەتییەکەی تەواو کرد و، کەسانێک کە تا دوێنی هاوسەنگەر و هاوکاری یەک بوون، لە شەو و ڕۆژێکدا بوونە دژمنی براکوشتەی یەکتر و بە کردەوە شەڕێکی نوێ بە شەڕەکانی دیکەی حیزبی دیموکرات زیاد بوو و بەم هەڵویستە چەوتانە ئەم شەڕە تازەشی هاتەسەر.
من خوم ئەوکات یەکێک لە لایەنگرانی باڵی ڕێبەرایەتی بووم و بە توندیش لە دژی باڵەکەی دیکە قسەم دەکرد. بەڵام دواتر، پاش فێربوونی گەلێک شت، بیرکردنەوە و بە خۆداچوونەوەیەکی ورد، لەوە تێگەییشتم کە ئەگەر ئەودەم نەدەکرا پێشی لەتبوون و تێکچوونی حیزب بگیردرێ، لانیکەم دەکرا بەر بە دووپاتبوونەوەی سێناریۆە تاڵەکانی رابوردوو، ئەتوانرا پێشی هەڵویستی دژمنانە بگیردرێ. ئەکرا و ئەتوانرا باڵەکان ئەگەرچی ناکۆک، بەڵام نادژمنیش بمێننەوە و دەرگا بەرووی شەڕێکیماڵوێرانکەری ناوخۆیی دیکەدا نەکرێتەوە. کارێک کە نەک هەر زەرەری سەرجەمی بزووتنەوەی کورد، بەڵکوو ڕاستەخۆ لە زیانی حیزبی دیموکراتیش بوو. لە ڕاستیدا ئەو لەتمەیە دوای کۆنگرەی هەشت بە هوی ئەم هەڵویستە خراپانەوە بەر حیزب کەوت، هێشتاش ئاسەوارەکەی دەبینرێ و برینەکەی هەروا ناسۆر ماوەتەوە. هەست بە بەرپرسایەتیکردن، بڕوا بە بوونی بیری جیاواز و لە بەرچاوگرتنی بەرژەوەندی نەتەوەیی، ئەیتوانی پێشی دژمنایەتی و شەڕێکی نوێ بگرێ کە باڵی دوکتور قاسملوو حازر نەبوون بچووکترین هەنگاوی بۆ هەڵگرن و بە پێچەوانەوە، بڕیاری شەڕێکی دیکەیان لە ناو ماڵی کورددا دەرکرد. سەرەنجێکی وردی ئەودەم دەردیدەخات کە لە کاتێکدا ئەنفالکردنی کوردستان لەوپەڕی خوێدا بوو، شەڕی ماڵوێرانکەری ئێران-ئێراق لە کۆتایی نزیک دەبووەوە، هەرچوار ڕێژیمی کوردکوژی ناوچە

خەریکـــی پیلانێکـــی گـــڵاو لـە دژی ئـــێمە بـــوون و بە بـــوونی چەنـــد شـــەڕی "مەوجوود"(شەڕی کۆمەڵە- حیزب، ئێران- حیزب، موجاهێدین- حیزب و پارتی دیموکرات و حیزب) ملدان بە شەڕێکی دیکەی لەو چەشنە، ئەبێت چەندە دوورە لۆژیک و خراپ بیرکردنەوە بووبێت. هەموان رێبەرانی ئێمە و بە تایبەتی دوکتور قاسملوو بە وریا، ژیر و زانا ناو دەبەن و منیش لانی کەم لەم بارەوە گومانێکم لە هۆشیاری فراوانی دوکتور قاسملوو نیە، بەڵام دڵنیاشم کە لە هەڵویستی ئەم جارەدا هەموو شتێک بەکار برابێت، ژیری و زانایی رۆڵیان نەبووە.

سەرەنجام لەم کارەساتەی هەڵەبجە دا زیاتر لە ٥٠٠٠ هەزار خەڵکی بێتاوان و سیڤیلی شارەزوور کوژران و بە هەزارانی دیکەش بریندار بوون. شاری هەڵەبجە و شارۆچکەکانی خورماڵ و سیروان و دەیان گوندی دیکە کاول و چۆڵ کران. گوردانی بەناو و دەنگی شوانی کۆمەڵە تەفر و توونا بوو و لە ئاکامدا کۆماری ئیسلامی بە یەکێک لە ئاواتە لە مێژینەکانی گەییشت.

جگە لە گوردانەکەی کۆمەڵە، دەیان کەس لە سپای رزگاری سەربە شێخەکانی هەورامان لەبەین چوون و نزیک بە سەد کەسی حیزبی دیموکراتیش خویان تەحویلی ریژیم دایەوە کە لە ناویاندا ئەندامی کومیتەی شارەستان و فەرماندەی لکیش هەبوو. دیارە ئەمە جگە لەو سەدان بنەماڵانەی دەرتفیێ و نەوسوود و تەختەیجام کە هەروا بە زەلیلی کەتنە دەستی ریژیم، ژمارییکیان دواتر ئیعدام کران و ژمارەییکیش بەساڵان زیندانی پڕ لە ئازاریان کێشا.

وەک باسکرا من دوای ئەم کارەساتە لەگەڵ باڵی رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ کەوتم و لەو کەسانەشیان بووم کە یەکەم فرسەت چوومەوە بۆ ناو خەڵک و خەباتی بە کردەوە. حەتمەن و بێ هیچ شکێک لەتبوونی دوای کۆنگرەی هەشتی حیزبی دیموکرات یەکێک لە وێرانکارترین رووداوەکانی میژوی ئەو حیزبەیە. بەڵام جگە لەم بەشە خراپ و زیانبارەی، سەردەمی لای رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بۆ من پڕ ئەزموونترین سەردەمی پێشمەرگایەتیم بوو کە هەوڵ ئەدەم لە دوا بڕگەی ئەم بە سەرهاتانەمدا بە کورتی ئیشارەی پێ بکەم.

## دوا قۆنـــاخی پێشـــمەرگایەتی و کۆتـــایی ئەنـــدامبوونم لە

ئازار و ئەزموون
# حیزبی دیموکرات دا

بۆ کەسانێک، کە وە من بە بڕواوە دێنە ناو حیزبێکی سیاسی لە کۆمەڵگەی لەتوپەتی کوردستان دا، یەک شت لە لووتکەی هەڵبژاردنەکانیدایە. ئەوشتەیش پێشخستنی حیزبەکە و نزیکردنەوەیەتی لە گەیشتن بە ئامانجەکانی. لانی کەم روانگە و ئەزموونی من بەم شێوەیە. بێ قەترەیەک دوو دڵی ئەتوانم ئیدەعا بکەم کە هەموو ئەو سەردەمەی لە دیموکراتدا ئەندام و پێشمەرگە بووم، تەنیا یەک چتم مەبەست بووە و ئەویش پشخستن، خوشەویستکردن و سەربەرزراگرتنی ئێعتباری ئەو حیزبە بووە.

من لە سەردەمی جیابوونەوەی کۆنگرەی چواردا، کە حیزبی دیموکراتی بۆ دوو بەشی لێکدابڕاو و دژمن بە یەک دابەشکرد، ئەندام و پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات نەبووم. تەمەنم هێشتا کەمتر لەوە بوو چالاکانە بەشداری کاری سیاسی بکەم. بۆیە وەک خوی لە ئێش و زیانەکانی ئەو لەتبوونە نەگەییشتبووم. هەڵبەت ئەمزانی کە بەشێکی فراوانی رێبەر و ئەندامانی باشی حیزب لەم رووداوەدا رویشتوون و پشتیان لە حیزب کردووە. هەر ئەوەندە و ئیتر و وردەکارییەکانی ئەم رووداوەم بۆ گرنگ نەبوون. بەڵام کاتێک هەواڵی لەتبوونی دوای کۆنگرەی هەشتم لە زوانی شەخسی سکرتێری حیزبەوە بیست و هەڵویست و کاردانەوەی ئەم بە بەیاننامەی باڵی جیاوەبوو لە حیزبم زانی، لە نووکی پێەوە تا تەوقی سەرم کەوتە لەرزە و چەندین سەعاتی کێشا تا لە ژێر شۆکی ئەم هەواڵەدا هاتمەوە سەرخۆم.
دوای بیستنی ئەم هەواڵە بێ دوودڵی بەشی فرەی هاورێیانم لە کومیتەی کرماشاندا، هەڵویستی خویان بە رونی نیشان دا و لەگەڵ باڵی رێبەرایەتی کەوتن. بەڵام من و رەشاد حوسەینی یەکەم رۆژ ئەم کارەمان نەکرد. پێکەوە چووین بۆ سلێمانی و دوای دیدارێکێ کورت لەگەڵ کاک حەسەنی رەستگار، کاک سدێق بابایی و هێنانەبەرباسی کۆمەڵێک پرسیار و وەڵام، گەڕاینەوە بۆ بنکەی دەفتەری سیاسی حیزب لە قەندیل تا هاڵ و هەوای ئەوێش بزانین. دیارە رەشاد بڕیاری رۆیشتنی دابوو بەڵام گەرەکی بوو زۆر بە پەلە هەنگاو

هەڵنەگرێ.

کاتێک ئێمە گەییشتینە قەندیل، جەو و فەزای بنکەی دەفتەری سیاسی ژاراوی و پڕ لە نەفرەت بوو. شەریفترین هاوڕییەکانت، لە ماوەی شەو و ڕۆژێکدا لێ ببوونە نەناس و بە چاوی "پیاخراو" تەماشایان ئەکردیت. رادیۆی حیزب لەم بارەوە رۆڵێکی زۆر وێرانکارانەی ئەگێڕا. بێ بەزەیانە هێرشی ناڕەوا و ناڕاستی ئەکردە سەر ئەوانەی رویشتوون و لە ناو بنکەکانیشدا ئەوەی سەمپاتییەکی بە نیسبەتیانەوە هەبایە دەکەوتە بەر تانە و تەنانەت شەق و لێدانی فیزیکیش. من لە کانگای دڵەوە لەگەڵ رەخنە و ناڕەزایەتی دژی وەزعی مەوجوودی ناو حیزب بووم، بەڵام نەشمدەتوانی ساق ببمەوە بچمە خوار. دەیان کەس لە خوشەویستترین کەسەکانی ژیان و پێسمەرگایەتیم لە لای باڵی زاڵ و هەمووشیان تا سەر ئێسقان پشتی هەڵویستی توند و دژمنانەی باڵی دوکتور قاسملوویان دەگرت.

دوای چەند رۆژ رەشاد لە ترسی هەڕەشە و لێدان، بە دزیەوە بنکەی دەفتەری بە جێ هێشت و چووە خوار لای باڵی رێبەرایەتی. جگە لە من و رەشاد کاک ئەوڕەحمان قوربانیش لە کادرەکانی کرماشان لە بنکەی دەفتەر مابوویەوە و بە هۆی ئەوە لاقێکی لە دەستدابوو، لە لیستەی ئەوانەدا بوو بەڕێ بکرێن بۆ دەرەوەی وڵات. هەموو هەوڵ و داوامان ئەوە بوو رەحمان لەم مەغمەسە ناوخۆیەوە نەتلێ و بێدەنگ بێت تا بەڕێ دەکەن، بەڵام سەرەنجام نەیتوانی و بە نیشاندانی هاوسۆزی بۆ باڵی رێبەرایەتی بوو بە هۆی ئەوە کە لە لیستەی ناوبراودا دەریباوێن و نەینێرن بۆ دەروە.

بۆ پڕکردنەوەی شوێنی ئەو کادرانەی چووبوونەخوار لای رێبەرایەتی، کومیتەکان کۆنفەرانسێکی دیکەیان گرتەوە و کومیتەی ئێمەش دوو حەفتە دوای ئەوە ئێمە چووینە قەندیل، کۆنفەرانسی خوی گرت.

جگە لە کاک موستەفای هێجری کە ئەودەم بەرپرسی کومیسیونی سیاسی-نیزامی حیزب بوو، کاک دوکتور قاسملو خویشی بەشدار بوو.

چەند رۆژ پێش کۆنفەرانسەکە کاک مەنسوور فەتاحی، کە ئەودەم بەرپرسی سیاسی مەڵبەندی یەک بوو، بە درێژی قسەی لەگەڵ کردم و رەفێقانە داوای لێ کردم بمێنمەوە. وتی ئەگەر من بمێنمەوە ئەو حازرە شەخسەن لە کۆنفەرانسدا

قسەم لە سەر بکات و داوا بکات بمکەنە بەرپرسی کومیتەی شارەستانی کرماشان. دوایە بۆ شۆخی و بە پێکەنینەوە وتی:

ئێتر نیەری بۆ خوتان ئەبنە خاوەن کرماشان، حەسەن بەرپرسی نیزامیە، کەریم جێگری حەسەنە، نەجمە و کاک ئەکبەر سەرپەلن و تۆیچ ببیتە بەرپرسی کومیتە ئێتر بکوژ و ببڕ ئەبنە خوتان.

منیش بە پێ کەنینەوە وتم کاک مەنسوور تۆ ئەزانی داوای من ئەوەیە کرماشان ببێتە بڕیاردەری جووڵانەوەی کورد و مێحەوەری ئەسڵی جووڵانەوە، کە چی ئیسە تۆ خەریکی ئاواییەک بکەیتە خاوەن کرماشان.

دیارە ئەم قسانە تەنیا شۆخی بوون چوونکە کاک مەنسووریش ئەیزانی کە ئێمە مەنبەرییەکان شوێنی رۆژهەڵات نەمابوو گیان و خوێنی بۆ نەدەین بێ ئەوە منەتێک بکەین و گلەییەکمان لە کەس هەبێت.

ئێوارەیەک پیش کۆنفەرانسەکە دیسان کاک موستەفا هیجری خوی بانگی کردم و نزیک یەک سەعات بە دەم قەدەملێدانەوە قسەی بۆکردم. کاکڵی قسەکانی بەڕێزیان ئەوە بوو کە من بمێنمەوە و ئەویش قسەکەی مەنسووری دووپاتکردەوە کە ئامادەن پۆستی کومیتەی کرماشان بدەنە من:

تۆ چیت لە ........ کەمترە کە چەند ساڵە بەرپرسی کومیتەی.....

سپاسی موحیبەتی کاک موستەفام کرد و وتم ئەوەی ئەبێتە هوی چوونەخوارم نەبوونی بەرپرسایەتی نیە، من بەشی خوم لەم بارەوە بەرپرسایەتیم هەبووە و زۆریش ڕازی بووم، بە پێچەوانەوە، من لە بەر ئەوە ئەچمە خوار چوونکە ئێوە بە ڕەشاد حوسەینی، سدێق بابایی، خالێد درووودی و...... ئێژن خایەن و جاش و هەڕەشە ئەکەن کە ئەگەر بێنەوە ناوچە بیانکوژن.

کاک موستەفا وێڕای دەربڕینی بێزاری خوی لە هەڵویستی "ئەو جەماعەتە" ، ئاواتی خواست کە کارمان نەگاتە ئەو جێگایە تۆ لێ دەترسی.

کۆنفەرانس بە دیاریکردنی چەند کەسی تازە بۆ جێگەی کادرەکانی کومیتەی کرماشان و باسێکی کورتی کاک دوکتور قاسملوو کۆتایی پێ هات و من هەر وا دڵم لە مشتمدا و بڕیاری کۆتاییم بۆ نەدەدرا.

دوو رۆژ دواتر کۆبوونەوەیەکی گشتی بە بەشداری دوکتور شەرەفکەندی لە بنکەی یەکیەتی لاوان بۆ مەڵبەندی یەک بەسترا و من دوای ئەو کۆبوونەوە و

بیستنی قسەکانی کاک سەعید، ئێتر قەناعەتم بە خوم کرد کە حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران نیازی دەستپێکردن و هەڵگیرسانی شەڕێکی تازەی ناوخۆیی هەیە و هیچ کەس و هێزێکیش ناتوانێ پێشی ئەو بڕیارەی بگرێ. بۆیە بڕیاری خوم دا کە هەرچێک زووترە بچمە خوار و لەم دوودڵیە خوم رزگار کەم. ئێوارەی رۆژی ٨ ی بانەمەڕی ساڵی ١٣٦٧، واتا مانگێک و هەشت رۆژ دوای دەرکرانی بەیانیە دە خاڵییەکەی رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ چوومە بنکەی هەوارە بەرزە لە سلێمانی و پشتیوانی خوم لە هەڵویستی ئەوان دەربڕی.

## کۆنفەرانسی چواری ح د ک رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ

رێکەوتکەیم لە بیر نیە بەڵام ئەزانم نزیک بە دوو مانگ دوای یەکەم هەڵویستی رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، کۆنفەرانسێکی بەرینمان گرت و سیاسەت و رێبازی تازەی حیزبمان دیاری کرد. من بەشداری ئەو کۆنفەرانسە بووم و بەلامەوە یەکێک لە زیندووترین کۆبوونەوە و دانشتنەکانی حیزبی بوو. دوای کۆنفەرانس هێزەکان بە هاوکاری کۆمەڵە( دوڵەتی ئێراق هێشتا رێبەرایەتی بە رەسمی نەناسی بوو) سەرەڕای کەمی ئیمکانات و دژواری رێگا، گەڕانەوە ناوچە و لە دەوروبەری بانە، هەر هێزە و بۆ ناوچەی خوی چوو.

بالی رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ دوای مانگێک "یەک لایەنە"! ڕاگرتنی شەڕی لەگەڵ کۆمەڵە راگەیاند (کۆمەڵە هەر دوای شەڕی هەورامانەوە خوازیاری ئاگربەس و راگیرانی شەڕ بوو و بە هەزار زمانیش هاواری بۆ دەکرد، بۆیە ئەم یەکلایەنە تەنیا قسە بوو) و کۆمەڵەش زوو قەبووڵی کرد و جۆرێک پەیوەندی لە نێوان ئەو دوو حیزبەدا هاتە ئاراوە کە بە بڕوای من بوو بە بناخە بۆ پەیوەندییەکانی دواتری ناو حیزبەکانی دیکەش. ئێمە کە چووینەوە ناوچە ئیدی ترسی شەڕی کۆمەڵەمان نەما بوو بەڵام هاوڕێیانی دوینێ خومان لێ ببونە دوژمن و دەبوا بە جێ کۆمەڵە لەوان بترسین. بۆیە لەم بارەوە شتێک لە باری ئێمە کەم نەببوەوە. سەرەتا کە گەڕاینەوە ناوچە لە دەوروبەری بانە تووشی ژمارەیەک پێشمەرگەی لایەنی بەرامبەرمان بووین و وایان لێ حاڵی بووین کە ئەوەی رادیۆی حیزب دەیڵێ زیاتر "بۆ ترساندنە" دەنا کەس حازر

نیە شەڕێکی دیکە ساز بکات. لە ناوچەی سەقزیش سێ کادری خومان لێ جیا بوونەوە و قەرار بوو بڕۆن بۆ نزیک شاری سەقز و کاری ڕێکخستن بکەن. دوای دوو ڕۆژ ئاگادار کراین کە ئەو سێ کەسەی ئێمە تووشی هێزی دووی ڕێبەندانی ئەولاکەی حیزب بوون و لەگەڵیاندا خەریکی گەڕانن! ڕاستییەکەی ئەم هەواڵە بۆ من زۆر دڵخۆشکەر بوو چوونکە بڕوام کردبوو کە قسەی ئەو هاوڕێیانە ڕاستەو ڕێبەرانی حیزب تەنیا ویستوویانە بمانترسێنن تا بەو شێوەیە پێشی هاتنە خوارەوەی پێشمەرگەی زۆرتر بۆ لای ڕێبەرایەتی بگرن. بەڵام بە پێچەوانەی خوشخیاڵی من، دوای حەفتەیەک لە رادیۆی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە گوێمان لەم هەواڵە بوو:

"کەسێک بە ناوی حەسەنی ئیسلامی کە پێشتر ئەندامی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوو، پاش ئەوەی کە هێندێک شتی گرنگ و نهێنی حیزبی دزی بوو، خوی ون کردبوو و سەرەنجام هاوڕێیانمان ناوبراویان لە ناوچەی سەقز دیتەوە، پاش لیپرسینەوە و ....حەسەنی خایەن لە لایەن پێشمەرگەکانی حیزبەوە بە سزای خیانەتەکانی گەییشت."

حەسەن بەرپرسی ئەو دوو کادرەی دیکەی ئێمە و کادرێکی چەندین ساڵەی حیزب و رۆڵەیەکی شەریف و سادقی خەڵکی کوردستان بوو. جگە لەوە وەک هەموو ئێمە هەڵویستی گرتبوو و بیسیمێک کە پێش جیابوونەوە کاری لەسەر دەکرد و لە گەڵ (وەک زۆر کەسیتر) خوی هێنابووی، هیچ بەڵگەی گرنگ و نهێنیەکی حیزبی نەدزی بوو. پێشتریش برایەکی لە ریزی حیزبدا گیانی لە دەست دابوو. خەبەری ئیعدامکردنی حەسەن بەدەستی هاوڕیانی دوێنیی خۆی و بەفەرمانی ڕاستەوخۆی ڕێبەرایەتیی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئیران، هەموو خوشخیاڵییکی ئێمەی پووچەڵ کردەوە. دەرکەوت کە هەڕەشەی حیزبی دیموکرات تەنیا قسە نیە، دەبوا ئاگامان لە خومان بێت و ئامادەی براکوشتن و ماڵوێرانیەکی تر بین!

ڕۆژێک دوای ئەم هەواڵە بە بیسیم لەگەڵ تیمێکی کۆمەڵە کە لە ناوچەی بەرپلەی و سەرشیوی مەریوان بوون، قسەمان کرد و پاش خوناساندن، جێگاکەی خوشمان پێ ڕاگەیاندن. تۆزێک دواتر بە دووربین جێگای ئەوانیشمان دیتەوە و بڕیارمان دا تەلیسمی دووری گرتن و لەیەک مۆڕبوونەوە بشکێنین و

بە جێ بیسیم، بڕوین و لە نزیکەوە قسەیان تەکا بکەین. کاک رەشاد حوسەینی و پێنج کەسیتر لە جێگایەک مانەوە و من و پێشمەرگەیەک بە ناوی هادی رۆستەمی چووین بۆ ئەو جێگایە کە پێشمەرگەکانی کۆمەڵەی لێبوو. کۆمەڵەکان لە دۆڵێکدا بوون لە پشتی ئاوایی گوڵچییەرەوە. تا ئێمە نەچووینە بیست سی میترییان نەیانزانی و کە زانییان زوو دەورەیان گرتین. بەرەو پیرییان روویشتین، خومان پێ ناساندن و دوای چوار ساڵ شەڕ، راوڕاوێن و یەکتر کوشتن، دەستمان کردەوە ملی یەک و ئەم لاو ئەولای یەکترمان ماچ کرد.

دیارە من ئەمە بە شانازییەکی گەورە بۆ خوم دەزانم کە یەکەم پێشمەرگەی حیزب بووم لە ناوچە و مەیدانی کاردا دەستم لە ملی یەکەم پێشمەرگەی کۆمەڵە کرد و ملی ئەو ترسە درۆزنانەیەم شکاند کە دیوارێکی بەرزی لە نێوان دوو حیزب و هێزی کوردستاندا دانابوو.



دوای هێندێک قسە و زانیاریی گۆڕینەوە لەگەڵ بەرپرسانی کۆمەڵە، ناردمان پێشمەرگەکانی تری ئێمە هاتن و نان و چایەکی پێشمەرگانەمان لەو دۆڵەدا بەیەکەوە خوارد. سەرجەم سێ رۆژ و دوو شەو لەگەڵ هاورێیانی کۆمەڵە پێکەوە بووین و کۆڵێک خواردن و کەل و پەلیشیان پێداین. بەرپرسانی ئێمە رەشاد حوسەینی و نەجمەی زۆرئەسنا و بەرپرسانی ئەو کاروانەی کۆمەڵەش عەبدوڵا دارابی و ساڵح سەرداری بوون و رۆژی دواتر کاک مینەی حیسامی و چەند بەرپرسێکی تری کۆمەڵەشمان بینین بەڵام بێ ئەوە قسەیەک بە یەکەوە بکەین.

مـن لە بەشـی گێـڕانەوەی شـەڕی کـۆمەڵەدا باسـی ئەم جەولەیـم کـردووە و پێویست بە دووپاتکردنەوە ناکات. تەنیا ئەوە بە پێویست دەزانـم بێـژم کە سەرجەمی هێزەکانمان لە ناوچە، تووشی شەڕ و گرفتی گەورە لەگەڵ باڵەکەی تری حیزب بوون و لە هێندێک شوێن کوشتار و زیانیشی لێ کەوتەوە کە گرتن و ئێعدامی بیبەزەیانەی حەسەنی ئیسلامی تاڵترینیان بوو. حەسەن دوای ئەوە لە ناوچەی سەقز لە تیمەکەی ئێمە جیابوونەوە، لەگەڵ ٣ هاوڕێ دیکەی بە بیسیم لەگەڵ کۆنە هاوڕێیانماندا دەکەونە قسە و ئەوانیش دڵنیایان دەکەن کە بە هیچ شێوەیەک نیازی شەڕیان لەگەڵیان نیە. رۆژی دوایی دەچنە لای یەک، چەنـد ڕۆژ بە چەک و تفەنگـی خویـانەوە لەگەڵ یەک ئەبـن و هـیچ چتێـک روونـادات. رۆژی چـوارەم پەیامێـک لە دەفـتەری سیاسـی حیـزبەوە دەگـاتە مەڵبەنـدی دووی ئەوان و حـوکمی ئێعـدامی حەسـەن بە بەرپرسـانی نـاوچە رادەگەیینن. هەڵبەت ئەوانیش بێ هیچ سڵەمینەوەیەک حەسەن چەک دەکەن، دەیبەنە سەر جادە، ئێعدامی دەکەن و جەنازەکەی بە جێ دێڵن تا ڕێژیم بیباتەوە بۆ بنەماڵەکەی.

....

# لە دایکبوونی ماکوان

مـن لەو بـڕوایە دام منـاڵ گەورەتـرین دیـارییە مـرۆڤ وەری ئەگـرێ. جـا وەک کەسـێکی بـاوەڕدار لە خـواوە، یـان لە سرۆشـتوە بـۆ ئەوانەی سرووشـت بە سـەرچاوەی هەمـوو ژیـان دەزانـن. بەڵام نابەرپرسـانەترین کـاریش ئەوەیە کە ببـیە سـەبەبی هـاتنە دنیـای منـاڵیـک و لانـی کەمـی ئامرازەکـانی ژیانـت بـۆ فەراهەم نەکردبێت . هەڵبەت ئەمە فکر و روانینی ئیستامە، ئەو رۆژانە عەقڵم بەم شتانە نەدەشکا.

هەوەڵین مناڵمان لە رێگەدا بوو بێتە دنیا و هەموو سەروەت و سامانی من، بە جلەکـانی بەریشـمەوە نەدەبـووە دوو سـەد دینـاری ئەوکـاتی ئێراقـی. چـرا عەلادینێکی کۆن، موکوتێکی شڕ، چواردانە پەتووی نیوەدڕاو، چوار یان پێنج

دانە دەوری و مەنجەڵێکی بچووک، گشت کەلوپەلێکی ناوماڵەکەمانی پێکدێنا کە لە دوو و سێ جار بارکردنماندا کۆمان ئەکردەوە و لە گۆنییەکدا ئەمانخستە پشت یەکێک لە ماشینەکانی حیزب.

من تا ماکوان نەهاتبووە دنیا هیچ وەخت وەک خوی، ئێش و دڵەڕاوکێی ئەو هاوڕێیانەم دەرک نەدەکرد کە ژن و منداڵیان هەبوو. ژن و منداڵی هێندێکیان لە ناوچەی ژێر کۆنترۆڵی دژمندا دەژیان و حاڵی ئەوان خراوتر بوو. یەکێک لەو هاوڕێیانەم کاک فەیسەڵ ئێراندۆست بوو کە لەم رۆژانەدا ئێمە چاوەڕێ هاتنە دنیای منداڵەکەمان بووین منداڵەکانی ئەویش، پاش چەندین ساڵ دووری لە یەکتر، لە کرماشانەوە گەییشتبوون و پێکەوە دوو بەرکەی ماڵی هاووڵاتییەکی خەڵکی ڕانیەمان بە کرێ گرتبوون و لە تەنشت یەکدا ئەژیاین.

ئێوارەی رۆژی ١٩ ی ڕێبەندانی ١٣٦٧ ی هەتاوی تەلێعە فشار زۆری بۆ هێنا و بە نیازی لەدایکبوونی یەکەم منداڵمان چووین بۆ نەخوشخانەی شاری ڕانیە. دوای دنیایەک ئێش و ئازارکێشانی تەلێعە، سەرەنجام سەعات هەشت و دوازدە دەقێقەی بەیانی رۆژی ٢٠ ی ڕێبەندان منداڵ هاتە دنیا. من ساحیبی دە دینار پووڵی نەقدی ئێراقی بووم و هەموو لەشم ئەلەرزی کە بەم دە دینارە چی بۆ ژنێکی زەیسانی بێ هێز و، زاڕۆڵەیەکی رووت و قووت بسێنم. چەند خزمێکمێکی خوشەویستم وەک فریشتەی نەجات لە سلێمانیەوە، چەن سەعاتێک بەر لە دایکبوونی منداڵەکە گەییشتنە لامان و ئەوەی پیویستمان بوو بۆیان کڕین.


رۆژی دوایی چەند دۆستێک، لەوانە کاک فەیسەڵ ئێراندۆس، کاک سدێق بابایی، خالێد، مەمەد و کاک عومەر شەریفزادە لە ماڵمان کۆبوونەوە، بە پێشنیاری کاک فیسەڵ و بە تێکڕای دەنگ ساقبووینەوە ناوی یەکەم منداڵمان بنینیە ماکوان. منداڵێکی بچکۆلانە، بەڵام هەتا بێژی شیرین و عەزیز.

دوای نزیک بە ٣ مانگ، لە حاڵێکدا ماکوان شیرین و چاخوچۆڵەتر ببوو، رەخت و تفەنگی پێشمەرگانەم بەست و لەگەڵ چەند هاوڕێیدا گەڕاینەوە ناوچە. گەڕانەوەیەک کە بە ناو هەزار مەترسی و دیواری مەرگدا تێپەڕی و بە ئاسانی ئەیتوانی دوایین سەفەر و دیداریش بێت لەگەڵ ماکوان.

ژمارەی تیمەکەمان کە گەڕاینەوە ناوچە ٥ کەس بووین. خالێد درروودی، عوسمان رەحمانی، کەریم حوسەینی، زاهێد رەزاوی و من. نزیک بە دوو مانگ

لە ناوچەدا گەڕاین. لە دۆڵی شڵێرەوە دەستمان پێ کرد، لە ناوچەی شامیان سەری چەند ئاوایی، لەوانە هەردووک گوندی نسڵ و گوشخانیمان دا، دواتر چووینە ئاوایی کەڕاوا و ڕۆژی دوایی گەییشتینە کۆسالان. لە کۆسالان تووشی جەماوەرێکی فرەی خەڵک هاتین کە لە سنە، مەریوان و سۆڵاوەوە هاتبوون و خەریکی سەیران و شادی بوون. چووینە ناویان و لە سەر "سیاسەتەکانی حیزب" قسەمان بۆ کردن. ڕێژیم لە بوونمان ئاگادار بوو، چەند خومپارەیەکی بەرەو شوێنی خەڵکەکە هاویشتن و شادییەکەی لەوان و قسەکردنەکەشی لە ئێمە تێکدا.

هاوکات لەگەڵ گەڕانەوەی تیمەکان بۆ ناوچە، چەند کەس لە کادرەکانیش بە نهێنی گەڕابوونەوە ناو شار و لە بەش و ناوچەی ئێمە کاک ڕەشاد ئەم مەعمووریەتەی وەرگرتبوو.


گەر بۆم بلوێ
هەرچێک گوڵی بەهار هەیە
بە کۆڵ لە دەشت و بناری
کوردستانەوە هەڵدەگرم
بەرەو لووتکەی بەرزترین شاخ

ڕێگای هەڵدێر دەگرمەبەر تا دەگەمە
بەر کەوشەکەت
لە بەر پێت دا دەسە دەستە ڕیزیان دەکەم
ئەو کات دەڵێم فەرموو دایە خوت وەکیل بە
چنوور؟ سۆسەن؟ نێرگز؟
وەنەوشە یەکەم چەپکە بێ؟



دوای کۆسالان ڕوومان کردە ناوچەی ژاوەرۆ و زیاتر لە ترسی هاوڕێیانی ئەوبەر هەوڵمان ئەدا لە شوێنی کل و کەناردا خومان بشارینەوە. ڕۆژێک لە دۆڵێکی قووڵ و فرە چۆڵدا دانشتبووین و دیتمان لە دوورەوە دوو ژن بەرەو لای ئێمە دێن. مەوداکە دوور بوو بەڵام کە بە دووربین سەیرم کردن هەستم کرد یەکێیان دایکمە. لە هاوڕێیان ئیجازەم وەرگرت و بە هەڵاتن چوومە پیرییانەوە. نزیک بوومەوە دیتم ڕاستە، دایە بە کۆڵێکی قورس و تەمەنێکی زۆروە چنگی لە بەردە ڕەقەکانی دەرەدزان گیر کردووە و شەیدا و سەرگەردان بە دوای تاقە کوڕەکەیدا ئەگەڕێ و خوشکیشم چووەتە ژێربالی و لە


لالێژێکی سەختەوە دێنەخوار.
پێش ئەوە پێم بزانن فرمیسکەکانم بە شاڵەکەم سڕین. ئارام و لە سەرەخۆ بانگم کردن. ئەوان زوو دەنگیان ناسیمەوە و لەو لێژ و هەڵدێرەوە دەستملانی یەکتر بووین. دواتر بە زەحمەتێکی فرە چوینە خوار و تا لای ئێوارە لە لامان مانەوە. دایە بۆی باسکردین کە رەشاد لە ناو شارە، وتی حیزبیەکان هاوکاری ناکەن، ئێژن لادەرە. تەنانەت کەسێک ئەیوت دوور نیە لە لای رێژیمیچ شکاتی بکەن و دەزگیر بکرێ. باوکەکەم، بێژن بێتە دەر، بێتە دەر با تووش نەبێت.
هەڵبەت کاک ڕەشاد لە درێژەی کار و مانەوەکەیدا لە ناو شار گیرا، رێژیم ناسییەوە و لە ژێر ئەشکەنجەیەکی وەحشییانەدا لەشیان ورد کرد بەڵام بڕوای نا، وەک پۆڵا لە ژێر ئازاری ئەشکەنجەدا ڕاوەستا و دڕەندەکانی بە چۆکدا هێنا بێ ئەوە کەمترین زانیاری لێ دەربێنن. رەشاد سەربەرزانە وەستا و، سەرەڕای ئەوە دەیان ئەندام و بەرئەندامی چالاکی حیزبی دەناسین و پێوەندی دورودرێژی لەتەکیاندا هەبوو، تەنانەت تاقە کەسێکی بە گیر نەدا.
دیارە چۆنیەتی ئاشکرابوون و گیرانی رەشاد هێشتاش سڕێکە و بە تەواوی وردەکارییەکانی دەرنەکەوتوون، بەڵام بێ هێچ شکێک دوولەتبوونی حیزب و هاوکاریی نەکردنی ئەندامانێک کە رۆژگارێک بە گیان و سەری ئەو سوێندیان دەخوارد، رۆڵی سەرەکی لەم کارەساتەدا هەبوو.
رەشاد حوسەینی مامۆستا و سەنبولی هەموو پاکیەک بوو بۆ من. ئەگەر بێت و ئەو لە چەند وشەدا کورتی بکەمەوە، ئەتوانم بێژم کە رەشاد لای من و رەنگە زۆربەی هاوڕییانێکیش کە لە نزیکەوە ناسیویانە، یەکێک لە پاکترین مرۆڤەکانی دنیا و، بە ئیرادەترین، بە بڕواترین و دڵسۆزترین کادرەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانیش بوو. گەنجێکی پڕئێنرژی، خاوەن بڕوایەکی قووڵ بە عەداڵەتی کۆمەڵایەتی، هاوکات سەربەخۆیی خوازێکی بێ ریاو و درۆی بزووتنەوەی کورد بوو.
ئیستە کە باسی رەشادم کرد، تۆزێک دوورکەوتنەوەش بێت لە باسەکەم، بە باشی دەزانم ئاوڕێکیش لە کاک شاپوور فیرووزی بدەمەوە. لە دووتوێ ئەم بیرەوەرییانەمدا چەندین جار باسی کاک شاپوورم کردووە، لە راستیدا باسی حیزبی دیموکرات لە کرماشان و هێزی بیستوون، بێ باسکردنی کاک شاپوور

باسێکی ناتەواوە و منیش بەش بە حاڵی خوم هەوڵم داوە لەم بنەمایە دوورنەکەومەوە.
کاک شاپوور یەکێک بوو لەو ١٥ کەسەی کە دوای کۆنگرەی هەشت هەڵویستیان دژی لیستەی فیکس و ڕێبەرایەتی هەڵبژێردراوی ناو ئەو لیستەیە گرت. یەکێکیش بوو لەو چەند ئەندامەی ڕێبەری کە لەگەڵ پێشمەرگەکاندا رویشتەوە ناوچە و گیانی خوی بە کردەوە خستە مەترسی. من و زۆربەی کادرەکانی کومیتەی کرماشان و هێزی بێستوونی پێشوو، لە ماوەی ئەو ساڵە سەختانەی لەگەڵی کارمان کردووە، هەمیشە و بە تایبەتی ئەو ساڵانەی دوایی کێشەمان لەگەڵ شێوەی کاری کاک شاپووردا هەبووە. هێندێک جار ئەم کێشانە سەریان کێشاوەتە لای رەخنە و باسی توندیش، بەڵام هەمیشەش خوشمان ویستووە و بە بایەخەوە تەواشای شوێنی شیاویمان لە حیزبی دیموکراتدا کردووە. ئەزانم کە ئەمە خوی جۆرێک ناکۆکی و تەزادە بەڵام راست و حەقیقەتیشە. بەش بە حاڵی خوم من تا ئەو رۆژەی بۆ دواییجار دەستمان کردە ملی یەک و ماڵاواییمان لە یەک کرد، نێوانم گەرم بووە لەگەڵی و کاتێکیش لێک هەڵبڕاین، هەستم کرد دڵی پڕە لە بوغز و گریان. بە زوانی بێزوانی گلەیی دەکرد کە بۆ بە جێ دێڵین بەڵام ئەو مافەشی بۆ من بە رەوا دەزانی کە چۆنم پێ باشە وا بڕیاری دوایی خوم بدەم.
نزیک بە دوو ساڵ دوای رویشتنی یەکجاری ئێمە لە حیزب، کاک شاپوور بە شێوەیەکی لێڵ و تەمومژاوی، لە بنکەی ناوەندیی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ و لە ناوەڕاستی بنەماڵەکانی ئەو حیزبەدا درایە بەر دەستڕێژ و شەهید کرا. سەرەڕای ئەوە ئەودەم حیزبی دیموکراتی کوردستان، ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ کۆماری ئیسلامی وەک بکەری ئەو جینایەتە ناساند و دواتریش کاک جەلیل گادانی لە پێشەکی بیرەوەرییەکانیدا هەمان سەرچاوە بە تاوانبار دەزانێ، بەڵام تاوانی شەهیدکردنی یەکێک لە ڕێبەران و فەرماندە ناسراوەکانی ئەو حیزبە هەر وا لە ناو تارمایی درۆیەکی زلدا شاردراوەتەوە و هێشتاش زۆربەی زۆری ئەوانەی لە نزیکەوە شاپووریان دەناسی و خوشیانگەرەک بوو، گومانیان لە شێوەی تێرۆرەکە هەیە. لای من هەر وەک چۆن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران، داوای لێ بوردن و روونکردنەوەیەک بە بنەماڵەی حەسەنی

ئیسلامی قەرزدارە، بەرپرسانی ئەوکاتی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕیش دەبێت، وێڕای ڕوونکردنەوەی ڕاستی ڕووداوەکە، داوای لێ بوردن لە کاک شاپوور و بنەماڵەکەی بکەن. لە ڕاستیدا ئەم داوایانە کەمترین شتن کە لەو دوو لایەنە کوردییە چاوەڕوان ئەکرێن دەنا ستەمەکە لەوە گەورەترە.
لە درێژەی جەولەکەماندا تا قووڵایی ناوچەی ژاوەرۆ و بێڵەوار ڕوویشتین و هاوڕێ کەریم حوسەینی، بە تەنیا ڕوویشتە ناوچەی پاوەش. دیارە لە ڕێگادا زاهێد ڕەزاوی ڕوویشت خوی تەحویلی دژمن دایەوە و لە سەرتەنگیسەریش عوسمان مەلا بە دڵئێشە لێمان جیابوویەوە. ڕۆژێکیان لە بەرزایی کێوی شاهۆ تووشی کەمینێکی سەختی دژمنیش هاتین کە بە زەحمەت دەرچووین. لە هەوارەکانی تەنگیوەردا شەو و ڕۆژێک ماینەوە و بەکرێگیراوێک هێزەکانی ڕێژیمی لە بوونمان ئاگادار کردبوو. دیارە ئەوانیش بە پلانێکی وردەوە هاتبوون لە بەینمان بەرن.
بەیانی ڕۆژی دووهەم لە شوێنی خۆشاردنەوەکەمان هاتینە دەشت، سەیری دەوروبەرمان کرد و هەموو چتێک ئارام هاتە بەرچاو. چووین لە پشت هەوارەکانەوە گێسکێکمان لە شوانێک کڕی. دەبەیەکی ٥ لیتریمان هەبوو پڕمان کردە ئاو و بە گیسکەکەوە کەوتینەڕێ بۆ بەرزایی بانگەوی. سەد مێتریکمان مابوو بگەینە لووتکە، لە پڕ هەستمان بە چەند دەنگێک کرد. وردبووینەوە دیتمان بەردەکانی بانسەرمان و ئەو کەلەی بە تەمابووین بە ناویدا بچینە سەر، پڕە لە چەکدار. لوولەی بیکەیسییەکەمان بینی ڕووی کردبوو ئەو ڕووتەنیە کە دوای ٣٠ مێتریک ئەبوا بگەینە لای.
بێدەنگ و ئارام گیسکەکەمان بەستە بنچکێکەوە و بە بناری بەردەکاندا دەستمان کردە ڕێگاڕویشتن و مەسیری ڕێگامان گۆڕی. فرەی نەبرد داینە بەر دستڕێژی گولە و هەر چوار دەورمان بوو بە ئاگر. شوێنی جاشەکان بەرز و شوێنەکەی ئێمەش ڕاست لە بەر دەستی ئەواندا بوو. ئێمە تەنیا ٣ کەس و ئەوان نزیک بە سەد جاش و پاسداری هار بوون. بۆیە ڕێگای عاقڵانە دەرچوون و خۆ دوورخستنەوە بوو نەک ڕاوەستان و بەرگری کە ئێمەش هەر وامان کرد. شاهۆ پەنای بێ کەسانە، ئێمە دستمان گەییشتە لووتکەیەکی بەرزتر و کاتێک دیتمان لە مەترسی دەرچووین و جاشەکان ئێمەیان لە تیرڕەس دەرچووە،

تیکەیەک ئاسنی لووس لە پشتەوەی بیسیمەکەمانەوە بوو حاڵەتی ئاوێنەی هەبوو، ئەمانـدا بەر تیشکی خـور و روو بە جاشەکان ئەمانگرت، بەڵام تـازە ئەوان دڵنیا ببـون لە دەستیان دەرچـووین و دوورەتەقەیەک نەبێت هیچی دیکەیان لە دەست نەدەهات.
پێویستە وەبیر بێنمەوە کە لە هەموو رێگاشدا هاوڕێیانی باڵەکەی ترمان بە شوێنمانەوە بوون و لە سەر بیسیم بە خەروار سوێند و قەسەمیان ئەخوارد کە دەستیان کەوین خراوتر لە جاش و پاسداری رێژیم لەگەڵمان بجووڵێنەوە. ئێمە لەم بارەوە دڵنیابووین، ئێعدامی حەسەنی ئیسلامی و کوشتنی چەندین هاوڕێ دیکەمان ئەمەیان بۆ دەرخستبووین، بۆیە ببڕای ببڕ لێیان نزیک نەدەبووینەوە.
سەرەنجام دوای ئەنجامدانی بەشی هەرەزۆری مەعمووریەتی پێ سپێردراومان، بە سلامەتی گەڕاینەوە دۆڵە ڕەقێ، شوێنی بنکە و بارەگای رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ. هەڵبەتد لە سەر سنووری دەستکرد، لە لایان سپای ئێراقەوە گیراین و چەند رۆژ و شەوی ناخوش مێوانیی زیندانەکانی دوڵەتی بەعسیشمان تووش بوو کە خۆی داستانێکە و ئەکرێ بە وردی بینووسمەوە.
کاتێک گەڕاینەوە دۆڵەڕەقێ و لە دورەوە ماڵی خومانم بینی، ئەو پەنجا میترەم لا ببوە دوو کیلوو مێتر. خەریک بوو شێت بم تا ماکوان ببینم و بیگرمە باوەش. کاتێک گەییشتمە بەرماڵ، دیتم لە ماڵ نین. هەواڵیانم لە ژنەهاوسێییەک پرسی وتی لە ماڵی دۆستێکن ئیستا دێنەوە. چەک و رەختەکەم دانا و بە پێیان بەرەو ماڵی دۆستەکەم کەوتمە رێگا. لە سەر جادەکەوە بینیم ماکوان کە لە کۆڵی دایکیەوە چاوی بە من کەوت، باوشی بۆ کردمەوە و منیش بە ڕاکردن وەرم گرت و تێر تێر ماچم کرد. لە وەختی ماچکردنەکەیدا هەستم کرد کوڕەکەم چاوێکی خوێلە و کاتێک راست ئەڕوانێتە ناوچاوی من، سۆمای یەکێک لە چاوەکانی ون دەبێت. لە ناخی دڵەوە هەستم بە شەرمازاری کرد و وتم من هێشتا هێندەم مەجال نەبووە بە وردی سەیری چاوی منالەکەم بکەم.
ماکوان خەریک بوو گەورە ئەبوو، پێشمەرگەکان خوشیان گەرەک بوو. فرە جار ئەهاتن ئەیان برد بۆ مەقەڕ و تا ئێوارە نەیاندەهێناوە، یان دەهاتن و لە ماڵدا گەمەیان لەگەڵ ئەکرد. فەزای دۆستانەی پڕ لە موحیبەتی ناو پێشمەرگان شوێنی خاڵی گشت نیازەکانی پێ پڕنەدەکرایەوە، بەڵام دڵنیام شوێنێکی

گەورەی لە شاد و خوشحاڵمانەوەی بنەماڵە و مناڵەکانیشماندا هەبوو.
ماکوان چاوی شین و قژی کاڵ بوو. هێندە کاڵ کە بە زەحمەت لەگەڵ مناڵێکی سکاندیناویدا جیا دەکرایەوە. ڕۆژێک کۆمەڵێک پێشمەرگە بردبوویان بۆ سەر جادەکەی ئەوبەری ماڵکەمان و منیش چووم بیهێنمەوە. کە گەییشتم هەموو



باسی چاو و قژی کاڵی ماکوانیان ئەکرد. پێشمەرگەیەکی خەڵکی پیرانشارمان هەبوو بە ناوی مەلا بێ جێ کە هەمیشە قسەکردنی لای من جێگای سەرنجی تایبەت بوون. کە مەلا بێ جێ منی دیت وتی:
تەنیا کوڕی کاک حاتەمی نیە بەو شێوەیە. کورد خەریکە تخن دەگۆڕێ! وتم چۆن؟
وتی کاکە ئەمە چوار مناڵن هەنە، بۆ خۆن دەڵی قیلین، کە چی منداڵن دەڵی بەفری سپینە.
دواتر بە هێواشی گوتی چۆن دەبێ؟ باشە یەکن زۆڵ بوو، دوون زۆڵ بوو؟.......ئاخر نابێت نا.

دواتر بە حەفتە و مانگ بەم قسەیەی مەلا بێ جێ پێ دەکەنین. یادی بەرز و هەمیشە زیندوو بێت. بە داخەوە دواتر لە شەڕی دژمندا شەهید بوو.

## *دیسان دۆڵی شلێر، دوایین شەڕی نێوان کۆمەڵە و دیموکرات*

باڵی ڕێبەرایەتی شۆڕسگێڕ هێشتا لە لایەن دەوڵەتی ئێراقەوە بە رەسمی نەناسرابوو. بۆیە ئێمە ناچار بووین بۆ هاتووچوو و بە تایبەتی بۆ گەڕانەوە بۆ رۆژهەلاتی کوردستان داوای یارمەتی لە کۆمەڵە بکەین و لە راستیشدا ئەوان تا ئەو جێگایە لە دەستیان دەهات لەم بارەوە درێغیان نەدەکرد. سەرەتای هاوێنی ١٣٦٨ بڕیار درا ژمارەیەکی ٥٠-٦٠ کەسی پێشمەرگەی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ بۆ کار و چالاکی بگەڕێنەوە ناوچەی مەریوان. بۆ ئەو مەبەستە داوامان لە کۆمەڵە کرد کە هاوکاریمان بکات. پاش ماوەیەک ئاگادار بووین کە ئێراق تەنیا "عەدەم تەعەروز" بۆ ١٠ کەسمان ئەدات. بۆیە ئێمەش مەجبوور بووین فێڵیان لێبکەین. بە ڕێنوێنی بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆمەڵە لەگەڵ ئێراق، کاک حەمەی نەبەوی دە کەسەکەمان سواری لانکرۆزێرێک کردن و ماشێنێکی باریشمان هێنا ٥٠ کەسمان تێکرد، چادرەکەمان دادا و هێستریکامان لە دەم دەرگاکەیەوە سوار کرد تا وا نیشان بدرێ کە باری ماشینەکە هێندێک کەلوپەل و ئەو هێستریە! بەرپرسی پەیوەندییەکانی کۆمەڵە کاک حەمەی نەبەوی، بەرپرسەکەی خومان کاک عوسمان رەحیمی و دوو بەرپرسی موخابراتی ئێراق بە ماشینێک لە پێشەوە ئەڕویشتن. من لەگەڵ هەشت کەسەکەی دیکە بە ماشینێک بە دوایاندا و هێستر و پێشمەرگەکانی دیکە بە دواماندا. بەم ژمارە زۆرە پێشمەرگەوە لە دەیان سێتەرەی ئێراق دەرباز بووین بێ ئەوە هیچکامیان، تەنانەت ئەو دوو کەسەی خویان لە موخابراتی

سلێمانییەوە لەگەڵیان خستبووین بەم فێڵە بزانن، گەییشتینە دۆڵی شێرەی شلێر.

لە شلێر، کە سەردەمێک شوێنی دەیان شەڕ و پێکدادانی نێوان ئێمە و کۆمەڵە بوو، جارێکیتر پاش چوارساڵ یەکتر کوشتن، ئەمجار بە ئاشتی لەگەڵ زیاتر لە دووسەد پێشمەرگەی کۆمەڵە یەکمان گرتەوە و لە دۆڵێکی نزیک ئەوان بنکەیەکی کاتی و مەوەقەتمان ساز کرد. چەند رۆژ دواتر تیم و دەستەمان ناردەوە ناو رۆژهەلاتی کوردستان و خەریکی ئەرک و کاری خومان بووینەوە. دیارە دەبێت باسی ئەوە بکەم کە شلێر دوای ئاگربەستی نێوان ئێران- ئێراق پڕ ببوو لە سەربازی ئیراقی، تا دواترین خاڵی سنووری دەستکرد بنکە و پایەگایان دامەزراندبوو و وەک پیشوو نەدەکرا پێشمەرگە (هی هیچ کەس) هاتو چووی پێ دا بکەن.

دوای دوولەتبوونی حیزبی دوموکرات، لە سەرەتای ساڵی ١٣٦٧ دا تا ئەم رۆژانە ئێمە لەگەڵ کۆمەڵە لە شلێر بووین، ئاڵ و گۆڕێکی گرنگ و بەرچاو بە نیسبەت هەموو ناوچەکە بە گشتی و بزووتنەوەی کوردەوە بە تایبەتی پێک هاتبوو :

١- ریژیمی کۆماری ئیسلامی بڕیارنامەی ٥٨١ ی ئەنجومەنی ئاسایشی قەبووڵ کردبوو کە بە کردەوە کۆتایی بە شەڕی هەشتساڵەی نێوان بەغدا و تاران هێنا.

٢- ئایەتولا خومەینی کە قەبوولکردنی ئەم بڕیارەی وەک خواردنەوەی جامی ژار هێنایە سەر زمان، سەرەنجام وەزعی جسمی بەرەو خراپی پرویشت و مرد. مردنێک کە زۆربەی نزیک بەتەواوی نەیارانی ریژیم بە سەرەتای هەڵوەشانی نیزامی ئیسلامییان باس دەکرد!

٣ تێرۆری کارەساتباری دوکتور قاسملوو زیانێکی جەرگبڕی لە حیزبی دیموکرات و جووڵانەوەی کورد دا. رێژیمی ئیسلامی دوای دەیانساڵ هەوڵ و پیلانی چەپەڵ، بە هاسانی و بێ هەزینەیەکی زۆر، بە ئامانجی خوی گەییشت و یەکێک لە کاریگەترین دژمنانی خوی، وات عەبدول ڕەحمان قاسملووی تێرۆر کرد. لە روانگەی منەوە گەلێک رەخنە و گازەندە لە شێوەی کاری دوکتور

قاسملوودا، ئەودەم و ئیستاش لە شوێنی خویاندان، بۆ نموونە لە کاتێکدا ئەو هەوڵــی ســازانی لەگەڵ ڕێژیمــدا دەدا، لەگەڵ کــۆمەڵە و بەشــێکی حیــزبەکەی خویــدا لــە شــەڕێکی زیانبــاردا بــوو، بــێ ئەوە هــیچ پــلان و بەرنــامەیەکی بــۆ ئاشتبوونەوە لەگەڵیــان هەبــێ. بەڵام ئەم خــاڵە لاوازەش مــانع نــیە تــا ڕووداوی تــاڵی تێــرۆری ئەم ڕێــبەرە دیــارەی کــورد، وەک گەورەتــرین زەربەی کۆمــاری ئیســلامی لە شۆڕشـــی ڕۆژهەڵات دەستنیشـــان بکەیـــن. تاوانبـــارانی تـــاران ئەیانزانی بە کوشتنی دوکتور قاسملوو، سەری ئەو بیر و فکرەش دەبڕنەوە کە لە دنیای ڕۆژاوادا توانــای کــۆکردنەوەی نەیــارانی ڕێــژیم و ڕاکێشــانی ســەرنجی زلهێزانــی بــۆ ستەمکاری ئەوان هەیە بــۆیە ورد و بە پــلان کەوتــنە شــوێنی و بە چەپەڵترین پیلان خستیانە داو و، لە مێزی بە ناو گوتوبێژ تێرۆریان کرد.

دیــارە هــەرکام لــەم ڕووداوانەی باسکران بە شێوەی خــوی کاریــان کــردە ســەر ڕەوتـــی ڕووداوەکـــانی دواتـــر، هەر ئەم کرتێکـــردنەش چارەنووســـی کۆمەڵـــە و دیموکرات و ئامانجگــەلێک کــە ئــەو دوو حیزبــە دایاننــابوو پــێ بگــەن، بە بــاری هەرە خراپدا دیاری کرد.

ئێمە پاش چەن جەولە و گــەڕان لــە ناوچــەی مــەریوان و تێکهــەڵچوون لــە گــەڵ هێزەکانی ریژیم، بۆ حەسانەوە جارێکیتر گەڕاینەوە شلێر. کۆمەڵە لە باشووری کوردستانەوە بــە ماشــین ئیمکانــات و خواردنیــان بــۆ دەهــات و ئێمــەش ویستمان لاسای ئــەوان بکەینــەوە. دوامــان کــرد لــە بەرپرســانمان ماشــینێک خواردەمــەنی بکــڕن، کۆمــەڵە "عــەدەم تەعەروزەکــە"ی ئامــادە بکــات و .....ســەرەنجام ڕۆژێــک قەرار بوو ماشینی پڕ لە خواردنی ئێمــە بگــات (قــەت نەگەییشــت) بۆیــە ئێمــەش کاک کەریم حوسەینی و پێشمەرگەیەکی ترمان بە ناوی عــەلی ... بــۆ وەرگرتنــی شتەکان ناردن بۆ نزیکی پایەگاکانی ئەرتەشی ئێراق. ئێمــە بــە بیسیم لەگــەڵ ئەو دوو پێشمەرگەیە لە پەیوەندیدا بووین و بە دووربینیش چاومــان لێیــان بــوو. لــە پــڕ شتێکی چــاوەڕوان نــەکراو ڕوی دا. مــن بە بیسیم لەگەڵ کەریمــدا قســەم دەکــرد هــەر ئــەوەنــدە حــاڵی بــووم کــە وتـــی کاکــە فراکســیۆن (ناوێــک کــە ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ لەسەر لاکەی دیکەی حیزبی دێموکراتی دانابوو) دەوریــان گرتووین و... دیتمان هەرچوار دەوریان گیرا و بیسیمەکەیان بێدەنگ بــوو. پــاش ماوەیەک بۆمان دەرکــەوت کــە ژمــارەیــەک پێشمــەرگەی ئــەو باڵەکــەی حیــزب لــە

ناوچەی سنە و کامیاران، پاش چەندین شەڕ و تێکهەڵچوون لەگەڵ ریژم گەڕاونەتەوە و بێ ئەوە خویان بیانهەوێ سەریان بەم دۆڵەوە دەرچووە .
کاک عوسمانی رەحیمی، من و دوو پێشمەرگەی تری بە ناوی عەلی تاتوورە و حەمە تیرباری نارد تا بەڵکوو بێ شەڕ ئەو دوو پێشمەگەیان لە دەست دەربێنین و خومان لە شەڕ لادەین. من و ئەو دوو پێشمەرگەیەش نەمانزانی تا چووینە ناو کەمینی ئەوان و لە ماوەیەکی کورتدا زیاتر لە ۳۰ لوولەی کلاشێنکوف لە بیست میترییەوە روویان لە ناوچاومان کرد و داوای چەکبوونیان لێ دەکردین. هەڵبەت کۆمەڵەش لەم وەزعە ئاگادار بوون، لەگەڵ کاک عوسمان و ئەوان هاتن هەموو بەرزاییەکانی دەوروبەریان گرت و چاوەڕێ بوون بزانن چارەنووسی ئێمە بە کوێ دەگات. من هەموو هەوڵی خومم دا کە ئەو برادەرانە (زیاتر لە دەکەسیان خزم و هاورێ سەردەمی منالیم بوون و بەشێکی زۆریشیان بۆ نموونە کاک مەنسوور فەتاحی لە داستانی گەمارۆدا لەگەڵ بوون) رازی بکەم کە شەڕ باشترین ڕێگا نیە و ئەگەر ئەوان ئەو دوو پێشمەرگەیەی ئێمە بەردەن و ڕێگای دەربازبوونی ئێمەش بکەنەوە، حەتمەن بێ شەڕ ئەم فیلمە پڕلە مەترسییە کۆتایی پێدێ.
دیارە بە بیسیم ئەو قەولەشم لە کاک عوسمان سەند کە شەڕێک روونەدات و ئەوانیش (پێشمەرگەکانی حدکا) گوێیان لە بیسیمەکانی ئێمە بوو قسەمان ئەکرد. سەرەتا ئەوان هەر لەسەر شێوەی خویان کە توندو تێژی بوو، پێیان دادەگرت، بەڵام دواتر هاتنە سەر ئەو بڕوایە کە شەڕ زۆریش لە بەرژەوەندی ئەواندا نیە چوونکە پشتسەریان لە لایەن جەماعەتی ئێمە و کۆمەڵەکانیشەوە گیرابوو. سەرەنجام بێ شەڕ کێشەکە تەواو بوو، کەریم و عەلییان هێنان، چەک و چۆڵەکەیان پێدانەوە و ڕێگای ئێمەشیان کردەوە تا بگەڕێنەوە لای هەڤاڵانمان. پیویست بە بیرهێنانەوەیە کە کەریم حوسەینی چەند مانگ بەر لەم رووداوە، برایەکی بە ناوی رەزا لە ریزی ئەو بەشەکەی حیزب، لە شەڕی ریژیم دا گیانی لە دەست دابوو و هێشتا تازییەی براکەی نەشکاند بوو کە تووشی ئەم رووداوە تاڵە بوو!
دوای ئەم داستانە بێتامە، ئێمە گەڕاینەوە شوێنی خومان و کۆمەڵەش لە دۆڵێکیی ئەولاتر خەریکی حەسانەوە بوون. بەرپرسانی کۆمەڵە تیمێکی چەند

کەسییان بۆ کارێک ناردبوو بۆ نزیک گوندی هەنجیران و قەراربوو گەڕانەوە ئێمە لەگەڵ بەرپرسی ئەم تیمە (رزگار هەورامی) پێکەوە سەردانی ناوچەی پاوە بکەین. رۆژی دوایی کۆمەڵە بە بیسیم ئاگاداریان کردین کە تیمەکەیان کەوتووەتە کەمینی حیزبی دیموکرات، چوار کەسیان لێ کوژراون و بەرپرسی تیمەکەش بە سەختی بریندار بووە.

ئەم ژمارە پێشمەرگەی حیزبی دیموکرات، کە بێ شەڕ لە لای ئێمە دەربازبوون، بە جێ گەڕانەوە بۆ باشوور، بە هەر هۆیەک کە من ئاگادار نیم بڕیاری گەڕانەوە بۆ ناوەوە دەدەن. لە ڕێگادا تووشی ئەو دەستەیەی کۆمەڵە دەبن و بێ سڵەمینەوە هێرشیان دەکەنە سەر. جەنازەی ئەو چوار پێشمەرگەیە کە یەکێکیان کچ بوو هێنرایەوە دۆڵی شێرە. ئێمەش چەند کەسمان چووین بۆ سەر مەزارەکەیان و لە بە خاک سپاردنیاندا بەشداری و قسەمان کرد. دیمەنێکی خەمناک و لانیکەم بۆ من پڕ لە شەرمەزاری بوو. بەڵام بە خۆشییەوە ئەمە بوو بە دوایین شەڕی نێوان کۆمەڵە و دیموکرات کە پێشمەرگەی تێدا بکوژرێ.

پەیوەندی و هاوکاری نێوان ئێمە و کۆمەڵە دوای ئەم رووداوە گەرمتر بوو، تەنانەت جەولەیەکی چەندرۆژەشمان بە یەکەوە کرد و بێ دریغ هاوکاری و یارمەتی یەکترمان ئەدا. دوای ماوەیەک ٥٠ کەسێکیتری ئێمە هاتنە شلێر و لە ناوچەی سەقزیش هێندێک کار و چالاکی و یەک دوو سووکە شەڕیشمان لەگەڵ ریژیم کردن. تەنانەت قەرارمان دا لەگەڵ کۆمەڵە عەمەلیاتێکی هاوبەش بە تۆڵەی کاک سدێق کەمانگەر، کە لەو ماوەیەدا بە دەست بە کرێگیراوێکی رێژیم تێرۆر کرا ئەنجام بدەین ، بەڵام وا بزانم رێبەری کۆمەڵە رازی نەبوون بۆیە پەکمان خست. دیارە ئەم هاوکارییانە بوونە مەرهەمێک بۆ ئەو گشت زامەی کە ئێمە لە ماوەی چوار ساڵدا خستبوونمانە لەشی یەکتر بەڵام بە هۆی ئەوە زۆر درەنگ ببوو، نەیانتوانی ئەو گشت زیانانە قەرەبوو بکەنەوە کە بە دەست خومان لە بزاڤ و ئامانجە رەواکانمان دابوو.

## سەرهەڵدانی کێشەکان و دوا سەفەری گەڕانەوەمان بۆ

## ناوچە

دوای جیابوونەوە، شێوەی ڕێکخستنی هێزەکانی باڵی ڕێبەرایەتی بە سەر ٣ ناوەند و کۆمەڵەێک ئۆرگانی جیاوازی دیکەدا دابەش ببوون. ناوەندی یەک، ئەو ناوچانەی دەگرتەوە کە لە ئەدەبیاتی ئەو حیزبەدا بە شومالی کوردستان دەناسرا. واتا ناوچەکانی ورمێ و دەوروبەری. پیرانشار و شنۆش کەوتبوونە سەر ئەو ناوەندە. ناوەندی ٢ تایبەتی موکوریان و ناوەندی سێش لە بانە و سەقزەوە تا ئیلام.

من لە ناوەندی سێدا کارم دەکرد و یەک لە پێنج بەرپرسی ناوەندەکە بووم. کاک عوسمانی ڕەحیمی بەرپرس و ئەوانی دیکە کاک موراد ئەحمەدی، سدەێق شۆێیی و یوسف ئیسماعیلزادە بوون.

ڕەنگە هەر کەسێک، بە مەبەست و ئەنگیزەی تایبەتی خویەوە کەوتبێتە گەڵ جیابوونەوەی دوای کۆنگرەی هەشت. دیارە بۆ منیش هەر وابوو. من لە نابەرابەری، گەندەڵی و دەستەبازییەکانی ناو حیزب بێزار بووم و هاتنەخوارەوەشم بۆ لای ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، جگە لە تووڕەبوون لەو کاردانەوە زیانبارەی باڵی زاڵ بە ئینشعابی نیشاندا، تەنیا ئەم بەشە بوو.

بۆ من گرنگ نەبوو کە حیزب چەندە لە وڵاتانی بە ناو سوسیالیستی دوور، یان نزیک بووەتەوە. بۆشم گرنگ نەبوو کە کام وەڵات هاوکاری حیزب دەکات. لە بەر خومەوە و بە ئاشکراش ئەموت، خۆ هیچ وڵاتێک لە سەدام و ڕێژیمەکەی خراوتر نیە کە ئێمە بە ساڵانە هاوکاریی لێ وەردەگرین و هاوکاریشی دەکەین. بەڵام بۆم گرنگ بوو حیزب لە بری موجاهیدین لە کۆمەڵە نزیک بێت. لای من ئەوکات و ئیستاش کۆمەڵە لە هەموو هێزێکی دیکەی ئێرانی لە حیزبی دیموکرات نزیکتر بوو. ئەمە بوو ئەنگیزە و هۆی هاتنخواری من بۆ لای ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ، دەنا چوار مانگ دوای جیابوونەوەش، وەمدەزانی دەستێکیان بڕیوم و خوێنی لێ دەچۆڕێ.

ئەو شتانەی کە دیسان لەم حیزبە "تازەیەشد" ببوونە هۆوی ڕەخنە و ناڕەزایەتی من و کەسانی هاوشێوەم بریتی بوون لە:

١ هێشتا جیابوونەوە ساڵی پڕ نەکردبووەوە، بە ئاشکرا دەبینرا زۆربەی ئەو عەیب و ئیرادانەی ئێمە لە حیزبی پێش جیابوونەوەمان دەگرتن، دیسان

سەریان هەڵدایەوە. باندبازی ، جیاکاری، هەڵاواردن و کردەوەی ناحیسابی بوونەوە باو. تەنانەت دزی و گەندەڵی لەو پارە و ئیمکاناتە ناتەواوەی کە ڕێکخراوی موجاهێدین بە مەبەست و ئامانجی تایبەتی خویەوە پێ مانی دەدا ببووە کاری ڕۆژانەی چەند کەسێکی تایبەت. لە پێوەندی لەگەڵ کاری سەرەکیش، واتا چوونەوە ناو خەڵک، زیاتر لە دە کەسمان هەبوون وەک کادری دەرمانی کاریان ئەکرد و یەک کەسیان حازر نەبوون لەگەڵ پێشمەرگە بگەڕێنەوە ناوچە و کەسانێکیش لە دەفتەری سیاسی پشتیان ئەگرتن. کار گەییشتە جێگایەک کە ئێمە ناوەندی ۳ ناچار بووین پێشمەرگەیەکی دانشتووی کۆمەڵەمان، بە ناوی عەلی ڕەزا کە لە رانیە دانشتبوو کاری شەخسی دەکرد، قانع کرد لەگەڵماندا بێتەوە ناوچە. بەشی کومێدیای ئەم چیرۆکە ئەوەیە، کاتێک من داوام لەو برادەرە کرد لەگەڵ مان بێتەوە ناوچە وتی:

جا خۆ من بڕوام بە حیزبی دیموکرات نیە وەک چی لەگەڵتان بێمەوە؟

منیش وتم تۆ ئازیخواز و دژی ڕێژیم هەیت یان نا؟

وتی بۆچە نا.

وتم فرە باشە، وەک ئازادیخوازێک لەگەڵمان بێرەوە. تۆزێک پێ کەنی و دوایە وتی باشە بە سەرچاو.

دوای بڵاوبوونەوەی ئەم قسەیە ئێتر ناوی عەلی ڕەزای ئازادیخوازی بە سەردا بڕا و خویشی فرەی پێ خوش بوو بەم ناوە بانگی کەین.

عەلی ڕەزا ئیستا کە من ئەم دێڕانە ئەنووسم لە وڵاتی نورویژە و یەکێک لە کەسە سەرکەوتووەکانی ئەو وڵاتەشە کە هیوامە هەر وا سەرکەوتوو بێت.

۲ بە نیازی پەروەردە و بارهێنانی پێشمەرگە بە شێوەیەکی تازە و جیاواز لە رابوردوو، چەند جزوەیەک ئامادەکران تا لە کۆبوونەوە ئامووزشییەکاندا بێنە بەرباس. یەکێک لە بابەتەکان لە سەر مافی دیاریکردنی چارەنووس بوو کە هاوڕێی یوسێف ئیسماعیلزادە ئامادەی کرد و دوای دەستکاری و پێداچوونەوەی چەند کەسی دیکە، پەسەند کرا بۆ ئەوە لە کۆبوونەوەکاندا بێتە باسکردن.

یەکەم حەفتە ئەم باسە کەوتە بەر رەخنە و بەرهەڵستی چەند کەس لە ئەندامانی ڕێبەری و داوای کۆکردنەوەیان ئەکرد. من ئەو دەم بەرپرسی بەشی

"ئامووزشی" ناوەندی ٣ بووم لە کۆبوونەوەی کومیسیوندا، بۆیە بە توندی دیفاعم لە مانەوەی جزوەکە کرد و چەند هاوڕێیەکی تریش پشتیان گرتم.
باسی ئەم چەمکە (مافی دیاریکردنی چارەنووس) و جزوەکەی لە بارەیەوە ئامادەکرابوو گەییشتە گشت ئورگانەکان و تەنانەت لە لایان هێندێک کەسەوە وەک جنێو و تەوهین بە رووی ئێمەدا دەدرایەوە. بۆ نموونە بە گاڵتە بە یوسفیان ئەوت یوسف چارەنووس، یان ...ئیستقلال. هەڵبەت ئێمە ئەو رۆژانە داوامان نەدەکرد بەرنامەی حیزب بگۆڕدرێ و ئەم داوایەی ئێمە تێیدا جێ بگرێ، بەڵکوو خوازیار بووین کە ئەم چەمکە لە ناو بەدەنەی حیزبدا جێ بخەین و بیکەینە مژارێکی بەرین تا تێکڕای ئەندامان رۆژێک وەک ئامانجی هاوبەش و رەسمی حیزب پەسەندی بکەن. ساڵەکانی دواتر و زیاتر لە ژێر کاریگەری رووداوەکانی باشووری کوردستاندا، باڵی رێبەرایەتی مافی دیاری کردنی چارەنووسیان وەک ئامانجی ستراتێژیکی حیزب لە کۆنگرەدا پەسەند کرد، بەڵام کە چوونەوە لای باڵەکەی دیکەی حیزب، بێ هیچ باس و قسەیەک لایانبردەوە و دیسان دیموکراسی و خودموختارییان لە جێگای دانا.
٣ شێوەی دابەشکردن و بەرکەوتنی داهات و ئیمکانات هیچ وەختێک لە حیزبی دیموکراتدا عادڵانە نەبووە. دیارە ئەو رۆژانەش هەر وابوو. کادر و رێبەران دە هێندە و جاری واش بوو زیاتری پێشمەرگەیەکیان وەردەگرت. ئێمە داوامان ئەکرد ئەوەی هەمانە، بێ جیاوازی و لە بەرچاوگرتنی پلەی تەشکیلاتی پێکەوە بەشی کەین و بیخوەین. ئەم داوایەی ئێمە لای هێندێک لە ئەندامانی رێبەری کفر و لای هێندێکیشیان خوشخیاڵی بوو، چوونکە بە قسەی ئەوان، حیزبێکی نەتەوەیی ناتوانێ بەرنامەی یەکسانی بەم شێوەیەی هەبێت. تەنانەت هێندێک لە هاوڕێیان ئێمەیان تۆمەتبار دەکرد کە لە ژێر کاریگەری کۆمەڵە و رێگای کرێکاردا ئەم کارە دەکەین.
ئەم شتانە باس و خواسێکی بەرینی لە ناوماندا خستەگەڕ و دەیان کۆبوونەوەی بێ ئاکامی بە دوای خویدا هێنا. لە سەروبەندی کۆنفەرانس بۆ کۆنگرەی نۆهەمدا باسەکان توند و لە هێندێک حاڵەتیشدا نادۆستانە بوون. بە هۆی ئەم فەزا نادۆستانەوە لە نێوان هێندێک لە ئەندامانی رێبەری و چەند کەسی تایبەت لە ناو رەخنەگراندا قسەی ناشیرین و نەشیاویش دەهاتنە پێش.

بە کورتیەکەی ئێمە گەنج و کەم ئەزموون. ئەوانیش قاڵبوو لە ناو چەندین قۆناخی هاوشێوەی ئەم ناکۆکیانەدا، بە هاسانی پشتی ئێمەیان لە عەرز دا و دوو ڕێگایان لە پێشدا هێشتینەوە تا هەڵیبژێرین:

بێ دەنگ و ملکەچی وەزعی مەوجوود دانیبیشین و کاری خومان بکەین، یان بۆ کوێمان پێ خوشە سەرچاو هاتین.

دیارە لە سەرەتای ئەم باس و قسانەوە بەشێکی بەرچاوی ئەندامانی ڕێبەری و ژمارەیکی فرەی کادرەکان لە پشت ئەم ڕەخنە و ناکۆکیانەوە بوون کە ئێمە ببوینە خاوەنیان، بەڵام بە تێپەڕینی کات، هێندێک لە نیوەی ڕێگا و هێندێکی دیکەشیان لە دوا ڕۆژەکاندا پشتیان تێ کردین. سەرەنجام دوای دەیان کۆبوونەوەی چەندین سەعاتی بێ ئاکام، من بڕیاری کۆتایی خوم دا کە بۆ هەمیشە واز لە حیزی دیموکرات بێنم. حیزبێک کە کۆڵێک فیداکاری و دنیایەک دڵسۆزی بێ دریغم بۆ کردبوو.

هەڵسوکەوتی بەدەنە و ڕێبەری حیزب بە نیسبەت هەر کام لە ئێمەوە جیاواز بوو. بە نیسبەت هێندێکمانەوە فرە توند و نەشیاو، بە نیسبەت هێندێکیشمانەوە زۆر دۆستانە بوو. بە نیسبەت شەخسی خومەوە چەندین جار کاک جەلیل گادانی، کاک عوسمان ڕەحیمی، کاک نەبی قادری، کاک حەسەن ڕەستگار، کاک هاشم کەریمی و کاک فەیسەڵ ئێراندۆست بە سەعات قسەیان لەگەڵ کردم و هەوڵیاندا ڕازیم بکەن بمێنمەوە. ئەودەم و ئیستەیش ئەو کارە بە نیشانەی دڵسۆزی و لوتفی ئەو هاوڕییانەم دەرحەق بە خوم دەزانم بەڵام زۆر خوشحاڵم کە قەناعەتم بە قسەکانیان نەکرد و لە سەر ئوسووڵێک ڕاوەستام کە تێپەڕینی کات درووستبوونی دەرخست و لەو بڕوایەشدام کە ئەگەر ئەوکات، تەنانەت بەشێک لە ڕەخنە و بۆچوونەکانی ئێمە، واتا بەشێک لە دڵسۆزترین و ڕابوردووپاکترین کادرەکانی ئەو حیزبەیان بە سینگفراوانی و دڵاوالەییەوە وەرگرتبان، دواڕۆژی ڕێبەرایەتی شۆڕشگێڕ و حیزبی دیموکرات بە گشتی بەو شێوە نەخوازراوە نەدبوو کە گشتمان بینیمان.

هەلومەرجێک کە ئێمەی تێدا بووین تایبەتی بوو. ئێران و ئێراق، دوای ئاگربەست خەریکی سازان بوون. ئەنفالی خەڵکی باشوور بە دەستی سەدام

لەوپەڕی بێ روحمی خویدا بەردەوام وێرانکردنی شارەکانی قەڵادزێ، شەنگەسەر و دەیان گوندی گەورەوبچووکی پشدەر راست لەو رۆژانەدا و بە بەرچاوی ئێمەوە بەرێوە دەچوو. سەدام هێرشی کردبووە سەر کوەیت و ناوچە بۆنی شەڕێکی گەورەتری لێ دەهات. ئێمە لەو رۆژە سەختانەدا بە شێوەیەکی جدی پیویستمان بە جێگایەک هەبوو، جێگایەک کە هەم ئەمنیەت و هەم کەرامەتی ئینسانیمان بۆ دابین بکات.
رەنگە مانەوەمان لە لای حیزبی خومان مەعقوولترین ئاڵتێرناتیڤی مومکین بایا، بەڵام کەی کورد مەعقوولترین ئاڵتێرناتیڤی هەڵبژاردووە تا ئێمە دووهەمەکەی بین؟. هێندێک لە ئەندامانی ڕیبەری وەک دژمن چاویان لێ دەکردین، بەڵام بەشی زۆریان داوایان دەکرد بە هەر شێوەیەک بووە بمێنینەوە. گرفتی ئەم کارە ئەوە بوو کە بە شێوەی یەکسان و بە حورمەتەوە ئەم داوایەیان لە گشتمان نەدەکرد. بۆ هێندێکمان زۆر بە جدی و بۆ هێندێکی دیکەمان حاڵەتی پاڵپێوەنانیان دەگرتەبەر. من دەمهەویست لێکمان هەڵنەبرن و تێکڕامان بهێڵن بێ ئەوە ئەرک و بەرپرسایەتییەکمان هەبێ، لە دۆڵێ و لای یەکێک لە بنکەکانی حیزب دا بمێنینەوە، بەڵام ئەوان قبووڵیان نەکرد.
ناچار روومان لە هێز و لایەنەکانی دیکە کرد. داوامان لە کۆمەڵە کرد بۆ هاوکاری و ئەوانیش حازر بوون بە تاک و چەند کەسمان هاوکاری بکەن بەڵام بە جەمعی نا. کۆمەڵەش خویان لەو رۆژانەدا تووشی کێشە و سەرئێشەی باسەکانی مەنسوور حیکمەت بوون و مەجالی سەرخوراندنیشیان نەبوو.
گەڕانەوە بۆ لای سەر و بەشەکەی تری حیزب نەدەگونجا چوونکە ئەوان هەر گەڕانەوەیەکیان لە لای رێبەرایەتییەوە بە مانای پەشیمانی و تەنانەت تەسلیمبوونەوەش دەزانی. ئێمەش نە لە هەڵویستگرتنمان دژی لیستەی فیکس و خراپەکانی ناو حیزب پەشیمان بووین و نە تەسلیمبوونەوەش لەگەڵ گرۆ خوێنماندا دەهاتەوە. بۆیە لە بەر ناچاری، بەشێکی زۆرمان پەنامان بردە بەر رێکخراوێکی ئێرانی بە ناوی " راه کارگر" و بۆ ماوەیەکی کورت بووینە مێوانیان. ئەودەمیش وتوومە و ئیستاش دووپاتی دەکەمەوە ماڵیان ئاوەدان و سەد جار سپاس بۆ ئەو هاوکارییەیان. بە تایبەتی کاک رەزا و کاک کاوە کە دوو کوڕی باشی سنەیی بوون زۆریان هاوکاری کردین و ئەوپەڕی رێزیان لێ

گرتین.

شەوێک بەرپرسانی رێگای کرێکار کە ئەو دوو برادەرە کوردەیشیان لە ناودا بوون داوایان لێ کردین بەشداری مەراسمێکیان بین کە بە بۆنەی ساڵوەگەڕی ئێعدامی زیندانیانی ساڵی شەست و حەوت بەرپایان کردبوو. لە دەستپێکی مەراسمەکەدا گشتیان هەستانەوە سەرپێ و دەستیان کرد بە سروودی ئینتەرناسیۆناڵ خوێندن. ئێمەش بۆ نیشاندانی رێز هەستاینە سەرپێ، بەڵام من بێ دەنگ و بێ جووڵە راوەستام. کەسێکیان لە تەنشتم راوەستابوو وتی بۆ سروود ناخوێنی؟



وتم کاکە گیان، من دە ساڵە لە حیزبی دیموکرات دام ئەیرەقیبم نەخوێندووە ئیستە تۆ بە تەمای بە حەفتەیەک ئینتەرناسیۆناڵم فێر کەیت؟



ئەم قسەیە بوو بە مایەی شۆخی و جەفەنگی چەند رۆژمان.

دەنگۆی بوونی کەمپێکی یوئێن لە جنووبی ئێراق گەییشتبووە لای گشت حیزبەکان و راهکاریگەریش بە فرسەتی زانی ئێمە بنێرێ بۆ ئەو شوێنە و لە کۆڵی خویمان بکاتەوە. دوای کۆمەڵێک کاری ئیداری، رۆژێک بردمانیان بۆ سلێمانی، لەوێشەوە بۆ کەرکووک و وەک ئەندام و بنەماڵەی خۆیان تەحویلی موخابێراتی ئێراقیان داین کە خوی چیرۆکێکی درێژە و لە شوێنێکی دیکە لە

سەد لاپەڕەدا بە ناوی "ڕۆژە تاڵەکانی ئەلتاش" باسم کردووە. تەنیا حەز دەکەم ئەوە وە بیر بێنمەوە کە ئەو کەسەی وەک بەرپرسی ڕێگای کرێکار بردمانی بۆ کەرکووک کوڕێکی کورد بوو. گەلێک ناشیرین و لوتبەرزانە لەگەڵمان هەڵسوکەوتی دەکرد و ئیستاش کە بیر لەو دوو ڕۆژە دەکەمەوە ئەو کابرایە بە ناچاری هاوکاری دەکردین، لە داخی سووک هەڵسوکەوتکردنی ئەو، لە ناخەوە رقم لە خوم هەڵدەستێ کە خومان مەحتاجی ئنسانی وا کردبوو.

دوای حەفتەیەک زیندانی پڕئێش و ئازار کە زیاتر بە مناڵەکانمانەوە دیاربوو، هیلاک و ماندوو گەییشتینە ئوردووگای حلە لە نزیک شارۆچکەی شووملی لە ئوستانی بابول. لە کەمپێکی کۆنی شێرکەتێکی فەرانسەویدا نشتەجێ کراین و لە ماوەی ساڵێکدا ئەوەی شیاوی مرۆڤی ئەم سەردەمە نیە بینیمان و هەر لەم جەهەندەمەشدا بوو دووهەم مناڵمان، ئاریان لە دایک بوو. لەم شوێنە و لە ئوردووگای ڕۆمادییە کە بە ئەلتاش دەناسرا دوو ساڵی تاڵ، یەکجار تاڵم بردنە سەر. بێ پووڵ و فرە بێ ئیماکانات بووم. لە باری فکریشەوە هێندە حاڵم خراپ بوو، بە ڕاستی گەلێک جار لە ناخەوە دەترسام شێت ببم و دەشتی وشک و وێرانی عەرەبستان بگرمەبەر. سەرەنجام دوای گشت زەحمەت و ئێشەکانی، ئەم قۆناخەش تێ پەڕی، سلامەت و سەربەرز، بە هاوکاری و دڵسۆزی تەلێعە، مناڵەکانمان گەیاندە ولاتی ئارام و مرۆڤپەروەری سوێد کە ئیستا هەر کامەیان پیاوێکە و خەریکی کار و ژیانی خویانن.

## دوا وتە

هونەرێکی گەورە نیە کە من بێژم شەهیدی هیچ شوێن و بەشێکی کوردستان، لە ریزی کام حیزب و هێزی کوردیدا بووبن لەلام فەرقی نیە. چوونکە کاروانی لەشبرینداری کوردان هێشتاش لە ڕێگادایە و ڕۆژانە خوێنی لێ دەچۆڕی، شەهیدانی دوێنێمان، بەوپەڕی قەدر و حورمەتیانەوە بەشێکن لە میژوو و جەستەی ولات ئیستاش ژانی کۆستی تازە، ڕۆژانە دەیتەزێنێ. بەو حاڵەش گوندی نیەر شوێنێکی گرنگی لە میژووی بزاڤی رزگاریخوازانەی کورددا هەیە و هەموو دڵسۆز و تێکۆشەرێکی ڕاستەقینەی کورد، ئەبێت ئەم شوێنە شیاوە بۆ

ئازار و ئەزموون
خەڵکی کۆڵنەدەری ئەم گوندە سەربەرزە، پڕبایەخ بنەرخێنێ.
بۆیە وەک قەدرێکی تایبەت و وەک رۆڵەیەکی ئەمەکناسی ئەو خەڵکە، دوادێڕەکانی ئەم بیرەوەرییانەم بە لیستی ناوی شەهیدەکانی نیەر تەواو دەکەم تا هەم بێژم کە من هەردەم لەگەڵ ناو و بیرەوەرییەکانی ئەواندا دەژیم و هەم مەنبەرییوونیش وەک تاجی سەربەرزی، لە ناو بزووتنەوەی رەوای کورد دا هەڵدەگرم.

پیویستە لەم پێوەندییەدا ئیشارەی پێ بکەم کە، سەرجەمی ئەم شەهیدانە، ئەندام، یان پێشمەرگەی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێران بوون و تێکڕایان تا دوا هەناسە و قەترەی خوێن، بە بڕوایەکی قووڵەوە کاریان بۆ ئەو حیزبە کردووە.

ئەم شێعرەش کە فرەتر وەک دەردیدڵێکە لەگەڵ خومدا تا شێعر، دوای زامی جەرگبڕی شەهیدبوونی شوڕش، کاک ئەکبەر و شاخەوانی ئازیز نووسی و لەیرەشدا وەک هاوارێک دایدەنێم تا بەڵکوو گوێبیستێکی هەبێ!

نیەر

هێندێک ئێژن، ئێمڕۆ ئێتر،
نیەر تەنیا گوندێک نیە،
بووەتە سیمبول،

بووەتە پێشنەگ، بووەتە مەکتەب بۆ لێ فێربوون

هێندێکیتر دەڵێن نیەر،

دوای ئەم جارە، پاش گڕگرتنی کۆساڵان

بووەتە "پێتەختی شەهیدان"، بووەتە سەنگەر، بووتە کڕکان،

بووەتە شوێنێک، ئەویندارانی ئازادی رووی تێ دەکەن

رەنگە ئەمانە گشت راست بن،

بەڵام نیەر باخهەنارێکی جوانیشە، سەوز و سەرشار،
لە پای هەواری مێرگەوار، لە گوی سیروان،

بە لاپاڵی کێوەکانی ژاوەرۆوە

هەموو ساڵێک لەگەڵ بەهار،

چرۆ دەکات، چڵ و خونچە و گوڵ دەردێنێ،

پەلەیەتی تاکوو خونچەکان ببنە گوڵ،

گوڵەکانیش ببنە هەنار
بۆ جووتیاران

گشت هاوێنێک، کاتی چنینی سەمەر هات،
جەلادێکی ساتوەر بەدەست،
چاو پڕ لە خوێن، لە کوشتار مەست

دێت و دەگاتە بەر دەرگا، بێ روحمانە،
دەست و لاقی نیەر ئەبڕێ، هەنارەکانی دادەخات،
بۆ ناو جۆگە، بۆ ناو شەخەڵ، بۆ ناو شەتاو
فڕیان ئەدات

باخهەناریچ هەمووجارێ، وەک جاری پێش
تاق و تەنیا، بەو هەردەوە، بەو ئێش و زام و دەردەوە
جەستەی رووت و لەش خوێناوی جێ دەمێنێ

گەرمای هاوێن،

لێزمەی پایز،
زوقمی زستان،
نیەر بێ جل، نیەر بێ کەس، نیەر تەنیا ئەتلێتەوە

کە هەم بۆنی بەهاری تازەی کردەوە،
دیسان هەم وەکو ساڵی پار، چرۆ ئەکات، خونچە ئەکات، خونچەکانی ئەبن بە گوڵ
دیسان وەک ساڵانی پێشتر
جەلاد دێت بە شمشێرەوە، بە باوەشێک خنجەرەوە،
دەستەکانی سەر لە نوێ ئەبڕێتەوە،
زامەکانی ساڵی پاری ئەکولێتەوە

ئەم باخە هەنارە جوانە،
وەک ساڵی پێش، ساڵی پێشتر

لەشخوێناوی،تاک و تەنیا، لە ناو خوێنی جەستەی خویدا
تاکو بەهار ئەتلێتەوە، زامەکانی ساڵی پێش و پێشتریشی
ئەکولێتەوە.........

نازانم داد بۆ کێ بەرم؟
لە کام دۆستێک داوا بکەم؟
یەخەی کام حاکمێک بگرم؟
بەڵکو روحمی لە دڵدا بێت
بێت و یەکجار
ئەم جەلادە بخنکێنێ،

یان هیچ نەبێ، ئەم جارەیان، شمشێرەکەی لێ بستێنێ

حاتەم مەنبەری

حاتەم مەنبەری

٢٠١٦/٧/٢

ئەمەیش لیستەی دوور و درێژی ناوی شەهیدەکان:




شە هیـدی سە نــگە ر

١ جافر مەنبەری
٢ کەریم مەنبەری
٣ عەزیم مەنبەری
٤ عەبدوڵا مەنبەری
٥ ئۆلەسەن مەنبەری

٦ کەریم مەنبەری ( کەریمە سوور)
٧ ئەنوەر مەنبەری ( ئەنوەر حاجی)
٨ ئەنوەر مەنبەری ( ئەنوەر گەورە)
٩ واسێح مەنبەری
١٠ هۆشیار مەنبەری
١١ هاشم مەنبەری
١٢ غەفار مەنبەری ( ئازدوار)
١٣ سەیفوڵا مەنبەری
١٤ بەیان مەنبەری
١٥ ڕەحیم مەنبەری ( ڕەحیم مێراوی)
١٦ ڕەحیم مەنبەری (هەژار)
١٧ کاوس مەنبەری
١٨ فەخرە مەنبەری
١٩ تەوفێق مەنبەری
٢٠ موحەمەد مەنبەری
٢١ فەیسەڵ مەنبەری
٢٢ جەهانگیر مەنبەری
٢٣ کەریم مەنبەری ( پیرباخی)
٢٤ جبرائیل مەنبەری
٢٥ حەسەن مەنبەری
٢٦ نەجمە مەنبەری
٢٧ شەهرام مەنبەری
٢٩ فەتحوڵا مەنبەری
٣٠ باقر مەنبەری
٣١ مراد مەنبەری ( ئازادە دڵ)
٣٢ حەمە سەلیم مەنبەری
٣٣ حەمە عەلی مەنبەری
٣٤ فەرەج مەنبەری
٣٥ ئەسحەر مەنبەری
٣٦ جەواد مەنبەری

٣٧ رێبوار مەنبەری ( سوکرولڵا)
٣٨شۆڕش مەنبەری
٣٩ ئەکبەر مەنبەری
٤٠ شاخەوان مەنبەری
شەهیدانی زیندان
١ ئێحترام مەنبەری
٢ فەرەج مەنبەری ( فەرەج، عەبدولڵا، واسێح و کاوس کە لە لیستی سەرەوە هاتن برا بوون، ئێحترامیش هاوژینی فەرەج بوو کە پێکەوە ئێحدام کران).
٣ عەلی نەقی مەنبەری
فەرزاد مەنبەری ( فەرزاد کوڕی کاک جافر، برای کاک هاشم و برازای کاک عەلی نەقی بوو).
٥ زیوەر مەنبەری ( هاوژینی حەسەن مەنبەری کە دوای شەهیدبوونی حەسەن گەڕایەوە نیەر، دوای سەفەرێک بۆ سنە بێ سەروشوێن کرا).
ئەمانەش لە لایان هێزەکانی رێژیمەوە بە قەست و بەرنامە شەهید کران:
١ حەبیب مەنبەری
٢ زاهێر مەنبەری
٣ موحەمەد مەنبەری
٤ موحەمەد مەنبەری
ئەم کەسانەش ئەندامی چالاکی حیزب بوون کە بە شێوەی جیاواز گیانیان لە دەستدا:
١ تەلێعە مەنبەری
تەلێعە مەنبەر ( دوو کەس بەم ناوە هەبوون)
٣ نیزام مەنبەری
٤ مەلەک مەنبەری
٥ بەشیر مەنبەری
٦ خالێ مەنبەری
٧ سەلاح مەنبەری
٨ سراجی مەنبەری
٩ ئۆسا ئەحەمد مەنبەری

حاتەم مەنبەری


١٠ حەمە تاهێر مەنبەری
١١ بەفراو مەنبەری
لە سەرجەمی ئەو پێشمەرگە مەنبەریانەی لە سەرەتاوە تا کۆتایی دەیەی شەستی هەتاوی بوونە پێشمەرگە، ئەم چوارەمان ماوین:

کاک فەرهاد مەنبەری
ڕەحیم مەنبەری
نەریمان مەنبەری
حاتەم مەنبەری

تەواو

٢٠١٦-١١-١٤ ستۆکهۆڵم حاتەم مەنبەری

دوایین پێداچوونەوە و راستکردنەوەی هەڵەکانی چاپی پێشوو
٢٠- ٤- ٢٠١٨




ئازار و ئەزموون

